# خەمی نان و خەونی ئازادی

## کەشکۆڵی یەکەم

## کۆمەڵە بابەتێکی هونەری و ئەدەبی

مەژێن

چاپی یەکەم - ئایاری ۲۰۱۳

# خەمی نان و خەونی ئازادی

کەشکۆڵی یەکەم

## کۆمەڵە بابەتێکی هونەری و ئەدەبی

# هەژێن

چاپی یەکەم - ئایاری ٢٠١٣

# " ژیان بەبێ ڕەخنە، جەستەی بێگیانە،
# ڕەخنەش بەبێ لۆجیك، وڕێنەی نەزانە"

خوێنەرانی هێژا، ئەم کەشکۆڵەی بەردەستتان، کۆمەڵێك بابەت دەگرێتە خۆی، کە لە شێوەی (هۆنراوە و هەڵبەست و پەخشان و تەنز و چیرۆك و شانۆیی)دا داڕێژراون یا ڕاستر بڵێم لەدایکبوون، چونکە کەمترین ڕۆڵی ئاگاهانەم لە شێوەپێدانیاندا گێڕاوە، ئەمەش بۆ سرووشبوونیان ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ سەرهەڵدانی ساتەکی ئەو هەستانە دەگەڕێتەوە، کە بەرهەمی بەریەککەوتنی خەیاڵی خۆزگەکانی من و وێنە کەتوارییەکانی ژیانی ڕۆژانەن و منیان ناچار بە نووسینەوەیان کردووە.

ڕاستییەکەی من نازانم تا چەندێك ئەم بابەتانە (هۆنراوە و هەڵبەست و پەخشان یا تەنز و چیرۆك و شانۆیی)ن، ئامانجیشم لە بڵاوکردنەوەیان چ پێشتر بە شێوەی تاك و تەرا و چ لە ئێستادا وەك کەشکۆڵێك تەنیا پاراستنیانە لە فەوتان، تاوەکو وەك کەشکۆڵە بەراییەکانیان بەسەرنەیێت، کە لە کیمیابارانەکەی هەڵەبجە و ئاوارەییدا فەوتان یا ڕاستر بێڵم لەلای هاوەڵانی نادەربەست فەوتان یا لە ماڵی خۆماندا دزران [مەبەستم لە دزین، ئەوەیە، کاتێك پاش کیمیابارانەکە لە نەخۆشانەیەکی تاران دەرچووم و گەڕامەوە بۆ هەڵەبجە، دیتم کە دزێکی شارەزا پەرتووکانی منی لە هەوشەی ماڵەکەماندا پرش و بڵاوکردووەتەوە و ئەوەی ویستوویەتی، بردوویەتی، کە دوو شت بوون؛ یەکەم ئەرشیڤی نووسینەکانم، دووەم، کۆمەڵێك نامەی دڵداری خۆم و کیژە هاوسێکەمان (شەپۆل). دزی شارەزا، نەك هەر ئەو شتانەی لێدزیبووم، بەڵکو پەرتووکانیشمی دڕاندبوون و خستبوونییە بەرباران].

خوێنەرانی هێژا، وەك لەتەك بڵاوکردنەوەی سەرلەنوێی هەندێك لەم نووسینانەدا ئاماژەمپێداوە، ئەم نووسینانە لە ڕووی ڕێنووس و داڕشتنەوە، هەندێك چاکسازیم تێداکردوون، بەڵام بە هیچ شێوەیەك دەستکاری ناوەڕۆك و ڕوانگەی جارانی خۆم نەرکردووە، خوێنەری هێژا دەتوانێت بەراوردی ئەم نۆژەنکراوانە و دەقی بڵاوکراوەیان لە ژمارەکانی گۆڤاری (پاژێی هونەریی ژیلەمۆ) و گۆڤاری (ڕۆشنبیریی دالیان)دا بکات.

لە کۆتاییدا تەنیا ئەوە ماوە بێڵم، کە دیاری شوان هاڵەکۆکە و ئەوەی ناپەسەندی دەبینێت یا سەرنجی لەسەری هەیە، ئەوا لە ئاستی ڕەخنەی هونەرییدا وەك گوندییەك لە ئاست

میواندا دەستبەسنگەوە دەوەستم و پڕ بەدڵ خۆشهاتنی لێدەکەم، کە دەڵێم ڕەخنەی هونەریی، مەبەستم ئەوەیە، کە کاتم بۆ خوێنندنەوەی ئەو بۆچوونانە نییە، کە گەڕانەوەی نووسەران بۆ سەر نەزمە کۆنەکەی سەروەری چینایەتی و بە کۆتایی مێژوو هەژماردنی ئەو نەزمە بە گۆڕان دەزانن، چونکە من گۆڕان لە پشتکردنە ناهەمواری و ناتەبایی و نایەکسانی و نادادوەریی و سەروەرییدا دەبینم، بەواتایەکی دیکە، من گۆڕان لەوەدا دەبینم کە مرۆڤ یا تاکی کۆمەڵگە چەند توانیویەتی واز لە وابەستەیی سیستەمە ڕامیارییەکان، یاسا دەستکردەکان، ڕێکخستنە قوچکەییەکان، پەیوەندییە بازرگانییەکان، بەڕێوەبەرایەتییە سەروو خەڵکییەکان، کەڵەکایی پارتە ڕامیارییەکان و مشەخۆرە ڕامیارپیەکان، بهێنێت و بگەڕێتەوە باوەشی سروشت و سروشتیبوونی خۆی و هوشیارانە هەنگاوی بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە لەسەر نەزمی سروشتی و بەپشتبەستن بە یاسا سروشتییەکان و ڕێکخستنی ئاسۆیی لەسەر بنەمای پەیوەندییە ئازادە کۆمەڵایەتییەکان، کە بنەمایان دابینکردنی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بێت بۆ تاك و تاك پێوەربێت نەك نەتەوە و ئایین و نەژاد و ڕەگەز و کولتوور و خێڵ و دەستەبژێربوون.

دوا ڕستە، لەبەرئەوەی کە دژی ناوبانگ و پەخشانکردنی وێنە و پاڵەوانسازیی چێکردنم بۆ خۆ، بۆ ئەو ئازیزانەی کە لە نزیکەوە نامناسن، تەنیا دەتوانم بڵێم: من کەسێکی گوندی، ڕۆڵەی بەوەفای دایکە سروشت و پارێزەری ژینگە و دۆستی ئاژەڵانم، لە ڕووی هزرییەوە ساڵی ١٩٨٣ بە پەیوەندی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)ەوە وەك سۆشیالیستخوازێك کەوتوومەتە چالاکی و پاش سێ ساڵ کەوتوومەتە ژێر کاریی (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) و شان بە شانی گۆڕانەکانی نێو ئەو ڕێکخراوە، منیش لە گۆڕاندابووم و ساڵی ١٩٩١ پاش ڕاپەڕین بە ڕێکخراوی (ڕەوتی کۆمونیست)ەوە پەیوەستبووم و بە چەند مانگ پێش بە پارتبوونی ئەو ڕێکخراوە وازملێیهێناوە و تا ئەمڕۆکە کەسێکی سەربەخۆم و واوەتر لەوەش دژایەتی هەموو ڕێکخراوێکی ڕامیاریی، هەموو جۆرە دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتییەکی ڕامیاریی و دژی هەموو یاسا و نەزم و پێکهاتەیەکی ڕامیاریی و دژی ناوبانگ و پیشە و بەرتەریی ڕامیارییم.

نەوتراو نەمێنت، ئەگەر لە ئێستادا هەندێك لەم بابەتانەم بنووسینایە، بەدڵنیاییەوە یا نەمدەنووسین یا بە شێوەیەکی دیکە دامدەڕشتن. بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە لێرەدا بڵاویاننەکەمەوە و بە هی خۆمیان نەزانم، بەپێچەوانەوە هەر یەکە لەو بابەتانە، گەواهی

ڕەوتی گۆڕانی هزر و گەشەی توانا و پێگەیینی سەلیقەی من نیشاندەدەن و وەك منداڵانی دایك و بابێك ئاوان، كە هیچ كات دایك و بابی هوشیار و بڕوابەخۆبوو، ناتوانن بڵێن، ئەم منداڵانەمان لەو منداڵانەمان زیاتر خۆشدەوێن، لەبەرئەوەی ئەمان جوانتر یا زیرەكتر یا ئازاتر و خرپنتر و ئەوانی دیكە زیندەبەچاڵدەكەین، لەبەرئەوەی كە وەك ئەمانەی دیكە نین!

بۆ كەسێك، كە نووسین بە چەكی خەبات و بیركردنەوە بە پەیژەی سەرەكوتن بەرەو لوتكەی هوشیاریی بزانێت، لەوەش دڵنیاییە، كە نووسەربوونیش وەك هەر بوونێكی دیكە، لە چۆنیەتی گەشە و قۆناخەكانی گەورەبوونی خودی مرۆڤ دەچێت، كە هیچ كەس پێش لەدایكبوون ناگری و هیچ كەس پێش سنگەخشكێ، دارەدارە ناكات و هیچ كەس پێش پیری، دەركی بایەخ و خۆشی ڕۆژانی لاوێتی و بەگوڕوتینی ناكات و نازانێت، ئەگەر هەڵچوون و داچوونەكانی سەردەمی منداڵی و هەرزەكاریی و لاوێتی نەبوونایە، نەیدەتوانی ببێتە پیرێكی دانا، هەر ئاواش نووسەر بەبێ نووسینی نووسینە لاوازەكانی و كەڵەكەبوونی ئەزموون، نابێتە نووسەرێك، كە بەخۆی ڕۆژگارێك چێژ لە خوێندنەوەی نووسینەكانی خۆی بەرێت و بە ڕەخنەی خوێنەرانی دڵخۆشبێت.

**ئایاری ٢٠١٣**

## " Jyan bebê Rexne, Cestey bêgyane,
## Rexneş bebê Locîk, Wrrêney nezane "

Xwêneranî hêja, em Keşkolley berdesttan, komellêk Babet degrête xoy, ke le şêwey (Honrawe û Hellbest û Pexşan û Teniz û Çîrok û Şanoyî)da darrêjrawn ya rastir bllêm ledaykbûn, çunke kemtirîn Rollî agahanem le şêwepêdanyanda gêrrawe, emeş bo Srûşbûnyan nagerrêtewe, bellku bo serhelldanî satekî ew Hestane degerrêtewe, ke berhemî beryekkewtinî Xeyallî Xozgekanî min û Wêne ketwarîyekanî Jyanî Rojanen û minyan naçar be Nûsîneweyan kirduwe.

Rastîyekey min nazanim ta çendêk em Babetane (Honrawe û Hellbest û Pexşan ya Teniz û Çîrok û Şanoyî)n, amancîşm le bllawkirdneweyan çi pêştir be şêwey Tak û tera û çi le êstada wek keşkollêk tenya parastinyane le fewtan, taweku wek keşkolle berayyekanyan beserneyêt, ke le Kîmyabaranekey Hellebce û awareyîda fewtan ya rastir bêllm lelay Hawellanî naderbest fewtan ya le Mallî xomanda dizran [mebestim le dzîn, eweye, katêk paş Kîmyabaraneke le nexoşaneyekî taran derçûm û gerramewe bo Hellebce, dîtim ke Dzêkî şareza Pertûkanî mnî le Hewşey Mallekemanda prriş û bllawkirduwetewe û ewey wîstûyetî, birdûyetî, ke dû şit bûn; yekem Erşîvî Nûsînekanim, duwem, komellêk Namey Dilldarî xom û Kîje Hawsêkeman (Şepol). Dzî şareza, nek her ew ştaney lêdzîbûm, bellku Pertûkanîşmî drrandibûn û xistbûnye ber Baran].

Xwêneranî hêja, wek letek bllawkirdnewey serlenwêy hendêk lem Nûsînaneda amajempêdawe, em Nûsînane le rûy Rênûs û Darriştnewe, hendêk çaksazîm têdakridûn, bellam behîç şêweyek destkarî Nawerrok û Rwangey caranî xom nerkirduwe, Xwênerî hêja detwanêt berawridî em nojenkrawane û Deqî bllawkraweyan le jmarekanî Govarî (pajêy hunerîy Jîlemo) û Govarî (roşnibîrîy Dalyan)da bkat.

Le kotayîda tenya ewe mawe bêllm, ke dyarî Şwan Hallekoke û ewy napesendî debînêt ya sernicî leserî heye, ewa le astî Rexney hunerîyda wek Gundîyek le ast Mîwanda dest be Singewe dewestim û pirr be Dill xoşhatnî lêdekem, ke dellêm Rexney hunerî, mebestim eweye, ke katim bo xwênindnewey ew boçûnane nîye, ke gerranewey Nûseran bo ser Nezme konekey Serwerî Çînayetî û be kotayî Mêjû hejmardinî ew Nezme be Gorran dezanin, çunke min Gorran le piştkirdne Nahemwarî û Natebayî û nayeksanî û Nadadwerîy û Serwerîyda debînim, bewatayekî dîke, min Gorran leweda debînim ke Mrov ya Takî Komellge çend twanîwyetî waz le wabesteyî Sîsteme Ramyarîyekan, Yasa destkirdekan, Rêkxistne quçkeyyekan, Peywendîye bazirganîyekan, Berrêweberayetîye serû Xellkîyekan, kellekayî Parte Ramyarîyekan û Mşexore Ramyarpyekan, bhênêt û bgerrêtewe Baweşî Sruşt û Sruştîbûnî xoy û huşyarane Hengawî bo rêkxistinî Komellge leser Nezmî Sruştî û bepiştbestin be Yasa Sruştîyekan û rêkxistinî asoyî leser bnemay Peywendîye azade Komellayetîyekan, ke bnemayan dabînkirdnî Azadî û Yeksanî û Dadperwerîy Komellayetî bêt bo Tak û Tak pêwerbêt nek Netewe û Ayîn û Nejad û Regez û Kultûr û Xêll û Destebjêrbûn.

Dwa Riste, leberewey ke djî Nawbang û pexşankirdnî Wêne û pallewansazîy çêkirdnim bo xo, bo ew Azîzaney ke le nzîkewe namnasn, tenya detwanim bllêm; min Kesêkî Gundî, Rolley bewefay Dayke Sruşt û parêzerî Jînge û Dostî Ajellanim, le rûy Hizrîyewe Sallî 1983 be Peywendî (Kommelley Rencderanî Kurdistan)ewe wek Soşyalîst-iXwazêk kewtûmete çalakî û paş sê Sall kewtûmete jêr karayî (Kommelley Zehmetkêşanî Kurdistanî Êran) û şan be şanî Gorranekanî nêw ew Rêkixrawe, mnîş le Gorrandabûm û Sallî 1991 paş Raperrîn be Rêkixrawî (Rewtî Komunîst)ewe peywestibûm û be çend Mang pêş be Partibûnî ew Rêkixrawe wazmilêyhênawe û ta emrroke Kesêkî Serbexom û wawetir leweş djayetî hemû Rêkixrawêkî Ramyarîy, hemû core Desellat û Berrêweberayetîyekî Ramyarîy û djî hemû Yasa û Nezm û Pêkhateyekî Ramyarîy û djî Nawbang û pîşe û berterîy Ramyarîym.

Newtraw nemênt, eger le êstada hendêk lem Babetanem bnûsînaye, bedillnyayyewe ya nemdenûsîn ya be şêweyekî dîke damderriştin. Bellam eme nakate ewey ke lêreda bllawyannekemewe û behî xomyan nezanim, bepêçewanewe her yeke lew Babetane, gewahî Rewtî Gorranî Hzir û geşey Twana û pêgeyînî Selîqey min nîşandeden û wek Mindallanî Dayk û Babêk awan, ke hîç kat Dayk û Babî huşyar û birrwabexobû, natwanin bllên, em Mindallaneman lew Mindallaneman zyatir xoşdewên, leberewey eman cwantir ya zîrektir ya azatir û xirpintrin û ewanî dîke zîndebeçalldekeyn, lebereewey ke wek emaney dîke nîn !

Bo Kesêk, ke Nûsîn be çekî Xebat û bîrkirdnewe be peyjey serekutin berew Lutkey Huşyarîy bzanêt, leweş dillnyayye, ke Nûserbûnîş wek her Bûnêkî dîke, le çonyetî geşe û Qonaxekanî gewrebûnî xudî Mrov deçêt, ke hîç Kes pêş ledaykbûn nagrî û hîç Kes pêş Singexşikê, Daredare nakat û hîç Kes pêş pîrî, derkî bayex û xoşî Rojanî lawêtî û begurrutînî nakat û nazanêt, eger hellçûn û daçûnekanî serdemî Mindallî û Herzekarîy û Lawêtî nebûnaye, neydetwanî bbête Pîrêkî dana, her awaş Nûser bebê Nûsînî Nûsîne lawazekanî û kellekebûnî Ezmûn, nabête Nûserêk, ke bexoy Rojgarêk çêj le xwêndnewey Nûsînekanî xoy berêt û be Rexney Xwêneranî dillxoşbêt.

**Ayarî 2013**

# Honrawe هۆنراوه


| | |
|---|---|
| Pluy Merg | پلوی مەرگ |
| Sêberî Şerr û Aştî | سێبەری شەڕ و ئاشتی |
| Xêwî Merg | خێوی مەرگ |
| Jyanewe | ژیانەوە |
| Serbaz | سەرباز |
| Satekanî Merg | ساتەکانی مەرگ |
| Hawnîştmanî Azad | هاونیشتمانی ئازاد |
| **Nalley Şeqamekan** | **ناڵەی شەقامەکان** |
| Nameyek bo Karl Markis | نامەیەك بۆ كارل ماركس |
| Alla sûrekan | ئاڵا سوورەکان |
| Hallawî birsyetî | هاڵاوی برسیەتی |
| Juwan | ژووان |
| Zengî Ceng | زەنگی جەنگ |
| Hellebce | هەڵەبجە |
| Komune | کۆمونە |
| Aştî Merg û Şerrî Jyan | ئاشتی مەرگ و شەڕی ژیان |
| Gerdelûlî Aştî | گەردەلوولی ئاشتی |
| Cadûy Netewe | جادووی نەتەوە |
| Sozanî Nezm | سۆزانی نەزم |
| Namekanî Zîndan | نامەکانی زیندان |
| Bumulêllî Jyan | بومولێڵی ژیان |
| Çîmenî Bîrman | چیمەنی بیرمان |
| Yadawerîyekanî Qeratê | یاداوەرییەکانی قەراتێ |
| Çirpey Ewîn | چرپەی ئەوین |
| Bext | بەخت |
| Çirpey Merg | چرپەی مەرگ |
| Xemêkî qetranî | خەمێکی قەترانی |
| Tarmayî Ceng | تارمایی جەنگ |
| Dîwar | دیوار |

| | |
|---|---|
| **daçllekan** | داچڵەکان |
| **Gerdelûlî Sermaye** | گەردەلوولی سەرمایە |
| **Hawarekanî Enadoll** | هاوارەکانی ئەنادۆڵ |
| **Kîjanî Ehrîmen** | کیژانی ئەهریمەن |
| **Xewnî Jyanim** | خەونی ژیانم |
| **Newt û Xwên** | نەوت و خوێن |
| **rewî Yadawerî û Snûrekanî Nîştman** | ڕەوی یاداوەری و سنوورەکانی نیشتمان |
| **çawerrêm be, dêmewe lat** | چاوەڕێم بە، دێمەوە لات |
| **Serabî Nîştman** | سەرابی نیشتمان |
| **hatnedî Payîze Xewnê** | هاتنەدی پاییزە خەونێ |
| **ba Xozgekanim tenya nebin** | با خۆزگەکانم تەنیا نەبن |
| **dwa Çirpey Jyan** | دوا چرپەی ژیان |
| **Koylekçanî Xêll** | کۆیلەکچانی خێڵ |
| **le Qesabxanewe bo Barega** | لە قەسابخانەوە بۆ بارەگا |
| **Motekey Peşîmanî** | مۆتەکەی پەشیمانی |
| **Çerxî awejû** | چەرخی ئاوەژوو |
| **Xemî êwe û Dllî min** | خەمی ئێوە و دڵی من |
| **Ketwarî Xewnî min** | کەتواری خەونی من |
| **Xemî Jyan** | خەمی ژیان |
| **Xewnêkî Namo** | خەونێکی نامۆ |
| **Şorrşêk le Ewîn** | شۆڕشێك لە ئەوین |
| **Xewnêkî Cwanemerg** | خەونێکی جوانەمەرگ |
| **Sozî Cadûîy** | سۆزی جادوویی |
| **Qeyrekçanî Şorrş** | قەیرەکچانی شۆڕش |
| **Hawnetewan** | هاونەتەوان |
| **Hawdengî jêr Snûrekan** | هاودەنگی ژێر سنوورەکان |
| **Dengipêy Merg** | دەنگپێی مەرگ |
| **Parçîlekanî Temenim** | پارچیلەکانی تەمەنم |
| **Umîd** | امید |
| **Heman derd û heman firyad** | همان درد و همان فریاد |

## Hellbest | هەڵبەست

Dastan | داستان

## Pexşan | پەخشان

Şeqame yaxîyekan | شەقامە یاخییەکان

یەکەم هەناسەی تاساو ، دوا فرمێسکی قەتیسماو

Yekem Henasey tasaw , dwa Firmêskî qetîsmaw

dawerî Xewindzan | داوەری خەوندزان

Xewnêkî xewallû | خەونێکی خەواڵوو

Şewarey Bezmî nwê | شەوارەی بەزمی نوێ

Nax Gorrî Ewîn û Lankey peşîmanî | ناخ گۆڕی ئەوین و لانکەی پەشیمانی

کوێرین یا چاویلکەی تاریکمان بەڕووی تیشکی خۆردا داناوە؟

kwêrîn ya Çawîlkey tarîkman be rrûy Tîşkî Xorda danawe?

Xewnî Mnallî min û Ketwarî Rudawekan | خەونی مناڵی من و کەتواری ڕوداوەکان

## Teniz | تەنز

Mallî Cindokan | ماڵی جندۆکان

Xle û Ble | خلـە و بلـە

dilldarî Xuda û Ehrîmen | دڵداری خودا و ئەهریمەن

alle Hawsê | ئاڵە هاوسێ

Şêxî Şêxan | شێخی شێخان

Bexîlî Bexîlan | بەخیلی بەخیلان

fis fis Namusewan | فس فس ناموسەوان

Gwêdrêjî rêbîn û zêrrîn | گوێدرێژی ڕێبین و زێڕین

# Çîrok — چیرۆك


| | |
|---|---|
| Xermaney Merg | خەرمانەی مەرگ |
| alle Hawsê | ئاڵە هاوسێ |
| Birryarî 51î Penaberî | بڕیاری ٥١ی پەنابەری |
| Bermalle cadûyekey Dapîre | بەرماڵە جادوویەکەی داپیرە |
| Rojî Fîdrallî | ڕۆژی فیدراڵی |
| Kotre xwênawîyeke | کۆترە خوێناوییەکە |
| gerran le dûy Nan | گەڕان لە دووی نان |
| Semay Merg | سەمای مەرگ |
| Pşûy Kar û dengdanewey Xumparekan | پشووی کار و دەنگدانەوەی خومپارەکان |
| Mîdallî Kurdayetî | میداڵی کوردایەتی |
| Xermaney Xozge | خەرمانەی خۆزگە |
| Dûlay Şar | دوولای شار |
| Carrî Gerdûn | جاڕی گەردوون |
| çawşarkêy Merg û Jyan | چاوشارکێی مەرگ و ژیان |


# Şanoyî — شانۆیی


| | |
|---|---|
| Hewt û Heşt | حەوت و هەشت |
| Suraney Serdem | سورانەی سەردەم |

# هۆنراوە

## پلوی مەرگ

سەرما، لێفە و
لیتە، دۆشەك و بەرد، سەرین
پلو پلو بەفر
دایتەنیوە ئاسمانی شین
دڵی چنار،
بۆ خەندەی خۆرەتاو
لەسەر بەرماڵی شارەزوور
بەرنوێژی هێمن ئەكا

ئاخ .. لە ئاسمانەوە
نائومێدی هێرشی هێناوە،
هێز لە ئەژنۆ و
لێدانی دڵ سستدەكا
دەستی هێمن
بۆ بزوانی سۆزی ئاسمان
بە بەبەرزی باڵای چنار
بنارە و بناری شارەزوور
خوای نێو سەران،
لە باوەش ئەكا
پلو پلو خەم دەبارێ
ئاسمان ماتە و
دڵی چادرەكان خورپە ئەكا
لەم مەینەتئاوایە
گیان ئاوارە و
جەستە دەرۆزەی نان ئەكا



لێرە لە لیتەی جەنگەکانا
لەتاو سەرمای سەرمایە
دەستی کۆمەك
تا دەری گیرفان بڕناکا
پلو پلو مەرگ دەبارێ و
بەفر باڵای هێمن و چنار*،
لە سەرەڕێی فێرگە و ماڵ،
کفن ئەکا ...

ڕێبەندانی ١٩٩٢

* هێمن و چنار، دوو ناوی سیمبۆلین بۆ دوو منداڵی ئاوارە، کە لە چادرگەی سەیسادەق، ساڵی ١٩٩٢ لەسەر ڕێگەی گەڕانەوەیان لە فێرگەوە بۆ ماڵ، لەنێو بەفر و لەتاو سەرما ڕەقبوونەوە ...

## Pluy Merg

Serma, Lêfe û
Lîte, Doşek û Berd, Serîn
Plu Plu Befr
daytenîwe Asmanî şîn
Dllî Çnar,
bo Xendey Xoretaw
leser Bermallî Şarezûr
berniwêjî Hêmin eka

ax .. le Asmanewe
Naumêdî Hêrşî hênawe,
Hêz le Ejno û
lêdanî Dill sistdeka
Destî Hêmin
bo bizwanî Sozî Asman
be beberzî Ballay Çnar
Bnare û Bnarî Şarezûr
Xway nêw Seran,
le Baweş eka
Plu plu Xem debarê
Asman mate û
Dllî çadrekan xurpe eka
lem meynetawaye
Gyan aware û
Ceste derozey Nan eka



lêre le Lîtey Cengekana
letaw Sermay Sermaye
Destî Komek
ta derî Gîrfan birrnaka
Plu Plu Merg debarê û
Befr Ballay Hêmin û Çnar*,
le sererrêy Fêrge û Mall,
Kfin eka ...

Rêbendanî 1992

* Hêmin û Çnar, dû Nawî sîmbolîn bo dû Mindallî aware, ke le çadirgey Seysadeq, leser rêgey gerraneweyan le Fêrgewe bo Mall, lenêw befr û letaw Serma reqbûnewe ...

## سێبەری شەڕ و ئاشتی

چیت دەستکەوتە،
لە مەیدانی جەنگا ..
کاتێ دەگری،
کاتێ دەکوژی،
کاتێ دەمری،
کاتێ کرنووش دەبەی !
کاتێ دەست و پێ ..
بۆ خاوەنەکەت هەڵدەبڕی
ئەی سەربازی شەترەنج ؟

چیت دستکەوتە،
کاتی ئاشتی ..
لە کارگە ژینفرۆش،
لە شەقاما ماڵبەکۆڵ،
لە نیشتمانا ئاوارە و کرێچی،
لەنێو ماڵ زیندانی،
لە زیندانا پاسەوان،
یان جەلادیت و
قامچی هەڵدەبڕی؟

چیت دەستکەوتە،
کاتێ لافیتەی سپی هەڵئەگرِی
لەبەردەم ، کۆترۆکەی ئاشتییا
کرنووش دەبەی
بژی ئاشتی بژی ئاشتی،
دەنگ هەڵئەبڕی ؟

چیت دەستکەوتە
کاتێ لە دادگەی سەروەرانا
- بۆ ئەوانەی بە دزییەوە
سەیری مانگەشەو دەکەن،
بە زگی تێرو پیری ئاسوودەوە
خەون دەبینن،
یا ئەوانەی بۆ منالان
ئەوینداری خۆیان وێنادەکەن-
دەروێشئاسا دەستەوداوێن
بە ئاوازێکی دادیار لاوێن؛
خوازیاری سزای ئەوان و
سەروەری یاسای چەوسێنەرانی خۆتی؟

پوشپەری ١٩٩٤

## Sêberî Şerr û Aştî

çît destkewte,
le Meydanî Cenga ..
katê degrî,
katê dekujî,
katê demrî,
katê kirnûş debey!
katê Hest û Pê..
bo Xaweneket helldebrrî
ey Serbazî Şetrenc ?

çît distkewte,
Katî Aştî ..
le Karge jînifroş,
le Şeqama mallbekoll,
le Nîştmana aware û krêçî,
lenêw Mall zîndanî,
le Zîndana pasewan,
yan celladît û
Qamçî helldebrrî?

çît destkewte,
katê Lafîtey spî hellegrrî
leberdem , Kotrokey Aştîya
kirnûş debey
bjî Aştî bjî Aştî,
Deng hellebrrî ?

çît destkewte

katê le Dadgey Serwerana

- bo ewaney be dzîyewe

seyrî Mangeşew deken,

be zgî têr û pîrî Asûdewe

Xewn debînin,

ya ewaney bo Mnallan

Ewîndarî xoyan wênadeken -

Derwêşasa destewdawên

be Awazêkî Dadyar lawên;

Xwazyarî Szay ewan û

Serwerî Yasay Çewsêneranî xotî ?

Puşperî 1994

# خێوی مەرگ

پێش چەند ساڵ، ئەو
تەنیا مەمە و
جۆلانە و
نەڕەی بابەی دەناسی

گریان و پێکەنین
خۆرهەڵهاتن و ئاوابوون
برسیەتی و ڕشانەوە
هەزار و یەك پرسیاریان،
لە بیریا چاند

دوێ شەو
چراخانی ئاسمان،
بیری هەژان ..
پرسیار لە دوای پرسیار،
بابەی حەبەسان ..
"کچم بنوو، درەنگە بنوو"

خەو مناڵێکی چەقاوەسوو
لە ماڵ یاخی .. بۆی دەستگیر نەبوو
تا پێڵوی چاوانی لەسەر داخا
پرسیار دوای پرسیار
بابی گوڕاندی:
" شەو درەنگە بنوو، ڕۆڵە بنوو،
دێوەزمە دەتخوات ! "

لەپڕ شریخەی دەستڕێژێ، بابەی تلاند
خەیاڵ و پرسیاری ئەویان پساند
توند توند قیژاندی :
" بابە .. بابە ..
ئەوانە بۆ ناخەون،
بۆ خێو نایانخوات ؟"
بەڵام بابە، بێگیان
بۆ هەمیشە خەوتوو،
چیتر بەسەریدا نەیگوڕاند

نۆڤەمبەری ١٩٩٦

## Xêwî Merg

pêş çend Sall, ew
tenya Meme û
Colane û
Nerrey Babey denasî

Giryan û Pêkenîn
xorhellhatin û awabûn
Birsyetî û Rşanewe
Hezar û yek Pirsyaryan,
le Bîrya çand

dwê Şew
Çraxanî Asman,
Bîrî hejan ..
Pirsyar le dway Pirsyar,
Babey hebesan ..
" Kçim bnû, drenge bnû"

Xew Mnallêkî çeqawesû
Le Mall yaxî .. boy destigîr nebû
ta Pêlluy Çawanî leser daxa
Pirsyar dway Pirsyar
Babî gurandî:
" Şew drenge bnû, Rolle bnû,
Dêwezme detiXwat ! "

lepirr Şrîxey Destrrêjê, Babey tland
Xeyall û Pirsyarî ewyan psand
tund tund qîjandî :
" Babe .. Babe ..
ewane bo naxewn,
bo Xêw nayanixwat ? "
bellam Babe, bêgyan
bo hemîşe xewtû,
çîtir beserîda neygurrand

Novemberî 1996

## ژیانەوە

سالّەها بوو، سەرزەمینی دلّم
سیاچالێ بوو،
نامۆ بە تیشکی خۆر
هەموو ڕۆژێ،
دەیان خۆزگەی کرچ و کالّ
وەك کۆرپەلەی لەبارچوو،
لە پەڕاوی یاداوەرییما
چەند پەڕەیێ کفنم،
بە بالّایان دەبڕی

لەتەك یەکەم نیگات
لە ڕۆژنەی چاوانتەوە
بلوورەوارانی ئەوینت
لە قولّایی دلّم ئەنگاوت

لەو ڕۆژەوە، هەردەم بەریبەیان
بەر لە هەر شت،
دێمە جێژووان
تا لە ئاوێنەی چاوانتا
پڕ بە تاسەم،
خۆزگەم، تیشکی خۆر ماچکات

دێسەمبەری ١٩٩٦

## Jyanewe

Salleha bû, Serzemînî Dllim
Syaçallê bû,
Namo be Tîşkî Xor
hemû Rojê,
deyan Xozgey kirç û kall
wek Korpeley lebarçû,
le Perrawî Yadawerîyma
çend Perreyê Kfinim,
be Ballayan debrrî

letek yekem Nîgat
le Rojney Çawantewe
Blûrewaranî Ewînt
le qullayî Dllim engawt

lew Rojewe, herdem Berîbeyan
ber le her Şit,
dême Cêjwan
ta le Awêney Çawanta
pirr be Tasem,
Xozgem, Tîşkî Xor Maçkat

Dêsemberî 1996

# سەرباز

لەسەر شانۆی کۆیلەتی
سنگی سپارتاکوست، هەڵدڕی
ختوکەت دا، دڕندەیی کۆیلەدار
بازنەیەکی دیکەت خستە سەر،
زنجیری دەست و پێت
تا پڕڕەونەق بێت، باج و بازار

شەوان تا بەیان
کێشکت کێشا
لەبەر هەیوانی دیواخان
تا بلەوەڕێ ئەژدیهای هەزار سەر،
لەنێو کاسەسەری منداڵان
دەستە دەستە
کیژۆڵانت وەك کەنیزەك،
نانە باوەشی ئاغایان
تا کەڵبە گیرکەن لە سۆز و جەستە
دامرکێننەوە هەوەس و ئالۆشی خوایان

بۆ سەروەری قامچیبەدەست
بۆ یەکێتی گەل و نیشتمان،
کۆمۆنەت کرد جوانەمەرگ
خەونی ئازادیت،
لە خوێنا گەوزان

داستان لە دوای داستان
گەرماوی گاز و کیمیاباران
هیچ ئاوڕت لە مێژووت نەداوە
تا لە پێشبڕکێی کارا،
ببیتە قارەمان
خۆشبکەیت دڵی سەروەرانت،
بی بە هاونیشتمانی گێل و نەزان.

ئازاری ١٩٩٧

## Serbaz

leser Şanoy koyletî
Singî Spartakust, helldrrî
xtuket da, drrindeyî Koyledar
Bazneyekî dîket xiste ser,
Zincîrî Dest û Pêt
ta pirrrewneq bêt, Bac û Bazar

Şewan ta Beyan
kêşkit kêşa
leber Heywanî Dîwaxan
ta blewerrê Ejdîhay hezar Ser,
lenêw Kaseserî Mindalan
deste deste
Kîjollant wek Kenîzek,
        nane baweşî Axayan
ta Kellbe gîrken le Soz û Ceste
damrikênnewe Hewes û Aloşî Xwayan

bo serwerî Qamçîbedest
bo yekêtî Gel û Nîştman,
Komonet kird cwanemerg
Xewnî Azadît,
        le Xwêna gewzan

Dastan le dway Dastan

Germawî Gaz û Kîmyabaran

hîç awrrit le Mêjût nedawe

ta le pêşbirkêy Kara,

bibîte Qareman ..

xoşbkeyt Dllî Serwerant,

bibî be Hawnîştmanî gêl û nezan

Azarî 1997

## ساتەکانی مەرگ *

مەرگی وشە
هەڕاجی هۆنراوەیە،
کاتێ هۆنەر
پیاوماقوڵی دیواخانان بێ

مەرگی ئاواز
ژەنینی ژێیە،
کاتێ نۆتەی موزیك
بەزمی لەشفرۆشخانەکان بێ

مەرگی بەهار
ئەو دەمەیە،
وێنەکێش لە تابلۆیەکەیدا
وێنەی نائومێدییەکانی
خۆی دەکێشێتەوە

مەرگی مەرگ
ئەو ڕۆژەیە، گۆڕهەڵکەن
قوڵینگەکەی بەگوڕتر هەڵدەبڕێ و
بۆ دواجار گۆڕی مەینەت، دەشێلێتەوە

جولای ١٩٩٧

* پێشتر لە ژمارە (١)ی گوڤاری هونەری «ژیلەمۆ»، ئۆگوستی ١٩٩٧ دا لەژێر سەردێڕی "دوێنێ و سبەینێ" بڵاوکراوەتەوە .

## **Satekanî Merg** *

Mergî Wşe
herracî Honraweye,
katê Honer
Pyawmaqullî Dîwaxanan bê

Mergî Awaz
jenînî Jêye,
katê Notey Muzîk
Bezmî Leşifroşxanekan bê

Mergî Behar
ew demeye,
Wênekêş le Tabloyekeyda
Wêney Naumêdîyekanî
xoy dekêşêtewe

Mergî Merg
ew Rojeye, Gorrhellken
Qullîngekey begurrtir helldebrrê û
bo dwacar Gorrî Meynet, deşêlêtewe

Culay 1997

* pêştir le jmare (1)î ' Guvarî hunerî "Jîlemo', Ogustî 1997 da lejêr serdêrrî "dwênê û sbeynê" bllawkrawetewe .

## هاونیشتمانی ئازاد !

تۆ کێی؟
قەد لە خۆت پرسیوە،
تۆ کێی؟
گەر کەمێ، بیری بەیتێ ..
لە ڕابوردوویەکی نزیکا
لە مەیدانەکانی یۆنان ..
لەنێو کێڵگەکانی کوردستان
دەستبەسەر، خۆت دەناسیتەوە ..

پێرێ، وەك مەڕ و ماڵات
لە جەنگەڵەکانا ڕاودەکرای
دەستەمۆ لەنێو قەفەس،
لە مەیدانێکدا بەشەڕدەدرای
یا بە کەشتی،
لەبری ئاسن و گەنم
لەم کیشور بەو کیشوەر
دەفرۆشرای

دوێنێ، ژیان و بوونت
بەشێك بوو، لە دارای ئاغا
گەر بە بوێری سورانەت نەدابا
ئەوا یاخی دەبووی لە فەرمانی خوا
ئەورۆ هەمان کۆیلەی، هەمان جوتیار
لە کارخانە بی، یا لەسەر جاڕ
ناچاری بۆ مانەوە ..

بفرۆشی هێزی کار
چرکە چرکە، ژیانت بکەیتە بەرهەم،
تا هەڕاجی کەن لە بازار ..

دەستە دەستە، چەکدار دەبی
بە خەیاڵ بۆ نەتەوە و نیشتمان !
بە نۆرەبڕێ لەنێوان ئەم و ئەو
بۆ چەوسێنەر، دەچیتە پای دەنگدان ..
لە خەونی نەتەوە و بەهەشت
هیچت دەستگیرنابێ لێیان
شەکەت و دۆڕاو و برسی
پاش تەواوبوونی هەر شەڕێك،
دەگەڕێیتەوە مەینەتاوای ژیان

جێنیوەری ١٩٩٨

## Hawnîştmanî Azad !

to kêy?
qed le xot pirsîwe,
                    to kêy?
ger kemê, Bîrî beytê ..
le Raburdûyekî nzîka
le Meydanekanî Yonan ..
lenêw Kêllgekanî Kurdistan
destbeser, xot denasîtewe ..

pêrê, wek Merr û Mallat
le Cengellekana rawdekray
destemo lenêw Qefes,
le Meydanêkda beşerrdedray
ya be Keştî,
lebrî Asn û Genim
lem Kîşur bew Kîşwer
defroşray

dwênê, Jyan û Bûnit
Beşêk bû, le Daray Axa
ger be bwêrî Suranet nedaba
ewa yaxî debûy le fermanî Xwa
ewrro heman Koyley, heman Cutyar
le Karxane bî, ya leser Carr
naçarî bo manewe ..
                    bifroşî Hêzî Kar

çirke çirke, Jyant bikeyte Berhem,
ta herracî ken le Bazar ..

Deste Deste, Çekdar debî
be Xeyall bo Netewe û Nîştman !
be norebrrê le nêwan em û ew
bo Çewsêner, deçîte pay dengdan ..
le Xewnî Netewe û Beheşt
hîçt destigîrnabê lêyan
şeket û dorraw û birsî
paş tewawbûnî her Şerrêk,
degerrêytewe meynetaway Jyan

Cênîwerî 1998

# ناڵەی شەقامەکان

**بۆ منداڵانی بێنەوای برازیل**

خانوویەك لە کارتۆن
پلیکانەی دوکانێك، سەرین
ئاسمان لێفە و
لایە لایەی شەوانتان،
شەڕە پشیلە و سەگوەرین
قۆڕەی سکتان
لە چۆڵەوانی شەقامەکانا
سەمفۆنیایە ..
سەمفۆنیای خەمی نان و
سەرخەوی نێو باڵاخانەکان

شەوان بەدەم خەیاڵ
وەك بازی بەرزەفڕ،
دەدەن لە شەق باڵ ..
بەسەر سنوورەکانا،
بێ پاس، بێ پاوەن ..
جار جارە وچانێ،
لەم وڵات.. لەو وڵات
بۆ گەڕان لە دووی قەراخێ نان
لە پڕ وڵاتێکی نوێ دەدۆزنەوە،
وڵاتێ، سەراسەر، پڕ لە سۆز و لە ژیان
بۆ هەمووان پێکەوە،
بێ خاوەن، بێ کڕیار
بێ پۆلیس و بێ دۆلار

بەیانی زوو،
برسیەتی بەئاگاتاندێنێ ..
وەك تەلەزگە
بە بیرتاندا تێدەپەڕێ،
هەزار و یەك خۆزگە ..
لەم گەڕەك، لەو كۆڵان
چەند شەقام ئەولاتر..
لە چنگتان گیرنابێ
چەند قەراخە نانێ زیاتر
هاودەمی یەكەم پاروو،
دەنگی شەلاق و تفەنگ
پڵیشانەوەی سەرتان،
لە ژێر چەكمەی پۆلیسی دەبەنگ
ئارەزووی ژەمێ تێری،
دەكا جوانەمەرگ
بۆ فتوای مەرگتان،
دزینی چەند قەراخەنانێ،
دەكاتە پاساوی مەرگ

مارچی ١٩٩٨

## Nalley Şeqamekan

**bo Mindallanî Bêneway Birrazîl**

Xanûyek le Karton
Plîkaney Dukanêk, Serîn
Asman Lêfe û
Laye Layey Şewantan,
şerre Pşîle û Segwerîn
Qorrey Siktan
le Çollewanî Şeqamekana
Semfonyaye ..
Semfonyay Xemî Nan û
Serxewî nêw Ballaxanekan

Şewan bedem Xeyall
wek Bazî berzefirr,
deden le şeqî Ball ..
beser Snûrekana,
bê Pas, bê Pawen..
car care Wçanê,
lem Wllat.. lew Wllat
bo gerran le dûy Qeraxê Nan
le pirr Wllatêkî nwê dedoznewe,
Wllatê, seraser, pirr le Soz û le Jiyan
bo hemwan pêkewe,
bê Xawen, bê Kirryar
bê Polîs û bê Dolar

Beyanî zû,

Birsyetî beagatandênê ..

wek telezge

be Bîrtanda têdeperrê,

hezar û yek Xozge

lem Gerrek, lew Kollan

çend Şeqam ewllatir..

le Çingtan gîrnabê

çend Qeraxenanê zyatir

hawdemî yekem Parû,

Dengî Şelaq û Tfeng

pllîşanewey Sertan,

lejêr Çekmey Polîsî debeng

Arezûy Jemê têrî,

deka cwanemerg

bo Fitway Mergtan,

dzînî çend Qeraxenanê,

dekate pasawî Merg

Marçî 1998

# نامەیەك بۆ كارل ماركس

هاوڕێ .. هێژا
خۆزگە زیندوو بووایت
دیتبات چۆن
مەینەتئاوای ژینت
سەرپەنای كۆیلەتیت
بۆتە تەكیە و خانەقای دەروێشان
چۆن ناوت لەبەرئەگرنەوە
چۆن سیمات
بە ئاڵتوناوی ئەفسانە ئەشۆنەوە
پلە و پایەت گەیشتۆتە ئاسمان

یادت بەخێر هاوڕێ
خۆزگە بەخۆت لێرە بووایت
سەرێكت هەڵبڕیبا و
دیتبات چۆن
وێنەكانت بتئاسا
شاگردەكان لەملیانئەكەن
مووی پرچ و ڕدێنت
وەك جێماوی پێخەمبەران
دەرمانی لەرزوتایە و
بۆ نەخۆشانی ئەبەن
ناوت لەتەك سڵاوات
لە ڕۆژانی پیرۆزا، وێردەدەكرێ

وتەكانت هەر مەپرسە
ئاوازێ لە جۆری تەورات و ئینجیل و قورئان
مناڵانی پێگۆشدەكەن

نێوی کیژەکانت
وەك هۆنراوە، ئەوترێتەوە و
دووردیان لێدەبارێ
سەرپەنات لە هایگەیت و تریر
جێنزرگەی هۆگرانە
دەستە دەستە
خۆ لە دار و بەردیان دەسوون
هاوڕێ گەر زیندووبیتەوە و
لەبەردەمی دادگە ڕاوەستی
ئەبێ پەتی سێدارە لەملکەی
ئاخر بەنێوی تۆوە
زۆر تاوان ئەنجامدران

خۆزگە لێرە بووایت و
دیتبات چۆن ..
لە زاری تۆوە چەند ڕاپەڕین ..
لەباربران
چەند ئازادیخواز و سۆشیالیست ..
تیرۆرکران
چەند ئیمپراتۆریی و دەوڵەتی نەتەوە ..
چێکران
چەند بەرەی هاوبەش بۆ ئاشتی و پێکەوەژیان
لەتەك سەرانی سەرمایە ڕێکخران
خۆزگە لێرەبووایت و دیتبات بەخۆت
پاشڕەوانت لە نەزانی
چ بتێکت بۆ سازدەکەن

١٤ی مارچی ١٩٩٨

## Nameyek bo Karl Markis

Hawrrê .. hêja
xozge zîndû buwayt
dîtbat çon
Meynetaway Jînt
Serpenay koyletît
bote Tekye û Xaneqay Derwêşan
çon nawt leberegirnewe
çon sîmat
be Alltunawî Afsane eşonewe
Ple w Payet geyiştote Asman

Yadt bexêr Hawrrê
xozge bexot lêre buwayt
Serêkt hellbrrîba û
dîtbat çon
Wênekant Bitasa
Şagirdekan lemilyaneken
Mûy Pirç û Rdênt
wek Cêmawî Pêxemberan
Dermanî Lerzutaye û
bo Nexoşanî eben
Nawt letek Sllawat
le Rojanî pîroza, wêrddekrê

Wtekant her mepirse
Awazê le corî Tewrat û Încîl û Quran
Mnallanî pêgoşdeken

Nêwî Kîjekant
wek Honrawe ewtirêtewe û
Dûridyan lêdebarê
Serpenat le Highgate û Trir
Cênzirgey Hograne
Deste Deste
xo le Dar û Berdyan desûn
Hawrrê ger zîndûbîtewe û
leberdemî Dadge rawestî
ebê Petî Sêdare lemilkey
axir benêwî towe
zor Tawan encamdran

xozge lêre buwayt û
dîtbat çon ..
le Zarî towe çend Raperrîn ..
lebarbran
çend Azadîxwaz û Soşyalîst ..
tîrorkran
çend Împratorîy û Dewlletî Netewe ..
çêkran
çend Berey hawbeş bo aştî û pêkewejyan
letek Seranî Sermaye rêkixran
xozge lêre buwayt û dîtbat bexot
Paşrrewant le Nezanî
çi Btêkt bo sazdeken

14î Marçî 1998

## ئاڵا سوورەکان

**بۆ هاوڕێیان ' شاپوور' و ' قابیل '**

هاوڕێیانی ئاوارە
چەندە دڵبەردە، ئەو کۆنە شارە
لە تاو کۆچی سووری ئێوە،
باباگوڕگوڕ، تازەیەبارە
قەلای هۆلاکۆبەزێن
کە دی وا ئێوە،
لە خوێنا دەگەوزێن
هاواری کرد
" بەر بگرن لە تیرۆر،
بەم تاوانە، مێژووم شەرمەزارە "

هاوڕێیانی ئاوارە
کێ لە تیرۆری ئێوە، بەرپرسیارە
سەربازانی خوا؟
تەتەرانی ئەنفال؟
مافیای بۆر، سەوز، زەرد؟
کێ بوو، ئێوەی بەو دەردە برد؟
کێ بە مەرگی ئێوە بەختیارە؟

هاوڕێیانی ئاوارە
خەمتان ... قینە
دەنگتان... تینە
مەرگتان ... ژینە
کۆچتان .... برینە
لە نێو دڵی، کرێکار و زەحمەتکێش

گەڕەکە و گەڕەك، شارە و شار
کاروانی سوور
بەرەو بەیانێکی نزیك نەك دوور
بەڕێوەیە و ڕەدووی شوێن پێتانە
لە کۆڕی گیانبەخشانا،
هاوڕێیان، ئەو شەو
(ئارام**)ی بادینان پێشوازیتانە

هاوڕێیانی ئاوارە
دەروونمان، پڕ ئازارە
ئەفسووس، نەکرا لەوێ بین
تا بۆ تەرمی سوورتان
بەرێزەوە، ڕێژە بەستین
لەسەر هەواری تازەتان
بەڵێنی سووربوونمان، بۆ خەبات
دژی سەروەری سەرمایە، بڵێینەوە
ڕێژە بەستین و
دەست هەڵبڕین
لەبری (ئۆژین پۆتیە) دەنگ هەڵبڕینەوە
" هەستن ئەی هۆزی بەشمەینەتان ... ."
شۆڕەسوارانی ' شورا'، بانگەواز کەینەوە ...

١٩ی ئەپریلی ١٩٩٨

## Alla sûrekan

**bo Hawrrêyan ' Şapûr ' û ' Qabîl '**

Hawrrêyanî aware
çende dillberde, ew kone Şare
le taw Koçî sûrî êwe,
Babagurrgurr, tazeyebare
Qelay Holakobezên
ke dî wa êwe,
le Xwêna degewzên
hawarî kird
" ber bigrin le Tîror,
bem Tawane, Mêjûm şermezare "

Hawrrêyanî aware
kê le Tîrorî êwe, berpirsyare
Serbazanî Xwa ?
Teteranî Enfal?
Mafyay bor, sewz, zerd ?
kê bû, êwey bew Derde bird ?
kê be Mergî êwe bextyare ?

Hawrrêyanî aware
Xemtan ... Qîne
Dengtan... Tîne
Mergtan ... Jîne
Koçtan .... Brîne
le nêw Dllî, Krêkar û Zehmetkêş

Gerreke û Gerrek, Şare û Şar
Karwanî sûr
berew Beyanêkî nzîk nek dûr
berrêweye û redûy Şwên Şêtane
le Korrî Gyanbexşana,
Hawrrêyan, ew Şew
(Aram**)î Badînan pêşwazîtane

Hawrrêyanî aware
Derûnman, pirr Azare
efsûs nekra lewê bîn
ta bo Termî sûrtan
berrêzewe, Rêje bestîn
leser Hewarî tazetan
Bellênî sûrbûnman, bo Xebat
djî serwerî Sermaye, bllêynewe
Rêje bestîn û
                Dest hellbrrîn
lebrî (Eugène Pottier) deng hellbrrînewe
" hestin ey Hozî Beşmeynetan ... ."
Şorreswaranî Şura, bangewaz keynewe ...

19î Eprrîlî 1998

# هاڵاوی برسیەتی

**بۆ منداڵانی بۆسنیە و هەرزەگۆڤینا**

ڕوخساری واقوڕماو
چرچ و لۆچی نێوچەوانی
لە پێکەنین و توڕەییا
تابلۆی دژەمرۆیی سەرمایە، دەنەخشێنن
هەر یەکێ: ئارەزوو و
یادگارییەکی ترش و تاڵی
پێوەبەندە

نیگای تیژی ..
شووشەبەندی کیۆسکەکان، دەسمێ
لە ناخیا، دەستی نادیاری حەز
خۆراکی خۆش خۆش، پارووئەکا
گیای‌ن یاخی دەفڕێ و
جەستەی دەرۆزەی ژیان ئەکا
لە پڕ شانی ڕێبوارێ،
لەو خەوە خۆشە، ڕادەچڵەکێنێ و
بە ئاهێکەوە، کارتەکەی هەڵدەبڕێ
" لە (هەرزەگۆڤین)ەوە تا ئێرە، برسیمە ! "

ئایاری ١٩٩٨

## Hallawî Birsyetî

**bo Mnallanî Bosnia û Herzegovina**

Ruxsarî waqurrmaw
Çirrç û Loçî Nêwçewanî
le Pêkenîn û Turreyîa
Tabloy djemroyî Sermaye, denexşênin
her yekê; Arezû û
Yadgarîyekî trîş û tallî
pêwebende

Nîgay tîjî ..
Şûşebendî Kioskekan, desmê
le Naxîa, Destî nadyarî Hez
Xorakî xoş xoş, parûeka
Gyanî yaxî , defrrê û
Cestey derozey Jyan eka
lepirr Şanî Rêbwarê
lew Xewe xoşe, radeçllekênê û
be Ahêkewe, Kartekey helldebrrê
" le (Herzegovina)we ta êre, birsîme ! ”

Ayarî 1998

## ژووان

نەتۆرێی لە ژیان ..
گەر جارێ، زریان
بەرەو دوورگەی ئەوین
بواری پەڕینەوەی نەدا
نەتۆرێی لە ئەوین
گەر شەو داهات و
کاروانکوژە، ڕێی پێهەڵەکردی
مەتۆرێ، هەنگاو هەڵهێنە
سواری ملی شەپۆلەکان بە
بۆ پێشەوە، نەك بەرەو دوا
کات درەنگە
ئەو شەو تەنیا
دێوەزمەی ئەوبەر،
بۆ تێری هەوەسی لەنێوتدەبا

گیانە مەتۆرێ ..
وەرە، دەمێکە لەم بەر
چاوەڕوانی هەواڵتم
لە وردە شەپۆل
لە کۆچڕەوی قوڵینگەکان
لە قەرەچە سەرهەڵگرتووەکان
ئاخ .. بێدەنگیت، دڕدۆنگی کردووم
بە گومانەوە لەخۆم دەپرسم؛
تۆ بڵێی ماندووبوون،
نوقمی خەوی نەکردبێ ؟
تۆ بڵێی خەنجەرەکەی خوا

له پشتەوەڕا،
پەی بە نهێنییەکی دڵی نەبردبێ ؟

ناچارم، دڵی خۆم خۆشکەم و
وەڵامی خۆم بدەمەوە ..
نا، نا .. هاوڕێ
هیوام پێتە
گوێم تامەزرۆی
ترپەی دڵتە
خێراکە، هەنگاوهەڵێنە
بێئۆقرە، لەم بەر
چاوڕوانم و
چاوم لە ڕێتە

جونی ١٩٩٨

## Juwan

netorêy le Jyan..
ger carê, Ziryan
berew Dûrgey Ewîn
bwarî perrînewey neda
netorêy le Ewîn
ger Şew dahat û
Karwankuje, Rêy pêhellekridî
metorê, Hengaw hellhêne
swarî Mlî Şepolekan be
bo pêşewe, nek berew dwa
Kat drenge
ew Şew tenya
Dêwezmey ewber,
bo têrî hewesî lenêwtdeba

giyane metorê ..
were demêke lem ber
çawerrwanî hewalltim
le wirde Şepol
le Koçrrewî Qullîngekan
le Qereçe serhellgirtuwekan
ax .. bêdengît, dirrdongî kirdûm
be gumanewe le xom deprism
to bllêy mandûbûn,
                nuqmî Xewî nekirdbê ?
to bllêy Xencerekey Xwa

le piştewerra,
pey be Nhênîyekî Dllî nebirdbê ?

naçarm, Dllî xom xoşkem û
wellamî xom bdemewe ..
na, na .. Hawrrê
Hîwam pête
Gwêm tamezroy
Tirpey Dillte
xêrake, Hengaw hellêne
bêoqre, lem ber
Çawirrwan û
Çawm le rête!

Cunî 1998

# زەنگی جەنگ

کامەیە، کۆیلان
وڵاتی ئێمە، وڵاتی ئەوان
کاتێ، چوار وەرزی ساڵ
ماڵبەکۆڵین
دەست لە ملی،
شەقامی سارد و چۆڵین؟

هیچ لە خۆتان پرسیوە؛
بۆچ ئێمەی بێماڵ
سنوورمان تەنیوە؟
مناڵمان ڕوتەڵە و
بەخۆشمان، بەرگی دڕندەمان پۆشیوە!
هەردەم، چرای ماڵمان کز و
ڕوخسارمان زەرد
لە سەرماوەرزی بازارا،
بزەی سەرلێوی کۆرپەمان، تەزیوە!

دێتە بیرتان، کاتێ کۆمونە
لەنێو کەلاوەی جەنگا
مەرگی ڕاونا
زیندانەکان ڕوخان،
پەپولەی ئەوین، ئازاد هەڵفڕی
لەبری گریان، ئەشکی شادی
بە گوڕ لە چاومان خوڕی
نە بژی گەل و
نە ئەی نیشتمان ..

نە وێردی کۆیلە،
بۆ خوای ئەفسانەکان
ماڵ بە ماڵی هەژاران
پڕ بە گەرووی کۆمونیاران
سەنگەرە و سەنگەر
سروودی مەرگی سەرمایەمان
بە گوێی جیهاندا چڕی؟

تاوێ گوێڕادێرن و بیری بەنێ
بۆچی سوپای گەل و نیشتمان
لوولەی چەکی،
نیشانە دەگرێتە سنگمان؟
دەمێ، بۆ نانماندەگرین
دەمێ، دژی شەڕ
لە نێوەندی شار، دەنگهەڵبدەبڕین
دەمێ، کە بۆ ئازادی، هەمووان پێکڕا
دەچڕین، بمرێ سەرمایەدار !

هیچ لە خۆتان پرسیوە،
بۆچی وا ئازادن، دەمێ؛
بۆ خوای ئاسمان و زەوی،
دەنگدەدەن،
بۆ یاسا و ڕێسای سەروەری،
مل کەچدەکەن؟
بۆ ئازادن، کە خۆ بکوژن
یا بێنە سەر من و
دوا قومی شیری ساواکەم بدزن؟

بەڵام، کاتێ هەرکە وتتان
" جیهانە، وڵاتی ئێمە و هەمووان "
دەشێوێ دەروونی خوا،
دەورۆژێ پۆلیسی دەبەنگ
خێرا زەنگی کڵیسا و کنسێت،
بڵندگۆی مزگەوتەکان دێنە دەنگ
ڕێژەدەبەستن، کوڕانی خوا
تا بپڵیشێننەوە، کاسەی سەرمان
کۆڵان بە کۆڵان، دەرگە بە دەرگە
شەوکوتانی فەرمانڕەوا
ڕاپێچمان دەکەن، نۆرەی مەرگە
تا نەلەرزێ قوچکەی تەختی،
نەزمی نوێی سەرمایەدار!

ئۆگوستی ١٩٩٨

## Zengî Ceng

kameye, Koylan
Wllatî ême, Wllatî ewan
katê, çwar Werzî Sall
Mallbekollîn
Dest le Mlî,
Şeqamî sard û çollîn ?

hîç le xotan pirsîwe;
boç êmey bêmall
Snûrman tenîwe?
Mnallman rutelle û
bexoşman, Bergî drrindeman poşîwe !
herdem Çray Mallman kiz û
Ruxsarman zerd
le Sermawerzî Bazara,
Bzey Serlêwî Korpeman, tezîwe !

dête Bîrtan, katê Komune
lenêw kelawey Cenga
Mergî rawna
Zîndanekan ruxan,
Pepuley Ewîn, azad hellifrrî
lebrî giryan, Eşkî Şadî
be gurr leçawman xurrî
ne bjî Gel û
ne ey Nîştman ..

ne Wêrdî Koyle,
bo Xway Efsanekan
Mall be Mallî Hejaran
pirr be Gerûy Komunyaran
Sengere û Senger
Srûdî Mergî Sermayeman
be Gwêy Cîhanda çrrî ?

tawê Gwêrradêrn û Bîrî benê
boçî Supay Gel û Nîştman
Lûley Çekî,
Nîşane degrête Singman?
demê, bo Nan mandegrîn
demê, djî Şerr
le nêwendî Şar, denghellbdebrrîn
demê, ke bo Azadî, hemuwan pêkrra
deçrrîn, bimrê Sermayedar !

hîç le xotan pirsîwe,
boçî wa azadin, demê;
bo Xway Asman û Zewî,
dengdeden ,
bo Yasa û Rêsay Serwerî,
Mil keçdeken?
bo azadin, ke xo bkujn
ya bêne ser min û
dwa Qumî Şîrî Sawakem bidzin ?

bellam, katê her ke wittan
cîhane, Wllatî ême û hemuwan
deşêwê Derûnî Xwa,
dewrujê Polîsî debeng
xêra Zengî Kllîsa û Kinsêt,
Bllindgoy Mizgewtekan dêne Deng
Rêjedebestin, Kurranî Xwa
ta bipllîşênnewe, Kasey Serman
Kollan be Kollan, Derge be Derge
Şewkutanî Fermanrrewa
Rapêçman deken, norey Merge
ta nelerzê Quçkey Textî,
Nezmî nwêy Sermayedar !

Ogustî 1998

## هەڵەبجە

هەر کەس هات و
ناوێکی کەی .. لێنای
ملوانکەیەك،
لە وشەی فریودەرانەی ..
لە مل ئاڵای
تاجێکی ژەنگنینی هەزاران ساڵەی،
لەسەرنای
وەکو خوا،
هەزار و یەك، ناویان لێتنا؛
شەهید
شاژنی نیشتیمان
خوشکی حەما
تەنیا و تەنیا،
ناوی خۆت نا !
تا ناوی خۆت ..
شاری هەڵچوون و خرۆشان،
بسڕنەوە لەبیرمان

هەر کەس هات و
بە ڕەنگی جادوویی،
تابلۆیەکی بۆ کێشای ..
وەك دێوجامە،
بۆ شێوانی ڕاستی ..
تا ڕوخساری خۆت
بشێوێنن لە پێشچاومان

هەر كەس هات و
چیرۆكێكی بۆت نووسی،
بەسەرهات و
مێژوویەكی پڕ درۆ؛
لەدایكبوونی میر و شێخ و بەگ و ئاغا
هەمبانەیەكی پڕ درۆ و (حەمد) و (سەنا)
تەنیا و تەنیا،
مێژووە خوێناوییەكەی خۆت نا؛
ئەی شاری یاخیبوون و خۆپێشاندان،
كرای بە تابلۆی مەرگی خەونمان،
تاقیگەی ژاراوی سەرمایە و
وێرانگەی شەر و ئاشتی دوژمنان
وێستگەیەك بۆ شەمەندەفەری جەنگ و
گۆڕستانێك بۆ ژیان
مەیخانەیەك بۆ شەرابنۆشی
ئەهریمەن و خواكان

ئازاری ١٩٩٩

* پێشتر لە ژمارە (٧)ی ' گۆڤاری هونەری ژیلەمۆ'دا ، بەناوی (ئاپە)وە بڵاوكراوەتەوە.

## Hellebce

her Kes hat û
Nawêkî key .. Lênay
Milwankeyek,
le Wşey frîwderaney ..
le Mil allay
Tacêkî jenginînî hezaran Salley,
lesernay
weku Xwa,
hezar û yek, Nawyan lêtna;
Şehîd
                Şajnî Nîştîman
                                Xuşkî Hema
tenya û tenya,
                Nawî xot na !
ta Nawî xot ..
Şarî hellçûn û xroşan,
bsirrnewe lebîrman

her Kes hat û
be Rengî cadûîy,
Tabloyekî bo kîşay ..
wek Dêwcame,
bo şêwanî Rastî ..
ta Ruxsarî xot
 bşêwênin le Pêşçawman

her Kes hat û
Çêrokêkî bot nûsî,
Beserhat û
Mêjûyekî  pirr Dro ..
ledaykbûnî Mîr û Şêx û Beg û Axa
Hembaneyekî pirr dro û (hemd) û (sena)
tenya û tenya,
Mêjuwe xwênawîyekey xot na;
ey Şarî yaxîbûn û Xopêşandan,
kray be Tabloy Mergî Xewnman,
Taqîgey Jarawî Sermaye û
Wêrangey şer û aştî Dujimnan ..
Wêstgeyek bo Şemendeferî Ceng û
Gorristanêk bo Jyan
Meyxaneyek bo Şerabnoşî
Ehrîmen û Xwakan

Azarî 1999

* pêştir le jmare (7)î ' Govarî hunerî Jîlemo'da , benêwî (Ape)ewe bllawkirawetewe.

# کۆمونە

من تارماییەکی توقێنەرم
لە پرخەی تەوەزەلیی مشەخۆر
هەراسان و
لە بێدەنگیی شەوەزەنگا،
خەوزڕێنی سەروەرم،
من ڕوخێنەرم ...

من بانگی 'کۆمونە'م
بۆ ڕزگاری پەیامبەرم
جەستەم تەزیووی،
ژێر بەستەڵەکی هەفتا ساڵەی سیبریا و
گوێم کەڕی،
هەرا و زەنای نەزمی کۆن
موولولەی خوێنم،
هەنجراوی بەر خەنجەری سەروەرن
ئەوێك بەناوی منەوە،
لە پارت و نەتەوە و نیشتیمان دەدوێ ...

من کاروانی کۆمونیارانم،
هاتووم و بەڕێوەم
تینێکی دیکە بە بەرداکەم
لە دڵی گەرمی کانەکانا، بژێمەوە
بە هەتوانی ماچی،
لێوی وشکهەڵهاتووی لانەوازان،
برینەکانم سارێژ کەمەوە

هاتووم و بەڕێوەم..
لە تاران و بەرلین،
لە شیکاگۆ و ئۆرشەلیم
لە مۆسکۆ و کابول
لە هەولێر و ئەستانبول
لەنێو ڕیزی مانگرتووی،
کەناسانی تورکیە و
مەشخەڵبەدەستانی ئاڵمان
پۆستەچیانی ئەمەریکا و
ئاشتیخوازانی ئیسرائیل

پڕ بە تاسەی لێو بۆ ماچ
پڕ بە چاوانی کۆرپە بۆ سۆزی داك
پڕ بە ئارەزووی پیران بۆ لاوێتی
پڕ بە هێزی یەکگرتووی کۆیلانی سەردەم،
لەم ڕۆژی یەکی ئایارا
شەق لە پێروزی سەرمایە هەڵدەم

## Komune

min Tarmayyekî tuqênerm
le Pirxey tewezelîy Mşexor
herasan û
le bedengyî Şewezenga,
xewizrrênî Serwerm,
min ruxênerm ...

min bangî 'Komune'm
bo rizgarî Peyamberm
Cestem tezîwuy,
Jêr Bestellekî hefta Salley Sîbirya û
Gwêm kerrî,
Hera û Zenay Nezmî kon
Mûluley Xwênim,
hencrawî ber Xencerî Serwern
ewêk benawî mnewe,
le Part û Netewe û Nîştîman dedwê

Min Karwanî Komunyaranim,
hatûm û berrêwem
Tînêkî dîke be berdakem
le Dllî germî Kanekana, bjêmewe
Be hetwanî Maçî,
Lêwî wişkhellhatûy Lanewazan,
Brînekanim sarrêj kemewe

hatûm û berrêwem..
le Taran û Berlîn,
le Şîkago û Orşelîm
le Mmosko û Kabul
le Helêr û Istanbul
lenêw Rîzî Mangirtûy,
Kenasanî Turkye û
Meşxelbedestanî Allman
Posteçyanî Emerîka û
AştîXwazanî Îsraîl

pir be Tasey Lêw bo Maç
pir be Çawanî Korpe bo Sozî Dak
pir be Arezûy Pîran bo Lawêtî
pir be Hêzî yekgirtûy Koylanî serdem,
lem Rojî yekî Ayara
Şeq le pêruzî Sermaye helldem

## ئاشتی مەرگ و شەڕی ژیان

منێ، کە برسێتیم
شەوگار شەقدەکا و
بەرەو هەڕاجگەی ژین،
هەر ڕۆژ بەڕێمئەکا ..
تا کولێرەیێ، لەبەر تیشکی
بەپارەکراوی خۆرا،
بېرژێنم ..

منێ، کە بەڕۆژ وندەبم و
شەوانیش خۆم نادۆزمەوە ..
چۆن دەتوانم و
ئاوەزم دەیگرێ،
خەون و خۆزگەی خۆم
لە ملی برایی تۆدا بهۆنمەوە

دەمێکە دەزانم
تۆ بە من نامۆی
تۆ مۆرانەی بیری ئافەرێنەری
من هەردەم بێبەش و
تۆ براوە و برا سەروەری
برایی تۆ بۆ من ..
سەرەتای مەرگ و
خەونی خەفڵەتە
تۆ لەسەر ڕەنج و ژیانی من
هەمیشە مشەخۆری،
تۆ بۆ من چەوسێنەری

ئایاری ١٩٩٩

## Aştî Merg û Şerrî Jyan

mnê, ke birsêtîm
Şewgar şeqdeka û
berew Herracgey Jîn,
her Roj berrêmeka ..
ta Kulêreyê, leber Tîşkî
beparekrawî Xora,
bibirjênim ..

mnê, ke be Roj windebim û
Şewanîş xom nadozmewe ..
çon detwanim û
Awezm deygrê,
Xewn û Xozgey xom
le mlî brayî toda bhonmewe

Serdemêke dezanim
to be min namoy
to Moraney Bîrî aferênerî
min herdem bêbeş û
to brawe û Bra serwerî
brayî to bo min ..
seretay Merg û
Xewnî xefllete
to leser Renc û Jyanî min
hemîşe Mşexorî,
to bo mn Çewsênerî

Ayarî 1999

# گەردەلوولی ئاشتی *

ئەم ئێوارەش ..
هەور سوور و
با-ڕەش بەقین،
ئەستێرەکان لە دڵمانا،
کز دەسوتێن،
تۆفان هەستاوە و تووڕە ..
شەپۆلەکان گێچدەخۆن
خەو لەچاوی ژیان دەزڕێنن
شەمشەمەکوێران ..
مانگ ڕاودەنێن,
گورگگەل، مرخە لە مێگەل دەگرن
ڕێوی و چەقەڵ، گەل .. گەل
بۆ گەندەخۆری
دێن بە لوورە؛
بۆ پەزان، ژیان
ترسێکی قورس
بۆ گورگی هار،
حەزێکی تووڕە
بێ بەرهەڵست ,
جیهان، بێ بەرهەڵست
بۆ تینووانی خوێن
بۆ ئەوانەی لەسەر ڕەنجی ئێمە دەلەوەڕێن،
ئاسمانێکی بێسنوورە

ئایاری ١٩٩٩

*پێشتر بەناوی (ئاپە)وە بڵاوکراوەتەوە

## Gerdelûlî Aştî*

em Êwareş
Hewr sûr û
Ba-reş beqîn,
Estêrekan le Dillmana
kiz desutên,
Tofan hestawe û tûrre
Şepolekan gêçdexon
Xew le Çawî Jyan dezrrênin
Şemşemekwêran ..
Mang rawdenîn,
Gurggel, mirxe le Mêgel degrin
Rêwî û Çeqell, Gel .. Ggel
bo gendexorî
dên be lûre;
bo Pezan, Jyan
Tirsêkî qurs
bo Gurgî har ,
Hezêkî tûrre
Bê berhellist ,
Cîhan, bê berhellist
bo Tînuwanî Xwên
bo ewaney leser Rencî ême delewerrên,
Asmanêkî bêsnûre

Ayarî 1999

*pêştir benawî (ape)we bllawkrawetewe

# جادووگەرانی نەتەوە

جادووگەڕان
بۆ فریوی حەزمان
پەڕ .. پەڕ ..
پەڕاوی یاداوەری،
ترش و تاڵی ژینمان
هەڵدەدەنەوە ..
ناسۆرییەکانی ژیان ..
نیگاردەکێشن و
خزمایەتی وەبیردێننەوە
لە ڕابووردوو ،
پردێك سازدەکەن
بە خەونی دێرینمان،
بێئابرووی خۆیان دەشۆنەوە
لە خەون و خەیاڵی ئێمە
پیت بە پیت
ئالایەك دەچنن و
لە شەوەزەنگان و
ڕۆژانی نائومێدیمانا
بڵند .. بڵند
دەیشەکێننەوە

١١ی سێپتەمبەری ١٩٩٩

## Cadûgerany Netewe

Cadûgerran
bo frîwî Hezman
Perr .. Perr ..
Perrawî Yadawerî,
triş û tallî Jyan
helldedenewe ..
Nasorîyekanî Jyan ..
nîgardekêşn û
Xizmayetî webîrdênnewe
le Rabûrdû,
Pirdêk sazdeken
be Xewnî dêrînman,
Bêabrûy xoyan deşonewe
Le Xewn û Xeyallî ême
Pît be Pît
Allayek deçnin û
le Şewezengan û
Rojanî Naumêdîmana
blind .. bllind
deyşekênnewe

11î Sêptemberî 1999

## سۆزانی نەزم

چاوە تێر سەوزەکەت ؛
وەك منداڵی زەندەقچوو،
لە ‘مەرقەدی شێخ و
چاوی ئەژدیها لە شەوەزەنگا’
لێیدەترسم،
ناوێرم سەرێ هەڵبڕم،
تۆ گیانم .. دڵم ..
مێشکم دەخۆی
تۆ جادووگەری !

بریقەی کراسە واڵاکەت،
سەرنجم ڕاناکێشێ
ساڵانێکە بوخچەی
نووشتەکانتم فڕێداوە ..
لەو ساتەوەی،
هەست و سۆزت فریوداوم
ڕوخساری زەردهەڵگەڕاوت،
هەوەسم نابزوێنێ ..
ماچی لێوی مۆرگەڕاوت،
ناشکێنێ تاسەم ..
تازە تۆ،
سۆزانی نەزمی ..
لەرەی سمت و مەمانت
هەوەسی خواکان دەبزوێنێ
چیت لە من داوە، بڕۆ !

لە بازاری خۆفرۆشی تۆدا
خەون و خەیاڵی من،
ئافەرینێکی پاشایانە نایێنێ
برۆ دەست لە بەرۆکی من بەردە ..
لە ئاهەنگی کۆیلەتی خۆتا
سەما بۆ سەروەران کە
تا خودای گەورە ڕازیبێ و
بە چاکە ناوت بێنێ ..
بڕۆ ئیدی وازملێبهێنە،
چیدی نیگای درۆینەی چاوەکانت
تامەزرۆیی ئەوینم نابزوێنێ.

٢١ی سێپتەمبەری ١٩٩٩

## Sozanî Nezm

Çawe têr sewzeket ;
wek Mnallî zendeqçû,
le 'Merqedî Şîx û
Çawî Ejdîha le Şewezenga'
lêydetrism,
nawêrm Serê hellbirrim,
to Gyanim .. Dllim ..
Mêşkim dexoy
to Cadûgerî !

Brîqey Krase wallaket,
Serincim ranakêşê
Sallanêke buxçey
Nûştekantim frêdawe ..
lew Satewey,
Hest û Sozt frîwdawm
Rûxsarî zerdhellgerrawt,
Hewesm nabziwênê ..
Maçî Lêwî morgerrawt,
naşkênê Tasem ..
taze to,
Sozanî Nezmî ..
lerey Simt û Memant
Hewesî Xwakan debziwênê
çît le min dawe, brro !

le Bazarî xofroşî toda
Xewn û Xeyallî min,
Aferînêkî paşayane nayênê
bro Dest le Berokî min berde ..
le Ahengî Koyletî xota
Sema bo Serweran ke
ta Xuday gewre razîbê û
be çake Nawt bênê ..
brro îdî wazm lêbhêne,
çîdî Nîgay droyney Çawekant
tameziroyî Ewînm nabziwênê.

21î Sêptemberî 1999

## نامەکانی زیندان

پڕ بە تاسەی
کەوێك بۆ کێوان
لەو دیو شورەی زیندانەوە
حەزەکانم ئارەزووی فڕینیانە
کاتێك لاقەکانم
بە ناخی زەمینا ڕۆدەچن

خەونەکانم
لەسەر دارتەلی ئەوبەر
قەراتێ نیشتوون و
بە نائارامی و دڵەخورپەوە،
بە حەسرەتەوە،
لە شەقاوەکانی شەقام ..
دەڕوانن

زریکەی منالان
پەردەی گوێم ڕادەمووسێ،
بە بێزارییەوە
ساتە دەستەمۆکان دەبوێرن،
ئاخ .. بە پەژارەوە
یارییەکانی منداڵی و
شۆخییەکانی هەرزەکاری
لەتەك چرکە چرکی کاتژمێرکەما،
دەژمێرمەوە

تورەم .. خۆزگەکانم، لێرە
بە یاخیبوونێکی ئەمریمەنی
تف و نەفرەت
لە ڕوخساری خواکان، دەکەن
ئاخ .. بۆ ڕاوەستانێکی کن قەڵا
کاتێ یار، بە لەنجەولار
بە چاوگێڕانەوە .. دێتەخوار
منی هەرزەش بۆ دیتنی وی
'سوارە' لە گوندێ بەجێدەهێڵم و
دەگەڕێمەوە نێو تەپوتۆزی شار

٢٨ ی سێپتەمبەری ١٩٩٩

## Namekanî Zîndan

Pirr be tasey
Kewêk bo Kêwan
lew dîw Şurey Zîndanewe
Hezekanim arezûy frrînyane
katêk Laqekanim
be Naxî Zemîna rodeçin

Xewnekanim
leser Dartelî ewber
Qeratê nîştûn û
be naaramî û dllexurpewe,
be hesretewe,
le Şeqawekanî Şeqam ..
derrwanin

Zrîkey Mnallan
Perdey Gwêm rademûsê,
be bêzaryîewe
Sate destemokan debwêrn,
Ax .. be pejarewe
Yarîyekanî mindallî û
Şoxîyekanî herzekarî
letek çirke çirkî Katjimêrkema,
dejmêrmewe

tûrrem, Xozgekanim, lêre
be Yaxibûnêki ehrimenî
Tif û Nefret
le Ruxsarî Xwakan, deken
Ax .. bo Rawestanêkî kin Qella
katî Yar, be Lencewlar
be çawgêrranewe .. dêteXwar
mnî herzeş bo dîtnî wî
'Sware' le Gundê becêdehêllm û
degerrêmewe nêw teputozî Şar

28 î sêptemberî 1999

## بومولێڵی ژیان

هەنگاو .. هەنگاو
وادین،
دزانی تیشکی خۆرەتاو
شەمشەمەکوێران
بەقیژوهوڕ
گوێ، کاس و زمان، لەت و
کوێرئەکەن چاو

پۆل پۆل وادێن
شەیدایانی
شەوانی ئەنگوستەچاو
پەڕ پەڕ ڕادەخەن
سەرپۆشی شەوەزەنگ
دونیا کپە و خامۆش
بووکی خەیاڵان سیاپۆش
شەپۆلەکان هەڵدێن و وندەبن
نیگای خەماوی دەریاش
لە دووی تریفەی مانگ، وێڵە و داماو

چرکە چرکە
ترسی مەرگ
لوورە لووری سەگ
ترپەی دڵ و
هەناسەبرکێی گوڵ
دونیا داگیردەکا و
ئەستێران خەمنشین

چاوی دڵداران پڕ لە ئەسرین
باڵداران لە ئاسمان ترساو
شیوەن ئەچڕن
بۆ هاژەی شەتاو
ژیان گیانەڵایە .. زریکەیە
لە بومولێڵی بەیانا
لەنێوان خەون و خەیاڵ،
ئاخهەڵئەکێشێ بۆ خەندەی خۆرەتاو

٢٩ی سێپتەمبەری ١٩٩٩

## Bumulêllî Jyan

Hengaw .. Hengaw
wa dîn ,
Dzanî Tîşkî Xoretaw
Şemşemekwêran
be qîjuhurr
Gwê, kas û Zman, let û
kwêreken Çaw

pol pol wa dên
Şeydayanî
Şewanî engusteçaw
perr perr radexen
Serpoşî Şewezeng
Dunya kpe û xamoş
Bûkî Xeyallan syapoş
Şepolekan helldên û windebin
Nîgay Xemawî Deryaş
le dûy Trifey Mang, wêlle û damaw
çirke çirke
Tirsî Merg
Lûre Lûrî Seg
Tirpey Dill û
Henasebrikêy Gull
Dunya dagîrdeka û
Estêran Xeminşîn
Çawî Dilldaran pirr le Esrîn

Balldaran le Asman tirsaw
Şîwen eçrrin
bo hajey şetaw
Jyan Gyanellaye .. Zrîkeye
le bumulêllî Beyana
lenêwan Xewn û Xeyall,
axhellekêşê bo Xendey Xoretaw

29î Sêptemberî 1999

# چیمەنی بیرمان

وەرە هاوڕێ
دڵمان تینووی
ماچی لێوی
گەڵای لوس و تەنکی
چیمەنی بیرمانە
هەزارانساڵە
لە ناخمانا دەڕوێ و
لە گلێنەی چاومانا
بنجی داکوتاوە
بۆیە تاسەی ماچی
تەنیا لە پەڕاوی یاداوەری
تەمەنمانا دەشکێ

٠١ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٩

## Çîmenî Bîrman

were Hawrrê
Dillman tînûy
Maçî lêwî
Gellay lus û tenkî
Çîmenî bîrmane
hezaran Salle
le naxmana derrwê û
le Glêney Çawmana
Bincî dakutawe
boye tasey Maçî
tenya le Perrawî yadawerî
Temenmana deşkêê

01î Oktoberî 1999

## یاداوەرییەکانی بان قەراتێ

لەتاو جیڕەجیڕی زرێپۆش
پاساری سەر دارتەلەکان
فڕین و چیدی نەگەڕانەوە
تەپەی پۆستاڵ
زریکەی منداڵانی تاسان
خۆڵەپۆتەی ژێر زرێپۆش
گڵگۆی دڵدارانی پۆشان
ڕەشەبای ئەنفال
سروەی ئەوینی تۆران
بانگی سەروەری
لە مینبەری چۆڵییەوە
چرپەی ئازادی خنکان
ژاوە ژاوی مەرگ
خەوی لە چاوی
کۆترەشینکەکانی گڵکەند زڕان
بزەی تاڵی کازیوە
هەواڵی ناوەختە پایزی درکان
پاییز هات و
دەرگەی بۆ بەستەڵەك خستەسەرپشت و
ئەوینی لە دڵمانا تەزان

ئەوان هاتن و ئەمان چوون
ئەمان هاتنەوە و ئەوان ونبوون
هەمان بەزم لە بان قەڵا
جارێ بە کەسکی و جارێ بە زەردی نمایشکرایەوە
ئەوان هاتن و باجی ئەمانمان دا
ئەمان هاتنەوە و تۆڵەی ئەوانمان دا

ئەم فوتبۆڵین و چاوشارکێیە
لە فیفتی فیفتییەکەی نەوەد و دوو دەچن
سەرکەوتوو و هەڵهاتوو، هەردووک؛
سێبەری پێش و پاشی نیوەڕۆن
لەم کێشمەکێشەدا،
خەون و خۆزگەی ئێمە
تۆپی بەرپێی خواکانی ئەو و تۆن
هەر کەس بێتەوە و هەرکەس دەرچێ
ژیانی ئێمە، باجی شەڕە و
بەرە بەرە، خەونەکانی ڕاپەڕین لەباردەڕۆن

٠٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٩

## Yadawerîyekanî ban Qeratê

letaw cîrrecîrrî Zincîrî Zrêpoş
Pasarî ser Dartelekan
frrîn û çîdî negerranewe
tepey Postall
Zrîkey Mnallanî tasan
Xollepotey jêr Zrêpoş
Gillgoy Dilldaranî poşan
Reşebay Enfal
Sirwey Ewînî toran
Bangî serwerî
le Mînberî Çollîyewe
Çirpey Azadî xinkan
jawe jawî Merg
Xewî le Çawî
Kotreşinkekanî Gellkend zrran
Bzey tallî kazîwe
Hewallî nawexte Payzî dirkan
Payîz hat û
dergey bo bestellek xiste serpişt û
Ewînî le dillmana tezan

ewan hatin û eman çûn
eman hatnewe û ewan winbûn
heman Bezim le ban Qella
carê be keskî û carê be zerdî nmayişkrayewe
ewan hatin û Bacî emanman da

eman hatnewe û Tolley ewanman da
em futbollîn û çawşarkêye
le fîftî fîftîyekey newed û dû deçin
Serkewtû û hellhatû, herdûk;
Sêberî pêş û paşî nîwerron
lem kêşmekêşeda,
Xewn û Xozgey ême
Topî berpêy Xwakanî ew û ton
her kes bêtewe û herkes derçê
Jyanî ême, bacî Şerre û
Bere bere, Xewnekanî Raperrîn lebarderron

05î Oktoberî 1999

## چرپەی ئەوین

گیانە ئەزانم
ئەشکە وێڵەکانت
لە بیابانی تەنیاییا
چاوەڕێی ئەوینن
لێوماڵیان کا
ئەزانم
خەمەکانت لە دەنگەژێتا
چاوەڕێی نیگایەکن
گوێیان بۆ ڕادێرێ و
لە مەرگی زستانا
تیشکی خۆر سەما کا

ئا.. ئەرێ .. ئەزانم
خۆزگەکانت لە دڵتا
چاوەڕێی بزەیەکن
تا لە باوەشیا
ژیان سەرلەنوێ چرۆکا
ئەزانم
لە بیابانی ئەنفالستانا
تاسەی کانیاو دەکەی
ئەزانم
لە بەستەڵەکی تەمەنتا
چاوەڕێی تیشکی خۆرەتاو ئەکەی
ئەزانم
لە باخەڵی کۆیلەتییا
ئارەزووی ماچی دوور لە یاسا ئەکەی

ئەزانم

لە پەڕاوی یادەوەریتا

بە زاری برسیەتی،

داوای کولێرە و

سەرپەنای گەرم ئەکەی

ئەزانم

لە پشت شورەی زیندانا

بیری پیاسەی ئێواران ئەکەی

ئەزانم .. دڵنیام،

کە ڕۆژگارێ دێ ..

لە هەرچی بەربەستە ..

یاخی دەبی و

ئاڵای دڵدارانی جیهان

بە ئەوین سوور ئەکەی

٢٠ی ئۆکتۆبەر ١٩٩٩

* پێشتر لە گۆڤاری هونەریی (ژیلەمۆ)دا لەژێر سەردێڕی (سەمای عیشق)دا بڵاوبووەتەوە

## Çirpey Ewîn

Gyane ezanim
Eşke wêllekant
le Byabanî tenyayya
çawerrêy Ewînin
    lêwmallyan ka
ezanim
Xemekant le Dengejêta
çawerrêy Nîgayekin
Gwêyan bo radêrê û
le Mergî Zistana
    Tîşkî Xor sema ka

aa .. erê .. ezanim
Xozgekant le Dillta
çawerrêy Bzeyekin
ta le baweşya
    Jyan serlenwê çroka
ezanim
    le Byabanî Enfalistana
    tasey Kanyaw dekey
ezanim
    le Bestellekî Tementa
    çawerrêy Tîşkî Xoretaw ekey
ezanim
    le Baxellî koyletîya
    Arezûy Maçî dûr le Yasa ekey

ezanim

le Perrawî Yadewerîta

be Zarî birsîyetî,

daway Kulêre û

Serpenay germ ekey

ezanim

le pişt Şurey Zîndana

Bîrî Pyasey Êwaran ekey

ezanim .. dillnyam,

ke Rojgarê dê

le herçî berbeste ..

yaxî debî û

Allay Dilldaranî Cîhan

be Ewîn sûr ekey

20î Oktober 1999

* pêştir le (Govarî hunerîy Jîlemo)da lejêr serdêrrî (semay 'îşq)da bllawbuwetewe

## بەخت

ساڵەهایە ..
پێ بە پێت،
لە دووت دێم و
لێتدەگەڕێم
کەچی تۆش،
خۆت حەشارداوە لێم
بەرلەوەی من بێم،
ئاوەژووی بورجم سوڕایت و
بەفێڵبوویت لێم

هەنگاو .. هەنگاو
بەرەو نامۆیی و
خۆشباوەڕیی باو
هاتم و هیچ پێتنەگەییم
تا لە کاروانی ژین دابڕام
سەرابێ بوویت،
تینووئاسا
بە درەوشانەوەت خەڵەتام

تەنیا، خەمی خۆمم دا بە شانما و
لەدووت هاتم، بێ ئاوڕدانەوە
تا بە سەرما ڕما، کۆشی هیوام
بەرەو نائومێدی بەڕێتکردم و
تەلاری خەیاڵت تێکدام
لەدووی خۆت ڕاکێشتکردم و
دەستەمۆتکردم بۆ ڕۆژگار
هێز و توانات لێبڕیم

نائومێدیت بۆ کردمە هەوار
لە پێش ڕێکەوتەکانی خوا
کڕنووشت پێبردم و
بە سوپاسگوزارییەوە ..
خیابانت کردە سەرپەنام

٢٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٩

## Bext

Sallehaye ..
Pê be Pêt,
ledût dêm û
lêtdegerrêm
keçî toş,
xot heşardawe lêm
berlewey min bêm,
awejûy Burcim surrayt û
befêllbûyt lêm

Hengaw .. Hengaw
berew namoyî û
xoşbawerrîy baw
hatim û hîç pêtnegeyîm
ta le Karwanî Jîn dabrram
Serabê bûyt,
Tînûasa
be drewşanewet xelletam

tenya, Xemî xomim da be şanma û
ledût hatim, bê awirrdanewe
ta beserma rma, Koşî Hîwam
berew naumêdî berrêtkirdim û
Telarî Xeyallt têkdam
ledûy xot rakêştkirdim û
destemotkirdim bo Rojgar
Hêz û Twanat lêbrrîm

naumêdît bo kirdme Hewar
le pêş rêkewtekanî Xwa
kirrnûşit pêbirdim û
be supasguzarîyewe ..
Xyabant kirde Serpenam

25î Oktoberî 1999

## چرپەی مەرگ

کە مناڵ بووم
لەتەك
خێو و شەولەبانی
چیرۆکەکانی داپیرەم،
چاوشارکێم دەکرد ...
لە تافی لاویما
حەزە شێتەکانم،
سەرکێشانە؛
بەرەو ئەشکەوتی تاریك و
حەشارگە و بەندگەکانی خوا
ملیان دەنا ...
کەچی ئێستا
کە ئەژنۆلەرزان و سەرەلەقێمە،
بە چرکە چرکی
کاتژمێرەکەی بانسەرم
دڵم دادەخورپێ

٢٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٩

## Çirpey Merg

ke Mnall bûm
letek
Xêw û Şewlebanî
Çîrokekanî Dapîrem,
çawşarkêm dekrid ...

le tafî lawîma
Heze şêtekanim,
serkêşane;
berew Eşkewtî tarîk û
Heşarge û Bendgekanî Xwa
Milyan dena ...

keçî êsta
ke ajnolerzan û sereleqême,
be çirke çirkî
Katjimêrekey banserm
Dllim dadexurpê

26î oktoberî 1999

## خەمێکی قەترانی

ئای لەو خەمە
کاتێ منداڵی چەقاوەسوو
لە هێلانە پاساری،
گڕ بەردەدا و
هیچ لك و پۆپێ نییە
سەرخەوێکی ماندوو
بگرێتە خۆی

ئای لەو خەمە قەترانییە
کاتێ سەربازی وڵاتپارێز
سەرپەنای جووتیارێ
خاپوور ئەکا و
گۆشەی هیچ خیابانێ نییە
شەوێکی بێسەرپەنا،
داڵدە بدا

نەفرین لەو ماسکانەی
ئاگر لە کەپرەکانی گوندێ وەردەدەن
پەنجە و وێوڵەی منداڵێ
لە بیابانا، ژێر لم دەخەن؛
لەوێ ئەوان لە مەرگی ئەنفالکراوانا شایی دەگێڕن
لێرەش ئەمان دەرگەی شار
بەڕووی هانای بەجێماوانا قوفڵدەکەن

ئای لەو خەمە؛
کاتێ گەوران، چیرۆکی دێو و درنج
بۆ مناڵانیان دەگێڕنەوە،

تا خۆیان بێخەم .. بخەون
کاتێ لاوان، خەیاڵیان دەشارنەوە و
لەبەردەم شەرما کرِدەکەون ..
کاتێ پیران، چرپەیان کپدەکەن و
خەمیان بۆ مەرگ، دەکەنە تەون ..
کاتێ منداڵان، نیگایان خواردەکەن و
ڕەدووی داوەڵی خوا دەکەون ..
کاتێ بەشمەیتان، قینیان، بەربەستدەکەن
تا خەیاڵە یاخییەکانیان دەرنەکەون

٢١ی نۆڤەمبەری ١٩٩٩

## Xemêkî qetranî

ay lew Xeme
katê Mndallî çeqawesû
le Hêlane Pasarî,
Girr berdeda û
hîç Lik û Popê nîye
Serxewêkî mandû
bigrête xoy

ay lew Xeme qetranîye
katê Serbazî wllatparêz
Serpenay Cûtyarê
xapûr eka û
Goşey hîç Xyabanê nîye
Şewêkî bêSerpena,
dallde bda

nefrîn lew Maskaney
Agir le Keprekanî Gundê werdeden
Pence û Wêwlley Mndallê
le Byabana, jêr lim dexen;
lewê ewan le Mergî Enfalkrawana şayî degêrrn
lêreş eman dergey Şar
berrûy hanay Becêmawana qufilldeken

ay lew Xeme
katê Gewran, Çîrokî Dêw û Drinc
bo Mnallanyan degêrrnewe,

ta xoyan bêXem .. bxewn

katê Lawan, Xeyallyan deşarnewe û

leberdem Şerma kirrdekewn ..

katê Pîran, Çirpeyan kipdeken û

Xemyan bo Merg, dekene Tewn ..

katê Mindallan, Nîgayan Xwar deken û

redûy Dawellî Xwa dekewn ..

katê Beşmeytan, Qînyan, berbestdeken

ta Xeyalle yaxîyekan dernekewn

21î Novemberî1999

# تارمایی جەنگ

لەوەتەی هەم
هەر لە بەیانی تا ئێوارە
بە نێو پەڕاوی یادەوەریما
دێم و دەچم لەم دیارە
بەهیوای ئێوارە ساتێ
تا بەسەرهاتەکانی ڕۆژگارم
بۆ زەردەی دەمکەل، بگێڕمەوە
بەڵام، پێش خۆرئاوابوون
خێرا شەوەکانم دادێن
پێش قاقای کازیوەش
برسییەتیم کۆڵانە و کۆڵان
لە زبڵدانەکانی نیشتمانا ،
بۆ ژەمێ تێری، لە نان دەگەڕێ
هیوام لەژێر قامچی
هاووڵاتیانا جوانەرگ ..
خۆزگەم لەبۆ پەنایێ
لەو دیو سنوور، وێڵ وێڵ دەگەڕێ

ساڵەهایە .. من
خەونم لەژێر
ناڵی ئەسپەدێزەکەی ئەبا عوبەیدەدا
وردوخاش دەبێ و
بەدەم گەردەلوولی بیابانەوە
ڕوخساری .. وندەبێ
ساڵەهایە .. هەروا
ڕۆژم شەوە و شەو شەوە

دەست لە بینەقاقام دەنێ
هاوسێکەشم؛
لەتەك مێرولان لە خەو ڕادەبێ و
لەتەك ئەوانیش دەنوێ
کەچی هەر کات من
باسی مانگەشەوی بۆ بکەم
ئەو بەدەم باوێشکەوە
قوتووە بیرە قلّپدەکا
شەوانیش بەدەم خەوەوە
وەك ئامێرەکان دەگرمێنێ

ئیدی بڕیارمداوە چیدی نەنوونم
گەر سەراپای تەمەنیش ببێتە شەو
هەر نەنووم و چاوەڕێ بمێنمەوە
ئەم ئێوارە پێش خۆرئاوابوون
پێش ئەوەی سێبەری مەرگ
خۆی لە هەنگاوەکانم بئاڵێنێ
دەڕۆم بۆ کەناری دەریا
تا بەدەم شەپۆلە کۆچەرەکانەوە
نامەکانی تەمەنم، پەیامەکانی دڵم
بۆ کۆچەرەکانی باکوور و باشوور
بۆ لانەوازانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا، بەڕێبکەم

ئەرێ، ئیدی بڕیارمداوە
ئەم شەوی یەڵدایە نەنووم
نەکا شەمشەمەکوێران،
پرچی زێڕینی کازیوە
بقرتێنن

نەکا ڕاوچیان
پێش ڕابوونی باڵداران
لە سنگی چیادا،
تۆڕ بچێنن
نەکا جەنراڵەکان، ئەم شەو
کۆرپەلەکان بۆ بەرەی جەنگ
بڕفێنن

نا، چیدی ئەم شەوی یەڵدایە نانووم
لەتەك ئەستێرەکانا ڕێدەکەم
شوێنپێیەکانی خەم لەسەر ڕومەتی مانگ
بە پێڵووەکان دەسڕمەوە
دەبمە کێشکچی، تا تیشکی خۆر
بەرەبەیان لێرە ..
بێترس لە سەرەتاتکێی هەواڵدزەکان
بێسڵەمینەوە لە فتوای منارەکان
لە ئامێزی میهرەبانی دایەزەمینا
لێوە تەزیوەکانی ژیان ماچباران کا

٠٧ی سێپتەمبەری ٢٠٠٠

* پێشتر بەناوی (بێداری شەوی یەڵدا) بڵاوبووەتەوە

## Tarmayî Ceng

lewetey hem
her le Beyanî ta Êware
be nêw Perrawî Yadewerîma
dêm û deçim lem Dyare
behîwaî êware Satê
ta beserhatekanî Rojgarm
bo Zerdey Demkel, bgêrrmewe
bellam, pêş xorawabûn
xêra Şewekanim dadên
pêş qaqay Kazîweş
birsîyetîm Kollane û Kollan
le Zbilldanekanî Nîştmana ,
bo Jemê têrî, le Nan degerrê
Hîwam lejêr Qamçî
Hawullatyana cwanerg ..
Xozgem lebo Penayê
lew dîw Snûr, wêll wêll degerrê

Sallehaye .. Min
Xewnim lejêr
Nallî Espedêzekey Eba 'Ubeydeda
wirduxaş debê û
bedem Gerdelûlî Byabanewe
Ruxsarî .. windebê
Sallehaye .. Herwa
Rojm, Şewe û Şew, Şewe

Dest le Bîneqaqam denê
Hawsêkeşm;
letek Mêrulan le Xew radebê û
letek ewanîş denwê
keçî her kat min
basî Mangeşewî bo bkem
ew bedem bawêşkewe
Qutuwe Bîre qillpdeka
Şewanîş bedem xewewe
Wek Amêrekan degrimênê

îdî birryarimdawe çîdî nenûnim
ger Serapay Temenîş bibête Şew
her nenûm û çawerrê bmênmewe
em Êware pêş xorawabûn
pêş ewey Sêberî Merg
xoy le Hengawekanim ballênê
derrom bo Kenarî Derya
ta bedem Şepole koçerekanewe
Namekanî Temenim, Peyamekanî Dllim
bo Koçerekanî bakûr û başûr
bo Lanewazanî xorhellat û xorawa, berrêbkem

erê, îdî birryarrimdawe
em Şewî Yelldaye nenûm
neka Şemşemekwêran,
Pirçî zêrrînî Kazîwe
bqirtênin

neka Rawçyan
pêş rabûnî Balldaran
le Singî Çyada,
Torr bçênin
neka Cenrallekan, em Şew
Korpelekan bo berey Ceng
birrfênin

na, çîdî em Şewî Yelldaye nanûm
letek Estêrekana rêdekem
Şwênpêyekanî Xem leser Rumetî Mang
be Pêlluwekan desirrmewe
debme Kêşkçî, ta Tîşkî Xor
Berebeyan lêre ..
bê tris le seretatkêy Hewalldzekan
bê sillemînewe le fitway Mnarekan
le Amêzî mîhrebanî Dayezemîna
Lêwe tezîwekanî Jyan Maçbaran ka

07î sêptemberî 2000

* pêştir benawî (bêdarî Şewî Yellda) bllawbuwetewe

# دیوار

بەڕووما
دیواری دەڕمێ و
لە تەنیشتما
دیوارێ هەڵدەچنرێ
نیو سەدە لەمەوبەر؛
پێیانهەڵچنیم و
لە شەو و ڕۆژێکا
ڕمانیان بەسەرما
نیو سەدە لە بیرما
نەخشەیان کێشا و
لە شەوێکا، خەریکن؛
لە تەپوتۆزی پاشماوەکەی
هەزار و نۆسەد و چل و پێنج،
دیوارێکی نوێ ...
لەسەر پشتم هەڵدەچننەوە

٠٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠

## Dîwar

berrûma
Dîwarê derrmê û
le tenîştma
Dîwarê helldeçnirê
nîw Sede lemewber;
pêyanhellçinîm û
le Şew û Rojêka
rmanyan be Serma
nîw Sede le bîrma
Nexşeyan kêşa û
le Şewêka, xerîkin;
le Teputozî Paşmawekey
hezar û nosed û çil û pênc,
Dîwarêkî nwê ...
leser Piştim helldeçinnewe

03î Oktoberî 2000

## داچڵەکان

هیچ پەشیماننیم و
لە دوای کۆچی تۆ،
هەڵناکێشم ئاخ
نابمە دێوانەی،
ڕوو لە دەشت و شاخ
وامزانی بەرلەوەی
چەکمەی نامرۆییت
کۆرپەی ئەوینم،
بپلیشێنێ
ئەمەکگیری یادگارێ
ویژدانی خەواڵووت،
بەئاگادێنێ

نەمزانی تۆش ..
جوانیت، دەمامك
باوەڕت، دێوجامە و
بەڵێنت، درۆ
وێوڵەی بێگیانی
پاسەوانی زیندانی
کەوڵکراوی،
لە سروشتی مرۆ

هیچ پەشیماننیم و
نابمە ڕەنجەڕۆ ..
دێوانە نابم،
لە پاش کۆچی تۆ
پێمخۆشە بە یەکجاری،

لە منی بێبەخت، دوورکەویتۆ
بینینت بارگرانییە ..
برینم دێنیتەوە سۆ
هێندە بێزاربووم،
لەو ناو و ڕەنگ و بۆ
گۆڕم پێباشترە،
لە ئامێزی تۆ
بێزارتکردم،
لە بوون و ژیانم
هێندە خۆم خواردەوە،
پڕوکام لە داخی تۆ

دە بڕۆ وازبێنە خودای بێباری
مەمتلێمەوە لەنێو ڕەنج و ئازاری
هێندەت زوخاوت، دەرخوارد داوم
نەفرەتم هەیە، لەبۆ خودای دڵداری

ئێستا دەزانم، ئەڤینت درۆیە
بڵێسەی سێکس و ئاڵۆش و سۆیە
ئەوی هۆگر و گیرۆدەی بووبێ
بێشك لە ژیانا، وەك من ڕەنجەڕۆیە
ئەوەی من، لێم گۆڕابوو بە ئەڤین
ئەوەی خۆشباوڕان، بۆی بەختدەبین
کڵپەسەندنی سێکسە لە ساتێکا
گەر هەست لە سۆزی بەرامبەرمان ڕاگرین
گەر دەمامك لە ڕووی ئەڤینی بازاری دادڕین

۰۱ی جێنیوەری ۲۰۰۱

## daçllekan

hîç peşîmannîm û
le dway koçî to,
hellnakêşm Ax
nabme Dêwaney,
rû le Deşt û Şax
wamzanî ber lewey
Çekmey namroyît
Korpey Ewînim,
biplîşênê
emekgîrî Yadgarê
Wîjdanî xewallût,
beagadênê

nemzanî toş ..
Cwanît, Demamk
Bawerrt, Dêwcame û
Bellênt, Dro
Wêwlley bêgyanî
Pasewanî Zîndanî
kewillkrawî,
le Sruştî Mro

hîç peşîmannîm û
nabme rencerro ..
dêwane nabim,
le paş Koçî to

pêmxoşe be yekcarî,
le mnî Bêbext, dûrkewîto
bînînt bargranîye ..
Brînim dênîtewe so
hênde bêzarbûm,
lew Naw û reng û bo
Gorrm pêbaştre,
le Amêzî to
bêzartkirdim,
le Bûn û Jyanim
hênde xom Xwardewe,
prrukam le daxî to

de brro wazbêne Xuday bêbarî
memtilêmewe lenêw Renc û Azarî
hêndet Zuxawt, derixward dawm
nefretim heye, lebo Xuday Dilldarî

êsta dezanim, Evînt droye
Bllêsey Sêkis û Alloş û Soye
ewy hogir û gîrodey bûbê
bêşk le Jyana, wek min rencerroye
ewey min, lêm gorrabû be Evîn
ewey xoşbawrran, boy bextdebîn
killpesendinî Sêkse le Satêka
ger hest le Sozî beramberman ragrîn
ger Demamk lerrûy Evînî bazarî dadrrîn

01î Cênîwerî 2001

# گەردەلوولی سەرمایە

**گەمژە ئەوانە نین، کە هوشیار نین و نازانن؛**
**بەڵکو ئەوانەن، کە دوێنێ شەوەزەنگیان ڕاودەنا**
**و ئەوڕۆکە تف لە چراکان دەکەن !**

ئەو گەردەلولەی
کە ڕۆژگارێ
دەرگەی ڕەشماڵی کۆچەریمانی،
بەڕووی تەرزە و تۆفانا
دەخستە سەرپشت؛
ئەوڕۆ وەرزێڕانی نەزان بەدەمیەوە :
خەرمان شەندەکەن،
لە هەڵپەی هەڵلوشینیا
سوپاس و نزا،
بۆ خوداوەندی ملهوڕی، بەرێدەکەن.

لات سەیر نەبێ  چکۆلەکەم !
نەزمی کۆنە و
مرۆی بە چاو و گوێ زیندە لەچاڵئەکەن،
ئەو گورگە هارەی، کە شەوگارێ
لەسەر پێڵووی چاوی زارۆکان
خەوی ئاسوودەیی ڕاودەنا،
ئەوڕۆکە بالۆرەوێژانی بازار
داوای شوانیی،
ڕانەمەڕی بەر ڕەشماڵانی لێدەکەن؛
لەسەر دڵی خۆزگەکان
لەسەر لەپی گەداکان
پەیکەری نەمری، بۆ سازدەکەن.

لات سەیر نەبێ چکۆلەکەم !
نەزمی کۆنە و
لە سەدەی بیست و یەکا
هەڵای کۆیلەتی مەتایی پێسەردەدەن
نەزمی کۆن گاکۆڵکەی نەزمی نوێیە و
نەزمی نوێش:
پاساوی گیانەڵای نەزمی کۆن
پەرستیارانی گەردەلول و زریان
سوێندی ملکەچی بۆ دەخۆن.

نائومێد مەبە چکۆلەکەم !
ڕۆژگارێ بوو، پێستی ڕەشمان
بۆ ماوتایی پێستی سپی
کرنوشی بۆ یاسا دەبرد،
کەچی ئەورۆ
لەنێو لەپی دەستمانا
نەوەی کۆیلەفرۆشان
ئارەقەی شەرمەزاری دەچۆڕنەوە.

خەم مەخۆ چکۆلەکەم !
ڕۆژێکیش دادێ، کۆترەشینکە
بە هەرای مزگەوتەکان، زارەترەك نەبێ
منارەکان ببنە هێلانەی لەکلەکان.
ڕۆژگارێ دێ
پەتی سێدارە بپسێ و
کەسیش بۆ ژیان، گەدا نەبێ
پیاویش لە ماڵ،

سالار و سەروەر نەبێ
بە فەرمانی خودای دەستکردان،
زارۆك و ژن
نەدرێنە بەر پێلەقان؛
ئەو ڕۆژگارەی، کە سنوورەکانی
ئایین و ڕەگەز
نەتەوە و نیشتمان
ببنە ئەفسانە لە ئاوەزی منالآن
ئەودەم بەهار سەوز دەبێ و
لە دڵمانا بۆ هەمیشە
خەندە، سەما ئەکا بۆ ژیان

## Gerdelûlî Sermaye

**Gemje ewane nîn, ke huşyar nîn û nazanin;**
**bellku ewanen, ke dwênê Şewezengyan rawdena**
**û ewrroke tif le Çrakan deken!**

ew Gerdeluley
ke Rojgarê
Dergey Reşmallî koçerîmanî,
berrûy terze û tofana
dexiste serpişt;
ewrro Werzêrranî nezan bedemyewe :
Xerman şendeken,
le hellpey helluşînya
Supas û Nza,
bo Xudawendî milhurrî, berrêdeken.

lat seyr nebê  çkolekem !
Nezmî kone û
Mroy be Çaw û Gwê zînde leçalleken,
ew Gurge harey, ke Şewgarê
leser Pêllûy Çawî Zarokan
Xewî asûdeyî rawdena,
ewrroke Balorewêjanî Bazar
daway Şwanî,
Ranemerrî ber Reşmallanî lêdeken;
leser Dllî Xozgekan
leser Lepî Gedakan
Peykerî nemrî, bo sazdeken.

lat seyr nebê çkolekem !
Nezmî kone û
le sedey bîst û yeka
Hellay Koyletî hetayî pêserdeden
Nezmî kon gakollikey Nezmî nwêye û
Nezmî nwêş:
pasawî Gyanellay Nezmî kon
Perstyaranî Gerdelul û Ziryan
Swêndî milkeçî bo dexon.

naumêd mebe çkolekem !
Rojgarê bû, Pêstî reşman
bo hawtayî Pêstî spî
kirnuşî bo Yasa debrid,
keçî ewrro
lenêw Lepî Destmana
newey Koylefroşan
Areqey şermezarî deçorrnewe.

Xem mexo çkolekem !
Rojêkîş dadê, Kotreşînke
be Heray Mizgewtekan, zaretrek nebê
Mnarekan bibne Hêlaney Leklekan.
Rojgarê dê
Petî Sêdare bipsê û
Kesîş bo Jyan, Geda nebê
Pyawîş le Mall,

Salar û Serwer nebê
be fermanî Xuday destkirdan,
Zarok û Jin
nedrêne ber Pêleqan;
ew Rojgarey, ke Snûrekanî
Ayîn û Regez
Netewe û Nîştman
bibne Efsane le Awezî Mnallan
ewdem Behar sewiz debê û
le Dillmana bo hemîşe
Xende, Sema eka bo Jyan

## هاوارەکانی ئەنادۆڵ

**لە یادی ئەو ئازیزانەدا، کە جەستەی خۆیان کرد و دەکەنە مۆم بۆ ڕوناکردنەوەی سیاچاڵەکانی خۆرمەڵات و خۆراوای ئەنادۆڵ**

ژیان لە شوێنەواری شەپۆلی ورەتانا
ئاهەنگی بەیان دەگێڕێ
دەی هاوڕێیان، تەوژمێکی تر..
بێ ئاوڕدانەوە،
بێ سازش و بادانەوە
ئێوە سواری کەشتییەکن
کە ئاراستەی دونیایەکی بێدەرگەوانە

بنوارِن هاوڕێیان !
سیمای زەندەقچووی
گەلەگورگی بەر دەرگەی بەیرەم پاشا،
چۆن لە ئاست شکۆی یەکبوونمانا
زەردهەڵگەڕاوە؛
بنوارِنە چاوانی دەرپۆقیوی
گورگە بۆرانی عیمرانییە،
بنوارِن چۆن !
لە بەرامبەر مستی گرمۆڵەمانا،
واقیان وڕماوە.
دوێنێ چەکمەی ڕەقی بەیرەم پاشا
بەسەر سنگی یەکە یەکەمانا
تێدەپەڕی،
گەلەگورگی خۆرئاوای ئەنادۆڵ
توند بەڕوومانا ئەوەڕی،

بنوارن چۆن!
ئەورۆ لە کۆشك و مۆڵگەکانا
ئارامیان لێبڕاوە
دەی هاوڕێیان !
تێنێکیتر، بنوارن چۆن
لە خامۆشی گرمەی کارگەکانا،
بانگەوازی ئازادی زیندانیان
لە پایتەختی وڵاتانا
زەنگی مەرگی گەلەگورگی لێداوە.

دەی هاوڕێیان !
هەنگاوێکی بەگوڕتر..
هێندەی نەماوە، بڕمێ تەختی خواکان
گورگە بۆری سەرمایە دەمێکە،
چنگ و کەڵبەی لە جەستەمانا داڕزاوە.
هەواڵی مەرگی سەرمایە ..
خەون نییە،
پێرێ و دوێنێ و ئەورۆ
لە پای شۆڕشگێڕی ئێمەیە،
ڕەورەوەی مێژوو، مۆری خۆی لێداوە.

٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠

## Hawarekanî Enadoll

**le Yadî ew Azîzaneda, ke Cestey xoyan kird û dekene Mom**
**bo runakirdnewey Syaçallekanî xorhellat û xoraway Enadoll**

Jyan le Şwênewarî Şepolî Wretana
Ahengî Beyan degêrrê
dey Hawrrêyan, Tewjimêkî tir ..
bê awirrdanewe,
bê Sazş û badanewe
êwe swarî Keştîyekin
ke arastey Dunyayekî bêdergewane

binwarrn Hawrrêyan !
Sîmay zendeqçûy
Gelegrgî ber Dergey Beyrem paşa,
çon least şkoy Yekbûnmana
zerdhellgerrawe;
binwarrne Çawanî derpoqîwî
Gurge boranî 'Îmranîye,
binwarrn çon !
le beramber Mistî girmollemana,
Waqyan wirrmawe.
dwênê Çekmey reqî Beyrem paşa
beser Singî yeke yekemana
têdeperrî,
Gele Gurgî xoraway Enadoll
tund berrûmana ewerrî,
binwarrn çon!

ewrro le Koşk û Mollgekana
aramyan lêbrrawe
dey Hawrrêyan !
Tênêkîtir, binwarrn çon
le xamoşî girmey Kargekana,
Bangewazî Azadî Zîndanyan
le Paytextî Wllatana
Zengî Mergî Gelegurgî lêdawe.

dey Hawrrêyan !
Hengawêkî begurrtir ..
hêndey nemawe, birrmê Textî Xwakan
Gurge borî Sermaye demêke,
Çing û Kellbey le Cestemana darrzawe.
Hewallî Mergî Sermaye ..
Xewn nîye,
pêrê û dwênê û ewrro
le pay Şorrşigêrrî êmeye,
Rewrrewey Mêjû, Morî xoy lêdawe.

21î Oktoberî 2000

# کیژانی ئەهریمەن

سەرلەبەیانی زوو ..
بۆ ڕابوونی ڕێسای خەواڵوو،
زاری خوا،
شورەیی لێدەبارێ؛
پشتوێنی ئاسن
وەبیری زیندانەوان
دێنێتەوە

چ ساتە وەختێکی ترسناکە:
کاتێ، قو بانگی دەستبەکاربوون
بەگوێی ئەژدیهادا دەچڕێ
چ شەوگارێکی سەختە ..
کاتێ، شەمشەمەکوێران،
لە ئەشکەوتی هەزار هەزارا
لە بوومولێڵی بەربەیانا،
چاوی کیژۆڵان، هەڵدەکۆڵن
پێش لەدایکبوون؛
نێوی شەرمن
بەرگی جیا
یاسای دڕ
ڕێسای شڕ
بە باڵایان دەبڕن
دەمەو خۆرئاوا،
پاش لەدایکبوون ..
سەرەگوریسی سەردەرگان
نیشانەیە بۆ تۆڵەی خوا و بەڵابوون

لەبری شایی و چڕان
دایکان دەگرن،
کۆڕی دڵدانەوە و گریان ..
بە گوێزانێکی ژەنگن
ناوکیان دەبڕن

پاش دارە دارە و پێگرتن
پێش خۆناسین و هەوەسکردن ..
لە حەرەمسەرای خواکانا
بە شمشێری رِك و کینە
هینیان دەبڕن ..
وەك پاساودان
بۆ سڕکردنی ویژدان
سەروەران، بە پەڕەی قورئان،
دەستی تاوانیان دەسڕن

## Kîjanî Ehrîmen

Serlebeyanî zû ..
bo rabûnî Rêsay xewallû,
Zarî Xwa,
Şureyî lêdebarê;
Piştwêny asn
webîrî Zîndanewan
dênêtewe ..

çi Sate wextêkî trisnake:
katê, Qu Bangî destbekarbûn
begwêy Ejdîhada deçrrê ..
çi Şewgarêkî sexte ..
Katê, Şemşemekwêran,
le Eşkewtî hezar hezara
le bûmûlêllî Berbeyana,
Çawî Kîjollan, helldekolln
Pêş ledaykbûn;
Nêwî şermin
Bergî cya
Yasay dirr
Rêsay şirr
be Ballayan debrrin
demew Xorawa,
paş ledaykbûn ..
Seregurîsî serdergan
Nîşaneye bo tolley Xwa û bellabûn ..

lebrî Şayî û çrran
Daykan degrin,
Korrî dilldanewe û giryan ..
be gwêzanêkî jengin
Nawkyan debrrin ..

paş dare dare û pêgirtin
pêş xonasîn û heweskirdin ..
le Heremseray Xwakana
be Şimşêrî Rik û Kîne
Hînyan debrrin ..
wek pasawdan
bo sirrkirdnî Wîjdan
Serweran, be Perrey Quraan,
Destî Tawanyan desrrin ..

## خەونی ژیانم

که تۆ ئامێزت،
کردە لانك و
لەسەر باسکت،
ڕاتژەنیم
ئارام .. ئارام،
کشامە ژێر
لێفۆکەی منالیم
ئەفسونە خەوێ بوو، دیم و
بووە یاداوەری تەمەنی سێ سالیم
ئێستاش لەو خەونەدا،
کۆترێکی مالیم
ئێستاش پاش سی سال
بەو ئومێدەوە،
هەر ڕۆژ، دەگەڕێمەوە مال
لە بێتۆیدا گلاراومە و
دلم، بیانوو دەگرێ وەك منال
هێشتاکە تەنیام و
هیچ باوەشێ ..
نەبۆتە ئارامگە و سەرپەنام
هەموو ڕۆژێ بە ئومێدی شەو
شەویش، چاوەڕوانی خەو
بەزۆر برژانگەکانم هەلدەپێکم و
بۆ دیدارت لەسەر پشتە،
دەرگەی هیوام
تا جارێتر، سێبەری سۆزتم بەرکەوێ
ئاخر هێشتاکە من،

ساوا سێ ساڵە پەڵپگرەکەم و
جەستەم،
ئامێزی تۆی ئەوێ
گیانی گیانم،
ژینگەی ژیانم
دیداری تۆ حەسرەتێکە و
هەردەم لە خەیاڵمایە
ئەوینی تۆ چراییێکە و
لە سەرەڕێی شەوانی تەنیاییمایە

٠٨ی فێبریوەری ٢٠٠٢

## Xewnî Jyanim

ke to Amêzt,
kirde Lank û
leser Baskit,
ratjenîm
aram .. aram,
kşame jêr
Lêfokey Mnallîm
Efsune Xewê bû, dîm û
buwe Yadawerî Temenî sê Sallîm
êstaş lew Xewneda,
Kotrêkî Mallîm
êstaş paş sî Sall
bew Umêdewe,
her Roj, degerrêmewe Mall
le bêtoyda glarawme û
Dllim, Byanû degrê wek Mnall
hêştake tenyam û
hîç Baweşê ..
nebote Aramge û Serpenam
hemû Rojê be Umêdî Şew
Şewîş .. çawerrwanî Xew
bezor Birjangekanim helldepêkim û
bo Dîdart leser pişte,
Dergey hîwam
ta carêtir, Sêberî Soztim berkewê
axir hêştake min,

Sawa sê Salle pellpigrekem û

Cestem,

    Amêzî toy ewê

Gyanî Gyanim,

Jîngey Jyanim

Dîdarî to hesretêke û

    herdem le Xeyallmaye

Ewînî to Çrayêke û

le Sererrêy Şewanî tenyayîmaye

08î Fêbrîwerî 2002

## نەوت و خوێن

هەناسەبڕکێی من و ترپەی دڵی تۆ
هاودەنگی چرکەی کاتژمێرەکەت
من بەترسەوە، لێرە گوێم
بۆ ناوەختە زەنگێ هەڵخستووە ..
تۆ لە بێگریەیی ساواکەت
ترست لێنیشتووە ؛
بڵێی ئەویش زانیبێتی
کە ئەو شەو تارماییە شومەکان
ئۆپێرای مەرگ دەگێڕن؟
ئەو شەو تەنیانیت و پیرەژنەکەی هاوسێت
لەتەك دەنکە تەزبیحەکەیدا،
دوا ساتەکانی تەمەنی دەژمێرێ ..
دڵم لەلاتە و دەزانم،
چەندە دڵگیری،
لە چەتە دەریاییەکانی کۆلۆمبۆش
لە هاوسێکەی دەستی ڕاستت
کە هەلهەلەیان بۆ دەکا

بەڵام هەر تەنیا تۆ نیت ...
هەزار، سەد هەزار دڵ ئەم شەو
لە بەسرە و کەرکووك
لە هەولێر و نیویۆرك
لە بەرلین و هاڤانا
لە گشت قوژبنێکی جیهانا،
دەنگپێی مەرگ دەژمێرن ..
وا دێن، دزەکانی دەریا

دڕندەکانی جەنگەڵ
جرۆجانەوەرانی تاریکایی مێژوو
وا دێن و بەڕێوەن ...
خانمە گەنمڕەنگەکەم،
خەندەی تۆ هەڕاجکەن
بە چنگی خوێناوی سەدام
ڕووی زەردی خۆیان میکیاجکەن
دڵگیر نەبی، بە زمانی من
دەستەبراکانی سەدام،
دەلالانی خوێن، پێشوازی مەرگ دەکەن

دڵگیر نەبی!
هەر چۆن من لە تۆ
دڵگیر نەبووم و دەمزانی
تۆ دڵداری ئەو فرۆکەوانە نیت،
کە بەسەر شارەکەمدا ڕشایەوە
تۆ هەلهەلەت بۆ لەشکری ئەنفال نەکرد و
لەتەك منالانی هەڵەبجە،
لە خەما سەرتنایەوە ..
خانمەکەم دەستت بێنە و
هەنگاو هەڵگرە
ئەم شەوەزەنگە درێژە و
تەنیایی سەرابی بیابانێکی قاقڕە
ئاگات لە ساواکەت بێ،
هەر ڕۆژ وەبیری بێنەرەوە
چەتەکانی دەریا هاتوون،
ئێسکی وشك و ڕوتاوەمان
جارێکی دی ڕووتکەنەوە

هاتوون، به بۆمبی ژیر
تۆڵەی گاورباخی ..
وانەکانی (ئازار)مان لەبیربەرنەوە
هاتوون لە بازار ئازادا :
دیموکراسی بە نان
بۆمبی ژیر بە ژیان
دۆلار بە ئازادی
سەدام بە چەلەبی
نەوت بە خوێن
بگۆڕنەوە ..

## Newt û Xwên

Henasebrrikêy min û tirpey Dllî to
Hawdengî Çirkey Katjimêreket
min be tirsewe lêre Gwêm
bo nawexte Zengê hellxistuwe ...
to le bêgiryeyî Sawaket
Trist lênîştuwe ;
bllêy ewîş zanîbêtî
ke ew Şew Tarmayye Şumekan
Opêray Merg degêrrn?
ew Şew tenyanît û Pîrejnekey Hawsêt
letek Denke Tezbîhekeyda,
dwa Satekanî Temenî dejmêrê ..
Dllim lelate û dezanim,
çende dillgîrî,
le Çete deryayyekanî Kolomboş
le Hawsêkey destî rastit
ke helheleyan bo deka ..

bellam her tenya to nît,
hezar, sed hezar Dill em Şew
le Besre û Kerkûk
le Hewlêr û Nîwêork
le Berlîn û Havana
le gişt Qujbinêkî Cîhana,
Dengipêy Merg dejmêrn ..
wa dên, Dzekanî derya

Drrindekanî Cengell
Crrucaneweranî tarîkayî Mêjû
wa dên û berrêwen ..
Xanme genimrengekem,
Xendey to herracken
be Çingî xwênawî Sedam
Rûy zerdî xoyan Mîkyacken
dillgîr nebî, be Zmanî min
Destebrakanî Sedam,
Dellallanî Xwên, pêşwazî Merg eken

dillgîr nebî !
her çon min le to
dillgîr nebûm û demzanî
to dilldarî ew Frokewane nît,
ke beser Şarekemda rşayewe
to helhelet bo Leşkirî Enfal nekrid û
letek Mnallanî Hellebce,
le Xema sertnayewe..
Xanmekem destit bêne û
Hengaw hellgre
em Şewezenge drêje û
tenyayî Serabî Byabanêkî qaqrre
agat le Sawaket bê,
her Roj webîrî bênerewe
Çetekanî Derya hatûn,
Êskî wişk û rutaweman
carêkî dî rûtkenewe

hatûn, be Bombî jîr

Tolley Gawirbaxî ..

Wanekanî (Azar)man lebîrbernewe

hatûn le Bazar azada :

Dêmukrasî be Nan

Bombî jîr be Jyan

Dolar be Azadî

Sedam be Çelebî

Newt be Xwên

bgorrnewe ..

## ڕەوی یاداوەری و سنوورەکانی نیشتمان

دەزانی چی،
وا من و تۆی پێکەوە گرێداوە؟
یاداوەری ڕۆژانێ،
کە قەد لەبیرناچنەوە ..
ڕۆژانی دارە دارە و
ڕۆژانی دڵداری بە دزی خواوە ..
ڕۆژانێ، کە بۆمبارانەکان،
ناچاریانکردم؛
بتگرمە کۆڵ و
بەدزی یاساوڵەکانەوە ..
گوند بە گوند و شارە بە شار
لەتەك کۆچی قەرەچێتیما بتگێڕم،
لەنێو دڵما بتشارمەوە.

ئەو ڕۆژانەی، کە فەرماندەکان هاتن و
پێیانوتین " ئێوە قەرەچن و
نیشتمانتان نییە"،
پێش ئەوەی ئەوان بێن،
من لە ئامێزی تۆدا
دارە دارەمدەکرد ..
هاتن .. چاوی من و
درەختەکانی سەری تۆ هەڵکەنن.
لەو ساوە خوێنی من،
لا ڕوومەتەکانی تۆ سوراو دەکا
خەمی تۆش، دڵی من لێواو لێو ..
لەو ساوە مەرگیان لە ناخما داکوتاوە،

تۆیان برد و
منیش بێگیان کەوتم،
کەسیش نەبوو دەرگەی ئەوان
بەردباران کا.

گوێم لێبوو وتت " فریامکەوە،
سنگمیان کردۆتە تەپڵ و
لەسەر ناوکم بە ئەسپە دێزەکانیانەوە
خەریکی سەما و سمکۆڵن "
بەرەبەیانێکی زوو بوو،
بواریاننەدام لە خەو ڕابم
بە دوای ئەسپەکانیانەوە،
بەرەو بیابان ڕاکێشیانکردم ..
بینەرانی قەراخ ڕێگاکە، هەلهەلەیان لێدەدا
کەس ئاگای لە هاوارەکانی من نەبوو
نا .. ڕاسترە بڵێم
کەس نەبوو، بڵێ بۆچ وایانلێکردووم
لەو ڕۆژەوە من بێوچان هەڵدێم و
لاقەکانم ڕاومدەنێن ..
ترس بەرەوپێش پاڵمپێوەدەنێ و
یاداوەرییەکانم بەرەو دوا،
پەلکێشم دەکەن ..
لە هەر گوند و شارێ، خۆزگەیێ
لەهەر وڵات و کیشوەرێ، نیشتمانێك و
یاداوەرییەکم لێ بەجێماوە..

ڕۆژەکانی تەمەنم،
گەردەخۆڵی پرش و بڵاون
لە پارچەکانی تۆ دەچن ..
لە پارچەی نامەی دڕاوی
دڵدارێکی دڵشکاو دەچن ..
کەلێنی لێکترازانیان پڕنابێتەوە.
هەرچەند دەکەم،
لایە لایەی دایکم و
شەرمنە نیگای کچە هاوسێکەمان ..
قاقای پێکەنینی هاوپۆلەکانم ..
ئاراستەی کۆچی باڵندە بێنیشتمانەکان ..
وەك سەرەداوی یاداوەرییە ونبووەکانم
لەم بیابانە بێشەقامەدا،
بۆ نادۆزرێنەوە
ئەوسا من تەمەنم
هێندەی تەمەنی،
کێلە بێناونیشانەکانی هەڵەبجە بوو.
ئەو کات دڵی شکاوی منیش
چاوەڕێی دەستێکی ناسك بوو،
برینەکانی سارێژکاتەوە.
ئەو کات ڕوخساری هەڵبرسکاوم
چاوەڕێی کیژۆڵەیەکی یاخیبوو،
بە ماچێ،
خەمی دابڕانی لەسەر بشواتەوە

بەڵام هەی هوو
چاوەڕوانیمان بێسوود بوو ..
نە کیژی خەونەکانی من،

له ئێوارەوەختێکا هات
نە خەونی مرۆڤەکانی جەنگەڵێش،
بوو بە سەرهات ..
نەکەس دەزانێ،
خێزانە پەرەوازەکانی گەرمیان
چییان بەسەر هات ..
خۆ دەبینی منیش؛
خەمی تۆم لێنیشتووە
خەمی ئازیزانێ،
کە لە ئامێزی تۆدا خەویان لێکەوت ..
خەمی ئازیزانێ،
کە لە کۆڵانە برسییەکانی تۆدا
بێجگە لە جەنگ، هیچیان بەرنەکەوت.

کوان ئەوانەی بڕیار بوو:
چاوەڕوانی تۆ و
کاروانی گەڕانەوەی من، گرێدەن؟
کوان ئەوانەی بڕیار بوو:
لە یادی کۆستی تۆدا،
بلوێری شوانە گومناوەکان لێدەن؟
کوان ئەوانەی،
سوێندیان بە چاوەکانی تۆ
بە پرچەکانی تۆ
بە مەمکەکانی تۆ، دەخوارد ؟
کوان لە کوێن ؟
لە ئەشکەوتا یا لە پارلەمان
لە مەیخانەن یا لە لەشفرۆشگەکان؟

مەگەر بڕیار نەبوو
فەرشێکی سوور ..
لە ئاسمانەوە تا بەر ماڵی تۆ ڕاخەن ؟
مەگەر بڕیار نەبوو
پاسپۆرتێك بە وێنەی تۆوە،
بۆ ئێمەی لانەواز بەڕێکەن ؟
کوان، لە کوێن ؟
خەریکی چین ؟
لە کام کۆڕدان ؛
کۆڕی گیانبەختکردووانی تۆ،
یا کۆڕی دڵدانەوەی ئەتککەرانی تۆ ؟

١٦ی ئازاری ٢٠٠٧

## Rewî Yadawerî û Snûrekanî Nîştman

dezanî çî,
wa min û toy pêkewe grêdawe?
Yadawerî Rojanê,
Ke qed lebîrnaçnewe ..
Rojanî Dare Dare û
Rojanî Dilldarî be dzî Xwawe ..
Rojanê ke Bombaranekan,
naçaryan kirdim;
bitgirme Koll û
bedzî Yasawllekanewe ..
Gund be Gund û Şare be Şar
letek Koçî qereçêtîma bitgêrrm
lenêw Dillma bitşarmewe.

ew Rojaney, ke Fermandekan hatin û
pêyanutîn " êwe Qereçin û
Nîştmantan nîye",
pêş ewey ewan bên,
min le Amêzî toda
Dare Darem dekrid ..
hatin .. Çawî min û
Drextekanî Serî to hellkenin.
lew sawe Xwênî min,
Larûmetekanî to Suraw deka
Xemî toş, Dllî min lêwaw lêw ..
lew sawe Mergyan le Naxma dakutawe,

toyan bird û
mnîş bêgyan kewtim,
Kesîş nebû Dergey ewan
berdbaran ka.

Gwêm lêbû witt " firyam kewe,
Singimyan kirdote Tepill û
leser Nawkim be Espe dêzekanyanewe
xerîkî Sema û Simkolln "
Berebeyanêkî zû bû,
bwaryannedam le Xew rabim
be dway Espekanyanewe,
berew Byaban rakêşyan kirdim ..
Bîneranî Qerax Rêgake, Helheleyan lêdeda
Kes agay le Hawarekanî min nebû
na .. rastre bllêm
Kes nebû, bllê boç wayanlêkridûm
lew Rojewe min bêwçan helldêm û
Laqekanim rawimdenên..
Tris berewpêş pallmipêwedenê û
Yadawerîyekanim berew dwa,
pelkêşm deken ..
le her Gund û Şarê, Xozgeyê
le her Wllat û Kîşwerê, Nîştmanêk û
Yadawerîyekim lê becêmawe..

Rojekanî Temenim,
Gerdexollî priş û bllawn
le parçekanî to deçin ..
le Parçey Namey drrawî
Dilldarêkî dllişkaw deçin ..
Kelênî lêktrazanyan pirrnabêtewe.
herçend dekem,
laye layey Daykim û
şerimne Nîgay Kçe Hawsêkeman ..
Qaqay pêkenînî Hawpolekanim ..
Arastey Koçî Ballinde bênîştmanekan ..
wek Seredawî Yadawerîye winbuwekanim
lem Byabane bêşeqameda,
bo nadozrêtewe
ewsa Temenim
hêndey Temenî,
Kêle bênawnîşanekanî Hellebce bû.
ew Kat Dllî şkawî mnîş
çawerrêy Destêkî nask bû,
Brînekanî sarrêjkatewe.
ew Kat Ruxsarî hellbriskawm
çawerrêy Kîjolleyekî yaxîbû,
be Maçê,
Xemî dabrranî leser bişwatewe

bellam hey hû
çawerrwanîman bêsûd bû ..
ne Kîjî Xewnekanî min,

le êwarewextêka hat
ne Xewnî Mrovekanî Cengellêş,
bû be Serhat ..
ne Kes dezanê,
Xêzane perewazekanî Germyan
çîyan beser hat ..
xo debînî mnîş;
Xemî tom lênîştuwe
Xemî Azîzanê,
ke le Amêzî toda Xewyan lêkewt ..
Xemî Azîzanê,
ke le Kollane Birsîyekanî toda
bêcge le Ceng, hîçyan bernekewt.

kwan ewaney birryar bû:
çawerrwanî to û
Karwanî gerranewey min, grêden?
kwan ewaney birryar bû:
le Yadî Kostî toda,
Bilwêrî Şwane gumnawekan lêden?
kwan ewaney,
Swêndyan be çawekanî to
be Pirrçekanî to
be Memkekanî to, dexward ?
kwan le kwên ?

le Eşkewta ya le Parleman
le Meyxanen ya le Leşifroşgekan?

meger birryar nebû

Ferşêkî sûr ..

le Asmanewe ta ber Mallî to raxen ?

meger birryar nebû

Pasportêk be Wêney towe,

bo êmey Lanewaz berrêken ?

kwan, le kwên ?

xerîkî çîn ?

le kam Korrdan ;

Korrî Gyanbextkirduwanî to,

Ya Korrî dilldanewey Etkkeranî to ?

16î Azarî 2007

## چاوەڕێم بە، دێمەوەلات

ئاخ .. بمبوورە ..
ئەم ساڵیش نەمتوانی،
ڕازەکانی وەلی دیوانە
بۆ کچە جافێ بخوێنمەوە.
گیانە چاوەڕێم بە ..
لەبیرمنەکردووی،
نامەیەکم بە با سپاردووە ..
لەبیرم نەکردووی، گیانە
لە گیرفانەکانی ئاوارەییمدا
لەتە ئاوێنەی نۆزدە بەهار لەوەوبەرم هەڵگرتووە
ئەو ئاوێنەی،
خەونەکانی تۆم تێدا دەخوێندەوە
ئەو ئاوێنەی،
فاڵی بەختەوەریمانم تێدا دەگرتەوە.

شەوان پێش دەستەملانی برژانگەکانم
ئەشکەکانی هەرزەکاریم،
لە لەپی یادەکانتا دەخۆمەوە
نائومێد نەبی لە دواکەوتنم ..
هێشتا بە هیوای ئەو خەونە،
سەرم کاس و دڵم پڕ خەم
بەرەو هەواری دێوانە و شەم
بنارە و بنار،
شاخ و دۆڵ و دەشت و چەم
ملی ڕێگا دەگرمەوە ..

لەم بیابانە بەرینەدا
لەم ژیانە ڕوخسار ناشیرینەدا

بۆ کۆکردنەوەی یادەوەرییەکانم
بستێ نیشتمانی سەوزەڵان ،
لانزارێك نییە،
دەواری کۆچەریی تێدا هەڵدەم
چاوەڕێم بە، دێمەوە لات
چرام بۆ هەڵکە،
هیوابڕاو نەبی ..
هەر کە شەو داهات،
بۆت دەگێڕمەوە؛
شەوانی تاراوگە، چۆن لە خەیاڵما
دەبوومە ئاوێزانی بەژن و باڵات

٢١ی ئازاری ٢٠٠٧

## çawerrêm be, dêmewe lat

ax .. bimbûre ..
 em Sallîş nemtwanî,
Razekanî Welî dîwane
bo Kçe Cafê bixwênmewe.
Gyane çawerrêm be ..
lebîrimnekridûy,
Nameyekim be Ba sparduwe ..
lebîrm nekridûy, Gyane
le Gîrfanekanî awareyîmda
lete Awêney nozde Behar lewewberm hellgirtuwe
ew Awêney,
Xewnekanî tom têda dexwêndewe
ew Awêney,
Fallî bextewerîmanim têda degirtewe.

Şewan pêş destemlanî Birjangekanim
Eşkekanî Herzekarîm,
le Lepî Yadekanta dexomewe
naumêd nebî le dwakewtnim ..
hêşta be Hîway ew Xewne,
Serm kas û Dllim pirr Xem
berew Hewarî Dêwane û Şem
Bnare û Bnar,
Şax û Doll û Deşt û Çem
mlî Rêga degirmewe ..

lem Byabane berîneda
lem Jyane Ruxsar naşîrîneda
bo kokirdnewey Yadawerîyekanim
Bistê Nîştmanî sewzellan ,
Lanzarêk nîye,
Dewarî koçerîmî têda helldem
çawerrêm be, dêmewe lat
Çram bo hellke,
hîwabrraw nebî ..
her ke Şew dahat,
bot degêrrmewe;
Şewanî Tarawge, çon le Xeyallma
debûme awêzanî Bejn û Ballat

21î Azarî 2007

# سەرابی نیشتمان

لێم مەپرسە
بۆچی وا وەرسم؛
لە ژیان
لە واژۆکردن ١
لە دەرهێنانی پارە لە کون ٢
لە خواردنەوەی بیرە و
لە شایی و سەمای دیسکۆکان

لێرە هاوکارەکەت، هاوسێکەت
هاوپۆل و هاوگەشتەکانت
جەستەیەکن، بێزمان
لەبیربراون ..
سپێدەباشی بەیانیان
لێرەش مرۆڤ؛
ناو و کۆدێکە بۆ کارتی دەنگدان
لێرەش کار و بەرهەم،
نامۆن بە بکەرەکان
لێرە گوڵ تەنیا ڕوخسارە،
وەك ئازادییەکەی کوردستان
لێرەش بەخت دیاریدەکا،
چارەنووسی مرۆڤەکان
لێرەش وەك لەوێ،
ژیان هەرزانترە لە نان ٣

لێم مەپرسە
بۆچی ناگەڕێمەوە ئامێزی نیشتمان
بۆچی بەبادەدەم
ساتەکانی تەمەنم،
لە هەندەران
بۆچی خۆزگەکانم، دەکەمە کۆلارە و
هەڵیاندەدەم بۆ ئاسمان ..
بۆچی بوومەتە مامەخەمە و
ڕیش و سمێڵم قانگداوە،
وەك گاڵکێشان
دەزانی بۆ؛
ئەی هاوسێ دڵدزەکەم
ئەی هاوپۆلەکەی جاران
ئەی گوڵەبەرۆژەفرۆشەکەی بەردەم فێرگە
ئەی جەلادەکەی ئاسایشی گشتی
ئەی هاوڕێکەی یەکێتی بێکاران
ئەی چایچییەکەی گازینۆ بەهار
ئەی ڕۆژنامەفرۆشەکەی کن قەلا
ئەی بارهەڵگەرەکەی ئاکرێ
ئەی قاچاخچییەکەی، ڕێی شەمزینان
ئەی گیانی تەرەبووی،
خنکاوانی ڕێی ئیتالیا و یۆنان

ئەگەر نیشتمان
بوو بە مانگایەکی زەرد و
هەموو ڕۆژێ بوتڵێ شیری
بەخشییە منالانی هەتیو و برسی
منیش پێڵوەکانم دەکەمە شوورەی ..
سەرم دەکەمە سەنگەری کۆڵنەدان

ئەگەر نیشتمان
بوو بە کێڵگەکانی کەتالان ٤ و
کانییەکانی بوونە،
باڵانوێنی ئەویندااران ..
منیش چەك دەکەمە شان و
بەگیان دەیپارێزم،
لە هێرشی فرانکۆکان ٥

ئەگەر نیشتمان
بوو بە شەقامی ئەوین،
بۆ پیاسەی ئێواران ..
منیش گسکێك بە دەستەوە دەگرم و
خاوێنی دەکەمەوە،
لە زبڵی خواپێداوان

ئەگەر نیشتمان
بوو بە سەرپەنای لانەوازان
منیش دڵم دەکەمە پاتیتەختی ..
دەست و لاق و سەرم،
دەکەمە شارێ، هێڵی شەمەندەفەر، کۆڵان و مەیدان

ئەگەر نیشتمان
بوو بە کارگە؛
بۆ هاوەڵ و هاوپۆل و بێکاران
منیش دەبمە ئامێری کار و
بۆ مناڵان چێدەکەم،
چوکلێت و جلکی جوان

ئەگەر نیشتمان
بوو بە شیرخۆرگە و باخچە
بوو بە فێرگەی دابڕاو لە ئاسمان
بوو بە مۆزەخانە بۆ
پەیکەری شێخ و بەگ و ڕامیارکاران
منیش بۆی دەبمە چاودێری ڕێگە و بان ٦

ئەگەر نیشتمان
بوو بە چێشتگەی گشتی،
جلشۆرگە و کابان ..
منیش بۆ ژنانی لە ئەوین تینوو،
دەبمە جێژوان ..
دەبمە هاوسەری چاوەڕوانکراو
دەگەڕێمەوە لە نوگرەسەلمان

ئەگەر نیشتمان
بوو بە پاروەنانی گەرم،
بە نوێنێکی خاوێن و جوان
منیش بۆ بە ساڵاچووان،
دەستم دەکەمە گۆچان

ئەگەر نیشتمان
وەك زانۆن ٧ بوو بە هی هەمووان
منیش بۆ پاراستنی،
لە هێرشی چەتەکانی دەریا و
ژاوە ژاوی میدیاکان
جەستەم دەکەمە داوەڵ و
برژانگەکانم دەکەمە پاسەوان ..
وەك خانییسا ٨

چاوەکانم دەکەمە گڵۆپ و
ڕۆشن دەکەم،
شەقام و کۆڵانی تاریکستان

١. لە هەندێ وڵاتی ئەوروپی، بێکاران دوو هەفتە جارێك، دەبێت، بچنە ئیمزاکردن، بۆ سەلماندنی ئەوەی کە بە دوای کاردا دەگەڕێن و بۆ وەرگرتنی بڕە پارەیەك، کە بەشی ژەمێ خواردن لە چێشخانەییەکی پێنج ئەستێرەدا، ناکات.

٢. مەبەست لە پارەدەرکێشانە لە بانکدا، کاتێك کە کاری فەرمی بکەی یا بیمەی کۆمەڵایەتی و بێکاری وەربگری، ناچاردەبێت کارتی بانکێکت هەبێ، بۆ ئەوەی چاودێری بژێوت بکەن و بانکەکانیش سوود لە پارەکەی تۆ بەبێ بەرامبەر،وەربگرن.

٣. ئەم دەستەواژەوە هۆنەر 'شێرکۆ بێکەس' لە هۆنراوەیەکیدا بەکاربردووە و گۆرانیبێژان نەجمەدینی غوڵامی و بەکری لەکزی کردوویانە بە سروود.

٤. لە ئیسپانیای ١٩٣٦- ١٩٣٩ لە ناوچەی 'کەتالۆنیا ' بە دەستپێشخەری سەندیکای کارگەران و هەڵسوڕاوە ئەنارکیستەکان، کارگە و کێڵگەکان کرانە موڵکی گشتی و کاری هەرەوەزیيان تێدا ڕێکدەخرا.

٥. جەنەراڵ فرانکۆ، ئەو فاشیستە بوو، کە ئەسپانیای ئازادی، کرد بە دۆزەخ بۆ کارگەران و زەحمەتکێشان؛ بەهەشت بۆ پاشا و سەرمایەدارە مشەخۆرەکان.

٦. مەبەست لە پۆلیسی ڕێگاوبانە.

٧. کارخانەیەکە لە ئەرژەنتین، کە لەلایەن کارگەرانەوە بەشێوازی هەرەوەزییانە بەڕێوەدەبرێت و بەرهەمەکەشی بەپێی خواستی کارگەرەکان و پێداویستییەکانی کۆمیونیتییەکەی دەروبەری دابەشدەکرێت.

٨. Khanyisa وشەیەکی (زولو)ییە و بەواتای ڕوناکردنەوە دێت، زۆر ناوەندی خێرخوازی هەن. هەروەها لە باشوری ئەفریکا وەك هەوڵێك بۆ بەرگرتن بە دەوڵەت و بەشدارینەکردن لە دەنگدانە پارلەمانییەکاندا، خۆبەڕێوەبەری شارەوانییەکان لەژێر ئەو ناوەدا سەریانهەڵداوە.

## Serabî Nîştman

lêm mepirse
boçî wa wersim;
le Jyan
le wajokirdin 1
le derhênanî Pare le Kun 2
le Xwardnewey Bîre û
le Şayî û Semay Dîskokan

lêre Hawkareket, Hawsêket
Hawpol û Hawgeştekant
Cesteyekin, Bêzman
lebîrbrawn ..
Spêdebaşî Beyanyan
lêreş Mrov;
Naw û Kodêke bo kartî Dengdan
lêreş Kar û Berhem,
namon be Bkerekan
lêre Gull tenya Ruxsare,
wek Azadîyekey Kurdistan
lêreş bext dyarîdeka,
Çarenûsî Mrovekan
lêreş wek lewê,
"Jyan herzantre le Nan" 3

lêm mepirse
boçî nagerrêmewe Amêzî Nîştman

boçî bebadedem
Satekanî Temenim,
le Henderan
boçî Xozgekanim, dekeme Kolare û
hellyandedem bo Asman ..
boçî bûmete Mamexeme û
Rîş û Smêllm qangdawe,
wek Gallkêşan

dezanî bo;
ey Hawsê dilldzekem
ey Hawpolekey caran
ey Gulleberojefroşekey berdem Fêrge
ey Celadekey Asayşî giştî
ey Hawrrêkey Yekêtî Bêkaran
ey Çayçîyekey Gazîno Behar
ey Rojnamefroşekey kin Qela
ey Barhellgerekey Akrê
ey Qaçaxçîyekey, Rêy Şemzînan
ey Gyanî terebûy,
Xinkawanî Rêy Îtalya û Yonan

eger Nîştman
bû be Mangayekî zerd û
hemû Rojê butllê şîrî
bexşîye Mnallanî hetîw û birsî
mnîş Pêllwekanim dekeme Şûrey ..
Serm dekeme Sengerî kollnedan

eger Nîştman
bû be Kêllgekanî Ketalan **4** û
Kanîyekanî bûne,
Balanwênî Ewîndaran..
mnîş Çek dekeme Şan û
be Gyan deyparêzm,
le Hêrşî Frankokan **5**

eger Nîştman
bû be Şeqamî Ewîn,
bo Pyasey Êwaran..
mnîş Giskêk be Destewe degrim û
xawênî dekemewe,
le Ziblllî Xwapêdawan

eger Nîştman
bû be Serpenay Lanewazan
mnîş Dllim dekeme Patîtextî ..
Dest û Laq û Serm,
dekeme Şarrê, hêllî Şemendefer, Kollan û Meydan

eger Nîştman
bû be Karge;
bo Hawell û Hawpol û Bêkaran
mnêş debme Amêrî Kar û
bo Mnallan çêdekem,
Çuklêt û Cilkî cwan

eger Nîştman
bû be Şîrxorge û Baxçe
bû be Fêrgey dabrraw le Asman
bû be Mozexane bo
Peykerî Şêx û Beg û Ramyarkaran
mnîş boy debme Çawdêrî Rêge û Ban [6]

eger Nîştman
bû be Çêştgey giştî,
Cilşorge û Kaban ..
Mnîş bo Jnanî le Ewîn tînû,
debme Cêjwan ..
debme Hawserî Çawerrwankraw
degerrêmewe le Nugreselman

eger Nîştman
bû be Parwenanî germ,
be Nwênêkî xawên û cwan
mnîş bo be Sallaçuwan,
Destim dekeme Goçan

eger Nîştman
wek Zanon [7] bû be hî hemuwan
mnîş bo Parastinî,
le Hêrşî Çetekanî Derya û
Jawe Jawî Mîdyakan
Cestem dekeme Dawell û
Birjangekanim dekeme Pasewan ..
wek Xanîysa [8]

Çawekanim dekeme Gllop û

roşndekem,

Şeqam û Kollanî Tarîkistan

1. Le hendê Wllatî Ewrupî, Bêkaran dû Hefte carêk, debêt, biçne îmzakirdin, bo selmandinî ewey ke be dway Karda degerrên û bo wergirtnî brre pareyek, ke beşî jemê Xwardin le çêşxaneyyekî pênc estêreda, nakat.

2. Mebest le parederkêşane le 'Bank'da, katêk ke karî fermî bkey ya bîmey Komellayetî û bêkarî werbigrî, naçardebêt kartî Bankêkt hebê, bo ewey çawdêrî bjêwt bken û Bankekanîş sûd le parekey to bebê beramber,werbigrin.

3. Em destewajewe Honer ' Şêrko bêkes' le Honraweyekîda bekarî birduwe û goranîbêjan Necmedînî xullamî û Bekrî lekzî kirdûyane be srûd.

4. Le Espanyay 1936 - 1939 le herêmî Ketalonya be destipêşxerî Sendîkay Kargeran û hellsurrawe Enarkîstekan, karge û Kêllgekan krane mullkî giştî û karî herewezîyan têda rêkdexra.

5. Cenerall Franko, ew faşêste bû, ke Espanyay Azadî, kird be Dozex bo kargeran û Zehmetkêşan ; Beheşt bo Paşa û Sermayedare Mşexorekan.

6. Mebest le Polîsî Rêgawbane.

7. Karxaneyeke le Erjentîn, ke lelayen Kargeranewe beşêwazî herewezîyane berrêwedebrêt û berhemekeşî bepêy Xwastî kargeekan û pêdawîstîyekanî Komîwnîtîyekey deruberî dabeşdekrêt.

8. Khanyisa wşeyekî (Zulu)îye û be watay runakirdnewe dêt, zor nawendî xêriXwazî hen. Herweha le başurî Efrîka wek hewllêk bo bergirtin be Dewllet û beşdarînekirdin le dengdane parlemanîyekanda, xoberrêweberî Şarewanîyekan lejêr ew naweda seryanhelldawe.

# هاتنەدی پاییزە خەونێ

خێرهاتی بانچاو
قەدری دڵ و
قەدری گیانم،
ئەی کیژۆڵەی گوندی ..
ئاسکۆڵە بزێوی یاداوەرییەکانم،
ئەو کات؛
مەمکۆڵەکانی تۆ
تازە بە ترپەی دڵە ئەوینگرتووەکەت،
هەڵتۆقیبوون ..
منیش بۆ دڵداری، مناڵ و
بۆ پارتیزانی هەرزەکاربووم

کەچی ئەوڕۆ ؛
کیژۆڵەکەی تۆ،
لەنێو بۆرەقە و سەرپۆشدا ..
پیرەژنێکی حەفتاساڵەیە
منیش بۆ دڵداری، پیر و
بۆ خەبات، ئەنارکییەکی هەرزەکارم.
گشت ئەمانە، ڕێکەوت نین،
هەرچەند زۆر جار ؛
ڕێکەوت منی کردۆتە ئەکتەری،
نێو فیلمە هیندییەکان ..

بمبورە،
گەر بڵێم بەڕادەیەك لەبیرمکردبووی ..
بیست و سێ ساڵ تەمەنێکە و

کیمیابارانیش قەدەری نەگەڕانەوە و
ئاوارەییش،
زۆر دیمەنی تێدا کردە خەزان.
بیست و سێ ساڵ ناوبەناو،
کراسێکی سەوزی والا ..
وێنای تۆی دەهێنایەوە سەر شانۆی یاداوەریم ؛
وەك کارمامزێ،
لەنێو شەخەڵی ڕووداوەکاندا،
سەرەتاتکێت لەتەك دەکردم.

بەڵام هەرگیز وەك سەردەمی منالّیی،
بە خەیاڵ نەدەفڕیم ..
نەمدەتوانی پاش بیست و سێ ساڵ
دیدارت، وێنابکەم.
من بگەڕێمەوە کوردستان و
تۆش بێیت بۆ بەخێرهاتنەوەم ..
تۆ کیژۆڵەکەت لە باوەشتدا و
منیش کوڕەکەم لە هەندەران،
دڵتەنگ بێ بە سەردانەوەم.
هەردووکمان لە خەونێکدا ؛
بەدەم خەم و شەرمەوە،
یاداوەری بیست و سێ ساڵ لەووبەر ..
بۆ یەکتر بگێڕینەوە.

تۆ پێتوابوو ماندووم و خەومدێ ..
منیش، چاوم بڕوای نەدەکرد،
یاداوەرییەکی بیست و سێ ساڵ لەووبەر ..
لەتەکم بکەوێتە گفتوگۆ.
ئەمە بۆ من خەون بوو و ڕوودانی،

تەنیا دەمتوانی لە فیلمە هیندییەکاندا وێنابکەم.
ماندوونەبووم و خەومنەدەهات،
نا؛
ئەوەی تۆ بەرامبەری دانیشتبووی ..
جەستەیەکی داهزراو بوو و
گیانی شەکەتی،
یاداوەریی گەشتێکی بیست و سێ ساڵە ..
ئەوەی بۆم چێنەدەبوو،
بەراوردی وێنە و وێنای
کیژۆڵەیەکی سروشتی گوندیی و
ژنێکی بورقەپۆشی شاریی بوو.

ئاسمان و ڕێسمانە،
نێوان خەون و خۆزگە
خەیاڵ و کەتوار
بۆرەقە و کراسی واڵا
ژنکردن و ئەویندارى،
ئەمانەم پێکەوە بۆ کۆناکرێنەوە ..
ناچارم هانا بەرمەوە بەر فیلمەکەی سەنگام.
هەرچەند ئەوینی من و تۆ،
لە چەند نیگانامە، تەمەنی تێنەپەڕی ..
بەڵام لە شایی ئەوینداریما،
لە شانی سەرچۆپییەوە هەڵدەپەڕی.
نازانم تۆ چەندە منت لەبیرمابوو؟
بەڵام کە هاتی،
دیتم حەسرەتێك لە هەنگاوەکانت ئاڵابوو ..
هێشتا نیگای هەرزەکارانەی بیست و سێ ساڵ لەوەبەر،
سروشتی سروشتە گوندییەکەی لەدەستنەدابوو.

ساتێك وڕوكاسبوون ..
بڕوانەكەردنیی ئەم خەونە،
لەبەرامبەر یەكدا بێدەنگ داینایین ..
ویستم بڵێم، لێومان هاوسات كەوتە بزوان.
وتت خۆزگە بەوسا ..
بەو ڕۆژانەی دوور لە ئێستا ..
بێدەنگبووم، شەرم دایگرتم ..
لە ناخەوە حەزم دەكرد لە ئامێزت گرم؛
ساتێ دوو بە دوو،
چیرۆكەكانی بیست و سێ ساڵی ڕابوردووت بۆ بگێڕمەوە.
بدركێنم وەڵامی نیگانامەكانت ..
ئەو نامانەی لە كیمیابارانەكەدا لێم بەجێمان.
بۆت باسكەم،
چۆن شار بە شار، وڵات بە وڵات..
هەر ئارامگەیەك هاتبێتە سەر ڕێم،
لە گڵكۆیەكی بێناو و نیشاندا ..
بەو هیوایەی بگەنەوە دەستت،
وەڵامەكانم بە خاكسپاردوون ..
چونكە لە زیندوومانت دڵنیانەبووم،
دڵنیانەبووم ..
لە ڕەهێڵەی كیمیاباران و
كاروانی ئەنفالدا زیندوو گەڕابیتەوە.

من فیلمە هیندییەكانم پێخۆشبوون..
چون ئەوەی لە كەتواردا ئەستەمبوو،
لەوێدا دەمتوانی ئەگەر بۆ ساتێكیش بێت،
خەون بە خۆزگەكانمەوە ببینم.
لەتەك خەندەیاندا سەماكەم و

لەبەر ڕێژنەی گریانیاندا،
گوناهەکانم بشۆمەوە.
لەتەك دارەدارەیان، هەڵبێم و
لە سەرمادا خۆم بە ئاگری،
دارەمەیتی مردووەکانیان گەرمکەمەوە.

زۆر جار شەوان ..
خەیاڵ هەڵیدەپێچام و
بە دزی حەسحەسەکانەوە،
زیخم دەگرتە پەنجەرەکەتان ..
تۆش خەیاڵ هەڵیدەگرتی و
پەنجەرەکەت دەکردەوە و
لە پشت تارمایی دارتووەکەدا ..
جار جارێ وەرزەبایێ،
لەبەر ڕۆشنایی مانگەشەو
سەمای جەستەمانی،
لەسەر دیوارە قوڕینەکەتان، دەنەخشاند.

دەزانی چەند خۆشە بەخەیاڵفڕین ..
زۆر جار لە زیندانەوە،
بەرەو گوندەکەتان هەڵدەهاتم.
چونکە دڵنیابووم گوندەکەی ئەنگۆ،
هێشتا لاقی ئاسایشەکانی پێڕانەگەیشتووە.
ئەگەر بە بۆنی سێبەرەکەشما،
شوێنپێمیان هەڵگرتبا ..
هێشتاکە هیوایەکم بە کادانەکەی ئێوە دەما ..

قەدری گیان، ئەوە مەرگی سروشتە،
منی ئاوارەی هەندەران و

شوێن ماڵەکەی ئەنگۆشی،
کردۆتە چۆڵەوان.
دەزانم تۆ،
کە سەرنجی شەقامە ئەسفالت و
هاندییەکەی بەرباخەڵت دەدەی ..
حەزت بە گەڕانەوە،
بۆ دۆشینی مانگا زەرد و
بژار و پاچەکۆڵە نییە.
بەڵام من ئارەزووم لە گەڕانەوەیە بۆ سروشت،
چونکە دەتوانم بێپشکنین و مۆڵەت
بەرەو شارەزوور ..
بفرِم و لە خوار ئاوایی،
تاوێك بە بۆنی پوش و پەڵاش ..
گڵ و کارگی بن داربییەکان، خۆم مەستکەم
بە یادی جاران، بچمە ژووانەوە و
لاقە ماندووەکانم، بخەمە نێو
ئاوی کانییەکەی خوار ئاوایی
تاوێ گوێ بۆ هۆرەی ڕێبواران ڕادێرم و
خەمەکانی دوورەوڵاتیم
بۆ داربییەکان بگێڕمەوە ...

١٧ی ئایاری ٢٠٠٨

## hatnedî Payîze Xewnê

xêrhatî bançaw
Qedrî Dill û
Qedrî Gyanim,
ey Kîjolley Gundî ..
Askolle bzêwî Yadawerîyekanim,
ew kat;
Memkollekanî to
taze be Tirpey Dlle ewîngirtuweket,
helltoqîbûn ..
mnîş bo Dilldarî, Mnall û
bo Partîzanî herzekarbûm.

keçî ewrro ;
Kîjollekey to,
lenêw Boreqe û Serpoşda ..
Pîrejnêkî heftasalleye
mnîş bo Dilldarî, pîr û
bo Xebat, Enarkîyekî herzekarm.
gişt emane, Rêkewt nîn,
herçend zor car;
Rêkewt mnî kirdote Ekterî,
nêw Filme Hîndîyekan ..

bimbure,
ger bllêm berradeyek lebîrmkirdbûy ..
bîst û sê Sall Temenêke û

Kîmyabaranîş Qederî negerranewe û
Awareyîş,
zor Dîmenî têda kirde xezan
bîst û sê Sall nawbenaw,
Krasêkî sewzî walla ..
Wênay toy dehênayewe ser Şanoy Yadawerîm;
wek Karmamzê,
lenêw Şexellî Rûdawekanda,
Seretatkêt letek dekirdim.

bellam hergîz wek serdemî Mnallîy,
be Xeyall nedefrrîm ..
nemdetwanî paş bîst û sê Sall
Dîdart, wênabkem.
min bgerrêmewe Kurdistan û
toş bêyt bo bexêrhatnewem ..
to Kîjolleket le Baweştda û
mnîş Kurrekem le Henderan,
dillteng bê be Serdanewem.
herdûkman le Xewnêkda ;
bedem Xem û Şermewe,
Yadawerî bîst û sê Sall lewewber ..
bo yektir bgêrrînewe.

to pêtwabû mandûm û xewmidê ..
mnîş, Çawm birrway nedekrid,
Yadawerîyekî bîst û sê Sall lewewber ..
letekim bkewête giftugo.

eme bo min Xewn bû û rûdanî,
tenya demtwanî le Filme Hîndîyekanda wênabkem.
mandûnebûm û xewimnedehat,
na;
ewey to beramberî danîştibûy ..
Cesteyekî dahizraw bû û
Gyanî şeketî,
Yadawerî Geştêkî bîst û sê Salle ..
ewey bom çênedebû,
berawridî Wêne û Wênay
Kîjolleyekî sruşt Gundî û
Jnêkî burqepoşî şarî bû.

Asman û Rêsmane,
nêwan Xewn û Xozge
Xeyall û Ketwar
Boreqe û Krasî walla
Jinkirdin û Ewîndarî,
emanem pêkewe bo konakrênewe ..
naçarm hana bermewe ber Filmekey Sengam.

herçend Ewînî min û to,
le çend Nîganame, Temenî têneperrî ..
bellam le Şayî Ewîndarîma,
le Şanî Serçopîyewe helldeperrî.
nazanim to çende mint lebîrmabû ?
bellam ke hatî,
Dîtim Hesretêk le Hengawekant allabû ..

hêşta Nîgay herzekaraney bîst û sê Sall leweber,
sruştî Sruşte Gundîyekey ledestnedabû.

Satêk wrrukasbûn ..
birrwanekerdinîy em Xewne,
leberamber yekda bêdeng daynayn ..
wîstim bllêm, Lêwman hawsat kewte bizwan.
witt xozge bewsa ..
bew Rojaney dûr le êsta ..
bêdengibûm, Şerm daygirtim ..
le naxewe hezm dekrid le Amêzt grim ;
Satê dû be dû,
Çîrokekanî bîst û sê Sallî raburdût bo bgêrrmewe.
bdirkênim Wellamî Nîganamekant ..
ew Namaney le Kîmyabaranekeda lêm becêman.
bot baskem,
çon Şar be Şar, Wllat be Wllat..
her Aramgeyek hatbête ser Rêm,
le Gillkoyekî bênaw û nîşanda ..
bew hîwayey bgenewe destit,
Wellamekanim be xakispardûn..
çunke le zîndûmant dillnyanebûm,
dillnyanebûm..
le Rehêlley Kîmyabaran û
Karwanî Enfalda zîndû gerrabîtewe.

min Filme Hîndîyekanim pêxoşbûn..
çun ewey le Ketwarda estembû,
lewêda demtwanî eger bo Satêkîş bêt,

Xewn be Xozgekanmewe bbînim.
letek Xendeyanda semakem û
leber Rêjney Giryanyanda,
Gunahekanim bşomewe.
letek Daredareyan, hellbêm û
le Sermada xom be Agrî,
Daremeytî Mirduwekanyan gerimkemewe.

Zor car Şewan..
Xeyall hellîdepêçam û
be dzî Heshesekanewe,
Zîxim degirte Pencereketan ..
toş Xeyall hellîdegritî û
Pencereket dekirdewe û
le pişt Tarmayî Dartuwekeda ..
car carê Werzebayê,
leber Roşnayî Mangeşew
Semay Cestemanî,
leser Dîware qurrîneketan, denexşand.

dezanî çend xoşbû bexeyallfrrîn ..
zor car le Zîndanewe,
berew Gundeketan helldehatim.
çunke dillnyabûm Gundekey engo,
hêşta Laqî Asayşekanî pêrranegeyiştuwe.
eger be bonî Sêberekeşima,
Şwênpêmyam hellgrtba..
hêştake hîwayekim be Kadanekey êwe dema ..

Qedrî Gyan, ewe Mergî Sruşte,
mnî awarey Henderan û
Şwên Mallekey engoşî,
Kirdote çollewan.
dezanim to,
ke sernicî Şeqame Esfalt û
Handîyekey Baxellt dedey ..
hezt be gerranewe,
bo doşînî Manga zerd û
Bjar û Paçekolle nîye.
bellam min arezûm le gerraneweye bo Sruşt,
çunke detwanim bêpişknîn û Mollet
berew Şarezûr ..
bfirrm û le Xwar Awayî,
tawêk be bonî Puş û Pellaş ..
Gill û Kargî bin Darbîyekan, xom mestkem
be yadî caran, biçme Juwanewe û
laqe manduwekanim, bxeme nêw
Awî Kanîyekey Xwar Awayî
tawê Gwê bo Horey Rêbwaran radêrm û
Xemekanî dûrewllatîm
bo Darbîyekan bgêrrmewe ..

17î Ayarî 2008

## با خۆزگەکانم تەنیا نەبن

مەنوو دارە گیان مەنوو
مەنوو، ئەم شەو مەنوو،
نامەوێت ئەم شەو زوو بنووی
ئەم شەو،
چیدی چیرۆکی زێبرا و پەرەسێلکە تەرەکانت،
بۆ ناگێڕمەوە
ئەم شەو، نامەوێت بنوویت
دەمەوێت پێش ئەوەی ڕۆژی خۆت دابێت،
چیرۆکی خۆمت بۆ بگێڕمەوە ..
چیرۆکی منالێك،
کە لە سێ سالێدا دەبوو پیاو بێ ؛
وەك پیاوان، دانیشێ و
وەك پیاوان، بە ڕێدا بڕوا و
وەك پیاوان، سوپاسی کۆیلەتی خۆی
بۆ خودا بەرەو ئاسمانەکان ڕەوانەبکا.
چێرۆکی خۆم،
چیرۆکی هاوەڵانم،
ئەوانەی بیست و حەوت ساڵ لەمەوبەر،
لەژێر دار و پردووی کەلاوەکاندا نێژران
تۆ نەتناسین ..
پێش ئەوەی تۆ لەدایکبی،
ئەوان لەدایکچوونەوە ؛
هەندێکیشیان خومپارەکانی کۆماری خوا
لە دەهەمین بەهاری تەمەنیانا،
وەك گۆشتی دەم چەرخی قەسابخانەکان
هەنجڕ هەنچڕی کردن ..
گیانیان بۆ بەهەشت نەفری،

فریشتەکانی خوا
بۆ دۆزەخیان بەڕێکردن.

ئازیزەکەم، گیانی بابە
نامەوێت، خەمبارت کەم،
دەمەوێت تاوێك گوێ لە خەمەکانم ڕادێری.
گوێ ڕادێرە ..
ئەمانەی بۆت دەگێڕمەوە، ئەفسانە نین،
ئەمانە ساتە زیندووەکانی تەمەنی من بوون،
گەر بابەت خۆشدەوێ، گوێم لێڕادێرە و
ببینە، چۆن هەر بە منالّی پیربووم؛
سێ سالأن بووم، کە دایکم مرد،
مرد یا حەزیکرد بمرێ،
نازانم، هێندە نەبێ،
کە ڕوخساری خەمگرتووی ..
لە ڕوخساری خوایەکی میهرەبان دەچوو
خوایەکی میهرەبان، نەك ئەو خوایەی،
فەرمانی هەنجنهەنجنکردنی منالأن، بە تۆپخانەکان دەدا ..
دە سالأن بووم، کە سەربازەکان تێیانهەڵدام،
لەبەرئەوەی دەمویست،
تێر تێر بۆنی خاك و گەلأکان هەڵمژم،
یازدە سالأن بووم، کە لە گوندەکەم وەدەرنرام
بە دەنگی خومپارەکان، لە پۆل دەرکرام
دوکەڵی پەڕاوەکانم گەیشتە قولأیی ئاسمان
سیازدە سالأن بووم، چوومە خۆپیشاندان
گرتمیان، تێیانهەڵدام، کرامە زیندان
زۆر حەزمدەکرد کچە هاوسێکەمان بزانێ، کە گیراوم
هەر ئەو ساڵە بوو، لەسەر دوانم لەتەك ئەو ..
سێ .. چوار کەتە زەلام، تا تەواو ماندوونەبوون،

هەر تێیانهەڵدام ..
چواردە ساڵان بووم، کە بوومە پارتیزان
وەك پیرە مناڵێك، هەڵدەزنیم بە کوڕەکاژاوا
بێوچان، شۆڕدەبوومە نێو گەڕەدێ و بزنگیان
هەژدە ساڵان بووم، .. ڕاپەڕیم
وتم نا بۆ چۆلکردنی گوندان، بڕوخێ زۆردار
سنگم نا بە مەرگەوە، کۆڵان بە کۆڵان ..
منیش وتمەوە سروودی ڕزگاری چەوساوان
نۆزدە ساڵان بووم، لەبری نەورۆزانە،
هاتن پاسدار، بوو بە بەرەی جەنگ، نێوشار
ئاسمان خەمی لێنیشت، تەرەبوو خەڵکی هەژار
بۆیان دانام، مامە و کاکە و ئیمام و سەدام
لەسەر سفرەی حەوت سین، مێخەك و سیر و سێوەژار

مەنوو دارە گیان، ئەم شەو مەنوو
تو گیانی خۆت، گوێم لێڕادێرە
درۆناکەم، بە فشە لێموەرمەگرە
دەزانم سەختە بۆ تۆ، ئەمانە وێنابکەی ؛
چۆن دەکرێ،
لە پێنج ساڵیدا وەك پیاوێکی پەنجا ساڵە
هەستی، دانیشی، بخەوی و بخۆی
وەك پیرەمێردێکی هەشتا ساڵە
ڕۆژی پێنج جار کڕنووش بۆ خەیاڵی خۆت بەری
بە تەسبیحێکی قەزوان،
ڕۆژانی بێهوودەیی خۆت بژمێری
پێمەکەنە، توند دەستەکانم بگرە با نەلەرزن
تکات لێدەکەم،
بەس ئەم شەو، دارە گیان گوێم لێڕادێرە
خێرا خێرا مەپرسە چی بابە چی ..

ڕۆژانێك، كه‌ من منداڵ بووم
چی و چۆن و چه‌ند، قه‌ده‌خه‌بوون
ده‌بوو له‌ كۆڕی میوانه‌كانی باوكما
بێچه‌ندوچوون، چایی و ته‌پڵه‌ك بگێڕم ..
چوارمه‌شقی دانیشم و قسه‌ له‌ قسه‌ی گه‌وراندا نه‌كه‌م
پێمه‌كه‌نه‌، ده‌زانم كه‌ تۆ ناتوانی
چوارمه‌شقی دانیشی،
به‌ڵام ڕۆژێك دێ، خۆت فێربی
ده‌زانم، تێگه‌یشتن له‌مانه‌، بۆ تۆ سه‌خته‌
تۆ هه‌ر كات بخوازی، قسه‌ی بابه‌ ده‌بڕی و
داوای قۆچی مار و شیری كێشكه‌م لێده‌كه‌ی ..
به‌ڵام من وه‌ك تۆ نه‌بووم،
سه‌دان و هه‌زارانی وه‌كو منیش
هێشتاكه‌ له‌ كوردستان وه‌ك تۆ نین
هه‌زارانی وه‌ك تۆ، له‌ چوارڕاكانی شێخه‌ڵلا و داره‌سوتاوه‌كه‌
له‌ سه‌رما و گه‌رمادا، له‌بری سه‌ما؛ هه‌ڵده‌قرچێن و هه‌ڵده‌له‌رزن

داره‌ گیان گوێم لێڕادێره‌ ..
ئاخر، خه‌ریكه‌ دڵم شه‌قبه‌رێ
خه‌ریكه‌ سه‌رم ده‌ته‌قێ
خه‌مه‌كانی منداڵی، گرێكوێره‌ی ناخمن
خۆزگه‌كانی یازده‌ ساڵیم
هه‌موو شه‌وێ، كاتێك تۆ ده‌خه‌وێنم
دێن و به‌رۆكم به‌رناده‌ن ؛
دێن و داوای زیندووكردنه‌وه‌م لێده‌كه‌ن
دێن و ده‌ڵێن " وه‌ره‌، له‌نێو كه‌لاوه‌كانی كۆڵاندا
ده‌رمانبێننه‌وه‌ "
دێن و هاوارده‌كه‌ن
" له‌ ڕۆژی منداڵانا بمانژێنه‌وه‌ "

گوێم بۆ ڕادێرە، دارە گیان
خۆزگە توانیبام، هەر ئەم شەو بفرم،
بفرم و تۆش لەسەر باڵەکانم هەڵگرم
بتبەمە سەر گۆڕی یاداوەرییەکانم
سەر گۆڕی هاوەڵە وردیلەکانم
لای ئەو تاشەبەردانەی، کە لە ترسی خومپارەکانی ئیمام
لە پەنایاندا، خۆم ماتدەکرد
بن ئەو دارگوێزانەی، کە لەتەك سمۆرەی قرۆڵەکانیاندا،
چاوشارکێم دەکرد
سەر ئەو کانیاوانەی، کە جێژوانم بوون و
لەوێ چاوەڕێی جندۆکانم دەکرد ..
بێن و لەدەست لێدان و قیژەی باوەژنەکەم، ڕزگارمکەن

گوێم بۆ ڕادێرە و زوو مەنوو، ئەم شەو
ئەم شەوی یەڵدایەم، بەتەنیا بۆ بە ڕۆژ ناکرێ
ئەگەر ئەم شەو تۆ گوێ لە بەسەرهاتەکانی مناڵی من ڕادێری
منیش ئاسوودە وەك تۆ ..
سەرمەست، خەودەمباتەوە
بەیانی یا پاش بەیانی ..
وەك تۆ، ڕۆژێك چاوەڕێم دەکا ؛
ڕۆژێك، کە چیدی خەمەکانم لەئامێزنەگرم
چیدەی گۆرانی بۆ ڕابوردوو نەڵێم
ئەوسا منیش،
دێم لەتەك تۆ و هاوەڵەکانت ..
خەونەکانی خۆم و ئەوانەی خومپارەکان
هەنجنەنجنیکردن،
لەنێو لەپی ئێوەدا دەژێنمەوە

١٣ی جونی ٢٠٠٨

## ba Xozgekanim tenya nebin

menû Dare gyan menû
menû, em Şew menû,
namewêt em Şew zû bnûy
em Şew,
çîdî Çîrokî Zêbra û Peresêlke terekant,
bo nagêrrmewe
em Şew, namewêt bnûyt
demewêt pêş ewey Rojî xot dabêt,
Çîrokî xomt bo bgêrrmewe..
Çîrokî Mnallêk,
ke le sê Sallîda debû pyaw bê;
wek Pyawan, danîşê û
wek Pyawan, be Rêda birrwa û
wek Pyawan, supasî koyletî xoy
bo Xuda berew Asmanekan rewanebka.
Çêrokî xom,
Çîrokî Hawellanim,
ewaney bîst û hewt Sall lemewber,
lejêr Dar û Pirdûy Kelawekanda nêjran
to netnasîn ..
pêş ewey to ledaykbî,
ewan ledaykçûnewe;
hendêkîşyan Xumparekanî Komarî Xwa
le dehemîn Beharî Temenyana,
wek Goştî dem Çerxî Qesabxanekan
Hencirr hençrrî kirdin ..
Gyanyan bo Beheşt nefrî,

Frîştekanî Xwa
bo Dozexyan berrêkirdin.

Azîzekem, Gyanî Babe
namewêt, Xembart kem,
demewêt tawêk Gwê le Xemekanim radêrî.
Gwê radêre ..
emaney bot degêrrmewe, Efsane nîn,
emane sate zînduwekanî Temenî min bûn,
ger Babet xoşdewê, Gwêm lêrradêre û
bbîne, çon her be Mnallî pîrbûm;
sê Sallan bûm, ke Daykim mird,
mird ya hezîkrid bimrê,
nazanim, hênde nebê,
ke Ruxsarî Xemgirtûy ..
le Ruxsarî Xwayekî mîhreban deçû
Xwayekî mhîreban, nek ew Xwayey,
fermanî hencinhencinkirdnî Mnallan, be Topxanekan deda ..
de Sallan bûm, ke Serbazekan têyanhelldam,
leberewey demuyist,
têr têr Bonî Xak û Gellakan hellmijm,
yazde Sallan bûm, ke le Gundekem wederinram
be Dengî Xumparekan, le Pol derkram
Dukellî Perrawekanim geyişte qullayî Asman
syazde Sallan bûm, çûme Xopîşandan

girtimyan, têyanhelldam, krame Zîndan
zor hezimdekrid Kçe Hawsêkeman bzanê, ke gîrawm
her ew Salle bû, leser dwanim letek ew ..

sê .. çwar kete Zelam, ta tewaw mandûnebûn,
her têyanhelldam ..
çwarde Sallan bûm, ke bûme Partîzan
wek pîre Mnallêk, helldeznîm be Kurrekajawa
bêwçan, şorrdebûme nêw Gerredê û Bzingyan
hejde Sallan bûm, .. raperrîm
wtim na bo çolkirdnî Gundan, brruxê Zordar
Singim na be Mergewe, Kollan be Kollan ..
mnîş witmewe Srûdî rizgarî Çewsawan
nozde Sallan bûm, lebrî Newrozane,
hatin Pasdar, bû be Bereîceng, Nêwşar
Asman Xemî lênîşt, terebû Xellkî hejar
boyan danam, Mame û Kake û Îmam û Sedam
leser Sifrey hewt Sîn, Mêxek û Sîr û Sêwejar

menû Dare Gyan, em Şew menû
tu Gyanî xot, Gwêm lêrradêre
dronakem, be Fşe lêmwermegre
dezanim sexte bo to, emane wênabkey;
çon dekrê,
le pênc Sallîda wek Pyawêkî penca Salle
hestî, danîşî, bxewî û bxoy
wek Pîremêrdêkî heşta Salle
Rojî pên car kirnûş bo Xeyallî xot berî
be Tesbîhêkî Qezwan,
Rojanî bêhûdeyî xot bijmêrî
pêmekene, tund Destekanim bigre ba nelerzin
tkat lêdekem,
bes em Şew, Dare Gyan Gwêm lêrradêre

xêra xêra mepirse çî Babe çî ..
Rojanêk, ke min Mnall bûm
çî û çon û çend, qedexebûn
debû le Korrî Mîwanekanî Bawkma
bêçenduçûn, Çayî û Tepllek bgêrrm ..
Çwarmeşqî danîşm û Qse le Qsey Gewranda nekem
pêmekene, dezanim ke to natwanî
Çwarmeşqî danîşî,
bellam Rojêk dê, xot fêrbibî
dezanim, têgeyiştin lemane, bo to sexte
to her kat biXwazî, Qsey Babe debrrî û
daway Qoçî Mar û Şîrî kêşkem lêdekey ..
bellam min wek to nebûm,
sedan û  hezaranî weku mnîş
hêştake le Kurdistan wek to nîn
hezaranî wek to, le Çwarrrakanî Şêxellla û Daresutaweke
le Serma û Germada, lebrî Sema; helldeqirçên û helldelerzin

Dare Gyan Gwêm lêrradêre ..
axir, xerîke Dllim şeqberê
xerîke Serm deteqê
Xemekanî Mnallî, Grêkwêrey Naxmin
Xozgekanî yazde Sallîm
hemû Şewê, katêk to dexewênim
dên û Berokim bernaden ;
dên û daway zîndûkirdnewem lêdeken
dên û dellên " were, lenêw Kelawekanî Kollanda
dermanbênnewe "
dên û hawardeken

" le Rojî Mindallana bmanjênewe "

Gwêm bo radêre, Dare Gyan
Xozge twanîbam, her em Şew bfirm,
bfirrm û toş leser Ballekanim hellgrim
bitbeme ser Gorrî Yadawerîyekanim
ser Gorrî Hawelle wirdîlekanim
lay ew Taşeberdaney, ke le tirsî Xumparekanî Îmam
le penayanda, xom matdekrid
bin ew Dargiwêzaney, ke letek Smorey Qrrollekanyanda,
Çawşarkêm dekrid
ser ew Kanyawaney, ke Cêjwanim bûn û
lewê çawerrêy Cindokanim dekrid ..
bên û ledest lêdan û Qîjey Bawejnekem, rizgarimken

Gwêm bo radêre û zû menû, em Şew
em Şewî Yelldayem, betenya bo be Roj nakrê
eger em Şew to Gwê le Beserhatekanî Mnallî min radêrî
mnîş asûde wek to ..
sermest, xewdembatewe
Beyanî ya paş beyanî ..
wek to, Rojêk çawerrêm deka;
Rojêk, ke çîdî Xemekanim leamêznegrim
çîdey Goranî bo Raburdû nellêm
ewsa mnîş,
dêm letek to û Hawellekant ..
Xewnekanî xom û ewaney Xumparekan
hencinhencinîkirdin,
Lenêw Lepî êweda dejênmewe

13î Cunî 2008

# دوا چرپەی ژیان*

پێش ئەوەی پەنجەی تاوان،
پەلەپیتکەی چەکەکەت فشاردا
دوا مۆڵەتم بەرێ و
دوا خۆزگەم بەجێبێنە؛
گوێت بە سنگمەوە نێ و
دڵەخورپەی ترس،
دڵەترپەی ئارەزووم بۆ ژیان ..
بژمێرە و
لەتەك دڵەخورپەی دڵدارەکەت و
دڵەترپەی خۆت، بەراوردیان کە،
کاتێ من، لوولەی مەرگ
ڕوو لە لانکی ساواکەت
یا لە نێوچەوانی خۆت
نیشانەبگرم ..
ئەوسا، بەدڵنیاییەوە
پەنجەت بنووشتێنەوە

پێش ئەوە، چرکەکانی تەمەنم ..
ڕابگری و
لە زبڵگەیەکدا جەستەم فڕێدەی
گوێ لە خۆزگەکانم ڕادێرە ؛
منیش وەك تۆ
خەمی ژەمەشیری سبەینێی ساواکەمە
خەون بەو ساتانەوە دەبینم،
کە دەستم لەنێو دەستی هاوسەرەکەما
بە شەقامەکانی 'کینگستن**'دا شۆڕبینەوە

یا لە کەناری نێگریل***
تاوێك گوێ بۆ «بۆب مارلی****» ڕادێرین و
بە ماچ ئەشکەکان بسڕینەوە ..
یا لە کۆڕی ئێوارانا
لەتەك تۆ یا هاوسێکەمان
بەدەم ئاوابوونی خۆرەوە،
یاداوەری بۆ یەکدی، بگێڕینەوە

جارێ بووەستە، پێش ئەوەی
خەونەکانم لەگۆڕنێی*
پێمبڵێ؛
حەزت لە دەنگی (بۆب)ە*** یا بۆمب ؟
لە خۆشاردنەوە یا سەما لە کەناری دەریا ؟
تاوێ ئارام بگرە و وێنای کە*
بە هەژماری گوللەکان، گوڵ بچێنی
بە هەژماری کوژراوان،
منالانی بێسەرپەنا
گوڵت بۆ هەڵدەن
لەبری چەك،
وێوڵەیەکی***** ڕەنگینت لەدەستا بێ و
کوڕەکەی من و کیژۆڵەکەی خۆت
لە سەکۆی کۆڵانێکا، بهێنیتە خەنین

ئەوسا، ئەگەر خەونەکانت، جیاواز بوون
ئەگەر خۆزگەکانت، خراپنیاز بوون
ئەگەر گۆرانییەکانت، جەنگئاواز بوون
ئەگەر ویستە مرۆییەکانت، لاواز بوون
وەرە، شەرممەکە و
فەرمانی سەرووی خۆت، بەجێبێنە

وەرە، خۆزگەی سەرخەوێکی ئارام ..
بۆ هەمیشە لە سەری مندا بتاسێنە

٠٨ی مارچی ٢٠٠٩

*پێشکەشە بە «سیمۆن»ی چوار ساڵە، کە لەبەرنەبوونی مۆڵەتی نیشتەجێبوون و مانەوە لە بریتانیا ناچاربە گەڕایەوە بۆ جامایکا کرا.

** Kingston: پایتەختی جامایکا، شارێك کە ئارامی و ساتێ ئاشتی، خەونی گەڕەکە هەژارەکانییەتی.

*** Negril یەکێکە لە هەرێمە توریستییەکانی جامایکا.

**** Bob Marley، گۆڕانیبێژی شۆڕشگێری جامایکیایی، یەکێك لە گۆرانییەکانی بەناوی "No, Woman, Nuh Cry„ە.

***** وێوڵە: لە زمانی هۆرامیدا، بە بووکەشووشە و ئەو کارکتەرە بێگیانانەی لە شانۆیی وێوڵەییدا بەکاردەبرێن، دەوترێت، لێرەدا مەبەست لەو وێوڵانەیە، کە دەکرێنە دەست یا بە پەت و تەل دەبزوێنرێن.

## dwa Çirpey Jyan *

pêş ewey Pencey Tawan,
Pelepîtkey Çekeket fşar da
dwa Molletim berê û
dwa Xozgem becêbêne;
Gwêt be Singmewe nê û
Dllexurpey Tris,
Dlletirpey Arezûm bo Jyan ..
bijmêre û
letek Dllexurpey Dilldareket û
Dlletirpey xot, berawirdyan ke,
katê min, Lûley Merg
rû le Lankî Sawaket
ya le Nêwçewanî xot
nîşane bigrim ..
ewsa, bedillnyayyewe
Pencet bnûştênewe

pêş ewe, Çirkekanî Temenm ..
rabgirî û
le Zbillgeyeka Cestem frrêdey
Gwê le Xozgekanim radêrre ;
mnîş wek to
Xemî Jemeşîrî sbeynêy Sawakeme
Xewn bew Satanewe debînim,
ke Destim lenêw Destî Hawserekema
be Şeqamekanî 'Kingston **'da şorrbînewe

ya le Kenarî Negril ***
tawêk Gwê bo " Bob Marley ****" radêrîn û
be Maç Eşkekan bisrrînewe ..
ya le Korrî Êwarana
letek to ya Hawsêkeman
bedem awabûnî Xorewe,
Yadawerî bo yektir, bgêrrînewe

carê buweste, pêş ewey
Xewnekanim legorrnêy*
pêm bllê;
hezt le Dengî (Bob)e*** ya Bomb ?
le xoşardnewe ya Sema le Kenarî Derya ?
tawê aram bigre û wênay ke*
be hejmarî Gulekan, Gull bçênî
be hejmarî Kujrawan,
Mnallanî bêserpena
Gullt bo hellden
lebrî Çek,
Wêwlleyekî ***** rengînt ledesta bê û
Kurrekey min û Kîjollekey xot
Le Sekoy Kollanêka, bhênîte xenîn..

ewsa, eger Xewnekant, cyawaz bûn
eger Xozgekant xrapinyaz bûn
eger Goranîyekant, Cengawaz bûn
eger Wîste Mroyyekant, lawaz bûn
were, şerimmeke û

fermanî serûy xot, becêbêne
were, Xozgey Serxewêkî aram ..
bo hemîşe le Serî minda btasêne

08î Marçî 2009

* Pêşkeşe be "sîmon"î çwar salle, ke lebernebûnî molletî nîştecêbûn û manewe le brîtanya naçar be gerrayewe bo Jamaica kra.

** Kingiston: paytextî camayka, şarêk ke aramî û satê aştî, xewnî gerreke hejarekanîyetî.

*** Negril yekêke le herême turîstîyekanî camayka.

**** Bob Marley, gorranîbêjî şorrşigêrî camaykyayî, yekêk le goranîyekanî benawî „No, Woman, Nuh Criy“ e.

***** wêwlle: le zmanî ‘ Horamî ’da, be bûkeşûşe û ew karktere bêgyananey le şanoyî wewlleyîda bekardebrên, dewtirêt, lêreda mebest lew wêwllaneye, ke dekrêne dest ya be pet û tel debziwênrên.

# کۆیلەکچانی خێڵ

کۆیلەکچانی خێڵ !
ئەی ئەوانەی دەواری ماڵمان،
چنراوی پرچی ئێوەیە ..
ئەی ئەوانەی
کە خەون و خۆزگەتان،
لەچاو ئێمە،
چارەك و نیوەیە

ڕۆژگارێك بوو، پێموابوو
گەر سەگەکانی حەسار بکوژێن
لە خۆشیانا، وا هەڵدێن ..
لە جەنگەڵەکانی ئامازۆن نەبێ،
ناوەستنەوە
هەر دەڕۆن و
بەدەم حەز و
شەپۆل و
باوە
تا لوتکەی ئازادی
بەرناکەنە دواوە
هەرگیز ڕێگەنادەن، لە پرچتان
پەتی هەڵواسینی من بڕێسن
هەرگیز ڕێگەنادەن، لەنێو مناڵدانتان
تۆوی کۆیلەکردنەوەتان بچێنن
نەمزانی، گەر چرای ئازادی
لە چاوی خودی کۆیلاندا هەڵنەبێ
قەد بستەڕێیەك،
بەرپێیان ڕۆشنناکاتەوە

شەوگارێکی درێژ،
لە ئازاری ئێوەدا تلامەوە
ڕۆژانێکی زۆرم، لە چاوەڕوانییدا بردنەسەر
نەمدەزانی ئێوە ماڵین و
پەلەتانە بۆ ژێر،
دەواری خێڵ وەرگەڕێنەوە

ڕۆژگارێك بوو،
لەتاو هۆگریم بۆ ئازادیتان
بەحەز کەتوارم دەپێوا ..
خەونم بەفڕینی بیرتانەوە دەبینی ..
ڕۆژگارێك،
کە ئاڵۆشی هەرزەکارانەی ئێوە و
حەزپێوەریی من،
کەتواریان لێمشێواندبوو،
نەمدەزانی لەتەك دامرکانەوەی ئاڵۆشتان،
پێوەری حەزیی منیش ..
لە کەتواردا بستێك باڵاناکا
نەمزانی تا کۆیلەکەی ناختان نەکوژرێ،
جەستەی ئازادتان لەدایکنابێتەوە
نەمزانی مرۆڤی کۆیلە گەر خۆی ڕانەپەڕێ،
ڕۆژێ دادێ،
بەرەو ژێر دەواری خێڵ ..
بە هەمان ڕێدا دەگەڕێتەوە

٠١ی ئەپریلی ٢٠٠٩

# Koylekçanî Xêll

Koylekçanî Xêll !
ey ewaney Dewarî Mallman
Çinrawî Pirçî êweye
ey ewaney
ke Xewn û Xozgetan,
leçaw ême,
            çarek û nîweye

Rojgarêk bû, pêmwabû
ger Segekanî Hesar bkujên
le xoşyana, wa helldên ..
le Cengelekanî Amazon nebê,
                        nawestnewe
her derron û
            bedem Hez û
                        Şepol û
                                    Bawe
ta Lutkey Azadî
            bernakene dwawe
hergîz rêgenaden, le Pirçtan
Petî hellwasînî min brrêsn
hergîz rêgenaden, lenêw Mnalldantan
Towî koylekirdnewetan bçênin
nemzanî, ger Çray Azadî
le çawî xudî Koylanda hellnebê
qed Bisterrêyek,
            Berpêyan roşinnakatewe

Şewgarêkî drêj,
le azarî êweda tlamewe
Rojanêkî zorm, le çawerrwanîda birdneser
nemdezanî êwe Mallîn û
peletane bo jêr,
            Dewarî Xêll wergerrênewe

Rojgarêk bû,
letaw hogrîm bo Azadîtan
be Hez Ketwarm depêwa
Xewnim be frrînî Bîrtanewe debînî
Rojgarêk,
Ke Alloşî herzekaraney êwe û
Hezpêwerîy min,
Ketwaryan lêmşêwandibû,
nemdezanî letek damirkanewey Alloştan,
Pêwerî Hezîy mnîş ..
le Ketwarda Bistêk Ballanaka
nemzanî ta Koylekey Naxtan nekujrê,
Cestey Azadtan ledayknabêtewe
nemzanî Mrovî koyle ger xoy raneperrê,
Rojê dadê,
berew jêr Dewarî Xêll ..
            be heman Rêda degerrêtewe

01î Eprrîlî 2009

## له قه‌سابخانه‌وه بۆ باره‌گا

تۆ هاتی و دڵم کرده سفره بۆت
تۆ ناکاو  هاتی و سفره‌م خاڵی بوو
له‌به‌رده‌مت ڕاکشام و وتم "ها سه‌رمببڕه"
تۆ ناکاو هاتی و ئه‌لبومێکی ته‌مه‌ندرێژم بۆتکرده‌وه
نه‌مزانی ناکاو ده‌ڕۆی و وێنه‌کانت گشت ڕه‌شده‌که‌یته‌وه
تۆ ناکاو له په‌نجه‌ره‌وه هاتی،
به‌ڵام کچه هاوسێکه‌مان له ده‌رگه‌وه ماچی بۆ هه‌ڵدام

بیست و هه‌شت ساڵ له‌مه‌وبه‌ر
به‌ر له کۆچی ناخواسته‌ی خۆی
ساڵێ به‌ر له پێشمه‌رگکه‌وتنم
لێیپرسیم " تۆ چیت ؟ "
که‌چی تۆ دوو ڕۆژ له‌مه‌وبه‌ر
بۆتنووسیم " تۆ سه‌گیت ! "
لام سه‌یر بوو، تازه زانیووته من به‌ڕه‌ڵام وه‌ك سه‌گ
ئه‌و به گوێیدا چرپاندم "شه‌یدای به‌ڕه‌ڵاییتم ! "
تۆ به‌گوێمدا ده‌ده‌ی "خه‌ساره له قه‌سابخانه‌دا نه‌مریت ! "
ئه‌و له ده‌رگه‌وه ڕۆیشت و ماڵئاوایی کرد
تۆ که ڕۆیشتی به‌ردت گرته په‌نجه‌ره‌که‌م و
یاداوه‌رییه‌که‌ت له‌توپه‌تکرد

ئه‌و پێش ڕۆیشتن، دڵی کرده گوڵدان
به‌ڵام تۆ به‌ر له ڕۆیشتن، گوڵه‌کانت شیلان
جیاوازی نێوان ئه‌و و تۆ، ئاسمانه و ڕێسمان
تۆ ده‌ته‌وێت بێهۆشم که‌ی و
ئه‌و هانیدام،

بگەڕێمەوە ناخی خۆم و بکەومە بەراوردی
بەردەرگەی قەسابخانە و بارەگای پارت
بەڕەڵایی سەگ و گوێلەمستی ئەندامی لات
بەڕەڵایی لە پانتایی هۆشی تۆدا و
گوێڕایەڵی کوێرانە لە لای ئەو

دونیایەك لە ناکۆکی، خەروارێك وێنەی ناجۆر
کچە هاوسێکەم بە کوتەك بە شوو درا
بەڵام تۆ خۆخواستانە گەڕایتەوە ڕیزی پاشڕەوان،
گوێڕایەڵی پۆلایین و
بیرکردنەوە لە بێتاوانی کوژراو، پاش گولەباران
ئەو ڕۆیشت و وێنەکانی لەسەر دڵم هەڵکۆڵێن
تۆ ڕۆیشتی و بە ژەهری پارت، ژیانت لێبڕین
ئەو ڕۆیشت و ئێستاش لەدووی دەگەڕێم
تۆ گەڕایتەوە بارەگا و دەمەوێت لە هۆشمت وەدەرنێم
ئەو تا ئێستاش لەتەك چارەنووسی سەپاویا دەجەنگێ
بەڵام تۆ مەستی، تۆ پەستی
ناخت خەریکی گریانە و ڕوخسارت قاقاپێدەکەنێ

ماڵئاوا ناکاوە هاوڕێ، وا بەرەو قەسابخانە دەڕۆم،
خەریکم ئازادانە لە خواکان دەوەڕێم
سەرمەستانە لە کچە هاوسێکەمان دەگەڕێم
ماڵمان نزیك قەسابخانە بوو
کیمیایی دارگوێزەکەی ئێمە و
گوڵەباخەکەی حەوشەی ئەوانی پەژموردەکرد
ئەو کات تۆ یاخیبووی، بەڕەڵا وەك ئێستای من

بڕۆ دەزانم و دڵنیام
تۆ بڕیارتداوە بێ ئاوڕدانەوە بڕۆی بۆ خانەقا

تاکو خوا لە تاوانی ڕۆژانی بەڕەڵاییت ببوورێت
بەڵام من بڕیارمداوە لە خواکان نەبوورێم
تۆ لەبیرتچووە، من کێم
من سەگێکی گۆشنەخۆڕم، بەڵام ئازاد
سەر بە هەموو کۆڵانێکدا دەکەم،
هەموو کەلاوەیەك دەکەمە سەرپەنام
بەردەرگەی قەسابخانەکانم گرتووە
چاوم لە قوڕقوراگەی قەسابەکان بڕیوە
هەرگیز سەر بە خانەقا و مەیخانە و بارەگای پارتدا ناکەم
حەزم لە بیستنی قیژە و هاتوهاواری لەشفرۆشخانەکان نییە

من بەڕەڵام و بێسەروەرم
من دوژمنی بۆینباخلەمل و تاج لەسەرم
بێزم لە بەرماوەی خوانی میران دەبێتەوە
بۆنی ڕشانەوەی ڕامیاران و بنهەنگڵی خزمەتکارانی لێدێت
بۆنی نێوگەڵی مەلا و قەشە و پێخەمبەران
بڕۆ ماڵئاوا، ماری تۆپیو ناخەمە بەرپێت
با هەرکەسە و ڕێی شاری خەونەکانی بگرێت
گرنگ کچە هاوسێکەمە ببیستێت، ئەهریمەن چی دەبێژێت
"ژیان خۆشەویستییە و خۆشەویستیش بەبێ ئازادی دەمودەست دەمرێت"

۰۳ی ئەپریلی ۲۰۰۹

## le Qesabxanewe bo Barega

to hatî û Dllim kirde Sifre bot
to nakaw hatî û Sifrem xallî bû
leberdemt rakşam û wtim “ha serimbibrre”
to nakaw hatî û Elbumêkî Temendirêjm botkirdewe
nemzanî nakaw derroy û Wênekant gişt reşdekeytewe
to nakaw le Pencerewe hatî,
bellam Kçe Hawsêkeman le Dergewe Maçî bo helldam

bîst û heşt Sall lemewber
ber le Koçî naxwastey xoy
Sallê ber le Pêşmergkewtnim
lêypirsîm “ to çît ? ”
keçî to dû Roj lemewber
botnûsîm “ to segît ! ”
lam seyir bû, taze zanîwete min berrellam wek Seg
ew be Gwêyda çirpandim “şeydayî berrellayîtim ! ”
to begwêmda dedey “xesare le Qesabxaneda nemrît ! ”
ew le Dergewe royişt û Mallawayî krid
to ke royiştî Berdit girte Pencerekem û
Yadawerîyeket letupetkird

ew pêş royiştin, Dillmî kirde Gulldan
bellam to ber le royiştin, Gullekant şîlan
cyawazî nêwan ew û to, Asmane û Rêsman
to detewêt bêhoşm key û
ew hanîdam,

bgerrêmewe Naxî xom û bkewme berawridî
Berdergey Qesabxane û Baregay Part
berrellayî Seg û gwêlemsitî Endamî lat
berrellayî le pantayî Hoşî toda û
Gwêrrayellî kwêrrane le lay ew

Dunyayek le nakokî, Xerwarêk Wêney nacor
Kçe Hawsêkem be kutek be Şû dra
bellam to Xoxwastane gerraytewe Rîzî Paşrrewan,
Gwêrrayellî pollayîn û
bîrkirdnewe le bêtawanî Kujraw, paş gulebaran
ew royişt û Wênekanî leser Dllim hellkollên
to royiştî û be Jehrî Part, Jyant lêbrrîn
ew royişt û êstaş ledûy degerêm
to gerraytewe Barega û demewêt le Hoşimt wedernêm
ew taêstaş letek Çarenûsî sepawya decengê
bellam to mestî,  to pestî
Naxt xerîkî giryane û Ruxsart qaqapêdekenê

mallawa nakawe Hawrrê, wa berew Qesabxane derrom,
xerîkim azadane le Xwakan dewerrêm
Sermestane le Kçe Hawsêkeman degerêm
Mallman nzîk Qesabxane bû
Kîmyayî Dargiwêzekey ême û
Gullebaxekey Hewşey ewanî pejmurdekrid
ew kat to yaxîbûy, berrella wek êstay min

brro dezanim û dillnyam

to birryart dawe bê awirrdanewe brroy bo Xaneqa
taku Xwa le Tawanî Rojanî berrellayît bbûrêt
bellam min birryarm dawe le Xwakan nebûrêm
to lebîrtçuwe, min kêm
min Segêkî goşnexorrm, bellam azad
Ser be hemû Kollanêkda dekem,
hemû Kelaweyek dekeme Serpenam
Berdergey Qesabxanekanim girtuwe
Çawm le Qurrquragey Qesabekan brrîwe
hergîz Ser be Xaneqa û Meyxane û Baregay Partda nakem
hezm le bîstinî qîje û hatuhawarî Leşifroşxanekan nîye

min berrellam û Bêserwerm
min Dujminî Boyinbaxlemil û Tac leserm
bêzm le Bermawey Xwanî Mîran debêtewe
Bonî Rşanewey Ramyaran û Binhengllî Xizmetkaranî lêdêt
Bonî Newgellî Mela û Qeşe û Pêxemberan
brro Mallawa, Marî topîw naxeme Berpêt
ba her Kese û Rêy Şarî Xewnekanî bigrêt
gring Kçe Hawsêkeme bbîstêt, Ehrîmen çî debêjêt
"Jyan Xoşewîstîye û Xoşewîstîş bebê Azadî demudest demrêt"

03î Eprrîllî 2009

# مۆتەکەی پەشیمانی

بێزارم؛
لە خۆم
لە تۆ
لەوان
لە مرۆڤە دەستەمۆکان
من بۆ پیاوەتی
تۆ بۆ ژنایەتی
ئەو و ئەوان بۆ خێڵایەتی

کاتێك کە ئەو، لە خانەدانیی دەدوێ
من بێز لە خۆم دەکەمەوە
بێز لە تۆش
لە ئەوێك، کە هاوڕوخساری تۆیە
بریا ئەو شەوەی بۆ تۆ کۆیلەکرام
بابم لە گەشتێکی بیابانی بووایە
تا باڵندە کۆچەرەکان بەرەو هەواری ئێوە،
ڕاپێچمنەکەن

پەشیمانم لە لەدایکبوونی خۆم
لە هاتنەمیوانی تۆ
لە ناسینی ئەو و لە دیتنەوەی ئەوان
لە ناسینی ئێوە مرۆڤە ژەنگنینەکان
خۆزگە گێژەلووکێك ئەو ڕۆژانەی لووشدەدام
گەردەلوولێك بەرەو ئاسمان لوولی دەدام
بورکانێك یاداوەرییەکانی دەسووتان

من ڕکم لە ئێوە دەبێتەوە

لەوەی دڵم بۆ تۆ کردە سفرە و
تۆ مشتێ گەنمی ژەهراویت لەسەر دانا
ئاخ لەو ڕۆژەی چەندە گێلبووم
نێولەپم بۆ تۆ کردە گوڵدان و
تۆ و ئەو و ئەوان
بە شووڵەتوتڕك، دەستانبەستم
من نەفرەت لەو ڕوخسارانە دەکەم
پێستیان سوور سوور ...
خوێنی لێدەتکێ و
لە مووڵووڵەکانی گۆنایانا
هەو و کیم مورژمدەکا

من ڕکم لە مرۆڤە ژەنگنینەکانە
لەوەتەی تۆ و ئەو و ئەوان دەناسم
پەردەی گوێم تەنیا بە درۆ دەلەرێتەوە
چاوەکانم تەنیا ناشیرینی دەبینن و
پەنجەکانم تەنیا ناخونەك دەزانن
جاران دڵم ئەویندانێ بوو؛
بۆ هاوسێیانم
بۆ هاوڕێیانم
بۆ هاوپیشانم
بۆ گمەگمی کۆترەباریکە
بۆ سەمای گەڵای داران
بۆ هەرچی هەیە و نییە لە جوانی

بەڵام ئەورۆ، کاتێ کە بە نیازی سڵاو
دەست هەڵدەبڕم
لە ناخەوە جنێودەدەم

کاتێ پێڵوەکانم لێکدەنێم
بە درۆوە خۆم ماتدەکەم و
پلانی میوانداری ڕك دادەڕێژم
من ڕکم لە مرۆڤە ژەنگنینەکان دەبێتەوە
مەرج نییە هەموویان درۆزن بن
مەج نییە هەموویان قینلەدڵ بن
مەرج نییە هەموویان چاوچنۆك بن
مەرج نییە هەموویان دووڕوو بن
لەوانەشە زۆریان باش بن و من نەیانناسم
بەڵام من ڕکم لە مرۆڤە ژەنگنینەکان دەبێتەوە

من تەنیا تۆ و ئەو دەناسم
لەوەتەی هەم، تەنیا ئەو جارانە لەخشتەبراوم
کە گوێم لە خۆم ڕانەگرتبێ و
ڕەشمەی خۆم بە وان سپاردبێ
پێش بەڕێکردنم،
پێش ئەوەی وێنەی لاپاڵە سەرسەوزەکان
لە ئەلبومی یاداوەرییەکانما بۆ سیروان
بۆ شارەزوور هەڵگرم
ئەو بۆمبایەکی خستە کۆڵەپشتەکەمەوە
یاداوەرییەکانی مناڵەکەمی،
پارچە پارچە، کردە قەقنەس
بۆنسووتی دڵخۆشییەکانم، شەمەندەفەرەکەی داگرت
خەونەکانم فڕێنران
نازانم بەرەو کوێ
بەرەو ئیمارات یا بەرەو کوردستان
لەوانەشە خەوندزەکان فڕێیان دابنە سەر هێڵە ئاسنینەکە
لەوانەشە لە زبڵدانێکدا لێی پاڵکەوتبن

ئەو لەبری نوشتەی بەڕێکردن
بۆمبایەکی لە کۆڵەپشتەکەمدا دانا و
تۆش وتت "چۆن کۆڵەپشت لەبیردەکرێ "
منیش لەداخا خەریکبوو شەقبەرم
لە کەناری ڕاین
لەوێ کە من بۆ وێنە سووتاوەکان
بۆ خەونە دزراوەکان
بۆ وێنای دارستانە دەمبەخەندەکان
دەگریام و ئەشکەکانم لافاویان هەڵدەستان
هەر لەوێ لە کەناری ڕاین
باسی دەنگدانەوەی خەمەکانم
ئەوانەی پاش هەراکە
گەیشتنە گوێی مرۆڤە ژەنگنینەکان
تۆ نیشانەی بێبڕواییت لە کۆتایی قسەکانا دانابوو
گەورەتر لەو ملپەڕێنەی
هەزاران ساڵ ملی فەرەنسەی پەڕان

من ڕکم لە مرۆڤە ژەنگنینەکان دەبێتەوە
بەڵام سوورپێستەکان
ئەوانەی کریستۆس* پەرتووکێکی پڕ درۆی بۆ بردن و
لە تۆڵەی کریست، پیرەکانی کەوڵکردن
کیژۆڵەکانی بە دیاری بۆ هەوەسبازەکانی ئۆروپا هێنان
من سوورپێستەکانم خۆشدەوێن
ئەوان لەوەتەی وەچەبڕکراون

منیش لەو ساتەوەی سپێرمی بابم و
هێلکەی دایکم بە شەقی خوا یەکانگیربوون
لەو کاتەوەی تۆ و ئەو و ئەوان دەناسم

من ڕکم لە درۆزنەکان دەبێتەوە
من بێزم لە مرۆڤە ژەنگنینەکان دەبێتەوە
من پێکەنینم لەبیرچووەتەوە

سوورپێستەکان بڕوایان بە پیاوی سپیپێست نەماوە
منیش بە تۆ و بە ئەو و ئەوان
بە مرۆڤە پێستژەنگنینەکان
ئەوانەی ماوەی نێوان،
چرپەی ناخ و وشەی سەرزاریان،
دووری زەمین و ئاسمانە.

١٤ی ئەپڕێلی ٢٠٠٩

* کریستۆس : لێکدراوی ناوی 'کریست ' و 'کریستۆفەر کۆڵومبوس'ە

## Motekey Peşîmanî

bêzarm;
le xom
le to
lewan
le Mrove destemokan
min bo pyawetî
to bo jnayetî
ew û ewan bo Xêllayetî

katêk ke ew, le xanedanîy dedwê
min bêz le xom dekemewe
bêz le toş
le ewêk, ke Hawrruxsarî toye
birya ew Şewey bo to koylekram
Babim le Geştêkî Byabanî buwaye
ta Ballinde koçerekan berew Hewarî êwe,
rapêçim neken

peşîmanim le ledaykbûnî xom
le hatnemîwanî to
le nasînî ew û le dîtnewey ewan
le nasînî êwe Mrove jenginînekan
xozge Gêjelûkêk ew Rojaney lûşdedam
Gerdelûlêk berew Asman lûlî dedam
Burkanêk Yadawerîyekanmî desûtan

min rkim le êwe debêtewe
lewey Dllim bo to kirde Sifre û
to miştê Genmî jehrawît leser dana
ax lew Rojey çende gêlbûm
Nêwlepim bot kirde Gulldan û
to û ew û ewan
be Şûlletutrrik, destan bestim
min nefret lew Ruxsarane dekem
Pêstyan sûr sûr ...
Xwênî lêdetkê û
le Mûlûlekanî Gonayana
Hewukîm hurjimdeka

min rkim le Mrove jenginînekane
lewetey to û ew û ewan denasm
Perdey Gwêm tenya be Dro delerêtewe
Çawekanim tenya Naşîrînî debînin û
Pencekanim tenya Naxunek dezanin
caran Dllim Ewîndanê bû;
bo Hawsêyanim
            bo Hawrrêyanim
                        bo Hawpîşanim
bo gmegmî Kotrebarîke
            bo Semay Gellay Daran
                        bo herçî heye û nîye le Cwanî

bellam ewrro, katê ke be nyazî Sllaw
Dest helldebrrim

le Naxewe cnêwdedem
katê Pêllwekanim lêkdenêm
be drowe xom matdekem û
Planî Mîwandarî Rik daderrêjm
min rkim le Mrove jenginînekan debêtewe
merc nîye hemûyan drozn bin
mec nîye hemûyan qînledill bin
merc nîye hemûyan çawçnok bin
merc nîye hemûyan dûrrû bin
lewaneşe zoryan baş bin û min neyannasm
bellam min rkim le Mrove jenginînekan debêtewe

min tenya to û ew denasm
lewetey hem, tenya ew carane lexiştebrawm
ke gwêm le xom ranegirtbê û
Reşmey xom be wan spardibê
pêş berrêkirdnim,
pêş ewey Wêney Lapalle sersewzekan
le Elbumî Yadawerîyekanma bo Sîrwan
bo Şarezûr hellgrim
ew Bombayekî xiste Kollepiştekemewe
Yadawerîyekanî Mnallekemî,
Parçe Parçe, kirde Qeqnes
Bonsûtî dillxoşîyekanim, Şemendeferekey dagrit
Xewnekanim frrênran
nazanim berew kwê
berew Îmarat ya berew Kurdistan
lewaneşe Xewindzekan frrêyan dabne ser Hêlle asnîneke
lewaneşe le Zbilldanêkda lêy pallkewtbin

ew lebrî Nûştey berrêkirdin
Bombayekî le Kollepiştekemda dana û
toş witt "çon kollepşit lebîrdekrê ?"
mnîş ledaxa xerîkbû şeqberm
le Kenarî Rhein
lewê ke min bo Wêne sûtawekan
bo Xewne dizrawekan
bo Wênay Daristane dembexendekan
degiryam û Eşkekanim Lafawyan helldestan
her lewê le Kenarî Rhein
basî dengdanewey Xemekanim
ewaney paş Herake
geyiştne Gwêy Mrove jenginînekan
to Nîşaney bêbirrwayît le kotayî Qsekana danabû
gewretir lew Milperrêney
hezaran Sall Mlî Ferensey perran

min rkim le Mrove jenginînekan debêtewe
bellam Sûrpêstekan
ewaney Cristos* Pertûkêkî pirr Droy bo birdin û
le tolley Christ, Pîrekanî kewillkirdin
Kîjollekanî be Dyarî bo Hewesbazekanî Orupa   henan
min Sûrpêstekanim xoşdewên
ewan lewetey weçebirrkrawn
mnîş lew Satewey Spêrmî Babim û
Hêlkey Daykim be Şeqî Xwa yekangîrbûn
lew katewey to û ew û ewan denasm

min rkim le Droznekan debêtewe
min bêzm le Mrove jenginînekan debêtewe
min pêkenînim lebîrçuwetewe

Sûrpêstekan birrwayan be Pyawî spîpêst nemwe
mnîş be to û be ew û ewan
be Mrove Pêstjenginînekan
ewaney mawey nêwan,
Çirpey Nax û Wşey ser Zaryan,
Dûrî Zemîn û Asmane.

14î Eprrîllî 2009

* Krîstos : lêkdrawî nawî ' Christ ' û ' Christopher Columbus'e

# چەرخی ئاوەژوو

چرکە .. چرکە
دەبینە بنێشت و
ڤایروس جەستەمان دەجوێ
پەڕاوی تەمەنمان، بەدەم ڕەشەباوە
پەڕ .. پەڕ
مەرگ دڵی دەسمێ

چرکە .. چرکە
هەزارانمان
دەبینە سەربازی ون و
لە سەرژمێرا دەمانسڕنەوە
کەچی گەمژان ..
لە یادێکا،
بۆ ڕێزنان لە مرۆڤ
یادی پادشایێ دەکەنەوە !

## Çerxî awejû

Çirke.. Çirke
debîne Bnêşt û
Vayrus Cesteman decwê
Perrawî Temenman, bedem Reşebawe
Perr .. Perr
Merg Dllî desmê

Çirke .. Çirke
hezaranman
debîne Serbazî wn û
le Serjimêra demansirrnewe
keçî Gemjan ..
le yadêka,
bo rêznan le Mrov
Yadî Padşayê dekenewe !

# خەمی ئێوە و دڵی من

هۆ مناڵانی بەساڵاچوو
لە پەڕاوی بیرەوەریتانا،
چەند سەدە مەینەتی،
تۆمارکراوە ..
زگی دەرپەڕیوتان،
پڕ لە خەمە و
بڕبڕەی پشتتان،
پەیژەی سەروەریی خواکان

هۆ مندالانی پەژارە تەسەل و
برسی لە ژیان ..
سیمای قوپاو و
پێستی برژاوتان،
جوانی سەروەرییە و
تابلۆی ئەمڕۆی ئینسان

هۆ مناڵانی برسی لە ژیان
سیماتان تابلۆ و
یادەواریتان،
مێژووی شەڕخوازیی خواکان
دەزانم ..
دەزانم هێندەی حەزتان،
قینتان هەیە ..
هێندەی ژمارەی مردووان
نەفرەتان هەیە ..
هێندەی ئارەزووی ژیان
بیری شۆرشتان هەیە

هۆ خونچانی پەژموردوو
بورکانی قینم هۆگری،
دەستی گرمۆڵەی ئێوەیە ..
خەمی نان و خەونی ئازادیم
درووشمی یاخیبوونی ئێوەیە ..
لەتەك هەڵچوون و تووڕەبوونتانا
ئەسپەشێی ژیان ڕێدەکا و
چاوەڕێی سوارچاکی ئێوەیە!

## Xemî êwe û Dllî min

ho Mnallanî besallaçû
le Perrawî Bîrewerîtana,
çend Sede Meynetî,
tomarkrawe ..
Zigî derperrîwtan,
pirr le Xeme û
Birrbrrey Piştan,
Peyjey serwerîy Xwakan

ho Mindallanî Pejare tesel û
birsî le Jyan ..
Sîmay qupaw û
Pêstî birjawtan,
Cwanî Serwerîye û
Tabloy emrroy Însan

ho Mnallanî birsî le jyan
Sîmatan Tablo û
Yadewarîtan,
Mêjûy şerrixwazîy Xwakan
dezanim ..
dezanim hêndey Heztan,
Qîntan heye ..
hêndey jmarey Mirduwan
Nefretan heye ..
hêndey Arezûy Jyan
Bîrî Şoriştan heye

ho Xunçanî pejmurdû
Burkanî Qînim hogrî,
Destî girmolley êweye ..
Xemî Nan û Xewnî Azadîm
Drûşmî yaxîbûnî êweye ..
letek hellçûn û tûrrebûntana
Espeşêy Jyan rêdeka û
çawerrêy Swarçakî êweye !

# کەتواری خەونی من

تازە بەدەم خەیاڵە بێئەژمارەکانمەوە،
سەرم نابووە سەر سەرینی تەنیایی ..
پێڵوەکانم وەك گڵۆپەکانی هەڵەبجە،
پرتە پرتەیان بوو
نەمزانی چۆن ئاودیوی خەو بووم ...
لە زبڵدانەکانی 'مانیلا' *
کیژۆڵەیەکی قژ خاوی کەپوو پان
لە دووی پلاستیکە کۆن،
کێوەزبڵی خواکانی کوناودەردەکرد
بەدەستی خۆم نەبوو، قیڕاندم؛
کچی خوا، پەنجۆڵەکانت برینداردەبن
بێ ئاوڕدانەوە، لێیپرسیم:
" لە کوێوە هاتووی، هێندە نائاگای؟ "
وتم کوردستان ..
وتی " نازانم، نەمبیستووە،
لەوە دەچێ مناڵانی ئێوە،
خەمی نان بۆ شوێنی ئاوا ...
پەڵکێشیان نەکا "

پێکەنین و گریان
لە وەڵامەکەم ئاڵان ..
وتم، نایلۆنە کۆنەی نێو گونیەی کۆڵی تۆ
پاش نۆژەنکردنەوەی بۆ بوتڵە کۆلا
مناڵانی کوردستان، بە کیلۆ دەیفرۆشنەوە
ڕۆژانە ژیانیان بەکیلۆ هەراجدەکەن.

لەپڕ توند قیژاندی :
" ئای قاچم، شوشەی پێداچەقی ! "
لە خەم و ترسی ئازاری ئەو
ئاوها داچڵەکیم، فریانەکەوتم
برینەکەی بۆ خاوێنکەمەوە
زریکەی ئەو و
سۆی کۆنە برینی نێولەپی ڕاستی خۆم،
فوتبۆلێنی نێو دڕك و داڵی
یاریگەکەی 'تووەوشك'ی بیرخستمەوە

*** (مانیلا) پایتەختی وڵاتی (فلیپین)ە**

## Ketwarî Xewnî min

taze bedem Xeyalle bêejmarekanmewe,
Serm nabuwe ser Serînî tenyayî ..
Pêllwekanim wek Gllopekanî Hellebce,
pirte pirteyan bû
nemzanî çon awdîwî Xew bûm ...
le Zbilldanekanî 'Manîla' *
Kîjolleyekî Qij xawî Kepû pan
le dûy Plastîke kon,
Kêwezbllî Xwakanî kunawderdekrid
bedestî xom nebû, qîrrandim;
Kçî Xwa, Pencollekant brîndardebin
bê awirrdanewe, lêypirsîm:
" le kwêwe hatûy, hênde naagay? "
wtim Kurdistan ..
wtî " nazanim, nembîstuwe,
lewe deçê Mnallanî êwe,
Xemî Nan bo Şwênî awa ..
pellkêşyan neka "

pêkenîn û giryan
le wellamekem allan ..
wtim, Naylone koney nêw Gunyey kollî to
paş nojenkirdnewey bo Butlle Kola
Mnallanî Kurdistan, be Kîlo deyifroşnewe
rojane Jyanyan be Kîlo heracdeken.

lepirr tund qîjandî :
" ay Qaçim, Şuşey pêdaçeqî ! "
le Xem û Tirsî Azarî ew
awha daçllekîm, firyanekewtim
Brînekey bo xawênkemewe
Zrîkey ew û
Soy kone Brînî Nêwlepî rastî xom,
Futbolênî nêw Dirrk û  Dallî
Yarîgekey 'Tuwewşik'î bîrxistmewe

* (Manîla) paytextî wllatî (flîpîn)e

# خەمی ژیان

دەمەو ئێوارە،
کاتێ ژیان ئاوادەبێ ..
دەنگپێی پەژارە
لە گەرووی شەپۆلا
بەرەو ناخی تۆفان،
ملدەنێ ..

ئای لەو خەمە
چەند گرانە
کاتێ وشەی مەرگ،
زار دەسووتێنێ ..
چرکە چرکە تەمەن
بە سواری وردە شەپۆل
تێدەپەڕێ و
لە خۆرنشینا
گێژeڵووکە قوتیدەدا ..
دزانی ئازادی
لە کاسەسەری منالانا
جێ ڕادەخەن

ئای لەو ترسەمەرگەی
کاتێ دەمەوبەیان
لەتەك هەڵای منارەکان
لەسەر دڵی ژیان
خۆی مۆتەکە دەکا

## Xemî Jyan

demew êware,
katê ke Jyan awadebê ..
Dengpêî  Pejare
le Gerûy Şepola
berew naxî Tofan,
mildenê ..

ay lew Xeme
çend grane
Katê Wşey Merg
Zar desûtênê ..
çirke çirke Temen
be swarî wirde Şepol
Têdeperrê û
le Xorinşîna
Gêjellûke qutîdeda ..
Dzanî Azadî
le Kaseserî Mnallana
Cê radexen

ay lew Tirsemergey
katê Demewbeyan
letek hellay Mnarekan
leser Dllî Jyan
Xoy moteke deka

## خەونێکی نامۆ

لێم مەپرسە من کێم ..
ڕێبوارێکی دوورەڕێم
سوارچاکێکی خەونەکانی تۆ ..
هەڵەداوان هاتووم،
شورەکانی ناخت، ببڕم
هاتووم دیمەنی بەهار
لەسەر پەڕەی دڵت،
بنەخشێنم و
ڕازێك بە گوێتا بچرپم

هاتووم تیشکە ونەکان
لە نیگاتا بشکێنمەوە
پەلکەزێڕینەی ئێواران،
لە گەردنت بئاڵێنم
خەرمانەی مانگەشەو،
لە ڕوخسارتدا بنەخشێنم
پڵپڵەی هیوا،
لە ملی خۆزگەکانتا،
بهۆنمەوە
بە دزی خواوە
خەونە ئەهریمەنییەکان،
لە یاداوەریتا، داچڵەکێنمەوە

لێم مەپرسە لە کوێوە هاتووم ..
خۆ لە ئاسمانەوە نەباریوم
کوێستاننشینم و

نانم لە پێدەشتی تۆدایە
شەکەتی ڕێم ..
تاسەی ماچی تۆ و
خەونی 'دێوان'ەم لە سەردایە
ئازیز پەزیرایم کە ئەم شەو،
بە ئومێدەوە هاتووم
لە تاسەی ماچێکا
شەیداییت بۆ ژیان بژێنمەوە

## Xewnêkî Namo

lêm mepirse min kêm ..
Rêbwarêkî dûrerrêm
Swarçakêkî  Xewnekanî to ..
helledawan hatûm,
Şurekanî Naxt, bibrrim
hatûm Dîmenî Behar
leser Perrey Dillt,
bnexşênim û
Razêk be Gwêta biçrrim

hatûm Tîşke wnekan
le Nîgata bişkênmewe
Pelkezêrrîney Êwaran,
le Gerdint ballênim
Xermaney Mangeşew,
le Ruxsartda bnexşênim
Pillplley Hîwa,
le Mlî Xozgekanta,
bhonmewe
be dzî Xwawe
Xewne Ehrîmenîyekan,
le Yadawerîta, daçllekênmewe

lêm mepirse le kwêwe hatûm ..
xo le Asmanewe nebarîwm
Kwêstaninşînim û

Nanim le Pêdeştî todaye

Şeketî Rêm ..

Tasey Maçî to û

Xewnî 'Dêwan'em le Serdaye

Azîz pezîraym ke em Şew,

be Umêdewe hatûm

le Tasey Maçêka

Şeydayît bo Jyan bjênmewe

## شۆڕشێك لە ئەوین

هەستە و ڕابە، درەنگە
نۆرەی تۆیە
لە خەوی خەفڵەتی تۆدا
بایەقوش هێلانە ئەکا
کوا دەستت
با لە پەنجە، شورەیەك
بۆ بەرەنگاری
با لە چاومان، بورجێك
بۆ هوشیاری
با لە دڵمان، مەکۆیەك
بۆ دڵداری
با لە قینمان، شۆڕشێك
بۆ ڕزگاری
پێکڕا بەرپاکەین

## Şorrşêk le Ewîn

heste û rabe, drenge
norey toye
le Xewî xeflletî toda
Bayequş Hêlane eka
Kwa Destit
ba le Pence, Şureyek
            bo Berengarî
ba le Çawman, Burcêk
            bo Huşyarî
ba le Dillman, Mekoyek
            bo Dilldarî
ba le Qînman, Şorrşêk
            bo Rizgarî
pêkra berpakeyn

## خەونێکی جوانەمەرگ

**پێشکەش بەو هاوڕێیەی، پێش ئەوەی ببینم و بیناسم، پەتی سێدارەیان کردە ملی ئەو و خۆزگەکانی من لە هونەرەکەی ئەودا!**

گیانی گیان و
چاوی 'کاروان'م
کۆرپەی خەمزەدەم
هێشتا بە ژانەکانی تۆ
کاتێ کە ناوکتیان
بە لێوارە ڕەقەی نان بڕی،
.. دەتلێمەوە و
خەمێ سەردڵی گرتووم ..
لەو ساوە جەستەم
کێڵگەی ژانە و
دڵم قاقڕە بیابان ..
لێوەکانم خەون،
بە لێواری ڕووبارەوە دەبینن
دەستەکانم لەدووی
جەستەم دەگەڕێن؛
تا لە کاروانی تۆدا
هەنگاوەکانم ملی ڕێ بگرن

من، تۆم و
تۆ، دەنگی من
تۆ ژێیەك نەبووی،
چڕنووکی مەرگ بتژەنێ
تۆ دەنگێ نەبووی،
لەتەکیدا ئەژدیهای هەزار سەر

قاقا پێبکەنێ

تۆ، منیت و من لە تۆ
من لە هیوای تۆدا،
سروودەکانی 'جۆ هیل' دەڵێمەوە
من لە گیتارەکەی تۆدا
گۆرانییەکانی 'جۆن لێنن' دەژەنمەوە.

تۆیان تەنیا گرت و
خەونی گشتمان زڕا
تۆیان تەنیا برد و
ناخی گشتمان گوشرا
بەڵام ئەوڕۆ یا سبەی
ئێمە ڕادەبین و تۆ دێی
کاروانەژێی گیتارەکەت
بەئاگادێنێ، خەواڵوانی شار
ئەوسا خەوندزان دەبینن
بەژنت بەرزتر لە گوێژە
خەونت سەوزترە لە بەهار
خوێنت سوورترە لە شۆڕش
گیتارەکەت توڕەترە لە خەڵکی هەژار
هونەرەکەت لە یاخیبوونەکانا
مەرگ دەچڕێ، بۆ خودا و سەرمایەدار
ئەوسا ئێمەش لە گردی سەیوان
پێکرا سروودەکەت، دەکەینەوە دووبارە
تا چیدی سەروەران،
نەکەنەوە ملی هونەر، پەتی سێدارە

## Xewnêkî Cwanemerg

**pêşkeş bew Hawrrêyey, ke pêş ewey bîbînim û bînasm, Petî Sêdareyan kirde Mlî ew û Xozgekanî min le Hunerekey ewda !**

Gyanî Gyan û
Çawî 'Karwan'm
Korpey xemzedem
hêşta be Janekanî to
katê ke Nawkityan
be Lêware reqey Nan brrî,
.. detlêmewe û
Xemê Serdllî girtûm ..
lew sawe Cestem
Kêllgey Jane û
Dllim qaqrre Byaban ..
Lêwekanim xewn,
be lêwarî Rûbarewe debînin
Destekanim ledûy
Cestem degerên ;
ta le Karwanî toda
Hengawekanim Mlî rê bigrin

min, tom û
to, dengî min
to Jêyek nebûy,
Çirrnûkî Merg bitjenê
to dengê nebûy,
letekîda Ejdîhay hezar Ser
qaqa pêbkenê

to, mnît û min le to
min le hîway toda,
Srûdekanî ' Joe Hill ' dellêmewe
min le Gîtarekey toda
Goranîyekanî  'John Lenon' dejenmewe.

toyan tenya girt û
Xewnî giştman zrra
toyan tenya bird û
Naxî giştman guşra
bellam ewrro ya sbey
ême radebîn û to dêy
Karwanejêy Gîtareket
beagadênê, Xewallwanî Şar
ewsa Xewindzan debînin
Bejnit beriztir le Gwêje
Xewnit sewiztre le Behar
Xwênt sûrtire le Şorrş
Gîtareket turretre le Xellkî hejar
Hunereket le yaxîbûnekana
Merg deçrrê, bo Xuda û Sermayedar
ewsa êmeş le Girdî Seywan
pêkra Srûdeket, dekeynewe dûbare
ta çîdî Serweran,
nekenewe Mlî Huner, Petî Sêdare

## سۆزی جادوویی

هۆ شۆخەکە
خۆزگە توانیبام
نهێنییەکانی ناخم
بە گوێچکەتا بچرپێنم
هێمای خۆزگە پەژموردەکانی لاویم
لەسەر پەڕەی دڵت، بنەخشێنم
بە گۆرانییە یاخییەکانم
هەست و سۆزت بجزوێنم
پەردەی شەرم لە ڕووی
سروشتی کچێنیت
هەڵماڵم و بیڕفێنم

ئاخ .. لەم وڵاتەدا
پەنجەرەکان چکۆلەن
ڕێگەکان کوێر و ونن
دەنگەکان ناساز و نووساو
گوڵەکان کورتەڵە و ژاکاو
کەو لەنێو قەفەزە و
کێشکە تیژڕەو و ترساو
سۆز و میهرەبانی برا
بزەی سەر لێوی باب
دڵدانەوەی ناچارییانەی داك
ژەهرە و زوخاو
ئەوین و شەیدایی
ڕاستی و تەبایی
گندۆرەیەکن، ترشاو

## Sozî Cadûîy

ho Şoxeke
xozge twanîbam
Nhênîyekanî Naxim
be gwêçketa bçirpênim
Hêmay xozge pejmurdekanî lawîm
leser Perrey Dillt, bnexşênim
be goranîye yaxîyekanim
Hest û Sozt bbizwênim
Perdey Şerm le Rûy
Sruştî Kçênît
hellmallm û bîrrfênim

ax .. lem Wllateda
Pencerekan çkolen
Rêgekan kwêr û wnin
Dengekan nasaz û nûsaw
Gullekan kurtelle û jakaw
Kew lenêw Qefeze û
Kêşke tîjrrew û tirsaw
Soz û Mîhrebanî Bra
Bzey ser Lêwî Bab
Dilldanewey naçarîyaney Dak
Jehre û Zuxaw
Ewîn û Şeydayî ..
Rastî û Tebayî ..
Gindoreyekin, tirşaw

## شۆڕەکچانی شۆڕش

دیم ئێوە بوون، هاتن
لەچکێکی سوورتان
بە ڕەشپۆشی
هەڵەبجە و ئەنفالدا دابوو
ئێوە بوون
ئا .. ئا .. ئێوە بوون
دەستان گرمۆڵە و
چاوتان پڕقین
نیگاتان لە ئاسۆ بڕیبوو
ئێوە بوون، هاتن و
ڕێژەتان بەستبوو
لوولەی چەکتان لە ئاسمان
خوا لە ترسانا
لەپشت شورەی نێرسالارانا
خۆی حەشار دابوو
ئێوە بوون، هاتن و
هەنگاوەکانتان، هاودەم
ئێوە بوون، هاتن و
هاوارەکانتان، هاوئاهەنگ
بەڵێ ئێوە بوون، هاتن و
بانگی ئازادیتان چڕی ...

## ŞoreKçanî Şorrş

dîm êwe bûn, hatin
Leçkêkî sûrtan
be reşpoşî
Hellebce û Enfalda dabû
êwe bûn
a .. a .. êwe bûn
Destan girmolle û
Çawtan pirrqîn
Nîgatan le Aso brrîbû
êwe bûn, hatin û
Rêjetan bestibû
Lûley Çektan le Asman
Xwa le tirsana
lepşit Şurey Nêrsalarana
xoy heşar dabû
êwe bûn, hatin û
Hengawekantan, hawdem
êwe bûn, hatin û
Hawarekantan, hawaheng
bellê êwe bûn, hatin û
... Bangî Azadîtan çrrî

## هاونەتەوان

چۆن، ئێمە خوشکین ؟
چۆن، ئێمە براین ؟
ئێمە و ئێوە
دوو چینی جیاین
ئێمە پێستمان ڕەش
ئێوە ناختان
ئێمە موومان ڕەش
ئێوە بیرتان
ئێمە ڕۆژگارمان ڕەش
ئێوە دیرۆکتان
ئێمە بەشمان هەش
ئێوە دواڕۆژتان
ئێمە ئاسۆمان گەش
ئێوە دۆزەختان
چۆن، ئێمە و ئێوە
خوشك و براین ؟
ئێمە و ئێوە
دوو چینی دژ و
هەردەم جیاین !

## Hawnetewan

çon, ême Xuşkîn ?

çon, ême Brayn ?

ême û êwe

dû Çînî cyayn

ême Pêstman reş

êwe Naxtan

ême Mûman reş

êwe Bîrtan

ême Rojgarman reş

êwe Dîroktan

ême Beşman heş

êwe Dwarojtan

ême Asoman geş

êwe Dozextan

çon, ême û êwe

Xuşk û Brayn ?

ême û êwe

dû Çînî dij û

herdem cyayn !

# هاودەنگی ژێر سنوورەکان

کاتێك
ترپەی دڵی زەوی و
دڵەخورپەمان
هاودەنگ دەبن ..
سنوورەکان،
دەبنە نەخشی سەر ئاو
نەتەوە و نیشتمانیش
تەنیا پەرجوو و ناو

کاتێك
دەستمان لەیەك گرێدەدەین،
بۆ شۆڕش و ژیان
پڕ بە گەرووی کان،
سروود دەچڕین
کاتی مانگرتن
بۆ دەستلەکاروەرگرتن
بە مۆرسی قوڵینگ
هەواڵ و پەیامی جەنگ
بۆ یەکدی بروسکە دەکەین
لەبیرمان دەچنەوە سنوورەکان

## Hawdengî jêr Snûrekan

Katêk
Tirpey Dllî Zewî û
Dllexurpeman
Hawdeng debin ..
Snûrekan,
debne Nexşî ser Aw
Netewe û Nîştmanîş
tenya Percu û Naw

Katêk
Destman leyek grêdedeyn,
bo Şorrş û Jyan
pirr be Gerûy Kan,
Srûd deçrrîn
Katî Mangirtin
bo Destlekarwergirtin
be Morsî Qullîng
Hewall û Peyamî Ceng
bo yekdî bruske dekeyn
lebîrman deçnewe Snûrekan

## دەنگپێی مەرگ

تۆز و گەردی گەردەلوول
لەسەر پێڵوم
دیواری گۆڕی هەڵچنی
گلێنەی چاوانمی
کردە گۆڕی نیگام

سەرابی جوانی
تاسەی ماچمی،
خنکان
لە گۆڕستانی ئەوینا
پلو پلو کرێوەی نائومیدی
زارم پڕۆ ئەکا
خۆڵبارانی ئەم پاییزە
لەسەر پەڕاوی تەمەن
شوێن هەنگاوم،
ون ئەکا

لە چلوورەی برژانگما
ژیان، لەرزان .. لەرزان
لە ناخم، ماڵئاوایی ئەکا
خەیاڵەکانم بۆ سەرەتا
لێدەدرێنەوە و
حەزی خەوێکی هەتایی
سەراب ئاسا
تا لێواری گۆڕ، بەڕێم ئەکا

# Dengipêy Merg

Toz û Gerdî Gerdelûl
leser Pêllum
Dîwarî Gorrî hellçinî
Glêney Çawanmî
kirde Gorrî Nîgam

Serabî Cwanî
Tasey Maçmî,
xinkan
le Gorristanî Ewîna
Plu Plu Krrêwey Naumîdî
Zarm prro eka
Xollbaranî em Payîze
leser Perrawî Temen
Şwên Hengawm,
win eka

le Çlûrey Birjangekanma
Jyan, lerzan .. lerzan
le Naxim, Mallawayî eka
Xeyallekanim bo sereta
lêdedrênewe û
Hezî Xewêkî hetayî
Serab asa
ta Lêwarî Gorr, berrêm eka

## پارچیلەکانی تەمەنم

**- پارچەی یەکەم -**

لە بێدەنگییەکی ترساودا
لەتەك داخورپانی دڵم
گولەتۆپی خواکان
گۆشت و ئێسکی نەریمان و نازیمە
دەپەڕێتە مەنچەڵی هەژاری
پەڵە هەورێکی مات
خەمی دڵی مناڵان
لە خۆرنشیندا دەنووسێتەوە،
لەبیرمە پەلە هەورەکە
وەك مس سوورهەڵگەڕابوو
نەنکم دەیوت "نیشانەی نیگبەتییە ! "

**-پارچەی دووەم -**

بە دزی یاساوڵانی خواوە
هەڵهاتین و یاداوەرییەکانم
بوون بەژێر دار و پەردووی خانووەکەمانەوە
تا پرسگەکەی خوارئاوایی
هەر ئاوڕم لە دوا دەدایەوە ..

**- پارچەی سێیەم -**

لە ترسی شریخەی تۆپەکان
لە پانتایی شارەزووردا
سەرپەنامان بۆ مانەوە بەدینەکرد
فریا نەکەوتم
یاداوەرییەکانی سێچەمان و شارەزوور
لەیەك گرێدەم

کەشکۆڵی ئاوارەییم بە شاندا دایەوە و
تا دەڤەری خاکی ڕەش نەوەستام و
لە ترسانا ئاوڕمنەدایەوە
لەوێش چەند کارتیلەیەکم لێ بەجێمان
ئەم جارە بۆ ئەوەی براکەم نەکوژرێ
گەڕاینەوە هەواری بابان

**- پارچەی چوارەم -**

لە ئازادبوونی بابمان نائومێد بووین
دەمانگوت هەر ئەم جارە ئازاد بێ
قەیناکا
دەچینەوە ژێر بەزەیی تۆپخانەکان
بە کڕنووشەوە گەڕاینەوە ژێرخانەکان

**- پارچەی پێنجەم -**

هێشتاکە دەستبەرداری خەونەکانی منالّیم
نەبووبووم
هێشتاکە لەبیری سێبەری دارگوێزەکاندا دەژیام و
هەر برسیمبووایە نائاگا دەستم
بۆ کاکلّە و میوژی گیرمانم دەبرد
لەناکاو گەردەلولێ هات و
بۆ ئەو دیو سنوورەکان ڕاپێچیکردین
بێ ئەوەی بیری لێبکەینەوە
دەستی تۆپتەقێنەکانی پێماچکردین

**بەردەوام دەبێت ...... - پارچیلەی شەشەم - .....  - پارچیلەی حەوتەم - ....، - پارچیلەی هەشتەم ....، - پارچیلەی نۆهەم - ....، - پارچیلەی دەهەم -....، - پارچیلەی یازدەهەم - .....، پارچیلەی دوازدەهەم....، - پارچیلەی سیازدەهەم - ....، - پارچیلەی چواردەهەم – .... ، پارچیلەی پازدەهەم –  ؟؟؟؟؟؟**

## Parçîlekanî Temenim

**- Parçey yekem -**

le Bêdengîyekî tirsawda
letek Daxurpanî Dllim
Guletopî Xwakan
Goşt û Êskî Nerîman û Nazîme
deperrête Mençellî Hejarî
Pelle Hewrêkî mat
Xemî Dllî Mnallan
le Xorinşînda denûsêtewe,
lebîrme Pele Hewreke
wek Mis sûrhellgerrabû
Nenkim deyut " Nîşaney nîgbetîye ! "

**- Parçey duwem -**

be dzî Yasawllanî Xwawe
hellhatîn û Yadawerîyekanim
bûn bejêr Dar û Perdûy Xanuwekemanewe
ta Prisgekey Xwarawayî
her awrrim le dwa dedayewe ..

**- Parçey sêyem -**

le tirsî Şrîxey Topekan
le Pantayî Şarezûrda
Serpenaman bo manewe bedînekrid
firya nekewtim
Yadawerîyekanî Sêçeman û Şarezûr
leyek grêdem

Keşkollî Awareyîm be Şanda dayewe û
ta Deverî Xakî reş newestam û
le tirsana Awrrim nedayewe
lewêş çend Kartîleyekim lê becêman
em care bo ewey Brakem nekujrê
gerraynewe Hewarî Baban

**- Parçey çwarem -**

le azadbûnî Babman naumêd bûyn
demangut her em care azad bê
qeynaka
deçînewe jêr bezeyî Topxanekan
be Kirrnûşewe gerraynewe Jêrxanekan

**- Parçey pîncem -**

hêştake destberdarî Xewnekanî Mnallîm
nebûbûm
hêştake lebîrî Sêberî dargiwêzekanda dejyam û
her birsîmbuwaye naaga Destim
bo Kaklle û Mîwjî Gîrmanim debrid
lepirr Gerdelulê hat û
bo ew dîw Snûrekan rapêçîkirdîn
bê ewey bîrî lêbkeynewe
destî Topteqênekanî pêmaçkirdîn

**berdewam debet ......, - Parçîley şeşem - ...., - Parçîley hewtem - .... , - Parçîley heştem ... , - Parçîley nohem - ...., - Parçîley dehem -.. , - Parçîley yazdehem - ..., Parçîley dwazdehem ...., - Parçîley syzdehem -.... ., - Parçey çwardehem – ....,**

**- arçey pazdehem – ??????**

# أمید

دوستم داری
دوستت داشتم
اما اینقدر... کافی نیست
میان ما هنوز ... راهی است دور،
باید خارسیم ها
در سرزمین
گوشت استخوان
سبز شوند
تا مرزها را طی کنیم

دوستت دارم
دوستم داشتی
وقتی درخانه‌ای ...
بی پنجره
آرزوی دویدن ...
درشعرهایت شنیدم

دوستت داشتم
دوستم داشتی
زمانی که ...
دستهایت را
در دستهای من گذاشتی
تا ازتشنگی ...
در دنیای سراب
گم نشویم

دوستم داری
دوستت دارم
اگر راه دراز و دور
روزگار کوتاه بود
در رخسار ماه
آرزوها را بنگار
پیگیرانه با من دیگر
در سرزمین ستارها
آدمها را بکار

١٩٩٧/٠٦/٠٦

# همان درد و همان فریاد

**برای آن دختر أفغانی، که جلادهای**
**طالبان، جواب شعرهایش را**
**با رگبار اسلحه‌هایشان دادند !**

اینجا ..
در این سرزمین گرسنگی
با أمید همتایی
در رؤیای آزادی
صدای رژه شما را میشنوم
أی زنان رنج و بردگی

اینجا .. هم
در شهرهای غم زده
در کوچه‌های تنگ دهکده
جسد تکه شده‌ی زنان
برمیدارد نقاب
از روی نظم نوین بردگی

اینجا .. هم
فرمان شلاق و شمشیر
جای زبان را گرفته
اینجا .. هم
خدایان توهم و خیال
حجاب و بردگی را
به بالای زنان دوخته

اینجا .. و آنجا ..
در هر گوشەی دنیا
بر سر سفرەی بی رونق ما
همان نظم نوین بردگی
حکم فرماست
در طول تاریخ
برای رهایی ما بردگان
تنها و تنها ..
آزادی تمام بشریت
قبله نماست

۲۰۰۱/۰۷/ ۲۸

# هەڵبەست

## داستان

پێشکەشە بە بێسەرپەرشتانی هەڵەبجە

هەبوو .. نەبوو
شارێ هەبوو
پشت شارەزوور
خوار هۆرامان
ئەم لا مەگر
ئەو لا شرام
هەڵەبجە بوو

****

هەبوون .. نەبوون
چواران هەبوون
پارتی گەورە،
گچکەش هەبوون
( ی . ن . ك ) و
( پ . د . ك ) و
حسك و پاسۆك،
حەرەكە بوون

****

هەڵۆی شاخ و
یەکانەی دەشت
چەندین مانگ بوو
بۆ بەرلەشکری
بە حەوت و هەشت
لە قۆڵی کەرەژال

بەرەو خورماڵ
بۆ پێشوازی
گەڕەك گەڕەك
گشت ماڵە و ماڵ
دیدار خۆش
ئەی پارتیزان
ڕێبواری ڕێی
کەرەج و تاران

****

کاکە حەمەی
حاجی مەحمود
" ئەرز ئەدڕێ
هەروەك گاجووت"*
لە قۆڵی سورێن
هەتا سیروان
بە پیادەڕێ
هاتەخوار
دەست بە گۆچان

****

مەلا عەلی
فریشتەو وەلی
تەشریفی هێنا
لە قۆڵی نەوڕۆڵی
بەرەو گوڵان
بۆ بارەگای
ئاغای دیهقان

فەرمانیدا و
چوونە لای
وەکیلی خودای
بۆ مۆڵەتی
چوونە بەهەشت

* * * *

شەوکەت مشیر
لێزان و ژیر
لە قوڵی ڕێشاو
هێرشی هێناو
بەدەستوبرد
داگیریکرد
پشتی سەراو
بەر باخی میر

* * * *

حەمیدە فەنی
پارتییەمەنی
سەرلکی سێ وچوار
واهاتە خوار
بەلەنجە و لار

* * * *

بەندەی خودا
نەجیبی نامار
لەتەك پاسدار
تا چۆم سیروان

بەبێ وچان
لەنێوبەرن
"کۆمەڵەی گاور"
چ بە کوشتن
چ بە خنکان

****

هاتن پۆل پۆل
ئەبابیلان
بە بوردومان
بە ناپاڵم و
کیمیاباران
هەڵەبجەیان
کرد بوردمان
بوو بە عیبرەت
بۆ یاخیبوون
لە فەرمانی
بەعس و یەزدان

* ئەمە قسەیە لە ساڵانی سەرەتای دەهەی هەشتای سەدەی ڕابوردوودا شانازی و پێداهەڵدانی لایەنگرانی (حسك) خۆی بوو لە بەرامبەر لایەنەکانی دیکەدا.

## Dastan

**pêşkeşe be Bêserperiştanî Hellebce**

hebû .. nebû

Şarê hebû

pişt Şarezûr

xwar Horaman

em la Megir

ew la Şram

Hellebce bû

****

hebûn .. nebûn

çwaran hebûn

Partî gewre,

giçkeş hebûn

( Y . N . K ) û

(P . D . K ) û

Hisk û Pasok,

Hereke bûn

****

Helloy Şax û

Yekaney Deşt

çendîn Mang bû

bo berleşkirî

be hewt û heşt

le Qollî Kerejal

berew XurMall

bo pêşwazî

Gerrek .. Gerrek

gişt Malle û Mall

Dîdar xoş

ey Partîzan

Rêbwarî rêy

Kerec û Taran

* * * *

Kake Hemey

Hacî Mehmud

"Erz edrrê

herwek Gacût" *

le Qollî Surên

eeta Sîrwan

be pyaderrê

hateXwar

Dest be goçan

* * * *

Mela 'Elî

frîştew welî

teşrîfî hêna

le Qollî Newrrollî

berew Gullan

bo Baregay

Axay Dîhqan

fermanîda
çûne lay
Wekîlî Xuday
bo Molletî
çûne Beheşt

****

Şewket Mşîr
lêzan û jîr
le Qollî Rêşaw
Hêrşî hênaû
bedestiwbird
dagîrîkrid
piştî Seraw
ber Baxî Mîr

****

Hemîde fenî
Partîywmenî
Serlikî sê ûçwar
wa hate Xwar
be Lence w Lar
Bendey Xuda
Necîmî Namar
letek Pasdar
ta Çom Sîrwan
bebê Wçan
lenêwbern

" Kommelley gawr "

çi be kuştin

Çi be xinkan

****

hatin pol pol

Ebabîlan

be burduman

be Napallm û

Kîmyabaran

Hellebceyan

Kird burdman

bû be 'îbret

bo yaxîbûn

le fermanî

Be's û Yezdan

*eme qseye le Sallanî seretay dehey heştay sedey raburdûda şanazî û pêdahelldanî layengranî (hisk) xoy bû le beramber layenekanî dîkeda.

# پەخشان

# شەقامە یاخییەکان *

مانگەشەو کز و ماندوو، بەرەو دەریا لە شۆڕبوونەوەدا بوو، تاکو ڕوخساری شێواوی بشوا .. تارماییەکان لەژێرپێی ڕێبوارانی شەقامە کۆستکەوتووەکاندا هەڵدەهاتن و هەنگاوەکان خێراتر شەویان ڕاودەنا .. ڕاوچیانی کازیوە لەپشت مۆڵگەکانیانەوە، خۆیان مەڵاسدابوو .. خۆر هەنگاو بە هەنگاو بە دەمکەلدا بەرزدەبووەوە و سنوورەکانی دەبڕی، تا تین و تاو بداتە جەستە تەزیوەکانی وەرزی بەستەڵەك .. هەنگاوەکان خێراتر و لێدانی دڵەکان بەهێزتر .. دەستەکان گرمۆڵە و سەرە یاخیبووەکان پر خەون و ئارەزوو .. شریخەی تفەنگ .. هاوارێکی سەرکەش پڕ بە گەرووی کۆڵانە برسییەکانی شار، مەرگی شەوەیان دەچڕی .. هەنگاوەکان ڕێکتر و دەنگەکان هاوئاوازتر .. دڵەکان لە ئەوین پاراوتر .. جەستەی گیانبەختکردووان لە ئاڵای سوور، سوورتر .. مەرگ لەبەردەم شەپۆلی ڕاپەریندا، لە بیری ڕاوچیان لاوازتر .. خۆر و دڵی شار لە گەورەیی و میهرەبانیدا پێشبرکێیان بوو .. دەنگی ئازادی و یەکسانی، بڵندتر لە دەنگی نووساوی ئەودیو سنوورەکان، بەگورتر لە هەنگاوی هەلپەرستانەی، حازرخۆرانی سفرەدڕ .. لە گەرووی شارەوە، دەنگەکان شەپۆل شەپۆل، تا ئەودیو سنوورەکان دەچوون .. ئازادی لە چاوە بەقوڵاچووەکانی شارەوە پریشکی دەهاویشت و لە نیگای ئاگراوی هەزاران هەنگاوی ڕێژەبەستوودا، لە هەزاران دەستی گرمۆڵە و پرچەکدا، لە هەزاران سەری پڕ ئەندێشدا، پڕ بە ئارەزووی مێژوو، لە ئامێزی «شورا»دا یەکگرتوو .. بۆ چڕینەوەی هاوارە تاسێنراوەکانی هەڵەبجە .. بۆ نواندنی ڕاستییەکانی پشتپەردە .. بۆ دادڕینی پەردەی ڕەشی تاوان .. هەواڵی دەستلەملانێی خۆفرۆشەکانی مێژوو .. نەخشە و پلانی بەزیوە گەڕەکانی ئەودیو سنوور و سیخوڕە بەڕەڵاکانی نێوشار و چەکدارە چاوساخەکانی قادسیەیان ڕاگەیاند .. سنوورەکان لە هۆشی تاکدا سڕابوونەوە .. هیچ کەس کورد و کەس عەرەب نەبوو، هیچ کەس عیراقی و کەس میسری نەبوو، تەنیا سیخوڕ و خۆفرۆش و بکوژەکانی سەرمایە نەبێ .. تەنیا دەستە و تاقمەکانی (حاجی بوش) نەبێ، کە سنوورەکانیان تەلبەنددەکردەوە .. دڵی شار لێوانلێو بوو لە ئەوین و ئازادی، یەکبوون و پاکی .. پەیکەرەی «شورا»ش پڕشکۆتر .. (دەنگی گەل*) نوساوتر و لەشکرەکەی "سەرسپی" هارتر .. سەرانی نەتەوەش بە ماچی گۆنای نەوەی پێخەمبەر و نوێنەری خودای، تاسەی چەند ساڵەی ئەودیو سنووریان دەشکاند .. مێشکی ژەنگنینیان، نەخشەی کۆڕەوێکی بێئەژمار و ناکۆتا .. نەخشەی سەرکوتی هێزی شورایی و گێرانەوەی فەرمانی قەرەقووشی پاشای تێکشکاویان دەکێشا .. بەدەم هەڵدانی پێکی خوێنی ئەویندارانی ئازادییەوە، سەرانی بەرەی سازش و پاڵەوانی

دایکی جەنگەکان و حاجی بوش، بروسکەی پیرۆزباییان دەگۆڕییەوە .. جامی شار پڕ و ئاگری ڕاپەڕینی دووەم بەکڵپەتر .. دێووجامەی " گەل و نیشتیمان"یش کاڵ و شڕتر .. دەنگی کرێکارانی ڕستن و چنین، لە گەرووی هاوڕێ ( ئاراس )دا بەهێزتر و خاراوتر .. دەستی مندالانی بۆیاخچی و گەداکانی شار لەسەر زرێپۆشەکان گرمۆڵە و یەکگرتووتر .. دەنگە نووساوەکان، ترس و شەوەزەنگیان دەچڕی .. (دەنگی گەلۆ)ش پڕ بە قوڕگی نووساوی، لە مانگەشەو دەوەڕی و جەماوەری ڕاپەڕیوی بە تابووری پێنجەم ناودەبرد ... پەیامی ڕێکەوتنی خوێنمژان، بۆ پاراستنی یەکێتی ڕیزە ئەفسانەییەکانی نەتەوە، گوێی شاری یاخیبوویان دەئاخنی، تاکو بیری ئازادی، ژەنگاوی بکەنەوە .. تا کۆت و زنجیری سەروەری لە دەست و گەردنی شار بئاڵێنن و برسییەکان برسیتر و دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر بکەن .. تا دەزگەی سەرکووتی پۆلیس و لەشکر سازبدەنەوە .. تا ڕەوایی بە کۆیلەتی کرێگرتە بدەنەوە .. سیاچاڵەکان گەورەتر و بانکەکان بەژن بەرزتر کەنەوە .. زاری حازرخۆرانی سفرەدڕ، ژاری لێدەباری و لەسەر خوانی ڕاپەڕین بە ڕووی ئازادیخوازاندا دەڕشانەوە، تاکو وشەی شورا و ئازادی و یەکسانی لە بیرەوەری شاردا بسڕنەوە ..

٦ی ئازاری ١٩٩٩

## Şeqame yaxîyekan *

Mangeşew kiz û mandû, berew derya le şorrbûneweda bû, taku ruxsarî şêwawî bişwa .. Tarmayîyekan lejêrpêy rêbwaranî şeqame kostkewtuwekanda helldehatin û hengawekan xêratir şewyan rawdena .. Rawçyanî kazîwe lepşit mollgekanyanewe, xoyan mellasdabû .. Xor hengaw be hengaw be demkelda berizdebuwewe û snûrekanî debrrî, ta tîn û taw bdate ceste tezîwekanî werzî bestellek .. Hengawekan xêratir û lêdanî dllekan behêztir .. Destekan girmolle û sere yaxîbuwekan pir xewn û arezû .. Şrîxey tfeng .. Hawarêkî serkeş pirr be gerûy kollane birsîyekanî şar, mergî şeweyan deçrrî .. Hengawekan rêktir û dengekan hawawaztir .. Dllekan le ewîn parawtir .. Cestey gyanbextkirduwan le allay sûr, sûrtir .. Merg leberdem şepolî raperînda, le bîrî rawçyan lawaztir .. Xor û dllî şar le gewreyî û mîhrebanîda pêşbirkêyan bû .. Dengî azadî û yeksanî, bllindtir le dengî nûsawî ewdîw snûrekan, begurtir le hengawî helperistaney, hazirxoranî sifredirr .. Le gerûy şarewe, dengekan şepol şepol, ta ewdîw snûrekan deçûn .. Azadî le çawe bequllaçuwekanî şarewe prîşkî dehawîşt û le nîgay agrawî hezaran hengawî rêjebestûda, le hezaran destî girmolle û pirçekda, le hezaran serî pirr endêşda, pirr be arezûy mêjû, le amêzî "şura"da yekgirtû .. Bo çrrînewey haware tasênrawekanî hellebce .. Bo nwandinî rastîyekanî piştperde .. Bo dadrrînî perdey reşî tawan .. Hewallî destlemlanêy xofroşekanî mêjû .. Nexşe û planî bezîwe gerrekanî ewdîw snûr û sîxurre berrellakanî nêwşar û çekdare çawsaxekanî qadisyeyan rageyand .. Snûrekan le hoşî takda srrabûnewe .. Hîç kes kurd û kes 'ereb nebû, hîç kes 'îraqî û kes mîsrî nebû, tenya sîxurr û xofroş û bkujekanî sermaye nebê .. Tenya deste û taqmekanî (hacî buş) nebê, ke snûrekanyan telbenddekirdewe .. Dllî şar lêwanlêw bû le ewîn û azadî, yekbûn û pakî .. Peykerey "şura"şi prrişkotir .. (Dengî gel*) nusawtir û leşkrekey "sersipî" hartir .. Seranî neteweş be maçî gonay newey pêxember û nwênerî xuday, tasey çend salley ewdîw snûryan deşkand .. Mêşkî jenginînyan, nexşey korrewêkî bêejmar û nakota .. Nexşey serkutî hêzî şurayî û

gêranewey fermanî qereqûşî paşay têkişkawyan dekêşa .. Bedem helldanî pêkî xwênî ewîndaranî azadîyewe, seranî berey sazş û pallewanî daykî cengekan û hacî buş, bruskey pîrozbayîyan degorrîyewe .. Camî şar pirr û agrî raperrînî duwem bekillpetir .. Dêwucamey " Gel û Nîştîman"îş kall û şirrtir .. Dengî krêkaranî ristin û çnîn, le gerûy hawrrê ( aras )da behêztir û xarawtir .. Destî mindallanî boyaxçî û gedakanî şar leser zrêpoşekan girmolle û yekgirtûtir .. Denge nûsawekan, tris û şewezengyan deçrrî .. (Dengî gelo)şi pirr be qurrgî nûsawî, le mangeşew dewerrî û cemawerî raperrîwî be tabûrî pêncem nawdebrid ... Peyamî rêkewtinî xwênimjan, bo parastinî yekêtî rîze efsaneyîyekanî netewe, gwêy şarî yaxîbûyan deaxnî, taku bîrî azadî, jengawî bkenewe .. Ta kot û zincîrî serwerî le dest û gerdinî şar ballênin û birsîyekan birsîtir û dewllemendekan dewllemendtir bken .. Ta dezgey serkûtî polîs û leşkir sazbdenewe .. Ta rewayî be koyletî krêgirte bdenewe .. Syaçallekan gewretir û bankekan bejn beriztir kenewe .. Zarî hazirxoranî sifredirr, jarî lêdebarî û leser xwanî raperrîn be rûy azadîxwazanda derrşanewe, taku wşey şura û azadî û yeksanî le bîrewerî şarda bsirrnewe ..

**6î azarî 1999**

# یەکەم هەناسەی تاساو و دوا فرمێسکی قەتیسماو

کازیوە لەنێو تەمومژی بەیاندا، پرچی ئالۆزکاو و لێوەکانی هەڵبزرکابوون .. کۆترەباریکەکانی ( باخی میر ) لەتاو دەنگەدەنگی دوێشەوی منداڵانی تەرەبووی شارەکەم، ئارامیان لێبرابوو .. چۆلەکان چلاوچل، جریوەجریویان بوو، دەتوت هەواڵی ژاراوبوونی گەنمیان پێیە .. خۆر لە دەمکەلی شرام، لەتەك مناڵە بزێوەکان چاوشارکێی بوو .. دوودڵ، چۆن بەتیشکە زێڕینەکانیدا پەژارەی خۆی بهاوێتە دڵ و دەروونیان .. تیشکەکانی لەژێر باری گرانی خەفەتدا کورت و کەم تین، تا دەهاتن کاڵتر دەبوونەوە، نەدەگەیشتنە دڵی شارەکەم .. سیمای شار دەتگوت، شانەهەنگە و مناڵی چەقاوەسوو، داری تێئاژنیووە .. شۆڕەبیەکانی ( گوڵان ) و ( بامۆك )، پرچیان شانەنەکراو، ملیان بەلارەوە نابوو ... سەرە ڕێگەکانی ( چاوگ) و ( تووەوشك ) چۆڵ و کۆڕانی هەرزە چاوەڕێی کچە تینووەکانی ئەوین ناکەن .. هەنگاوەکان وێل و بێهێز .. ساتەکان نامۆ .. کۆڵانەکان چیتر، یاریگەی منداڵانی خۆشینەدیوو نەبوون، دەتگوت مەیدانی ( مین )ن و ئەژنۆی ڕێبوارانی بێهێز و هەنگاوەکانیان تێکەڵوپێکەڵ دەکرد .. خۆر بەدڵەڕاوکێوە چەقیبووە، نێوەڕاستی ئاسمانی شار .. سێبەرەکان لە خەما کورت و کورتر دەبوونەوە و دەچوونەوەیەك، لە ترسی هێرشی خوداوەندی قادسیە، لەژێر هەنگاوە نائارامەکاندا خۆیان حەشاردابوو .. پۆل پۆل ئەبابیلە ژارهاوێژەکان، بۆ ئەنجامدانی قەزاوقەدەر .. بۆ پاراستنی سەروەری " گەل و نیشتیمان " .. بۆ ئەزموونکردنی دوا داهێنانەکانی سەرمایە .. بەرەو شارە سەرکەشەکەی مێژوو، ئاسمانیان تەیکرد .. یەکەم بۆمبا ڕۆژی لەتکرد .. زریکەی منداڵ و وردوخاشبوونی پەنجەرەکانی شار، لەتەك زرینگانەوەی پێکی شادی سەرۆك و بەرزبوونەوەی نرخی کیمیاوی لە بازاری چەکدا، گوێی مرۆڤایەتیان کەڕدەکرد. خۆر لەداخا، لەتەك ماڵئاوایی ژیان لە جەستەی سوتاو و شێواوی هەڵەبجە، سەری خۆی هەڵگرت ..

ئایساڵ وەرگەڕاوە و گەڵاڕێزانە .. مەرگی دار و درەخت .. لێکدابڕانی ژن و پیاو .. سوتانی ساوا و پەپولە .. ژاکانی گوڵ و خەندە .. خنکانی دڵدار و کۆترەباریکە .. هێڵی تابلۆی هونەری خوداوەندن و لەسەر جەستەی هەڵەبجە کێشاویانە .. هەواڵەکانی خۆرئاوابوون، ڕایدەگەێنن، مانگە دەستکردەکان لە ڕێنوێنی ئەبابیلەکان و تۆمارکردنی سەرکەوتنەکەدا سەرکەوتوو بوون .. خومەینی دەستی ئۆخەی بە ڕدێنیدا دێنێ، سەرکردەکانی ماڵوێرانی کوردیش، خەریکی ژماردنی پارەی بانك و کێشانەی بازنی مەچەکی بووکە جوانەمەرگەکانن .. دەنگی تاساوی قوڕگە

سووتاوەکانی ( عەنەب ) ، ( بامۆك ) ، ( تووەوشك ) ، ( گوڵان ) و ( شەهیدان ) پڕ بە قوڕگی مێژوو هاواردەکەن و دەپرسن : کێ لە قەسابانی کۆمونەی پاریس دیموکراتترە؟ کێ لە جەنەڕاڵ فرانکۆ عیساییترە؟ کێ لە هیتلەر نەتەوەپەرستترە؟ کێ لە فڕۆکەوانەکانی ئەمریکا مرۆڤدۆسترە؟ کێ لە سەرۆکی قادسیە بەخشندەترە؟ کێ لە خومەینی ئیسلامترە؟ کێ لە مەلا عوسمان و تاڵەبانی و بارزانی و مامەند نیشتیمانپەروەرترە ؟ .. کێ ؟ .. کێ ؟ .. کێ ؟ .. کێ ؟ .. کێ ؟ .. کێ ؟ .. کێ ؟ .. کێ؟

١٦ی ئازاری ١٩٩٩

## Yekem Henasey tasaw , dwa Firmêskî qetîsmaw

Kazîwe lenêw temumjî beyanda, pirçî alozkaw û lêwekanî hellbzirkabûn .. Kotrebarîkekanî ( baxî mîr ) letaw dengedengî dwêşewî mindallanî terebûy şarekem, aramyan lêbrabû .. Çolekan çllawçil, crîwecrîwyan bû, detut hewallî jarawbûnî genimyan pêye .. Xor le demkelî şram, letek mnalle bzêwekan çawşarkêy bû .. Dûdill, çon betîşke zêrrînekanîda pejarey xoy bhawête dill û derûnyan .. Tîşkekanî lejêr barî granî xefetda kurt û kem tîn, ta dehatin kalltir debûnewe, nedegeyiştne dllî şarekem .. Sîmay şar detgut, şanehenge û mnallî çeqawesû, darî têajnîwwe .. Şorrebyekanî ( gullan ) û ( bamok ), pirçyan şanenekraw, milyan belarewe nabû ... sere rêgekanî ( çawg) û ( tuwewşik ) çoll û korranî herze çawerrêy kçe tînuwekanî ewîn naken .. Hengawekan wêl û bêhêz .. Satekan namo .. Kollanekan çîtir, yarîgey mindallanî xoşînedîwu nebûn, detgut meydanî ( mîn )ni û ejnoy rêbwaranî bêhêz û hengawekanyan têkellupêkell dekrid .. Xor bedllerrawkêwe çeqîbuwe, nêwerrastî asmanî şar .. Sêberekan le xema kurt û kurtir debûnewe û deçûneweyek, le tirsî hêrşî xudawendî qadisye, lejêr hengawe naaramekanda xoyan heşardabû .. Pol pol ebabîle jarhawêjekan, bo encamdanî qezawqeder .. Bo parastinî serwerî " gel û nîştîman " .. Bo ezmûnkirdnî dwa dahênanekanî sermaye .. Berew şare serkeşekey mêjû, asmanyan teykird .. Yekem bomba rojî letkird .. Zrîkey mindall û wirduxaşbûnî pencerekanî şar, letek zrînganewey pêkî şadî serok û berzibûnewey nirxî kîmyawî le bazarî çekda, gwêy mrovayetyan kerrdekrid. Xor ledaxa, letek mallawayî jyan le cestey sutaw û şêwawî hellebce, serî xoy hellgirt ..

Ay sall wergerrawe û gellarrêzane .. Mergî dar û drext .. Lêkdabrranî jin û pyaw .. Sutanî sawa û pepule .. Jakanî gull û xende .. Xinkanî dilldar û kotrebarîke .. Hêllî tabloy hunerî xudawendin û leser cestey hellebce kêşawyane .. Hewallekanî xorawabûn, raydegeênin, mange destkirdekan le rênwênî ebabîlekan û tomarkirdnî

serkewtnekeda serkewtû bûn .. Xumeynî destî oxey be rdênîda dênê, serkirdekanî mallwêranî kurdîş, xerîkî jmardinî parey bank û kêşaney baznî meçekî bûke cwanemergekanin .. Dengî tasawî qurrge sûtawekanî ( 'eneb ) , ( bamok ) , ( tuwewşik ) , ( gullan ) û ( şehîdan ) pir be qurrgî mêjû hawardeken û deprisn : kê le qesabanî komuney parîs dîmukrattre? Kê le cenerrall franko 'îsayître? Kê le hîtler neteweperistitre? Kê le frrokewanekanî emrîka mrovdostre? Kê le serokî qadisye bexşindetre? Kê le xumeynî îslamtre? Kê le mela 'usman û tallebanî û barzanî û mamend nîştîmanperwertre ? .. Kê ? .. Kê ? .. Kê ? .. Kê ? .. Kê ? .. Kê ? .. Kê ?

**16î azarî 1999**

# داوەری خەوندزان

شەقامەکان، چۆڵ و چۆڵتر .. هەنگاوەکان خێراو خێراتر .. مناڵانی مەینەت، توقیو و ئارامتر .. لێوە تینووەکانی ماچی ئازادی، لەتەك هەنگاو بە هەنگاوی ماڵاوایی و دوورکەوتنەوەی خۆر لە ئاسمانی هیوای میوانداراانی بەسۆز، بێڕەنگ و ڕەقتر هەڵدەهاتن. ژێرخانەکانی ترسی جەنگی عوسمانی و هیتلەر ئاوەدان .. هەنگاوی پیاسەی ئێواران و شەونشینییەکان، بێهێز و لاوازتر ..

پەڕاوی بیرەوەرییەکان پەڕپەڕ هەڵدەدرانەوە و بەراوردی دیارییەکانی "بەربەریەتی کۆن و نوێ " دەکرا. ددانەجیرەی "کلنتۆن و میلۆسۆڤیچ"، وەك جیرەی کتوپڕی دەرگەیە لە خاموشی شەوەزەنگدا، خەون و خەیاڵی ئاسوودەیی ژیان دەتاسێنێ. چرکەچرکی کاتژمێرەکان، لەگوێی کۆڵانە زگگوشراوەکاندا، وەك لێدانی دڵی نێچیرێك لە سیلەی ڕاوچیدا .. هێندەی زەبەندیی تیراژی ڕۆژنامەکان لە پروپاگاندە بۆ داهینانی نوێ لە پیشەسازی چەکدا، خێراتر و داچڵەکێنتر .. چاوەکانی ژیان بەپەژارەوە لە ساتەکانی تەمەنیان دەڕوانی و بەمۆڕەوە ڕووە و خۆراوا وڕمابوون. دەستی هانای خێرنەدیتوانی ژێر ساباتی "نەزمی نوێ"، بەئارەزووی گوشینی مشتی گرێخواردووی شەقامە خرۆشاوەکانی نیویۆرك و ئەسینا و مۆسکۆ و لەندەن و بەرلین و پاریس و...، ئارەزووی سبەینێیەکی بێسنوور و بێدلەخورپەیان لە بیری مێژوودا دەپەروەراند. خۆزگەکان ئەم پرسیارە سەرەڕۆیەیان "ئاخۆ سبەینێ کێمان لە گڵکۆی کویلەتیدا دەشاردرێتەوە و کێ بەخاکماندەسپێرێت؟" بەگوێی سەنگینی ڕۆژگاردا دەدا. چەتە دەریاییەکانی کوشکی سپی و نەوەکانی ئێس ئێس و یارانی عوسمان پاشا، لەکوشکی جادوویی "پاپا"دا خۆیان مەڵاسدابوو و لە مەرگی کوکوختییەکان دەدوان .. چاوەڕێی ئاوابوونی خۆر بوون .. لەپشت دەریای مەنگی نائومێدیدا. چاوی نائومێدی لە ئەستێرە دووردەستەکان واقوڕماو "ئاخ خۆزگە بەوانەی نیشتەجێی ئەوێن و دەستی خواکانی سەرزەوییان پێڕاناگات". دەنگی مەرگ، ژیان ڕاودەنێت و بە هەموو زمانێ لە پەناگەی وەڵامێك دەگەرێ "ئاخ، مەگەر ئێوە لە ئێمە نین؟ بۆ بۆمبا دروستدەکەن؟ بۆ چەکەکانتان ڕوو لە ئێمەن؟ خۆ ئێمە دزانی پارووەنانی ڕۆژانەی ئێوە نین، لەو خەونە ئاوەژووە ڕابن و لە خواکان سیلە بگرن! با پێکەوە دەستەکانمان لەیەك گرێبدەین، نەك تەنیا سنووری نێوان ئالبانەژاد و سرب و کۆسۆڤۆیی بسڕینەوە، بەڵکو سیمی دڕکاوی سنوورەکانیش بکەینە شورەی 'باخچەیەك' و بۆ سەرگەمی نەوەی نوێ، میلۆسۆڤیچ و کلینتون و سەدام و خاتەمی و زوڕناژەنانی جەنگی تێپەستێنین .. تاکو دڵی هیچ مناڵێك بەزرمەی بۆمبا دانەخورپێ و هەنگاوی لەرزۆکی بەساڵاچووانیش، ئەمبەر و ئەوبەری سنوورەکان نەپێوێ .. بۆ هەمیشە لەبری چەك، چەپکە نێرگسی بەهاری، لەسەر گڵکۆی قوربانیانی دڕندەیی 'خواکان' و 'ناسیونالیزم' دابنێین".

٢١ ئازاری ١٩٩٩

## dawerî Xewindzan

Şeqamekan, çoll û çolltir .. Hengawekan xîraw xîratir .. Mnallanî meynet, tuqîw û aramtir .. lêwe tînuwekanî Maçî Azadî, letek hengaw be hengawî Mallawayî û dûrkewtnewey xor le Asmanî hîway mîwandaranî besoz, bêrreng û reqtir helldehatin. Jêrxanekanî tirsî Cengî 'usmanî û hîtler awedan .. Hengawî pyasey êwaran û Şewinşînîyekan, bêhîz û lawaztir ..

Perrawî bîrewerîyekan perrperr helldedranewe û berawridî dyarîyekanî "berberyetî kon û noê " dekra. Ddanecîrey "klinton û mîlosovîç", wek cîrey ktuprrî Dergeye le xamuşî Şewezengda, xewn û Xeyallî asûdeyî jyan detasênê. Çirkeçrikî katjimêrekan, legwêy Kollane zigguşrawekanda, wek lêdanî dllî nêçîrêk le sîley rawçîda .. Hêndey zebendî tîrajî Rojnamekan le prupagande bo dahînanî nwê le pîşesazî çekda, xêratir û pirr daçllekêntir .. Çawekanî jyan bepejarewe le satekanî Temenî derrwanî û bemorrewe ruwe û xorawa wirrmabûn. Destî hanay xêrnedîtwanî jêr sabatî "Nezmî nwê", bearezûy guşînî miştî grêxwardûy Şeqame xroşawekanî nîwyork û esîna û mosko û lenden û berlîn û parîs û..., arezûy sbeynêyekî bêsnûr û bêdlexurpeyan le bîrî mîjûda deperwerand. Xozgekan em pirsyare sererroyeyan "axo sbeynê kêman le gillkoy kuyletîda deşardirêtewe û kê bexakmandespêrêt?" begwêy sengînî Rojgarda deda. Çete deryayyekanî kuşkî spî û newekanî ês ês û yaranî 'usman paşa, lekuşkî cadûîy "papa"da xoyan melasdabû û le Mergî kukuxtîyekan dedwan .. Çawerrêy awabûnî xor bûn .. Lepşit deryay mengî naumêdîda. Çawî naumêdî le estêre dûrdestekan waqurrmaw "ax xozge bewaney nîştecêy ewên û destî Xwakanî serzewîyan pêrranagat". Dengî Merg, jyan rawdenêt û be hemû zmanê le penagey wellamêk degerê "ax, meger êwe leême nîn? Bo bomba drustdeken? Bo çekekantan rû le êmen? Xo ême dzanî paruwenanî Rojanhî êwe nîn, lew xewne awejuwe rabin û le Xwakan sîle bigrin ! Ba pêkewe destekanman leyek grêbdeyn, nek tenya snûrî nêwan albanNejad û sirb û kosovoyî bisrrînewe, bellku sîmî dirrkawî snûrekanîş bkeyne şurey "baxçeyek" û bo sergemî newey nwê, mîlosovîç û klîntun û sedam û xatemî û zurrnajenanî Cengî têpestênîn .. Taku dllî hîç Mnallêk bezirmey bomba danexurpê û hengawî lerzokî beSallaçuwanîş, ember û ewberî snûrekan nepêwê .. Bo hemîşe lebrî çek, çepke nêrgisî Beharî, leser gillkoy qurbanyanî drrindeyî "Xwakan û nasîwnalîzm" dabnêyn.

21î Azarî 1999

# خەونێکی خەواڵوو

هۆ هاوڕێ، چاوەڕێ مەبە ! پاسارییەکانی تەیراوا لانەشێواو لەدووی مانگەشەو دەگەڕێن و جێژووان نادۆزنەوە. گاڵکێشەکانی باخچەی (کورد و عەرەب) ڕێگەنادەن شوێنپێی گوڵە وەنەوشەکان هەڵگرنەوە. داربێیەکان هەست بەنامۆیی دەکەن و لەتەك نەسیمی پاییزان ئەشکە زەردهەڵگەڕاوەکانیان دەوەرێنن.

چاوەڕێ مەبە ! گوڵی گوڵدانەکەت پەژموردەیە و مەگەر بەخەون و خەیاڵ، پەڕە ئاڵ و گەڵا وردیلەکانی بەسەرپەنجکانت ماساژ بدەی .. ئەشکەکانت سۆزی لکە وشکەکانی نابزوێن، نیگاکانی لە دوافرمێسکی ئەوینا پەلکە زێڕینەی ئێواران ناشکێننەوە.

چیدی چاوەڕێ مەبە ! جەستەی ماندووت بدە بەکۆڵی هەنگاوەکانتا، چەند کۆڵانێ ئەولاتر لە گۆشەی باخچەکەدا خەمەکانت بنێژە و ئەشکبارانیان بکە، بەڵکو ئەم بەهارە گوڵە وەنەوشەکانت سەوز ببنەوە و پاسارییەکانی ستۆکهۆڵم مەست بکەن و گۆرانییە یاخییەکان ڕووت ڕووت، بێ توێکڵ، بێ فێڵ و درۆ وشە ئەویناوییەکان، لە گەردنتا بهۆننەوە. چیدی چاوەڕێ مەبە هاوڕێ، پاسارییەکانی گەرمیان لە لەندەن ناگەڕێنەوە !

٩ی سێپتەمبەری ١٩٩٩

## Xewnêkî xewallû

Ho Hawrrê, çawerrê mebe ! Pasarîyekanî teyrawa laneşêwaw ledûy Mangeşew degerrên û cêjuwan nadoznewe. Gallkêşekanî baxçey (Kurd û 'Ereb) rêgenaden Şwênpêy Gulle wenewşekan hellgirnewe. Darbêyekan hest benamoyî deken û letek nesîmî payîzan eşke zerdhellgerrawekanyan dewerênin .

Çawerrê mebe ! Gullî Gulldaneket pejmurdeye û meger bexewn û Xeyall, perre all û gella wirdîlekanî beserpenckant masaj bdey .. Eşkekant sozî lke wişkekanî nabziwên, nîgakanî le dwafrimêskî Ewîna pelke zêrrîney êwaran naşkênnewe.

Çîdî çawerrê mebe ! Cestey mandût bde bekollî hengawekanta, çend Kollanê ewllatir le goşey baxçekeda Xemekant bnêje û eşkbaranyan bke, bellku em Behare Gulle wenewşekant sewz bibnewe û pasarîyekanî stokhollm mest bken û goranîye yaxîyekan rût rût, bê twêkill, bê fêll û dro wşe Ewînawîyekan le gerdinta bhonnewe. Çîdî çawerrê mebe Hawrrê, pasarîyekanî Germyan le Lenden nagerrênewe!

9î sêptemberî 1999

## شەوارەی بەزمی نوێ

هەموو ڕۆژێ دایکم کۆرپەیەکی کەمئەندام لە هەناوی ژانەکانیدا دەپەروەرێنێ، نۆ مانگ لە مناڵدان و نەوەد ساڵ لە کۆڵی مەینەتی دەگرێت. هەموو چەند هەفتەیەك براڵەکانم لەباردەچن و هەموو نۆ مانگ و نۆ ڕۆژێك، دایکم بەسەر زگەوە، مل بەلارەوە دەنێت. هەموو ڕۆژێ لە کۆڵانەکەماندا چەپکێ خونچەمناڵ تەراخوما چاویان دەخوا و زەردۆیی وەك گەڵای پاییزان هەڵیاندەوەرێنێ و کۆکەڕەشە تا لێواری مەرگ، بەچەپۆك بەڕێیاندەکا. هەموو شەوێ یارانی پەیامبەر گڵۆپی سەر شەقامەکان دەکوژێننەوە و چرا دەستییەکانی سەرکۆڵان دەدزن، تا ئاڵە چاوچنۆکەکەی بەزمی نوێ هاوسێکانمان بتاسێنێ.

هەموو بەرەبەیانێك لەتەك هات و هاواری منارەکان جەستەی ژیان دەگرینە کۆڵ و لە مەینەتئاوا زیندەبەچاڵی دەکەین. سەرتسووڕنەمێنت، کە خۆمان دارەمەیتی ئارەزووەکانمان بۆ گۆڕستان ڕاکێشدەکەین و ئەشکیان بۆ نابارێنین، ئاخر ئەشك نەماوە تا تۆز و گەردی دڵمان بشۆینەوە و هەورەکانیش نەزۆکن.

سەرتسووڕنەمێنت، کە لە مەیخانەکانی بەزمی نوێدا، خوێناو بخۆینەوە، ئاخر هێشووەترێکان هەو و کیمیان لێدەچۆڕێ. سەرتسووڕنەمێنت، نینۆك و پێستی وشك هەڵاتوومان دەجووین و دەخۆین، ئاخر بڕیارە لە یەکەم زستانی سەدەی نوێدا، جەستەی سەرمابردەڵەی خۆر بە بۆمبی ئەتۆمی گەرمبکەنەوە، لە یەکەم بەهاری سەدەی نوێدا، لێوی وشکهەڵاتووی کانیاوەکان بەژار تەڕکەن، لە یەکەم هاوینی سەدەی نوێدا، گوڵە ژاکاوەکان بە خەردەل ببوژێننەوە. سەرتسووڕنەمێنت، گەر دەریالووشەکان بەگەنم پڕکەنەوە و بەچکە دووپشکەکان بەشیر ژیرکەنەوە. سەرتسووڕنەمێنت، گەر شەوی سەری ساڵ، نازییەکان ئاگری قینیان بەجەستەی کارگەرانی کۆچەر هەڵگیرسێننەوە و چەپکێ دڕکی نەزمی نوێ لە بەرۆکی ساڵی نوێ بدەن و لە سەماگەی دیموکراسی خواکاندا لەتەك زڕەی دەمپێکی خوێناوی خواپێداوەکان، ئاهەنگی کۆیلەتی ئێمە بگێڕن.

٢١ی دێسەمبەری ١٩٩٩

## Şewarey Bezmî nwê

Hemû Rojê Daykim Korpeyekî kemendam le Henawî Janekanîda deperwerênê, no Mang le Mnalldan û newed Sall le Kollî meynetî degrê. Hemû çend Hefteyek Brallekanim lebardeçin û hemû no Mang û no Rojêk, Daykim beser Zgewe, milî belarewe denêt. Hemû Rojê le Kollanekemana çepkê Xunçemnall teraxuma çawyan dexwa û zerdoyî wek gellay payîzan hellyandewerênê û kokerreşe ta lêwarî Merg beçepok berrêyan deka. Hemû Şewê yaranî peyamber gllupî ser Şeqamekan dekujênnewe û çra destîyekanî serKollan dedzin, ta alle çawçnokekey bezmî nwê Hawsêkanman btasênê.

Hemû berebeyanêk letek hat û hawarî mnarekan cestey jyan degrîne koll û le meynetawa zîndebeçallî dekeyn. Sertisûrrnemênt, ke xoman daremeytî arezuwekanman bo gorristan rakêşdekeyn û eşkyan bo nabarênîn, axir eşk nemawe ta toz û gerdî dillman bşoynewe û hewrekanîş nezokin.
Sertisûrrnemênt, ke le meyxanekanî bezmî nwêda, xwênaw bxoynewe, axir hêşuwetrêkan hew û kîmyan lêdeçorê. Sertisûrrnemênt, nînok û pêstî wişk hellatûman decûyn û

dexoyn, axir birryare le yekem zistanî sedey nwêda, cestey Sermabirdelley xor be bombî etomî germ bkenewe, le yekem Beharî sedey nwêda, lêwî wişkhellatûy kanyawekan bejar terrken, le yekem hawînî sedey nwêda, Gulle jakawekan be xerdel bbujênnewe. Sertisûrrnemênt, ger deryalûşekan begenim pirrkenewe û beçke dûpişkekan beşîr jîrkenewe. Sertisûrrnemênt, ger Şewî serî Sall, nazîyekan agrî qînyan becestey kargerranî koçer hellgîrsênnewe û çepkê dirrkî Nezmî nwê le berokî Sallî nwê bden û le semagey dîmukrasî Xwakanda letek zrrey dempêkî xwênawî Xwapêdawekan, ahengî koyletî ême bgêrrn.

21î dêsemberî 1999

# ناخ گۆڕی ئەوین و لانکەی پەشیمانی

کاتێك، کە نامۆیی لە تەك شەوانی لانەوازیدا دەست لە ملی یەکدی دەکەن، جەستەی شەکەتیان دەبێتە نەخشی سەر شەقامە دڵبەردینەکان و بە ئاگری ناخیان شەڕی سەرماوسۆڵەی وەرزی تەنیایی دەکەن..

لەوەتەی من هەم تەنیام و نامۆیش ئاوەڵدوانەی تەمەنم. لە هەر چرکەیەکی ڕابوردووی تەمەنمدا هەرزەیی تا لێواری گۆڕ تاوی داوم و نامۆیی کفنی پەشیمانی بە باڵامدا بڕیوە.

تەنیایی، دایەنی منداڵی و دڵداری لاوێتیمە و هەر سات چرنووکی زیاتر و تیژتر لە یاداوەرییەکانی دوێکەم گیردەکا. هەموو ڕۆژێ بینەری ناوەختەمەرگی خۆمم و دیمەنی خەنجەرە ژەنگاوییەکەی پشتم، تا ئامێزی نامۆیی ڕاومدەنێ..

نامۆیی لە خۆم، لە حەزم، نامۆیی لە سات و ڕێم.. ساتە نامۆکانی دوێکەم، وەك تارمایی خوێنخۆران لە دووم دێن و بەرەو دونیایەکی نامۆ ڕاومدەنێن، دونیایەك، کە تێیدا ڕوخساری گەمژەیی خۆم،

ڕوخساری جادوویی دڵدارەکەم و ناڕاستگۆیی هاوەڵەکانمی تێدا بەدیدەکەم، دونیایەك کە گشت تێیدا کەوڵکراوین و تەنیا نامۆی تەرە خۆمم. لێرە خەمی تەمەنێکم بە کۆڵمدا داوە و جەستەی تێشکاوم، باری گرانی سەرشانم.. ئەم شەو ئاوازێکی خەمگین دەنگەژێی پەشیمانیم دەژەنێ و لەنێو گۆڕی گەوجیەتی خۆم و ئامێزی نامۆییدا دۆشداماوم.

١٤ی جێنیوەری ٢٠٠٠

## Nax Gorrî Ewîn û Lankey peşîmanî

Katêk, ke namoyî le tek Şewanî lanewazîda dest le mlî yekdî deken, cestey şeketyan debête nexşî ser Şeqame dillberdînekan û be agrî naxyan şerrî Sermawsolley werzî tenyayî deken . .

Lewetey min hem tenyam û namoyş awelldwaney Temenim. Le her çirkeyekî raburdûy Temenimda herzeyî ta lêwarî gorr tawî dawm û namoyî kifnî peşîmanî be Ballamda brrîwe.

Tenyayî, dayenî Mindallî û dilldarî lawêtîme û her sat çirnûkî zyatir û tîjtir le yadawerîyekanî dwêkem gîrdeka. Hemû Rojê bînerî nawexteMergî xomim û dîmenî xencere jengawîyekey piştim, ta amêzî namoyî rawimdenê..

Namoyî le xom, le hezm, namoyî le sat û rêm.. Sate namokanî dwêkem, wek tarmayî xwênxoran le dûm dên û berew dunyayekî namo rawimdenên, dunyayek, ke têyda Ruxsarî gemjeyî xom, Ruxsarî cadûîy dilldarekem û narrastgoyî Hawellekanmî têda bedîdekem, dunyayek ke gişt têyda kewillkrawîn û tenya namoy tere xomim. Lêre Xemî Temenêkim be kollimda dawe û cestey têşkawm, barî granî serşanim .. Em Şew awazêkî Xemgîn dengejêy peşîmanîm dejenê û lenêw gorrî gewcyetî xom û amêzî namoyîda doşdamawm.

14î cênîwerî 2000

## کوێرین یا چاویلکەی تاریکمان بەڕووی تیشکی خۆردا داناوە؟

گەر بۆیان بلوایە و دەستیان بە ئێرەش بگەیشتایە، ئەوا دژەشەڕەکانی ئەوروپاشیان، بەدەردی خۆپیشاندەرەکانی مەیدانی کۆترەکە، خەڵتانیخوێندەکرد.

ئەم فیلمەتان بینیوە، پێویستناکات بۆتانبگێڕمەوە، دڵنیام ئەنگۆ لە من باشتر دەیگێڕنەوە. لە جۆری ئەم فیلمەی هەنووکە لەسەر پەردەی سینەماکان دەبینین و خۆمان لەنێویدا ئەکتەرین و ڕۆڵی کەسایەتییەکی گەمژەی تێدا دەگێڕین.

هەر وەك ئەو فیلمانەی کە لەوەوبەر بینیومانن، چۆن مرۆڤە "سپیپێستە ئاژەڵدۆست و ژینگەپارێزەکان" دەچنە ئەفریکا و سۆپەرمانئاسا فیل و مەیموونە بەستەزمانەکان لە چنگ "ئەفریکییە دڕندە و نامۆدێرنەکان" ڕزگاردەکەن و "یاسا بەرقەرار-دەکەن" ! هەر بەو جۆرەی کە لە بەرامبەر تێلەفزیۆنەکانمان دادەنیشتین و بەدەم هاوسۆزیمانەوە بۆ پاڵەوانە سپیپێستەکان تەشتێ گوڵەبەڕۆژەی سوێرمان دەکرتاند و لە خۆمان نەدەپرسی؛ کێ کڕیاری ددانی فیل و لمۆزی مەیمون و چەرمی پڵنگە؟ کێ ئەو "ئەفریکییە ناشارستانییانە"ی فێری ئەم و بازرگانییە کرد؟

هەرواش سەیری ئەم فیلمەی هەنووکە دەکەین و بەوپەڕی ساویلکەیمانەوە گوێ لە وێردی شکۆداران لە کەنیسە و گۆرانییەکانیان لە ئاودەستخانەدا دەگرین، چەپلەیان بۆ لێدەدەین و سەمایان بۆ دەکەین، کە لە چنگ سەدامی دیکتاتۆر ڕزگاریانکردووین، بەبێ ئەوەی لە خۆمان بپرسین؛ چۆن ئەو دیکتاتۆرە لە ( میسر )ەوە ڕێگەی کۆشکی کۆماری گرتەبەر؟

کەچی نازانین بەخۆمان کامە ڕۆڵمان هەیە، ئەو ئەفریکییە بێنە بەرچاوت، کە چەپڵە بۆ سۆپەرمانە سپیپێستە مۆدێرنەکە لێدەدا، کاتێك بە نوێترین چەك ڕاوە-ڕەشپێست دەکا. چەپڵە لێدەدەین و دەکەوینە هەلەکەسەما، چاومان لە جۆری ئەو چەکانە دەنوقێنین، کە ئاژەڵەکانی بە بێدەنگترین و خێراترین کات پێڕاوەدەکرێت، کرتە .. کرتی گوڵەبەڕۆژە، ناهێڵێت گوێمان لەو هاوارانە بێت، کە دەڵێن "ئەم چەکانە لە کوێ دروستکراون و چۆن گەیشتونەتە ئەوێ؟ "، هەروەك چۆن لەبیری خۆمانی دەبەینەوە، هەورە سووورباوەکەی ئاسمانی هەڵەبجە لە کوێوە هەڵیکرد و فەرمانی " سەر بۆ من و ماڵ بۆ ئێوە " لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە ؟

ئێمە تەنیا کەسایەتی گەمژە نین، بەڵکو ئەکتەری گەمژە و بینەری گەمژەشین، نەك ئاگامان لە پشتپەردەی فیلمەکان نەماوە، تەنانەت توێکڵە جواوەکانیشمان کردووەتەوە ناو تەنشتە گوڵەبەڕۆژەکە و چەند جارە دەیانکرتێنین و دەیانجوینەوە ... ؟

٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠٠٣

## kwêrîn ya Çawîlkey tarîkman be rrûy Tîşkî Xorda danawe?

Ger boyan bilwaye û destyan be êreş bgeyiştaye, ewa Djeşerrekanî Ewrupaşyan, bederdî Xopîşanderekanî Meydanî Kotreke, xelltanîxwêndekrid.

Em Filmetan bînîwe, pêwîstnakat botanbigêrrmewe, dillnyam engo le min baştir deygêrrnewe. Le corî em Filmey henûke leser perdey sînemakan debînîn û xoman lenêwîda ekterîn û rollî Kesayetîyekî gemjey têda degêrrîn.

Her wek ew Filmaney ke lewewber bînîwmanin, çon Mrove spîpêste Ajelldost û Jîngeparêzekan deçne Afrika û sopermanasa fîl û meymûne bestezmanekan le çing "Afrîkîye drrinde û namodêrnekan" rizgardeken û "Yasa berqerar-deken ! Her bew corey ke le beramber têlefzyonekanman dadenîştîn û bedem hawsozîmanewe bo pallewane spîpêstekan teştê GulleberRojey swêrman dekirtand û le xoman nedeprisî; kê kirryarî dindanî fîl û lmozî meymun û çermî pllinge? Kê ew efrîkîye naşaristanîyaney fêrî em û bazirganîye kird?
Herwaş seyrî em Filmey henûke dekeyn û bewperrî sawîlkeymanewe gwê le wêrdî şkodaran le kenîse û goranîyekanyan le awdestxaneda degrîn, çepleyan bo lêdedeyn û semayan bo dekeyn, ke le çing "sedamî dîktator" rizgaryankirdûyn, bebê ewey le xoman bpirsîn; çon ew dîktatore le ( mîsr )ewe rêgey koşkî komarî girteber?

Keçî nazanîn bexoman kame rollman heye, ew efrîkîye bêne berçawt, ke çeplle bo sopermane spîpêste modêrneke lêdeda, katêk be nwêtrîn çek rawe-reşpêst deka. Çeplle lêdedeyn û dekEwîne heleKesema, çawman le corî ew çekane denuqênîn, ke Ajellekanî be bêdengitrîn û xêratrîn kat pêrrawdekrêt, kirte .. Kirtî GulleberRoje, nahêllêt gwêman lew hawarane bêt, ke dellên "em çekane le kwê drustikrawn û çon geyiştunete ewê?" Herwek çon lebîrî xomanî debeynewe, hewre sûrbawekey Asmanî hellebce le kwêwe hellîkrid û fermanî " ser bo min û Mall bo êwe " le kwêwe serçawey girtuwe ?

Ême tenya Kesayetî gemje nîn, bellku ekterî gemje û bînerî gemjeşîn, nek agaman le piştperdey Filmekan nemawe, tenanet twêklle cwawekanîşman kirduwetewe naw tenişte GulleberRojeke û çend care deyankirtênîn û deyancuynewe ... ?

20î sêptemberî 2003

# خەونی منالّی من و کەتواری ڕوداوەکان

کاتێك من منداڵ بووم، بەپێی کارایی خێزان و دەوروبەرم، هەمیشە گوێم بۆ هەواڵی ڕادیۆیی و قسەوباسە ڕامیارییەکان ڕادەدێرا. ئەوەی کە تائێستاکەش لە گوێمدا دەزرینگێتەوە، وەدەرنانی کەسانی بەکرێگیراوی داگیرکاریی فەرەنسە بوون لە وڵاتی یەك ملیۆن گیانبەختکردوودا.

ڕۆژانە لەتەك تاوسەندنی ستەم و کاولکارییەکانی ڕژێمی بەعس لە کوردستاندا، ئەو خولیایە لە سەرمدا گەورە دەبوو "ئاخۆ کەی بێ، ئەو ڕۆژە، کە بەکرێگیراوانی بەعس'یش لە کوردستاندا ئاوا وڵاتبەدەر بکرێن و کەسانێکێش کە لەپیناو ئازادی و ڕزگاری خەڵکدا گیانیانبەخشیوە، نەوە و کەسوکار و هاوەڵان و هاوڕێیانیان، لە جیاتی پەشیمانی، شانازییان پێوەبکەن؟

ئەو کات من، نە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆمم دەناسی و نە ئەوانەی بەناوی گشت گەلی کوردستانەوە خۆیان دەناساند، هەروەها پێشمەوابوو، کە هەژاری و نادادپەروەریی لە کۆمەڵگەکەماندا تەنیا بۆ بوونی سەروەربوونی سەرانی بەعس دەگەڕێتەوە ! بەڵام هاوتای گەورەبوون و قاڵبوونم لە ڕووداوەکاندا، تەمومژی ڕووی ڕاستییەکان دەڕەوییەوە و بیرم بۆ ئەو دیو ئەو تابلۆیانە دەچوو، کە خۆبەنوێنەزانانی نەتەوە لە هۆشی ئێمەدا دەیانکێشان.

من گەورە بووم و بەرهەڵستی گەورەتر، من گەورەتر بووم و هێرش و پەلاماری داگیرکەران گەورەتر و بەکرێگیراوان و هاوبەرژەوەندانی بەعس زۆر و زەبەندتر، تا کار گەیشتە ئەوەی بەپێچەوانەی هەڵوێستی ئازادیخوازانی جەزائیرەوە، بەکرێگیراوان و پێشلەشکرانی کێمیابانی هەڵەبجە و ئەنفال، کرانە "چەکداری شۆڕشگێر" و ئەندام پارلەمان!

ئای لەو ساتەی کە لە خەونەکەی منداڵیم داچڵەکیم و دیتم -- چۆن لە ئاوێنەنمای خەونی سەروەراندا جەلاد ؛ قوربانییە، خیانەتکار ؛ خەباتکارە، دژەشۆرش ؛ شۆڕشگێڕ و سەرمایەدار ؛ پێشمەرگەیە– هەناسەی پەشیمانی سییەکانی ئاوساند و شانازییەکانی ڕابوردوومی کردە نیشانەی گەمژەییم.

## Xewnî Mnallî min û Ketwarî Rudawekan

Katêk min Mindall bûm, bepêy karayî xêzan û dewruberm, hemîşe gwêm bo hewallî radyoyî û qsewbase Ramyarîyekan radedêra. Ewey ke taêstakeş le gwêmda dezrîngêtewe, wedernanî Kesanî bekrêgîrawî dagîrkarîy ferense bûn le wllatî yek milyon Gyanbextkirdûda.

Rojane letek tawsendinî stem û kawilkarîyekanî rjêmî be'si le Kurdistanda, ew xulyaye le serimda gewre debû "axo key bê, ew Roje, ke bekrêgîrawanî Be'sîş le Kurdistanda awa wllatbeder bikrên û Kesanêkêş ke lepînaw Azadî û rizgarî Xellkda Gyanyanbexşîwe, newe û Kesukar û Hawellan û Hawrrêyanyan, lebrî peşîmanî, şanazîyan pêwe bken?

Ew kat min, ne pêgey Komellayetî xomim denasî û ne ewaney benawî gişt gelî Kurdistanewe xoyan denasand, herweha pêşimwabû, ke hejarî û naDadperwerîy le Komellgekemanda tenya bo bûnî serwerbûnî seranî be'si degerrêtewe ! Bellam hawtay gewrebûn û qallbûnim le rûdawekanda, temumjî rûy rastîyekan derrewîyewe û bîrm bo ew dîw ew tabloyane deçû, ke Xobenwênezananî Netewe le hoşî êmeda deyankêşan.

Min gewre bûm û berhellsitî gewretir, min gewretir bûm û Hêrş û pelamarî dagîrkeran gewretir û bekrêgîrawan û hawberjewendanî be'si zor û zebendtir, ta kar geyişte ewey bepêçewaney hellwêstî Azadîxwazanî cezaîrewe, bekrêgîrawan û pêşleşkranî kêmyabanî hellebce û enfal, krane çekdarî şorrşigêr û endam parleman!

Ay lew satey ke le xewnekey Mindallêm daçllekîm û dîtim -- çon le Awênenmay xewnî serweranda Celad ; qurbanîye, xyanetkar ; Xebatkare, djeşorş ; şorrşigêrr û Sermayedare ; Pêşmergeye – henasey peşîmanî sîyekanmî awsand û şanazîyekanî raburdûmî kirde nîşaney gemjeyîm.

# تەنز

# ماڵی جندۆکان

خۆرەتاو وردە وردە بەرەو ناوەڕاستی ئاسمان دادەکشا و کۆڵان کپ و بێدەنگ. هیچ وەکو خۆی نەمابوو. دەرگە ڕەشەکە شتێکی نوێ بوو، سیمای کۆڵانەکەی گۆڕیبوو. هیچ شتێك وەك دوێنێ نەدەهاتە بەرچاوی جیرانەکان. هەمووان چاویان لە شێوەی نیشانەی پرسیار بڕیبووە دەرگەکە و چاوەڕێی دەرکەوتنی تازە جیرانان بوون. مناڵان کە چەند هاودەم و هاوياریيان لەدەستدابوو، مات و مەلوول لە بەرامبەر دەرگەکە کومەڵەيان بەستبوو. ژنان لەبەر دەرگە چۆکیان دادابوو، دەتگوت کۆڕی ماتەمینی دەگێڕن. هێشتاکە کەسیان لەتەك ئەم بارە نوێیە ڕانەهاتبوون، جارجار لە قسەکانیاندا چاوەڕوانی 'باجی جوان'یان دەکرد. مەلا خدریش چاوەڕێی مام مەهدی بوو، تاوەکو دەمەتەقێیەکی لەتەکدا بکاتن، ئاخر ئەو لەتەك کەسی دیکەدا نەدەگونجا. دەنگی "وەرە بۆ گورەبەرۆژەی برژاو، گورەبەرۆژەی گەرم "ی باهۆز و بۆتان لە گوێی مناڵاندا دەزرینگایەوە و قسە خۆشەکانی شیلانی وەبیری کۆڕی کیژۆڵە تازە هەڵچووەکان دەهێنایەوە، ئیدی کێ چیرۆکی چل کێرۆیشکان و بزنە زێڕینە و شاری خۆشبەختییان بۆ بگێڕێتەوە.

جیڕەی ترازانی دەرگەکە وەك زەنگی هەستانەوە، ژن و پیر و منداڵی بەئاگاهێنا و سەرسامیکردن. دەموچاوێکی ڕیشنی جەمەدانی بەسەر و دەرقاچ هەڵکراو لەنێو ڕەشی دەرگەکەدا دەتگوت ڕوخساری خێوە لە شەوەزەنگدا. بەبێ ئەوەی ئاوڕ لە کەس بداتەوە، خۆڵڕێژە پڕ ناوکە خورماکەی کردە تەنەکە ژەنگنینەکەی بەردەرگە و بەتوندی دەرگەکەی بەڕووی پرسیارە نائارامەکانی جیرانان داخست. باجی هەمین... "بڕواناکەم ئەمە خاوەنماڵەکە بێت، ئەی ژنەکەی بۆ دەرناکەوێت؟ "

ژنان درێژەیان بەدانیشتنەکەیان دا و چاوەڕێی عەرەبانەکەی مام مەهدی مانەوە. مناڵانیش ڕوبعە ئاسنینەکانیان توند لەمستنابوو، چاوەڕێی کێك و گوڵەبەڕۆژەکەی باهۆز و بۆتان بوون. لەناکاو دەرگە ڕەشەکە ترازایەوە و دوو کیژۆڵەی پاچەڵە، سەرو عەبایەکی چکۆلەیان لێئاڵاندبوون و سەرپۆشێکی ڕەشی پان و پۆڕيان لەمل گرێدابوون، بە پرتاو بەرەو سەرشەقامەکە هەڵکشان، دەتگوت لە دەستڕێژی پرسیاری مناڵەکان هەڵدێن.

باجی هەمین، کە تا ئەوکات بێدەنگ لە دەرگەکە وڕ بوو بوو، گوتی "من بڕواناکەم ئەوانە خاوەنماڵ بووبن، لەوە دەچێت میوانیان بن، وا خەریکە یەك یەك دەردەچن..."، هۆڕێنی تاکسییەکە لەو سەری کۆڵانەکەوە، قسەکەی پێبڕی و سەرنجیڕاکێشان، لەتەك نزیکبوونەوەی گرمەی تاکسییەکە، وەڵامی پرسیارەکە ڕۆشندەبووەوە، لەتەك وەستانی تاکسییەکە لە شوێن عەرەبانەکەی مام مەهدی، دەرگەکە وەك هەورەبروسکە کرایەوە و داخرایەوە. ژنێکی لاوازی بەژن بەرز، بەو چلەی هاوینە وەك داوەڵی نێو گەنم لە عەبا و پێچە و دەستکێشی ڕەش پێچرابوو. بەچاوتروکانێك خۆی ترنجاندە دواوەی تاکسییەکە و لەبەرچاوان ونبوو. هێندەی دیکە کۆڵی پرسیارەکان قورستربوو. باجی مەلەك "بەخودای ئەمن لەو بەزم و ڕەزمەی سەر دەرناکەم. ئەم ماستەی بێموو نییە، ئەگینا بۆ دەبێت خۆیان لەچاوی ئێمەومانان بشارنەوە، خۆ ئێمە دردادی لەتەك ژنەکەی ناکەین، تاکو نامەحرەم بین؟!"....

تا دەهات سێبەری منالان لەسەر زەوییەکە کورتتر دەبووەوە، لەبرسان هاواریان لێهەستابوو، وردە وردە کۆڵان لە قولەقولی گەرمای نیوەڕۆدا چۆڵدەبوو. جارجارە منالێك سەری دەکێشایە کۆڵان، تا بزانێت دەرگە ڕەشەکە کرایتەوە یان نا.

هاوڕاز هاواری لێهەستا" دایە.. دایە، دەرگەکە کراوە و پیاوە ڕیشنەکە بەپەلە دەتگوت لۆ ئاودێرانی دەچی، لە ماڵ دەرپەڕی". دایکی هەوراز، کە لەتاو هاوارەکەی هاوراز، پرشکی ڕۆنی داخ باسکی سووتاندبوو، گوتی "چیان لێبکەم، چاویان دەردەهات و ملیان دەشکا، بەخودای قەت جێگەی ماڵی باجی جوانەی ناگرنەوە".

بۆ ڕۆژی دواتر ژنانی کۆڵان پێکڕا کۆبوونەوە و بڕیاریاندا بچنە خێرهاتنی تازە جیران و پلە حەپسەیان کردە دەمڕاست و تاکو پەیامی کۆڵانیان پێبگەێنێت. هەنگاو هەنگاو هەستیان بەترس و نامۆیی دەکرد. باجی هەمین، بەدەستە ڕەقەڵەکانی دەنگی لە دەرگە ڕەشەکە هەستان "ماڵەکە، جیران، ئێمە جیرانی ئەنگۆین، هاتووین بەخێرهاتنێ بکەین".
دەنگێکی نێر: چتان دەوێ، خێزانم لە ماڵێ نییە.

ژنانی کۆڵان، پاشە و پاش کشانەوە و ئارەقەی پەشیمانی بەسەر ڕوومەتەکانیانەوە ساردبووەوە، بەجارێ زاریان بەگۆنەدەهات، دەتگوت لە نەڕە نەڕی کابرای ترساون. منالان وا وڕمابوون، دەتگوت سەیری فیلمی تێکسازی دەکەن.

مام عەوڵا، دڕی بە بێدەنگییە سەرسامکەرەکە دا و گوتی " کە وابێ باشترە من و مەلا خەلیل بڕۆین، مادام هەر پیاوەکە لە ماڵێیە". دووبارە زرمە لە دەرگە هەستاوە و دەنگێگی نەرم و ناسک بە هێواشی وتی: کێی؟

مەلا خەلیل: ئێمەین جیرانتانین، هاتووین، بەخێرهاتنتان لێبکەین.

دەنگەکە: بەداخەوە، پیاوم لەماڵێ نییە، من زەعیفەیەکی بەتەنیام، بەخێرێ چن .... مام عەوڵا، کە تا ئەوکات هەر دوودڵبوو، بەئاوازێکی خۆشەوە هەڵیدایێ " جێگەی شابازان قەڵەڕەشکە خوازان. هێی دونیا چەندە لاری".

منداڵان کە زانیان هیچیان چنگ نەکەوت و چاوەڕوانیان بێسوود مایەوە و لەو دەرگە ڕەشەوە هاوەڵیان بۆ پەیدانابێت، لە بەردەرگەکە بازنەیان بەست و بەدەم سەماکردنەوە هەڵیاندایێ و قارەمان دەنگی هەڵبڕی:

باهۆز و بۆتان.. هۆ
هاوەڵی منداڵان .. هۆ
بۆ بارتان کرد.. هۆ
ئەنگۆمان خۆشدەویست.. هۆ
بە دڵ و بە گیان.. هۆ

**شارا :**

ئەوا هاتەدەر .. هۆ
جیرانی ڕیشپان .. هۆ
دەڵێی بزنە .. هۆ
لەنێوان مەڕان .. هۆ
ڕیشی زۆر باشە .. هۆ
بۆ گسکی کۆڵان .. هۆ
هۆ.. هۆ .. هۆ
هۆ.. هۆ .. هۆ
هۆ.. هۆ .. هۆ

## Mallî Cindokan

Xoretaw wirde wirde berew nawerrastî Asman dadekşa û Kollan kip û bêdeng. Hîç weku xoy nemabû. Derge reşeke ştêkî nwê bû, sîmay Kollanekey gorrîbû. Hîç ştêk wek dwênê nedehate berçawî cîranekan. Hemuwan çawyan le şêwey nîşaney pirsyar brrîbuwe Dergeke û çawerrêy derkewtinî taze cîranan bûn. Mnallan ke çend hawdem û hawyarîyan ledestdabû, mat û melûl le beramber Dergeke kumelleyan bestibû. Jnan leber Derge çokyan dadabû, detgut korrî matemînî degêrrn. Hêştake Kesyan letek em bare nwêye ranehatbûn, carcar le qsekanyanda çawerrwanî bacî cwanyan dekrid. Mela xidrîş çawerrêy mam mehdî bû, taweku demeteqêyekî letekda bkatin, axir ew letek Kesî dîkeda nedegunca. Dengî "were bo gurebeRojey birjaw, gureberojey germ "î bahoz û botan le gwêy Mnallanda dezrîngayewe û qse xoşekanî şîlanî webîrî korrî kîjolle taze hellçuwekan dehênayewe, îdî kê Çîrokî çil kêrwêşkan û bizne zêrrîne û şarî xoşbextîyan bo bgêrrêtewe .

Cîrrey trazanî Dergeke wek zengî hestanewe, jin û pîr û Mindallî beagahêna û sersamîkirdin. Demuçawêkî rîşnî cemedanî beser û derqaç hellkraw lenêw reşî Dergekeda detgut Ruxsarî xêwe le Şewezengda. Bebê ewey awrr le Kes bdatewe, xollrrêje pirr nawke xurmakey kirde teneke jenginînekey berDerge û betundî Dergekey berrûy pirsyare naaramekanî cîranan daxsit. Bacî hemîn... "Birrwanakem eme xawenMalleke bêt, ey jnekey bo dernakewêt" ?

Jnan drêjeyan bedanîştnekeyan da û çawerrêy 'erebanekey mam mehdî manewe. Mnallanîş rub'e asnînekanyan tund lemistnabû, çawerrêy kêk û GulleberRojekey bahoz û botan bûn. Lepirr Derge reşeke trazayewe û dû kîjolley paçelle, seru 'ebayekî çkoleyan lêallandibûn û serpoşêkî reşî pan û porryan lemil grêdabûn, be pirtaw berew serşeqameke hellkişan, detgut le destrrêjî pirsyarî Mnallekan helldên.

Bacî hemîn, ke ta ewkat bêdeng le Dergeke wirr bû bû, gutî "min birrwanakem

ewane xawenMall bûbin, lewe deçêt mîwanyan bin, wa xerîke yek yek derdeçin...", horrênî Taksîyeke lew serî Kollanekewe, qsekey pêbrrî û sernicîrrakêşan, letek nzîkbûnewey girmey Taksîyeke, wellamî pirsyareke roşindebuwewe, letek westanî Taksîyeke le Şwên 'erebanekey mam mehdî, Dergeke wek hewrebruske krayewe û daxrayewe. Jnêkî lawazî bejn berz, bew çley hawîne wek dawellî nêw genim le 'eba û pêçe û destikêşî reş pêçrabû. Beçawtrukanêk xoy trincande dwawey Taksîyeke û leberçawan winbû. Hêndey dîke kollî pirsyarekan quristirbû. Bacî melek "bexuday emin lew bezm û rezmey ser dernakem. Em mastey bêmû nîye, egîna bo debêt xoyan leçawî êmewmanan bşarnewe, xoême dirdarî letek jnekey nakeyn, Taku namehrem bîn...."!?

Ta dehat sêberî Mnallan leser zewîyeke kurttir debuwewe, lebirsan hawaryan lêhestabû, wirde wirde Kollan le qullequllî germay nîwerroda çolldebû. Carcare Mnallêk serî dekêşaye Kollan, ta bzanêt Derge reşeke kraytewe yan na .

Hawrraz hawarî lêhesta" daye.. Daye, Dergeke krawe û pyawe rîşneke bepele detgut lo awdÊranî deçî, leMall derperrî". Daykî hewraz, ke letaw hawarekey hawraz, prişkî ronî dax baskî sûtandibû, gutî "çyan lêbkem, çawyan derdehat û milyan deşka, bexuday qet cêgey Mallî bacî cwaney nagirnewe."

Bo Rojî dwatir jnanî Kollan pêkrra kobûnewe û birryaryanda biçne xêrhatnî taze cîran û ple hepseyan kirde demrrast û Taku peyamî Kollanyan pêbgeênêt. Hengaw hengaw hestyan betris û namoyî dekrid. Bacî hemîn, bedeste reqellekanî dengî le Derge reşeke hestan "Malleke, cîran, ême cîranî engoyn, hatûyn bexêrhatnê bkeyn."

Dengêkî nêr: çtan dewê, xêzanim le Mallê nîye .

Jnanî Kollan, paşe û paş kşanewe û areqey peşîmanî beser rûmetekanyanewe sardbuwewe, becarê zaryan begonedehat, detgut le nerre nerrî kabray tirsawn. Mnallan wa wirrmabûn, detgut seyrî Filmî têksazî deken.

Mam 'ewlla, drrî be bêdengîye sersamkereke da û gutî " ke wabê baştre min û mela xelîl brroyn, madam her pyaweke le Mallêye". Dûbare zirme le Derge hestawe û dengêgî nerm û nask be hêwaşî wtî: kêy?

Mela xelîl: êmeyn cîrantanîn, hatûyn, bexêrhatintan lêbkeyn.
Dengeke: bedaxewe, pyawm leMallê nîye, min ze'îfeyekî betenyam, bexêrê çin....

Mam 'ewlla, ke ta ewkat her dûdllibû, beawazêkî xoşewe hellîdayê " cêgey şabazan qellerreşke Xwazan. Hêy dunya çende larî."

Mnallan ke zanyan hîçyan çing nekewt û çawerrwanyan bêsûd mayewe û lew Derge reşewe Hawellyan bo peydanabêt, leber Dergeke bazneyan best û bedem semakirdnewe hellyandayê û qareman dengî hellbrrî :

Bahoz û botan.. Ho
Hawellî Mnallan .. Ho
Bo bartan kird.. Ho
Engoman xoşdewîst.. Ho
Be dill û be Gyan.. Ho

**Şara**:

Ewa hateder .. Ho
Cîranî rîşpan .. Ho
Dellêy bizne .. Ho
Lenêwan merran .. Ho
Rîşî zor başe .. Ho
Bo giskî Kollan .. Ho
Ho.. Ho .. Ho
Ho.. Ho .. Ho
Ho.. Ho .. Ho

# خله و بله

ئەو ڕۆژانە هەر باس باسی (خدر و ئبراهیم)ی بوو؛ "برام، فرە نورانین" ، "کورە بابە فریشتەن ..."، "ئەی چۆن کێ ئێژێ یەکێکیان حزرەتی مەهدی مەوعود نییە..."، "ئەی خۆزگەم بە دایك و بابتان کونجی بەهەشت جێیانە." هێندە ناوبانگی بێگەردییان ڕۆیشتبوو، هەرمناڵ بوو خۆزگەی دەخواست کاکیان بوونایە. کچان بەئاواتەوە بوون، دەزگیرانیان بوونایە. ئاخر ناو و ناوبانگیان لە مرۆڤبوون تێپەڕیکربوو، ڕۆژێ دەبوونە نەوەی پەیامبەر و ڕۆژێك دەکرانە محەمەدی مەهدی، ڕۆژێکیش فریشتە.

خەڵکی ئاوایی وەها باوەڕیان بەخۆیان هێنابوو، مادامەکێ کاکە خدر و ئبراهیم لەنێو ئاواین، ئەوا خێر و بەرەکەت بەسەر گونددا دەبارێت. هێندێك بۆ خۆنزیککردنەوە لێیان، گەر مەڕەکەی دووبەر بەیەکەوە بزایە، دەیکردە هەڵاو دەیگووت "خەڵکینە بنواڕن ئەمن نەمگوت پا و قەدەمی مامۆستا خدر و مامۆستا ئبراهیم بەخێرە ! ". خۆ مامە قالەی دوکانداریش، گەر زەرەریشی بکردایە، ئەوا دەیگوت "ئەی چۆن بابم خۆ گاڵتە نییە، دوو فریشتە دابەزیونەتە ئاوایی، هێندە قازانجم کردووە، زەکاتەکەیم پێناژمێردرێ". مامە عەلەش لەو لاوە بەگۆچانەکەیەوە لەرزە لەرز خۆی دەگەیاندێ و قورگی لۆ سافدەکرد و دەیگوت "یا خوا بەخێربێن، تەشریفیان هێناوە، خودایا شوکر وشکەی ئەم زستانە تەڕوتووشەشمان مسۆگەربوو، قادری برام چۆنی؟ "

کەریمی چایچیش هەڵیدەدایە و بۆی تەواودەکردن " کورە بابە ئەوە بۆ نایێژن، لەوەتەی ئەو دوو زاتە موبارەکانە هاتوونەتە نێومان، پێویستناکات زارۆڵەکانمان بە شەولەبان و خێو بترسێنین، ئاخر برام ڕاستە من قورحانم نەخوێندگە، بەڵام لەزاری مەلاو شێخانەوە گوێم لێبووگە، کە پیاوی ساڵح ڕووی لەهەر شوێن نا، ئیتر هەموو شتێ باش دەبێ، خۆ بەگاڵتە ناویان نەناوون خدر و ئبراهیم".

چەکدارێکی زەردەڵەی ڕیشن، دەتگوت لە ئەفگانستانەوە تازە گەڕاوەتەوە کردییە جواو " گەر شتێکتان بۆ باسبکەم، لەوانەیە بێژن چییی، بەو قورعانەی خوێندگمە، ئەوەی ئێژمی خۆم وە چاوی خۆم دیگمە. تازەکێ ئەم دوو برا دینیەمان هاتبوون، شەوانە دەیانوت "بنوون، هیچ خەمتان نەوێ ئەمە خوامان لەتەکە" ڕاستییەکەی ئەمەش حاڵینەدەبووین، چی ئێژن و قەستیان چەس. تا شەوێکیان بێ عەدەوی نەوێ دەچوومە عەدەبخانە، چیم دی، بێژن چی، بەو خوایەی ها وەبان سەرمانۆ هەر چوار دەوری مەقەرەکەمان چەکداری سپیپۆش بوون،

حەرەسەکەش لە شیرین خەودا بوو. بەو قورعانەی دەسم لێداگە چیم بۆتان گێڕاگەسۆ خەلافی نەوو". جەماعەت بەدوایدا "سبحانەالله برام تۆ بەهەشتی، قەسەم بەخوا ئاوری جەهەنەم وەچاو ناوینی، خۆزیەم وەخۆت براڵە ".

درۆکردن بوو بوو بەپێشبڕکێ و لەخۆبردنە پێشەوەدا برا برای نەدەناسی. تەنیا کەسێك کە لەبەرخۆیەوە پیشی لێدەخواردنەوە و سەری لەدەست خۆشباوەری خەڵکەکە ئاوسابوو و نەشیدەوێرا قسەی بکاتن، حەمە چکۆل بوو. وەخت بوو شەق بەرێ و لەبەرخۆیەوە دەیگووت "ئاخر نازانم ئەم خەڵکە چییان لێ قەومیاگە، وا ئەو دوو ساختەچییەیان لێ بووگەسە شتێ نایاب. ئاخ خلە و بلە دەرتان لە گیانم گەر ڕۆژی خۆی دێ و درۆتان لێ سپی دەکەمۆ، ئەوسا دەبینن، ئەم خەڵکە فریوخواردگە چۆن لێتان دێتە جواو و حەسا و کەتاوتان لەتەك دەکات. ئای چەندە بێشەرمن، پێشمئێژن : " کاکە موحەمەد بۆ نایێیتە مزگەوتێ و لەتەکمان تێکەڵاو نابی". ئاخر ... بابینە بۆ کەڵەگاتانم تا تێکەڵتان بم. ئاخ گەر بەمن بووایە شاربەدەرم دەکردن. لەو ڕۆژەوەی ئەو خوێڕیانە هاتگنەسە ئەگرە، خۆ هەڵاڵەش دڵی گۆڕاوە و توورەکەیەکی کردگەسە سەری و ئێژی قەڵەڕەشەس دەنووکی شۆڕ کردگەسۆ، ئاخر تۆ بۆ هەش وەسەر، ئەترسم ئەم هەتیوانە جادوویان لەم خەڵکە کردوێ و خەویان لێ کەفتێ. بەڵام نازانم چۆن بەو خەڵکە بێژم، کە ئەمانە دەست بەڕوومەتی مناڵەکانتانا ئێنن و چاوبازی دەکەن. بڕوا وە من ناکەن و ئێژن ئەم حەرامزادە گاورە ڕقیەسی لە دین و گەرەکیەسی ئەمەش وەکی خۆی لێ بکا و لە دین وەرمانگێڕێ و عاقیبەت شەڕمان بکا. مەگەر لەباخەڵی ژنەکانیانا بیانووینن، ئەوساکە دەزانن خلە و بلە کێن. خۆ گەر بزانن من چۆنی بیردەکەمەوە، ئەوا شەوێك دەمکوژن و ئێژن فریشتە سپیپۆشەکان بوون. ئەم ئاواییە کاوڵ بووگە ئێژی شێتخانەیە، گەر دکتۆرێك لە سەرووی ئاوایی دانێ و نوشتە نووسێکیش بەریتە خوارئاوایی، ئەوا وەك تەیری گوڵ لە داری زەقنەبوت کۆدەبنەوە. تۆ بڵێی هەروا بۆیان بچێتە سەر، ئاخر هەڵاڵە تۆ بۆ؟ ڕاستە من دایکە کلۆڵکەم بە هەتیوی گەورەی کردگم، بەڵام هێندەم خۆشدەویستی، خۆزگەم دەخواست، کە ڕۆژێ بتوانم لەتەك تۆ ماڵێکی چکۆلانەمان هەبێ و جارجارەش بچینە شار و بۆ خۆمان ڕابوێرین... "

دەنگە دەنگی خەڵکەکە لە زەماوەندی بەئاگایانهێنا و هەر کەسە و بەپرتاو بەرەو مزگەوت ڕایدەکرد. حەمە چکۆل لەبەرخۆیەوە وتی "با بڕۆم، بزانم چ موعجیزەیەکیان نیشانداگە".

ئەویش خۆی گەیاندێ و چاوی بڕوای نەدەکرد، ئاوا خێرا ئاواتەکەی بێتەدی ، "ئاههه... ئەوە من بووم ئەو ڕۆژەم بەچاوی خۆم بینی، باش بوو ئاواتەکەم نەبردە ژێر گڵ".

حاجی ڕمەزان، دەستە پانوپۆڕەکانی کێشایە بان قورئانەکە و قورگی پاك کردەوە :
بە هەقی ئەم قورحانە ئەوەی دیگمە، وەڕاستی وە ئێوەی ئێژم، برام هەوە سۆفی قوربانی ماگەو نەمردگە، بۆ ڕۆژی قیامەت وە شاهیدم گرتگە، بێژە سۆفی، مەردی خوابە و تۆ بێژی، قەسەم وەخوا بڕوا ناکەم لە وەتەی ئەم ئاواییە گیانلەبەری هاتگەسە ناو کاری وا خراو کریاوێ. نازانم چیتان پێبێژم، شەرم دەکەم، سۆفی تۆبی خواو وەعالەمی بێژە، ئاخر من خەجاڵەت ئەکێشم، نەعوزەن باﷲ، ئەستغفیڕوالله، خوایا بۆ دوێکە منت نەکوشت، تا خەراپەی وا نەوینم؟
مەلاحەبیب : ڕجوع بەرۆ حاجی، ئەزانی چی ئێژی، تۆ ئیراد لەکاری خوا ئەگری !
حاجی ڕەمەزان : تۆبە خوایا ...خوارد، بە گەورەیی خۆت بمبەخشە.
مەلاحەبیب : ئێستاکە لە قسەکانی حاجی هیچمان لێحاڵینەوو، بێژە سۆفی قوربانی بزانم، چیت بینیگە و چی ڕوویداگە، تا بزانین بەپێی شەرع و یاسای خودای چی بکەین، تا ئاوایی خەرقی غەزەوی خوا نەوێ.
سۆفی قوربانی: قوربان چیتان عەرزکەم، ئەستغفیڕوالله مامۆستا، ئەورۆکە من و حاجی لاوەلا پیاسەمان دەکرد و کەمێ حەسا و کەتابی خۆمان هەوو ویستمان بیوڕینۆ، تا فەسڵی زەکات نەهاتووە. کە گەیشتینە بەر باخەکەی مام وەلی، نەعووووزەن باﷲ، ئەستغفیڕوالله، خوایا تۆبە و هەزار پەشیمانی. ئیتر ئەوەی دیگمانە بۆ باسکردن ناشێ، بێ عەدەبی نەوێ شەرم دەکەم.
مەلاحەبیب : کورە بابم پیاوی خاس ون، بێژن چی بووگە و چیتان دیگە، ئاوا ناوێ، چۆن شەرعی خودای وا ئەکرێ ؟
سۆفی قوربانی: یەعنی من بیوێژم، گوناحوار ناوم ؟
مەلاحەبیب: نە باوە، گەر باستاننەکردایە، فرە خاسبوو، بەڵام پاش ئەوەی گشت ئاوایی زانیگیەسی، ئیتر وەو جۆرە ناوێ !
سۆفی قوربانی دەستە لاوازەکانی بەترس و لەرزەوە بە قورئانەکەدا کێشا و بە هەناسەبڕکێوە وتی :
بەخوا مامۆستا مادام تۆ فەرمایشتتکرد، منیش ڕاست و ڕەوان ئێژمی. عەیب نەوێ لە ڕووتان، شەرع شەرمەی بڕیگە؛ وەك حاجی ڕەمەزان گێڕایۆ، کە گەیشتینە بەردەم باخەکەی

مام وەلی، چمان دی خوا نەعوزەن باالله، ئەستغفیڕوالله، دیمان کەسێ قونیگەسە بان کەسێتر، نەعوزەن بالله، ئەسغفیڕوالله، هەناسەبڕکێیەسی و ئەویتریش ئەستغفیڕوالله خوایا تۆبە لە ژێریا نقەنقیەسی و خوایا تۆبە، .... خواردوێ، دەینقاند "هێواش هەتیم دڕیام". ئەو گاوربابە وەك کەڵەشێر قونیبووە بانی و هەر هنگە هنگی بوو، قەسەم بەقورحان مامۆستا تەشبیە بەوە نەوێ، تۆش ئاوا ناقونیتە بان مەلاژن.
مەلاحەبیب : سبحانەالله ئەوە تۆ چیت لێ قەومیاگە سۆفی، بە تۆمان وت بۆمان بگێڕەڕۆ یان باسی نامووسی ئێمەومانان بکە، بیتامتکرد سۆفی، برام ناوێ تۆ قسەی بندیواران لەگرە باسکەی !

سۆفی قوربانی: عافووەن مامۆستا، هۆشم لەخۆم نەماگە، خولاسەی کەلام، ئەوە هێشتا ئەم باوەحیزانە بە ئەمەیان نەزانیبوو، وەك وتم شەرع شەرمەی بڕیگە، خاسترە ڕاست و ڕەوان بێژمی، ئەتوت گەماڵە و لەتەك دێڵە سەگی لکیاگە، وەها پێوەی نووسیاوو، هەچەندی ئەوەی ژێری خەریکبوو نقەی لێبوڕێ، بەڵام باشبوو من و حاجی بە قوربانی هیمەتی بم، توانیمان لێکیان جیاکەینۆ و بەڵانسفەت وەك ...ی بیانتێرینۆ خزمەت تۆ. ئەمە حاڵ و ئەوە حیکایەت. بەخوا لەڕێگە هەر دەموت بەسنەبوو، وەك فەقێکەی ئەوە ساڵی ١٩٨٤ی سەیسایەق دەستیانڕانەگەیشتە مناڵکانمان. خوایە تۆبە خوا، لەبەڵای ناگەهان لاماندەی.
مەلا حەبیب : ئێستاکە پاش ئەوەی گوێمان لە قەولەکانی حاجی ڕەمەزان و سۆفی قوربانی ڕاگرت، نۆرەی پرس و جواوە لەو فریوخواردووانەی شەیتان، تکادەکەم گشت لایەك دان بەخۆدا بگرن، هەروەها کاکە (خدر و ئیبراهیم)یش دەبێ هەرچی بووگە و ڕوویداگە، وەتەواوی بۆمان بگێڕنۆ، تاوەکو بەحەول و قوەتی خوای بانیسەر بتوانین شەرع و یاسای قورئانی پیرۆز جێبەجێبکەین.
- کوڕم خدر ئایا ئەوە ڕاستە، کە لە قەولەکانی حاجی ڕەمەزان و (سۆفی قوربانی)دا هاتگە، ئایا تۆ ئیقراردەکەی کە کاری خراوی وەهات کردوێ ؟
خدر: ئمم.
مەلا حەبیب : کوڕم وەها ناوێ، دەبێ وەجوانی و ڕاس و ڕەوان، چۆن بووگە بۆمان بگێڕیتۆ، شەرمی پێناوێ، هەر پیاو تووشی بەڵا و قەزاو قەدەر ئەوێ.
خدر : مامۆستا خەتای ئەوو، لەپێشا ئەو قونییە بان من، بەخوا مامۆستا من ئەمڕۆ فرە حەزم لێنەوو، ئەوو وەك شەیتانی
قونییە بانم.

مەلا حەبیب : باشە کوڕم ئیبراهیم، پاش ئەوەی کە گوێمان لە ئیفادەی ئەوو، تکا لەتۆش ئەکەین، ڕاسیمان پێبێژە، تاوەکو عەداڵەتی خودا و پێغەمبەران بووەینە ڕێیوۆ.
ئیبراهیم : بەخوا مامۆستا بەو قورئانەی خوێندگمە هێشتا نۆرەی من نەهاتووو، خەتای ئەوو گشت ڕۆژێ وەك حەرەمی هاتگەسە لام، بەخوا مامۆستا ئەو لامەسەوە هیچ ڕوحمی پێنەکردگم، لەگشت شتێکا هەر ئێژێ من خەتمێکم لە تۆ فرەتر کردگە و ئەوێ من لەپێشەوە بقونم.
ئاخر مامۆستا ئەو هەر لە مناڵیۆ بەمن فێربووگە، وەختێ من مناڵبووم، ئەو باوکی فرەی هەبوو منیش دایکم وە هەتیوی گەورەی کردگم و خزمەتکاری ماڵی ئەوان بوو. ئیتر گشت ڕۆژێ دەسی ئەوردە پشتم و پێمفێربوو، جارێکیان وە مامۆستاکەمان عەبدولقادرە فەنیم وت "مامۆستا خدر وازم لێناتێرێ"، مامۆستا بڕوای وە من نەکرد و وتی "هەتیو خوێڕی بۆ بوختان بۆ کوڕی حاجی ڕەزاق هەڵدەبەستی، بڕۆ چڵمنی پیس لەبەرچاوم ونبە". ئیتر نەمدەوێرا بەکەسی بێژم و دەرەقەت خدریش نەدەهاتم، ئاخر گشت تەلەبەکان لێیدەترسیان.
مەلاحەبیب : باشە کەوابێ دەس وەکار بین و حوکمەکەی "فاروق" وە عادیلانە بدەین وەسەریانا. بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبانەوە، من مەلا حەبیب کوڕی مەلا ڕەشید کوڕەزای مە تەبیب کوڕەزازای مەلا نەبیب تا دەگاتە سەجەرەی سەلاحەدینی ئەیوبی ئەو قارەمانەی کە تەفروتونای کردگە لەشکری سەلیب. دەمەوێ بەپشتیوانی خوای گەورە سزای عادیلانەی قورعانی پیرۆز وەسەر ئەم دوو بەندەیەی خودا بدەین و لەخراپەکاری پاکیان کەینۆ.
- ئامادەن کوڕم خدر، ئیبراهیم ؟
- بەڵێ مامۆستا .. بەڵێ مامۆستا ..
مەلا حەبیب : کوڕم دەبێ تا ناوقەدتان ڕووتۆ کەن، بەپێی ئەو سزایەی چوار ئیمانان و جامعەی ئەزهەر دایانناگە، ئەوا یەکی هەشتا شەلاقتان دەبێ لێبوورێ، بەندەش بەم کارە پیرۆزە هەڵدەسم، بەڵکوم خوای گەورە لە گواحی گشت لایەکمان خۆشوێ. ئامین یا ڕەبولعالەمین. کوڕم خدر دەبێ تۆ هەوەڵ جار شەلاق بخۆی، چونکە تۆ لۆتی و ئەو مەلوتە، بەطائی گەورە. پاش شەلاقخواردن ئەبێ تۆوە بکەی و وەپەلە خۆو فڕێدەیتە ناو حەوزەکەی مزگەوت.
خدر : بەڵێ مامۆستا، ئای..ئای ...ئای
مەلا حەبیب : کوڕم گەر کاری وەها خراوت نەکردایە وەو جۆرەت بەسەر نەدەهات،

هم..هم...هم...هم

خدر : ئای مامۆستا فرەم ماگە، تو خوا سووك لێمدە، بێژە مامۆستا چەندم ماگە، ئای ؟

مەلا حەبیب : هەفتا و هەشت. هم.. هەفتا و نۆ. هم.. هەشتاااااە، برۆ کورم باسارد نەویتۆ، تۆبەی خێرت بێت. کوڕم ئیبراهیم تۆ حازری ؟

ئیبراهیم: بەڵێ مامۆستا، توخوا مامۆستا سووك لە من بدە، ئاخر من هێشتا هیچم نەکردوو، من فرە ئەترسم.

مەلاحەبیب : چۆن هیچت نەکردگە، ئەی سواری کێ بووگە، خۆ سواری بابم نەبووگە ؟
ئیبراهیم : ئای یای یای.. ئاااااای بابەرۆ مردم خوایا، ئاخر کەی هەقە بقوننە بانتو شەلاقیش بخۆی، ئای ئاااای، مردم وەی خوایا، ئاخر ئەو کردگیەسی بۆ لە من دەدەن ، ئای یا یایای، ئای نەنکە ڕۆۆۆ.

مەلاحەبیب : ناشوکری مەکە هەی لامەسەو، ئەو کردگیەسی تۆش داگتە، هم .. هم.. شەست و پێنج هم..، شەست و ..

ئیبراهیم : ئای .. بەخوا مامۆستا خۆم ژماردگمە ئەوە هەشتا و دوو. ئای پشتم خوایا .. ئای ئاییی، ئای باوکەڕۆ مردم، خۆ ئەو هەتیوەش ئەوەندە ئازاری داگم، بەسە توبی خوا، ئای..
مەلاحەبیب : هم.. هەفتا و نۆ. هم.. هەششتاااە، هەستە برۆ، هەستە گەر ئازارت هەیە چۆن ئەو شتەت پێهەڵگیراگە؟!! خوا لێتانرەزا بێ. برۆن ئیتر تۆبەی مەرگی لێبکەن و کاری وا مەکەنۆ!
خدر : بەڵێ مامۆستا، شەرت بێ شەرتی خوا، جارێکیتر... وا نەخۆم.

حەمەچکۆل : ئەی فریشتە جلك سپییەکان چییان وەسەرهات، خۆ لە ئەفگانستانیش بووایین، ئەوا دەموت ئەوە هێزی ئەمریکایە و بە پەرەشوت داباریون و بەرگی سپییان پۆشیگە، قوڕ بەسەرمان ئاوا بڕوا ژنەکان دەبنە عەزرا و ئێمەش قەومی لوت، ئاواییش پڕ دەبێ لە کوڕانی خوا ..

# Xle û Ble

Ew Rojane her bas basî (xdir û brahîm)î bû; "bram fre nuranîn" , "kure babe frîşten ...", "ey çon kê êjê yekêkyan Hizretî mehdî mew'ud nîye...", "ey xozgem be Dayk û babtan kuncî Beheşt cêyane." hênde Nawbangî bêgerdîyan royiştbû, heriMnall bû xozgey dexwast kakyan bûnaye. Kçan beawatewe bûn, dezgîranyan bûnaye. Axir naw û Nawbangyan le Mrovbûn têperrîkribû, Rojê debûne newey peyamber û Rojêk dekrane mhemedî mehdî, Rojêkîş frîşte.

Xellkî awayî weha bawerryan bexoyan hênabû, madamekî kake xdir û brahîm lenêw awayn, ewa xêr û bereket beser Gundda debarêt. Hêndêk bo xonzîkkirdnewe lêyan, ger merrekey dûber beyekewe bzaye, deykirde hellaw deygût "Xellkîne binwarrn emin nemgut pa û qedemî mamosta xdir û mamosta brahîm bexêre ! ". Xo mame qaley dukandarîş, ger zererîşî bkirdaye, ewa deygut "ey çon babim xo gallte nîye, dû frîşte dabezîwnete awayî, hênde qazancim kirduwe, zekatekeym pênajmêrdirê". Mame 'eleş lew lawe begoçanekeyewe lerze lerz xoy degeyandê û qurgî lo safdekrid û deygut "ya Xwa bexêrbên, teşrîfyan hênawe, xudaya şukir wişkey em zistane terrutûşeşman msogerbû, qadrî bram çonî? "

Kerîmî çayçîş hellîdedaye û boy tewawdekirdin " kure babe ewe bo nayêjn, lewetey ew dû zate mubarekane hatûnete nêwman, pêwîstnakat zaRollekanman be Şewleban û xêw btirsênîn, axir bram raste min qurhanim nexwêndge, bellam lezarî melaw şêxanewe gwêm lêbûge, ke pyawî Sallh rûy leher Şwên na, îtir hemû ştê baş debê, xo begallte nawyan nenawun xdir û brahîm".

Çekdarêkî zerdelley rîşn, detgut le efganistanewe taze gerrawetewe kirdîye cwaw " ger ştêktan bo basbkem, lewaneye bêjn çîyîy, bew qur'aney xwêndigme, ewey êjmî xom we çawî xom dîgme. Tazekî em dû bra dînyeman hatbûn, Şewane deyanut "bnûn, hîç Xemtan newê eme Xwaman leteke" rastîyekey emeş hallînedebûyn, çî êjn û qestyan çes. Ta Şewêkyan bê 'edewî newê deçûme 'edebxane, çîm dî, bêjn çî, bew Xwayey ha weban Sermano her çwar dewrî meqerekeman çekdarî spîpoş bûn, heresekeş le şîrîn xewda bû. Bew qur'aney desm lêdage çîm botan gêrrageso xelafî newu". Cema'et bedwayda "sibhanealle bram to Beheştî, qesem bexwa awrî cehenem weçaw nawînî, xozyem wexot bralle ".

Drokirdin bû bû bepêşbirkê û lexobirdne pêşeweda bra bray nedenasî. Tenya Kesêk ke leberxoyewe pîşî lêdexwardnewe û serî ledest xoşbawerî Xellkeke awsabû û neşîdewêra qsey bkatin, heme çkol bû. Wext bû şeq berê û leberxoyewe deygût "axir nazanim em Xellke çîyan lê qewmyage, wa ew dû saxteçîyeyan lê bûgese ştê nayab. Ax xle û ble dertan le Gyanim ger Rojî xoy dê û drotan lê spî dekemo, ewsa debînin, em Xellke frîwixwardge çon lêtan dête cwaw û hesa û ketawtan letek dekat. Ay çende bêşermin, pêşmêjn : " kake muhemed bo nayêyte mizgewtê û letekman têkellaw nabî". Axir ... Babîne bo kellegatanim ta têkelltan bim. Ax ger bemin buwaye şarbederm dekirdin. Lew Rojewey ew xwêrryane hatgnese egre, xo hellalleş dllî gorrawe û tûrekeyekî kirdgese serî û êjî qellerreşes denûkî şorr kirdgeso, axir to bo heş weser, etrism em hetîwane cadûyan lem Xellke kirdwê û xewyan lê keftibê. Bellam nazanim çon bew Xellke bêjm, ke emane dest berrûmetî Mnallekantana ênin û çawbazî deken. Birrwa we min naken û êjn em heramzade gawre riqyesî le dîn û gerekyesî emeş wekî xoy lê bka û le dîn wermangêrrê û 'aqîbet şerrman bka. Meger lebaxellî jnekanyana byanûyinin, ewsake dezanin xle û ble kên. Xo ger bzanin min çonî bîrdekemewe, ewa Şewêk demkujn û êjn frîşte spîpoşekan bûn. Em awayîye kawl bûge êjî şêtxaneye, ger diktorêk le serûy awayî danê û nuşte nûsêkîş berîte Xwarawayî, ewa wek teyrî gul le darî zeqnebut kodebnewe. To bllêy herwa boyan bçête ser, axir hellalle to bo? Raste min Dayke kllollkem be hetîwî gewrey kirdgim, bellam hêndem xoşdewîstî, xozgem dexwast, ke Rojê bitwanim letek to Mallêkî çkolaneman hebê û carcareş bçîne şar û bo xoman rabwêrîn... "

Denge dengî Xellkeke le zemawendî beagayanhêna û her Kese û bepirtaw berew mizgewt raydekrid. Heme çkol leberxoyewe wtî "ba brrom, bzanim çi mu'cîzeyekyan nîşandage". Ewîş xoy geyandê û çawî birrway nedekrid, awa xêra awatekey bêtedî , "ahhih... ewe min bûm ew Rojem beçawî xom bînî, baş bû awatekem nebirde jêr gill".

Hacî rmezan, deste panuporrekanî kêşaye ban quraneke û qurgî pak kirdewe :
Be heqî em qurhane ewey dîgme, werrastî we êwey êjm, bram hewe sofî qurbanî magew nemirdge, bo Rojî qyamet we şahîdim girtge, bêje sofî, merdî Xwabe û to bêjî, qesem wexwa birrwa nakem le wetey em awayye Gyanleberî hatgese naw karî wa xraw kiryawê.

Nazanim çîtan pêbêjm, şerm dekem, sofî tobî Xwaw we'alemî bêje, axir min xecallet ekêşm, ne'uzen baalle, estixfîrrwalle, Xwaya bo dwêke mint nekuşt, ta xerapey wa nEwînim?

Melahebîb : rcu' bero hacî, ezanî çî êjî, to îrad lekarî Xwa egrî !

Hacî remezan : tobe Xwaya ...Xward, be gewreyî xot bimbexşe.

Melahebîb : êsTake le qsekanî hacî hîçman lêhallînewu, bêje sofî qurbanî bzanim, çît bînîge û çî rûydage, ta bzanîn bepêy şer' û Yasay xuday çî bkeyn, ta awayî xerqî xezewî Xwa newê.

Sofî qurbanî: qurban çîtan 'erizkem, estixfîrrwalle mamosta, ewrroke min û hacî lawela pyaseman dekrid û kemê hesa û ketabî xoman hewu wîstman bîwrrîno, ta fesllî zekat nehatuwe. Ke geyiştîne ber baxekey mam welî, ne'ûûzen baalle, estixfîrrwalle, Xwaya tobe û hezar peşîmanî. Îtir ewey dîgmane bo baskirdin naşê, bê 'edebî newê şerm dekem.

Melahebîb : kure babim pyawî xas win, bêjn çî bûge û çîtan dîge, awa nawê, çon şer'î xuday wa ekrê ?

Sofî qurbanî: ye'nî min bîwêjm, gunahwar nawm ?

Melahebîb: ne bawe, ger bastannekirdaye, fre xasbû, bellam paş ewey gişt awayî zanîgyesî, îtir wew core nawê !

Sofî qurbanî deste lawazekanî betris û lerzewe be quranekeda kêşa û be henasebrrikêwe wtî :

Bexwa mamosta madam to fermayiştitkird, mnîş rast û rewan êjmî. 'eyb newê le rûtan, şer' şermey brrîge; wek hacî remezan gêrrayo, ke geyiştîne berdem baxekey mam welî, çman dî Xwa ne'uzen baalle, estixfîrrwalle, dîman Kesê qunîgese ban Kesêtir, ne'uzen balle, esxifîrrwalle, henasebrrikêyesî û ewîtrîş estixfîrrwalle Xwaya tobe le jêrya nqenqyesî û Xwaya tobe, .... Xwardiwê, deyinqand "hêwaş hetîm dirryam". Ew gawirbabe wek kelleşêr qunîbuwe banî û her hinge hingî bû, qesem bequrhan mamosta teşbye bewe newê, toş awa naqunîte ban melajn.

Melahebîb : sibhanealle ewe to çît lê qewmyage sofî, be toman wit boman bgêrrerro yan basî namûsî êmewmanan bke, bîtamtkird sofî, bram nawê to qsey bindîwaran legre baskey !

Sofî qurbanî: 'afuwen mamosta, hoşm lexom nemage, xulasey kelam, ewe hêşta em bawehîzane be emeyan nezanîbû, wek wtim şer' şermey brrîge, xastre rast û rewan bêjmî, etut geMalle û letek dêlle segî likyage, weha pêwey nûsyawu, heçendî ewey jêrî xerîkbû

nqey lêburrê, bellam başbû min û hacî be qurbanî hîmetî bim, twanîman lêkyan cyakeyno û bellanisfet wek ...î byantêrîno xizmet to. Eme hall û ewe hîkayet. Bexwa lerrêge her demut besnebû, wek feqêkey ewe Sallî 1984î seysayeq destyanrranegeyişte Mnallkanman. Xwaye tobe Xwa, lebellay nagehan lamandey.

Mela hebîb : êsTake paş ewey gwêman le qewlekanî hacî remezan û sofî qurbanî ragrit, norey pris û cwawe lew frîwixwarduwaney şeytan, tkadekem giştlayek dan bexoda bigrin, herweha kake (xdir û îbrahîm)îş debê herçî bûge û rûydage, wetewawî boman bgêrrno, taweku behewl û qwetî Xway banîser bitwanîn şer' û Yasay quranî pîroz cêbecêbkeyn.

- Kurrm xdir aya ewe raste, ke le qewlekanî hacî remezan û (sofî qurbanî)da hatge, aya to îqrardekey ke karî xrawî wehat kirdwê ?

Xdir: mim.

Mela hebîb : kurrm weha nawê, debê wecwanî û ras û rewan, çon bûge boman bgêrrîto, şermî pênawê, her pyaw tûşî bella û qezaw qeder ewê.

Xdir : mamosta xetay ewu, lepêşa ew qunîye ban min, bexwa mamosta min emrro fre hezm lênewu, ewu wek şeytanî qunîye banim.

Mela hebîb : başe kurrm îbrahîm, paş ewey ke gwêman le îfadey ewu, tka letoş ekeyn, rasîman pêbêje, taweku 'edalletî xuda û pêxemberan buweyne rêywo.

Îbrahîm : bexwa mamosta bew quraney xwêndigme hêşta norey min nehatûu, xetay ewu gişt Rojê wek heremî hatgese lam, bexwa mamosta ew lamesewe hîç ruhmî pênekirdgim, legşit ştêka her êjê min xetmêkim le to fretir kirdge û ewê min le pêşewe bqunim.

Axir mamosta ew her le Mnallyo bemin fêrbûge, wextê min Mnallbûm, ew bawkî frey hebû mnîş Daykim we hetîwî gewrey kirdgim û xizmetkarî Mallî ewan bû. Îtir gişt Rojê desî ewirde piştim û pêmfêrbû, carêkyan we mamosTakeman 'ebdulqadre fenîm wit "mamosta xdir wazm lênatêrê", mamosta birrway we min nekrid û wtî "hetîw xwêrrî bo buxtan bo kurrî hacî rezaq helldebestî, brro çllimnî pîs leberçawm winbe". Îtir nemdewêra beKesî bêjm û dereqet xidrîş nedehatim, axir gişt telebekan lêydetirsyan.

Melahebîb : başe kewabê des wekar bîn û hukmekey "faruq" we 'adîlane bdeyn weseryana. Benawî Xway bexşinde û mîhrebanewe, min mela hebîb kurrî mela reşîd kurrezay me tebîb kurrezazay mela nebîb ta degate secerey selahedînî eyubî ew qaremaney ke tefrutunay kirdge leşkirî selîb. Demewê bepşitîwanî Xway gewre szay 'adîlaney qur'anî pîroz weser em dû bendeyey xuda bdeyn û lexrapekarî pakyan keyno.

- Amaden kurrm xdir, îbrahîm ?

- Bellê mamosta .. Belê mamosta ..

Mela hebîb : kurrm debê ta nawqedtan rûto ken, bepêy ew szayey çwar îmanan û cam'ey ezher dayannage, ewa yekî heşta şelaqtan debê lêbûrê, bendeş bem kare pîroze helldesm, bellkum Xway gewre le gwahî gişt layekman xoşwê. Amîn ya rebul'alemîn. Kurrm xdir debê to hewell car şelaq bxoy, çunke to lotî û ew melute, begaî gewre. Paş şelaqixwardin ebê towe bkey û wepele xow frrêdeyte naw hewzekey mizgewt.

Xdir : bellê mamosta, ay..ay ...ay

Mela hebîb : kurrm ger karî weha xrawt nekirdaye wew coret beser nedehat, him..him...him...him

Xdir : ay mamosta frem mage, tu Xwa sûk lêmde, bêje mamosta çendim mage, ay ?

Mela hebîb : hefta û heşt. Him.. Hefta û no. Him.. Heştaaaaae, brro kurrm basard newîto, tobey xêrt bêt. Kurrm îbrahîm to hazrî ?

Îbrahîm: bellê mamosta, tuxwa mamosta sûk le min bde, axir min hêşta hîçim nekridû, min fre etrism.

Melahebîb : çon hîçt nekirdge, ey swarî kê bûge, xo swarî babim nebûge ?

Îbrahîm : ay yay yay.. Aaaaaaay babero mirdim Xwaya, axir key heqe bqunne bantu şelaqîş bxoy, ay aaaaay, mirdim wey Xwaya, axir ew kirdigyesî bo le min deden , ay ya yayay, ay nenke rooo.

Melahebîb : naşukrî meke hey lamesew, ew kirdigyesî toş dagte, him .. Him.. Şest û pênc him.., şest û ..

Îbrahîm : ay .. Bexwa mamosta xom jmardigme ewe heşta û dû. Ay piştim Xwaya .. Ay ayîyî, ay bawkerro mirdim, xo ew hetîweş ewende azarî dagim, bese tubî Xwa, ay..

Melahebîb : him.. Hefta û no. Him.. Heşiştaaaae, heste brro, heste ger azart heye çon ew ştet pêhellgîrage?!! Xwa lêtanrreza bê. Brron îtir tobey Mergî lêbken û karî wa mekeno!

Xdir : bellê mamosta, şert bê şertî Xwa, carêkîtir ... Wa nexom.

Hemeçkol : ey frîşte cilk spîyekan çîyan weserhat, xo le efganistanîş buwAyîn, ewa demut ewe hêzî emrîkaye û be perreşut dabarîwn û bergî spîyan poşîge, qurr beSerman awa birrwa jnekan debne 'ezra û êmeş qewmî lut, awayîş pirr debê le kurranî Xwa ..

# دڵداری خودا و ئەهریمەن

لەبەردەم هەیوانەکەدا ڕووەو خۆرئاوا لەسەر چیچکان، دەست لەسەرئەژنۆ پاڵیدابووە دیوارە بەردینەکەی پشتسەری و ڕۆچووبووە گۆمی لێڵی بیرەوەرییەکانی ... " ئای ئامین، ئێستاکە چی بکەی، ئەترسم پاش گواسنەوەی من بۆ ئێرۆکانە، مەلا عەلی خەریکی سارێژکردنەوەی جێگە تەورەکەی من بێ. ئای لەو ڕۆژانە چەندە خۆشبوون، ئەترسم لێرە نێچیری ئاوهام بۆ هەڵنەکەوێ و لەولاشەوە عەلە ساختەچی لە ڕەنجی من بخواتن. بەخودای هەرچەندە ئامین زۆر خۆشمامەڵە بوو، بەڵام هێندەی شیرین ژنە چکۆلەکەی حاجی عەوڵا جوان نەبوو. مەترسە مامۆستا، خودا بەشی مار و مێرولەش دەدات، تۆ بڵێی ڕەبەنی منی پێقبوڵبکرێ؟ بەسنەبوو حەپسەی ئامۆزامم نەهێنا، بەخودای وەك شیرینی چاوی لە هەرزە و تازەکاران دەبڕی. دەی .. دەی، خۆ ئەگەر حاجییەکان دوو ژنی نەهێنین، کێ لایەك لە سەرومێزەرەی من دەکاتەوە. بەخودای ئەم نووشتەنووسینە نیعمەتە، ئەگینا دەبوو هەر لیکم قوتدایە".
گرازە گرازی مامر و کەڵەبابەکەی حاجی عەوڵا، زنجیرەی خەیاڵە بێسەرەتا و کۆتاییەکانی مەلا موشیری پساند و یەك دوو جار لە دەوری مامری نازونووککەر سووڕایەوە و وەك کێچ قونییەبانی، چەندجار بەر و دوا و خۆکوڕکردنەوە، خۆی هەڵدایە خوارێ. مەلا موشیر وەها سەرنجی دابووێ، دیوارە بەردینەکەی پشت سەری لێبووبووە نوێنی بووك و زاوایی و پەڕی پڕ و سپی مامرەکەی لێبووبووە لەشوڵارە بلوورینەکەی شیرین. وەها ئاگای لەخۆی بڕابوو، بەدەم خەیاڵەوە کووڕدەبوو و ڕاستدەبووە و بۆڵە بۆڵێکیشی لێوەدەهات و لەبەرامبەر خۆری پاش نیوەڕواندا شەڵاڵی عارەقە بووبوو.
"ئا شیرین گیان، دەزانم چەندە بێزاری لە نرکەنرکی چەند سەعاتەی حاجی و کەچی هیچیش. بەخودای ئەم جارە هاتی دووعای سەر ناوکت لۆ دەگرمەوە. بەخودای ڕاستدەکەن؛ گەر خودا دەرگەیەك دابخات، ئەوا دەرگەیەکی دیکە دەکاتەوە. ڕاستی فەرمووە شاعیری بە عیرفان: "خودا تا کێو نەبینێ، بەفری تێناکا" هەروایە تا خودا تا شیرین نەبینێ، موشیر نەقلی ئێرۆکانە ناکا. ئاخ شیرین گیان، خۆزگە بەیانی دەهاتی، بەخودای دوعایەکم لۆ دەکردی تا حاجی وەك زەردەواڵە لێتدوورکەوێتەوە. ئاخر کو دەبی ئەو هێنگینەی لەپێشی ئەو مەگەزەی دانێی. ئای لەو نەرمە لەرەی مەمکۆڵانی، وەی لە تاك و جووتی لاسمتە گۆشتنەکانی، بابی بابم، نەنکم بەقوربانت بێت، وەکی مامزی ڕێیاندەکات. بەخودای ئەترسم ئەم شەو عومرکۆتابم و ڕۆژنەبێتەوە، دەزانم بەیانی جومعەیە و دێیتە کنم تاوەکو نوشتەکەت لۆ بکەم،

شتی ئاوما بەڕۆژی جومعانا پیرۆزە، گەر خودا ڕێکیبخا و شیرین بەتەنیا بێ و پڕوپیرە ژنم لێکۆنەکاتەوە. ئەوسا وەکی ئادەمی سێوێکم دەرخوارد بدا، چش لەبەهەشتێ ".
حاجی جەمەدانییەکەی توند لەسەری ئالاند و ڕووە و مامۆستا :
- ئحم. ئحم ... سڵاوی خودات لێبێت مامۆستا، چتە، دووربێ لە گیانت خۆ نەخۆش نیت؟
مەڵا موشیر: ئح. ئح نەخێر حاجی، ئەوە خۆرەتاوەکەی خۆش بوو، بەخۆمم گوت، با کەمێك لەبەر ئەو خۆرەتاوەی لۆ خۆم دانیشم.
حاجی عەوڵا : بەقوربانی زاتتان بم، ئەنگۆ گەر بشخەون ئەوا بە تاعەت لۆتان بەحیساب دێ.
مەڵا موشیر : بەتەمای کەرەمی خودای.
حاجی عەوڵا : بێشك سەرقاڵی ئامادەکردنی بابەتەك بووی لۆ سبەینێ.
مەلاموشیر: نەوەڵا حاجی، لۆ بابەتی پێویست بەوەی ناکاتن، لە شاری لۆمان دیاریدەکرێ. ئەوەی ڕاستی بێ، بیرم لە کارەکانی خوداوەندی دەکردەوە و بەچاوی دڵ لە جوانییەکانیم دەڕوانی، بەڕاستی چتەکی عەنتیکەیە. جا پیاو تا شەرع و فیقی نەخوینی لێی تێناگا. خۆزگەم بەوەی بەو بەهەشتە ڕەنگینەی شاد دەبێ. ئەترسم نەیبینم !
حاجی عەوڵا : قوڕ بەسەر من. کو وا دەرێی مامۆستا، من دڵنیام کە تو پێش من پێی شاددەبی، بەشی ئەنگۆ لە هی مە باشتر دەبیتن.
مەڵاموشیر : هاوار لەدەم و نەفەست. بابڕۆین نوێژەکانمان بکەین. (سەیرێکی شیرینی دەکات) بەتەمای ڕەحمەتی خودای.
نەرمە بزەی شیرین ئاگری لە ناخی وەردا و لێوەکانی کەوتنە نەرمە جوڵە، ئاگای لە حاجی نەماو لە ناخیدا دەنگێك دەیهەژان:

لۆ چیمە ئاوی زەم زەم؟
گەر لە تۆوە هەمبێ،
ماچی ناودەم ..
گیانی گیانم حاجیژن !
بەهەشتم لۆ چییە
کە کەس لێی دڵنیا نییە
گەر سبەی بێتە کنم
دەزانی مێزەرەم لۆ چییە
کوێندەرێیە قیبلەی من، حاجی ژن !

# dilldarî Xuda û Ehrîmen

Leberdem heywanekeda ruwew xorawa leser çîçkan, dest leserejno pallîdabuwe dîware berdînekey piştserî û roçûbuwe gomî lêllî bîrewerîyekanî ... " Ay amîn, êsTake çî bkey, etrism paş gwasinnewey min bo êrokane, mela 'elî xerîkî sarrêjkirdnewey cêge tewrekey min bê. Ay lew Rojane çende xoşbûn, etrism lêre nêçîrî awham bo hellnekewê û lewlaşewe 'ele saxteçî le rencî min bixwatin. Bexuday herçende amîn zor xoşmamelle bû, bellam hêndey şîrîn jne çkolekey hacî 'ewlla cwan nebû. Metirse mamosta, xuda beşî mar û mêruleş dedat, to bllêy rebenî mnî pêqbullbikrê? Besnebû hepsey amozamim nehêna, bexuday wek şîrînî çawî le herze û tazekaran debrrî. Dey .. Dey, xo eger hacîyekan dû jnî nehênîn, kê layek le serumêzerey min dekatewe. Bexuday em nûşteNûsîne nî'mete, egîna debû her lîkim qutdaye".

Graze grazî mamir û kellebabekey hacî 'ewlla, zincîrey Xeyalle bêsereta û kotayyekanî mela muşîrî psand û yek dû car le dewrî mamrî nazunûkker sûrrayewe û wek kêç qunîyebanî, çendcar ber û dwa û xokurrkirdnewe, xoy helldaye Xwarê. Mela muşîr weha sernicî dabûyê, dîware berdînekey pişt serî lêbûbuwe nwênî bûk û zawayî û perrî pirr û spî mamrekey lêbûbuwe leşullare blûrînekey şîrîn. Weha agay lexoy brrabû, bedem Xeyallewe kûrrdebû û rastdebuwe û bolle bollêkîşî lêwedehat û leberamber xorî paş nîwerrwanda şellallî 'areqe bûbû.

"A şîrîn Gyan, dezanim çende bêzarî le nirkenrikî çend se'atey hacî û keçî hîçîş. Bexuday em care hatî dû'ay ser nawkit lo degirmewe. Bexuday rastdeken; ger xuda Dergeyek dabxat, ewa Dergeyekî dîke dekatewe. Rastî fermuwe şa'îrî be 'îrfan: "xuda ta kêw nebînê, befrî tênaka" herwaye ta xuda ta şîrîn nebînê, muşîr neqlî êrokane naka. Ax şîrîn Gyan, xozge beyanî dehatî, bexuday du'ayekim lo dekridî ta hacî wek zerdewalle lêtdûrkewêtewe. Axir ku debî ew hêngîney lepêşî ew megezey danêy. Ay lew nerme lerey memKollanî, wey le Tak û cûtî lasimte Goştnekanî, Babî babim, nenkim bequrbant bêt, wekî mamzî rêyandekat. Bexuday etrism em Şew 'umirkotabim û Rojnebêtewe, dezanim beyanî cum'eye û dêyte knim taweku nuşteket lo bkem, ştî

awha berRojî cum'ana pîroze, ger xuda rêkîbxa û şîrîn betenya bê û prrupîre jnim lêkonekatewe. Ewsa wekî ademî sêwêkim derixward bda, çiş leBeheştê ".

Hacî cemedanîyekey tund leserî alland û ruwe û mamosta :

- him. Him ... sllawî xudat lêbêt mamosta, çte, dûrbê le Gyant xo nexoş nît?

Mella muşîr: h. Hi nexêr hacî, ewe xoretawekey xoş bû, bexomim gut, ba kemêk leber ew xoretawey lo xom danîşm.

Hacî 'ewlla : bequrbanî zattan bim, engo ger bişxewn ewa be ta'et lotan behîsab dê.

Mella muşîr : betemay keremî xuday.

Hacî 'ewlla : bêşk serqallî amadekirdnî Babetek bûy lo sbeynê.

Melamuşîr: newella hacî, lo Babetî pêwîst bewey nakatin, le şarî loman dyarîdekrê. Ewey rastî bê, bîrm le karekanî xudawendî dekirdewe û beçawî dill le cwanîyekanîm derrwanî, berrastî çtekî 'entîkeye. Ca pyaw ta şer' û fîqî nexuynî lêy tênaga. Xozgem bewey bew Beheşte rengîney şad debê. Etrism neybînim !

Hacî 'ewlla : qurr beser min. Ku wa derêy mamosta, min dillnyam ke tu pêş min pêy şaddebî, beşî engo le hî me baştir debîtin.

Mellamuşîr : hawar ledem û nefest. Babrroyn nwêjekanman bkeyn. (Seyrêkî şîrînî dekat) betemay rehmetî xuday.

Nerme bzey şîrîn agrî le naxî werda û lêwekanî kewtne nerme culle, agay le hacî nemaw le naxîda dengêk deyhejan:

Lo çîme awî zem zem?
Ger le towe hembê,
Maçî nawdem ..
Gyanî Gyanim hacîjn !
Beheştim lo çîye
Ke Kes lêy dillnya nîye
Ger sbey bêyte knim
Dezanî mêzerem lo çîye
Kwênderêye qîbley min, hacî jin !

# شێخی شێخان

شەو و ڕۆژی نابووە سەریەك، بۆ ناساندن و ئاشناكردنی خەڵك بەخوداپەرستی و پلەو پایەی پیاوخاسان و ئیمامانی پێش خۆی. هەمیشە دەیگوت : پیاوی خودای دەبێت بەردەوام ڕێز لە پێشینانی خۆی بگرێت، هەڵەكانیان بشارێتەوە و لە ئاڵتوناویان بگرێت، ڕاستییەكانیان بكاتە وێردی سەر زوبانی، تاوەكو پاشینانی خۆی ڕێزی لێبگرن و وێنە بێئەژمارەكانی بكەنە میداڵی سەرسنگیان و ناو لەبەر ناوی پیرۆزی بگرنەوە. كارگەیشتە ئەو ڕادەیەی بە خزمەتكار و پەیڕەوەكانی دەگوت: دەبێت ڕەنگ و بۆتان وەك من لێبكەن و وەك من پۆشاك بپۆشن و ڕدێن و سمێڵتان ڕێك بكەن، دەبێ ئەمە ببێتە سوونەتی كۆمەڵگە. دەبێت خۆتان لە دەروێش و پەیڕەوانی شێخە درۆینەكانی دیكە جیابكەنەوە.

ڕۆژێك دەروێشێكیان لە كاتی حاڵكردندا، كۆمەڵێ داخ و ناسۆری دەروونی خۆی هەڵڕشت و پێیگوت : شێخی دانا مەگەر بڕیار نییە، لە دیوانی خوای مەزندا گشتمان یەكسان بین، ئیدی بۆچ تۆ وەها خزمەتكاریمان پێدەكەی؟

شێخ كە چاوەڕێی وەها ڕووبەڕوونەیەك لەلایەن كۆنە خەلیفەیەكییەوە نەبوو، لەتاو تورەیی و شڵەژان، ئاور لەچاوانی دەردەچوو، شمشێرە تەختەكەی لەكلانە دەركێشا و چەپ و ڕاست دەروێشی داگرتەوە، بەڵام هیچ دادی نەدا و تازە لە ئایین وەرگەڕابوو.

یاران و بەردەستانی شێخ، هۆش لە سەریاندا نەما و هەرچەندیان دەكرد، بێڕێزی و سووكایەتیی خەلیفەی نمەكنەناس بە شێخی شێخان و نوێنەری خودای میهرەبان، بۆ قوتنەدەدرا و بڕیاریاندا، خەلیفەی دووڕوو لە تەكیەی وەدەرنێن و شاربەدەری بكەن، تاكو ببێتە نموونە و پەند بۆ ئەوەی كەسانی پاش ئەو، نەوێرن بەرامبەر شان و شكۆی شێخ دەنگ بەرزكەنەوە و لە گوێڕایەڵی دەربچن.

ئیدی لەو ڕۆژەوە وشەی " نا "و " نەخێر " لە فەرهەنگی زماندا سڕانەوە و سەرەتا و كۆتایی هەر وەڵامێك بە پێشگر و پاشگری "بەڵێ قوربان" كۆتایی دەهات. هەر بۆیە دەستبەجێ سزای جۆرا و جۆر بۆ ناشكوری و بۆڵەبۆڵ دانران و پڕو پاگاندە و تۆمەتی دژی خودایی خرایە پاش

ئەوانەی، کە بەچاوی ڕەخنەوە دەیانڕوانییە فەرمایشتەکاتی شێخ و شێخە پێشینەکان و دوازدە ئیمامان.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شێخ نورانیتر دەبوو، شێخ، چیدی شێخ نەبوو، بۆخۆی خودایەك بوو. وتەکانی وەك بۆمبی تایمەرکراو لێرەو لەوێ دەتەقینەوە و ناو و ناوبانگی شێخیان دەگەیاندە کەشکەڵەی ئاسمان و فریشتانی بەهەشت کڕنووشیان بۆ دەبرد. پەیڕەوانی، ڕۆژی پێنج فەرزە درودیان لۆ دەنارد و لە جەژن و بیرەوەی باپیرانیدا ناوی وێردی سەر زمانان بوو.

ڕۆژێکی هەینی، کە وەك ڕۆژانی دیکە دەمڕاستی (شێخی بەخودا بوو) باسی لە خۆبردن و دڵسۆزی شێخی دەکرد و بەدەم گریانەوە دەلەرزی، کە باسی ئەوزاتە گەورەیەی دەکرد، مناڵێکی چەقاوەسوو قیژاندی: بابە خەلیفە ئەحمەد بۆ دەگری؟

بابی بەدبەخت هەر هێندەی بۆ کرا دەمی مناڵەکەی توند دابخات. لەولاوە هاوەڵانی منداڵەکە کردیانە ڕۆژی خۆیان: بابە بابە بۆ مامە وەلی دەمی هاوڕازی داخستووە، هۆڵی مزگەفت، بووە ئاشی ئاو لێبڕاو، خەلیفە ئەحمەد کە کەس گوێی لە مەوعیزە دوور و درێژەکەی نەمابوو، تا هێزی تێدابوو نەڕاندی: مناڵ و بەزموڕەزم بۆ دەرەوە، گوێم لە بۆڵەبۆڵ نەبێت، جەنابی شێخ هەراسان دەبێت.

بارە و هاتووە دەبێ شانی بۆ شلکەی، هەرچۆن بوو بەخۆشی و ناخۆشی منداران کرانە دەرەوە و خەلیفە قورگی بۆ سافکردەوە و فەرمووی: چ نییە، وەك شێخ کەریم دەفەرمێ: لە گشت سەردەمەکاندا هەرزە و هەڵەشە هەبوون، بەڵام بەحەول و قوەتی خودا و هیمەتی شێخ، ئەوانە هەردەم ڕسوا بوون ...
دەنگە دەنگ و ژاوە ژاو لە دەرەوەی مزگەفتێ فەرمایشتەکانیان بە خەلیفە بڕی و هەر زارۆك بوو هاواریدەکرد:

خەلیفە و شێخی شێخان
بڵقۆکەکی ئاویان تەقان
دەنگی هێند گەورەبوو
گەیشتە چۆمی چەقان

## Şêxî Şêxan

Şew û Rojî nabuwe seryek, bo nasandin û aşnakirdnî Xellk bexudapersitî û plew payey pyawxasan û îmamanî pêş xoy. Hemîşe deygut : pyawî xuday debêt berdewam rêz le pêşînanî xoy bigrêt, hellekanyan bşarêtewe û le alltunawyan bigrêt, rastîyekanyan bkate wêrdî ser zubanî, taweku paşînanî xoy rêzî lêbgrin û Wêne bêejmarekanî bkene mîdallî sersingyan û naw leber nawî pîrozî bgirnewe. Kargeyişte ew radeyey be xizmetkar û peyrrewekanî degut: debêt reng û botan wek min lêbken û wek min poşak bpoşn û rdên û smêlltan rêk bken, debê eme bbête sûnetî Komellge. Debêt xotan le derwêş û peyrrewanî şêxe droynekanî dîke cyabkenewe.

Rojêk derwêşêkyan le katî hallkirdinda, komellî dax û nasorî derûnî xoy hellrrişt û pêygut : şêxî dana meger birryar nîye, le dîwanî Xway mezinda giştman yeksan bîn, îdî boç to weha xizmetkarîman pêdekey?
Şêx ke çawerrêy weha rûberrûneyek lelayen kone xelîfeyekîyewe nebû, letaw turreyî û şllejan, awr leçawanî derdeçû, şimşêre textekey leklane derkêşa û çep û rast derwêşî dagirtewe, bellam hîç dadî neda û taze le Ayîn wergerrabû.

yaran û berdestanî şêx, hoş le seryanda nema û herçendyan dekrid, bêrrêzî û sûkayetîy xelîfey nmeknenas be şêxî şêxan û nWênerî xuday mîhreban, bo qutnededra û birryaryanda, xelîfey dûrrû le tekyey wedernên û şarbederî bken, Taku bbête nmûne û pend bo ewey Kesanî paş ew, newêrn beramber şan û şkoy şêx deng berizkenewe û le gwêrrayellî derbiçin.

Îdî lew Rojewe wşey " na "û " nexêr " le ferhengî zmanda srranewe û sereta û kotayî her wellamêk be pêşgir û paşgirî "bellê qurban" kotayî dehat. Her boye destbecê szay cora û cor bo naşkurî û bolleboll danran û prru pagande û tometî djî xudayî

xraye paş ewaney, ke beçawî rexnewe deyanirrwanîye fermayiştekatî şêx û şêxe pêşînekan û dwazde îmaman.
Roj le dway Roj şêx nuranîtir debû, şêx, çîdî şêx nebû, boxoy xudayek bû. Wtekanî wek bombî taymerkraw lêrew lewê deteqînewe û naw û Nawbangî şêxyan degeyande keşkelley Asman û frîştanî Beheşt kirrnûşyan bo debrid. Peyrrewanî, Rojî pênc ferze drudyan lo denard û le cejn û bîrewey bapîranîda nawî wêrdî ser zmanan bû .

Rojêkî heynî, ke wek Rojanî dîke demrrastî (şêxî bexuda bû) basî le xobirdin û dillsozî şêxî dekrid û bedem giryanewe delerzî, ke basî ewzate gewreyey dekrid, Mnallêkî çeqawesû qîjandî: babe xelîfe ehmed bo degrî ?

Babî bedbext her hêndey bo kra demî Mindallekey tund dabxat. Lewlawe Hawellanî Mindalleke kirdyane Rojî xoyan: babe babe bo mame welî demî hawrrazî daxistuwe, hollî mizgeft, buwe aşî aw lêbrraw, xelîfe ehmed ke Kes gwêy le mew'îze dûr û drêjekey nemabû, ta hêzî têdabû nerrandî: Mnall û bezmurrezm bo derewe, gwêm le bolleboll nebêt, cenabî şêx herasan debêt.

Bare û hatuwe debê şanî bo şilkey, herçon bû bexoşî û naxoşî mindaran krane derewe û xelîfe qurgî bo safkirdewe û fermûy: çi nîye, wek şêx kerîm defermê: le gişt serdemekanda herze û helleşe hebûn, bellam behewl û qwetî xuda û hîmetî şêx, ewane herdem riswa bûn ...
Denge deng û jawe jaw le derewey mizgeftê fermayiştekanyan be xelîfe brrî û her zarok bû hawarîdekrid :

Xelîfe û şêxî şêxan
Billqokekî awyan teqan
Dengî hênd gewrebû
Geyişte çomî çeqan

# بەخیلی بەخیلان

هەر هێندەی وتم چۆنیت و خەریکی چیت، ئیدی مەپرسە، دەتوت چەند ساڵە قسەی پاشەکەوتکردووە، تاوەکو لەو سەرەڕێیە من ڕابگرێت.
چەندجار قسەکانم پێبڕی و پێموت: کاك .... من کارم هەیە و درەنگمە، فریای ترامەکە ناکەوم، بمبوورە دەڕۆم. بەڵام ئەو ئاوها زمانی پژابوو، دەتوت لەسەر سەکۆیە و بۆ جەماوەری چەند ملیۆنی وتاردەدات، خۆی لەبیرکردبوو. جارجارە پلاری لە ڕێبوارانیش دەدا :
"سەیر سەیر، دەڵێی نانی باوکیانم خواردووە، چۆن مۆڕەم لێدەکەن، ... بابینە، گەر دەزانن من لە وڵاتی خۆماندا چ پاشایەك بووم، ئیستا ئاوها بوومەتە سواڵکەری سۆشیال ؟

هێندەی دیکە پەستیکردم و خۆمم پێڕانەگیرا و وتم قوربان پاشای کوێ بوویت؟
لە وەڵآمدا وتی "بیقەزابیت تۆش، کەی کاتی گاڵتەکردنە، من مەبەستم ئەوەیە، کە لەلای خۆمان چەندە خۆشە و چەندە مرۆڤ هەست بەبوونی خۆی دەکات. تۆ سەیرکە، من لای خۆمان مامۆستا بووم، خانووی خۆم هەبوو، هاوەڵی چاکم هەبوون، دەشمویست ئۆتۆمەبێل بکڕم. بڕوات هەبێت فلانەکەس بەدەمی خۆم نەبێت، پاشایانە دەژیام، هاوسێکانم ئێرەیان پێدەبردم. خۆت دەزانی خەڵکی نەدیوبدی و لادێی چەند چاوبرسین و بەهیچ تێرناخۆن، چاودەبڕنە ماڵی خەڵکانی دیکەش. ئای بۆ ساتێکی سەرچنار و مەستکرنێکی (یانەی مامۆستایان). خەڵکی لای خۆمان چەندە بەڕێزبوون، پیاو نرخی هەبوو. خۆ لێرە ژن چووزە بەقونی پیاوەوە دەکات. بەڕاستی من بیزارم و ساتێکی ئەو کوردستانە نادەم بەگشت ئەوروپا ....

هێندە دیکە پیشمخواردەوە، چەند ساتەوەخت منی ڕاگرتووە و قسەی بێواتام بۆ دەکات و ترامەکەی لەدەستدام، هەڵا هەڵا لە کارخانە بەپەلەناکاووزکێ دەرچۆ، تاوەکو فریای دکتۆر بکەویت، چوزانم بەڵایەکی ئاوهام لێپەیدادەبێت و ڕێسەکەم دەکاتەوە بەخوری. من لە ناخمدا پیشی لێدەخۆمەوە، کەچی ئەو زۆر بەخوێنساردییەوە وتی " دەڵیی پەلەتە، ئەوە خەیرە ؟ لە وەڵامدا وتم: نەخێر، چتێکی ئاوها نییە، دەمەتەقێی ئاوهاش لەسەر شۆستە خۆشە. ئینجا کەوتمە سەروگویلاکی : باشە کاك .... بۆچی ئەو کوردستانە ڕەنگینەت بەجێهێشت، وەك خۆشت ئێستا وتت، جەنایت لە هیچ کەمت نەبووە. هەمیشە دوور لە ڕامیاری و ڕامیارییبازی بوویت. تیناگەم چۆن ڕێگەی سەفەرێکی ئاوها نابەدڵت گرتووەتەبەر و خۆت واتەنی، ملت بە سواڵی بیمەی کۆمەڵایەتی و چی و چی .... داوە. بەڕاستی خەدرێکی گەورەت لەخۆت کردووە. ئێوەمانان و ئەم

ژیانەیان نەوتووە. بەڕاستی سەختە کەسێکی وەك تۆ کە خۆتان واتەنی، تادوێنێ لەسەر مێزی فلان لێپرسراوی یەکێتی و فیسارە لێپرسراوی پارتی بوویت. وابزانم جارانیش لەتەك (ملازم خالد)دا دادەنیشتی، کەچی ئێستا لە ژوورێکی کەمپدا، خۆت واتەنی، لەتەك چەند چڵێس و نەدی و بدیدا دەیساچێنی؟ دەبێت بارێکی زۆر دژوار ناچاری کردبی، کە کوردستان و شەرەف و ناموس و حکومەتە ساواکەی بەجێبهێڵیت، زۆر دژوارە وانییە؟ بەڕاستی تێناگەم، ئەو نەدیوبدییانەی کە تاوەکو دوێنێ چاویان لە پاشایەتی تۆ بوو، لە برسییەتی و بێخانەولانەیی و ترسی شەڕ و تیرۆری دەستی دەسەڵاتدارانی ئێستا و جاراندا، ئاوارەی ئێرۆکانە بوون، ئەی جەنابانی وەك جەنابتان بۆچی ئاوارەبوون، دەترسم لە بەخیلیبردن بە خۆشگوزەرانی نەدیوبدییەکان لێرۆکانە بیناز کەوتوون ؟!!!

پاشای کوردستان، کە تا ئەم ساتە ناچار گوێی لە قسەکانم ڕاگرتبوو، لەتەك دەربڕینی وشەکانمدا، ڕەنگی ڕەش هەڵدەگەڕا و لە بێدەسەڵاتیدا حرس بەربینی گرتبوو و دەلەرزی .. لەوە زیاتر خۆی پێڕانەگیرا و وەك تەقینەوەی هاوەنێك وتی: ئاااااااخخ لە کوردستان نەتمناسی تاوەکو بت...مممممممممممممممممم

# Bexîlî Bexîlan

Her hêndey wtim çonît û xerîkî çît, îdî mepirse, detut çend Salle qsey paşekewtkirduwe, taweku lew sererrêye min rabgirêt.
Çendcar qsekanim pêbrrî û pêmut: kak .... Min karm heye û drengme, firyay trameke nakewm, bimbûre derrom. Bellam ew awha zmanî pjabû, detut leser sekoye û bo cemawerî çend milyonî wtardedat, xoy lebîrkirdbû. Carcare plarî le rêbwaranîş deda :
"seyr seyr, dellêy Nanî bawkyanim Xwarduwe, çon morrem lêdeken, ... Babîne, ger dezanin min le wllatî xomanda çi paşayek bûm, îsta awha bûmete swallkerî soşyal ?

Hêndey dîke pestîkirdim û xomim pêrranegîra û wtim qurban paşay kwê bûyt?
Le wellamda wtî "bîqezabît toş, key katî galltekirdne, min mebestim eweye, ke lelay xoman çende xoşe û çende Mrov hest bebûnî xoy dekat. To seyirke, min lay xoman mamosta bûm, xanûy xom hebû, Hawellî çakim hebûn, deşmuyist otomebêl bikrrim. Birrwat hebêt flaneKes bedemî xom nebêt, paşayane dejyam, Hawsêkanim êreyyan pêdebirdim. Xot dezanî Xellkî nedîwbidî û ladêy çend çawbirsîn û behîç têrnaxon, çawdebirrne Mallî Xellkanî dîkeş. Ay bo satêkî serÇnar û mestkirnêkî (yaney mamostayan). Xellkî lay xoman çende berrêzbûn, pyaw nirxî hebû. Xo lêre jin çûze bequnî pyawewe dekat. Berrastî min bîzarm û satêkî ew Kurdistane nadem begşit ewrupa ....

Hênde dîke pîşmixwardewe, çend satewext mnî ragirtuwe û qsey bêwatam bo dekat û tramekey ledestdam, hella hella le karxane bepeleprruzkê derço, taweku firyay diktor bkewît, çuzanim bellayekî awham lêpeydadebêt û rêsekem dekatewe bexurî. Min le naximda pîşî lêdexomewe, keçî ew zor bexwênsardîyewe wtî " dellîy pelete, ewe xeyre ? Le wellamda wtim: nexêr, çtêkî awha nîye, demeteqêy awhaş leser şoste xoşe. Înca kewtme seruguylakî : başe kak .... Boçî ew Kurdistane rengînet

becêhêyişt, wek xoşt êsta witt, cenayt le hîç kemt nebuwe. Hemîşe dûr le Ramyarî û Ramyarîybazî bûyt. Tînagem çon rêgey seferêkî awha nabedllit girtuweteber û xot watenî, milt be swallî bîmey Komellayetî û çî û çî .... Dawe. Berrastî xedrêkî gewret lexot kirduwe. Êwemanan û em jyaneyan newtuwe. Berrastî sexte Kesêkî wek to ke xotan watenî, tadwênê leser mêzî flan lêprisrawî yekêtî û fîsare lêprisrawî Partî bûyt. Wabzanim caranîş letek (mlazm xald)da dadenîştî, keçî êsta le jûrêkî kempda, xot watenî, letek çend çllês û nedî û bdîda deysaçênî? Debêt barêkî zor dijwar naçarî kirdbî, ke Kurdistan û şerref û namûs û hkumete sawakey becêbhîllît, zor dijware wanîye? Berrastî tênagem, ew nedîwbidîyaney ke taweku dwênê çawyan le paşayetî to bû, le birsîyetî û bêxanewlaneyî û tirsî şerr û tîrorî destî Desellatdaranî êsta û caranda, awarey êrokane bûn, ey cenabanî wek cenabtan boçî awarebûn, detrism le bexîlîbirdin be xoşguzeranî nedîwbidîyekan lêrokane bînaz kewtûn ?!!!

Paşay Kurdistan, ke ta em sate naçar gwêy le qsekanim ragirtbû, letek derbrrînî wşekanimda, rengî reş helldegerra û le bêDesellatîda hris berbînî girtbû û delerzî .. Lewe zyatir xoy pêrranegîra û wek teqînewey hawenêk wtî: Aaaaaaaaxix le Kurdistan netimnasî taweku bit...mmmmm

# فس فس ناموسەوان

بەردەوام خۆی دەخواردەوە، بلێسەی هەوەس لە تافی لاویدا، ناخی کردبووە کورەی دۆزەخ. خواکانی جوانی ئەو، هەر کەسێ بوون، کە هەوەسی بجزوێنن، منداڵ، لاو و پیر، زیندوو و مردوو، گرنگ ئەوە بوو، نێچیرەکەی کەسێکی دەستەمۆبێت. هەمیشە لە کەلاوەکانی تەنیاییدا لەتەك بووکە یەك شەوەکانیدا دەژیا. زۆر جاران، ئاوری هەوەس دەیکردە ئازارکیش و هێندێك جاریش دڕندە و ئازاردەر.

ئەوین و هەوەس گرێی دەروونی ئەو بوون و بۆی نەدەکرانەوە. لە دوورەوە دەسووتا و لە نزیکەوە شەرمۆکن و ترسنۆك. ئارەزووەکانی ناخیان خەنجەرئاژین کردبوو و برینی دڵدارانی دونیا لە دڵیدا بەسۆ هاتبوون. هەردەم خوێناوی خۆی دەخواردەوە، کەسیش لەو کەینوبەینەی ئەو بەئاگانەبوو. شەو و ڕۆژ لەتەك فریشتەکاندا ڕایدەبوارد؛ کیژە جیرانان، ڕێبوارانی سەرەڕێ، کڕیار و ئاشنایان، خوشکەزا و زازا و هەر کەسێك کە لە چوارچێوەی خەیالێدا دەستی پێڕابگەییشتایە.

ئەژدیهای هەوەسی لە کەس سڵینەدەکردەوە، هەر مێنە بووایە، دەکەوتەبەر شاڵاوی و بە دەستەکانی خەیاڵی لە ئامێزیانی دەگرت. لە ڕواڵەتیشدا فریشتەیەك بوو، کە هێشتا پەی بە چێژی سێوەکەی بەهەشتێ نەبردبوو. کاتێك کە قسە دەهاتە سەر شەرەف و ناموس، ئیدی ئەو لە سەرووی هەمووانەوە دەستی بە قەفەی سمێڵیدا دەهێنا، بەڵام کاتێك کە سواری ئەسپە تیژڕەوەکەی خەیاڵ دەبوو، هیچ نێچیرێکی نەدەبوارد و لە دەستی ئەو ڕزگاری نەدەبوو.

لەنێو خەڵکیدا، ئەو هاوەڵدووانەیەی لە ناخیدا دەشاردەوە، هێندێك جار لەدەستی وەرسدەبوو و زۆر جارانیش ئەو ئەمی دەیخستە بەردەم پەتی سێدارەی ڕێسا کۆمەڵایەتییە باوەکان، هەر بۆیە خوێن دەزایە دەمارەکانی و تووڕەیی لەشی وەك شۆرەبی دەم ڕەشەبا دەشەکاند و پەنجەکانی بە حەز ئاوس دەبوون و دەکەوتنە سەمایەکی شێتانە و سنگی ڕووتاوەی مامرێکی لێ دەبووە مەمکی توندوتۆڵی کیژۆڵەیەکی تازە هەڵچوو و خۆزگەی بە کەڵەباب دەخواست. لەپڕ بەخۆ دەهاتەوە و دەکەوتە سەرکۆنەی خۆی و بڕیاری دەدا، کە

هاوەڵدووانە شاراوەیەی ناخی بداتەبەر خەنجەری مەردایەتی، بەڵام هەرچەندی دەکرد، بلێسەی ئاوری هەوەس لە ناخیدا خامۆش نەدەبوو.

کاتی پەیڤین لەتەك پۆلیس و کوتەکبەدەستانی ڕێسا باوەکان، هاوەڵدووانە دیار و بەرجەستەکەی سنگی شەرەف و ناموسی دەردەپەڕاند و دەبووە شۆڕەسواری داستانە بێئەژمارەکانی ڕۆژانەی نێو کۆمەڵگە. ئەو پاڵەوانێك نەبوو، کە هەوەس بەسەریدا زاڵببێت، ئەو نەك هەر هەوەسی دەستەمۆکردبوو، تەنانەت هەوەسبازەکانیشی دەخستە سەر "ڕێگەی ڕاست" و ڕاوچییە هەوەسباز و نێچیرە بەستەزمانەکانی پێکەوە ئاودەدا. لەتەك دەربڕینی ناو و باسی ئەندامەکانی مێینە، هەوەس لە ناخیدا کڵپەی دەسەند و خۆزگەی بەو ساتە دەخواست، کە نێرینە لەسەر گۆی زەمین نەمایە و ژنانی دونیا و فریشتەکانی بەهەشتی خەیاڵی، تەنیا و تەنیا شەوباخەڵی ئەو بوونایە. ئەو مناڵپارێز و مناڵباز بوو، ئەو ژندۆست و ژنئازاردەر بوو، ئەو زیندانی و زیندانەوان بوو، ئەو لە ناخی هەمووواندا جێگیر و لە دەرەوەی هەمووان خۆی مەڵاس دابوو، ئەو ڕامیار و دەسەڵاتدار بوو، ئەو مامۆستا و فێریار بوو، ئەو چەوساوە و چەوسێنەر بوو.. ئەو خودا و بەندە بوو، ئەو بوونەوەرێکی هاوچەرخ و ئافەریدەی کولتووری زاڵ بوو، ئەو شەرمن و ترسنۆك بوو، ئەو پاڵەوانی داستانەکانی خەیاڵی بوو ...

## Fis Fis Namusewan

Berdewam xoy dexwardewe, blêsey hewes le tafî lawîda, naxî kirdbuwe kurey Dozex. Xwakanî cwanî ew, her Kesê bûn, ke hewesî bbizwênin, Mindall, law û pîr, zîndû û mirdû, gring ewe bû, nêçîrekey Kesêkî destemobêt. Hemîşe le kelawekanî tenyayîda letek bûke yek Şewekanîda dejya. Zor caran, awrî hewes deykirde azarkîş û hêndêk carîş drrinde û azarder.

Ewîn û hewes grêy derûnî ew bûn û boy nedekranewe. Le dûrewe desûta û lenzîkewe şermokin û trisnok. Arezuwekanî naxyan xencerajîn kirdbû û brînî dilldaranî dunya le dllîda beso hatbûn. Herdem xwênawî xoy deXwardewe, Kesîş lew keynubeyney ew beaganebû. Şew û Roj letek frîştekanda raydebward; kîje cîranan, rêbwaranî sererrê, kirryar û aşnayan, xuşkeza û zaza û her Kesêk ke le çwarçêwey xeyalêda destî pêrrabgeyîştaye.

Ejdîhay hewesî le Kes sllînedekirdewe, her mêne buwaye,
dekewte ber şallawî û be destekanî Xeyallî le amêzyanî degrit. Le rwalletîşda frîşteyek bû, ke hêşta pey be çêjî sêwekey Beheştê nebirdbû. Katêk ke qse dehate ser şeref û namûs, îdî ew le serûy hemuwanewe destî be qefey smêllîda dehêna, bellam katêk ke swarî espe tîjrrewekey Xeyall debû, hîç nêçîrêkî nedebward û le destî ew rizgarî nedebû.

Lenêw Xellkîda, ew Hawellduwaneyey le naxîda deşardewe, hêndêk car ledestî werisdebû û zor caranîş ew emî deyixiste berdem petî sêdarey rêsa Komellayetîye bawekan, her boye xwên dezaye demarekanî û tûrreyî leşî wek şorebî dem reşeba deşekand û pencekanî be hez aws debûn û dekewtne semayekî şêtane û singî rûtawey mamrêkî lê debuwe memkî tundutollî kîjolleyekî taze hellçû û xozgey be kellebab dexwast. Lepirr bexo dehatewe û dekewte serkoney xoy û birryarî deda, ke

Hawellduwane şaraweyey naxî bdate ber xencerî merdayetî, bellam herçendî dekrid, blêsey awrî hewes le naxîda xamoş nedebû.
Katî peyvîn letek polîs û kutekbedestanî rêsa bawekan, Hawellduwane dyar û bercestekey singî şeref û namûsî derdeperrand û debuwe şorreswarî dastane bêejmarekanî Rojaney nêw Komellge. Ew pallewanêk nebû, ke hewes beserîda zallbibêt, ew nek her hewesî destemokirdbû, tenanet hewesbazekanîşî dexiste ser "rêgey rast" û rawçîye hewesbaz û nêçîre bestezmanekanî pêkewe awdeda. Letek derbrrînî naw û basî endamekanî mêyne, hewes le naxîda killpey desend û xozgey bew sate dexwast, ke nêrîne leser goy zemîn nemaye û jnanî dunya û frîştekanî Beheştî Xeyallî, tenya û tenya Şewbaxellî ew bûnaye. Ew Mnallparêz û Mnallbaz bû, ew jinDost û jnazarder bû, ew Zîndanî û Zîndanewan bû, ew le naxî hemuwanda cêgîr û le derewey hemuwan xoy mellas dabû, ew Ramyar û Desellatdar bû, ew mamosta û fêryar bû, ew Çewsawe û çewsêner bû.. Ew xuda û bende bû, ew bûnewerêkî hawçerx û aferîdey Kultûrî zall bû, ew şermin û trisnok bû, ew pallewanî dastanekanî Xeyallî bû ...

# گوێدرێژی ڕێبین و زێڕین

هێندە گەڕان، وەڕسبوون. بست بە بستی ناوچەی "بەماری"یان پشکنی و داروبەردیان بەسەریەکەوە نەمێشت. ئارامیان لە بەردەکانی ئەو ناوچەیە هەڵگرتبوو، بەدوای کەرەکەی 'حوسنی'دا ڕێیاندەکرد و پێیان لەشوێن پێی نەدەترازاند. کلکی بەهەر لایەکدا بجووڵاندایە، ئەوان وەها بایاندەداوە. کەری بەدبەخت لەتاو قەپ و گازی مێش و مەگەز، کلکی کردبووە ئاڵا و دەیشەکاندەوە، لەوان وابوو، چەپ و ڕاستی ڕێگەیان نیشاندەدات. جارجارە شارەزا و پشکنێرەکان لاسایی ڕۆینی کەرە بۆریان دەکردەوە.

کەرەبۆر لەتاو گەرما و قاقڕی خەوی بە هەڵاژیانێکی بن دارخورمایەکەوە دەبینی و لارەلار وەخت بوو ببورێتەوە. کەچی ئەوان گومانیان دەکرد، کە بۆی هەیە کەرەکە هەستی بە شتێك کردبێت، بۆیە ناڕوا.

حوسنی خاوەنکەر وتی: من دەزانم، گەر شتێك لەئارادابێت، زەویەکە تەپەی دێت. هێندەی دیکە ئەوان دڵخۆشبوون، دەتوت گوێیان بۆ سەمفۆنیاکانی بتهۆڤن ڕادێراوە، وەها گوێیان لە تەپەتەپی پێی کەرەکە لەنێو خۆڵە پۆتەکەدا ڕاگرتبوو. هێندێکیان چووبوونە دەریای خەیاڵ و زڕەی زنجیر و هەیاسەی کەرەکەیان لێ بووبووە، زرینگەی زێڕی نێو گۆڕە کۆنەکان و لاق و ساقۆڵی گوێدرێژەکەیان لێ بووبووە، ئێسك و پەیکەرەی پاتشاکانی کۆنی میسر.

ئەوانی دیکە تەپەی سمی بارگیرەکەیان لێ بووبووە، دەنگی تەپڵی سەرکەوتنی هێرشی فیرعەونەکان و لە ئاوێنەی خەیاڵی خۆیاندا ئاهەنگەکانی سەرکەوتن و ڕێسای ناشتنی پاتشاکانیان لێدەدایەوە. جارجارە سیمای وەرزێڕە ڕووت و ڕەجاڵەکانی ئەو ناوە خەیاڵەکەیان دەکردە ڕاستی و ڕۆڵی کۆیلە بێئەژمارەکانیان دەگێڕا لە فیلمی ئاوێنەی خەیاڵیاندا.

لەناکاو دادەچڵەکان و دەستە نەرمۆڵەکانیان لەپشت گوێچکەیانەوە ڕادەگرت، تاوەکو دەنگی تەپڵی سەرکەوتن باشتر ببیستن.

بەڵام حوسنی بێچارە لەتاو گەرما و تەپوتۆزی بیابانی و ڕێکردنی بێووچان، لە شەقامەڕێی خەیاڵیدا بەرەو ماڵ ملی ڕێگەی گرتبوو و لەپشت دەرکە لەوحینەکەیان چاوەڕێی کیژە چکۆلە پرچ لوول و چاوڕەشەکەی بوو، دەرگەی لێبکاتەوە و خۆی بهاوێتە ئامێزی و دەستە

خرپنەکانی ڕاگرێت "بابە چۆکۆلێت". لەناکاو گوێدرێژە بێچارەکە لەتاو ڕۆچوونی لاقی بەڕۆخە جرجێکدا، دەبێتە نەخشی سەر زەوی.

حوسنی بێچارە باوەش بەملی گوێدرێژەکەدا دەکا و دەیەوێت بەرزی بکاتەوە، هەناسەسواری گوێدرێژ و هەرا و چەپڵەڕێزانی پسپۆڕەکان، حوسنی تووڕەدەکەن. هەرچەندی دەست ڕادەوەشێنێت و هاوار دەکات "کورە بارگیرەکەم لاقی بریندارە، یارمەتیم بدەن تاوەکو لاقی لە ڕۆخەکەدا دەربهێنمەوە". بەڵام ئەوان لەتاو شایی و لۆغانی خۆیان، ئاگایان لە خاوەنکەری بێچارە نییە.

پشپۆرەکان لەخۆشیانا نازانن، چیبکەن و چۆن هەستیان دەرببڕن. لەبری دەرهێنانەوەی لاقی گوێدرێژی بەدبەخت، هەر یەکەو پەلاماری شوێنێکی دەدا و ماچیدەکەن و ڕایدەمووسن و هەریەکە نازناوێك بەباڵای دەبڕێت؛ بابی بابم گوێدرێژ...، زانای زاناکان گوێدرێژ...، داهێنەر و بیردۆز گوێدرێژ...، سەرۆکی سەرۆکان گوێدرێژ...، پادشای پادشایان گوێدرێژ ...، خودای حەوت ئاسمانەکان گوێدرێژ....
بەم جۆرە دەبێتە قسە و باس و بێنەوبەردە. یەکێکیان دەڵێت:
بۆی هەیە گوێدرێژ هەستی بونکردنی زێڕ و زیویشی هەبێت، یەکێکی دیکەیان ئێژێ: بەپێی ئەو دۆزەی کە دەڵێت گیانی مردوان دەچێتە جەستەی زیندەوەرێکی دیکەوە، ئەگەرچی وڵاخیش بێت، ئەوا بۆی هەیە گیانی ئەو فیرعەونەی ناو ئەم گۆڕە بێت، چووبێتە جەستەی ئەم گوێدرێژەوە، بۆیە بە ئێمەی نیشاندا. یەکێکی دیکەیان هەڵیدایێ: نەخێر بۆی هەیە ...

حوسنی بەدبەخت، هێندەی دیکە وەرسدەبێت و بەسەریاندا هاواردەکات: گەوجینە لاقی بارگیرەکەی من لەو ڕۆخەدا دەربکەنەوە، ئیدی بەقەوری بابی بابتان، چییە و چیدەبێت. وامزانی مرۆڤن و ئاژەڵدۆستن، نەمزانی بارگیرەکەم لە ئێوە زاناترە. دەست بەسەروگوێلاکی گوێدرێژەکەیدا دەهێنێ و لەچاوە خەمزاوییەکانی دەڕوانێت؛ ئای گوێدرێژە زانا و بەدبەختەکەم !

*سووژەی ئەم تەنزە، بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەیە، کە لە کۆتایی سەدەی ڕابوردوودا لە نزیك ئەهرامەکانی وڵاتی میسر، کاتێك کە کۆمەڵێك پسپۆڕ دەچنە ئەو وڵاتە و گوێدرێژێك بەکرێدەگرن، تاوەکو کەرەستە و شمەکەکانیان بۆ بگوێزیتەوە بەدوای گۆڕ و خەزێنەی ژێرزەویدا بگەرێن، لەناکاو لە ناوچەی 'ربیعیە' لاقی گوێدرێژەکە بە ڕۆخی زەویدا دەچێت و دەبێتە هۆی دۆزینەوەی گەنجینەیەك

## Gwêdrêjî rêbîn û zêrrîn

Hênde gerran, werrsibûn. Bist be bistî nawçey "Beharî"yan pişknî û daruberdyan beseryekewe nehêşt. Aramyan le berdekanî ew nawçeye hellgirtbû, bedway kerekey 'husnî'da rêyandekrid û pêyan leŞwên pêy nedetrazand. Kilkî beher layekda bcûllandaye, ewan weha bayandedawe. Kerî bedbext letaw qep û gazî mêş û megez, kilkî kirdbuwe alla û deyşekandewe, lewan wabû, çep û rastî rêgeyan nîşandedat. Carcare şareza û pişknêrekan lasayî roynî kere boryan dekirdewe.

Kerebor letaw germa û qaqrrî xewî be hellajyanêkî bin darxurmayekewe debînî û larelar wext bû bburêtewe. Keçî ewan gumanyan dekrid, ke boy heye kereke hestî be ştêk kirdbêt, boye narrwa.

Husnî xawenker wtî: min dezanim, ger ştêk learadabêt, zewîyeke tepey dêt. Hêndey dîke ewan dillxoşbûn, detut gwêyan bo semfonyakanî bithovin radêrawe, weha gwêyan le tepetepî pêy kereke lenêw xolle potekeda ragirtbû. Hêndêkyan çûbûne deryay Xeyall û zrrey zincîr û heyasey kerekeyan lê bûbuwe, zrîngey zêrrî nêw gorre konekan û laq û saqollî gwêdrêjekeyan lê bûbuwe, êsk û peykerey patşakanî konî mîsr.

Ewanî dîke tepey smî bargîrekeyan lê bûbuwe, dengî tepllî serkewtinî Hêrşî fîr'ewnekan û le Awêney Xeyallî xoyanda ahengekanî serkewtin û rêsay naştinî patşakanyan lêdedayewe. Carcare sîmay werzêrre rût û recallekanî ew nawe Xeyallekeyan dekirde rastî û rollî koyle bêejmarekanyan degêrra le Filmî Awêney Xeyallyanda.

Lepirr dadeçllekan û deste nermollekanyan lepşit gwêçkeyanewe radegrit, taweku dengî tepllî serkewtin baştir bbîstin.
Bellam husnî bêçare letaw germa û teputozî byabanî û rêkirdnî bêwuçan, le Şeqamerrêy Xeyallîda berew Mall mlî rêgey girtbû û lepşit derke lewhînekeyan

çawerrêy kîje çkole pirç lûl û çawrreşekey bû, Dergey lêbkatewe û xoy bhawête amêzî û deste xirpnekanî ragrêt "babe çokolêt". Lepirr gwêdrêje bêçareke letaw roçûnî laqî berroxe circêkda, debête nexşî ser zewî .

Husnî bêçare Baweş bemlî gwêdrêjekeda deka û deyewêt berzî bkatewe, henaseswarî gwêdrêj û hera û çepllerrêzanî pisporrekan, husnî tûrredeken. Herçendî dest radeweşênêt û hawar dekat "kure bargîrekem laqî brîndare, yarmetîm bden taweku laqî le roxekeda derbihênmewe", bellam ewan letaw şayî û loxanî xoyan, agayan le xawenkerî bêçare nîye.

Pişporekan lexoşyana nazanin, çîbken û çon hestyan derbibrrin. Lebrî derhênanewey laqî gwêdrêjî bedbext, her yekew pelamarî Şwênêkî deda û Maçîdeken û raydemûsin û heryeke naznawêk beBallay debrrêt; Babî babim gwêdrêj..., zanay zanakan gwêdrêj..., dahêner û bîrdoz gwêdrêj..., serokî serokan gwêdrêj..., padşay padşayan gwêdrêj ..., xuday hewt Asmanekan gwêdrêj ....
Bem core debête qse û bas û bênewberde. Yekêkyan dellêt: boy heye gwêdrêj hestî bunkirdnî zêrr û zîwîşî hebêt, yekêkî dîkeyan êjê: bepêy ew dozey ke dellêt Gyanî mirdwan deçête cestey zîndewerêkî dîkewe, egerçî wllaxîş bêt, ewa boy heye Gyanî ew fîr'ewney naw em gorre bêt, çûbête cestey em gwêdrêjewe, boye be êmey nîşanda. Yekêkî dîkeyan hellîdayê: nexêr boy heye ...

Husnî bedbext, hêndey dîke werisdebêt û beseryanda hawardekat: gewcîne laqî bargîrekey min lew roxeda derbkenewe, îdî beqewrî Babî babtan, çîye û çîdebêt. Wamzanî Mrovin û Ajelldostin, nemzanî bargîrekem le êwe zanatre. Dest beserugwêlakî gwêdrêjekeyda dehênê û leçawe Xemzawîyekanî derrwanêt; ay gwêdrêje zana û bedbextekem!

*sûjey em tenze, beserhatêkî rasteqîneye, ke le kotayî sedey raburdûda lenzîk ehramekanî wllatî mîsr, katêk ke komelêk pisporr deçne ew wllate û gwêdrêjêk bekrêdegrin, taweku kereste û şmekekanyan bo bigwêzîtewe bedway gorr û xezêney jêrzewîda bgerên, lepirr le nawçey 'rbî'ye' laqî gwêdrrîjeke be roxî zewîda deçêt û debête hoy dozînewey gencîneyek

# چیرۆک

# خەرمانەی مەرگ

مانگ پاش شەستەبارانی ئێوارە، ڕوخساری دەتوت ڕوخساری کیژۆڵەیەکی چواردەساڵانە و لە کانی گەڕاوەتەوە. تیشکەکانی وەك تاڵی زەردی پرچی کیژۆڵە چاوشینەکانی کوێستانان، دەدرەوشانەوە. ئەو گلۆپە سروشتییە وەها تاویسەندبوو، دەتوت هەر ئێستا دەتەقێتەوە. جارجارە پەڵەهەورێکی تەرەبووی تەنکی دوای بارانەکەی ئێوارە لە خۆرئاواوە بەرەو خۆرهەڵات دەکشا و ڕوخساری مانگی چڵکندەکرد، دەتوت پەنجەی خونیاگەرە و دڵی ئەویندارانی خەمباردەکرد. لەتەك هەر تێپەڕبوونێك دونیای دەکردە سیاچاڵێك، کە لە کڵاورۆژنەیەکەوە ڕوناکی تێبچێت.

بەژن و باڵای ڕێکهەڵکەتەی (نازەنین) لەتەك دەرکەوتن و شارانەوەی مانگ، لەسەر زەوی حەوشەکەیان وێنەی دەکێشرا، دەتوت نازەنین و مانگ لە یەکدییەوە ڕوناکی وەردەگرن، کە پەڵە هەورێك دەکەوتە نێوانیان، ئیدی تابلۆی بەژنوباڵای نازەنین لەسەر حەوشەکە و مانگ لە ئاسامان وندەبوون.

نازەنین، نوقمی دەریای خەیاڵ بوو و ئاگای لەم تابلۆکێشانە نەبوو، بەدوای ئەستێرەی بەختیدا دەگەڕا، کە لە منداڵییەوە هۆگری بووبوو. زۆربەی شەوان تاکو دەردی دڵی خۆی بۆ ئەو هاوەڵەی مناڵی نەکردایە، خەوی لێنەدەکەوت. ئەم شەو زۆر بە هەڵەداوان لەدووی دەگەڕا، تاوەکو پێیبڵێت "هاوەڵە دوور-دەستەکەم، سبەی شەو لێرە بۆم مەگەڕێ، من لێرە نیم و کۆچ دەکەم؛ کۆچێکی بێگەڕانەوە". بەڵام ئەم شەو هەورێکی خەست و چڵکن وەك خەمەکەی نێودڵی نازەنین لە ئاسمانی باکووری شار نیشتبوو، ئەستێرەی بەختی لە پشت خۆی حەشار دابوو.

نازەنین، ئاهێکی هەڵکێشا و دەستەکانی لە پشت سەری خۆی گرێدان و بەناخیدا ڕۆچوو :

- تۆ بڵێی دواجار بێت، کە مانگەشەو ببینم، تۆ بڵێی ئەستێرەکەم بزانێت، کە بەیانی چی ڕوودەدات؟ بۆ نا؟ هەر لە منالییەوە ئەو ئەستێرە بچکۆلە دوورەم وەك بەختەکەی خۆم، کە شادی تێدا دوورە، هەڵبژاردووە ... جار جارە ئەگەر شەوانێك لەبەر چڕی هەورەکان نەمبینیێ، ئەوا شوێنەکەیم زانیوە و کەمێك لەتەکی دواوم و دەردی دڵی خۆمم بۆ کردووە. بەڵام ئەم شەو بەیەکجاری خۆی لە من حەشار داوە، هەر دەڵێیت کۆتایی هاوەڵێتیمانە و چاوی بەرایینادات، خەمی لێکدابڕان لە ڕوخساریدا بخوێنمەوە و نەیەوێت دواساتەکان هەست پێبکەم. تۆ بڵێی؟ نا ... نا، بۆی هەیە ئاوا نەبێت و خەریکی خۆڕازاندنەوە بێت بۆ

سبەی شەو، تا لە شەوی کۆتاییهاتنی خەم و تامەزرۆیی مندا ماچی پیرۆزبایی بە تیشکێکی درێژ و ڕەنگاوڕەنگدا بۆ من و سالار گیان بنێرێت، بەڵام لە کوێ دەماندۆزێتەوە، خۆ لێرە نین و خۆشم نازانم لە کوێ دەبین، دەی قەیناکات، وەك هەمیشە من بە دوایدا دەگەڕێم. ئێستا ئیدی هیوایەك لە دڵما گەشاوەتەوە، تەمەندرێژی لەتەك سالار و هاوسەرییەکی پڕ لە ئەوین..

(هاواری دایکی لەم خەیاڵە دایچڵەکاند)..

-: نازەنین، کچێ وەرە چاییەکەمان بدەرێ، چیت بەسەر هات؟

نازەنین : بەڵێ دایە، ئەوا هاتم ( پیاڵەکانی لەبەر تەنکی ئاوەکەدا هەڵگرت و چووە ژوورەوە) ..

دایکی : کچم ئاو بردووتی یا لەتەك جندۆکان دەدوای، بۆ ئەم ڕۆژانە وا خاووخلیشك بووی؟

نازەنین : نا دایە گیان، خەریکی شتنی پیاڵەکان بووم، جوان پیاڵەکانم نەدەبینی، مانگە شەویش بووە بە کارەباکەی شار لە ساتێکدا چەند جار دەکوژێتەوە !

لەکاتێکدا کە نازەنین لە نزیك دەرگەی هۆلەکەدا خەریکی چاییتێکردن بوو، دایکی لەبەردەم پەنجەرەکەدا بەردەوام سەرنجی نازەنینی دەدا. 'گوڵاڵە'ی خوشکی لە بەرامبەر دایکی دانیشتبوو، حاجی باوکیان لەسەرووی هەمووانەوە چوارمەشقی دانیشتبوو و تەزبیحەکەی دەژمارد و لەتەك هەر دەنکێکدا لێوەکانی دەبزواند، دەتوت تا ئێستا نەیژماردووە و ئەمە یەکەم جارە، چاویشی بڕیبووە سەفتە پارەکانی بەردەم 'عەبدوڵڵا'ی کوڕی کە لە دەستی ڕاستییەوە دانیشتبوو، دیارنەبوو، کە پارەکانی دەستی عەبدوڵا دەژمێرێت یا بەدەم ژماردنی دەنکی تەزبیحەکەی دەستییەوە وێردەکات. نازەنین هەستایە سەرپێ و کەوتە دانانی چایی و لە باوکییەوە دەستیپێکرد؛ هەر کە بەرەو باوکی دانەویەوە، پیاڵە چاییەکە لە دەستی بەربووەوە، دەتوت لە سیمای باوکی ترساوە. حاجی بە دەنگی پیاڵەکە داچڵەکا و ڕوو لە گوڵە :

- هەستە کچم، زوو بیسڕە با فەرشەکە ڕەقهەڵنەگەڕێت، حەیفە.

حاجیژن ڕوو لە نازەنین : چیتە کچێ، شەپڕە لێیداوی؟ چییە دەڵێی دواییتە، خۆ جنۆکە نەیبردووی؟

نازەنین : نا دایە، خەتای من نەبوو، بنی پیاڵەکە قۆقزە.

عەبدوڵا : نەخێر بەنابەدڵی ئیشەکە دەکەن. ئەو ڕۆژە کەی دێ، کە لەبەرچاوم وندەبن و لەمماڵەدا ناتانبینمەوە؟

حاجی : گوێیمەدەنێ، چاییەکە شیرینە، خێری لە دواییە ئینشائەڵڵا شەکراوی خۆی بە دوادادێت. (ڕوو لە نازەنین کچم تۆ دانیشە با گوڵە چاییەکەمان بۆ تێبکات، دەمەوێت لەتەك تۆدا یەك دوو قسە بکەم !

نازەنین دەیزانی، باوکی نیازی وتنی چی هەیە، بۆیە بەلایەوە سەیر نەبوو، کە بابی بەبێ هۆ ئاوا نەرمونیان بێت و بەسۆزەوە قسەی لەتەکدا بکات، بەنابەدڵێ وەڵامیدایەوە..
نازەنین : بەڵێ بابە.
حاجی کەمێك ڕاما، هەروەك بیەوێت جادوو لە دڵی نازەنین بکات و بەدوای واژەی وادا بگەڕێت، کە نازەنین ڕازیبکات :
- کچم نازەنین، وەك هەمووما‌ن دەزانین ماڵی باب تا سەر بۆ کچ نییە و کچ دەبێت بچێتە خانەی بەختی خۆی. تۆ تائێستا هەر کەس هاتووە، ڕازینەبووی. بەڵام خوا بەمە ڕازینییە و بۆ خاتری خوا ئەم جارە گوێ لە بابی خۆت بگرە و لە کەلی شەیتان دابەزە. ئەم جارە دەبێت ڕازیبیت و ڕووی باوکی خۆت سپیبکەی. کچم چونکە من ڕازیبووم و پیاو کوڕی پیاو هاتۆتە داوات، دوێنێ حاجی عەلی زەڕەنگەر هاتە دوکان لام و وتی " حاجی دەبێت خزمایەتییەکەمان تازەبکەینەوە و 'عەبدولقادر'ی کوڕم بکەیتە کوڕی خۆت"، ڕاستییەکەی منیش لەبەر باشی کوڕەکە و دەوڵەتمەدنییان، نەمتوانی بڵێم نا، چونکە لەوە دڵنیام کە نانێك دەبێت بخۆیت و سەرپەنایەکیش دەبێت تێیدا بحەوێیتەوە. جا منیش وەك هەر باوکێك داوات لێدەکەم، دڵی من لە خۆت ڕازیبکە، تا خواش لەو دونیا لە گوناهەکانت خۆشبێت !
نازەنین، لەکاتی بیستنی قسەکانی باوکیدا سپی هەڵگەڕا بوو، هەر دەتوت ئێستا دەمرێت. لێوەکانی هەڵبزرکابوون، دەستەکانی دەلەرزین و ئەژنۆکانی هێزیان تێدانەمابوو، پڕ بە دڵ حەزی دەکرد هاواربکات " تف لە پارە و پیاوەتی، تف لەو سۆزە درۆزنانەیە". بەڵام ئەم هەموو ڕك و نەفرەتە بووبوو بە پڵمەیەك گریان و لە قوڕگیدا پەنگیخواردبوو. سەیرێکی گوڵاڵەی کرد، وەك ئەوەی بیەوێت بەچاو پێیبڵێت "بەدەم ئەم تەزبیح ژماردنەیەوە باش خەڵەفاوە".
حاجی : چیت وت کچم؟ ناوی خوای لێبهێنە با سبەی شەو، ماڵی حاجی عەلی بێنە پێشەوە و کاری خەیرە تا پەلەی تێدابکەی کەمە !
نازەنین هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، ئەم جارە بێدەنگی هەڵبژارد، گوڵزار دەیزانی، ئەم جارە بێدەنگی واتای ڕازیبوون نییە. حاجیژن وەك بیەوێ نازەنین لەم بارە ڕزگار بکات و حاجیش واز لە پرسیار و وەڵامەکەی بهێنێت، ڕوو لە حاجی ..
- حاجی ماوەی پێبدە تا بیربکاتەوە، تۆ دەتەوێت کچەکە بێ سێ و دوو بڵێت "بابە ڕازیم.". خۆت دەزانی کچ لە باوك و دایکی شەرمدەکات و بێدەنگیش نیشانەی ڕازیبوونە، لە خوا بەزیادبێت کچەکەمان خوێندەوار و بە ئاوەزە.

لەناکاو ماڵەکە ڕۆشن بووەوە و گڵۆپەکان داگیرسانەوە. عەبدوڵڵا لە دڵی خۆیدا " ئەگەر عاقڵ بووایە بەدیار هەتیووەکەی (سەبری) نانکەرەوە دانەدەنیشت. من عاقلیدەکەم بۆتان". هەستایەوە سەرپێ و چووە ژوورەکەی خۆی، لەبەرخۆیەوە بۆڵەی دەهات. دەستی درێژکرد و چەکەکەی بە دیوارەکەوە داگرت و پاش کەمێك ڕامان چووە لای تەلەفۆنەکە و پێنج ژمارەی بە دوای یەکدا لێدا .. ...

- مەرحەبا حەمە، چۆنیت؟ ..... خۆ نەخەوتبووی ؟ ........ دەی باشە، ترسام لەوێ نەبیت....... ئم ..... ئم..... نەوەڵا من هەر لە ماڵەوە بووم و هەندێك كارم هەبوو، تەواومکردن .. ئا حەمە گیان، بەیانی من لێرە نیم، بەڵکو ئاگات لە جموجوڵی ئەو هەتیوەی سەبری بێت، .... ئا، بە مەفرەزەکەی خۆت بڵێ با چاودێریبکەن، پێیانبڵێ بەعسییە، .... ئا خۆت دروستی بکە، با بەوردی چاودێریبکەن...... ئا وەك وتم ئەم هەفتەیە با بژی تاوەکو ئەم شتە تەواودەبێت، ..... مەگەر ئەمڕۆ پێمنەوتی، ...... ئا، ئا لەوە دەچێت خۆشی ڕازیبێت، بەخوا بەشەق ڕازیدەکەم، ئیدی وەرسبووم. لەبیرت نەچێت تەنیا ئەگەر بەیەکەوە بیانگری، ئەگینا دەبێت دوای ئەم شتە سەری بخۆین، باشە!

لەتەك داخستنی تەلەفۆنەکەدا، دەستی بە پاککردنەوەی چەکەکەی کرد ..... حاجی هەر خەریکی ژماردنی دەنکە تەزبیحەکانی بوو .... حاجیژن وەنەوز دەیگرت و گوڵاڵە و نازەنین ماتەمینی دایگرتبوون و وایان نیشاندەدا، کە سەیری تەلەفزیۆن دەکەن، بەڵام خەیاڵیان هەر لەلای قسەکانی باوکی و چۆنیەتی پیادەکردنی نەخشەکەی بەیانی بوو. دەنگی میللی چەکەکەی عەبدوڵڵا، 'نازەنین'ی داچڵەکاند و دەسەتەکانی کەوتنە لەرزین و لێوەکانی دەتوت بادەمەی ملەکەوە لێیداون.

حاجی : عەبدوڵڵا، کوڕم ئەوە چیتە بەو نیوەشەوە، ئەو شریخە و هوڕە چییە، هاوسێکان خەوتوون، چەك شەیتانە کوڕم وریابە!

ڕوو لە نازەنین و گوڵاڵە : هەستن کچم نوێنەکان ڕابخەن، با بخەوین، درەنگە !

نازەنین و گوڵاڵە چوون بۆ نوێنڕاخستن و پێکەوە چوونە ژووری خۆیان، کە دەکەوتە تەنیشت ژووری حاجی و حاجیژن، نازەنین پرچی بەردایەوە و سەیرێکی ئاوێنەکەی کرد و ئاهێکی هەڵکێشا .....

گوڵاڵە : وەرە نێوجێگەکەت و کەمێ پشوو بدە.

نازەنین : پشوو لە کوێ؟ باوك ڕازیبووە، سەیرکردنەکەی عەبە دەڵێی خەنجەرە، بەیانیش نادیار.. گوڵە گیان، دەزانی عەبە ئەم شەو زۆر خراپ سەیریدەکردم، کە دەنگی میللی چەککەی هات بەجارێ زەندەقمچوو، خەریکبوو لە هۆش بچم. گوڵە تۆ بڵێی عەبە زانیبێتی؟ تۆ بڵێی دوادیدارمان بێت؟ تۆ بڵێی لە دەستیان ڕزگار بین؟ .... ئەرێ بەڕاستی بۆ شەوگار هێندە درێژ بووە، حەوت ساڵ دڵداری لەتەك سالار، بەقەد ئەم چەند ساتە درێژنەبوو. ژیانی خۆمم لێبووەتە دوژمنی باوککوشتە و حەزدەکەم لەنێویبەرم.

گوڵاڵە : کچێ بخەوە با بەیانی خەواڵوو نەبیت !

نازەنین: خەوم نایە، هەستدەکەم ئێستا (سالار)یش خەوی لێزڕاوە و هەر لە خەیاڵی بەیاندایە. ئای خۆزگە بە سبەی شەو، ئەگەر مەرگیش بێت، هەر شادومانم، هەرچۆن بێت، بە نابەدڵی ناچمە باوەشی هەتیوەکەی 'حاجی عەلی'یەوە. (ئاوڕێکی لە گوڵاڵە دایەوە، بەڵام ئەو حەوت زەمان بوو، خەوی لێکەوتبوو).

نازەنین، ڕۆچووە نێو دەریای خەیاڵ و کەوتە لێدانەوەی یادگارییەکانی و لە دڵی خۆیدا : ئای کە چەند خۆش و سەرنجڕاکێش بوو، کە یەکەم جار لە سەر ڕێی قوتابخانە چاوم پێکەوت؛ مرۆڤێکی ئارام و شەرمن، چەند جارێك ئاوڕیدایەدوواوە و بزەیەك گرتی. هەر ئەو بزەیە بوو، کە لە دڵمانا سەوزبوو و بوو بە نەمامێکی هەمیشە سەوزی ئەوین. بەڵام دوێنێ کەمتر دڵخۆش بوو، کاتێ کە باسی نەخشەکەی دەکرد، هەستمدەکرد کە خۆی دەلەرزی. ئاخر ئەو بەدبەختە لەم دونیا پانوبەرینەدا بێجگە لە دایکە پیرەکەی کەس شکنابات، هەرچەندە دەیوت "ئەگەر مەرگیش بێت، خۆ لەوە باشترە کە مل بە هاوسەری زۆرەملێی بدەین". ئای کە نەرم دەدوا و چەندە وردبینە، ڕووی نەبوونی ڕەش، ئەگینا کوڕی وا چ کەموکوڕییەکی هەیە، کە ماڵی خۆمان پێیڕازینابن؟

خەیاڵ و یاوادوەری، هێندەی دیکە سەریان کاسکرد و وردە وردە پێڵووەکانی قورستر بوون و خەوبردییەوە.... نازەنین، خێرا خێرا لە پڕ دادەچڵەکا و توند چاوەکانی لێکدەنایەوە و تا بەرەبەیان چەند جار بەدەم خەوی ناخۆش و ترسناکەوە لە خەو ڕادەپەڕی و گوڵاڵەشی لەتەك خۆی بەئاگادەهێنا و گوڵاڵە پێیدەگوت: پێویستە دەستبەرداری خەیاڵی ناخۆش و ترس بی، ئەگێنا بەیانی لە کاتی خۆیدا لە خەو ڕانابین و بۆی هەیە نەخشەکەمان دەرکەوێت، ئەمە نازەنینی هێندەی دیکە بۆ خۆخەواندەوە و ئارامی هاندەدا .....

دەمەوباین دەنگی مەلا، حەوت گەڕەك دەچوو، حاجی بە بۆڵەبۆڵەوە، ڕوو لە حاجیژن:

- هەستە خەجێ، نوێژەکەت بکە !

حاجیژن : باشە حاجی، خۆ هێشتا بانگەکە تەواونەبووە، خۆزگە نوێژیش وەك ڕەمەزان بووایە و ساڵی جارێك، ماڵی خوام ئاواکرد ...

حاجی : کچێ خەجێ، ئەستەغفیرۆڵڵا بکە، تۆ دەزانی خەریکی چی دەڵێیت؟ بەخوا یەك نوێژت لێوەرناگیرێت، چونکە بەنابەدڵییەوە دەیکەی !

حاجی و حاجیژن، هەستانەوە و تا بەیانی هەر خەریکی باسی شووکردنی نازەنین و جارجارەش بیری کاتی لاوی خۆشیان دەکەوتنەوە و ناوبەناویش بێدەنگدەبوون، وەك ئەوەی شتێك هەبێت و هەرکەسە و چاوەڕێی وتنی لە بەرامبەرەکەی دەکرد. حاجیژن، هەستایەوە و چووە ژوورەکەی عەبدوڵڵا ....

- هەستە کوڕم، عەبدوڵڵا، درەنگە سەفەرت لەپێشە.... ( پاشان چووە ژوورەکەی نازەنین و گوڵاڵە)

- هەستن کچینە درەنگە، نیوەڕۆیە وەرن با بەیانیانە بخۆین !

گوڵاڵە وەك کچە بچکۆلە و دوابەرەی ماڵ، کردی بە گاڵتە ..

- دایە، بۆ خاتری خوا، هێشتا خۆر هەڵنەهاتووە، نیوەڕۆی چی؟ (حاجیژن، چووە دەرەوە و گوڵاڵە ڕووی لە نازەنین نا:

- نازەنین، هەستە، خوادەکات نیوەڕۆ وا بەئاسانی دێت ... (نازەنین پاش بەیانیانەخواردن، دەستیکرد بە شوشتنی قۆڕی و پیاڵە و گوڵاڵەش خەریکی کۆکردنەوەی نوێنەکان بوو... حاجی و عەبدوڵڵا لە ماڵ دەرچوون ... حاجیژنیش هەر بیری لای شووکردنەکەی نازەنین بوو ...

نازەنین: دایە ... دایە ... لە کوێی؟

حاجیژن : بەڵێ کچم، ئەوا هاتم ... چییە کچم بۆ بانگم دەکەی؟

نازەنین : دایە من و گوڵالە دەمانەوێت بچینە بازار، هەندێك شت بۆ خۆمان بڕین.

حاجیژن: ئاخر کچم، گەر عەبدوڵڵا بتانبینێت چی؟

نازەنین : دایە ئەو لە سەفەرە و ئێمەش خێرا دەگەڕێینەوە، تا بازاری ڕاپەڕین دەچین.

حاجیژن : باشە کچم بەس زوو بگەڕێنەوە !

نازەنین و گوڵاڵە خۆیان بۆ دەرەوە پۆشتەکرد و لە دەرگە ئاودیوبوون. حاجیژن بە دوایاندا ڕایکرد ..

- کچم ئاگاتان لە خۆتان بێت، ئەم شەو خەوی ناخۆشم بینیوە ...

گوڵاڵە : خەمتنەبێت دایە، مەترسە خەوەکەت وەك خۆت دەڵێیت " کە خراپ بوو، ئەوا پێچەوانەکەی دێتەدی ".

نازەنین، پاش چەند هەنگاوێك، ئاوڕێکی لە خانووەکەیان دایەوە و بێدەنگی دایگرت، دەتوت پەڕاوی یاداوەرییەکانی منالّی دەسووتێنیت، چەند هەنگاوێك لەولاتر، دووبارە ئاوڕیدایە دواوە ..

- گوڵاڵە لە یادت ماوە، بە منالّی لە شوێن خانووەکەی باجی حەپسە یاریمان دەکرد؟ ئەوسا خانوو نەبوو، بووکە-شوشەکانمان دەکردنە منالّ و دەمانلاواندنەوە. گوڵە گیان، تۆ بڵێی منالّی سالار بە باوەشمەوە، بێمەوە ئەم ماڵە، قەت دڵم بڕواناکات.

گوڵاڵە : کچێ مەترسە، مناڵەکانیشمان هەمان یاری دەکەن، بەشی کچ هەر بووکەشوشەیە و کونجیماڵ ! (بەدەم قسەکردنەوە گەیشتنە لای وێستگەی باسەکە و سەرکەوتن. نازەنین بە گوێی گوڵاڵەدا چپاندی ...

- کچێ دەترسم وەك باسە پۆڵۆنییەکەی ئەو ساڵە بسووتێت و نەگەمە لای سالار.

گوڵاڵە پێکەنین گرتی : ئاخر کچێ پێمناڵێیت، چی ئەو ڕووداوەی وەبیر هێنایتەوە؟ خۆ ئەگەر واش بێت، ئەوا ڕزگارمانبووە!

نازەنین، ئانیشکی کوتایە کەلەکەی گوڵاڵە : کچێ تۆ دونیات بەگاڵتەگرتووە. (بەدەم ئەم قسانەوە، لە دارەسووتاوەکەوە بەرەو دادگە ملی ڕێیانگرت...)

گوڵاڵە : هەر کە باسی پۆڵۆنییەکەت کرد، خەریکبوو بدەمە قاقای پێکەنین.

نازەنین : خێراکە سەرتداخە، با کەس نەمانبینێت ! (چەند هەنگاوێکیان مابوو بگەنە دادگە، دوو لاو نووسراویان بڵاودەکردەوە، پارچە کاخەزێکیان دایە دەستی گوڵاڵە ..

گوڵاڵە بە سەرسوڕمانێکەوە : "ڕۆژی جیهانی ژنان بەرز و بەڕێز بێت"، کچێ نازەنین، سەیرکە چی نووسراوە "یەکسانی ژن و پیاو.. ئازادی هاوسەرهەڵبژاردن .. خۆشەویستی و ئەوینداری ئازاد بێت .."

نازەنین : کچێ خێراکە، کەی کاتی ئەوەیە!

گوڵاڵە : دەی باشە خۆ نەوەستاوم، بۆ ئەوەندە پەلەتە خۆ لەدەستتڕاناکات؟ بڕوانە دەڵێی لە دڵی ئێمەدان، خۆزگە ئەمڕۆ بووایە. (بە ترس و لەرزەوە خۆیان کرد بەناو دادگەدا و سالار لەو سەرەوە بەرەوپیریان هات ..)

- بەیانیتان باش، ئەوە بۆوا درەنگ هاتن؟

نازەنین : بەیانیت باش، ببوورە هەروا بۆمان ڕێککەوت.

دەمێك لەبەر دەرگەی دادیار ڕاوەستان، دڵەڕاوکێ و نائارامی فشاری بۆ نازەنین هێنابوو، هێندە پەرێشانبوو، پێستی لانینۆکەکانی هێنابووە خوێن.. بەردەوام خەونەکانی دوێنێ شەوی

دەهێنایەوە پێشچاو.. سالار لەوبەری وەستابوو و لەم فرەتر پەرێشانبوو، هەرچەندە بڕوای تەواوی بەم بڕیارەیان هەبوو، بەڵام ئاسۆیەکی ڕوونی نەدەدەدی .. گوڵاڵە ڕۆچووبووە خەیاڵی ئەوەی لە کاتی گەڕانەوەدا چ درۆیەك بە دایکی بڵێ و چۆن دایکی بەوە ڕازیبکات ... لەتەك تێپەڕبوونی کات، فشاری دەروونییان زیاتر تەنگی پێهەڵدەچینین ...

دەرگەوان : سالار و نازەنین !

( سالار و نازەنین و گوڵە بە پرتاو خۆیان ترنجاندە ژووری دادیار، لەم کاتەدا چەند چەکدارێك لە دەرگەی دادگەوە دەرکەوتن و بە پەلە بەرەو ژوور خۆیان کوتا ...

پۆلیسی پاسەوان : بۆ کوێ کاکە بە چەکەوە، مەگەر نازانی ئێرە دادگەیە و چەك قەدەخەیە؟

یەکێك لە چەکدارەکان، کە وەك لێپرسراویان دەردەکەوت، نامەیەکی لە بنباخەڵی دەرهێنا و دایە دەستی پۆلیسەکە)

پاسەوان : ئمم، باشە کەمێك بووەستن تا دێمەوە ... ( تا پۆلیسەکە هاتەوە، ئەوان لە سەربانی پێشەوەی دادگە دامەزران ... لەم کەینوبەینەدا نازەنین و سالار و گوڵاڵە، خەریکی تەواوکردنی کارە ڕۆتینەکانی خۆمارەبڕین بوون و بەدەم خۆشییەوە لە دوا ژووری تۆمارکردن هاتنەدەر، دڵخۆشی و بروانەکەردەنی وەها ڕۆژێك هێندە باڵی بەسەردا کیشابوون، هیچ ئاگایان لە دەوروبەر نەمابوو و بەوپەڕی ئازادییەوە بەرەو دەرەوە هەنگاوییان دەنا ...

سالار : گوڵاڵە گیان، تۆ یەکسەرە بڕۆڕەوە بۆ ماڵ و دوایی خۆمان ئاگادارت دەکەینەوە کە لە کوێین، بەس لەبیرت نەچێت، کە تۆ لە دارەسووتاوەکە نازەنینت لێ ونبووە و نازانی زەوی قوتی داوە یا ئاسمان هەڵی لووشیوە ! هەوڵبدە کە داوا لە دایکت بکەیت، تاوەکو بەوان نەڵێت، کە تۆ لەتەك ئەو لە ماڵ دەرچووی و تۆش نازانی بۆ کوێ چووە ...

لەتەك گەیشتنە بەردەرگەی دادگە، نازەنین باوەشی بە گوڵاڵەدا کرد ....

- گوڵە گیان، نازانم چۆن سوپاستبکەم و چۆن بتوانم پاداشتی هاریکاری تۆ بدەمەوە، هیوادارم ڕۆژێك بێت، کە بتوانین ئێمەش فریای تۆ بکەوین.

(خەریك بوو چاوەکانی فرمێسکی شادی و دابڕانیان تێدەزا، بەری بە گریانی گرت و لەتەك سالار پێیانهەڵگرت و پێش گوڵاڵە کەوتن و بەرەو سەر شەقامەکە ملیڕێگەیانگرت ... گوڵاڵەش دووراودوور بە دوایانەوە ڕێیدەکرد. چەند جارێك ئاوڕیان لە گوڵاڵە دایەوە و بزەیەکی پڕ سۆزیان ئاراستەکرد.. هەرچی هێزیان تێدابوو، دابوویانە بەر ئەژنۆیان تاوەکو دەربازبن. بەڵام پێگیرە گرتبوونی و خەم و شادی، ترس و ورە، هیوا و مەرگ لە ناخیاندا لە زۆرانبازیدابوون. لە خەیاڵی خۆیاندا توند دەستی یەکتریان گرتبوو و بەژنوباڵای ڕێکهەڵکەوتەیان لەنێو

ئاپوورەی بەردەم دادگەدا دیار، دڵیان پڕ لە هەزار خۆزگە و خەیاڵیان بۆ شوێنێك فڕیبوو، کە دەستی ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانی پێڕانەدەگەیشت. سۆمای چاویان، تیشکی ئەوینی دەهاویشت، ئەمڕۆ ئیدی دونیا لەبەرچاویان جۆرێکی دیکە بوو. ئاورێکیان لە گوڵاڵە دایەوە و زەردەخەنەیکی سوپاس و پێزانین، بەڵام جوانەمەرگ. دەستڕێژی گولەی شەرەف و ناموس لە ژێر تەرازووە لارەسەنگەکەی دادگەدا دایکرد ....

یەکەم دەستڕێژ نازەنین خەڵتانیخوێن بوو، گوڵاڵە خۆی گەیاندە لای سالار و نازەنین .. دەستڕێژی دووەم، سالار و گوڵاڵەی کردە نیشانە و مێردمناڵێکی دەستفرۆشی لە خوێندا گەوزاند. هەرچۆن بوو، سالار خۆی گەیاندە سەر جەستەی لە خوێنگەوزاوی نازەنین و لە ئامێزیگرت، بەڵام درەنگبوو، نازەنین بۆ هەمیشە خەوی لێکەوتبوو. نامووسپارێزەران گەیشتنە سەریان و گوڵاڵەیان بە قژ ڕاکێشکرد و پارچە کاخەزێکی بچووك لە دەستی گوڵاڵە کەوتە خوارەوە. سالار پڕی دایە کاخەزەکە و هەڵیگرتەوە و کردییەوە. سەراپای جەستەی بووبووە نەفرەت و تووڕەیی، دەتوت وێردی ماڵاوای لەسەر جەستەی دڵدارەکەی دەخوێنێت:

- بژی یەکسانی ژن و پیاو.. (لەبری چەپڵە دەستڕێژێك، سنگی سالاری کردە نیشانە و پارچە کاخەکە دەتوت ئاڵایەکی سوورە لە دەستیدا ڕایدەوەشێنێت.. سالار بەسەر جەستەی نازەنیندا گلا.. هەر ئەوەندە هێزی تێدامابوو، سەریهەڵبڕی و تفێکی کردە چەکدارەکانی بان سەریان و سەری نازەنینی گرتە نێودەستەکانی و نێوچەوانی ماچکرد و وەك دوا ئاوات ئەم ڕستەیەی بە پچڕ پچڕی دەربڕی..

- نازەنینەکەم، هەرچۆن بوو، نەیانتوانی پێچەوانەی ئارەزووی خۆمان بڕیارمان پێبدەن، ئازادانە مردین، تاکو خوشەویستی و ئەوینداری ئازاد بێت، نەفرەت لەم دونیایە، نەفرەت لە ....

**٢٧ی جولای ١٩٩٧**

* سوژەی ئەم چیرۆکە، ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە، کە لە ٠٦ی ئازاری ١٩٩٢دا لە کاتی بڵاوکردنەوە و هەڵواسینی بەیاننامە و کارتی بانگەوازکردن بۆ مەراسیمی ٨ی مارسی ١٩٩٢، بەخۆم بوومە بینەری.

# Xermaney Merg

Mang paş şestebaranî êware, Ruxsarî detut Ruxsarî kîjolleyekî çwardesallane û le kanî gerrawetewe. Tîşkekanî wek tallî zerdî pirçî kîjolle çawşînekanî kwêstanan, dedrewşanewe. Ew glope Sruştîye weha tawîsendibû, detut her êsta deteqêtewe. Carcare pellehewrêkî terebûy tenkî dway baranekey êware le xorawawe berew xorrhellat dekşa û Ruxsarî Mangî çillkindekrid, detut pencey xunyagere û dllî Ewîndaranî Xembardekrid. Letek her têperrbûnêk dunyay dekirde syaçallêk, ke le kllawRojneyekewe runakî têbçêt.

Bejn û Ballay rêkhellketey (nazenîn) letek derkewtin û şaranewey Mang, leser zewî hewşekeyan Wêney dekêşra, detut nazenîn û Mang le yekdîyewe runakî werdegrin, ke pelle hewrêk dekewte nêwanyan, îdî tabloy bejnuBallay nazenîn leser hewşeke û Mang le asaman windebûn.

Nazenîn, nuqmî deryay Xeyall bû û agay lem tablokêşane nebû, bedway estêrey bextîda degerra, ke le Mnallîyewe hogrî bûbû. Zorbey Şewan Taku derdî dllî xoy bo ew Hawelley Mnallî nekirdaye, xewî lênedekewt. Em Şew zor be helledawan ledûy degerra, taweku pêybllêt "Hawelle dûr-destekem, sbey Şew lêre bom megerrê, min lêre nîm û koç dekem; koçêkî bêgerranewe". Bellam em Şew hewrêkî xest û çillkin wek Xemekey nêwdllî nazenîn le Asmanî bakûrî şar nîştibû, estêrey bextî le pişt xoy heşar dabû.

Nazenîn, ahêkî hellkêşa û destekanî le pişt serî xoy grêdan û benaxîda roçû :

- to blêy dwacar bêt, ke Mangeşew bbînim, to bllêy estêrekem bzanêt, ke beyanî çî rûdedat? Bo na? Her le Mnallîyewe ew estêre biçkole dûrem wek bextekey xom, ke şadî têda dûre, hellbjarduwe ... Car care eger Şewanêk leber çrrî hewrekan nembînîbê, ewa Şwênekeym zanîwe û kemêk letekî dwawm û derdî dllî xomim bo kirduwe. Bellam em Şew beyekcarî xoy le min heşar dawe, her dellêyt kotayî Hawellêtîmane û çawî berayînadat, Xemî lêkdabrran le Ruxsarîda bixwênmewe û neyewêt dwasatekan hest pêbkem. To bllêy? Na ... Na, boy heye awa nebêt û xerîkî

xorrazandnewe bêt bo sbey Şew, ta le Şewî kotayîhatnî Xem û tamezroyî minda Maçî pîrozbayî be tîşkêkî drêj û rengawrrengda bo min û salar Gyan bnêrêt, bellam le kwê demandozêtewe, xo lêre nîn û xoşm nazanim le kwê debîn, dey qeynakat, wek hemîşe min be dwayda degerrêm. Êsta îdî hîwayek le dillma geşawetewe, Temendirêjî letek salar û hawserîyekî pirr le Ewîn.. (Hawarî Daykî lem Xeyalle dayçllekand)..

- : nazenîn, Kçê were çayekeman bderê, çît beser hat?

Nazenîn : bellê daye, ewa hatim ( pyallekanî leber tenkî awekeda hellgirt û çuwe jûrewe) ..

Daykî : Kçim aw birdûtî ya letek cindokan dedway, bo em Rojane wa xawuxlîşk bûy?

Nazenîn : na daye Gyan, xerîkî şitnî pyallekan bûm, cwan pyallekanim nedebînî, Mange Şewîş buwe be karebakey şar le satêkda çend car dekujêtewe !

Lekatêkda ke nazenîn le nzîk Dergey holekeda xerîkî çayîtêkirdin bû, Daykî leberdem Pencerekeda berdewam sernicî nazenînî deda. 'Gullalle'î xuşkî le beramber Daykî danîştibû, hacî bawkyan leserûy hemuwanewe çwarmeşqî danîştibû û tezbîhekey dejmard û letek her denkêkda lêwekanî debizwand, detut ta êsta neyijmarduwe û eme yekem care, çawîşî brrîbuwe sefte parekanî berdem ''Ebdulla'î kurrî ke le destî rastîyewe danîştibû, dyarnebû, ke parekanî destî 'ebdulla dejmêrêt ya bedem jmardinî denkî tezbîhekey destîyewe wêrddekat. Nazenîn hestaye serpê û kewte dananî çayî û le bawkîyewe destîpêkrid; her ke berew bawkî danewîyewe, pyalle çayyeke le destî berbuwewe, detut le sîmay bawkî tirsawe. Hacî be dengî pyalleke daçlleka û rû le Gulle :

- heste Kçim, zû bîsrre ba ferşeke reqhellnegerrêt, heyfe.

Hacîjn rû le nazenîn : çîte Kçê, şeprre lêydawî? Çîye dellêy dwayîte, xo cnoke neybirdûy?

Nazenîn : na daye, xetay min nebû, bnî pyalleke qoqze.

'ebdulla : nexêr benabedllî îşeke deken. Ew Roje key dê, ke leberçawm windebin û lem Malleda natanbînmewe?

Hacî : gwêymedenê, çayyeke şîrîne, xêrî le dwayye înşaellla şekrawî xoy be dwadadêt. (Rû le nazenîn Kçim to danîşe ba Gulle çayyekeman bo têbkat, demewêt letek Toda yek dû qse bkem !

Nazenîn deyzanî, bawkî nyazî witnî çî heye, boye belayewe seyr nebû, ke Babî bebê ho awa nermunyan bêt û besozewe qsey letekda bkat, benabedlê wellamîdayewe..

Nazenîn : bellê babe.

Hacî kemêk rama, herwek byewêt cadû le dllî nazenîn bkat û bedway wajey wada bgerrêt, ke nazenîn razîbkat :

- Kçim nazenîn, wek hemûman dezanîn Mallî bab ta ser bo kiç nîye û kiç debêt bçête xaney bextî xoy. To taêsta her Kes hatuwe, razînebûy. Bellam Xwa beme razînîye û bo xatrî Xwa em care gwê le Babî xot bigre û le kelî şeytan dabeze. Em care debêt razîbît û rûy bawkî xot spîbkey. Kçim çunke min razîbûm û pyaw kurrî pyaw hatote dawat, dwênê hacî 'elî zerrenger hate dukan lam û wtî " hacî debêt xizmayetîyekeman tazebkeynewe û "ebdulqadir'î kurrm bkeyte kurrî xot", rastîyekey mnîş leber başî kurreke û dewlletmednîyan, nemtwanî bllêm na, çunke lewe dillnyam ke nanêk debêt bxoyt û Serpenayekîş debêt têyda bhewêytewe. Ca mnîş wek her bawkêk dawat lêdekem, dllî min le xot razîbke, ta Xwaş lew dunya le gunahekant xoşbêt !

Nazenîn, lekatî bîstinî qsekanî bawkîda spî hellgerra bû, her detut êsta demrêt. Lêwekanî hellbzirkabûn, destekanî delerzîn û ejnokanî hêzyan têdanemabû, pirr be dill hezî dekrid hawarbkat " tif le pare û pyawetî, tif lew soze droznaneye", bellam em hemû rik û nefrete bûbû be pillmeyek giryan û le qurrgîda pengîxwardibû. Seyrêkî Gullalley kird, wek ewey byewêt beçaw pêybllêt "bedem em tezbîh jmardneyewe baş xellefawe".

Hacî : çît wit Kçim? Nawî Xway lêbhêne ba sbey Şew, Mallî hacî 'elî bêne pêşewe û karî xeyre ta peley têdabkey keme !

Nazenîn hîç wellamêkî nedayewe, em care bêdengî hellbjard, Gullzar deyzanî, em care bêdengî watay razîbûn nîye. Hacîjn wek byewê nazenîn lem bare rizgar bkat û hacîş waz le pirsyar û wellamekey bhênêt, rû le hacî ..

- hacî mawey pêbde ta bîrbkatewe, to detewêt Kçeke bê sê û dû bllêt "babe razîm.". Xot dezanî kiç le bawk û Daykî şerimdekat û bêdengîş nîşaney razîbûne, le Xwa bezyadbêt Kçekeman xwêndewar û be aweze.

Lepirr Malleke roşn buwewe û gllopekan dagîrsanewe. 'Ebdulla le dllî xoyda " eger 'aqill buwaye bedyar hetîwwekey (sebrî) nankerewe danedenîşt. Min 'aqlîdekem botan". Hestayewe serpê û çuwe jûrekey xoy, leberxoyewe bolley dehat. Destî drêjkird û çekekey be dîwarekewe dagrit û paş kemêk raman çuwe lay telefoneke û pênc jmarey be dway yekda lêda .. ...

- Merheba heme, çonît? ..... Xo nexewtibûy ? ........ Dey başe, tirsam lewê nebît....... Mi ..... M..... Newella min her le Mallewe bûm û hendêk karm hebû, tewawimkirdin .. A heme Gyan, beyanî min lêre nîm, bellku agat le cmucullî ew hetîwey sebrî bêt, .... A, be mefrezekey xot bllê ba çawdêrîbken, pêyanbllê be'sîye, .... A xot drustî bke, ba bewridî çawdêrîbken...... A wek wtim em hefteye ba bjî taweku em şte tewawdebêt, ..... Meger emrro pêmnewtî, ...... A, a lewe deçêt xoşî razîbêt, bexwa beşeq razîdekem, îdî wersibûm. Lebîrt neçêt tenya eger beyekewe byangirî, Egîna debêt dway em şte serî bxoyn, başe!

Letek daxistnî telefonekeda, destî be pakkirdnewey çekekey kird ..... Hacî her xerîkî jmardinî denke tezbîhekanî bû .... Hacîjn wenewz deygirt û Gullalle û nazenîn matemînî daygirtbûn û wayan nîşandeda, ke seyrî telefzyon deken, bellam Xeyallyan her lelay qsekanî bawkî û çonyetî pyadekirdnî nexşekey beyanî bû. Dengî mîllî çekekey 'Ebdulla, 'nazenîn'î daçllekand û desetekanî kewtne lerzîn û lêwekanî detut bademey mlekewe lêydawn.

Hacî : 'Ebdulla, kurrm ewe çîte bew nîweşewe, ew şrîxe û hurre çîye, Hawsêkan xewtûn, çek şeytane kurrm wiryabe!

Rû le nazenîn û Gullalle : hestin Kçim nwênekan rabxen, ba bxewîn, drenge !

Nazenîn û Gullalle çûn bo nwênrraxistin û pêkewe çûne jûrî xoyan, ke dekewte tenîşt jûrî hacî û hacîjn, nazenîn pirçî berdayewe û seyrêkî Awênekey kird û ahêkî hellkêşa .....

Gullalle : were nêwcêgeket û kemê pşû bde.

Nazenîn : pşû le kwê? Bawk razîbuwe, seyirkirdnekey 'ebe dellêy xencere, beyanîş nadyar.. Gulle Gyan, dezanî 'ebe em Şew zor xrap seyrîdekirdim, ke dengî mîllî çekkey hat becarê zendeqimçû, xerîkbû le hoş bçim. Gulle to bllêy 'ebe zanîbêtî? To bllêy dwadîdarman bêt? To bllêy le destyan rizgar bîn? .... Erê berrastî bo Şewgar hênde drêj buwe, hewt Sall dilldarî letek salar, beqed em çend sate drêjnebû. Jyanî xomim lêbuwete Dujminî bawkkuşte û hezdekem lenêwîberm.

Gullalle : Kçê bxewe ba beyanî xewallû nebît !

Nazenîn: xewm naye, hestdekem êsta (salar)îş xewî lêzrrawe û her le Xeyallî beyandaye. Ay xozge be sbey Şew, eger Mergîş bêt, her şadumanim, herçon bêt, be nabedllî naçme Baweşî hetîwekey 'hacî 'elî'yewe. (Awrrêkî le Gullalle dayewe, bellam ew hewt zeman bû, xewî lêkewtibû).

Nazenîn, roçuwe nêw deryay Xeyall û kewte lêdanewey yadgarîyekanî û le dllî xoyda : ay ke çend xoş û sernicrrakêş bû, ke yekem car le ser rêy qutabxane çawm pêkewt; Mrovêkî aram û şermin, çend carêk awrrîdayeduwawe û bzeyek girtî. Her ew bzeye bû, ke le dillmana sewzibû û bû be nemamêkî hemîşe sewzî Ewîn. Bellam dwênê kemtir dillxoş bû, katê ke basî nexşekey dekrid, hestimdekrid ke xoy delerzî. Axir ew bedbexte lem dunya panuberîneda bêcge le Dayke pîrekey Kes şiknabat, herçende deyut "eger Mergîş bêt, xo lewe baştre ke mil be hawserî zoremlêy bdeyn". Ay ke nerm dedwa û çende wirdbîne, rûy nebûnî reş, egîna kurrî wa çi kemukurrîyekî heye, ke Mallî xoman pêyrrazînabin?

Xeyall û yawadwerî, hêndey dîke seryan kaskird û wirde wirde pêlluwekanî quristir bûn û xewbirdîyewe.... Nazenîn, xêra xêra le pirr dadeçlleka û tund çawekanî lêkdenayewe û ta berebeyan çend car bedem xewî naxoş û trisnakewe le xew radeperrî û Gullalleşî letek xoy beagadehêna û Gullalle pêydegut: pêwîste

destberdarî Xeyallî naxoş û tris bbî, egêna beyanî le katî xoyda le xew ranabîn û boy heye nexşekeman derkewêt, eme nazenînî hêndey dîke bo xoxewandewe û aramî handeda .....
Demewbayn dengî mela, hewt gerrek deçû, hacî be Bollebollewe, rû le hacîjn:
- heste xecê, nwêjeket bke !
Hacîjn : başe hacî, xo hêşta bangeke tewawnebuwe, xozge nwêjîş wek remezan buwaye û Sallî carêk, Mallî Xwam awakrid ...
Hacî : Kçê xecê, estexfîrrullla bke, to dezanî xerîkî çî dellêyt? Bexwa yek nwêjt lêwernagîrêt, çunke benabedllîyewe deykey !
Hacî û hacîjn, hestanewe û ta beyanî her xerîkî basî şûkirdnî nazenîn û carcareş bîrî katî lawî xoşyan dekewtnewe û nawbenawîş bêdengdebûn, wek ewey ştêk hebêt û herKese û çawerrêy witnî le beramberekey dekrid. Hacîjn, hestayewe û çuwe jûrekey 'Ebdulla ....
- heste kurrm, 'Ebdulla, drenge sefert lepêşe.... ( Paşan çuwe jûrekey nazenîn û Gullalle)
- hestin Kçîne drenge, nîwerroye wern ba beyanyane bxoyn !
Gullalle wek Kçe biçkole û dwaberey Mall, kirdî be gallte ..
- daye, bo xatrî Xwa, hêşta xor hellnehatuwe, nîwerroy çî? (Hacîjn, çuwe derewe û Gullalle rûy le nazenîn na:
- nazenîn, heste, Xwadekat nîwerro wa beasanî dêt ... (Nazenîn paş beyanyanexwardin, destîkrid be şuştinî qorrî û pyalle û Gullalleş xerîkî kokirdnewey nwênekan bû... Hacî û 'Ebdulla le Mall derçûn ... Hacîjnîş her bîrî lay şûkirdnekey nazenîn bû ...
Nazenîn: daye ... Daye ... Le kwêy?
Hacîjn : bellê Kçim, ewa hatim ... Çîye Kçim bo bangim dekey?
Nazenîn : daye min û Gullale demanewêt bçîne bazar, hendêk şit bo xoman brrîn.
Hacîjn: axir Kçim, ger 'Ebdulla btanbînêt çî?
Nazenîn : daye ew le sefere û êmeş xêra degerrêynewe, ta bazarî Raperrîn deçîn.

Hacîjn : başe Kçim bes zû bgerrênewe !

Nazenîn û Gullalle xoyan bo derewe poştekrid û le Derge awdîwbûn. Hacîjn be dwayanda raykird ..

- Kçim agatan le xotan bêt, em Şew xewî naxoşm bînîwe ...

Gullalle : Xemtnebêt daye, metirse xeweket wek xot dellêyt " ke xrap bû, ewa pêçewanekey dêtedî ".

Nazenîn, paş çend hengawêk, awrrêkî le xanuwekeyan dayewe û bêdengî daygirt, detut perrawî yadawerîyekanî Mnallî desûtênît, çend hengawêk lewlatir, dûbare awrrîdaye dwawe ..

- Gullalle le yadt mawe, be Mnallî le Şwên xanuwekey bacî hepse yarîman dekrid? Ewsa xanû nebû, bûke-şuşekanman dekirdne Mnall û demanlawandnewe. Gulle Gyan, to bllêy Mnallî salar be Baweşmewe, bêmewe em Malle, qet dllim birrwanakat.

Gullalle : Kçê metirse, Mnallekanîşman heman yarî deken, beşî kiç her bûkeşuşeye û kuncîmall ! (Bedem qsekirdnewe geyiştne lay wêstgey baseke û serkewtin. Nazenîn be gwêy Gullalleda çpandî ...

- Kçê detrism wek base pollonîyekey ew Salle bsûtêt û negeme lay salar.

Gullalle pêkenîn girtî : axir Kçê pêmnallêyt, çî ew rûdawey webîr hênaytewe? Xo eger waş bêt, ewa rizgarmanbuwe!

Nazenîn, anîşkî kutaye kelekey Gullalle : Kçê to dunyat begalltegirtuwe. (Bedem em qsanewe, le daresûtawekewe berew Dadge mlî rêyangirt...)

Gullalle : her ke basî pollonîyeket kird, xerîkbû bdeme qaqay pêkenîn.

Nazenîn : xêrake sertdaxe, ba Kes nemanbînêt ! (Çend hengawêkyan mabû bgene dadge, dû law nûsrawyan bllawdekirdewe, parçe kaxezêkyan daye destî Gullalle ..

Gullalle be sersurrmanêkewe : "Rojî cîhanî jnan berz û berrêz bêt", Kçê nazenîn, seyirke çî nûsrawe "Yeksanî jin û pyaw.. Azadî hawserhellbjardin .. Xoşewîstî û Ewîndarî azad bêt .."

Nazenîn : Kçê xêrake, key katî eweye!

Gullalle : dey başe xo newestawm, bo ewende pelete xo ledestitrranakat? Birrwane dellêy le dllî êmedan, xozge emrro buwaye. (Be tris û lerzewe xoyan kird benaw dadgeda û salar lew serewe berewpîryan hat ..)

- beyanîtan baş, ewe bo wa dreng hatin?

Nazenîn : beyanît baş, bbûre herwa boman rêkkewt.

Demêk leber Dergey dadyar rawestan, dllerrawkê û naaramî fşarî bo nazenîn hênabû, hênde perêşanbû, pêstî lanînokekanî hênabuwe xwên.. Berdewam xewnekanî dwênê Şewî dehênayewe pêşçaw.. Salar lewberî westabû û lem fretir perêşanbû, herçende birrway tewawî bem birryareyan hebû, bellam asoyekî rûnî nededey .. Gullalle roçûbuwe Xeyallî ewey le katî gerraneweda çi droyek be Daykî bllê û çon Daykî bewe razîbkat ... Letek têperrbûnî kat, fşarî derûnîyan zyatir tengî pêhelldeçînîn ...

Dergewan : salar û nazenîn !

( Salar û nazenîn û Gulle be pirtaw xoyan trincande jûrî dadyar, lem kateda çend çekdarêk le Dergey dadgewe derkewtin û be pele berew jûr xoyan kuta ...

Polîsî pasewan : bo kwê kake be çekewe, meger nazanî êre dadgeye û çek qedexeye?

Yekêk le çekdarekan, ke wek lêprisrawyan derdekewt, nameyekî le binbaxellî derhêna û daye destî polîseke)

Pasewan : mmim, başe kemêk buwestin ta dêmewe ... ( Ta polîseke hatewe, ewan le serbanî pêşewey dadge damezran ... Lem keynubeyneda nazenîn û salar û Gullalle, xerîkî tewawkirdnî kare rotînekanî xomarebrrîn bûn û bedem xoşîyewe le dwa jûrî tomarkirdin hatneder, dillxoşî û birwanekerdenî weha Rojîk hênde ballî beserda kîşabûn, hîç agayan le dewruber nemabû û bewperrî Azadîyewe berew derewe hengawîyan dena ...

Salar : Gullalle Gyan, to yeksere brrorrewe bo Mall û dwayî xoman agadart dekeynewe ke le kwêyn, bes lebîrt neçêt, ke to le daresûtaweke nazenînt lê winbuwe û nazanî zewî qutî dawe ya Asman hellî lûşîwe ! Hewillbde ke dawa le Daykt bkeyt, taweku bewan nellêt, ke to letek ew le Mall derçûy û toş nazanî bo kwê çuwe ...

Letek geyiştne berDergey dadge, nazenîn Baweşî be Gullalleda kird ....

- Gulle Gyan, nazanim çon supastibkem û çon bitwanim padaştî harîkarî to bdemewe, hîwadarm Rojîk bêt, ke bitwanîn êmeş firyay to bkewîn.

(xerîk bû çawekanî firmêskî şadî û dabrranyan têdeza, berî be giryanî girt û letek salar pêyanhellgirt û pêş Gullalle kewtin û berew ser Şeqameke mlîrrêgeyangirt ... Gullalleş dûrawdûr be dwayanewe rêydekrid. Çend carêk awrryan le Gullalle dayewe û bzeyekî pirr sozyan arastekrid.. Herçî hêzyan têdabû, dabûyane ber ejnoyan taweku derbazbin. Bellam pêgîre girtbûnî û Xem û şadî, tris û wre, hîwa û Merg le naxyanda le zoranbazîdabûn. Le Xeyallî xoyanda tund destî yektiryan girtbû û bejnuballay rêkhellkewteyan lenêw apûrey berdem dadgeda dyar, dillyan pirr le hezar xozge û Xeyallyan bo Şwênêk frrîbû, ke destî rêsa Komellayetîyekanî pêrranedegeyişt. Somay çawyan, tîşkî Ewînî dehawîşt, emrro îdî dunya leberçawyan corêkî dîke bû. Awrrêkyan le Gullalle dayewe û zerdexeneykî supas û pêzanîn, bellam cwanemerg. Destrrêjî guley şeref û namus le jêr terazuwe laresengekey dadgeda Daykird ....

Yekem destrrêj nazenîn xelltanîxwên bû, Gullalle xoy geyande lay salar û nazenîn .. Destirêjî duwem, salar û Gullalley kirde nîşane û mêrdimnallêkî destifroşî le xwênda gewzand. Herçon bû, salar xoy geyande ser cestey le xwêngewzawî nazenîn û le amîzîgrit, bellam drengibû, nazenîn bo hemîşe xewî lêkewtibû. Namûsparîzeran geyiştne seryan û Gullalleyan be qij rakêşkird û parçe kaxezêkî bçûk le destî Gullalle kewte Xwarewe. Salar prrî daye kaxezeke û helîgirtewe û kirdîyewe. Serapay cestey bûbuwe nefret û turreyî, detut wêrdî Mallaway leser cestey dilldarekey dexwênît:

- bjî Yeksanî jin û pyaw.. (Lebrî çeplle destrrêjêk, singî salarî kirde nîşane û parçe kaxeke detut allayekî sûre le destîda raydeweşênêt.. Salar beser cestey nazenînda gla.. Her ewende hêzî têdamabû, serîhellbrrî û tfêkî kirde çekdarekanî ban seryan û serî nazenînî girte nêwdestekanî û nêwçewanî Maçkird û wek dwa awat em Risteyey be pçirr piçrrî derbrrî..

- nazenînekem, herçon bû, neyantwanî pêçewaney arezûy xoman birryarman pêbden, azadane mirdîn, Taku xuşewîstî û Ewîndarî azad bêt, nefret lem dunyaye, nefret le ....

**27î culay 1997**

* sujey em Çîroke, rûdawêkî rasteqîneye, ke le 06î azarî 1992da le katî bllawkirdnewe û hellwasînî beyanname û kartî bangewazkirdin bo merasîmî 98î marsî 1992, bexom bûme bînerî.

# ئاڵە هاوسێ

پاش ماوەیەکی زۆر، ئەم سەر و ئەو سەر و بێنەوبەردە، توانیم سەرپەنایەکی کەمێ گونجاوتر لە کونەچەقەڵەکەی پێشووم بەدەستبێنم. فرە دڵم پێیخۆشبوو، چونکە دەمتوانی هێندەی سینییەك ئاسمان ببینم. هەرچۆنێ بوو، چتەکی تازەبوو. هەرچەندی دەبوو، لەیەك کاتدا خانووە کۆنەکە پاك و سپی بکەوەوە و خانووە نوێیەکەش کاخەزدیواری لێبدەم، بەڵام هەر فرە دڵم پێیخۆشبوو. هێشتا پشتم لەژێر ئەو کارانەدا ڕاستنەکردبووەوە، زەنگی دەرگە لێدرا و لەتەك کردنەوەی دەرگە، سێ کەس خۆیان هاویشتە ژوور و بێ یەك و دوو کەوتنە پشکنینی ژوور و هۆڵەکە. چیتان لێبشارمەوە، ترس سواری دڵم بوو و دڵم کەوتە تەپەتەپ. لێدانی دڵم گەیشتبووە خێرایی سم لە زەمیندانی شینە ئەسپێك لە غاردانا. خەمی ئەو دونیایە بووبووە مۆتەکەی سەر دڵم؛ تۆ بڵێی من هێندە گەوج بووبم، بەهەڵە خانووی خەڵکیم لەبری خانووەکەی خۆمان پاك و ئامادەکردبێ. ئەوان بەبێ مۆڵەت، خەریکی پشکنین و بەراوردبوون، منیش کەشتییەکەم لە دەریای ترس و خەیاڵدا ڕۆچووبوو. هەرچەندم دەکرد، تێنەدەگەیشتم چ باسە، باشبوو، پیاوەکە بە باوەشێ سمێڵی پاش و پێش تاشراوەوە گوڕاندی :

- ئەمن جیرانی ئەنگۆمە .

کەمێك هاتمەوە سەرخۆم و توانیم گرێکوێرەی مەتەڵەکە تۆزێ شلکەم، بەڵام هێشتا لێم ڕۆشننەبوو، کە دوو ژنەکەی تەکی چین و کێن؟ هەر چۆنێ بوو، تۆزێ خۆم گوڕکردەوە و لێمپرسی :

+ بەتەنیا تۆ ؟

وەك لەیەکدانی دوو گەواڵەهەور، پرسیار و وەڵامەکە لە یەکیاندا و هەورەتریشقەئاسا، وەڵامەکەی لەگوێچکەمدا دەنگیدایەوە :

- چۆن بەتەنیا، مەگەر نازانی ئەوانە ژن و مناڵمن؟

بەجۆرێ پەردەی گوێم لەریەوە و کپبوو، کە دەستبەجێ نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە. پاش کەمێك حەپەسان گوتم :

+ نەخێر کاکە، لە کوێ بزانم ؟

وەك گلۆربوونەوەی بەرمیلە نەوتێك، غەڵبە غەڵبێکی کردوو و گوتی :

- کاکی برا، ئەمن لە خێزانێکی خانەدانیمە و شکور موسوڵمانیشم، ئەدی کو، خۆ ئەمە وەکی ئەو گاورانە بێئەسڵ و فەسڵ نین !

تا ئەو ساتە هێندە شێوابووم، ئاگام لە هاوەڵە ئەڵمانییەکەم نەمابوو و بەفەرمایشتی برای موسوڵماندا زانیم، کە هاوەڵەکەم لەم کەینوبەینە واقیوڕماوە. ترس و قین سەردڵیانگرتبووم، ناچاریش دەبوو وەڵامبدەمەوە، ئەگینا شەقمدەبرد. بۆیە پێمگوت :
+ دیارە، کاکە بەخۆی دیارە، پێویست بە گوتن ناکات، خەڵکی خانەدان لە دووڕرا هاواردەکات. ئەی لۆ لە سەرەتاوە نەتگوت، خۆ گیان گەیشتە کونەکەپووم، وامزانی بەهەڵە ماڵی کەسێکی دیکەم داگرتووە.

نازام چۆن بوو، ژن و کیژەکەی بەرەو ئێمە هاتن؛ بۆ پرسیار یان حەزیان لە گوێڕاییڵان لە شانازییەکانی کاکم بوو! بەڵام کاکی هاوسێمان چەند جار ئحم. ئحم، دەتگوت ماتۆرە و گازی دەدەنێ، بە زمانی خانەدانان هەوڵیدا بیانگێڕێتە دواوە، کە زانی بێسوودە ناچار تێیقوچاند. لە دەمی دەرگەکەدا بەڵای ڕاستدا ئاوڕی داوە و گوتی :
- ئەمەش خانووی ئێمەیە، سوپاس لۆ خودای، کە ئەو گاورانە دراوەسێمان نەبوون!
بەخێرایی دەرکەگەم بەدوایدا داخست و ئۆخەیەکم کرد. هاوەڵە ئەڵمانییەکەم کە تا ئەوکات دەمی بووبووە تەڵەی تەقیو، بزەیەکی هاتێ و گوتی :
- ئەوە چیاندەویست، کێبوون ؟

دیاربوو لە سەرەلەقێ و دەستڕاکێشانەکانی کابرای خانەدان تێگەیستبوو. هەر چۆن بوو، بە چوار وشە ئەڵمانییەکە بێسەرونەرکەی خۆم تێمگەیاند، کە کێن و بۆ هاتبوون. هاوەڵەکەم کەمێ ڕاماو گوتی:
- دەمێکە دەیانناسی ؟
منیش بەکەمێ شەرمەوە گوتم:
+ نەخێر .

پاڵی بە پەنجەرەکەوە دا و مژێکی لە سیگارە دەستپێچکەکەی دا و گوتی:
- ئەی چۆن ئاوا بەبێ قسە و بێمۆڵەت خۆیان ترنجاندە ژوورەوە، لای ئێوە خەڵکی ئاوەهان؟

هێندەی دیکە ئارەقە بەنێوچاوانمەوە وشکبووەوە، هەرچۆن بوو گوتم :
+ نا، نەخێر ..

ناچار باسەکەم بادایەوە سەر پەیوەندی گاڵکێشان بە بێکارییەوە. دڵخۆشیم بە خانووە نوێیەکەمان وەك کورتە خەونێك لە ناخما شوێنی بەخۆنەگرت و سەری خۆی هەڵگرت. پەشیمانی بووە میوان و خەمیش لەبانی. ئاخر چۆن دەتوانی چەند ساڵ لەتەك هاوسێیەکی ئاوهادا بژیت و هەست بەئاسوودەیی بکەیت؟ وەڵامی ئەم پرسیارەم بۆ نەدۆزرایەوە. هاوسەرەکەم گوتی: دەی دەی تۆش هێندە شت بە قورس وەرمەگرە، تێکەڵاوییان ناکەین و براوە. منیش گوتم ئاوا بۆمان بلوێت، خراپنییە.

ڕۆژ هاتوو ڕۆژ چوو، وەك هەموو ڕۆژانی هەینی، پاش تەواوبوونی کار، بەپەلە خۆم گەیاندەوە ماڵ، تاوەکو نانێ بخۆین و بچینە گەڕانێ. بەڵام کە هاتمەوە دیتم، هاوسەرەکەم وەڕس دیارە. کردمە شۆخی و گوتم :
- چییە خانمەکەم، چی ڕوویداگە، خۆ گەنمەکەمان ئافات لێینەداگە؟
+ نەخێر، ئەرێ تۆ چۆنت زانی، کابرای هاوسێمان گەلەك لە نەهزەی ئیسلامی خراپترە؟
- کچێ هەی خانە خراو، ئەوانە هەر هاتنە جواو، کەللە شەکرێ دەکەن تەواو، یان یەکسەرە مرۆڤ دەکەن ڕاو.
+ ئەرێ خۆیەتی بەڕاسی، وەك کەرەکەی خۆمان، خاسی دەناسی .

کە دیم شتەکە بەڕاسییە، دەستبەجێ پرسیم :
+ بۆ چی بووە، چ ڕوویداوە ؟
- چشتەکی وانییە، ئەمڕۆ چووم پۆستەکەمان بکەمەوە، لوتم بەلوتییەوە تەقی و گوتی " ئەرێ خوشکێ، عەیب نەبێ کو سەرپۆشی بەسەردا نادەی، مەگەر ئەنگۆ موسوڵمان نین، ئەی نازانن ڕەمەزانە؟ "
منیش گوتم : با، بەڵام ئێمە ڕۆژی ناگرین.

لەکاتی قسە گێڕانەوەکەدا هێندە پەلەم بوو بزانم چی و چی گوتووە، وەخت بوو شەقبەرم. گوتم :
- ئەی نەتتوانی پێیبڵێی کاکە بەتۆ چی، مەگەر من بەژنەکەی تۆ دەڵێم بۆ وەك یاپراخی گەڵامێو

خۆی پێچاوەتەوە !
+ من بەجێمهێشت و زۆر لەسەری نەڕۆیشتم .

هێندەی دیکە دڵخۆشیم بەخانووە تازەکە، بوو بە بڵقی سەرئاو، دەتگوت کابرا شەو و ڕۆژ سواری سەرم بووە، هێندە لێی پەستبووم. هەر مەپرسن. ڕۆژ هات و ڕۆژ تێپەڕی، ئەم جارەیان بەختژمێرەکەی ئەو خراپ سوورا و بەختژمێری من لەسەر هەلی زێڕین وەستا. ڕۆژێك نەخۆشبووم و نەمتوانی بچم بۆ سەر کار، دکتۆر مۆڵەتی نەخۆشی بۆ نووسیم و لارەلار گەڕامەوە ماڵ. لەبەردەرکەی ماڵ بەدەم بنێشتجوینەوە، بەیانی باشم لە هاوسێیەکی ڕوسمان کرد، ئەویش بەدەم پێکەنینەوە گوتی:
- فلانەکەس دەڵێی تۆ بەڕۆژی نیت؟

پرسیارەکەی لەلام فرە سەیرنەبوو، چونکە ئەو ڕۆژانە ئەو پرسیارانەم فرە لێدەکران، کە لەکارگە دەیانبینی وەك ئەوان هەموو شتەکان دەخۆم و لە ساڵڕۆژی لە دایکبوونەکانیاندا شەراب دەخۆمەوە، ئەم پرسیارە وەرسیکردبووم. بەڵام بەسەرخۆم نەهێنا، دیاربوو بە هەراوهوریای ماڵە خانزاداندا زانیبووی کە ڕەمەزانە، لەوە دەچوو، چووبنە سەریان و پێیانگوتبن: " ئەم بانگ و سەڵایە چییە، خۆ مزگەفت نییە و کابرای خانەدانیش، کەمێك مەوعیزەی لۆ کردبن" بۆیە بەدەم پێکەنینەوە وەڵامم دایەوە:
+ نەخێر، هێشتا ڕەمەزان نەگەیشتۆتە ماڵی ئێمە.
- چۆن، تێناگەم، مەگەر گەیشتنی ڕەمەزان، چۆنە ؟
+ دەزانم لەلات سەیرە، دەزانی چۆنە؟
- چۆنە، بۆم باسکە؟
+ لەبەرئەوەی ماڵی هاوسێکەمان خۆیان واتەنی لە عیراقیش خانەدان بوون، بۆیە وا خێرا ڕەمەزان گەیشتۆتە لایان، دیارە بەفڕۆکە لۆیان ناردوون. بەڵام ئێمە لەوێش هەژار بووین، بۆیە بە وشتر لۆمانی دەنێرن و درەنگ دەگاتە لامان !

کابرا هێندە پێکەنیی، خەم و پەژارەی ئەم ساڵانەی دوایی دەردایەوە، بەدەم قاقای پێکەنینەوە دەستی بۆ خانووەکەی ئەوبەریان ڕاکێشا و گوتی :
- ڕۆژێك بە منیان وت " با بچینە کەنیسە شەرابی پیرۆز بخۆینەوە". منیش گوتم: کورە بابە بۆ

هێندە کیلۆمەتر دەبری لۆ کەوچکە شەرابێ، وەرە کن من، با بوتڵێك شەرابی کۆنت بدەمێ، هەمووی بۆخۆت.

بەدەم قاقای پێکەنینەوە، بەپێپلیکانەکاندا سەردەکەوتم، یەکڕاست کابرای هاوسێمان بەکۆمەڵێ ڕیشی بێسمێڵەوە وەك جندۆکەی لەبەردەمم قوت بویەوە، ڕاستییەکەی داچڵکام. ئاخر هێشتا ترسی دێو و درنجی چیرۆکەکانی نەنکم لە ناخمانا دەرنەچووە. ڕەنگی زەرد و ڕدێنێکی چڵکن و قانگدراوی سیگار، ناوچەوانی گرژ و توند وەك ئەشکەنجەدەرەکانی بەعس ترسناك بوو. دیار بوو گوێی لەگاڵتە و گەپی ئێمە بووبوو و کوڕە مێرد مناڵەکەی بۆی کردبووە کوردی، ڕکوکینەی کەفی دەچراند:

- ئەرێ کاکە تۆ عەیب ناکەیت، کە بەخۆت ڕۆژی نابی، لۆ لەتەك گاوران گالتەی بەئیسڵامی دەکەی ؟

+ بۆ فڵانەکەس، چ بووە، خۆ باسم بەخراپە نەکردووی ؟

- ئەی ئەوە چییە، ئەو هەموو گووخواردنەت؟

بە هەناسە برکێوە گوتم: ببوورە کە من ناتوانم، گوڵاوی وا لەدەم دەرکەم، بەڵام دەکرێ پێمبڵێیت، ئەی تۆ کێ بەکرێی گرتووی ڕێ لە هاوسەرەکەم بگریت و وەك پۆلیس بیدەیتە بەر پرسیار، بۆ حیجاب ناپۆشن، بۆ ڕۆژوو ناگرن، بۆ سواری پایسکیل دەبن، بۆ لەتەك گاوران قسان دەکەن، مەگەر تۆ چیت؟

- ئەی لۆ ئێوە لەخۆتان گۆریوە و دەڵێن " ئێمە خۆمان بە موسوڵمان دانانێن؟

ئەم جار گوتم: جا بەتۆ چی، دەڵێی بزنی بەم ڕیشەتەوە، هەموو کوردتان لەبەرچاوی ئەم خەڵکە کردووە بە خەڵکی نیاندەرتاڵ.

کابرا کە زانی لێی پڕم، وەك مردوو دەمی داچەقاند و چووە خوارێ. بەڵام قینم دانەدەمرکایەوە، ئەوەندەی فریاکەوتم و پێمگوت: هێندە موسوڵمانی لۆ پارەی سۆشیال و کاریتاس وەردەگری، خۆ لە سعودییەوە نایێت، باج و خەراجی لەشفرۆشخانە و مەیخانەکانە، کاکی موسوڵمانی خانەدان؟! وا دیارە تۆ گۆشت ناخۆی، بەڵام گۆشتاو دەخۆی، ها؟!

## alle Hawsê

Paş maweyekî zor, em ser û ew ser û bênewberde, twanîm Serpenayekî kemê guncawtir le kuneçeqellekey pêşûm bedestibênim. Fre dllim pêyxoşbû, çunke demtwanî hêndey sînîyek Asman bbînim. Herçonê bû, çtekî tazebû. Herçendî debû, leyek katda xanuwe koneke pak û spî bkewewe û xanuwe nwêyekeş kaxezdîwarî lêbdem, bellam her fre dllim pêêxoşbû. Hêşta piştim lejêr ew karaneda rastnekirdbuwewe, zengî Derge lêdra û letek kirdnewey Derge, sê Kes xoyan hawîşte jûr û bê yek û dû kewtne pişknînî jûr û holleke. Çîtan lêbşarmewe, tris swarî dllim bû û dllim kewte tepetep. Lêdanî dllim geyiştbuwe xêrayî sim le zemîndanî şîne espêk le xardanda. Xemî ew dunyaye bûbuwe motekey ser dllim; to bllêy min hênde gewc bûbim, behelle xanûy Xellkîm lebrî xanuwekey xoman pak û amadekirdbê. Ewan bebê mollet, xerîkî pişknîn û berawirdbûn, mnîş keştîyekem le deryay tris û Xeyallda roçûbû. Herçendim dekrid, tênedegeyiştim çi base, başbû, pyaweke be Baweşê smêllî paş û pêş taşrawewe gurrandî :

- emin cîranî engome .

Kemêk hatmewe serxom û twanîm grêkwêrey metelleke tozê şilkem, bellam hêşta lêm roşinnebû, ke dû jnekey tekî çîn û kên ? Her çonê bû, tozê xom gurrkirdewe û lêmpirsî :

+ betenya to ?

Wek leyekdanî dû gewallehewr, pirsyar û wellameke leyekyanda û hewretrîşqeasa, wellamekey legwêçkemda dengîdayewe :

- çon betenya, meger nazanî ewane jin û Mnallmin ?

Becorê perdey gwêm lerîyewe û kipbû, ke destbecê nemtwanî wellamî bdemewe. Paş kemêk hepesan gutim :

+ nexêr kake, le kwê bzanim ?

Wek glorbûnewey bermîle newtêk, xellbe xellbêkî kirdû û gutî :

- kakî bra, emin le xêzanêkî xanedanîme û şkur musullmanîşm, edî ku, xo eme wekî

ew gawrane bêesll û fesll nîn !

Ta ew sate hênde şêwabûm, agam le Hawelle ellmanîyekem nemabû û befermayiştî bray musullmanda zanîm, ke Hawellekem lem keynubeyne waqîwirrmawe. Tris û qîn serdillyangirtbûm, naçarîş debû wellambdemewe, egîna şeqimdebrid. Boye pêmgut :

+ dyare, kake bexoy dyare, pêwîst be gutin nakat, Xellkî xanedan le dûrrra hawardekat. Ey lo le seretawe netgut, xo Gyan geyişte kunekepûm, wamzanî behelle Mallî Kesêkî dîkem dagirtuwe .

Nazam çon bû, jin û kîjekey berew ême hatin; bo pirsyar yan hezyan le gwêrrayêllan le şanazîyekanî kakim bû! Bellam kakî Hawsêman çend car him. Him, detgut matore û gazî dedenê, be zmanî xanedanan hewllîda byangêrrête dwawe, ke zanî bêsûde naçar têyquçand. Le demî Dergekeda bellay rastda awrrî dawe û gutî :

- emeş xanûy êmeye, supas lo xuday, ke ew gawrane drawesêman nebûn!

Bexêrayî derkegem bedwayda daxsit û oxeyekim kird. Hawelle ellmanîyekem ke ta ewkat demî bûbuwe telley teqîw, bzeyekî hatê û gutî :

- ewe çyandewîst, kêbûn ?

Dyarbû le sereleqê û destirrakêşanekanî kabray xanedan têgeyistbû. Her çon bû, be çwar wşe ellmanîyeke bêserunerkey xom têmgeyand, ke kên û bo hatbûn. Hawellekem kemê ramaw gutî:

- demêke deyannasî ?

Mnîş bekemê şermewe gutim:

+ nexêr .

Pallî be Pencerekewe da û mjêkî le sîgare destipêçkekey da û gutî:

- ey çon awa bebê qse û bêmollet xoyan trincande jûrewe, lay êwe Xellkî awehan ?

Hêndey dîke areqe benêwçawanmewe wişkbuwewe, herçon bû gutim:

+ na, nexêr..

Naçar basekem badayewe ser Peywendî gallkêşan be bêkarîyewe. Dillxoşîm be xanuwe nwêyekeman wek kurte xewnêk le naxma Şwênî bexonegrit û serî xoy

hellgirt. Peşîmanî buwe mîwan û Xemîş lebanî. Axir çon detwanî çend Sall letek Hawsêyekî awhada bjît û hest beasûdeyî bkeyt ? Wellamî em pirsyarem bo nedozrayewe. Hawserekem gutî: dey dey toş hênde şit be qurs wermegre, têkellawîyan nakeyn û brrawe. Mnîş gutim awa boman bilwêt, xrapnîye.

Roj hatû Roj çû, wek hemû Rojanî heynî, paş tewawbûnî kar, bepele xom geyandewe Mall, taweku Nanê bxoyn û bçîne gerranê. Bellam ke hatmewe dîtim, hawserekem werrs dyare. Kirdme şoxî û gutim :

- çîye xanmekem, çî rûydage, xo genmekeman afat lêynedage ?

+Nexêr, erê to çont zanî, kabray Hawsêman gelek le nehzey

îsllamî xraptre ?

- Kçê hey xane xraw, ewane her hatne cwaw, kelle şekrê deken tewaw, yan yeksere Mrov deken raw.

+ erê xoyetî berrasî, wek kerekey xoman, xasî denasî .

Ke dîm şteke berrasîye, destbecê pirsîm :

+ bo çî buwe, çi rûydawe ?

- Çiştekî wanîye, emrro çûm postekeman bkemewe, lutim belutîyewe teqî û gutî " erê xuşkê, 'eyb nebê ku serpoşî beserda nadey, meger engo musullman nîn, ey nazanin remezane " ?

Mnîş gutim : ba, bellam ême Rojî nagrîn.

Lekatî qse gêrranewekeda hênde pelem bû bzanim çî û çî gutuwe, wext bû şeqberm. Gutim :

- ey nettwanî pêybllêy kake beto çî, meger min bejnekey to dellêm bo wek yapraxî gellamêw xoy pêçawetewe!

+ min becêmhêşt û zor leserî nerroyiştim .

Hêndey dîke dillxoşîm bexanuwe tazeke, bû be billqî seraw, detgut kabra Şew û Roj swarî serm buwe, hênde lêy pestibûm. Her meprisn. Roj hat û Roj têperrî, em

careyan bextijmêrekey ew xrap sûra û bextijmêrî min leser helî zêrrîn westa. Rojêk nexoşbûm û nemtwanî bçim bo ser kar, diktor molletî nexoşî bo nûsîm û larelar gerramewe Mall. Leberderkey Mall bedem bnêştcuynewe, beyanî başm le Hawsêyekî rusman kird, ewîş bedem pêkenînewe gutî:

- fllaneKes dellêy to berRojî nît ?

Pirsyarekey lelam fre seyirnebû, çunke ew Rojane ew pirsyaranem fre lêdekran, ke lekarge deyanbînî wek ewan hemû ştekan dexom û le SallrRojî le Daykbûnekanyanda şerab dexomewe, em pirsyare wersîkirdbûm. Bellam beserxom nehêna, dyarbû be herawhuryay Malle xanzadanda zanîbûy ke remezane, lewe deçû, çûbne seryan û pêyangutbin: " em bang û sellaye çîye, xo mizgeft nîye û kabray xanedanîş, kemêk mew'îzey lo kirdbin" boye bedem pêkenînewe wellamim dayewe:

+ nexêr, hêşta remezan negeyiştote Mallî ême.

- çon, tênagem, meger geyiştnî remezan, çone?

+ dezanim lelat seyre, dezanî çone?

- çone, bom baske?

+ leberewey Mallî Hawsêkeman xoyan watenî le 'îraqîş xanedan bûn, boye wa xêra remezan geyiştote layan, dyare befrroke loyan nardûn. Bellam ême lewêş hejar bûyn, boye be wiştir lomanî denêrn û dreng degate laman!

Kabra hênde pêkenînî, Xem û pejarey em Sallaney dwayî derdayewe, bedem qaqay pêkenînewe destî bo xanuwekey ewberyan rakêşa û gutî:

- Rojêk be minyan wit " ba bçîne kenîse şerabî pîroz bxoynewe". Mnîş gutim: kure babe bo hênde kîlometir debrî lo kewçke şerabê, were kin min, ba butllêk şerabî kont bdemê, hemûy boxot .

Bedem qaqay pêkenînewe, bepêplîkanekanda serdekewtim, yekrrast kabray Hawsêman bekomellê rîşî bêsmêllewe wek cindokey leberdemim qut buyewe, rastîyekey daçillkam. Axir hêşta tirsî dêw û drincî Çîrokekanî nenkim le naxmana derneçuwe. Rengî zerd û rdênêkî çillkin û qangidrawî sîgar, nawçewanî grij û tund

wek eşkencederekanî be'si trisnak bû. Dyar bû gwêy legallte û gepîême bûbû û kurre mêrd Mnallekey boy kirdbuwe kurdî, rkukîney kefî deçrand:

- erê kake to 'eyb nakeyt, ke bexot Rojî nabî, lo letek gawran galtey beîsllamî dekey?

+ bo fllanekes, çi buwe, xo basm bexrape nekridûy?

- ey ewe çîye, ew hemû gûxwardnet?

Be henase birkêwe gutim: bbûre ke min natwanim, Gullawî wa ledem

Derkem, bellam dekrê pêmbllêyt, ey to kê bekrêy girtûy rê le hawserekem bigrît û wek polîs bîdeyte ber pirsyar, bo hîcab napoşn, bo Rojû nagrin, bo swarî payiskîl debin, bo letek gawran qsan deken, meger to çît?

- ey lo êwe lexotan gorîwe û dellên " ême xoman be musullman dananên?

Em car gutim: ca beto çî, dellêy biznî bem rîşetewe, hemû kurdtan leberçawî em Xellke kirduwe be Xellkî nyandertall .

Kabra ke zanî lêy prrim, wek mirdû demî daçeqand û çuwe Xwarê. Bellam qînim danedemirkayewe, ewendey firyakewtim û pêmgut: hênde musullmanî lo parey soşyal û karîtas werdegrî, xo le s'udîyewe nayêt, bac û xeracî leşifroşxane û meyxanekane, kakî musullmanî xanedan?! Wa dyare to Goşt naxoy, bellam Goştaw dexoy, ha !?

## بڕیاری ٥١ی پەنابەری

بەهەناسەبڕکێوە، لە فارگۆنی پلەدوودا خۆی گەیاندە جێیەکی خاڵی و لە پیرەژنێکی پرسی:
- ڕۆژ باش، ئەم شوێنی هی کەسێکە؟
پیرەژنەکە بەلالوتەوە : نەخێر.
لاوەکە : زۆر سوپاس.

دانیشت، بەڵام هێشتا هەناسەبڕکێ پەرێشانیکردبوو، سەروملی ئارەقاوی، دەستی بە گیرفانەکەیدا کرد و دەسڕی لەبیرچووبوو، لە کۆڵەپشتەکەیدا خاولییەکی ڕەنگاوڕەنگی دەرهێنا، بەردەوام ئارەقەی سەروگەردنی دەسڕییەوە. سەری هەڵبڕی، کوڕ و کچێك لەبەرامبەریدا دانیشتبوون و سەرنجی ئەویان دەدا، لە تەنیشتیشی پیرەژنێك دانیشتبوو، سەیری ئەمی دەکرد و دەمی داچەقاندبوو. لاوەکە لەدڵی خۆیدا، ڕوو لە پیرەژنەکە "قسە بکە، دەزانم پرسیارێکت هەیە، لەوانەیە گومانم لێبکەی، بۆیە توند باوەشت بە جانتاکەی شانتدا کردووە. ئای ئێستا تێگەیشتم، سەرم پاك تاشراوە و مووڕەشیشم، بۆیە دەترسی، ها؟ لەوانەیە وابزانی لەدەستی پۆلیس هەڵهاتووم، ئاوا هەناسەبڕکێ گرتوومی".

سەریداخستەوە، پاش کەمێك دیسانەوە دەستی بەسڕینەوەی ئارەقەی پشتملی کردەوە، لەناکاو دەنگی پیرەژنەکە دایچڵەکاند ...
پیرەژنەکە: تۆ تورکیت؟
لاوەکە: نەخێر، لە عیراقەوە هاتووم.

پیرەژنەکە بەدەنگێکی بەرز، پێیوابوو، کە لاوەکە تێنەگەیشتووە، لەوە دەچوو، کە بەخۆی گوێی سەنگین بێت : ئێرانیت؟
لاوەکە لەدڵی خۆیدا، دەترسم وا بزانێت کە حزبوڵلاییم، ئەگینا دەموت بەڵێ : ببوورە وتم عیراقی !
پیرەژنەکە: ئا عیراقی، عەرەب یا کورد؟

لاوەکە دووبارە لە دڵی خۆیدا " ئەی بەدبەختی، وابزانم زۆری بەدەستەوەیە، ئەم هەموو زانیارییەی لەکوێ هێنا، دەڵێی ڕۆژنامەگەرە. ئەگەر بڵێم کورد، خێرا پرسیاری (پەکەکە)م لێدەکات، ئەگەر بڵێم عەرەبم، حەماسی بیردەکەوێتەوە و یەك لەیەك خراپتر، وەك داچڵەکانێ ...

- عیراقیم و بەس، بەپێی بڕیاری (٥١) پەنابەرم.

کوڕ و کچە لاوەکەی بەرامبەری کە تا ئەو کات، بێدەنگ گوێیانڕاگرتبوو، دایانە قاقای پێکەنین، پیرژنەکە خۆی کێشایە دواوە و خۆی خزاندە گۆشەی کورسییەکەوە. لاوەکە زۆر پەشۆکا و پەرێشانبوو، لەدڵی خۆیدا "تۆ بڵێی بەهەڵە مەبەستەکەمم دەربڕیبێت، مەگەر وانالێن پەنابەری مرۆیی، بەپێی بڕیاری (٥١)؟". لەم کاتەدا شەمەندەفەرەکە لە وێستگەیەکدا وەستا و دوو لاوەکەی بەرامبەری هەستانەوە و بەدەم قاقای پێکەنینەوە دابەزین ....

لاوەکە زۆر شڵەژا و ناچار لە دابەزیندا خۆی دواخست، لە کاتی دابەزیندا ئاوڕێکی دایەوە و بە پیرەژنەکەی وت "من پەنابەریم بەپێی بڕیاری (١٦)، پەنابەری ڕامیارییم وەرگرتبوو، بەڵام لێیانسەندمەوە !

قسەکەی بۆ پیرەژنەکە سەرنجراکێش نەبوو، لەوە دەچوو شارەزایی وای لە بەندەکانی پەنابەری نەبێت. لاوەکە بەردەوام لە خەیاڵیدا ئەو قسەوباسانەی لێدەدایەوە و زیاتر دەشڵەژا. بە پەلە بەقادرمەکاندا چووەخوارەوە، جوڵانەوەکانی بەجۆرێك باری دەروونیان نیشاندەدا .. لەناکاو شانی بەر ڕێبوارێك کەوت. ئاوڕیدایەوە تا داوایلێبوردن بکات، یەکسەرە بە حەپەساوییەوە وتی:

- ئاسۆ، ئەوە تۆی، لە کوێ بووی؟

ئاسۆ: چۆنی کاك ئامانج، ئەوە خەوە یا ڕاستی؟ پاش چەند ساڵ لەیەك دابڕان، لە کوێ، لە هانۆڤەر؟

توند یەکدییان لەئامێزگرت و لە خۆشیاندا دایانە قاقای پێکەنین ... .

ئامانج بەشڵەژاوییەوە : ئەوە لە کوێی، من لە بن زەوی بۆت دەگەڕێم، بەڕاستی ڕێکەوتێکی خۆشە، بەپێی خۆت هاتیتە سەرررێم.

ئاسۆ : ئەی من بۆ ناڵێی، زۆر لە دووتگەڕاوم و زۆر پرسیارم کردووی. ئێستا لە کوێی و خەریکی چیت، بۆ وا لاوازی و وا شڵەژاوی؟

ئامانج : هەر مەپرسە، لەوەتەی هاتووم، بووم بە دەردی خۆمەوە؛ ڕەتبوونەوە، بێکاری، سەختی زمان، ئێستاش ... (ئاهێکی هەڵکێشا)

ئاسۆ : بڵێ، ئێستا چی؟

ئامانج : لە وەڵامی پرسیاری پیرەژنێکدا وتم، عیراقیم و بەپێی بڕیاری (٥١)، پەنابەری مرۆییم هەیە.

لەم کاتەدا (ئاسۆ)ش، دایە قاقای پێکەنین ...

ئامانج ڕەنگی سوور هەڵگەڕا : بۆ هەڵەم وتووە؟ بڵێ !

ئاسۆ : نا هەڵەت نەوتووە، وا دیارە بە هەڵە لە تۆ تێگەیشتوون.

ئامانج : چۆن، مەگەر وا ناڵێن؟

ئاسۆ: ئاخر لێرە کەسێك تەواونەبێت، خۆیان پێیدەڵێن پەنجاویەکی.

ئامانج بزەیەك کەوتە سەرلێوی : ئەی بەدبەختی لە هاووڵاتییەکی زمانبەستراوەوە، کراین بە پەنابەری شێت و وێت !

ئاسۆ : نا، وا نییە. پەنابەری بەپێی بڕیاری (٥١) لەتەك پەرەگرافی ٥١ § جیاوازن.

ئامانج : بەدبەختییە، بۆ هەردووکیان هەر (٥١)ن، بۆ ژمارەبڕان بوو، نەدەکرا ژمارەیەکی دیکە بێت؟

ئاسۆ: لەوە دەچێت، بەندەکانی یاسا هێندە زۆربن، ژمارەی بەتاڵ نەمابێت !

**دێسەمبەری ١٩٩٧**

## Birryarî 51î Penaberî

Behenasebrrikêwe, le fargonî pledûda xoy geyande cêyekî xallî û le pîrejnêkî pirsî:

- Roj baş, em Şwênî hî Kesêke?

Pîrejneke belalutewe : nexêr.

Laweke : zor supas.

Danîşt, bellam hêşta henasebrrikê perêşanîkirdbû, serumlî areqawî, destî be Gîrfanekeyda kird û desrrî lebîrçûbû, le kollepiştekeyda xawlîyekî rengawrrengî derhêna, berdewam areqey serugerdinî desrrîyewe. Serî hellbrrî, kurr û Kçêk leberamberîda danîştibûn û sernicî ewyan deda, le tenîştîşî pîrejnêk danîştibû, seyrî emî dekrid û demî daçeqandibû. Laweke ledllî xoêda, rû le pîrejneke "qse bke, dezanim pirsyarêkt heye, lewaneye gumanim lêbkey, boye tund Baweşt be cantakey şantda kirduwe. Ay êsta têgeyiştim, serm pak taşrawe û mûrreşîşm, boye detrisî, ha? Lewaneye wabzanî ledestî polîs hellhatûm, awa henasebrrikê girtûmî".

Serîdaxistewe, paş kemêk dîsanewe destî besrrînewey

Areqey piştimlî kirdewe, lepirr dengî pîrejneke dayçllekand ...

Pîrejneke: to turkît?

Laweke: nexêr, le 'îraqewe hatûm.

Pîrejneke bedengêkî berz, pêywabû, ke laweke tênegeyiştuwe, lewe deçû, ke bexoy gwêy sengîn bêt : Êranît?

Laweke ledllî xoyda, detrism wa bzanêt ke hizbullllayîm, egîna demut bellê : bbûre wtim 'îraqî !

Pîrejneke: a 'îraqî, 'ereb ya kurd?

Laweke dûbare le dllî xoyda " ey bedbextî, wabzanim zorî bedesteweye, em hemû zanyarîyey lekwê hêna, dellêy Rojnamegere. Eger bllêm kurd, xêra pirsyarî

(pekeke)mi lêdekat, eger bllêm 'erebim, hemasî bîrdekewêtewe û yek leyek xraptir, wek daçllekanê ...
- 'îraqîm û bes, bepêy birryarî (51) penaberm.

Kurr û Kçe lawekey beramberî ke ta ew kat, bêdeng gwêyanrragirtbû, dayane qaqay pêkenîn, pîrijneke xoy kêşaye dwawe û xoy xzande goşey kursîyekewe. Laweke zor peşoka û perêşanbû, ledllî xoyda "to bllêy behelle mebestekemim derbrrîbêt, meger wanallên penaberî mroyî, bepêy birryarî (51)? ". Lem kateda şemendefereke le wêstgeyekda westa û dû lawekey beramberî hestanewe û bedem qaqay pêkenînewe dabezîn ....

Laweke zor şlleja û naçar le dabezînda xoy dwaxsit, le katî dabezînda awrrêkî dayewe û be pîrejnekey wit "min penaberîm bepêy birryarî (16), penaberî Ramyarîym wergirtbû, bellam lêyansendmewe !

Qsekey bo pîrejneke sernicrrakêş nebû, lewe deçû şarezayî way le bendekanî penaberî nebêt. Laweke berdewam le Xeyallîda ew qsewbasaney lêdedayewe û zyatir deşlleja. Be pele beqadirmekanda çuweXwarewe, cullanewekanî becorêk barî derûnyan nîşandeda .. Lepirr şanî ber rêbwarêk kewt. Awrrîdayewe ta dawaylîburdin bkat, yeksere be hepesawîyewe wtî:
- aso, ewe toy, le kwê bûy?
Aso: çonî kak amanc, ewe xewe ya rastî? Paş çend Sall leyek dabrran, le kwê, le hanover?

Tund yekdîyan leamêzgirt û le xoşyanda dayane qaqay pêkenîn Amanc beşllejawîyewe : ewe le kwêy, min le bin zewî bot degerrêm, berrastî rêkewtêkî xoşe, bepêy xot hatîte serrrrêm.

Aso : ey min bo nallêy, zor le dûtgerrawm û zor pirsyarm kirdûy. Êsta le kwêy û xerîkî çît, bo wa lawazî û wa şllejawî?

Amanc : her mepirse, lewetey hatûm, bûm be derdî xomewe; retbûnewe, bêkarî, sextî zman, êstaş ... (Ahêkî hellkêşa)

Aso : bllê, êsta çî?

Amanc : le wellamî pirsyarî pîrejnêkda wtim, 'îraqîm û bepêy birryarî (51), penaberî mroyîm heye.

Lem kateda (aso)ş, daye qaqay pêkenîn ...

Amanc rengî sûr hellgerra : bo hellem wtuwe? Bllê !

Aso : na hellet newtuwe, wa dyare be helle leto têgeyiştûn.

Amanc : çon, meger wa nallên?

Aso: axir lêre Kesêk tewawnebêt, xoyan pêydellên pencawyekî.

Amanc bzeyek kewte serlêwî : ey bedbextî le hawullatîyekî

Zmanbestrawewe, krayn be penaberî şêt û wêt !

Aso : na, wa nîye. Penaberî bepêy birryarî (51) letek peregrafî 51 § cyawazn.

Amanc : bedbextîye, bo herdûkyan her (51)n, bo jmarebrran bû, nedekra jmareyekî dîke bêt?

Aso: lewe deçêt, bendekanî Yasa hênde zorbin, jmarey betall nemabêt !

Dêsemberî 1997

# بەرماڵە جادوویەکەی داپیرە

پاش چوار ساڵ ئابڵۆقەی ئابووری، ناو ماڵەکەم دەتگوت بنەوبارگەی دەوارنشینەکانە، ڕاخەرێك و سێ کوتە لێفە و دوو لباد و شەش سەر خێزان. لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا ئەوەی هەمبوو، فرۆشتم. پاش ئەوە کەوتمە کۆکردنەوەی دانەوێڵەی بەجێماوی دوای دەڕاسە و کۆڵکێشی سەر سنوورەکان. شارمان لێبووبووە وێرانە و لە هەموو شت بێبەشبووین، مناڵەکان لەبەرنەبوونی پۆشاك و پێداویستی خوێندن و کرێی هاتوچۆ، وازیان لە خوێندن هێنا. ناچار لە بەهار و هاویندا گیاوگۆڵیان بۆ خواردن کۆدەکردەوە و پاییز و زستانیش عەلاگەیان دەفرۆشت، خۆشم هەر ڕۆژەی لە شوێنێك، بەدوای ناندا ڕاکەڕاکەم بوو، باشبوو زوو بەئاگا هاتم و نەمهێشت، چیدی مناڵەکان دەستفرۆشی بکەن.

زستان وەك هەمیشە بێبەرەکەت، لە دەرگەی داین و ئەوەی مابوو فرۆشتمان. کچە چکۆلەکەم (خوناو) ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لاوازدەبوو، هەر کەس دەیدیت، دیوت ئەوە چییەتی، دەڵێی نان نییە بیخوات، وەك ئەوەی لە ماڵماندا نان هێندە زۆربێ، کەڕوو لێیبدات ! لەتاو ئەو قسانە، خەریکبوو، شاخدەرکەم، هەزار و ئەوەندە جنێوم لە یەك جێدا دەدا. ئاخر سەگبابینە، مەگەر لە بێنانی و برسییەتی زیاتر، کیژۆڵەکەم چییەتی؟ مەگەر چ هەژارێك هەیە نانی هەبێت و نەیخوات، ها؟

وەك هەموو ڕۆژێك چووم بە دوای بارهەڵگریدا، بەڵام وەك دوێنێ و پێرێ، دیسانەوە بەدەستی خاڵی گەڕامەوە ماڵ. مناڵەکان لێم خڕبوونەوە، بەو چاوەڕوانییەوە کە بەڵکو ئەورۆ، چەرخی ڕۆژگار پێچەوانە گەرابێ و چەند بیسکویت و چوکلێتێك لە گیرفانەکانمدا پەیدابکەن. بەڵام لە چاتروکانێکدا ئەو هیوایەیان وەك هەوری بەهاران ڕەوییەوە.

جاران ماچ و یەك لە ئامێزگرتن، ماندوویی و دووری چەند ساتێکی لەبیر دەبردینەوە، بەڵام ئێستا ئیدی بۆنی ئارەقە و کۆنەپۆشاکی ناو لەنگەفرۆشان، ئەو ئارەزووەمەندییەشی نەهێشتووین و لە ماچ و ئامێزی یەکدی بێزاری کردووین.
خوناو، خۆی هاویشتە باوەشم و توند توند دەستە بچکۆلەکانی ئاڵاندە ملم، دەستبەجێ هەستمکرد، کە قسەیەکی پێیە، بە ئارامی وتی: بابە لێم تووڕە نابی؟

منیش بە سەرسوڕمانەوە پرسیم، بۆ کچم .. چی بووە ؟

خوناو : بڵێ، تووڕە نابم!

منیش بە پەشۆکاوییەوە وتم، ئەگەر ئازاری کەسێکت نەدابێت، تووڕە نابم.

خوناو : نا بابە گیان، کەسم ئازارنەداوە ....

کەمێك وەستا و دووبارە

- دەڵێم بابە، ئەوە تۆش وەکو من حەز لە بیسکویت دەکەی؟

توند بە دەستە بچکۆلە لاوازەکانی، دموچاوی خۆی شاردەوە، ئاوا شەرم دایگرتبوو، دەتوت تاوانێکی زۆر گەورەی کردووە. گریان گەرووی گرتم، هەرچۆن بوو، وەڵاممدایەوە، گوڵی بابە، منیش وەك تۆ حەزم لێیەتی، بەڵام ...

خوناو : بەڵام چی، بابە؟ تو سەری دایە پێم بڵێ، بەڵام چی؟

دەستێکم بە پرچە ئاڵۆزکاوەکەیدا هێنا و ناچاربووم پێیبڵێم، بەڵام لە کڕین نایێت، ئازیزەکەی بابە!

پاش کەمێك دامان و ڕامان، وتی

- : گەر لە کڕین نایێت، بۆچ لە دوکانان دایدەنێن؟

بە دەنگێکی گریاناوییەوە، وتم ڕۆڵە گیان، ئێمەومانان ناتوانین بیکڕین، ئەگینا بە کڕیارانی پارەدار دەیفرۆشن.

پرسیارەکانی خوناو، وەك خەنجەر دەچەقینە جەرگمەوە، هەرچەندە نەمدەویست هەر لە ئێستاوە، خەم و پەژارە لە گەشەی بخات، بەڵام نەشمدەتوانی پرسیارەکانی بەهەند وەرنەگرم.

(بەهار)ی هاوسەرم، لەولاوە هەڵیدایێ و وتی

- : پیاوەکە، دەڵێیت هێلکەوڕۆنت خواردووە، ئەوەندە مێشکت

پڕە و ئاوا خۆش خۆش وەڵامدەدەیتەوە؟

وەڵامەکان یەك لە یەك زمان سووتێنەرتر: ئاخر بەهار گیان، گەر نەتوانم وەڵام بە برسیەتی زکیان بدەمەوە، خۆ دەتوانم وەڵام بە پرسیارەکانیان بدەمەوە.

بەهار: تێدەگەم گیانەکەم، بەڵام گەر ئەو شتانە بزانن، فرەتر هەست بە برسییەتی دەکەن، ئەوسا قوڕی کوێ بەسەرماندا بکەین؟

هێمن، کە تا ئەوکات لە گۆشەیەکدا گوێی لە ئێمە گرتبوو و خۆی کڕکردبوو، وتی:

- دایە، ئەوە باسی هێلکەوڕۆنت کرد، ئای کە حەزم لێیەتی، بەڕاست کەی بۆمان دروستدەکەی؟

بەهار: لە چی بۆتان دروستبکەم، گیانی دایە؟ مەگەر نانمان هەیە، تا شتی دیکەتان بۆ دروستبکەم؟

ئیدی لەمە زیاتر خۆمم پێڕانەگیرا و وەك شێت کەوتمە پشکنینی نێوماڵەکە. ئاخر دوو ڕۆژ بوو، بێجگە لە ئاو و هەویر، هیچی دیکە لە ماڵماندا نەخورابوو و نەخورابووەوە، تەنیا ئاوی نێو بیری حەوشەکە و شلکێنەی کەپەکمان شکدەبرد. هەرچەندە گەڕام بێجگە لە پۆشاکە شڕووڕەکەی تەنم، هیچم بەرچاونەکەوت، تاوەکو بیبەم بۆ مەزاتخانەکە .. لە بەهارم پرسی :
کچی خوا، هیچ
شك نابەی بیبەم بیفرۆشم؟
بەهار: بێجگە لەیەك شت، هیچی دیکە لەم ماڵەدا نەماوە !
بە پەلە وتم، ئادەی چییە، بۆ من نازانم؟
بەهار: بەرماڵەکەی داپیرە، کە نۆماڵ بووین، پێیداین و وتی ”هیوادارم نەوەیەکی موسوڵمان بخەنەوە، ئەوە بەرماڵی باپیرەتانە، کاتی خۆی لە ماڵی شێخ هێناویەتی”.
بێ سێ و دوو، هەستامە سەرپێ و وتم، ئادەی خێراکە، لەوە زیاتر چاوەڕێی چی دەکەی؟ خێراکە، بەڵکو ژەمی ئەم ئێوارەیەی پێبەڕێبکەین.

بەهار هەناوی ئەو سێ سەرینە شڕەی، کە هێشتاکە لە ماڵەکەدا مابوون، هەڵدڕی و پاش گەڕانێکی کەم بەرماڵەکەی دۆزییەوە و کە دایەدەستم، لەبەرخۆمەوە وتم، ئای داپیرەی ڕەحمەتی، ئاواتەکەت نەهاتەدی و کەس لەسەر بەرماڵەکە نوێژینەکرد، بەڵام وا خەریکە ئەڕۆ بەکەڵکمان دێت.

هەرچۆن بوو، خۆم گەیاندە مەزاتخانەکە و هەر لە دوورەوە بەرماڵەکەی داپیرەم بەشانمدا دا. گەر ڕێکەوتایە، هاوەڵەکانم چاویان بەو دیمەنە بکەوتایە، ئەوا نەیاندەناسیمەوە و وایاندەزانی یەکێکم لە چواریارانی نێو ئەشکەوتی حەرا. بە بەرماڵەکەوە خۆم بە چەند دوکانێکدا کرد و کەس نەبوو لێمبکڕێت، هەر کەسەو بەجۆرێك وەڵامی دەدامەوە : یەکێك وتی ” ئەنتیکەی هێناوەتە بازارەوە" کەسێکی دیکە ”کێ دەڵێت، نەتدزیوە”،...” برۆ بابە برۆ، ئەمەش جۆرێکی تازەیە لە سواڵکردن، بۆ ناڵێیت، پارەمان بدەرێ و بڕایەوە”... پڕ بە دڵ حەزمدەکرد، قوڕگیان بگرم و بیانتاسێنم، بەڵام لە سەرەنجامەکەی دەترسام، کە زیندانیکردنی خۆم و

دەستپانکردنەوەی مناڵەکانم بوو، لە کەسانی وا نامرۆڤ، هەر چۆن بوو، دانمبەخۆداگرت. لە دڵی خۆمدا وتم، ئاخر سەگبابینە، نازانن کاتی خۆی داپیرە، چەندی بەباڵادا دەوت، خۆ گەر بەدەستی من بووایە سەرینەکەشم فڕیدەدا و دەمخستە گۆڕی بابی ئەنگۆ و جەنابی (شێخ)ەوە، بۆ خۆی و بەرماڵی. بەڵام چی بکەم ڕۆژگار بازاری گەرمکردەوە.

لەم پوتوبۆڵەیەدا بووم، حاجییەکی ڕیشدرێژی، چاو بەقوڵاچوو، بەرماڵەکەی بە شانمەوە ڕاکێشا، خەریکبوو، بەسەر پێڵاوەکانیدا بەربیمەوە. هەر چۆن بوو، خۆمگرتەوە، کە سەیری قیافەیم کرد، بەخاتری فرۆشتنی بەرماڵەکە هیچ قسەمنەکرد. حاجی هەر خەریکی ئەم دیو و ئەو دیوکردنی بەرماڵەکە بوو، لە دڵی خۆمدا وتم : بە سەروگوێلاکیدا دیارە، کە بەقەد بەرماڵەکەی داپیرە، بیری کۆنە، باشتروایە ئەم جارە وەك کەسێکی بازاری ڕەفتار بکەم و کەمێك زیاد بە باڵای بەرماڵەکەدا هەڵدەم. وتم، خاڵۆ حاجی، ئەم بەرماڵە داستانێکە بۆ خۆی. من لە داپیرە گەورەمەوە بۆم بەجێماوە، باپیرەم لە شێخی شێخان وەك پاداشت وەریگرتووە و چەندین شەوی ڕەمەزان تا بەیانی، خوداپەرستی لەسەر کراوە، چەندین جار زیکر و تەلیلە و تۆبەی لەسەر دەستی شێخ و خودی شێخ، بەخۆی بەرنوێژی لەسەر کردووە...

حاجی: بەڵێ، بەڵێ دیارە، نووری لێدەبارێت. نایاب دیارە..

منیش وتم، بڕوابکە، مام حاجی، لەبەرنەبوونی دەیفرۆشم، چونکە مناڵەکانم هیچ نییە بیخۆن، ئەگینا ...

حاجی، پێیوابوو، ئەوەندە نوێژکەرم، ئەگینا نەمدەفرۆشت، بۆیە خێرا قسەکەی پێبڕیم و وتی:

- کوڕم، مادام هێندە ڕوو لە خوای و ئاوا ناچاری، ئەوا لێتدەکڕم..

توند دەستی بە گیرفانی ژێر پشتێنەکەیدا کرد و دوو دینار و دووسەد و پەنجا فلسی نایە نێودەستم و وتی:

- بگرە کوڕم، لەوە زیاتر ناهێنێ.

وتم : ئاخر حاجی، ئەوە کەمە، بەڵکو شتێکی دیکەی بخەیتەسەر، تا کیلۆیەك پەتاتەی پێبکڕم.

حاجی: بەخوا کوڕم، هەر ئەوەندە دێنێ، باقییەکەی خوا بیخاتە سەر بەشەکەی ئەو دونیات.

چارم نەبوو و هەرچۆن بوو، لێموەرگرت و بەخێرایی خۆم ونکرد،

نەکا لە بەشەکەی ئەم دونیمان پەشیمانبێتەوە.

ئای لە مرۆڤ، چەندە دووڕووە، خولەکێك لەمەوبەر دەیوت ” نایابە و دەبێت بیپارێزرێت، بەڵام هەرکە داوای پارەی زیاترم کرد، بوو بە پەڕجۆخوان و بەو دونیای سپاردم. وەك بڵێی لەم دونیایەیان خۆشی زۆرم دیبێت، تا لەو دونیاکەی ئەودا پاداشت وەرگرم. ئەگەر بەدەستی من بێ، لەم دونیایە ژیانێکی خۆش دەکەم و بەشەکە خەیاڵییەکەی ئەو دونیاشم بە حاجی و شێخان دەبەخشم.

بەدەم ئەم خەیاڵ و بۆڵەبۆڵەوە، زۆر گەڕام، بەڵام نەمدەزانی چی پێبکڕم، بیسکویت، دوو دانەی دەکرد، هێلکە، دوو دانەی دەکرد. زۆر گەڕام و«شێخەڵا»م تەیکرد، تا دواجار خورمایەکی کۆن و هەرزانم دۆزییەوە، کیلۆی بە چوار دینار و نیو، ماڵی عەرەبانەگێڕ ئاوا بێت، پارەی عەلاگەکەی لێنەسەندم. هەرچۆن بوو نیوکیلۆ خورمای گەنیوم کڕی و بەرەو ماڵ ملی ڕێگەم گرتەبەر، هەروەك ڕاوچی، چۆن نێچیرێکی بەشاندادابێت، ئاوا خورماکەم بەدەستەوە گرتبوو. هەر کە کەوتمە ئەودیو دەرگە، مناڵەکان لێم ئالان و دەستیانکرد بە ”دایە گیان خورما، بابە خورمای هێناوە”. دەتوت گەورەترین ئارەزوویان هاتۆتە دی !
بەهار: پیاوەکە چییە ، خورمای چی؟
منیش بە لەخۆباییبوونێکەوە : ژنەکە، بەرماڵە شڕەکەی داپیرەم دا بە نیوکیلۆ خورما، بەڵکو ئەم ئێوارە بە زکێکی تێر خورماڕۆنەوە مناڵەکان خەویان لێبکەوێت.
بەهار: ئاخر خورما بەبێ ڕۆن چی لێبکەم؟

هەرچەندم کرد، وەڵامەکەی لە قوڕگما گیربوو و بۆم نەهاتەدەر. بەوپەڕی توانامەوە مێشکی خۆمم خستەگەر و گەڕام بە دوای چارەیەکدا، بێجگە لە گەرمکردنی لەسەر زۆپاکە و شێلانی لە مەجەڵە بێنازە ڕەشهەڵگەڕاوەکەدا وەك هەویر، تاوەکو بۆ مندالەکان قوتبدرێت، ڕێگەیەکی دیکەم شکنەبرد. هەرچەندەم کرد و لێکمدایەوە، نیوکیلۆ خورما، تەنیا بەشی کچە بچکۆلەکەم (خوناو)ی نەدەکرد، کە دوو ڕۆژ بوو، تێر ژەمێ نانی نەخواردبوو. لەم بێنەوبەردەیەدا نوقمی دەریای خەیاڵ بووبووم و لێکمدەدایەوە، کە چۆن ئەو شەو مندالەکان تێربکەم .. بەدەنگی قاپەکەی دەستی بەهار بەئاگا هاتم ... پارچە نایلۆنیك لەبری خوان .. قاپێك خورما.. شەش مرۆڤ چاویان تێبڕیوە و هەر کەسە ئارەزووی ئەوە دەکات، کە بەتەنیا ئەوەندەی بەرکەوێت، بەڵام دەستی خەیاڵ کورتبوو و لە کەتوار گیرنەدەبوو، تا بیگۆڕێت.
ڕوو لە مندالەکان وتم : دەزانن، بۆ ئەوەی زکمان تێربکات، باشترە چۆن بیخۆن؟

بەهار : پیاوەکە، ئەو خورما گەنیوە چۆن خواردنی، بۆ چییە؟
هێرش: ئاخر بابە، چۆن بەبێ نان بیخۆین؟
شیلان : چۆن بابە، مەگەر وەك جاران نابێت نان و هێلکەی لەتەکدا بێت؟

خوناو، چاوێکی لە قاپە خورماکە و چاوێکی لە من بوو، لە وەڵامی ئەو هەمووە پرسیارەدا، بێجگە لە بێدەنگی هیچ وەڵامێکم بۆ پەیدا نەکرا ..
ناچار وتم : مەبەستم ئەوە بوو، کە چۆن بتوانین، پاش دوو ڕۆژ برسییەتی، شەش کەس بە نیوکیلۆ خورما تێر بخۆین؟ دوێنێ لە دوکانەکەی (ئەحمەد)ی هاوڕێم دانیشتبووین، یەکێك لە ڕادیۆکان وتی "دەزانن بۆچی (چاینی)یەکان کەم دەخۆن؟ لەبەرئەوەی کە بە دوو چوکڵە نانەخۆن و کەم کەم پاروو دەکەن و زۆرتر دستیان بۆ دەمیان دەبەن". وەرن با ئێمەش ئاوا بکەین و ئەزموونی بکەین، بزانین ئایا وایە؟

بەهار بەتەواوی سەرنجی لای باسەکە بوو، لەپر دایە قاقای پێکەنین و منیش زۆر بەسەرخۆمدا شکامەوە و لەخۆمم پرسی، تۆ بڵێی وا بزانێت، کە درۆ دەکەم؟ بۆیە بە پەشۆکاوییەوە پرسیم :بڕوام پێبکە، ئەوەی وتم ڕاستبوو، بەخۆم گوێم لێبوو.

بەهار دووبارە دایەوە قاقای پێکەنین و وتی
- پیاوەکە دەزانم، کە تۆ درۆناکەی، بەڵام ئایا تۆ بەو شێوەیە تێربوویت؟

کە سەیری سەر خوانەکەم کرد، ئەوسا تێگەیشتم، کە بەچی پێدەکەنێت، قاپی خورماکە پێویستی بە خاوێنکردنەوە نەبوو. منیش بەدەم قوڕەی زکمەوە، دامە قاقای پێکەنین و وتم : ئای داپیرە، یادت بەخێر. نەك نەوەکانت موسوڵمان دەرنەچوون و خەونەکەت نەهاتەدی، تەنانەت بە پارەی بەرماڵەکەت، ژەمێکیش زکیان تێرنەبوو!

جونی ١٩٩٨

## Bermalle cadûyekey Dapîre

Paş çwar Sall ablloqey abûrî, naw Mallekem detgut bnewbargey dewarinşînekane, raxerrêk û sê kute lêfe û dû lbad û şeş ser xêzan. Le mawey ew çwar Salleda ewey hembû, froştim. Paş ewe kewtme kokirdnewey danewêlley becêmawî dway derrase û kollkêşî ser snûrekan. Şarman lêbûbuwe wÊrane û le hemû şit bêbeşbûyn, Mnallekan lebernebûnî poşak û pêdawîstî xwêndin û krêy hatuço, wazyan le xwêndin hêna. Naçar le Behar û hawînda gyawgollyan bo Xwardin kodekirdewe û payîz û zistanîş 'elageyan defroşt, xoşm her Rojey le Şwênêk, bedway nanda rakerrakem bû, başbû zû beaga hatim û nemhêşt, çîdî Mnallekan destifroşî bken.
Zistan wek hemîşe bêbereket, le Dergey dayn û ewey mabû froştman. Kçe çkolekem (xunaw) Roj le dway Roj lawazdebû, her Kes deydît, dîwt ewe çîyetî, dellêy Nan nîye bîxwat, wek ewey le Mallmanda Nan hênde zorbê, kerrû lêybdat ! Letaw ew qsane, xerîkbû, şaxderkem, hezar û ewende cnêwm le yek cêda deda. Axir segbabîne, meger le bênanî û birsîyetî zyatir, kîjollekem çîyetî? Meger çi hejarêk heye Nanî hebêt û neyixwat, ha?

Wek hemû Rojêk çûm be dway barhellgirîda, bellam wek dwênê û pêrê, dîsanewe bedestî xallî gerramewe Mall. Mnallekan lêm xirrbûnewe, bew çawerrwanîyewe ke bellku ewrro, çerxî Rojgar pêçewane gerabê û çend bîskuyt û çuklêtêk le Gîrfanekanimda peydabken. Bellam le çatrukanêkda ew hîwayeyan wek hewrî Beharan rewîyewe.

Caran Maç û yek le amêzgirtin, mandûîy û dûrî çend satêkî lebîr debridînewe, bellam êsta îdî bonî areqe û konepoşakî naw lengefroşan, ew arezuwemendîyeşî nehêştûyn û le Maç û amêzî yekdî bêzarî kirdûyn.
Xunaw, xoy hawîşte Baweşm û tund tund deste biçkolekanî allande mlim, destbecê hestimkird, ke qseyekî pêye, be aramî wtî: babe lêm turre nabî?
Mnîş be sersurrmanewe pirsîm, bo Kçim .. Çî buwe ?

Xunaw : bllê, turre nabim!
Mnîş be peşokawîyewe wtim, eger azarî Kesêkt nedabêt, turre nabim.
Xunaw : na babe Gyan, Kesm azarnedawe ....
Kemêk westa û dûbare
- dellêm babe, ewe toş weku min hez le bîskuyt dekey?
Tund be deste biçkole lawazekanî, dmuçawî xoy şardewe, awa
şerm daygirtbû, detut tawanêkî zor gewrey kirduwe. Giryan gerûy girtim, herçon bû, wellamimdayewe, Gullî babe, mnîş wek to hezm lêyetî, bellam ...
Xunaw : bellam çî, babe? Tu serî daye pêm bllê, bellam çî?
Destêkim be pirçe allozkawekeyda hêna û naçarbûm pêybllêm, bellam le krrîn nayêt, Azîzekey babe!
Paş kemêk daman û raman,
Wtî : ger le krrîn nayêt, boç le dukanan daydenên?
Be dengêkî giryanawîyewe, wtim Rolle Gyan, êmewmanan natwanîn bîkrrîn, egîna be kirryaranî paredar deyifroşn.
Pirsyarekanî xunaw, wek xencer deçeqîne cergmewe, herçende nemdewîst her le êstawe, Xem û pejare le geşey bxat, bellam neşimdetwanî pirsyarekanî behend wernegrim. (Behar)î hawserm, lewlawe hellîdayê û wtî
- : pyaweke, dellêyt hêlkewrront Xwarduwe, ewende mêşkit
Prre û awa xoş xoş wellamdedeytewe?
Wellamekan yek le yek zman sûtênertir: axir Behar Gyan, ger netwanim wellam be birsyetî zikyan bdemewe, xo detwanim wellam be pirsyarekanyan bdemewe.
Behar: têdegem Gyanekem, bellam ger ew ştane bzanin, fretir hest be birsîyetî deken, ewsa qurrî kwê beSermanda bkeyn?
Hêmin, ke ta ewkat le goşeyekda gwêy le ême girtbû û xoy kirrkirdbû, wtî:
- daye, ewe basî hêlkewrront kird, ay ke hezm lêyetî, berrast key boman drustdekey?

Behar: le çî botan drustibkem, Gyanî daye? Meger nanman heye, ta ştî dîketan bo drustibkem?

Îdî leme zyatir xomim pêrranegîra û wek şêt kewtme pişknînî nêwmalleke. Axir dû Roj bû, bêcge le aw û hewîr, hîçî dîke le Mallmanda nexurabû û nexurabuwewe, tenya awî nêw bîrî hewşeke û şilkêney kepekman şikdebrid. Herçende gerram bêcge le poşake şrrûrrekey tenim, hîçim berçawnekewt, taweku bîbem bo mezatxaneke .. Le Beharm pirsî : Kçî Xwa, hîç
Şik nabey bîbem bîfroşm?
Behar: bêcge leyek şit, hîçî dîke lem Malleda nemawe !
Be pele wtim, adey çîye, bo min nazanim?
Behar: Bermallekey dapîre, ke nomall bûyn, pêydayn û wtî “hîwadarm neweyekî musullman bxenewe, ewe Bermallî bapîretane, katî xoy le Mallî şêx hênawyetî”.
Bê sê û dû, hestame serpê û wtim, adey xêrake, lewe zyatir çawerrêy çî dekey? Xêrake, bellku jemî em êwareyey pêberrêbkeyn.
Behar henawî ew sê serîne şrrey, ke hêştake le Mallekeda mabûn, helldrrî û paş gerranêkî kem Bermallekey dozîyewe û ke dayedestim, leberxomewe wtim, ay dapîrey rehmetî, awateket nehatedî û Kes leser Bermalleke nwêjînekrid, bellam wa xerîke erro bekellkman dêt.

Herçon bû, xom geyande mezatxaneke û her le dûrewe Bermallekey dapîrem beşanimda da. Ger rêkewtaye, Hawellekanim çawyan bew dîmene bkewtaye, ewa neyandenasîmewe û wayandezanî yekêkim le çwaryaranî nêw eşkewtî hera. Be Beramallekewe xom be çend dukanêkda kird û Kes nebû lêmbikrrêt, her Kesew becorêk wellamî dedamewe : yekêk wtî “ entîkey hênawete bazarewe" Kesêkî dîke “kê dellêt, netdizîwe”,...“ brro babe brro, emeş corêkî tazeye le swallkirdin, bo nallêyt, pareman bderê û brrayewe”... Pirr be dill hezimdekrid, qurrgyan bigrim û byantasênim, bellam le serencamekey detirsam, ke Zîndanîkirdnî xom û destpankirdnewey Mnallekanim bû, le Kesanî wa naMrov, her çon bû,

danimbexodagrit. Le dllî xomda wtim, axir segBabîne, nazanin katî xoy dapîre, çendî beballada dewt, xo ger bedestî min buwaye serînekeşm frrîdeda û demxiste gorrî Babî engo û cenabî ( şêx)ewe, bo xoy û Bermallî. Bellam çî bkem Rojgar bazarî gerimkirdewe.

Lem putubolleyeda bûm, hacîyekî rîşdirêjî, çaw bequllaçû, Bermallekey be şanmewe rakêşa, xerîkbû, beser pêllawekanîda berbibmewe. Her çon bû, xomgirtewe, ke seyrî qyafeym kird, bexatrî froştinî Bermalleke hîç qsemnekrid. Hacî her xerîkî em dîw û ew dîwkirdnî Bermalleke bû, le dllî xomda wtim : be serugwêlakîda dyare, ke beqed Bermallekey dapîre, bîrî kone, baştirwaye em care wek Kesêkî bazarî reftar bkem û kemêk zyad be Ballay Bermallekeda helldem. Wtim, xallo hacî, em Bermalle dastanêke bo xoy. Min le dapîre gewremewe bom becêmawe, bapîrem le şêxî şêxan wek padaşt werîgirtuwe û çendîn Şewî remezan ta beyanî, xudapersitî leser krawe, çendîn car zîkir û telîle û tobey leser destî şêx û xudî şêx, bexoy berniwêjî leser kirduwe...
Hacî: bellê, bellê dyare, nûrî lêdebarêt. Nayab dyare..
Mnîş wtim, birrwabke, mam hacî, lebernebûnî deyifroşm, çunke Mnallekanim hîç nîye bîxon, egîna ...
Hacî, pêywabû, ewende nwêjkerm, egîna nemdefroşt, boye xêra qsekey pêbrrîm û wtî:
- kurrm, madam hênde rû le Xway û awa naçarî, ewa lêtdekrrim..
Tund destî be Gîrfanî jêr piştênekeyda kird û dû dînar û dûsed û penca filsî naye nêwdestim û wtî:
- bigre kurrm, lewe zyatir nahênê.
Wtim : axir hacî, ewe keme, bellku ştêkî dîkey bxeyteser, ta kîloyek petatey pêbkirrim.
Hacî: bexwa kurrm, her ewende dênê, baqîyekey Xwa bîxate ser beşekey ew dunyat.

Çarm nebû û herçon bû, lêmwergirt û bexêrayî xom winkird,
Neka le beşekey em dunîman peşîmanbêtewe.
Ay le Mrov, çende dûrruwe, xulekêk lemewber deyut " nayabe û debêt bîparêzrêt, bellam herke daway parey zyatrim kird, bû be perrcoxwan û bew dunyay spardim. Wek bllêy lem dunyayeyan xoşî zorm dîbêt, ta lew dunyakey ewda padaşt wergrim. Eger bedestî min bê, lem dunyaye jyanêkî xoş dekem û beşeke Xeyallîyekey ew dunyaşm be hacî û şêxan debexşim.

Bedem em Xeyall û bollebollewe, zor gerram, bellam nemdezanî çî pêbkirrim, bîskuyt, dû daney dekrid, hêlke, dû daney dekrid. Zor gerram û"şêxella"mi teykird, ta dwacar xurmayekî kon û herzanim dozîyewe, kîloy be çwar dînar û nîw, Mallî 'erebanegêrr awa bêt, parey 'elagekey lênesendim. Herçon bû nîwkîlo xurmay genîwm krrî û berew Mall mlî rêgem girteber, herwek rawçî, çon nêçîrêkî beşandadabêt, awa xurmakem bedestewe girtbû. Her ke kewtme ewdîw Derge, Mnallekan lêm alan û destyankird be "daye Gyan xurma, babe xurmay hênawe". Detut gewretrîn arezûyan hatoete dî !
Behar: çîyye pyaweke, xurmay çî?

Mnîş be lexobayîbûnêkewe : jneke, Bermalle şrrekey dapîrem da be nîwkîlo xurma, bellku em êware be zkêkî têr xurmarronewe Mnallekan xewyan lêbkewêt.
Behar: axir xurma bebê ron çî lêbkem?
Herçendim kird, wellamekey le qurrgma gîrbû û bom nehateder. Bewperrî Twanamewe mêşkî xomim xisteger û gerram be dway çareyekda, bêcge le gerimkirdnî leser zopake û şêlanî le mecelle bênaze reşhellgerrawekeda wek hewîr, taweku bo Mindallekan qutbidrêt, rêgeyekî dîkem şiknebrid. Herçendem kird û lêkimdayewe, nîwkîlo xurma, tenya beşî Kçe biçkolekem (xunaw)î nedekrid, ke dû Roj bû, têr jemê Nanî nexwardibû. Lem bênewberdeyeda nuqmî deryay Xeyall bûbûm û lêkimdedayewe, ke çon ew Şew Mindallekan têrbkem .. Bedengî qapekey

destî Behar beaga hatim ... Parçe naylonîk lebrî Xwan .. Qapêk xurma.. Şeş Mrov çawyan têbrrîwe û her Kese arezûy ewe dekat, ke betenya ewendey berkewêt, bellam destî Xeyall kurtibû û le ketwar gîrnedebû, ta bîgorrêt.
Rû le Mindallekan wtim : dezanin, bo ewey zikman têrbkat, baştre çon bîxon?
Behar : pyaweke, ew xurma genîwe çon Xwardinî, bo çîye?
Hêrş: axir babe, çon bebê Nan bîxoyn?
Şîlan : çon babe, meger wek caran nabêt Nan û hêlkey letekda bêt?
Xunaw, çawêkî le qape xurmake û çawêkî le min bû, le wellamî ew hemuwe pirsyareda, bêcge le bêdengî hîç wellamêkim bo peyda nekra ..

Naçar wtim : mebestim ewe bû, ke çon bitwanîn, paş dû Roj birsîyetî, şeş Kes be nîwkîlo xurma têr bxoyn? Dwênê le dukanekey (ehmed)î Hawrrêm danîştibûyn, yekêk le radyokan wtî "dezanin boçî (çaynî)yekan kem dexon? Leberewey ke be dû çuklle nandexon û kem kem parû deken û zortir distyan bo demyan deben". Wern ba êmeş awa bkeyn û ezmûnî bkeyn, bzanîn aya waye?
Behar betewawî sernicî lay baseke bû, lepir daye qaqay pêkenîn û mnîş zor beserxomda şkamewe û lexomim pirsî, to bllêy wa bzanêt, ke dro dekem? Boye be peşokawîyewe pirsîm :birrwam pêbke, ewey wtim rastibû, bexom gwêm lêbû.
Behar dûbare dayewe qaqay pêkenîn û wtî
- pyaweke dezanim, ke to dronakey, bellam aya to bew şêweye têrbûyt?

Ke seyrî ser Xwanekem kird, ewsa têgeyiştim, ke beçî pêdekenêt, qapî xurmake pêwîstî be xawênkirdnewe nebû. Mnîş bedem qorrey zikmewe, dame qaqay pêkenîn û wtim : ay dapîre, yadt bexêr. Nek newekant musullman derneçûn û xewneket nehatedî, tenanet be parey Bermalleket, jemêkîş zikyan têrnebû!

Cunî 1998

# ڕۆژی فیدراڵی*

کاتێك، کە بەئاگاهات، لەنێو عارەقەدا تەڕ و وڕ بووبوو، کەمێك دانیشت، دەتوت مێشکی لەکارکەوتووە. دەستێکی بە ڕوومەتیدا هێنا و وایزانی پیتەکانی پەرتووکەکە لەسەر ڕوومەتی دەرچوون، پڕپدایە پەرتووکەکە، بینی کە بە عارەقەی دەموچاوی و لاملی خوساوە. یەخەی تیشێرتەکەی بەرزکردەوە و فوویەکی بە سنگ و زکیدا کرد، بەڵام دادینەدا. هێشتا خەواڵووبوو، هەستایەوە سەرپێ و بەرەو گەرماوەکە چوو، چەند مشت ئاوی بە دەموچاویدا کرد، لەبەرخۆیەوە " بەبێ ئاو و پانکە، ئەمە کەی ژیانە .. ".

ئەو جار هاتەدەرەوە و بەلای ڕاستدا خۆی بە ئاشپەزخانەکەدا کرد، بەڵکو لە بالکۆنەکە کەمێك هەوا بیگرێتەوە. هاوڕێکەی لەبەردەم تەنوورێکی تەنەکەدا، کە ئەو ڕۆژانە جێگەی تەنووری ڕاستینی گرتبووەوە، خەریکی نانکردن بوو، ڕووی تێکرد...

- ئەوە بەدیار ئەو تەنەکە ئاگرەوە ناسووتێیت، ئەمە گەرمای ئەو دۆزەخەیە، کە لەو دیو منی لە عارەقەدا خوساندووە.

سامان : خۆ هەر دوو دەرگەی بالکۆنەکە و دەرەوەشم کردوونەتەوە تا هەوای فێنك بێت.

ئالان : چی ڕوویداوە، وا ئەوڕۆ چالاکبوویت و زوو نانەکەی؟

سامان : لەبەرئەوەی ئێوارە کارەبامان نییە، پێمباشبوو ئێستا سەمونەکە بکەم.

ئالان لە دڵی خۆیدا، "دەترسم تۆش دڵەخورپەی ڕوودانێك دایگرتبێ. پێش نیوەڕۆ بێدەردیسەر لە مشتومڕەکەی تەنیشت تابلۆی ڕاگەیاندنەکە دەرچووین، نازانم ئیدی...". بەدەم بیرکردنەوەوە چووە بالکۆنەکە و سەرنجی سەر شەقامە سەرەکییەکەی (تەیراوا)ی دا و هۆڕێنی ئۆتومۆبێل و دەنگەدەنگی بەنزینفرۆش و ئەرەبانەچییان، دەتوت مەزاتخانەیە، شتێکی وا سەرنجی ڕانەکێشا و کشایەوە دواوە، دەتوت بە دوای شتێکدا وێڵە " نازانم چی بکەین، باشترە بە سامان بڵێم"..

- هاوڕێ سامان دەڵێی چی ئەوڕۆ نەچین بۆ پەرتوکفرۆشتن، باشتر نییە کەمێك بگەڕێین. خۆ ئەوە شەش مانگ دەبێت پیاسەیەکمان نەکردووە، نە سەردانی هاوەڵێك، نە دانیشتنێکی گڵکەند.

سامان : باشە هاوڕێ، وا دەکەین.

ئالان : بەرماوەیەکی نیوەڕۆ نەماوە، تا بەم نانە گەرمەوە، ببوورە بەو هەویرە گەرمەوە بیخۆین؟

سامان : نەخێر، تەنیا کەمێك ئاوەڕوونکەی پەتاتەکەی نیوەڕۆ ماوە...

هەر دووك وەك كاروانچی برسی دەستیان بە خواردنی تێگوشەی ئاوە پەتاتەکە کرد. لەناکاو، دوو چەکدار خۆیان بە دەرگەدا کرد و لوولەی چەکەکانیان ئاراستەی سامان و ئالان کرد ...

سامان : ئەوە چییە، ئێوە کێن و چیتان دەوێت؟

چەکدارەکان : جووڵەنەکەن، کوان ئەوانی دیکە؟

ئالان : ئەوانی دیکە کێن، چییە دەڵێی بەعسییەکانن و فێرنەبوون لە دەرگە بدەن؟

چەکدارەکان : دەمتداخە، دەستبەڵبرە !

سامان : بۆچی، چی بووە، کێتاندەوێت؟

چەکدارەکان : دەمدرێژی مەکە، ئادەی هەویەکانتانم بدەنێ!

ئالان : شوناسنامەی چی؟ هیچ مۆڵەتێکی فەرمیتان پێیە، کە هاتوون؟

چەکدارەکان: جەنابت نامەی ڕەسمیت دەوێت، هەی گێرەشێوێن؟

چەکداری یەکەم، ڕوو لە چەکداری دووەم: ئادەی بگەڕێ، بزانە چییان لایە، دەمانچە، کلاشینکۆڤ یا چی دیکە؟

چەکداری دووەم بە گەڕان بەنێو ژوورەکاندا خەریکدەبێت. لەم کاتەدا ئالان بە دوای چەکدارەکەدا دەڕوات و سامان دەستی لەنێو هەویری بەردەم تونوورەکەدا دەمێنێتەوە..

چەکداری دووەم دەنگهەڵدەبڕێ: هەی، ئەمانە عیزبین، سەیری ئەو هەموو پۆستەر و کتێبانە (ڕوو لە ئالان) کوا چەك و چاپخانەکەتان لە کوێیە؟

ئالان : چەکی چی و چاپخانەی چی؟ ئێمە ئاوارەی (کەرکووك)ین و لە تەنیشت قەڵا خەریکی پەرتووکفرۆشتنین.

چەکدارەکە : خێراکەن، هەویەکانیان بێنن !

سامان: شوناسنامەی چی، شوناسنامە نادەین، لێپرسراوەکەتان لە کوێیە، با قسەی لەتەکدا بکەین؟

چەکداری یەکەم، میللی چەکەکەی ڕادەکێشێت: خێراکەن، پێشمکەون !

چەکداری دووەم، بە پاڵنان دەیانکاتە دەرەوە و بەرەو نهۆمی یەکەم پەلکێشیاندەکەن. چەکداری یەکەم، خۆی بە ماڵی گۆشەی بەرامبەر قادرمەکاندا دەکات، کە لێپرسراوەکە و چەکدارێك خەریکن، دەیپشکنن. لێپرسراوەکە لە پێش چەکدارەکەوە دێتەدەر، کە وەك کاوبۆیەك دەمانچەی بە لاقەدیدا شۆڕ کردبووەوە، ڕوو لە چەکدارەکانی: ئەمانە کێن؟

ئالان : ئاوارەی کەرکووکین.

لێپرسراو : دەزانم، چەکداری کێن؟

چەکداری یەکەم : قوربان، ئەمانە...

لێپرسراو، قسەکەی پێدەبڕێت: ئاە، دەزانم. بیانبەنە خوارەوە !

سامان بۆ کوێ؟

لێپرسراو : بۆ لای ئەوانی دی.

ئالان : دەتوانن لێرە لێکۆڵینەوەمان لەتەکدا بکەن، پێویست بە شوێنی دیکە ناکات، ئێمە ئاوارەی کەرکووکین.

لێپرسراو بە چەکدارەکان : دەرێم بیانبەنەخوارەوە بۆ نێو سەیارەکە !

سامان : ڕێگە نادەن پۆشاکی دەرەوە بپۆشین؟

لێپرسراو : بیانبەن تا خۆیان بگۆڕن، خێراکەن دەی!

دوو چەکدارەکە، لوولەی چەکەکانیان لە پشتملی ئالان و سامان دادەنێن و دەیانبەنەوە نهۆمی سەرەوە ...

ئالان، دەست بۆ کراس و پانتۆڵەکەی دەبات و بیری دەکەوێتەوە، کە دوو نامەی نهێنی لەنێو گیرفانی کراسەکەیدان. ڕوو لە چەکدارەکەی ڕاسەری: بڕۆڕە دەرەوە، تا کراس و پانتۆڵەکەم دەپۆشم.

چەکدارەکە : نابێت، خێراکە خۆت بگۆڕە !

ئالان : لەبەرچاوی تۆ ناتوانم، چی دەکەی بیکە.

چەکدارەکە دەچێتە دەرەوە. ئالان، بە خێرایی نامەکان دەخاتە نێو جانتای پۆشاکەکانییەوە و دەست بە پۆشینی پۆشاکەکانی دەکات. چەکدارەکە دێتەوە ژوورە ..

چەکدارەکە : ئەوە ئەو هەموو کتێبانەتان خوێندوونەتەوە؟

ئالان : ئێوە نەتانهێشت.

چەکداری دووەم، ڕوو لە چەکداری یەکەم : خێراکە لەتەك خۆت لەو ژوورەوە دەریکەرە دەرەوە !

ئالان و سامان، سەیرێکی یەکدی دەکەن و ناچار دەچنە دەرەوە و دەرگەکە دادەخەن و پێش چەکدارەکان دەکەون. پێش ئەوەی بگەنە دەرگەی دەرەوە، ئالان و سامان جارێکی دیکە سەیری یەکدی دەکەنەوە، بەچاو دەیانەوێت لەیەکدی بگەیێنن، کە هەوڵی ڕاکردن بدەن، بەڵام کە سەیری چەپ و ڕاستی خۆیان دەکەن، هێندە قەرەباڵخە و چەکدار سەر سووچەکانی گرتووە، هیچ بواری ڕاکردن نییە ..

ئالان، لە دڵی خۆیدا، ئێستا ئەو خەڵکە هەزار و یەك گومان و پرسیاری بێوەڵام بە خەیاڵیاندا دێت؛ "دزییان کردووە؟"، "پیاوی ڕژێمن؟"، "دەبێت چییانکردبێت؟". بەڵام کەس بیری بەلای ئەوەدا ناچێت، کە ڕەشبگیرە و دەیانەوێت خەڵکی ڕاپەڕیو چاوترسێن بکەن و بۆ دەسەڵاتی قەرەقوشی خۆیان ملکەچیان بکەن. گرفتەکە ئەوەیە، کە لەتاو برسییەتی و سەرقاڵیی، کەس ئاگای لە کۆلانەکەی ئەو دیو خۆی نییە.

چەکدارەکان، بەرەو ئەوبەر بۆ لای ئۆتۆمەبیلە سەربازییەکە (جێب قیادەکە)یان بردن..، ئالان دووبارە کەوتەوە دوان لەتەك خۆیدا "ئای کە لە سەردەمی بەعسدا، چەندە خۆم لادا و چەند جار هەڵهاتم تا پێوەنەبم، بەڵام وا ئێستا پارت و لایەنێك، کە ڕۆژگارێك لاوێتیم لەنێو ڕیزەکانیدا بەفیڕۆدا، خۆم لەسەر بیرکردنەوەی جیاواز دەستگیردەکات."

نێو ئۆتومەبێلەکە، دایك و کچێکی درواسێیان لەتەك پیاوێکی پەنجاساڵەی تێدابوو. ئالان، بە لاچاوێك، سەیری چەکدارەکان دەکات و لە دڵی خۆیدا " ئای کە گەوج و ناهوشیارن، لەوانەیە پێتانوابێت، کە داستانتان تۆمارکردووە، ئەمە بوو ئازادییەکەتان، ئەمە بوو سەروەری نەتەوەییتان؟ "

دوای تێپەڕکردنی چەند کۆڵان و شەقامێك، ئۆتومەبیلەکە گەیشتە بەردەم (مکافحەی مەنتکاوا). بە لێدان و جنێو دەستە دەستە، پیاو و ژن و منداڵیان دەکردە ژوورەوە، پاش پشکنین، لە هۆڵێکی گەورەیان کردن، کە نزیکەی ١٠٠ کەسیان تێپەستاندبوو. باری ڕوخساری هەر کەسێکیان، بەسەرهاتێکی پڕ دەرد و ڕەنجی دەگێڕایەوە، مرۆڤ دەیتوانی ڕادەی ورەی هەر کەسێکیان بخوێنیتەوە، یەکێ ترساو .. یەکێ ڕاڕا .. یەکێ خاڵی لە فرۆفیلی پارتایەتی و بێدەنگ. هەر یەکە لە خەیاڵێك ڕۆچووبوو؛ یەکێك لە بیری خۆشەویستەکەیدا، یەکێك لە خەمی ماڵەوە، یەکێك لە خەمی خوێندنی و یەکێك لە بیری کار و کاسپییەکەی و دەرچوون لە زیندان. بەڵام هێشتا لای کەس ڕۆشننەبوو، پرسەکە چییە و لەسەر چی گیراون؟

بۆ ئالان و سامان ڕۆشنبوو، ئەم هێرشە بۆ چاترساندن و سەپاندنەوەی دەزگەی ئەمن (ئاسایش)، بەرێخراوە. چونکە ئەوان سەرلەبەیانی ڕاگەیاندی دژی دامەزراندنەوەی دەزگەی ئەمنیان بڵاوکردبووەوە. پاش چەند سات، دووبارە بە پاڵ و سوکایەتی ڕەشبگیرکراوان بەرەو شوێنێکی دیکە سواری ئۆتومەبیلە سەربازییەکان کرانەوە. ئەم جار بەرەو شوێنێك، کە ساڵێك و چەند مانگ لەوەوبەر، جەماوەری بەگیانهاتوو، دەستیان بەسەردا گرتبوو و دەزگەکەیان تێکشکاندبوو. بەڵام دوو هەفتە لەوەوبەر دەسەڵاتی نەتەوەیی سەرلەنوێ تازەیانکردبووەوە، تا وەك دێوەزمە لاوەکانی شار قوتبدات. ئالان، لە دەمی سەرکەوتن بە قادرمەکاندا، لە دڵی خۆیدا

" ئای کە هەموو ڕۆژێك بەدیار پەرتووکەکانەوە، چەندە بیرم لەوە دەکردەوە، کە ئاخۆ لەو دیو ئەو دیوارە بەرزانەدا چی هەبێت و چی بگوزەرێت؟ بەڵام وا ئێستا دەبێتە سەرپەنایەك لەوانەیە چەند مانگ یا چەند ساڵ تەمەنمی تێدا بە ڕابوردوو بسپێرم". لەتەك گەیشتنە بەر دەرگە ئاسنینەکەی نهۆمی دووەم، چەند چەکدارێك، قاییش و پشتوێن و کلیل و پارە و پێنووسیان لە زیندانییەکان دەسەند و بە شەق و کێبڵلێدان بەرەو ژوورەکانی نێو ڕاڕەوەکانیان دەبردن.

ئالان و سامان و کۆمەڵێکی دیکەیان بەرەو دواژووری ڕاڕەوەکە دایە بەر لێدان و ڕاونان. زیاتر لە (٣٥) کەسیان کردە ئەو ژوورەوە. هەر لەتەك داخرانی دەرگەی ژوورەکە، ئەوانەی کە تا کەمێك پێش، لەنێو زیندانەکەی ئەولا بەخۆشباوەڕییەوە چاوەڕێی بەربوونیان دەکرد، کەوتنە دڵدانەوەی خۆیان بەوەی "حکومەتی هەرێم مافی خۆیەتی و لێکۆڵینەوە بکات و باش و خراپ لەیەك جیابکاتەوە، تاوەکو ئاسایشی شار و هەرێم پارێزراوبێت". هێشتا لای زۆرینە ئاشکرانەبوو، کە بە هاوکاری جەندرمەی تورکیە، پەلاماری (پ. ك. ك) دراوە. هەر کەسە و دەردی دڵی خۆی دەکرد؛ عەبدولقادر"ئاخر چۆن دەبێت، لێرە ڕامگرن، من بەیانی تاقیکردنەوەم هەیە"، مەحمود "من هەموو ژیانم پیشمەرگە بووم"، مام خدر"من باوکی شەهیدم، بەخۆم پێشمەرگەی ئەلیلوول بووم"، مامۆستا فوئاد"من مامۆستای قوتابخانەم و کارم بە ڕامیارییەوە نییە"، مام مەولود "بەخوا کوڕم منیش کرێکاری کارگەی جگەرەم و هیچ لەو بەزم و ڕەزمە نازانم و قەتیش تێکەڵ بە ڕامیاری نەبووم"، ئاغازادە "من دڵنیام بەزوویی لێکۆڵینەوەمان لەتەکدا دەکەن و ئەوەی بێتاوان بێت، بە زووی دەچێتەوە ماڵەوە و ئەوەی تاوانبار بێت، بە سزای گەل دەگات"....

سامان : بەڕێز، کێ تاوانبارە؟ دەتوانی پێمبڵێی کێتان بکوژن، کێتان سیخورە، کێتان بەرتیلخۆر و کێتان نۆکەری دوژمنانە؟

ئالان : بەبۆچوونی من هیچ کەس بەهەڵە نەگیراوە، ئەمە ڕەشبگیرە و بۆ چاوترسێنی خەڵکە، بۆ سەپاندنەوەی دەزگە داپڵۆسێنەرەکانە، بۆ گێڕانەوەی بارودۆخی پێشووە، هەر بۆیە لە هەر گەڕەك و لەهەر توێژێك چەند کەسێك گیراون، تا کەس نەوێرێت دژ بە گێڕانەوەی کەشی سەردەمی بەعسییەکان ناڕازی بێت...

بەردەوام بەدەم کرانەوەی دەرگەکەوە قسە و ڕازەکان دەپچڕان و کەسێکیان دەئاخنییە ژوورەوە. لە ژوورێکی بەرامبەردا هاوار و ناڵەی ئەشکەنجەدراوان دەگەیشتە کەشکەڵەی ئاسمان. بەتوندی جارێکی دیکە، دەرگەکە کرایەوە و قسەوباسەکانی بڕی و هەموو وەك کەوڵکراو لە شوێنی خۆیان بێدەنگبوون. لاوێکی کورتە بالا، قژی لوول و سەرێکی خڕ، فرەتر لە

میسری دەچوو، چاکەت و پانتۆڵە نیلییەکەی دیاربوو، کە هی لەنگەفرۆشییە، چاکەتەکەی بە باسکی چەپیدا دابوو، بە وردی و حەپەساوییەوە چاوی بەنێو زیندانییەکاندا گێڕا. لەم کاتەدا ئالان دەمی بردە بناگوێی سامان و پێیوت " خۆت مەکە بە خاوەنی، ئارام لە هەولێر چیدەکات، چۆن دەزانێت ئێمە گیراوین؟".

(عەزیز)ی زیندانەوان : کامانەن، کوان هاوڕێکانت؟

ئارام : لێرە نین.

بەدەم سەربادانەوە بەواتای نەدۆزینەوەی هاورێکانی، ویستی بەرەو دوا هەڵگەڕێتەوە، زیندانەوان بە پاڵ کردییە ژوورەوە و وتی

-: بۆ کوێ ؟ تۆ لەلای ئێمە میوانی !

ئارام : کاکە گیان، ئاخر برادەرەکانی من لێرە نین و من بەخۆم هاتووم لە دوای ئەوان دەگەڕێم، تۆ ناتوانی بمکەیتە ژوورەوە!

عەزیزی زیندانەوان : فەرموو دانیشە و زۆربڵێی مەکە، ئەوە فەرمانی عەقید (سمکۆ)یە، بزانە چۆن دەتوانم !

توند دەرگەی داخستەوە و لاوەکە بە حەپەساوییەوە، جارێکی دی چاوی بەنێو زیندانییەکاندا گێڕایەوە، دەستبەجێ سامان بانگیکرد...

سامان : ئارام .. ئارام

ئارام : ئەوە لێرە چیدەکەن، چۆن من ئێوەم نەبینی، لەسەرچی گیراون؟

ئالان : ئەی پێماننالێیت، تۆ لە کوێوە دێیت، دەڵێیت بە میوانی بۆ ئێرە هاتووی؟

ئارام : میوانی چی، من بەسەردان بۆ لای ئێوە هاتم، کە چوومە کاولبووەکەتان، ژنەکەی حەسەنی هاوسێتان، وتی " لە درزی دەرگەوە بەچاوی خۆم دیتم، ئاسایش لەتەك ئەوماڵەی خوارەوە گرتنی". منیش، جانتاکەی خۆم، لای ئەوان دانا و پێمباشبوو بێم لە ئاسایش پرسیارتانبکەم. هەر کە هاتمە ئاسایش بردمیانە لای بەڕێوەبەری ئاسایش (سمکۆ) و پێموت، کە دوو برادەرم لەلایەن چەکداری ئێوەوە، ئەم دوانیوەڕۆیە لە ماڵەوە گیراون و هاتووم بزانم بۆچی و بەچی تۆمەتبارکراون. ئەویش یەکسەر وتی " تۆش کۆمونیستی، یاخوا بەخێربێیت، باشە بەپێی خۆت هاتووی؟ جارێ ئەم شەو لەلامان میوانبە و ئەوسا پێتدەڵێم". ئیدی بەم جۆرە منیانکردە لای ئێوە. باشە کاتێك کە من هاتمە دەمی دەرگەکە، بۆ من ئێوەم نەبینی؟

ئالان : ڕاستییەکەی خۆمان لە تۆ شاردەوە، تاوەکو نەمانبینی. هەم دەرکەوتنی کتوپڕی تۆ، پاش چەند کاتژێرێك لە دەستگیرکردنمان لە ئاسایشی هەولێر، بۆمان جێگەی سەرسوڕمان بوو، هەم گومانی ئەوەمانکرد کە پێوەبووبی و نەمانویست بە بۆنەوەی ئێمەوە بتکەنە ژوورەوە.

ئارام : دەی پێیاننەوتوون بۆ گیراون؟

لاوێکی باڵا مامناوندی باریکەڵە (زەڕدەشت)، قسەکەی پێبڕی و لێیپرسی " کاکە تۆ لە کوێوە هاتووی؟"

ئارام : لە سلێمانییەوە.

زەڕدەشت: لەوێ چ خەر بوو؟

ئارام : دەڵێن لە سنووری تورکیە شەڕە، ئەی تۆ بۆ گیراویت ؟

زەڕدەشت : ئێمە سێ براین، دوکانی وێنەگریمان هەیە. کاتێك کە گەیشتمە دوکان، وتیان (مەحمود)ی برات گیراوە و پێیانگوتووە تا تۆ نەڕۆیت، ئەو بەرنادەن. منیش هاتم و وەك تۆ بەخێرهاتنیان لێکردم و فڕێیاندامە لای براکەم و وتیان تا (عومەر)ی برات نەیێت، تۆ بەرنادەین، ئیدی بەم جۆرە هیوادارم دایك و بابە پیرەکەشمان نەهێننە ئێرە.

سەلام : ئێمە کارگەی پێڵاومان هەبوو، لەناکاو کۆمەڵێك چەکدار هاتنەژوورەوە و پەلاماریاندین و بەخۆم و مناڵ و شاگردەکانمەوە، بەبێ ئەوەی پێمانبڵێن، چی ڕوویداوە و لەسەر چی، ڕاپێچیان کردین.

خدر: برا ئەوە ئالان و کاکە سامان دەزانن، کە من لە ماڵە جیرانێکی ئەوان میوانبووم و لەتەك ژن و کچی خاوەنماڵەکەدا منیشیان گرت. هەرچەندە وتم برا من باوکی شەهید ...م، بەڵام کەس گوێی لێڕانەگرتم.

ئالان : ئەوان بەخۆیان دەزانن، بۆچ ئەم هەمووە خەڵکەیان دەستگیرکردووە و دیارە ئامانجێکیان هەیە. بێجگە لە یاسا قەرەقوشییەکەی (بەعس) لە چ شوێنێکی ئەم دونیایەدا، برا لەجیاتی برا و میوان لە جیاتی خانەخوێ و شاگرد لە جیاتی خاوەنکار، گیراوە؟ ئەمانە ئەوە دوو هەفتەیە ئەمنەکەی بەعسیان ئاوەدانکردووەتەوە، ئاوادەکەن، ئاخۆ پاش دە ساڵ چی بەو خەڵکە ڕەشوڕووتە بکەن؟

هەڵۆ : ئەی چارە، خۆناکرێت، چاوەڕێی گرتنی ماڵ و منداڵەکانیشمان بین؟

ئالان : پێویستە دەستبەجێ مانبگرین، مانگرتن لە خواردن. تا بەخێرایی لێماندەپرسنەوە و بەرەڵاماندەکەن، ئەگینا لەم کۆنە ئەمنەدا دامانده‌ڕزێنن.

ئاغازادە : دەتانەوێت لەنێو زیندانەکەشدا ئاژاوە بنێنەوە، ئێوەی کۆمونیست و بێدین، هەر خەریکی ئەوەن !

سامان : ئێمە نکۆڵی لە کۆمونیستبوونمان ناکەین، بەڵام دڵنیابە، ئەگەر بەخۆت لەنێوماندا سیخوری ئەوان نەبیت، قەد لە پێش ئێمەوە دەرناچیت، ئیدی ئەو ماستاوکردنە دادتنادات. ئێمە ئاژاوەچی نین، ئاژاوەچی ئەو پارتانەن، کە فەرمانڕەوان، ئەوانەن کە ئەم بەیانییە ئێمە لە ڕاگەیاندنێکدا ڕامانگەیاند، کە دەزگەی ئاسایش بۆ سەرکوتی خەڵکە و ئەوان نەیانتوانی ئێمە بەدرۆ بخەنەوە و دوای چەند ساتێك سەدان کەسیان ئاخنیە پشت ئەم دیوارانە، مەگەر وا نییە، مەگەر (بەعس)یش هەر ئاواینەدەکرد؟

ئالان، هەستایەوە سەرپێ و چووە پشت دەرگەکە و لە کونی دەرگەکەوە،سەیرێکی ئاسمانی کرد، کە بەقەدەر دەمی مەنجەڵێك لێوەی دیاربوو. جار جارە پۆلە کۆترێك، سپی سپی تیشکی خۆریان لەسەر باڵەکانیان دەشکانەوە و لە ئاست سەربانی ئەمنەکە، بەخێرایی تێدەپەڕین. ئاهێکی قوڵ " خۆزگەم بە خۆتان، ئاوا ئازاد دەفڕن، هەرچەندە لەم وڵاتە ئێوەش لە کوشتوبڕ بێبەش نین، بەڵام جار جارێ، کە منالانی چەقاوەسوو و چەکدارەکان ئاگایان لێنەبێت، باڵەفڕییەکی ئێوارانی بان قەڵا، چێژی خۆی هەیە. ئاخۆ ئەم ئێوارە شۆخەکە دڵگیرەکەی من، لەبەر قەلاوە تێپەڕیبێت، ئاخۆ زانیبێتی بۆ ئەم ئێوارە پەرتووکەکانمان لە تەنیشت تابلۆی ڕاگەیاندنەکە، ڕیزنەکردوون؟ لەوانەیە بەبیانووی پەرتووککڕین چەند جارێك بە بەردەم شوێنەکەماندا تێپەڕیبێت. ئاخ بڕوا ناکەم، بەم زووانە لە پشت ئەم دیوارە بەرزانەوە دەربازبین. خۆزگە دەمتوانی وشە بە وشەی ئارەزووەکانی ئەم دوانیوەڕۆیەم بە گوێچکەتدا بچرپێنم، تاوەکو نائومێدی خۆزگەکانت جوانەمەرگ نەکات. ئەگەر توانیبام، گشت زیندانەکانی جیهانم دەڕووخاندن و چەکەکانم دەتواندنەوە و جەلادەکانم بە دیواری پێشەوەی ئەم ئەمنەخانەدا دەکردنە داوەڵ و هێمایەك بۆ ڕۆژە ڕەشەکان و سیمای سەربازییانەی شارم دەگۆڕی، تا حەزی تۆ بۆ بینینی فیلمێکی ڕۆمانسی، بەبێ ترس و دڵەراوکێ بەبەردەم ئەم ئەمنخانەدا تێپەڕێ. بەڵام شۆخەکەم بەتەنیا هەر تۆ نیت، هەر ئێستا سەدان زارۆك و ژن و پیاو، چاوەڕێی گەڕانەوەی کوڕ و هاوسەر و باوك و دایکیانن، نائاگا لەوەی کە چەندین دەرگەیان لەسەرداخراون. ئەوان نائاگا لە فەرمانی قەرەقوشی ئەوانەی کە بە هیوایەکەوە بۆ نوێنەری پارلەمان هەڵیانبژاردن، چاوەڕێن، لە بێشێوی ئەم ئێوارەدا، ئامێزی پڕ میهرەبانی، نیگایەکی پڕ خەمزە و ناز، دەستێکی بەسۆز، قۆڕەی زکیان لەبیربباتەوە..."

شریخەی بەڕووداداخستنی کونە بچکۆلەکەی دەرگەکە، لەو خەیاڵە بێکۆتاییە ڕاپچڵەکاند و زیندانەوانەکە، قیڕاندنی : دانیشە، نەموت کەس هەڵنەستێتەوە، کەس نەیێتە پشت دەرگە؟

ئالان، پاشەوپاش کشایەوە دواوە و دانیشتەوە، نووسینی یاداوەییەکانی سەر دیوارەکەی پشت سەری سەرنجیڕاکێشا ... "ئاخ بۆ ساتێك ئازدی، موحەمەد ١٩٨٥/١٠/٥"، "شیوعیەت لە سێدارە بەهێزترە، عەلی ١٩٨٧/٨/١٢"، "دڵدارەکەم خۆزگەم بەو ساتانەی کە لە ئامێزم دەگرتی، ئازاد ١٩٩٠/٩/٢٨"، "بۆ دەبێت مرۆڤ ئاوا دەستەمۆ بکرێت؟ من تاوانم تەنیا گەڕانە لە دووی نان، مدحەت ١٩٩١/١١/١٩" .... بەناو کۆنە شوێنی زۆپاکەدا، کە بە کونێکدا بە سەربانەوە بەسترابوو، گەڕا و پارچە بەردێکی نووکتیژی دۆزییەوە و لە پشت سەرییەوە دەستیکرد، بە نووسین و هەڵکۆڵینی دیوارەکە " هەستن ئەی هۆزی بەشمەینەتان/ دیلانی برسییەتی دونیا! / لە تەنووری بیروباوەڕمان / قرمژنی تریشقەئاسا / تەنووری ئاخرینە هەستن! / با هەڵیپیێچین دەوری کۆن / ڕابین و ژێروژوور کەین جیهان / ئێمەی هیچ بین بە گشت ئەی کۆیلان/ ئاخرەین شەڕە، شەڕی سەروماڵ / با یەکگرتوو بین هەڤالان / بە ئینتەرناسیونال / ڕزگار دەبێ ئینسان..، ئالان ١٩٩٢/١٠/٥"

بەردەوام خەڵکی فڕێدەدرایە ژوورەوە و هێندیکیان بۆ ئەشکەنجە دەبردە ژوورەکەی بەرامبەر.. لەتاو هاواری ژووری ئەشکەنجە و بێشوێنی و برسیەتی و گەرما و بۆنی گۆرەوی و بنباڵ و هاڵاوی دەم و تەنگاوی و پەلکێشکردنی زیندانیان لە ڕاڕەوەکەدا، کەس خەوی لێنەدەکەوت ... شریخەی کرانەوەی دەرگە، هەر کەسەو لە خەیاڵە بێئەژمارەکانی داچڵەکا.. (عەلی) یەکێك لە ئەشکەنجەدەرە ناسراوەکان، لاوێکی گەنم ڕەنگ، باریکەلە و باڵابەرز، پۆشاکی کەتافی، سەر بە لیستی سەوز، قیڕاندی "بخەون، ئەوەی دەنگی بێت، هەتا بەیانی دارکاری دەکەم". هاودەمی قسەکانی ئەو، هاواری ژووری ئەشکەنجە دەگەیشتە ئاسمان.. دوو پاسەوان کەسێکیان بەبەردەم دەرگەکەدا پەلکێش‌کرد... دەرگە داخرایەوە ... هێندەی دیکە خەو لە چاوان زڕا. ئاخر ئەشکەنجەی دەروونی زۆر لە ئەشکەنجەی جەستەیی کاراترە. ئەو دەیزانی بۆ دەرگەکەی کردەوە و گوڕاندنی. لە ڕاڕەوەکەدا تا دەهات، هاوار و داد، دەنگی شەلاق و شڵپە شلپی ئاو، ڕاکە ڕاك و جنێو، ڕاڕەو بە ڕاڕەو، ژوور بە ژوور لوولی دەخوارد و دەنگی دەدایەوە... ئاغازادە، هەستایە سەرپێ و پەنجەرەی دەرگەکەی ترازاند و سەیری دەرەوەی کرد.. بە خۆشی و لە خۆباییبووەنەوە وتی " وەك سەگ، دارکاری دەکەن، لەوانەیە بەعسی بێت..". دەنگێك لە دەرەوە

قیڕاندی "سەگباب سەرت بەرە ناوەوە!". ئاغازادە بە پەلەپروزێ دانیشتەوە و خۆی کڕکرد... جارێکی دی شریخەی ترازانەوەی دەرگە، عەلی ئەشکەنجەدەر، چاوێکی بەناو هەمواندا گێڕا، ڕوو لە ئاغازادە، کە لە هەمووان باڵابەرزتر و قەڵەوتر و دیارتر بوو " کێ بوو، لەو کونەوە سەیری دەرەوەی دەکرد، پێمنەڵێی دارکاریتدەکەم!"

ئاغازادە: مممم .. من بووم..

عەلی:سەگباب بۆ سەیری دەرەوە دەکەی، مەگەر نەموت بخەون؟

ئاغازادە: وتم ...

عەلی: گوتخوارد، هەستە، وەرە دەرەوە .. ڕوو لەوانی دیکە، هەر کەس هەستێتەوە، دوای ئەم سەرەی دێت، وەك سەگ بتۆپن!

ئاغازادەی کەتە و لەخۆبایی، زۆرجار وەها قسەیدەکرد، دەتوت قسەکەری میرییە لەنێو زیندانەکەدا، هەمیشە بێخەمی و دڵنیایی لە بەربوونی پێوەدیاربوو. سەری شۆڕکرد و کەوتەپێش عەلی ئەشکەنجەدەر ... هەر کە دەرگە داخرایەوە، دەنگی عەلی ئەشکەنجەدەر هات و گوراندنی بەسەریدا " ئەو کێبڵە بگرە و دارکاری ئەو سەگبابەم بۆ بکە.. ئاغازادە وەك خۆی دواتر دانیپێدانا، کەوتە لێدانی کەسەکە و هاوکات عەلی ئەشکەنجەدەر بەسەری ئەشکەنجەدەر و ئەشکەنجەدراویشدا دەیگوراند:

- سەگباب، زیاتر دەستهەڵبڕە، توند لە پشت و لاقی بدە، بەنێو ئاوەکەدا ڕاکێشی بکە ....

- وتم ناوت چییە ؟

+ ئای باوکەڕۆ، یوسف، ناوم یوسفە خۆتان باشتری دەزانن ....

- چەند کەست کوشتووە

+ ئای خوایا، بەخوا بەگیانی دایکم کەسم نەکوشتووە، بمکوژن با ڕزگارم بێت، توخوا بمکوژن با لەدەست ئەشکەنجە ئاسوودە بم، ئەگەر دەزانن کەسێکم کوشتوە، ئیدی بۆ پرسیارم لێدەکەن،

لەبری ئەو بمکوژنەوە، با ئاسوودە بم، دایە گیان مردم ...

- لێیدە سەگباب، ئەم دایك حیزە قسەناکات، بیکوتە، وەك سەگ بیتۆپێنە ...

نیوەکاتژێرێك بەم جۆرە ئاغازادە، دارکاری زیندانییەکی دیکەی کرد و زیندانییەکە، هاواری کرد و پارایەوە، وتی و وتییەوە، کە کەسی نەکوشتوە ... بەڵام دادینەدا... ئاغازادە، ڕەنگپەڕیو، بەترسەوە خۆی بە ژوورەکەدا کردەوە .. هەمووان لە ترسی ئەوەی نەکا عەلی ئەشکەنجەدەر، بانگیان بکاتە دەرەوە، خۆیانکردبوو بە خەوتوو... دەنگی لێدان و ڕاکێش ڕاکێش تا نیوەشەوێکی

درەنگ هەربەردەوام بوو... کەس خەوی لێنەکەوت.. پاش ڕۆیشتنی ئەشکەنجە-دەرەکان، دەستبەجێ هەر کەسە لە شوێنی خۆیەوە کەوتە پرسیار لە ئاغازادە ...، ئالان، کە هەم پێشتر لێیپەستبوو و هەم بەم کارەی ئەوەندەی دی ڕکی لێدەبووەوە.. نیوتەنەی بەرزکردەوە و پێیوت...
- هەر وەك لە سەردەمی بەعسدا دەتانبیست لەم ئەمنخانەدا چی ڕوودەدات، چۆن لاوانی ئەم شارە دەبوونە خۆراکی ئەم دێوەزمە، ئەوا ئێستا بەچاوی خۆتان دەبینن، کە کوڕەکانی گەل، گیان-لەسەردەستەکانی دوێنێ، چۆن وەك قوتابی بەعسیەکان، ئەوەی ئەوان فریانەکەوتن بیکەن، ئەمان تەواویدەکەن. (ڕوو لە ئاغازادە) کاکی قارەمان، خۆ تۆ خۆت واتەنی ئاژاوەچی نیت، بۆ پۆرتیان شکاندی؟ جیاوازی تۆ و ئەوان چییە، کە بە فەرمانی ئەوان چاوی زیندانیان دەبەستی و دارکاریان دەکەی؟ دیارە تۆ لەنێوماندا نۆکەری ئەوانی، ئەگەر نا، بۆچی سۆزی هاونیشتمانی و هاونەتەوەیت وەك خۆت پاگەندەی بۆ دەکەیت، بۆ ئەو بەدبەختە نەبزوا؟ یا تۆ درۆدەکەی یا خودی پاگەندەی هاونیشتمانی و هاونەتەویی بەخۆی درۆیە و لە ڕاستیدا نیشتمان بۆ ئێمەی نەدار، زیندانێکی گەورەتر لەم زیندانەیە؟
ئەشکەنجەی دەروونی، هەمووانی شەکەت کردبوو، هەر کەسەو لە خەیاڵی خۆیدا خۆزگەی بەوە دەخواست، کە کەسێك هەبێت و لە ڕاز و نیازەکانی دڵی بگات.. مناڵانی بەدبەخت لە چاوەڕوانی دایك و باوکی زیندانییاندا هەڵتروشکابوون و خێرا خێرا بەدەم خەوی ترسناکەوە دادەچڵەکان و شەوگار بەقەد چاخە تاریکەکانی مێژوو درێژ بووبوو، هیواکان لە پشت دەرگەی زیندانەکاندا ئەژنۆیان شکابوو .....

* ٠٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ ڕۆژی فیدراڵی لە کوردستان. ئەو ڕۆژەی کە هێزەکانی ئەمنی میرایەتی هەرێم، لە شارەکانی ژێر دەسەڵاتیدا، دەستیان بە ڕەشبگیرییەکی بەرفروان کرد و زیندانەکان بە سەدان کەسی چالاك و ناڕازی ئاوەدانکردەوە.

## Rojî Fîdrallî *

Katêk, ke beagahat, lenêw 'areqeda terr û wirr bûbû, kemêk danîşt, detut mêşkî lekarkewtuwe. Destêkî be rûmetîda hêna û wayzanî pîtekanî pertûkeke leser rûmetî derçûn, prrîdaye pertûkeke, bînî ke be 'areqey demuçawî û lamlî xusawe. Yexey tîşêrtekey berizkirdewe û fûyekî be sing û zkîda kird, bellam dadîneda. Hêşta xewallûbû, hestayewe serpê û berew germaweke çû, çend mişt awî be demuçawîda kird, leberxoyewe “ bebê aw û panke, eme key jyane.” ..

Ew car hatederewe û belay rastda xoy be aşpezxanekeda kird, bellku le balkoneke kemêk hewa bîgrêtewe. Hawrrêkey leberdem tenûrêkî tenekeda, ke ew Rojane cêgey tenûrî rastînî girtbuwewe, xerîkî nankirdin bû, rûy têkrid...

- ewe bedyar ew teneke agrewe nasûtêyt, eme germay ew Dozexeye, ke lew dîw mnî le 'areqeda xusanduwe.

Saman : xo her dû Dergey balkoneke û dereweşm kirdûnetewe ta heway fênk bêt.

Alan : çî rûydawe, wa ewrro çalakbûyt û zû nandekey?

Saman : leberewey êware karebaman nîye, pêmbaşbû êsta semuneke bkem.

Alan le dllî xoyda, “detrism toş dllexurpey rûdanêk daygirtbî. Pêş nîwerro bêderdîser le miştumrrekey tenîşt tabloy rageyandneke derçûyn, nazanim îdî...”. Bedem bîrkirdnewewe çuwe balkoneke û sernicî ser Şeqame serekîyekey (teyrawa)î da û horrênî otumobêl û dengedengî benzînifroş û erebaneçîyan, detut mezatxaneye, ştêkî wa sernicî ranekêşa û kşayewe dwawe, detut be dway ştêkda wêlle “ nazanim çî bkeyn, baştre be saman bllêm..”

- Hawrrê saman dellêy çî ewrro neçîn bo pertukifroştin, baştir nîye kemêk bgerrêyn. Xo ewe şeş Mang debêt pyaseyekman nekirduwe, ne serdanî Hawellêk, ne danîştinêkî gillkend.

Saman : başe Hawrrê, wa dekeyn.

Alan : bermaweyekî nîwerro nemawe, ta bem Nane germewe, bbûre bew hewîre germewe bîxoyn?

Saman : nexêr, tenya kemêk awerrûnkey petatekey nîwerro mawe...

Her dûk wek karwançî birsî destyan be Xwardinî têguşey awe petateke kird. Lepirr, dû çekdar xoyan be Dergeda kird û lûley çekekanyan arastey saman û alan kird...

Saman : ewe çîye, êwe kên û çîtan dewêt?

Çekdarekan : cûlleneken, kwan ewanî dîke?

Alan : ewanî dîke kên, çîye dellêy be'sîyekanin û fêrnebûn le Derge bden?

Çekdarekan : demtdaxe, desthellbirre!

Saman : boçî, çî buwe, kêtandewêt?

Çekdarekan : demdirêjî meke, adey hewyekantanim bdenê!

Alan : şunasnamey çî? Hîç molletêkî fermîtan pêye, ke hatûn?

Çekdarekan: cenabt namey resmît dewêt, hey gêreşêwên?

Çekdarî yekem, rû le çekdarî duwem: adey bgerrê, bzane çîyan laye, demançe, klaşînkov ya çî dîke?

Çekdarî duwem be gerran benêw jûrekanda xerîkdebêt. Lem kateda alan be dway çekdarekeda derrwat û saman destî lenêw hewîrî berdem tunûrekeda demênêtewe..

Çekdarî duwem denghelldebrrê: hey, emane 'îzbîn, seyrî Ew hemû poster û ktêbane (rû le alan) kwa çek û çapxaneketan le kwêye?

Alan : çekî çî û çapxaney çî?Ême awarey (kerkûk)în û le tenîşt qella xerîkî pertûkifroştinîn.

Çekdareke : xêraken, hewyekanyan bênin!

Saman: şunasnamey çî, şunasname nadeyn, lêprisraweketan le kwêye, ba qsey letekda bkeyn?

Çekdarî yekem, mîllî çekekey radekêşêt: xêraken, pêşimkewn!

Çekdarî duwem, be pallnan deyankate derewe û berew nhomî yekem pelkêşyandeken. Çekdarî yekem, xoy be Mallî goşey beramber qadirmekanda dekat, ke lêprisraweke û çekdarêk xerîknin, deypişknin. Lêprisraweke le pêş

çekdarekewe dêteder, ke wek kawboyek demançey be laqedîda şorr kirdbuwewe, rû le çekdarekanî: emane kên?

Alan : awarey kerkûkîn.

Lêprisraw : dezanim, çekdarî kên?

Çekdarî yekem : qurban, emane...

Lêprisraw, qsekey pêdebrrêt: ae, dezanim. Byanbene Xwarewe!

Saman bo kwê?

Lêprisraw : bo lay ewanî dî.

Alan : detwanin lêre lêkollîneweman letekda bken, pêwîst be Şwênî dîke nakat, ême awarey kerkûkîn.

Lêprisraw be çekdarekan : derêm byanbene Xwarewe bo nêw seyareke!

Saman : rêge naden poşakî derewe bpoşîn?

Lêprisraw : byanben ta xoyan bgorrn, xêraken dey!

Dû çekdareke, lûley çekekanyan le piştimlî alan û saman dadenên û deyanbenewe nhomî serewe...

Alan, dest bo kras û pantollekey debat û bîrî dekewêtewe, ke dû namey nhênî lenêw Gîrfanî krasekeydan. Rû le çekdarekey raserî: brrorre derewe, ta kras û pantollekem depoşm.

Çekdareke : nabêt, xêrake xot bgorre!

Alan : leberçawî to natwanim, çî dekey bîke.

Çekdareke deçête derewe. Alan, be xêrayî namekan dexate nêw cantay poşakekanîyewe û dest be poşînî poşakekanî dekat. Çekdareke dêtewe jûre..

Çekdareke : ewe ew hemû ktêbanetan xwêndûNetewe?

Alan : êwe netanhêşt.

Çekdarî duwem, rû le çekdarî yekem : xêrake letek xot lew jûrewe derîkere derewe!

Alan û saman, seyrêkî yekdî deken û naçar deçne derewe û Dergeke dadexen û pêş çekdarekan dekewn. Pêş ewey bgene Dergey derewe, alan û saman carêkî dîke seyrî yekdî dekenewe, beçaw deyanewêt leyekdî bgeêyinin, ke hewllî rakirdin bden,

bellam ke seyrî çep û rastî xoyan deken, hênde qereballxe û çekdar ser sûçekanî girtuwe, hîç bwarî rakirdin nîye..

Alan, le dllî xoyda, êsta ew Xellke hezar û yek guman û pirsyarî bêwellam be Xeyallyanda dêt; "dzîyan kirduwe?", "pyawî rjêmin?", "debêt çîyankirdbêt?", bellam Kes bîrî belay eweda naçêt, ke reşbigîre û deyanewêt Xellkî raperrîw çawtirsên bken û bo Desellatî qerequşî xoyan milkeçyan bken. Grifteke eweye, ke letaw birsîyetî û serqallîy, Kes agay le kolanekey ew dîw xoy nîye .

Çekdarekan, berew ewber bo lay otomebîle Serbazîyeke (cêb qyadeke)yan birdin.., alan dûbare kewtewe dwan letek xoyda "ay ke le serdemî be'sda, çende xom lada û çend car hellhatim ta pêwenebim, bellam wa êsta Part û layenêk, ke Rojgarêk lawêtîm lenêw rîzekanîda befîrroda, xom leser bîrkirdnewey cyawaz destigîrdekat".

Nêw otumebêleke, Dayk û Kçêkî Hawsêyan letek pyawêkî penca Salley têdabû. Alan, be laçawêk, seyrî çekdarekan dekat û le dllî xoyda " ay ke gewc û nahuşyarn, lewaneye pêtanwabêt, ke dastantan tomarkirduwe, eme bû Azadîyeketan, eme bû serwerî Neteweyîtan" ?

Dway têperrkirdnî çend Kollan û Şeqamêk, otumebîleke geyişte berdem (mkafhey mentkawa). Be lêdan û cnêw deste deste, pyaw û jin û Mindallyan dekirde jûrewe, paş pişknîn, le hollêkî gewreyan kirdin, ke nzîkey 100 Kesyan têpestandibû. Barî Ruxsarî her Kesêkyan, beserhatêkî pirr derd û rencî degêrrayewe, Mrov deytwanî radey wrey her Kesêkyan bixwênîtewe, yekê tirsaw .. Yekê rarra .. Yekê xallî le frrufîllî Partayetî û bêdeng. Her yeke le Xeyallêk roçûbû; yekêk le bîrî xoşewîstekeyda, yekêk le Xemî Mallewe, yekêk le Xemî xwêndinî û yekêk le bîrî kar û kaspîyekey û derçûn le Zîndan. Bellam hêşta lay Kes roşinnebû, pirseke çîye û leser çî gîrawn?

Bo alan û saman roşnibû, em Hêrşe bo çatirsandin û sepandnewey dezgey emin (Asayş), berrêxrawe. Çunke ewan serlebeyanî rageyandî djî damezrandnewey dezgey eminyan bllawkirdbuwewe. Paş çend sat, dûbare be pall û sukayetî reşbigîrkrawan berew Şwênêkî dîke swarî otumebîle Serbazîyekan kranewe. Em car

berew Şwênêk, ke Sallêk û çend Mang lewewber, cemawerî begyanhatû, destyan beserda girtbû û dezgekeyan têkişkandibû. Bellam dû hefte lewewber Desellatî Neteweyî serlenwê tazeyankirdbuwewe, ta wek dêwezme lawekanî şar qutbdat. Alan, le demî serkewtin be qadirmekanda, le dllî xoyda " ay ke hemû Rojêk bedyar pertûkekanewe, çende bîrm lewe dekirdewe, ke axo lew dîw ew dîware berzaneda çî hebêt û çî bguzerêt? Bellam wa êsta debête Serpenayek lewaneye çend Mang ya çend Sall Temenmî têda be raburdû bispêrm". Letek geyiştne ber Derge asnînekey nhomî duwem, çend çekdarêk, qayîş û piştwên û klîl û pare û pênûsyan le Zîndanîyekan desend û be şeq û kêbllilêdan berew jûrekanî nêw rarrewekanyan debirdin .

Alan û saman û komellêkî dîkeyan berew dwajûrî rarreweke daye ber lêdan û rawnan. Zyatir le (35) Kesyan kirde ew jûrewe. Her letek daxranî Dergey jûreke, ewaney ke ta kemêk pêş, lenêw Zîndanekey ewla bexoşbawerrîyewe çawerrêy berbûnyan dekrid, kewtne dilldanewey xoyan bewey “hkumetî herêm mafî xoyetî û lêkollînewe bkat û baş û xrap leyek cyabkatewe, taweku Asayşî şar û herêm parêzrawbêt”. Hêşta lay zorîne aşkranebû, ke be hawkarî cendirmey turkye, pelamarî (p. K. K) drawe. Her Kese û derdî dllî xoy dekrid; 'ebdulqadir"axir çon debêt, lêre ramgrin, min beyanî taqîkirdnewem heye", mehmud "min hemû jyanim pîşmerge bûm", mam xdir"min bawkî şehîdim, bexom Pêşmergey elîlûl bûm", mamosta fuad"min mamostay qutabxanem û karm be Ramyarîyewe nîye", mam mewlud "bexwa kurrm mnîş krêkarî kargey cgerem û hîç lew bezm û rezme nazanim û qetîş têkell be Ramyarî nebûm", axazade "min dillnyam bezûîy lêkollîneweman letekda deken û ewey bêtawan bêt, be zûy deçêtewe Mallewe û ewey tawanbar bêt, be szay gel degat...."

Saman : berrêz, kê tawanbare? Detwanî pêmbllêy kêtan bkujn, kêtan sîxure, kêtan bertîlxor û kêtan nokerî dujimnane?

Alan : beboçûnî min hîç Kes behelle negîrawe, eme reşbigîre û bo çawtirsênî Xellke, bo sepandnewey dezge dapllosênerekane, bo gêrranewey barudoxî pêşuwe, her

boye le her gerrek û leher twêjêk çend Kesêk gîrawn, ta Kes newêrêt dij be gêrranewey keşî serdemî be'sîyekan narrazî bêt...

Berdewam bedem kranewey Dergekewe qse û razekan depçirran û Kesêkyan deaxnîye jûrewe. Le jûrêkî beramberda hawar û nalley eşkencedrawan degeyişte keşkelley Asman. Betundî carêkî dîke, Dergeke krayewe û qsewbasekanî brrî û hemû wek kewillkraw le Şwênî xoyan bêdengibûn. Lawêkî kurte bala, qjî lûl û serêkî xirr, fretir le mîsrî deçû, çaket û pantolle nîlîyekey dyarbû, ke hî lengefroşîye, çaketekey be baskî çepîda dabû, be wirdî û hepesawîyewe çawî benêw Zîndanîyekanda gêrra. Lem kateda alan demî birde bnagwêy saman û pêyut " xot meke be xawenî, aram le hewlêr çîdekat, çon dezanêt ême gîrawîn."?

('ezîz)î Zîndanewan : kamanen, kwan Hawrrêkant?

Aram : lêre nîn.

Bedem serbadanewe bewatay nedozînewey hawrêkanî, wîstî berew dwa hellgerrêtewe, Zîndanewan be pall kirdîye jûrewe û Wtî: bo kwê ? To lelay ême mîwanî!

Aram : kake Gyan, axir braderekanî min lêre nîn û min bexom hatûm le dway ewan degerrêm, to natwanî bimkeyte jûrewe!

'ezîzî Zîndanewan : fermû danîşe û zorbllêy meke, ewe fermanî 'eqîd (Simko)ye, bzane çon detwanim!

Tund Dergey daxistewe û laweke be hepesawîyewe, carêkî dî çawî benêw zîndayyekanda gêrrayewe, destbecê saman bangîkrid...

Saman : aram .. Aram

Aram : ewe lêre çîdeken, çon min êwem nebînî, leserçî gîrawn?

Alan : ey pêmannallêyt, to le kwêwe dyêt, dellêyt be mîwanî bo êre hatûy?

Aram : mîwanî çî, min beserdan bo lay êwe hatim, ke çûme Kawilbuweketan, jnekey hesenî Hawsêtan, wtî " le dirzî Dergewe beçawî xom dîtim, asayîş letek ew Malley Xwarewe girtnî". Mnîş, canTakey xom, lay ewan dana û pêmbaşbû bêm le asayîş pirsyartanbkem. Her ke hatme asayîş birdimyane lay berrêweberî asayîş

(Simko) û pêmut, ke dû braderm lelayen çekdarî êwewe, em dwanîwerroye le Mallewe gîrawn û hatûm bzanim boçî û beçî tometbarkrawn. Ewîş yekser wtî " toş komunîstî, yaxwa bexêrbêyt, başe bepêy xot hatûy? Carê em Şew lelaman mîwanbe û ewsa pêtdellêm". Îdî bem core minyankirde lay êwe. Başe katêk ke min hatme demî Dergeke, bo min êwem nebînî?

Alan : rastîyekey xoman le to şardewe, taweku nemanbînî. Hem derkewtinî ktuprrî to, paş çend katjêrêk le destigîrkirdinman le asayîşî hewlêr, boman cêgey sersurrman bû, hem gumanî ewemankird ke pêwebûbî û nemanuyist be bonewey êmewe bitkene jûrewe.

Aram : dey pêyannewtûn bo gîrawn?

Lawêkî Balla mamnawnidî barîkelle (zerrdeşt), qsekey pêbrrî û lêypirsî " kake to le kwêwe hatûy"?

Aram : le slêmanîyewe.

Zerrdeşt: lewê çi xer bû?

Aram : dellên le snûrî turkye şerre, ey to bo gîrawît?

Zerrdeşt : ême sê brayn, dukanî Wênegrîman heye. Katêk ke geyiştme dukan, wityan (Mehmud)î brat gîrawe û pêyangutuwe ta to nerroyt, ew bernaden. Mnîş hatim û wek to bexêrhatinyan lêkirdim û frrêyandame lay brakem û wityan ta ('Umer)î brat neyêt, to bernadeyn, îdî bem core hîwadarm Dayk û babe pîrekeşman nehênne êre.

Selam : ême kargey pêllawman hebû, lepirr komellîk çekdar hatnejûrewe û pelamaryandayn û bexom û Mnall û şagirdekanmewe, bebê ewey pêmanbllên, çî rûydawe û leser çî, rapêçyan kirdîn.

Xdir: bra ewe alan û kake saman dezanin, ke min le Malle cîranêkî ewan mîwanbûm û letek jin û Kçî xawenmallekeda mnîşyan girt. Herçende wtim bra min bawkî şehîd ...m, bellam Kes gwêy lêrranegirtim.

Alan : ewan bexoyan dezanin, boç em hemuwe Xellkeyan destigîrkirduwe û dyare amancêkyan heye. Bêcge le Yasa qerequşîyekey (be's) le çi Şwênêkî em dunyayeda,

bra lecyatî bra û mîwan le cyatî xanexwê û şagrid le cyatî xawenkar, gîrawe? Emane ewe dû hefteye emnekey be's'yan awedankirduwetewe, awadeken, axo paş de Sall çî bew Xellke reşurrûte bken?

Hello : ey çare, xonakrêt, çawerrêy girtnî Mall û Mindallekanîşman bîn?

Alan : pêwîste destbecê manbigrîn, Mangirtin le Xwardin. Ta bexêrayî lêmandeprisnewe û berellamandeken, egîna lem kone emneda damanderrzênin.

Axazade : detanewêt lenêw Zîndanekeşda ajawe bnênewe, êwey komunîst û bêdîn, her xerîkî ewen!

Saman : ême nkollî le komunîstibûnman nakeyn, bellam dillnyabe, eger bexot lenêwmanda sîxurî ewan nebît, qed le pêş êmewe dernaçît, îdî ew mastawkirdne dadtnadat. Ême ajaweçî nîn, ajaweçî ew Partanen, ke fermanrrewan, ewanen ke em beyanîye ême le rageyandinêkda ramangeyand, ke dezgey asayîş bo serkutî Xellke û ewan neyantwanî ême bedro bxenewe û dway çend satêk sedan Kesyan axinye pişt em Dîwarane, meger wa nîye, meger (be's)îş her awaynedekrid?

Alan, hestayewe serpê û çuwe pişt Dergeke û le kunî Dergekewe,seyrêkî Asmanî kird, ke beqeder demî mencellêk lêwey dyarbû. Car care pole kotrêk, spî spî tîşkî xoryan leser ballekanyan deşkanewe û le ast serbanî emneke, bexêrayî têdeperrîn. Ahêkî qull " xozgem be xotan, awa azad defrrin, herçende lem wllate êweş le kuştubirr bêbeş nîn, bellam car carê, ke Mnallanî çeqawesû û çekdarekan agayan lênebêt, ballefrrêyekî êwaranî ban qella, çêjî xoy heye. Axo em êware şoxeke dillgîrekey min, leber qelawe têperrîbêt, axo zanîbêtî bo em êware pertûkekanman le tenîşt tabloy rageyandneke, rîznekridûn? Lewaneye bebyanûy pertûkikrrîn çend carêk be berdem Şwênekemanda têperrîbêt. Ax birrwa nakem, bem zuwane le pişt em dîware berzanewe derbazbîn. Xozge demtwanî wşe be wşey arezuwekanî em dwanîwerroyem be gwêçketda bçirpênim, taweku naumêdî xozgekant cwanemerg nekat. Eger twanîbam, gişt Zîndanekanî cîhanim derrûxandin û çekekanim detwandnewe û Celadekanim be dîwarî pêşewey em emnexaneda dekirdne dawell û hêmayek bo Roje reşekan û sîmay Serbazîyaney şarm degorrî, ta hezî to bo bînînî

Filmêkî romansî, bebê tris û dllerawkê beberdem em eminxaneda têperrê. Bellam şoxekem betenya her to nît, her êsta sedan zarok û jin û pyaw, çawerrêy gerranewey kurr û hawser û bawk û Daykyanin, naaga lewey ke çendîn Dergeyan leserdaxrawn. Ewan naaga le fermanî qerequşî ewaney ke be hîwayekewe bo nwênerî parleman hellyanbjardin, çawerrên, le bêşêwî em êwareda, amêzî pirr mîhrebanî, nîgayekî pirr Xemze û naz, destêkî besoz, qorrey zikyan lebîrbbatewe"...
Şrîxey berrûdadaxistnî kune biçkolekey Dergeke, lew Xeyalle bêkotayye rayçllekand û Zîndanewaneke, qîrrandinî : danîşe, nemut Kes hellnestêtewe, Kes neyête pişt Derge?
Alan, paşewpaş kşayewe dwawe û danîştewe, Nûsînî yadaweyyekanî ser dîwarekey pişt serî sernicîrrakêşa ... "Ax bo satêk azdî, muhemed 5/10/1985", "şîw'yet le sêdare behêztre, 'elî 12/8/1987", "dilldarekem xozgem bew sataney ke le amêzm degritî, azad 28/9/1990", "bo debêt Mrov awa destemo bikrêt? Min tawanim tenya gerrane le dûy Nan, midhet 19/11/1991" .... Benaw kone Şwênî zopakeda, ke be kunêkda be serbanewe bestrabû, gerra û parçe berdêkî nûktîjî dozîyewe û le pişt serîyewe destîkrid, be Nûsîn û hellkollînî dîwareke " hestin ey hozî beşmeynetan/ dîlanî birsîyetî dunya! / Le tenûrî bîrubawerrman / qrrimjinî trîşqeasa / tenûrî axrîne hestin! / Ba hellîpêçîn dewrî kon / rabîn û jêrujûr keyn cîhan / êmey hîç bîn be gişt ey koylan/ axreyn şerre, şerrî serumall / ba yekgirtû bîn hevallan / be înternasîwnal / rizgar debê însan.., alan 5/10/1992"
Berdewam Xellkî frrêdedraye jûrewe û hêndîkyan bo eşkence debirde jûrekey beramber.. Letaw hawarî jûrî eşkence û bêŞwênî û birsyetî û germa û bonî gorewî û binball û hallawî dem û tengawî û pelkêşkirdnî Zîndanyan le rarrewekeda, Kes xewî lênedekewt ... Şrîxey kranewey Derge, her Kesew le Xeyalle bêejmarekanî daçlleka.. ('elî) yekêk le eşkencedere nasrawekan, lawêkî genim reng, barîkele û Ballaberz, poşakî ketafî, ser be lîstî sewz, qîrrandî "bxewn, ewey dengî bêt, heta beyanî darkarî dekem". Hawdemî qsekanî ew, hawarî jûrî eşkence degeyişte Asman.. Dû pasewan Kesêkyan beberdem Dergekeda pelkêşkird... Derge daxrayewe ... Hêndey dîke xew

le çawan zrra. Axir eşkencey derûnî zor le eşkencey cesteyî karatre. Ew deyzanî bo Dergekey kirdewe û gurrandinî. Le rarrewekeda ta dehat, hawar û dad, dengî şelaq û şillpe şilpî aw, rake rak û cnêw, rarrew be rarrew, jûr be jûr lûlî dexward û dengî dedayewe... Axazade, hestaye serpê û Pencerey Dergekey trazand û seyrî derewey kird.. Be xoşî û le xobayîbuwenewe wtî " wek seg, darkarî deken, lewaneye be'sî bêt..". Dengêk le derewe qîrrandî "segbab sert bere nawewe!". Axazade be pelepruzê danîştewe û xoy kirrkird... Carêkî dî şrîxey trazanewey Derge, 'elî eşkenceder, çawêkî benaw hemuwanda gêrra, rû le axazade, ke le hemuwan Ballaberiztir û qellewtir û dyartir bû " kê bû, lew kunewe seyrî derewey dekrid, pêmnelêy darkarîtdekem"!

Axazade: mmimim .. Min bûm..

'elî:segbab bo seyrî derewe dekey, meger nemut bxewn?

Axazade: wtim...

'elî: gutixward, heste, were derewe .. Rû lewanî dîke, her Kes hestêtewe, dway em serey dêt, wek seg btopin!

Axazadey kete û lexobayî, zorcar weha qseydekrid, detut qsekerî mîrîye lenêw Zîndanekeda, hemîşe bêxemî û dillnyayî le berbûnî pêwedyarbû. Serî şorrkird û kewtepêş 'elî eşkenceder ... Her ke Derge daxrayewe, dengî 'elî eşkenceder hat û gurandinî beserîda " ew kêblle bigre û darkarî ew segbabem bo bke.. Axazade wek xoy dwatir danîpêdana, kewte lêdanî Keseke û hawkat 'elî eşkenceder beserî eşkenceder û eşkencedrawîşda deygurand:

-segbab, zyatir destithellbirre, tund le pişt û laqî bde, benêw awekeda rakêşî bke ....

-Wtim nawt çîye ?

+ ay bawkerro, îwsif, nawm îwisfe xotan baştirî dezanin ....

-Çend Kest kuştuwe

+ ay Xwaya, bexwa begyanî Daykim Kesm nekuştuwe, bimkujn ba rizgarm bêt, tuxwa bimkujn ba ledest eşkence asûde bim, eger dezanin Kesêkim kuştwe, îdî bo pirsyarm lêdeken ,

Lebrî ew bimkujnewe, ba asûde bim, daye Gyan mirdim...
-lêyde segbab, em Dayk hîze qsenakat, bîkute, wek seg bîtopêne ...
Nîwekatjêrêk bem core axazade, darkarî Zîndanîyekî dîkey kird û Zîndanîyeke, hawarî kird û parayewe, wtî û wtîyewe, ke Kesî nekuştwe ... Bellam dadîneda... Axazade, rengperrîw, betirsewe xoy be jûrekeda kirdewe .. Hemuwan le tirsî ewey neka 'elî eşkenceder, bangyan bkate derewe, xoyankirdbû be xewtû... Dengî lêdan û rakêş rakêş ta nîweşewêkî dreng herberdewam bû... Kes xewî lênekewt.. Paş royiştnî eşkence-derekan, destbecê her Kese le Şwênî xoyewe kewte pirsyar le axazade ..., alan, ke hem pêştir lêypestibû û hem bem karey ewendey dî rkî lêdebuwewe.. Nîwteney berizkirdewe û pêyut...
- her wek le serdemî be'sda detanbîst lem eminxaneda çî rûdedat, çon lawanî em şare debûne xorakî em dêwezme, ewa êsta beçawî xotan debînin, ke kurrekanî gel, Gyan-leserdestekanî dwênê, çon wek qutabî be'sîyekan, ewey ewan firyanekewtin bîken, eman tewawîdeken. (Rû le axazade) kakî qareman, xo to xot watenî ajaweçî nît, bo portyan şkandî? Cyawazî to û ewan çîye, ke be fermanî ewan çawî Zîndanyan debestî û darkaryan dekey? Dyare to lenêwmanda nokerî ewanî, eger na, boçî sozî hawnîştmanî û hawneteweyt wek xot pagendey bo dekeyt, bo ew bedbexte nebizwa? Ya to drodekey ya xudî pagendey hawnîştmanî û hawnetewîy bexoy droye û le rastîda Nîştman bo êmey nedar, Zîndanêkî gewretir lem Zîndaneye?
Eşkencey derûnî, hemuwanî şeket kirdbû, her Kesew le Xeyallî xoyda xozgey bewe dexwast, ke Kesêk hebêt û le raz û nyazekanî dllî bgat.. Mnallanî bedbext le çawerrwanî Dayk û bawkî Zîndanîyanda helltruşkabûn û xêra xêra bedem xewî trisnakewe dadeçllekan û Şewgar beqed çaxe tarîkekanî mêjû drrêj bûbû, hîwakan le pişt Dergey Zîndanekanda ejnoyan şkabû.....

* 05î Oktoberî 1992 Rojî fîdrallî le Kurdistan. Ew Rojhî ke hêzekanî emnî mîrayetî herêm, le şarekanî jêr Desellatîda, destyan be reşbigîrîyekî berfirwan kird û Zîndanekan be sedan Kesî çalak û narrazî awedankirdewe.

# کۆترەخوێناوییەکە

چەند ڕۆژێك بوو، ئارامی شار شێوابوو، سیمای سەربازگەییانەی قەڵا، سەردەمی هێرشەکانی هۆلاکۆی لای خەڵك وێنادەکرد. پێشتر خەڵك لە سەنگەرەکانی دەوروبەرەوە لاشەی کوڕ و هاوسەر و برا و باوکیان بۆ هاتبووەوە، ڕك و بیزاری لێوانلێو بوو. خەڵکی لەبیری پاشەکەوتکردنی خۆراکدا بوو، میلیشیای پارتە فەرمانڕەواکان هەردوو دەرگەی شاریان گرتبوو، ڕێگەیاننەدەدا خەڵك هاتوچۆی ئاسایی بکات، هەر بۆیە نرخی شتومەك لە بازاردا وەك لافاوی بەهار لە هەڵچووندابوو.

ئێواران زەردەی دەمکەل، دەتوت شکانەوەی وێنەی دەریای خوێنە لە ئاسماندا بەیانیانیانیش دوکەڵی هاوەن و ئارپیجی، بزەی کازیوەی لە پشت خۆیەوە دەشاردەوە. ترسی مەرگ، خوێنی لە دەماردا دەمەیاند و ڕوخساری خەڵك زەردهەڵگەڕاو وەك خەزان، مۆتەکەی ئاوارەبوونەوە، ئۆقرەی لە خەڵکی ڕەشوڕوت بڕیبوو. ڕەنگی هەڵبزرکاو و چاوی واقوڕماوی دەستفرۆشانی شێخەڵا، ترپەی نائاسایی دڵی خوێندکاران، ترس و ڕاکەڕاکەی ژنانی ئاوکێشی دارەتوو و کەسنەزان، سیمای شەڕی میلیشیاکانی(لوبنان)یان بە شار بەخشیبوو. سەنگەری سەربانی ماڵان و دامەزراوەکان، لولەی مەرگی ڕوو لە خەڵك لەنێو ئۆتۆمۆبێلی سەربازی میلیشیاکان، هەموو یەك پەیامیان لەسەر ڕۆژنامەکانی کازیوە و هەواڵنامەکانی خۆرنشین ڕادەگەیاند " ئەمڕۆ یا سبەی، دێوەزمەی مەرگ لە باوەشتاندەگرێت، ئێوە ساواکان، کرێکارانی مافوور و چنین و جگەرە، ژنانی لەنگەفرۆش، میردمناڵانی سواڵکەر و بۆیاخچیانی پێش چێشتخانەکان، ئێوە ئەی پاسەوانانی کۆیلەتی، ئەی ئەوانەی کە مەرگ لە لولەی چەکەکانی ئێوەوە سنگی خەلك نیشانەدەگرێت.

شەوانە چەکدارەکانی فلان و فیسار، لێرەو لەوێ لە باداوا و کەمەربەندی شار، بە ڕووی یەکدیدا هەڵدەشاخان و چەند ماڵە هەژارێك، کە هێشتاکە دێوەزمەی ئابلۆقەی ئابووری گیانی نەکێشابوون و توانیبوویان بە پاشماوەی زبڵدانی نیشتماپەروەران و کارتۆن و ڕیخ و سەوزە و تەڕەی گەنیوی بازارەکان گیاندەرکەن، دەکەوتنەبەر بەزەیی گولەهاوەن و فیشەك، فیشەکە وێڵە نا، بەڵکو لە لولەی چەکی هاوسێکەیانەوە دەردەچوو. ئەم جارە دایك و باکی ئەو پێوە نەبوون، خوشکە چکۆلەکەی تۆ بەرکەوت و هەزار و یەك خۆزگەی مناڵانەی لە دڵدا خەڵتانیخوێن بوون.

هەموو پارتە بەناو ئۆپۆزسیۆنەکان کەوتنە خۆکۆکردنەوە و ئامادەیی بۆ هێرشێك، کە بۆی

هەبوو لەلایەن نەیاری پارتە دۆستەکەیانەوە بکرێتە سەریان، یا بۆ دەربڕینی هەڵوێستی هەڵپەرستانە و فریودانی جەماوەرێك، کە ناڕەزاییان بەرامبەر پارتە فەرمانڕەواکان دەردەبری. هەمووان هەر لە بەشدارانی دەسەڵاتەوە تا پاشکۆکان و بێدەسەڵاتە دەسەڵاتخوازەکان، کەوتنە ژاراوکردنی مێشکی جەماوەر بە بیری نیشتمانپەروەری و نەتەوەچییەتی، تاوەکو جەماوەری بەگیانهاتوو، دەست بۆ هیچ هەوڵیکی شۆڕشگێڕانە بۆ لەنێوبردنی شەڕ نەبات.

هەوڵی زیندووکردنەوەی بەرەی کوردستانی و پێکهێنانی کۆمیتەی ئاشتی و دژی شەڕی براکان، یەکێك بوو لەو هەوڵانە و لەلایەن ڕێکخراوە نەتەوەچی و نیشتمانییەکانەوە، لەو لاشەوە چەپ و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە هەوڵی بەرگرتن بە شەڕێك بوون، کە لە تەقینەوەدا بوو.

گەرمای هاوین، تاوی سەندبوو. سێبەر بەرەو خۆرهەڵات لە کشاندابوو، هەموو کەسێك گوێی بۆ بیستنی دەنگی تەقوهۆڕ هەڵخستبوو، پێکدادانەکەی دوێنێ ئێوارەی لای «یاریگە»ی شار، وەك بانگەوازێك زۆربەی ئەندامان و هەڵسوراوانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی لە بنکەی (یەکێتی بێکاران) کۆکردەوە، کارایی نزیکبوونەوەی شەڕ لەسەر هۆش و بۆچوونی کەسەکان هێندە تاوی سەندبوو، قسەوباسەکانی بەڕادەی هەڵچوون و نائارامی گەرمکردبوون. لەنێو بەشداربووواندا سێ بۆچوون بەرجەستە بووبوون؛ نەرمڕەو (ئاشتیخواز)، کە زۆرینە بوو، میانەڕەو (دەسەڵاتخواز)، توندڕەو (بەرەنگاری جەماوەری)، کە کەمایەتی بوو، بەڵام هەر سێ لا لەسەر ئەوە هاوڕابوون، کە دەبێت شتێك بۆ بەرگرتن بە شەڕەکە بکرێت. مشتومڕ لەسەر ئەوەی چی بکرێت، تا دەهات گەرمتر دەبوو، هەندێك جار هەڵچوون و توانج لەیەکدان و هەندێك جار ئارامی و خاوبوونەوەی دەمارەکان. یەك لە دوای یەك نۆرەی قسەکردن بەرنەدەکەوت، هاوبۆچوونانی دوێنێ، دژەبۆچوونی ئەوڕۆ بوون و دژە بۆچوونانەی دوێنێ نزیك و هاودەنگ. مەترسی شەڕ، هۆکارێك کە هەموو هاوسەنگییەکانی تێکدابوو..

عەبۆ: هاوڕێیان، بەبۆچوونی من ئێستا دەبێت لە بیری ئەوەدا بین، کە شەڕ ڕابگرین، نەك پێشنیاری دەسەڵات یا شورا. جەماوەر لەم کاتەدا ڕاگرتنی شەڕیاندەوێت نەك شتی دیکە ! وەك باسمان کرد، ئێمە لە بانگەوازەکەماندا بۆ گشت لایەن و ڕێکخراوەکان، خوازیاری ڕاگرتنی شەڕین، لە وەڵام بە بانگەوازەکەمان، چەند ڕێکخراوێك ئامادەیی خۆیان بۆ خۆپیشاندانی هێمنانەی ئەم دوانیوەڕۆیە دەربڕیوە.

دلۆ: ئێمە، هەموو کات پێشنیاری شورا دەکەین، خەڵك دەبێت

شورای گەڕەك و کارگەکان پێکبهێنن، کاتێك کە توانیمان شەڕ ڕابوەستێنین و شار لە میلیشیاکان چۆڵبکەین، ئەو کات شوراکان و ئێمە و هەر لایەنێکی دیکە کە پشتیوانی

پێشنیارەکەی ئێمە دەکات، لە بەڕێوەبردنی شاردا بەشداریدەکەین. بەڵام ئێمە دەبێت ئەوە بزانین، کە نابێت ڕێگە بدرێت هیچ لایەنێکی شەڕکەر ئەم هەلە بۆ خۆی بقۆزێتەوە بۆ هێرش بۆ سەر بەرامبەرەکەی.

عەلۆ: بەڵام هاوڕێیان، وەك ئاشکرایە بە درێژایی مێژوو، شەڕی بۆرژوازی چ لە نێوان دوو دەوڵەت یا لە نێوان دوو میلیشیاتدا بوو بێت، تەنیا بۆ لاوازکردنی چەوساوان بووە و بە هەمان شێوەش ئاشتی بۆرژوازی بۆ سەقامگیرکردنی ئەم لاوازییە و جێگیرکردنی یاسا و بەرژەوەندییەکانی. بۆیە وەڵامی ئێمە بۆ ئەم هەوڵەی بۆرژوازی، بۆ ئەم شەڕە، ئاشتی نییە، بەڵکو لەنێوبردنی شەڕە بە شەڕی شۆڕشگێڕانە. هیچ کات ئەو دوولایەنە واز لە شەڕ ناهێنن، چونکە ڕاگرتنی لە دەستی ئەواندا نییە و هیچ کاتێکیش چەکدارە خەڵەتاوەکانی بان ساختمانەکان و کەناری شەقامەکان چۆڵ ناکەن و بەرەکانی شەڕ بەجێناهێڵن، تەنیا ئەو کاتە نەبێت، کە جەماوەر پشتیبانبەردەدات و جەماوەر بەرامبەریان سەنگەر دەگرێت. پێویستە ئێمە هەر هەنگاوێکمان بەم ئامانجەوە بێت؛ چ پاگەندە و چ ڕێپێوان و چ پێکهێنانی دەستەی چەکدار و شورا.

عەبۆ: ئەم برادەرە دەیەوێت، بە خەیاڵپڵاوی کۆمونە بەرپابکات. ئێمە ئێستا بێجگە لە ڕاگرتنی شەڕ، هیچی دیکەمان پێناکرێت ئەمە خۆدزینەوەیە لە کارکردن.

دلۆ: نا هاوڕێیان، ئەم دوو بۆچوونە هیچکامیان، ناگونجێن، ئێمە دەبێت ئەم هەلە بقۆزینەوە و شوراکان دروستبکەینەوە، شار لە چەکدار چۆڵبکەین و لەنێو شاردا بە خۆمان دەسەڵات بگرینەدەست.

عەلۆ: باشە هاوڕێیان، وا شارمان لە چەکدار چۆڵکرد و شوراکان سێیەکی دەنگیان بەدەستهێنا، ئەوا دوو بەرامبەر دەنگ بە شەڕکەران دەدەن و هەم نەخشەکێشەرانی شەڕ، بە سەرکوت-کردن ناچاریاندەکات. هەروەها لە وەڵامی ئەو برادەرەی دیکەدا، باشە ئەگەر شەڕی شۆڕشگێڕانەمان پێناکرێت، ئەوا ناشتوانین شۆرشگێڕبین، دەی کەواتە بە بۆچوونی تۆ، دەبێت دژەشۆڕشبین و داوا لە باڵەکانی بۆرژوازی بکەین، کە واز لە شەڕە میلیشاییەکەیان بهێنن و وەك دوو برای نەتەوەیی، سەروەریمان بکەن.

دلۆ: ئەم برادەرە لە قسەکانیدا زۆر نائومێد دیارە و باس لە بوونی هێزیکی کە دەکات، کە لە پشتی ئەم شەڕەوە بێت. بەڵام وەك ئاشکرایە، ئەم شەڕە ڕەگوڕیشەی کۆنی هەیە و لە ئێستادا قەیرانی ئابووری و کێشە لەسەر دەسەڵات، هۆی سەرەکی هەڵگیرسانەوەی شەڕەکەیە، نەك لە بەرامبەر پرۆلیتاریادا.

عەلۆ: بە بۆچوونی من، ئەم شەڕە یا ڕاستر بڵێین ئەم شانۆگەرییە، درێژەی هەمان شانۆگەری شەڕەکانی کەنداوە. چونکە ئەوە چەند مانگێکە خەڵك بەکوشتندەدەن، کەچی تازە بە تازە لە ڕاگەیاندنەکەیاندا باس لەوە دەکەن، کە "زۆر ناشیرینە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا جنێو و ناووناتۆرە بە سەرۆکەکان بدرێ"، تازە خەریکە ڕایگەییێنن، کە شەڕە! گەر ئەمە شانۆگەری نییە، ئەی چییە؟ دیارە وەك لە گەڕانەوەی لەشکری بەعسدا بۆ سەرکوتی خەڵك ١٩٩١دا دەرکەوت، کە ئەمەریکا و هاوپەیمانە کوردەکانی دەرهێنەری ئەو شانۆگەرییە بوون و ئامانجیش تێکشکاندنی بزووتەنوەیەك بوو، کە لە دەرەوەی نەخشەکانی ئەواندا ڕاپەڕی. بە بۆچوونی من تەنیا کارێکیش، کە پێویستە دەستی بۆ بەرین، ئەوەیە : یەکەم، بانگەوازی گشت چەکدارەکانە بۆ ڕاگرتنی شەڕ و گەڕانەوە بۆ ناو ڕیزەکانی جەماوەر بکەین. دووەم، خۆپیشاندانی بەردەوام لە گەڕەك و شوێنەکانی کارەوە بۆ سەر بنکەکان و دامەزراوەکان، بەشێوەی سەرتاسەری. ڕێکخستنی خەڵك بۆ دەرکردنی چەکدارەکان لە سەربان و گەڕەکەکاندا، تاکاتێك کە هاوسەنگی هێز بە قازانجی جەماوەر دەشکێتەوە، ئەو کات زەمینە بۆ ڕاپەڕینی چەکدارانە لەباردەبێت. هەڵبەتە ئەوەمان لەبیرنەچێت، کە پێویستە ئەم هەوڵە سەرتاسەری بێت، نەك تەنیا لێرە، وەك ئەوەی چەند مانگە لە ناوچەکانی دیکە شەڕە و کەچی تازە لێرە داچڵەکاون. شورا و هەر ڕێکخراوێکی خەباتکار و شۆڕشگێڕ لە هەناوی بزووتنەوەیەکی ئاوادا دێتەدەرەوە، نەك بە بانگەواز و دروستکردنی لە بنکە پارتییەکاندا!

دلۆ: هاوڕێیان بەبڕوای ئێمە دەبێت شوراکان دروستبکەین و شەڕ ڕابگرین. گرنگ ئەوەیە ئەم ئێوارەیە چیبکەین؟ ئێمەش ئەو هەنگاوەمان پێباشە، بەڵام بە خەیاڵ نا ! تائێستا لە قسەو-باسەکاندا ئاوا دەردەکەێت، کە زۆرینە لەتەك ئێمەیە، لایەنی دووەمیش، لێرەدا بە خۆپیشاندانی ئارام و کاری هاوبەش لەتەك هەر لایەنێك، ڕازییە. کەواتە شتێك نەماوە تا لەسەری بووەستین. لە وەڵامی ئەو برادەرەدا، دەڵێم ئێمە بێدەنگ نەبووین، بەڵکو بەیاننامەمان دەرکردووە.

عەلۆ: هاوڕێیان، ئێمە ناتوانین نیشانەی ئاشتی لە قوڵ بکەین، ناتوانین هەڵگری دروشمێك بین، کە لە خزمەت خودی بۆرژوازیدایە، ناتوانین بەبێ ئامادەیی، خەڵك بکەینە نیشانەی تفەنگەکان.

عەبۆ: بە قسەی ئێوە بێت، تا پرۆلیتاریای جیهان یەکنەگرێت،

دەبێت چاوەڕوانبین. ئەمەش بۆ ئەورۆ تەنیا شانخاڵیکردنە لە ژێر ئەم ئەرکە، هاوڕێیان. گەر قسەیەك نەماوە، با بڕۆین !

ئامادەبووان، بێجگە لەوانەی، کە هاوڕای عەلۆ بوون، بەرەو شوێنی یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی خۆپیشاندانەکە کەوتنەڕێ. بەناو دەستفرۆشەکانی بازاری شێخەڵڵادا بەرەو مەیدانی نافورەکەی قەڵا تێپەڕین. لەتەك هەر هەنگاوێکدا بە کۆمەڵ خەڵك دوایاندەکەوت، ڕك و بێزاری خەڵکی بەرادەیەك بوو، کە دەتگوت هەموو کاتی کەوتنەڕێی ئەم شەمەندەفەرەیان دەزانی، تا گەیشتنە سێڕای نافورەکە، چەند هەزار کەسێك کۆبوونەوە. حەشاماتەکە لە وەستانیدا شەپۆلیدەدا، دروشمی جۆراوجۆر دەنگەکان هێندە ناڕێکبوون، لە چەند مەترێکیشەوە تێگەیشتن لێیان سەختبوو. لە ناوەندی حەشاماتەکەدا کەسێکیان بەرزکردەوە و دەستی بە نیشانەی داواکردن لە خەڵکەکە تا بێدەنگبن، بەرزکردەوە، چەند جارێك کۆکی و بڵندگۆکەی لە دەمی نزیك کردەوە ....

قسەگەری یەکەم: جەماوەری بەڕێز، ئێمە دژی شەڕین، با ئاشتی بگەڕێتەوە، با شەڕ ڕاگرین، با پارەی تەقەمەنی و خەرجی شەڕ، بدرێت بە داودەرمان بۆ منالان ... هەر ئێستا هەزاران منداڵ لەبەردەم هەڕەشەی مەرگدان، کەچی سەدان هەزار دینار دەکرێنە خەرجی چەك و تەقەمەنی قەد لە خۆتان پرسیوە بۆچی؟ دەی کەواتە هەموو بەیەك دەنگ با بڵێین، نا بۆ شەڕ،بەڵێ بۆ ئاشتی! .. نا بۆ شەڕ،بەڵێ بۆ ئاشتی! .. نا بۆ شەڕ،بەڵێ بۆ ئاشتی!

قسەگەری دووەم : ئازیزانم، خەڵکانی دژی شەڕ، بڕواننە ئەم بارە کە پارتە فەرمانڕەواکان دروستیانکردووە، بڕواننە باری ژیانتان، ئاوارەکان .. خەڵکی ئەم شارە، شەڕ چ بەدبەختییەکی بەسەر-هێناوین، ئایا کەس لە ئێوە خوازیاری ئەم شەڕەیە؟ کێ دەنگی بەم پارتانە داوە، تا هەر کات ویستیان هانا بۆ شەڕ بەرن؟ کاتێك کە بۆ خەڵکی داوای ئازووقەیان لێدەکەین، لە وەڵامدا پێماندەڵێن "میریمان ساوایە و بودجەمان نییە! "، کاتێك کە بۆ ئاوارەکانی کەرکوك داوای خانوویان لێدەکەین یا داوایان لێدەکەین کە لە کەلاوەی سەربازگەکاندا دەریاننەکەن، لە بەرامبەردا دەست بە پارانەوە و بیانوو هێنانەوە بۆ خۆدزینەوە دەکەن و لە کەلاوەکاندا دەرباندەکەن و سەربازگە و دەزگەی هەواڵگری بۆ گیانی خەڵك ڕێکدەخەنەوە و هەر کاتێکیش دەنگۆی شەڕبێت، فرمێسکی تیمساحی بۆ ئاوارەکان دەڕێژن. ئاوارەکان، خەڵکی بەڕێزی شار، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە هەمووان بەیەك دەنگ بڵێین نا بۆ شەڕ، بەڵێ بۆ ئاشتی .. نا بۆ شەڕ،بەڵێ بۆ ئاشتی!.. نا بۆ شەڕ،بەڵێ بۆ ئاشتی! .. نا بۆ شەڕ،بەڵێ بۆ ئاشتی! .. نا بۆ شەڕ،بەڵێ بۆ ئاشتی!

لەم کاتەدا لە شەقامی باتەوە بەشی دووەمی خۆپیشاندانەکە گەیشتە بەرۆ، کە لە کۆمەڵێك کۆمەڵە و ڕێکخراو پێکهاتبوو، بە چەپڵەڕێزان پێشوازییان لێکرا .. حەشاماتەکە هێندە گەورە

بووبوو، لەلایەن ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکەوە کۆنترۆڵ نەدەکرا.. ئیدی دروشم و هاواری خەڵك، دروشمە ئامادەکراوەکانی دەستەی بەڕێوەبەر نەبوون، بەڵکو قسە و ویستی ناخی خەڵکەکە بوون و هەر کەسە قسەی دڵی خۆی دەچڕی ...

قسەکەری سێیەم : حزبی ئێمە، حزبی چینی کرێکار و زەحمەتکێش، دژی شەڕ تێدەکۆشێت. ئێمە خوازیاری ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕین. ئێمە جەماوەر بۆ وەستانەوە دژی شەڕ و خۆڕێکخستن لە شورای کارگە و گەڕەکەکاندا، بانگەوازدەکەین. دەبێت هێزە شەڕکەرەکان لەنێو شار بچنە دەرەوە. ئێمە خوازیاری پێکهێنانی دەسەڵاتی شوراییین، نا بۆ شەڕ، بەڵێ بۆ ئاشتی.

پاش چەپڵەلێدان، نوێنەری بەشی دووەمی خۆپیشاندانەکە، کە لە بری چەند ڕێکخراوێك قسەیکرد، بەرزکرایەوە ...

قسەکەری چوارەم: جەماوەری بەشەرەف، وا لەم نێوەدا دوو پارتی برا شەڕیانە و تەنیا دەستکەوتی مێژوویی نەتەوەکەمان (پارلەمانە - کۆرپەکەمان) لەدەستدەچێت، کۆرپەی دەسەڵاتی نەتەوەییمان زیندەبەچاڵدەکرێت. فریاکەون با بە هەموو لایەکمان ئەم شەڕە ناڕەوایە، کە ناحەزانی نەتەوەکەمان ئاگری خۆشدەکەن، ڕاگرین. دوو پارتی برا، بە بەشداری گشت دڵسۆزانی نەتەوەکەمان، فەرمانڕەوایی ئەم خاکە ئازادە بکەین. ئێمە کۆمیتەیەکمان پێکهێناوە و بەناوی "کۆمیتەی دژی شەڕی براکوژی"، بەیانی بەناوی ئێوەوە دەچینە بارگە کاك مەسعود و مام جەلال و داوای ڕاگرتنی شەڕیان لێدەکەین ...

ئەو ڕۆژانە هەرکەس چ بە چاك و چ بە خراپ بدوایە، هەر چەپڵەڕێزانبوو، چونکە خەڵکی لە سەردەمی سەرۆکی سەرۆکانەوە تووشی ئەم دەردە کوشندەیە بووبوون. دەنگە دەنگی خەڵکەکە، زەنگی ئەوە بوو، کە ناڕەزایەتی خەڵك دژ بە شەڕ لە سەرووی ئاستی بیرکردنەوەی پارتەکانەوەیە. هەرکەسە لە شوێنی خۆیەوە دەنگی بەرز دەکردەوە ...

- ئێمە نەهاتووین تا بتاننێرینە خزمەت جەنەڕاڵەکانی شەڕ.

- تەنیا بە لەنێوبردنیان وەك (بەعس) کۆتایی بە شەڕ دێت.

- ئیدی لەمە زیاتر ناتوانین چاوەڕێی بەڵێنەکانیان بین، مەرگ لە چاوەڕوانی مەرگەسات خۆشترە. نە دەتوانین بێینەدەر، نە دەتوانین شەوان بێخەم لەماڵی خۆشماندا سەرخەوێك بشکێنین، تاکەی چاوەڕوانی مەرگ، ئیدی بەسە !

ڕك و بێزاری خەڵك لەوە دەرچووبوو، کە بتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت. دەستەی سەرپەرستی

خۆپیشاندانەکە ڕایانگەیاند " ئەوڕۆ کۆتایی بە خۆپیشاندانەکە دەهێنین و سبەینێ سات (٤)ی پاشنیوەڕۆ لە مەیدانی کۆتری ئاشتی کۆدەبینەوە، ئێستا داواتان لێدەکەین، بڵاوەی لێبکەن " ....
لایەن و ڕێکخراوەکان هەر یەکە و جەماوەری لافیتەبەدەست و خەڵکانی خۆیان بەرەو بنەککانیان بەرێکردەوە. ئەوەی مایەوە، کەسانێك بوون، ئیدی چاوەڕوانی و دانبەخۆداگرتن بۆیان واتای نەبوو، هاتبوون ئارامی بۆ شار بگێڕنەوە یان گیانی خۆیان بووبوو بەبار بەسەریانەوە، لێی ڕزگاربن، هاتبوون لە جامی پڕبووی ڕك و بێزارییان، لافاوی ڕاپەڕین هەستێنن و بارگەکانی شەڕی کۆیلەتی ڕابماڵن. لافاوی بێزاری بەهەموو لادا شەپۆلی دەدا، خۆپیشاندەران یاخییانە بەرەو بەردەم بارگەی پارێزگا ئاسایش ملیان دەنا. لەوێش کۆمەڵێك گوێیان بۆ نوێنەری پارتی مافی چارەنووس، کە لە هەوڵی ئەوەدا بوو ڕك و بێزاری جەماوەری بەگیانهاتوو بەلاڕێدا بەرێ، تاکو لە دژی پارتە ڕەقیبەکەی بەکاریبەرێت. بەڵام ئەمە تەنیا خەونی نێو کۆشکی سەروەران بوو. حەشامات شەپۆلیدەدا و خەڵکەکە دەستیکردە هەیا و هوو و فیکەلێدان. نوێنەری سەوز ناچاربوو، واز لە قسەکانی بهێنێت. هەراو و هاو هوی خەڵکەکە ناچاریکرد، بەرەو بارگەی سەوزی بگەڕێتەوە. ئەو جا ڕێپێوانگەڕان بەرەو بارگەکانی پارتی دایك و ئۆتۆنۆمی بە پێچەوانەوە ملیاننا و بە "دروشمی خۆتان و شەڕتان بۆ دەرەوە" بە بەردەم بارگە زەردەکەی (شیراتۆن)دا، کە وەك دومەڵێك لەنێوشاردا هەڵتۆقیبوو، تێپەڕین. پیاوانی سەرۆك وەك پیشەیی هەمیشەییان ئاسمان و زەوییان لە جەماوەری ناڕازی و دژەشەڕ، کردە ئاگر و هەرچی بەشە بودجەی داودەرمان بوو، کردیانە ئاگر و ئاسن و بەسەر خۆپیشاندەراندا باراندیان ... خۆپیشاندەرانی بێچەك و دژەشەڕ ناچار لە بەرامبەر دەستڕێژی نەبڕاوەی قارەمانانی شەڕدا، بە چەند برینداریکەوە ئەو ناوەیان چۆڵکرد. ئەو بریندارانەی کە لەبەردەم دەرگەی بارگەی شەڕکەراندا بەجێمابوون، خزێندرانە ژێرزەمینەکانی ئەشکەنجەدان.
خۆر وەك خوازیارانی دڵشکاوی ئاشتی، بەرە بەرە ئاوابوو و شەوی شەڕکەران باڵی بەسەر شاردا کێشایەوە. لە ترسا توند توند دەرگەکان داخران و کەس نەیدەویرا بە ئارامی لە ماڵی خۆیدا سەرخەوێ بشکێنیت. بەشدارانی چاوەڕێی خۆپیشاندانەکان، لە چاوەڕوانی هەڵکوتانی دەستە شەوکوتەکاندا خەویان لێزڕابوو. دەرکەوتنی خۆر لە دەمکەلدا نیشانەی زیندوومانەوە بوو، تیشکی خۆر لە تەپوتۆز و دوکەڵی شەڕدا، کەم ڕەنگتر بەرچاو دەکەوت، تیشکی ڕوناکی خۆر ترسی تارماییە بکوژەکانی لە دڵی خەڵکدا دەڕەواندەوە. سیمای شار، دوودڵی پێوە دیاربوو. هەرکەسە و کاتێك کە بەرەو شوێنی کار دەکەوتەڕێ، دڵی لە مشتیدا بوو، نەوەك بەو بەیانییە زووە، دەستە شاراوەکان بیڕفێنن. سات بە سات خەڵك لە چاوەڕوانیدا بوو، تا بزانێت ئەو

ئێوارەیە چ ڕوودەدات. سەرشەقام و کۆڵانەکان بە یاساوڵ و هەواڵگرەکانی زانیاری و پاراستن گیرابوون، تا لە جموجووڵی خەڵك ئاگاداربن و نەخشە و پیلانەکانیان بۆ سەرکوت باشتر دابڕێژن.
کاتی وەڵاموەرگرتنەوەی پرسیارە بێئەژمارەکانی خەڵك نزیکبووبووەوە. ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی دەسەڵاتداران هەڕەشە و گوڕەشەیان لە خەڵك دەکرد، ئەگەر دەست بۆ کاری ئاژاوەگێڕی بەرن، مەبەست لە ئاژاوە، خۆپیشاندانی دژی شەڕ بوو.
خۆر گەرم گەرم داگەڕابوو، دەتوت نەفرەت لە شەڕ و ئاشتی دەوڵەمەندان و هەژاران دەکات، گەرم داگەڕابوو تا خوێن لە موولولەکانی خەڵکدا جۆشبدا و بۆ ڕاپەڕینەوە هانیانبدات. خۆر گەیشتبووە لای چەپی کۆترەکە. هەر ڕێبوارێك کە دەگەیشتە لای، لێدانی دڵی خێراتردەبوو. کۆترۆکەی ئاشتی، داماو سەری لەنێو باڵەکانیدا حەشاردابوو... ترپەی دڵی چەند گەڕەك ئەولاتر دەبیسترا ... هێز لە باڵەکانیدا بڕابوو.. ئاوازی ئاشتی لە قوڕگیدا خنکابوو و بەترسەوە چاوی بڕیبووە ئەو لولەچەکانەی، کە لە پشت کەلاوەکانی کۆڵانی تعجیل و عەرەبان و سەر تەلارە سەوزەکەی بەرامبەر بانکی هەرێم، دڵی خەڵکیان نیشانەگرتبوو و لە دوێنێ شەوەوە لەسەر سەنگەرگرتن و لە خوێنگەوزانی جەماوەر، ڕاهێنرابوون.
لە گشت لاوە خەڵك بەرەو چواڕیانی مەیدانی کۆترەکە خڕدەبوونەوە، کەسانێکی زۆر لەتاو گەرمی خۆرەتاو، خۆیان هاویشتبووە سێبەری دوکانەکان ... نوێنەری کۆمەڵەی ئاوارەکان، دەنگی هەڵبڕی. کۆترۆکانی ئاشتی، کە بینیان پەنجەی مەرگهێنەر، پەلەپیتکەی چەکەکان فشاردەدات، دڵەخورپەیان تاویسەند، باڵشکاو فریانەکەوتن لەبەردەم ڕێژنەی مەرگدا هەڵفڕن. لە گشت لایەکەوە، ڕەهێڵەی گولەی پاگەندەکەرانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ، دایکرد. دەوروبەری مەیدانی کۆتری ئاشتی لەبری سەنگەرەکانی پێشەوەی ڕژێم، درایە بەر ئاگری چەکی قارەمانانی شەڕ. جەماوەری مۆڵخواردوو، شلەژا و هەڵەداوان تەنیا ڕاستە شەقامی بازاری سیروان و باتە دەرەتانێك بوون بۆ دەربازبوون. لە چاوتروکانێکدا جەستەی لە خوێنگەوزاوی چەند بریندار و کوژراوێك بوونە تابلۆی ئاشتی لەسەر شەقام و شۆستەکان. لە ماوەی نێوان دەستڕێژەکاندا، هەر چۆن بوو بەشدارانی خۆپیشاندانەکە توانیان بریندارەکان ڕزگاربکەن و بە تاکسی بەرەو فریاگوزاری بیانگوێزنەوە. هەرچەندە هەڵسوڕاوانی یەکێتی کارمەندانی نەخۆشخانەکان بەو کارە هەستان، بەڵام فریا نەدەکەوتن و جەستەی لە خوێنگەوزاوی چەند کەسێك لەو ناوە کەوتبوو ڕزگار بکەن. بەرامبەر کۆتری ئاشتی، جەستەی بێگیانی لاوێکی عەرەبزمان، کە هێشتا تابۆکەی دەستی کە لەسەری نووسرابوو "لا للحرب، نعم

للسلام، يعيش مام جلال و كاكه مسعود..." بەرنەدابوو، خوێنی گەشی تەختە سپییەکەی، کە نیشانەی ئاشتیخوازی بوو، سوور سوور نەخشاندبوو، خوێنی وردەوردە نووسینەکەی دادەپۆشی، دەتوت توند گرتوویەتی تاکو ناسیونالیستەکان بە تابووری پێنجەم تاوانبارینەکەن و بیسەلمێنێت، کە دژی (بەعس)ە و دۆستی خەڵکی کوردستان. ئەو نەیتوانی لەو خەونەی ئاشتیپەروەری داچڵەکێ و تابلۆکەی بە نێوچەوانی ئەوانەدا بچەقێنێت، کە ئاشتیخوازییان لەتەك سەروەران فێرکردبوو.

ئەم دیمەنە بووبووە تان و پۆی سرودی خرۆشانی جەماوەر و چڕنوکگیرکردنی ئازارەکانیان بەدەم گیانەڵاوە لە شۆستەکان و بە خوێنی گەوزاویان ئەم پرسیارانەی لە مێژوودا نووسییەوە "ئا ئەمە بوو ڕزگاری نیشتمان، کە ساڵانێك مژدەیمان پێدەدرا؟ ئا ئەمە بوو بەرهەمی گیانبەخشینی هەزاران و دەنگدانی ملیۆنیمان؟ ئا ئەمە بوو دەستکەوتی ڕاپەڕینەکانی ئازار و ئەیلوولی ۱۹۹۱؟

دوکان و بازار، گشتی داخرابوون، هەر دەتگوت ڕۆژانی پاش ڕاپەڕینە کاتێك کە لەشکری (بەعس) گەڕایەوە. ڕێبواران بە خێرایی تێدەپەڕین، وەك بڵێی سێبەریان بووەتە مەرگ و ڕاویاندەنێت. لە تەنیشت پردەکەی تەعجیل، چەند کەس لە سەرپەرشتیگەڕانی خۆپیشاندانەکە یەکیان گرتبووەوە تا بیرێك لە داهاتووی خۆیان بکەنەوە، نەکا سبەی شتێك ڕووبدات. سەروکەلەی عەلۆ، کە بەشداری خۆپیشاندانەکەی نەکردبوو، پەیدابوو و بە توانجەوە ڕوو لە (عەبۆ) پرسی ..

- کوا نیشانە سپییەکەی قۆڵتان، خۆ ئێوە ئاشتیخوازبوون، بۆچ لەلایەن برا نەتەوەییەکانتانەوە خەڵتانی خوێنکران؟

وەك ئەوەی کەسیان گوێیان لە پرسیارەکەی نەبووبێت، کەسیان وەڵامیان نەدایەوە ...

عەبۆ: دەبێت بیرێك لە باری خۆمان بکەینەوە. بوارێك بۆ چالاکی نەماوەتەوە، بە بۆچوونی من دەبێت ئەوشەو کەسمان لە ماڵی خۆماندا نەخەوین، چونکە بەدڵنیاییەوە دەستە چەکدارەکان بۆ دەستگیرکردنی هەڵسوراوان دەردەچن.

دلۆ: ئێمە تاوەکو سەرووی خۆمان بڕیارنەدات، ناتوانین دەرچین. دەتوانن لەتەك ئێمەدا بێن بۆ بنکە و تا مەرگ پارێزگاری لە خۆمان دەکەین. هەر کە زۆریش ناچاربووین، دەچینە شارێکی دیکە و درێژە بەکاری خۆمان دەدەین.

نوێنەری ڕێکخراوە کوردستانییەکان (ن. ڕ. ك): نا کاکە گیان، دەبێت ئێمە وەك لێژنەیەك بچینە لای سەرکردایەتی هەردوو لای شەڕەکە و پێیانبڵێین، کە ئێمە لایەنگری ئاشتین.

دلۆ: ئێمە ئامادەنین، کاری ئاوا بکەین، چونکە دەزانین تاوانبار کێیە، مەگەر لەسەر تەلارە سەوزەکەی بەرامبەر بانکی هەرێم تەقەمان لێنەکرا؟ ئەی مەگەر خۆتان ناڵێن، چەکدارەکانی ئاسایشتان بینیوون، کە چونەتە کەلاوەکانی گەڕەکی تەعجیل و دامەزراون. مەگەر چەند چەکدارێکی خۆتان کە پارێزگاری خۆپیشاندانەکە بوون، بەدەستی ئەوانە نەکوژران، هێشتاکە ئێوە دەچن و داوای بەزەییان لێدەکەن؟

(ن. ر. ك.) : تکاتان لێدەکەین، باسی ئەوە نەکەن، کە چەکداری ئێمە بەشداربوون و کوژراون، تاوەکو ئێمە بەوە تاوانبارنەکەن، کە تەقەمان لە چەکدارەکانی ئاسایش کردبێت!

عەلۆ: بە بۆچوونی من نە بواری کارکردن و هەڵسوران بووەتە کونەمشك، تاوەکو بەرەو هەندەران پەنابەرین، نە پێویست بە کڕنووشبردن لە بەردەم سەروەران دەکات، نە پێویست بە بارگە-گواستنەوە بۆ شاری دیکە دەکات ! ئەوەی بڕیاری دابێت، دژی بەرەی دژەشۆڕش خەباتبکات، ئەوا بەردەوام دەبێت و هێزێکی جەماوەریش دەبێت، کە ببێتە پاڵپشتی، ئەوەش کە لە توانایدا نییە با بڕوات پاکانە بۆ قەسابانی سەرکوتە خوێناوییەکەی ئەورۆ بکات. باشە ئەوا ئێوە دەرچوون، ئەی ئەو هەموو خەڵکە کە بەشداری خۆپیشاندانەکەیان کردووە و پاگەندەیان بۆ خەڵك-هەڵخڕان کردووە و لافیتەیان بەرزکردووەتەوە و دروشمیانداوە، چیبکەن و بۆ کوێ بچن؟ نەخێر تەنیا ڕێگەچارە، بەردەوامیدانە بە ڕاگەیاندن و ڕێکخستن و دەستبردن بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوەی جەماوەری گەڕەك و ناوەندەکانی کار و فڕیدانی لافیتە و دروشمە سازشکارییەکان، بەڵێ تەنیا بە بزووتنەوەی ئاوا دەکرێت بەر بەشەڕ و هێرشی سەروەران بگیرێت، کە بۆ سەندنەوەی ئەو ئازادییانەی کە جەماوەر لە ڕاماڵینی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسدا بەدەستیانهێناون، بەرێیان خستووە !

هەرچەندە قسەکانی عەلۆ، سەرودڵی دەگرتن و دژیبوون، بەڵام کورتهێنانی مەزەندەکەیان بۆ شەڕڕاگرتن، زمانی کولکردبوون و هیچ وەڵامیان نەدایەوە … پاش بێنەوبەردەی قسەوباسەکان، دواجار بڕیاردرا ڕاگەیاندنێك بڵاوبکرێتەوە، کە تێیدا تاوانبارانی ئەم هێرشە بخرێنە ڕوو و هەروەها سەردانی ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان بکرێ، تاوەکو داوای بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنەکەیان لێبکرێت.

ئێستا ئیدی نائومیدی باڵی بەسەر شاردا کێشابوو، دەرگە و پەنجەرەکان توووند گیرابوون. کەسانێکی زۆر لە ماڵی خۆیاندا نەدەمانەوە و ڕوویان لە دۆست و ناسیاوانیان نابوو. زەنگی گەڕانەوەی سەرکوت و ڕفاندنی ناڕازییان لە نیوەی شەودا لە گوێی خەڵکیدا دەزرینگایەوە. لەتاو دڵەخورپە و شێواوی هۆش و بیر، خەڵکی خەوی لێزڕابوو. ئەو شەوە زۆر کەس لە چاوەڕوانیدا

بوون، تا بزانن هەڵوێست و بۆچوونی دەرەوە و ناوەوە دەسەڵات بەرامبەر ئەو تاوانە چی دەبێت...

ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ڕووزەردی پارتە پاشڕەوەکان ڕایگەیاند، کە ئەو خۆپیشاندانە لادانە لە یاسا و چەپڕەوی منداڵانەیە و نابێت خەڵك چیدی بەشداری تێدابکەن. ڕاگەیاندنی پارتە فەرمانڕەوا شەڕکەرەکان، بانگەوازیان بۆ خەڵك بڵاوکردەوە، کە هەر کەسێك بەشداری لەو کارانەدا بکات و هەوڵی وەها کارێك بدات، ئەوا سزای یاسایی دەدرێت و ڕێگە بە ئاژاوەگێڕی نادرێت، ئەوانەی خۆپیشاندان دەکەن، کۆمەڵێك ئاژاوەچین و دژی بەرژەوەندی باڵای نەتەوە و نیشتمان خەڵك فریودەدەن ...

زۆر لایەنی دیکە بێدەنگ مانەوە و وەك ئەوەی کە لەم شارەدا هیچ ڕوونەدابێت. بەو شێوەیە ئەوەی دەبوو بکرایە، نەکرا و ئەو تاوانە گەورەیە پەردەپۆشکرا. چونکە خۆپیشاندانی دژی شەڕ، ناوەڕۆکی پوچی نیشتمانپەروەری و نەتەوەچییەتی دەسەڵاتدارانی دەردەخست. ئەو پرسیارانە بێوەڵام مانەوە: مەگەر ئەوانەی خۆپیشاندانیان کرد، کورد نەبوون؟ مەگەر خوازیاری ڕاگرتنی شەڕ نەبوون، تا ڕێگە بۆ گەڕانەوەی بەعس خۆشنەبێت و جارێکی دیکە ماڵیان وێراننەبێت و ڕۆڵەکانیان نەبنە سووتەمەنی شەڕی نارەوای دەسەڵاتخوازان؟ مەگەر خۆپیشاندان بۆ دژایەتی شەڕ و گێڕانەوەی تەبایی نەبوو، مەگەر ئەوانەی تەقەیان لە خۆپیشاندانەکە کرد، دژی ئاشتی نەبوون، ئیدی بۆ بێدەنگەی لێکرا و پەردەپۆشکرا؟

ئەوانەی سوودیان لە شەڕدا بوو و بەجۆرێك نۆکەری بازرگانانی شەڕ و چەکسازی بوون، نیشانەیان لە لەشکری ئاشتی گرت و خەڵتانیخوێنیان کرد. لەشکرێك، کە ئاشتی لای ملکەچی نەبوو، لەشکرێك بوو لە نەوەکانی ڕاپەڕین، ملکەچی سنوور و یاساکانی شەڕکەران نەبوو، لە هەناوی ناڕەزایەتی جەماوەرەوە هاتبووەدەر، بۆیە لە خوێنیان گەوزاند. خۆپیشاندانی دژی شەڕ، پەیامی ڕاپەڕینەوەی جەماوەری لە کەشکۆڵدا بوو، ڕاپەڕینێك، کە شەڕکەرانی ئەورۆی دەکردە برا و هاوبەشی بەیانی، ڕاپەڕینێك، کە پەیامەکانی ڕاپەڕینی ئازاری دەگەیاندە شوێن خۆی، ڕاپەڕینێك، کە ناوەڕۆکی هاونیشتمانێتی و هاونەتەوەیەیی دەوڵەمەندان و هەژاران، سەروەران و ژێردەستان، شەڕخوازان و ئاشتیخوازانی دەخستەڕوو، بۆیە بە ڕۆژی نێوەڕۆ و بێسڵکردنەوە هەردوو بەرەی شەڕ پێکەوە و لەیەك کاتدا لوولەی چەکەکانیان کردە خۆپیشاندەرانی دژە شەڕ و لاوانی هەولێر و دارەتوو و کەسنەزان و قوشتەپەیان خەڵتانیخوێنکرد.

مارچی ١٩٩٨

## Kotre xwênawîyeke

Çend Rojêk bû, aramî şar şêwabû, sîmay Serbazgeyyaney qella, serdemî Hêrşekanî holakoy lay Xellk wênadekrid. Pêştir Xellk le Sengerekanî dewruberewe laşey kurr û hawser û bra û bawkyan bo hatbuwewe, rik û bîzarî lêwanlêw bû. Xellkî lebîrî paşekewtkirdnî xorakda bû, mîlîşyay Parte fermanrrewakan herdû Dergey şaryan girtbû, rêgeyannededa Xellk hatuçoy asayî bkat, her boye nirxî ştumek le bazarda wek lafawî Behar le hellçûndabû.

Êwaran zerdey demkel, detut şkanewey Wêney deryay xwêne le Asmanda beyanyanyanîş dukellî hawen û arpîcî, bzey kazîwey le pişt xoyewe deşardewe. Tirsî Merg, xwênî le demarda demeyand û Ruxsarî Xellk zerdhellgerraw wek xezan, motekey awarebûnewe, oqrey le Xellkî reşurrut brrîbû. Rengî hellbzirkaw û çawî waqurrmawî destifroşanî şêxella, tirpey naasayî dllî xwêndkaran, tris û rakerrakey jnanî awkêşî daretû û Kesnezan, sîmay şerrî mîlîşyakanî (lubnan)yan be şar bexşîbû. Sengerî serbanî Mallan û damezrawekan, luley Mergî rû le Xellk lenêw otomobêlî Serbazî mîlîşyakan, hemû yek peyamyan leser Rojnamekanî kazîwe û hewallnamekanî xorinşîn radegeyand " emrro ya sbey, dêwezmey Merg le Baweştandegrêt, êwe sawakan, krêkaranî mafûr û çnîn û cgere, jnanî lengefroş, mîrdiMnallanî swallker û boyaxçyanî pêş çêştxanekan, êwe ey pasewananî koyletî, ey ewaney ke Merg le luley çekekanî êwewe singî xelk nîşanedegrêt.

Şewane çekdarekanî fllan û fîsar, lêrew lewê le badawa û kemerbendî şar, be rûy yekdîda helldeşaxan û çend Malle hejarêk, ke hêştake dêwezmey ablloqey abûrî Gyanî nekêşabûn û twanîbûyan be paşmawey zbilldanî nîştmaperweran û karton û rîx û sewze û terrey genîwî bazarekan Gyanderken, dekewtneber bezeyî gulehawen û fîşek, fîşeke wêlle na, bellku le luley çekî Hawsêkeyanewe derdeçû. Em care Dayk û bakî ew pêwe nebûn, xuşke çkolekey to berkewt û hezar û yek xozgey Mnallaney le dillda xelltanîxwên bûn.

Hemû Parte benaw opozsyonekan kewtne xokokirdnewe û amadeyî bo Hêrşêk, ke

boy hebû lelayen neyarî Parte Dostekeyanewe bikrête seryan, ya bo derbrrînî hellwêstî hellperistane û frîwdanî cemawerêk, ke narrezayyan beramber Parte fermanrrewakan derdebrî. Hemuwan her le beşdaranî Desellatewe ta paşkokan û bêdesellate Desellatixwazekan, kewtne jarawkirdnî mêşkî cemawer be bîrî Nîştmanperwerî û Neteweçîyetî, taweku cemawerî begyanhatû, dest bo hîç hewllîkî şorrşigêrrane bo lenêwbirdnî şerr nebat.

Hewllî zîndûkirdnewey berey Kurdistanî û pêkhênanî komîtey aştî û djî şerrî brakan, yekêk bû lew hewllane û lelayen Rêkixrawe Neteweçî û Nîştmanîyekanewe, lew laşewe çep û Rêkixrawe cemawerîyekan le hewllî bergirtin be şerrêk bûn, ke le teqîneweda bû.

Germay hawîn, tawî sendibû. Sêber berew xorhellat le kşandabû, hemû Kesêk gwêy bo bîstinî dengî tequhorr hellxistibû, pêkdadanekey dwênê êwarey lay "yarîge"î şar, wek bangewazêk zorbey endaman û hellsurawanî Rêkixrawe cemawerîyekanî le binkey (yekêtî bêkaran) kokirdewe, karayî nzîkbûnewey şerr leser hoş û boçûnî Kesekan hênde tawî sendibû, qsewbasekanî berradey hellçûn û naaramî gerimkirdbûn. Lenêw beşdarbuwanda sê boçûn berceste bûbûn; nermirrew (aştîxwaz), ke zorîne bû, myanerrew (Desellatixwaz), tundirrew (berengarî cemawerî), ke kemayetî bû, bellam her sê la leser ewe hawrrabûn, ke debêt ştêk bo bergirtin be şerreke bikrêt. Miştumirr leser ewey çî bikrrêt, ta dehat gerimtir debû, hendêk car hellçûn û twanc leyekdan û hendêk car aramî û xawbûnewey demarekan. Yek le dway yek norey qsekirdin bernedekewt, hawboçûnanî dwênê, djeboçûnî ewrro bûn û dje boçûnaney dwênê nzîk û hawdeng. Metrisî şerr, hokarêk ke hemû hawsengîyekanî têkdabû..

‘Ebo: Hawrrêyan, beboçûnî min êsta debêt le bîrî eweda bîn, ke şerr rabgirîn, nek pêşnyarî Desellat ya şura. Cemawer lem kateda ragirtnî şerryandewêt nek ştî dîke ! Wek basman kird,ême le bangewazekemanda bo gişt layen û Rêkixrawekan, Xwazyarî ragirtnî şerrîn, le wellam be bangewazekeman, çend Rêkixrawêk amadeyî xoyan bo xopîşandanî hêmnaney em dwanîwerroye derbrrîwe.

Dlo: ême, hemû kat pêşnyarî şura dekeyn, Xellk debêt Şuray gerrek û kargekan pêkbihênin, katêk ke twanîman şerr rabwestênîn û şar le mîlîşyakan çollbkeyn, ew kat şurakan û ême û her layenêkî dîke ke pşîtwanî pêşnyarekey ême dekat, le berrêwebirdnî şarda beşdarîdekeyn. Bellam ême debêt ewe bzanîn, ke nabêt rêge bidrêt hîç layenêkî şerrker em hele bo xoy bqozêtewe bo Hêrş bo ser beramberekey.

'Elo: bellam Hawrrêyan, wek aşkraye be drêjayî mêjû, şerrî borijwazî çi le nêwan dû dewllet ya le nêwan dû mîlîşyatda bûbêt, tenya bo lawazkirdnî Çewsawan buwe û be heman şêweş aştî borijwazî bo seqamgîrkirdnî em lawazîye û cêgîrkirdnî Yasa û berjewendîyekanî. Boye wellamî ême bo em hewlley borijwazî, bo em şerre, aştî nîye, bellku lenêwbirdnî şerre be şerrî şorrşigêrrane. Hîç kat ew dûlayene waz le şerr nahênin, çunke ragirtnî le destî ewanda nîye û hîç katêkîş çekdare xelletawekanî ban saxtmanekan û kenarî Şeqamekan çoll naken û berekanî şerr becênahêlln, tenya ew kate nebêt, ke cemawer piştîyanberdedat û cemawer beramberyan Senger degrêt. Pêwîste ême her hengawêkman bem amancewe bêt; çi pagende û çi rêpêwan û çi pêkhênanî destey çekdar û şura.

'Ebo: em bradere deyewêt, be Xeyallpillawî komune berpabkat. Ême êsta bêcge le ragirtnî şerr, hîçî dîkeman pênakrêt eme xodzîneweye le karkirdin.

Dlo: na Hawrrêyan, em dû boçûne hîçkamyan, naguncên, ême debêt em hele bqozînewe û şurakan drustibkeynewe, şar le çekdar çollbkeyn û lenêwşarda be xoman Desellat bigrînedest.

'Elo: başe Hawrrêyan, wa şarman le çekdar çollkird û şurakan sêyekî dengyan bedestihêna, ewa dû beramber deng be şerrkeran deden û hem nexşekêşeranî şerr, be serkut-kirdin naçaryandekat. Herweha le welamî ew braderey dîkeda, başe eger şerrî şorrşigêrraneman pênakrêt, ewa naştwanîn şorşigêrrbîn, dey kewate be boçûnî to, debêt djeşorşibîn û dawa le ballekanî borijwazî bkeyn, ke waz le şerre mîlîşayyekeyan bhênin û wek dû bray Neteweyîy, serwerîman bken.

Dlo: em bradere le qsekanîda zor naumêd dyare û bas le bûnî hêzîkî ke dekat, ke le piştî em şerrewe bêt. Bellam wek aşkraye, em şerre regurrîşey konî heye û le êstada

qeyranî abûrî û kêşe leser Desellat, hoy serekî hellgîrsanewey şerrekeye, nek le beramber prrolîtaryada.

‘Elo: beboçûnî min, em şerre ya rastir bllêyn em şanogerîye, drêjey heman şanogerî şerrekanî kendawe. Çunke ewe çend Mangêke Xellk bekuştindeden, keçî taze be taze le rageyandnekeyanda bas lewe deken, ke "zor naşîrîne le radyo û telefzyonekanda cnêw û nawunatore be serokekan bidrê", taze xerîke raygeyyênin, ke şerre! Ger eme şanogerî nîye, ey çîye? Dyare wek le gerranewey leşkirî be'sda bo serkutî Xellk 1991da derkewt, ke emerîka û hawpeymane kurdekanî derhênerî ew şanogerîye bûn û amancîş têkişkandinî bzûtenweyek bû, ke le derewey nexşekanî ewanda raperrî. Beboçûnî min tenya karêkîş, ke pêwîste destî bo berîn, eweye : yekem, bangewazî gişt çekdarekane bo ragirtnî şerr û gerranewe bo naw rîzekanî cemawer bkeyn. Duwem, xopîşandanî berdewam le gerrek û Şwênekanî karewe bo ser binkekan û damezrawekan, beşêwey sertaserî. Rêkxistinî Xellk bo derkirdnî çekdarekan le serban û gerrekekanda, Takatêk ke hawsengî hêz be qazancî cemawer deşkêtewe, ew kat zemîne bo Raperrînî çekdarane lebardebêt. Hellbete eweman lebîrneçêt, ke pêwîste em hewlle sertaserî bêt, nek tenya lêre, wek ewey çend Mange le nawçekanî dîke şerre û keçî taze lêre daçllekawn. Şura û her Rêkixrawêkî Xebatkar û şorrşigêrr le henawî bzûtneweyekî awada dêtederewe, nek be bangewaz û drustkirdnî le binke Partîyekanda!

Dlo: Hawrrêyan bebirrway ême debêt şurakan drustibkeyn û şerr rabgirîn. Gring eweye em êwareye çîbkeyn? Êmeş ew hengaweman pêbaşe, bellam be Xeyall na ! Taêsta le qsew-basekanda awa derdekeêt, ke zorîne letek êmeye, layenî duwemîş, lêreda be xopîşandanî aram û karî hawbeş letek her layenêk, razîye. Kewate ştêk nemawe ta leserî buwestîn. Le wellamî ew bradereda, dellêm ême bêdeng nebûyn, bellku beyannameman derkirduwe.

‘Elo: Hawrrêyan, ême natwanîn nîşaney aştî le qoll bkeyn, natwanîn hellgirî druşmêk bîn, ke le xizmet xudî borijwazîdaye, natwanîn bebê amadeyî, Xellk bkeyne nîşaney tfengekan.

‘Ebo: be qsey êwe bêt, ta prrolîtaryay cîhan yeknegrêt, Debêt çawerrwanbîn. Emeş bo ewrro tenya şanxallîkirdne le jêr em erke, Hawrrêyan. Ger qseyek nemawe, ba brroyn !

Amadebuwan, bêcge lewaney, ke hawrray ‘Elo bûn, berew Şwênî yekgirtnewey herdû ballî xopîşandaneke kewtnerrê. Benaw destifroşekanî bazarî Şêxellllada berew meydanî nafurekey qella têperrîn. Letek her hengawêkda be komell Xellk dwayandekewt, rik û bêzarî Xellkî beradeyek bû, ke detgut hemû katî kewtnerrêy em şemendefereyan dezanî, ta geyiştne sêrray nafureke, çend hezar Kesêk kobûnewe. Heşamateke le westanîda şepolîdeda, druşmî corawcor dengekan hênde narrêkbûn, le çend metrêkîşewe têgeyiştin lêyan sextibû. Le nawendî heşamatekeda Kesêkyan berizkirdewe û destî be nîşaney dawakirdin le Xellkeke ta bêdengbin, berizkirdewe, çend carêk kokî û bllindgokey le demî nzîk kirdewe ....

Qsegerî yekem: cemawerî berrêz, ême djî şerrîn, ba aştî bgerrêtewe, ba şerr ragrîn, ba parey teqemenî û xercî şerr, bidrêt be dawderman bo Mnallan ... Her êsta hezaran Mindall leberdem herreşey Mergdan, keçî sedan hezar dînar dekrêne xercî çek û teqemenî qed le xotan pirsîwe boçî? Dey kewate hemû beyek deng ba bllên, na bo şerr,bellê bo aştî! .. Na bo şerr,bellê bo aştî! .. Na bo şerr,bellê bo aştî!

Qsegerî duwem : Azîzanim, Xellkanî djî şerr, birrwanne em bare ke Parte fermanrrewakan drustyankirduwe, birrwanne barî jyantan, awarekan .. Xellkî em şare, şerr çi bedbextîyekî beser-hênawîn, aya Kes le êwe Xwazyarî em şerreye? Kê dengî bem Partane dawe, ta her kat wîstyan hana bo şerr bern? Katêk ke bo Xellkî daway azûqeyan lêdekeyn, le wellamda pêmandellên "mîrîman sawaye û budceman nîye! ", Katêk ke bo awarekanî kerkuk daway xanûyan lêdekeyn ya dawayan lêdekeyn ke le kelawey Serbazgekanda deryanneken, le beramberda dest be paranewe û byanû hênanewe bo xodzînewe deken û le kelawekanda deryandeken û Serbazge û dezgey hewallgirî bo Gyanî Xellk rêkdexenewe û her katêkîş dengoy şerrbêt, firmêskî tîmsahî bo awarekan derrêjn. Awarekan, Xellkî berrêzî şar, îdî katî ewe hatuwe hemuwan beyek deng bllêyn na bo şerr, bellê bo

aştî .. Na bo şerr,bellê bo aştî!.. Na bo şerr,bellê bo aştî! .. Na bo şerr,bellê bo aştî! .. Na bo şerr,bellê bo aştî!

Lem kateda le Şeqamî batewe beşî duwemî xopîşandaneke geyişte bero, ke le komellêk Kommelle û Rêkixraw pêkhatbû, be çepllerrêzan pêşwazîyan lêkra .. Heşamateke hênde gewre bûbû, lelayen rêkxeranî xopîşandanekewe kontrill nedekra.. Îdî druşm û hawarî Xellk, druşme amadekrawekanî destey berrêweber nebûn, bellku qse û wîstî naxî Xellkeke bûn û her Kese qsey dllî xoy deçrrî ...

Qsegerî sêyem : hizbî ême, hizbî çînî krêkar û Zehmetkêş, djî şerr têdekoşêt. Ême Xwazyarî ragirtnî destbecêy şerrîn. Ême cemawer bo westanewe djî şerr û xorrêkxistin le şuray karge û gerekekanda, bangewazdekeyn. Debêt hêze şerrkerekan lenêw şar biçne derewe. Ême Xwazyarî pêkhênanî Desellatî şurAyîn, na bo şerr, bellê bo aştî.

Paş çepllelêdan, nwênerî beşî duwemî xopîşandaneke, ke le brî çend Rêkixrawêk qseykird, berizkrayewe ...

Qsekerî çwarem: cemawerî beşeref, wa lem nêweda dû Partî bra şerryane û tenya destkewtî mêjûîy Netewekeman (parlemane - korpekeman) ledestdeçêt, korpey Desellatî Neteweyîman zîndebeçalldekrêt. Firyakewn ba be hemû layekman em şerre narrewaye, ke nahezanî Netewekeman agrî xoşdeken, ragrîn. Dû Partî bra, be beşdarî gişt dillsozanî Netewekeman, fermanrrewayî em xake azade bkeyn. Ême komîteyekman pêkhênawe û benawî "komîtey djî şerrî brakujî", beyanî benawî êwewe deçîne barge kak mes'ud û mam celal û daway ragirtnî şerryan lêdekeyn ...

Ew Rojane herKes çi be çak û çi be xrap bidwaye, her çepllerrêzanbû, çunke Xellkî le serdemî serokî serokanewe tûşî em derde kuşindeye bûbûn. Denge dengî Xellkeke, zengî ewe bû, ke narrezayetî Xellk dij be şerr le serûy astî bîrkirdnewey Partekaneweye. HerKese le Şwênî xoyewe dengî berz dekirdewe ...

- ême nehatûyn ta btannêrîne xizmet cenerrallekanî Şerr.
- tenya be lenêwbirdinyan wek (be's) kotayî be Şerr dêt.

- îdî leme zyatir natwanîn çawerrêy bellênekanyan bîn, Merg le çawerrwanî Mergesat xoştre. Ne detwanîn bêyneder, ne detwanîn Şewan bêxem le Mallî xoşmanda serxewêk bişkênîn, Takey çawerrwanî Merg, îdî bese !

Rik û bêzarî Xellk lewe derçûbû, ke bitwanrêt kontroll bikrêt. Destey serpersitî xopîşandaneke rayangeyand " ewrro kotayî be xopîşandaneke dehênîn û sbeynê sat (4)î paşnîwerro le meydanî kotrî aştî kodebînewe, êsta dawatan lêdekeyn, bllawey lêbken " ....

Layen û Rêkixrawekan her yeke û cemawerî lafîtebedest û Xellkanî xoyan berew bnekkanyan berêkirdewe. Ewey mayewe, Kesanêk bûn, îdî çawerrwanî û danbexodagirtin boyan watay nebû, hatbûn aramî bo şar bgêrrnewe yan Gyanî xoyan bûbû bebar beseryanewe, lêy rizgarbbin, hatbûn le camî pirrbûy rik û bêzarîyan, lafawî Raperrîn hestênin û bargekanî Şerrî koyletî rabmalln. Lafawî bêzarî behemû lada şepolî deda, xopîşanderan yaxîyane berew berdem bargey parêzga Asayş milyan dena. Lewêş komellêk gwêyan bo nWênerî Partî mafî çarenûs, ke le hewllî eweda bû rik û bêzarî cemawerî begyanhatû belarrêda berê, Taku le djî Parte reqîbekey bekarîberêt. Bellam eme tenya xewnî nêw koşkî serweran bû. Heşamat şepolîdeda û Xellkeke destîkirde heya û hû û fîkelêdan. Nwênerî sewz naçarbû, waz le qsekanî bhênêt. Heraw û haw huy Xellkeke naçarîkrid, berew bargey sewzî bgerrêtewe. Ew ca rêpêwangerran berew bargekanî Partî Dayk û otonomî be pêçewanewe milyanna û be "druşmî xotan û şerrtan bo derewe" be berdem barge zerdekey (şîraton)da, ke wek dumellêk lenêwşarda helltoqîbû, têperrîn. Pyawanî serok wek pîşeyî hemîşeyyan Asman û zewîyan le cemawerî narrazî û djeşerr, kirde agir û herçî beşe budcey dawderman bû, kirdyane agir û asn û beser xopîşanderanda barandyan ... Xopîşanderanî bêçek û djeşerr naçar le beramber destirêjî nebrrawey qaremananî şerrda, be çend brîndarêkewe ew naweyan çollkird. Ew brîndaraney ke leberdem Dergey bargey şerrkeranda becêmabûn, xzêndrane jêrzemînekanî eşkencedan.

Xor wek Xwazyaranî dllişkawî aştî, bere bere awabû û Şewî şerrkeran ballî beser

şarda kêşayewe. Le tirsa tund tund Dergekan daxran û Kes neydewîra be aramî le Mallî xoyda serxewê bişkênît. Beşdaranî çawerrêy xopîşandanekan, le çawerrwanî hellkutanî deste Şewkutekanda xewyan lêzrrabû. Derkewtinî xor le demkelda nîşaney zîndûmanewe bû, tîşkî xor le teputoz û dukellî şerrda, kem rengtir berçaw dekewt, tîşkî runakî xor tirsî tarmayye bkujekanî le dllî Xellkda derrewandewe. Sîmay şar, dûdllî pêwe dyarbû. her Kese û katêk ke berew Şwênî kar dekewterrê, dllî le miştîda bû, newek bew beyanîye zuwe, deste şarawekan bîrrfênin. Sat be sat Xellk le çawerrwanîda bû, ta bzanêt ew êwareye çi rûdedat. Serşeqam û Kollanekan be Yasawll û hewallgrekanî zanyarî û parastin gîrabûn, ta le cmucûllî Xellk agadarbin û nexşe û pîlanekanyan bo serkut baştir dabrrêjn.

Katî wellamwergirtnewey pirsyare bêejmarekanî Xellk nzîkbûbuwewe. Radyo û telefzyonekanî Desellatdaran herreşe û gurreşeyan le Xellk dekrid, eger dest bo karî ajawegêrrî bern, mebest le ajawe, xopîşandanî djî şerr bû.

Xor germ germ dagerrabû, detut nefret le şerr û aştî dewllemendan û hejaran dekat, germ dagerrabû ta xwên le mûlulekanî Xellkda coşbda û bo Raperrînewe hanyanbdat. Xor geyiştbuwe lay çepî kotreke. Her rêbwarêk ke degeyişte lay, lêdanî dllî xêratirdebû. Kotrokey aştî, damaw serî lenêw ballekanîda heşardabû... Tirpey dllî çend gerrek ewllatir debîstra ... Hêz le balekanîda brrabû.. Awazî aştî le qurrgîda xinkabû û betirsewe çawî brrîbuwe ew luleçekaney, ke le pişt kelawekanî Kollanî t'cîl û 'ereban û ser telare sewzekey beramber bankî herêm, dllî Xellkyan nîşanegirtbû û le dwênê Şewewe leser Sengergirtin û le xwêngewzanî cemawer, rahênrabûn.

Le gişt lawe Xellk berew çwarryanî meydanî kotreke xirrdebûnewe, Kesanêkî zor letaw germî xoretaw, xoyan hawîştbuwe sêberî dukanekan ... Nwênerî Kommelley awarekan, dengî hellbrrî. Kotrokanî aştî, ke bînyan pencey Mergihêner, pelepîtkey çekekan fşardedat, dllexurpeyan tawîsend, ballişkaw firyanekewtin leberdem rêjeney Mergda hellfirrn. Le gişt layekewe, rehêlley guley pagendekeranî dîmukrasî û mafî Mrov, Daykird. Dewruberî meydanî kotrî aştî lebrî Sengerekanî pêşewey

rjêm, draye ber agrî çekî qaremananî şerr. Cemawerî mollixwardû, şleja û helledawan tenya raste Şeqamî bazarî sîrwan û bate deretanêk bûn bo derbazbûn. Le çawtrukanêkda cestey le xwêngewzawî çend brîndar û kujrawêk bûne tabloy aştî leser Şeqam û şostekan. Le mawey nêwan destrrêjekanda, her çon bû beşdaranî xopîşandaneke twanyan brîndarekan rizgarbken û be Taksî berew firyaguzarî byangiwêznewe. Herçende hellsurrawanî yekêtî karmendanî nexoşxanekan bew kare hestan, bellam firya nedekewtin û cestey le xwêngewzawî çend Kesêk lew nawe kewtibû rizgar bken. Beramber kotrî aştî, cestey bêgyanî lawêkî 'erebizman, ke hêşta tabokey destî ke leserî nûsrabû "la llhirb, n'mi llislam, î'îş mam clal û kake mis'ud..." bernedabû, xwênî geşî texte spîyekey, ke nîşaney aştîxwazî bû, sûr sûr nexşandibû, xwênî wirdewirde Nûsînekey dadepoşî, detut tund girtûyetî Taku nasîwnalîstekan be tabûrî pêncem tawanbarîneken û bîselmênêt, ke djî (be's)e û Dostî Xellkî Kurdistan. Ew neytwanî lew xewney aştîperwerî daçllekê û tablokey be nêwçewanî ewaneda bçeqênêt, ke aştîxwazîyan letek serweran fêrkirdbû.

Em dîmene bûbuwe tan û poy srudî xroşanî cemawer û çirrnukgîrkirdnî azarekanyan bedem Gyanellawe le şostekan û be xwênî gewzawyan em pirsyaraney le mêjûda nûsîyewe "a eme bû rizgarî Nîştman, ke Sallanêk mijdeyman pêdedra? A eme bû berhemî Gyanbexşînî hezaran û dengdanî milyonîman? A eme bû destkewtî Raperrînekanî azar û sêptember (eylûl)î 1991?

Dukan û bazar, giştî daxrabûn, her detgut Rojanî paş Raperrîne katêk ke leşkirî (be's) gerrayewe. Rêbwaran be xêrayî têdeperrîn, wek bllêy sêberyan buwete Merg û rawyandenêt. Le tenîşt pirdekey te'cîl, çend Kes le serperşitîgerranî xopîşandaneke yekyan girtbuwewe ta bîrêk le dahatûy xoyan bkenewe, neka sbey ştêk rûbdat. Serukeley 'Elo, ke beşdarî xopîşandanekey nekirdbû, peydabû û be twancewe rû le ('Ebo) pirsî ..

- kwa nîşane spîyekey qolltan, xo êwe aştîxwazbûn, boç lelayen bra Neteweyyekantanewe xelltanî xwênkran?

Wek ewey Kesyan gwêyan le pirsyarekey nebûbêt, Kesyan wellamyan nedayewe ...

‘Ebo: debêt bîrêk le barî xoman bkeynewe. Bwarêk bo çalakî nemawetewe, beboçûnî min debêt ew Şew Kesman le Mallî xomanda nexewîn, çunke bedillnyayyewe deste çekdarekan bo destigîrkirdnî hellsurawan derdeçin.

Dlo: ême taweku serûy xoman birryarnedat, natwanîn derçîn. Detwanin letek êmeda bên bo binke û ta Merg parêzgarî le xoman dekeyn. Her ke zorîş naçarbûyn, deçîne şarêkî dîke û drêje bekarî xoman dedeyn.

Nwênerî Rêkixrawe Kurdistanîyekan (n. R. K): na kake Gyan, debêt ême wek lêjneyek bçîne lay serkirdayetî herdû lay şerreke û pêyanbllêyn, ke ême layengirî aştîn.

Dlo: ême amadenîn, karî awa bkeyn, çunke dezanîn tawanbar kêye, meger leser telare sewzekey beramber bankî herêm teqeman lênekra? Ey meger xotan nallên, çekdarekanî asayiştan bînîwun, ke çunete kelawekanî gerrekî te'cîl û damezrawn. Meger çend çekdarêkî xotan ke parêzgarî xopîşandaneke bûn, bedestî ewane nekujran, hêştake êwe deçin û daway bezeyyan lêdeken?

(n. R. K.) : tkatan lêdekeyn, basî ewe neken, ke çekdarî ême beşdarbûn û kujrawn, taweku ême bewe tawanbarneken, ke teqeman le çekdarekanî Asayş kirdbêt!

‘Elo: be boçûnî min ne bwarî karkirdin û hellsuran buwete kunemşik, taweku berew henderan penaberîn, ne pêwîst be kirrnûşbirdin le berdem serweran dekat, ne pêwîst be barge-gwastnewe bo şarî dîke dekat ! Ewey birryarî dabêt, djî berey djeşorrş Xebatbkat, ewa berdewam debêt û hêzêkî cemawerîş debêt, ke bbête pallpiştî, eweş ke le Twanayda nîye ba birrwat pakane bo qesabanî serkute xwênawîyekey ewrro bkat. Başe ewa êwe derçûn, ey ew hemû Xellke ke beşdarî xopîşandanekeyan kirduwe û pagendeyan bo Xellk-hellxirran kirduwe û lafîteyan berizkirduwetewe û druşmyandawe, çîbken û bo kwê bçin? Nexêr tenya rêgeçare, berdewamîdane be rageyandin û rêkxistin û destbirdin bo pêkhênanî Rêkixrawey cemawerî gerrek û nawendekanî kar û frrîdanî lafîte û druşme sazişkarîyekan, bellê tenya be bzûtnewey awa dekrêt ber beşerr û hêrrşî serweran bgîrêt, ke bo sendnewey ew Azadîyaney ke cemawer le ramallînî Desellatî rjêmî be'sda

bedestyanhênawn, berrêyan xistuwe !

Herçende qsekanî ‘Elo, serudllî degirtin û djîbûn, bellam kurtihênanî mezendekeyan bo şerragirtin, zmanî kulkirdbûn û hîç wellamyan nedayewe ... Paş bênewberdey qsewbasekan, dwacar birryardra rageyandinêk bllawbikrîtewe, ke têyda tawanbaranî em Hêrşe bixrêne rû û herweha serdanî Rojname û radyo û telefzyonekan bikrê, taweku daway bllawkirdnewey rageyandnekeyan lêbkirêt.

Êsta îdî naumîdî ballî beser şarda kêşabû, Derge û Pencerekan tûnid gîrabûn. Kesanêkî zor le Mallî xoyanda nedemanewe û rûyan le Dost û nasyawanyan nabû. Zengî gerranewey serkut û rfandinî narrazîyan le nîwey Şewda le gwêy Xellkîda dezrîngayewe. Letaw dllexurpe û şêwawî hoş û bîr, Xellkî xewî lêzrrabû. Ew Şewe zor Kes le çawerrwanîda bûn, ta bzanin hellwêst û boçûnî derewe û nawewe Desellat beramber ew tawane çî debêt...

Radyo û telefzyonî rûzerdî Parte paşrrewekan raygeyand, ke ew xopîşandane ladane le Yasa û çeprrewî Mnallaneye û nabêt Xellk çîdî beşdarî têdabken. Rageyandinî Parte fermanrrewa şerrkerekan, bangewazyan bo Xellk bllawkirdewe, ke her Kesêk beşdarî lew karaneda bkat û hewllî weha karêk bdat, ewa szay Yasayî dedrêt û rêge be ajawegêrrî nadrêt, ewaney xopîşandan deken, komellêk ajaweçîn û djî berjewendî Ballay Netewe û Nîştman Xellk frîwdeden ...

Zor layenî dîke bêdeng manewe û wek ewey ke lem şareda hîç rûynedabêt. Bew şêweye ewey debû bikraye, nekra û ew tawane gewreye perdepoşkra. Çunke xopîşandanî djî şerr, nawerrokî puçî Nîştmanperwerî û Neteweçîyetî Desellatdaranî derdexsit. Ew pirsyarane bêwellam manewe: meger ewaney xopîşandanyan kird, kurd nebûn? Meger Xwazyarî ragirtnî şerr nebûn, ta rêge bo gerranewey be'si xoşnebêt û carêkî dîke Mallyan wêrannebêt û Rollekanyan nebne sûtemenî şerrî narreway Desellatixwazan? Meger xopîşandan bo djayetî şerr û gêranewey tebayî nebû, meger ewaney teqeyan le xopîşandaneke kird, djî aştî nebûn, îdî bo bêdengey lêkra û perdepoşkra?

Ewaney sûdyan le şerrda bû û becorêk nokerî bazirgananî şerr û çeksazî bûn,

nîşaneyan le leşkirî aştî girt û xelltanîxwênyan kird. Leşkirêk, ke aştî lay milkeçî nebû, Leşkirêk bû le newekanî Raperrîn, milkeçî snûr û Yasakanî şerrkeran nebû, le henawî narrezayetî cemawerewe hatbuweder, boye le xwênyan gewzand. Xopîşandanî djî şerr, peyamî Raperrînewey cemawerî le keşkollda bû, raperrênêk, ke şerrkeranî ewroy dekirde bra û hawbeşî beyanî, raperrênêk, ke peyamekanî Raperrînî azarî degeyande Şwên xoy, raperrênêk, ke nawerrokî hawnîştmanêtî û hawneteweyeyî dewllemendan û hejaran, serweran û jêrdestan, şerrixwazan û aştîxwazanî dexisterrû, boye be Rojî nêwerro û bêsillkirdnewe herdû berey şerr pêkewe û leyek katda lûley çekekanyan kirde xopîşanderanî dje şerr û lawanî hewlêr û daretû û Kesnezan û quştepeyan xelltanîxwênkird.

Marçî 1998

# گەڕان لە دووی نان

هەر چۆن بوو، بە بەرتیل و تکاکاری خۆم لە سنوور ڕزگارکرد و چوومە ئەو دیو. برسیەتی و هیلاکی ئەو چەند ڕۆژە پێمەوە دیاربوو، بەم شێوەیە گەیشتمە ناوچەی هەمەدان و کەوتمە گەڕان بەدوای کاردا، کاتی کاری کشتوزار و کورەخانەکان نەمابوو، لەلایەکەوە هێندە برسیمبوو، وەختبوو پەلاماری گژوگیا بدەم، لەولاشەوە ترسی گرتن و بەهەدەرڕۆیشتنی ماندوویی ئەو چەند ڕۆژە و گیرفانبەتاڵیم، تەنگەتاوی کردبووم. لەتاو ئەم بارەگرانە، گەر جوتیارێکم بە جلوبەرگی خاکییەوە ببینیایە، ئەوا زەندەقمدەچوو و وامدەزانی پاسدارە. کات دەمەو ئێوارە بوو، چەند 'جوجەسازی'یەك گەڕابووم، کارم دەستنەکەوت، ئیدی هێزم تیانەما، گەیشتمە ئەو بڕوایە، کە ئەگەر چوومەتە نێو مۆڵگەی پاسدارەوە، دەبێت شتێك بۆ خواردن بەدەستبێنم، هەستمدەکرد وا لە هۆش خۆم دەچم. بەڕاستەڕێیەکی خاکیدا ملی ڕێگەم گرتبوو، پاش چەند هەنگاوێك ماشینێك هات، کەمێك تێپەڕی و گەڕایەوە دواوە و وتی:

+ بۆ ڕەحمەت ئاباد دەچی؟

پاش کەمێك ڕامان وتم : ئا، بەڵێ.

سوار بووم و شوفێرەکە کەوتە پرسیار:

+ نامۆ دیاری وانییە؟

- بەڵێ.

+ خەڵکی سەردەشتی؟

- نا عیراقیم .

+ لە ئاوارەکانی هەڵەبجەی؟

- بەڵێ.

+ بۆچی دەچیت بۆ ڕەحمەت ئاباد؟

- بەدوای کاردا دەگەڕێم.

شۆفێرەکە ساتێك بێدەنگبوو، ترسم لێنیشت، بە خۆمم وت "پیاوی ڕژێم نەبێت و بەگرتنمبدات، لەلایەکی دیکەشەوە دڵخۆشی خۆمم دەدایەوە، ئەی کێ دەڵێ پیاوی چاك نییە و دڵی بە من ناسووتێت؟

+ لێرە کەس دەناسیت .. پێشتر لێرە کارتکردووە؟

- نا، نەخێر ..

کەمێکی مابوو لە گوندەکە نزیکبینەوە. شۆفێرەکە دەستی بۆ لای چەپی ڕێگەکە ڕاکێشا و وتی: ئەوە گەورەترین جوجەسازی ئەم ناوەیە. کە گەیشتینە ڕێکی جوجەسازییەکە، کەسێك بەرەو سەرڕێگەکە دەهات، قەدوباڵایەکی گەورە و ڕدێنە ماش و برنجییەکەی خەتدابوو، ناوچەوانی تەخت و ڕوتاوە، دەستی بۆ ئۆتۆمەبێلەکە ڕاگرت.

شۆفێرەکە : سڵام ئاغای مرادعلی.

مرادعەلی : چۆنی ئاغای سلێمانی، سەلامەتی ؟

سلێمانی(شوفیرەکە): زۆر سوپاس، خێرە وا لەم سەرەڕێگەیە، ڕاوەستاوی ؟

مرادعلی : چاوەڕێی پیکابێکم دەکرد، باش بوو کە تۆهاتی، کەمێك ئاڵفم هەیە لەنێو دێیە، بەڵکو بۆم بهێنی.

سلێمانی: هەر ئێستا ؟

مراد علی : بەڵی هەر ئێستا، نەفەرەکەت هی نێو دێیە؟

سلێمانی : نا ئاوارەی عیراقییە، بەدوای کاردا دەگەڕێت، ئەم شەو لای خۆم ڕایدەگرم تا بەیانی، بەڵکو ...

مرادعلی : دەتوانی شتەکانی پێبارکەیت و بهێنیتەوە ئێرە، لەوانەیە پێویستیم پێهەبێت .

شۆفێرەکە ڕووی تێکردم و وتی : دەتوانی لە دواوە دانیشیت، ئاغای مرادعەلی دێتە جێیەکەت، ئەوە بەختت هەبوو، وتی "لەوانەیە کارم هەبێت بۆی " ...

ئیدی من لە پێستی خۆمدا جێم نەدەبووەوە، هەر ئەو ئێوارەیە دەستبەکاربووم تا بەرەبەری زستان بەردەوام کارمکرد، کارەکە هێندە سەخت بوو، هەر مەپرسن. لە ئاشی جوجەسازی کارم دەکرد، تەنانەت زۆرجار ئیشی نێوماڵیش، بووبووم بە هەموو شتێك، دڵم لە خۆشیا باڵەفڕێی بوو، جار جارە لە ماڵی خاوەنکارەکەمەوە خواردنم بۆ دەهات، کە شۆربایەك بوو یان ئەو مامرانەی کە نەخۆشدەکەوتن و سەرماندەبرین زۆرجار ئاڵفی مامرەکان ' گۆشت گیایی- سۆیا وشکە'م دەخوارد. سەرماوسۆڵەی پاییز و بۆنوبەرامەی جوجەسازی نەخۆشی خستم، چەند جار تووشی لەرزوتا بووم، بەڵام لەبەر قاچاخبوونم نەدەچوومە لای دکتۆر، تا دواجار تووشی سەرئیشەیەك بووم و لە پڕ دەبورامەوە. ناچار بە مرادعەلی خاوەنی جوجەسازییەکەم، گوت :

+ ئاغا گیان، ئیدی من ناتوانم بەم جۆرە کاربکەم، بەڵکو کرێی کاری ئەم چەند مانگەم بدەیێ و تا نەمردووم، بڕۆمەوە. وا بزانم ئیدی بۆ ئێوەش کەڵکم نەماوە؟

مرادعەلی: چۆن دەبێ، من بەم زمستانە کێم چنگ دەکەوێت؟

+ ئاخر بەم جۆرە دەمرم، دەتوانم دوو هەفتەی دیکەش کاربکەم تاوەکو کەسێکی کە پەیدا

دەکەی، ئەوسا منیش بەو پارەیەی کە لەلای تۆیە، دەچمەوە نێو خێزانەکەم.
- پارەی چی، مەگەر تۆ ئەم چەند مانگە، ئەو هەموو خواردن و شوێن و خزمەتەشمان کردووی، لەبەرچاو ناگریت؟
+ ئاخر حاجی ئاغا مەگەر خۆت نەتگوت " مانگانە دووازدە هەزار تمەن، شەو و ڕۆژ کار بکەم و خەرجم، واتە خواردن و حەمام و شوێنی خەوتنم لەسەر تۆ بێت؟
- نەخێر، من لەڕێی خودا بەزەیم بە تۆدا هاتووەتەوە، تاکو لە برسا نەمریت.
+ ئاخر حاجی ئاغا، من نەهاتووم بخۆم و ئاگام لە سکی منداڵەکانم نەبێت، من هاتووم چوار تمەن بۆ ئەم زستانە بەرمەوە، تاکو منداڵەکانم لەبرسا نەمرن.
- ئێستا دەڵێی چی، هەروا دەڕۆی یان بتدەمە دەستی سوپا و بڵێم سیخوڕە؟
+ هەروا بەئاسانی ناترسم، گەر سیخوڕ بووم، بۆ ڕاتگرتم؟
- خۆت دەزانی، تا بەیانی لێرە بیت، ئەوا من مەجبورم بتدەمە دەستی یاسا.
خۆم ناچارزانی، سەرپێچیمکرد و مامەوە، چەندجار داوام لێکرد، بەڵکو هیچ نەبێ خەرجی گەڕانەوەم تا سەر سنوور بۆ بدات، ڕاستییەکەی زۆریش دەترسام، هەر بۆیە وا بەئاسانی لە مافی خۆم خۆشدەبووم، ئاخر زیاد لە شەو و ڕۆژێك لە سنووری حاجی هۆمەرانەوە دوور بووم، هەرچیم کرد و کۆشا بێسوود بوو. بەیانی کە لە خەو هەستام، بەتەمابووم بچم بۆ ماڵیان بۆ نێو دێ،
بەڵکو سۆزی جولاێ و نائومێدمنەکات... پێش ئەوەی بەرەو سەر ڕێگەکە یەکەم هەنگاو هەڵبێنمەوە، بەرەوڕووم، ئۆتۆمەبێلێکی سوپا قوت بووەوە، هیچ بواری ڕاکردنم نەما ...
ئۆتۆمەبێلەکە ڕاوەستا و چەند چەکدار دابەزین. لێپرسراوەکەیان کە دانەبەزیبوو، لەنێو ئۆتۆمەبێلەکەدا ڕوو لە چەکدارەکان :
- : کوڕینە دەسگیری بکەن!
هەر چەندە وتم بارم وا و بابەت وا، سوودی نەبوو، چاویان بەستم و لەتەك خۆیان بردمیان ..
لەڕێگە هەر گاڵتەیان پێدەکردم و جارجارەش مستێکان دەژەنیە لاتەنیشتم.
+ نمەکحەرام، بە قاچاخ هاتووی، لە ڕێی خودا کاریان پێداوی، کەچی دزی دەکەی و پەلاماری ناموسی حاجی ئاغا دەدەی ؟
هەرچەند سوێندم دەخوارد، بە کوردی و چەند وشەیەك فارسی دەمگوت بەخوا هیچی وا نییە، بوختانە، کەچی زیاتر لێیاندەدام. پاش ماوەیەك لێکۆڵینەوە و لێدان، چەند ڕۆژ لە سوپای هەمەدان زیندانیبووم... بەیانییەك زوو بەخەبەریانهێنام و وتیان:

+ هەستە سەرت بشۆ و خۆت خاوێن بکەرەوە!

لەم ڕفتارەیان زۆر سەرمسورما و بەخۆمم گوت: بەخودا دیارە ئازاددەبم، بڕیارمدابوو، گەر وازملێبێنن مەمنوون بم و ئیدی باسی پارە نەکەم . سات بوو بە هەشت، دوو چەکدار بە ئۆتۆمەبێل بردمیان ،. کە دابەزیم، تەرازوو و ئاڵای 'کۆماری ئیسلامی'م بینی، زانیم دادگەیە و سەرەتای کارە ... مرادعەلی 'حاجی ئاغا'، پۆشاکی سوپای پۆشیبوو، یەك دونیا لێیترسام، ئێستا ئیدی بەڕاستی کەسێکی دڕندە دیاربوو، سەرەتا ئەویان بانگکرد و پاشان من. دوای چەند پرسیار و ناو و نیشان پرسین :

+ تۆ چۆن بە قاچاخ هاتووی بۆ ئێران؟

منیش لە ئەلفەوە تا یێ، باسمکرد، پێموابوو ئیدی ئێستا بەزەییان بەمندا دیتەوە ..

+ سەرەڕای چاکە و یارمەتی لەڕێی خودادا، بۆ دزیت لە ئاغای مرادعلی کردووە، ها؟

بە هەزار سوێند وتم، من هیچ دزیمنەکردووە، بەڵکو داوای مافی خۆمم کردوە، ئەو ئاوا بە دزی تاوانباری کردووم، هیچ ڕاستنییە. ئەم قسانە کاژماردن بوون بۆ ئەوان، هیچ دادیاننەدام و سەرئەنجام شەش مانگ لە دیزل ئابادی 'کرمانشا' زیندانی بووم. شەوو ڕۆژم لەژێر فشاری گیانی و دەروونی ئەو جانەوەرانەدا

بردەسەر، بەو هیوایەی کە بمگێرنەوە عیراق.

شەش مانگ، هەوڵیاندا بمکەن بە (توبەکاری ئیمام)، بەڵام بێسوود بوو، کاتی کە پێیانوتم تۆ سزاکەت تەواوبووە و بەیانی ئازاددەبیت، وەخت بوو باڵ بگرم، هەر چەندە نەمدەزانی چۆن و بەچ ڕوویەکەوە بچمەوە نێو منداڵ و کەسوکار. شەوانە، خەوی ناخۆش ناخۆش، وەك دیوەزمە لە ناخەوە دەیانخواردم و ورەم پێنەدەما.

بەیانی زوو هەستام، خۆم خاوێنکردەوە و خۆم ئامادەکرد، زیندانییە ئێرانییەکان ئێرەییان پێدەبردم، کە ڕزگارمدەبێت و لەژێر دەسەڵاتی خواکاندا نامێنێم. نەیاندەزانی کە نوێنەری خواکان، عیراقیشان کردووەتە دۆزەخ.

ئەم جار لەتەك چەند چەکدار، سواری ماشینێکی سوپاییان کردم، چەند کاتژێر بەڕێوەبووین. گەیشتینە شاروچکەیەك بەنێوی 'سەلاسی باوەجانی'، کە لە ناوچەیەکی شاخاویدا بوو. من نەمزانی بۆچی بۆ ئەوێیان بردم، بەڵام ئەوەندەمدەزانی کە لە عیراق نزیك بوومەتەوە. بردمیانە شوێنێك هەر لە زیندانەکەی 'دیزل ئاباد' دەچوو، لەتەك نامەیەك، دامیانە دەستی لێپرسراوی ئەو شوێنە. پاش چەند پرسیار و بێنەوبەردە، پێیوتم:

+ ئێرە قەرەنتینەیە و دەبێت لێرە چاوەڕێی ناردنەوە بیت. لێرە دەورەیەك بەسەردەبەیت، گەر

شتت لەسەرنەبوو، ئەوا دەتنێرینەوە بۆ عیراق.
سێ مانگیش لەوێ، کە زیاتر لە باخچەی ئاژەل دەچوو، تەمەنم بەسەربرد. هەرچی مروڤی تێکشکاو و پۆخڵە بوو، بەهۆی دەستتێکەڵکردن لەتەك لێپرسراوەکانی قەرەنتینەکە و هەواڵگری بۆیان، دەردەچوون بۆ نێو بازاڕ و سەردانی و هەموو شتێکیان دەدرایێ، هەر لەوێش تێگەیشتم، کە دەدرێمەوە دەست جەلادەکانی ' ڕژێمی بەعس'. سێ مانگیش لەوێندەرێ زەجرم کێشا. کاتێ وتیان بۆ کاروانی بەیانی بەرەو عیراق، خۆت ئامادە بکە. لەبەر هەڵهاتنم لە عیراق، کە بە تاوان دەژمێردرا، گشت مووەکانی لەشم ڕاستبوونەوە! زیندانی 'ئەبوغریب' و 'هەیئە'ی کەرکوکم بیرکەوتەوە، گەر بڕیاردان بەدەستی خۆم بووایە، ئەوا لە نێوان هەڵبژاردنی قەرەنتینەی کۆماری ئیسلامی و زیندانەکانی ڕژێمی بەعسدا دۆش دادەمام. چونکە دڵنیابووم، لە هەردوو بارەکەدا، لە بوونی خۆم کەوڵم دەکەن. کە گەیشتمە سەر سنوور، دەستم لەخۆم بەردا. لێدان و سووکایەتی لەبری پێشوازی و ئارامکردنەوە، دەتگوت گشت کەڕوڵاڵین، کەس بەخۆی ڕانەدەبینی داوای قومێك ئاو بکات. لەوێش بە بەکرێگیراوی دوژمن تاوانبارکراین و گوازراینەوە بۆ 'دەزگای ئاسایشی گشتی کەرکووك'. لەوێش پاش ئەشکەنجە و لێکۆڵینەوە، دراین بە دادگەی شۆڕش و ئەوانیش بەویژدانی نیشتمانپەروەرانەیان یەکی ساڵێك سزای زیندانیان وەك دیاری لەسەر بڕیاری سەرۆك پێشکەشکردین.
ئەوەی نەدەبوو ببێت، بوو، خەم و پەژارەم بۆ منداڵەکانم لەلایەك و زوڵمی حاجی ئاغا و ڕۆژانی 'دیزل ئاباد' و قەرەنتینە و ئەشکەنجە و سووکایەتی ئەم هاونیشمانییانەم لە ژیانی خۆم بێزاریان کردبووم. هەر چۆن بوو، ئەو ساڵەشمان لە وڵاتی بێنانیدا بەسەربرد، وڵاتێك کە بووبووە وێرانەی شەڕە بێئەژمارەکان. ساڵەکەم تەواو کرد و بەدەست بەسەری بردمیانە 'سەربازگیری' و لەوێشەوە بۆ 'بەسرە' تا خزمەتی وڵاتێك بکەم، کە تەنیا زیندانێك بوو بۆم .

پاش هەوڵێکی زۆر و بیرلێکردنەوە و پرسیار، خۆم دزییەوە و بە پاڕانەوە و ئەم سەر و ئەوسەر، گەیشتمەوە هەولێر و سەرم لە ماڵی خۆمانەوە دەرچوو. نە شار شاری جاران بوو، نە ماڵێ خۆمان، ماڵەکەی جاران بوو. کاتێ من شارم بەجێهێشت ، لیستی سەوز فەرمانڕەوا بوو، کە گەڕامەوە لیستی زەرد باڵادەست بوو، دەتگوت ساڵەهایە ئەم شارەم نەدیووە. لەتەك کرانەوەی دەرگەی ماڵی خۆمان و وەژوورکەوتنم، هەموو دایانە پرمەی گریان و باوکەڕۆ. منیش لەوان خراپتر، زۆر بە پەلە چاومگێڕا، دایکم و کچە بچکۆلەکەم دیارنەبوون، منیش بێپرسیار دەستم بەگریانکرد. لەتەك بەرزبوونەوەی دەنگی من و مناڵەکان، جیرانەکانیش هاتن و کۆڕی شیوەن

گەرمتر بوو. سەرەتا وامزانی بۆ خۆم دەگرین، بەڵام کە چەندجار وشەی جەرگسووتاوی و هەتیوکەوتنیان بەگوێمدا دا، تێگەیشتم، هاوارم کرد، کوا دایکم، کوا شیلان؟ بەڵام بێجگە لە گریان و باوەشپێداکردن و گەرمبوونی کۆڕی شێوەنەکە، وەڵامێکی دیکەم وەرنەگرتەوە. لەتاو ئەم بارە و دوورکەوتنەوەم، ئارەقەی شەرمەزاری و فرمێسکی چاوانم تێکەڵ بووبوون و بەخوڕ دەهاتنەخوار. ئاخر من چووم نانیان بۆ بێنم، نەمزانی تاماوم دەبێ شەوان بە ئارەزووی دیداریان لە خەودا، سەر بنێمەوە.

**نۆڤەمبەری ١٩٩٨**

## gerran le dûy Nan

Her çon bû, be bertîl û tkakarî xom le snûr rizgarkird û çûme ew dîw. Birsyetî û hîlakî eû çenid Roje pêmewe dyarbû, bemi şêweye geyiştme nawçeî hemedan û kewtme gerran bedway karda, katî karî kiştuzar û kurexanekan nemabû, lelayekewe hênde birsîmbû, wexitbû pelamarî gjugya bdem, lewlaşewe tirsî girtin û behederrroyiştnî mandûîy eû çenid Roje û Gîrfanbetallîm, tengetawî kirdbûm. Letaw emi baregrane, geri cutyarêkim be clubergî xakîyewe bbînyaye, ewa zendeqimdeçû û wamdezanî Pasdare. Kat demeû êware bû, çenid 'cucesazî'yek gerabûm, karm desitnekewt, îdî hêzm tyanema, geîştme eû birrwaye, ke eger çûmete nêw mollgey Pasdarewe, debêt ştêk bo Xwardin bedesitbênim, hestimdekird wa le hoş xom deçim. Berasterrêyekî xakîda mlî rêgem girtbû, paş çenid hengawêk maşînêk hat, kemêk têperî û gerayewe dwawe û wtî :

+bo rehmeti abad deçî ?

Paş kemêk raman wtim :  a, bellê.

Swar bûm û şufêreke kewte pirsyar:

+namo dyarî wanîye ?

-Bellê .

+Xellkî serdeştî ?

-Na 'îraqîm.

+ le awarekanî hellebcey?

-bellê.

+boçî deçît bo rehmeti abad ?

-Bedway karda degerêm.

Şofêreke satêk bêdenigbû, trism lênîşt, be xomim wit "pyawî rjêm nebêt û begirtnimbdat, lelayekî dîkeşewe dillxoşî xomim dedayewe, eî kê dellê pyawî çak nîye û dllî be min nasûtêt?

+lêre Kesi denasît .. Pêştir lêre kartkirduwe ?

-Na, nexêr ..

Kemêkî mabû le Gundeke nzîkbînewe. Şofêreke destî bo lay çepî rêgeke rakêşa û wtî: ewe gewretrîn cucesazî emi naweye. Ke geîştîne rêkî cucesazîyeke, Kesêk berew serrrêgeke dehat, qeduBallayekî gewre û rdêne maş û brincîyekey xetdabû, nawçewanî texit û rutawe, destî bo otomebêleke ragrit .

Şofêreke : sllam axay mrad'lî.

Mrad'elî : çonî axay slêmanî, selametî?

Slêmanî(şufîreke): zor supas, xêre wa lemi sererrêgeye, rawestawî?

Mrad'lî : çawerêy pîkabêkim dekird, baş bû ke tohatî, kemêk allfim heye lenêw dêye, bellku bom bhênî.

Slêmanî: her êsta?

Mrad 'lî : bellî her êsta, nefereketi hî nêw dêye ?

Slêmanî : na awareî 'îraqîye, bedway karda degerêt, emi şeû lay xom raydegrim ta beyanî, bellku...

Mrad'lî : detwanî ştekanî pêbarbkeît û bîhênîtewe îre, lewaneye pêwîstîm pêyhebêt.

Şofêreke rûy têkirdim û wtî : detwanî le dwawe danîşît, axay mrad'elî dête cêyeket, ewe bexitt hebû, wtî "lewaneye karm hebêt boy... "

Îdî min le pêstî xomda cêm nedebuwewe, her eû êwareye desitbekarbûm ta bereberî zistan berdewam karimkird, kareke

Hênde sexit bû, her meprisn. Le aşî cucesazî karm dekrid, tenaneti zorcar îşî nêwmallîş, bûbûm be hemû ştêk, dllim le xoşya ballefrrêy bû, car care le Mallî xawenkarekemewe Xwardnim bo dehat, ke şorbayek bû yan eû mamraneî ke nexoşdekewtin û Sermandebrîn zorcar allfî mamrekan ' Goşt gyayî- soya wişke'mi dexward. Sermawsolley payîz û bonuberameî cucesazî nexoşî xistim, çenid car tûşî lerzuta bûm, bellam leberi qaçaxbûnim nedeçûme lay diktor, ta dwacar tûşî serîşeyek bûm û le pirr deburamewe. Naçar be mrad'elî xawenî cucesazîyekem, gut :

+axa Gyan, îdî min natwanim bemi core karbkem, bellku krêy karî em çenid Mangemi bdeîtê û ta nemirdûm, brromewe. Wa bzanim îdî bo êweş kellkim nemawe ?

Mrad'elî: çon debê, min bemi zmistane kêm çing dekewêt?

+axir bem core demrim, detwanim dû heftey dîkeş karbkem taweku Kesêkî ke peyda dekey, ewsa mnîş bew pareyey ke lelay toye, deçmewe nêw xêzanekem .

-Parey çî, megeri to emi çenid Mange, eû hemû Xwardin û Şwên û xizmeteşman kirdûy, leberçaw nagrît?

+axir hacî axa megeri xot netgut " Mangane duwazde hezar tmen, şeû wi Roj kar bkemi û xercim, wate Xwardin û hemam û Şwênî xewitnim leser to bêt?

-nexêr, min lerêy xuda bezeîm be toda hatuwetewe, Taku le birsa nemrît.

+axir hacî axa, min nehatûm bxom û agam le skî Mnallekanim nebêt, min hatûm çwar tmen bo emi zistane bermewe, Taku Mnallekanim lebirsa nemrin.

-êsta dellêy çî, herwa deroy yan bitdeme destî supa û bllêm sîxurre?

+ herwa beasanî natrism, ger sîxurr bûm, bo ratgirtim?

-xot dezanî, ta beyanî lêre bît, ewa min mecburm bitdeme destî Yasa.

Xom naçarzanî, serpêçîmkird û mamewe, çenidcar dawam lêkrid, bellku hîç nebê xercî gerranewemi ta ser snûr bo bdat, rastîyekey zorîş detirsam, her boye wa beasanî le mafî xom xoşdebûm, axir zyad le şeû wi Rojîk le snûrî hacî homeranewe dûr bûm, herçîm kird û koşa bêsûd bû. Beyanî ke le xeû hestam, betemabûm bçim bo Mallyan bo nêw dê ,

Bellku sozî cullabê û naumêdimnekat... Pêş ewey bereû ser rêgeke yekemi hengaw hellbênmewe, berewrrûm, otomebêlêkî supa qut buwewe, hîç bwarî rakirdnim nema...

Otomebêleke rawesta û çenid çekdar dabezîn. Lêprisrawekeyan ke danebezîbû, lenêw otomebêlekeda rû le çekdarekan:

: -kurrîne desgîrî bken!

Her çende wtim barm wa û Babet wa, sûdî nebû, çawyan bestim û letek xoyan birdimyan..
Lerêge her gallteyan pêdekirdim û carcareş mistêkan dejenye latenîştim.
+nmekheram, be qaçax hatûy, le rêy xuda karyan pêdawî, keçî dzî dekeî û pelamarî namusî hacî axa dedeî?
Herçenid swêndim dexward, be kurdî û çenid wşeyek farsî demgut bexwa hîçî wa nîye, buxtane, keçî zyatir lêyandedam. Paş maweyek lêkollînewe û lêdan, çenid Roj le supay hemedan Zîndanîbûm... Beyanîyek zû bexeberyanhênam û wityan:
+heste sert bşo û xot xawên bkerewe!
Lemi riftareyan zor serimsurma û bexomim gut: bexuda dyare azaddebim, birryarimdabû, geri wazmilêbênin memnûn bim û îdî basî pare nekemi . Sat bû be heşit, dû çekdar be otomebêl birdimyan .., ke dabezîm, terazû û allay 'komarî îslamî'mi bînî, zanîm dadgeye û seretay kare ... Mrad'elî 'hacî axa', poşakî supay poşîbû, yek dunya lêytirsam, êsta îdî berrastî Kesêkî drrinde dyarbû, sereta ewyan bangkird û paşan min. Dway çenid pirsyar û naw û nîşan pirsîn:
+to çon be qaçax hatûy bo Êran ?
Mnîş le elfewe ta yê, basimkird, pêmwabû îdî êsta bezeîyan beminda dîtewe..
+sereray çake û yarmetî lerêy xudada, bo dzît le axay mrad'lî kirduwe, ha?
Be hezar swênd wtim, min hîç dzîmnekirduwe, bellku daway mafî xomim kirdwe, eû awa be dzî tawanbarî kirdûm, hîç rastinîye. Em qsane kajmardin bûn bo ewan, hîç dadyannedam û serencam şeşi Mang le dîzl abadî 'kirmanşa' Zîndanî bûm. Şewu Rojm lejêr fşarî Gyanî û derûnî ew caneweraneda birdeser, bew hîwayeî ke bimgêrnewe 'îraq.
Şeşi Mang, hewillyanda bimkeni be (tubekarî îmam), bellam bêsûd bû, katî ke pêyanutim to szaket tewawbuwe û beyanî azaddebît, wexit bû ball bigrim, her çende nemdezanî çon û beçi rûyekewe biçmewe nêw Mindall û Kesukar. Şewane, xewî naxoş naxoş, wek dîwezme le naxewe deyanixwardim û wremi pênedema .

Beyanî zû hestam, xom xawênkirdewe û xom amadekrid, Zîndanîye îranîyekan îreyyan pêdebirdim, ke rizgarimdebêt û lejêr Desellatî Xwakanda namênêm. Neyandezanî ke nwênerî Xwakan, 'îraqîşan kirduwete Dozex.

Emi car letek çenid çekdar, swarî maşînêkî supayyan kirdim, çenid katjêr berrêwebûyn. Geîştîne şaruçkeyek benêwî 'selasî bawecanî', ke le nawçeyekî şaxawîda bû. Min nemzanî boçî bo ewêyan birdim, bellam ewendemdezanî ke le 'îraq nzîk bûmetewe. Birdimyane Şwênêk her le Zîndanekeî 'dîzl abad' deçû, letek nameyek, damyane destî lêprisrawî eû Şwêne. Paş çenid pirsyar û bênewberde, pêyutim :

+êre qerentîneye û debêt lêre çawerêy nardnewe bît. Lêre dewreyek beserdebeît, geri şitt lesernebû, ewa detnêrînewe bo 'îraq.

Sê Mangîş lewê, ke zyatir le baxçeî ajeli deçû, Temenim beserbird. Herçî mruvî têkişkaw û poxlle bû, behoy desittêkellkirdin letek lêprisrawekanî qerentîneke û hewallgirî boyan, derdeçûn bo nêw bazarr û serdanî û hemû ştêkyan dedrayê, her lewêş têgeyiştim, ke dedrêmewe desit Celadekanî ' rjêmî be's'. Sê Mangîş lewênderê zecrim kêşa. Katê wityan bo karwanî beyanî bereû 'îraq, xot amade bke. Leberi hellhatnim le 'îraq, ke be tawan dejmêrdra, gişt muwekanî leşim rastibûnewe! Zîndanî 'ebuxrîb' û 'heye'î kerkukim bîrkewtewe, ger birryardan bedestî xom buwaye, ewa le nêwan hellibjardinî qerentîneî komarî îslamî û Zîndanekanî rjêmî be'sda doş dademam. Çunke dillnyabûm, le herdû barekeda, le bûnî xom kewllim deken. Ke geîştme seri snûr, destim lexom berda. Lêdan û sûkayetî lebrî pêşwazî û aramkirdnewe, detgut gişt kerullallîn, Kesi bexoy ranedebînî daway qumêk aw bkat. Lewêş be bekrêgîrawî Dujmin tawanbarkrayn û gwazraynewe bo 'dezgay Asayşî giştî kerkuk'. Lewîş paş eşkence û lêkollînewe, drayn be dadgey şorrş û ewanîş bewîjdanî Nîştmanperweraneyan yekî Sallêk szay Zîndanyan wek dyarî leser birryarî serok pêşkeşkirdîn .

Ewey nedebû bbêt, bû, Xem û pejarem bo Mindallekanim lelayek û zullmî hacî axa û Rojanî 'dîzl abad' û qerentîne û eşkence û sûkayetî em hawnîşmanîyanem le jyanî

xom bêzaryan kirdbûm. Her çon bû, eû Salleşman le wllatî bênanîda beserbird, wllatêk ke bûbuwe wêraney şerre bêejmarekan. Sallekemi tewaw kird û bedesit beserî birdimyane 'Serbazgîrî' û lewêşewe bo 'besre' ta xizmetî wllatêk bkem, ke tenya Zîndanêk bû bomi.

Paş hewllêkî zor û bîrlêkirdnewe û pirsyar, xom dzîyewe û be parranewe û emi ser û ewser, geîştmewe hewlêr û serm le Mallî xomanewe derçû. Ne şar şarî caran bû, ne malê xoman, Mallekey caran bû. Katê min şarm becêhêşt , lîstî sewiz fermanrrewa bû, ke geramewe lîstî zerid Balladesit bû, detgut Sallehaye emi şaremi nedîwwe. Letek kranewey Dergey Mallî xoman û wejûrkewtnim, hemû dayane pirmey giryan û bawkerro. Mnîş lewan xraptir, zor be pele çawmigêrra, Daykim û Kçe biçkolekemi dyarnebûn, mnîş bêpirsyar destim begiryankird. Letek berzibûnewey dengî min û Mnallekan, cîranekanîş hatin û korrî şîwen gerimtir bû. Sereta wamzanî bo xom degrîn, bellam ke çenidcar wşey cergsûtawî û hetîwkewtinyan begwêmda da, têgeîştim, hawarm kird, kwa Daykim, kwa şîlan? Bellam bêcge le giryan û Baweşpêdakirdin û germibûnî korrî şêweneke, wellamêkî dîkem wernegirtewe. Letaw emi bare û dûrkewtnewem, areqeî şermezarî û firmêskî çawanim têkell bûbûn û bexurr dehatnexwar. Axir min çûm nanyan bo bênim, nemzanî tamawm debê Şewan be arezûy dîdaryan le xewda, ser bnêmewe.

Novemberî 1998

# سەمای مەرگ

دونیا کش و مات، هەموو جەستەیان وەك گوێیەکی گەورەی لێهاتبوو، تەپەی کەوش و خلیسکانی کەوشەکانیان لەسەر درِك و وردەزیخ، لە خەیاڵە خۆڵەمیشییەکان دایدەچڵەکاندن و لەبەر ڕۆشنایی مانگەشەودا سێبەرە بێهەژمارەکان دەچەمانەوە و ڕاست دەبوونەوە، ساتێك وەستان و خۆڕاگرتن لەسەر ئەژنۆ، باسکەکانیان دەکردە هەڵگر و وچانێك ...

شەونمی سەر زیخی ڕامالڕاو و سەر تاوێرە بەردەکان، لە ژێر ڕوناکی مانگەشەودا دەیان و سەدان تابلۆبوون، ڕاز و بەسەرهاتی زەحمەتکێشانی ئاواییەکەیان دەدرکان. لەتەك هەر هەنگاوێك لە سپێدەیەکی نادیار و کۆتایی دۆڵەکە نزیکدەبوونەوە. چەند ڕۆشناییەك لە دەم کەلەوە ...

- لەوە دەچێ شەڕبێت !

- ئەی چی، مەگەر ئێمە بۆچی دەچین، ئەی خۆ بۆ شایی ناچین؟

دەنگێك لە پێشەوە : خۆتان بدەن بە زەویدا!

لوورەی هاوەنێك، تەقینەوە، شەپۆلخواردنەوەی دەنگەکە، ڕۆشناییەکی دی، خۆتان بدەن بەزەو ... ڕۆشناییەکی دی ... چەند هەنگاوێکی دی بەرەو دەمکەل. کۆمەڵێك چەکدار لەو سەرەوە بەرەوخواردەبوونەوە، چەند دارەمەیتێکیان لە کۆڵگرتبوو، کەس ناپرسێ کێن و چیبووە، تەپە تەپی پۆستاڵەکانیان دەریدەخات کێن ...

پ.م: ئاخ وابزانم ئەم جارەیان دەبمە قۆچی قوربانی ئەم بەزمە، نەدەبوو ڕۆژی خۆپێشاندانەکە بکوژراییێم؟ ئای هۆرامان، خۆزگە بەگوێی تۆم بکردایە، بچووینایەوە ناو حزبی شیوعی، خۆ هەر چۆن بوو، بەشداری ئەم شەڕە نەدەبووین !

چەند ڕۆشنایی و تەقینەوەیەك، دەنگێك لە دواوە

- بیگەیێنە بابوەستن ! بیگەیێنە بابوەستن ! بیگەیێنە با ...

- ئای دەمخۆش، خۆ هێندە لاقەکانم بەدوای خۆمدا ڕاکێشکردن، پشتم شکا.

خشەخشی پالتۆ ئەمریکییەکەی فەرماندە و پارێزەرەکانی پێش و دوای وێنەی (دیکتاتۆرەکەی باخدادی) دەهێنایەوە پێشچاو. لە پێشەوە دەنگێك (بیگەیێنە بابگەڕێنەوە بۆ ڕیشاو!

لەشکر دەتوت دووپشکە و بەزیوە، ئەم جارە هەر کەسە و لاقە شەکەتەکانی بەشانیدادابوون، تا زوو خۆی بگەیێنێتە پشوگەیەك و سەرخەوێ بشکێنێ. لەنێو کەلاوەکانی ئاواییدا، تەنیا ڕوناکی دوو ئاگر دیاربوون، کۆمەڵێك سێبەریان تابەر ئاوایی درێژ کردبووەوە، وەك سەمایەکی دەروێشانە دەهاتن و دەچوون.

- تو بڵێی دە ساڵ لەمەوبەر سەگەکانی ئاوایی بۆ کوێ چووبن؟
نێودێ کش و مات تەنیا قرچە قرچی ئاگرەکە نەبێت، کە دەتوت ئەو کاتەیە کە ئاگر بەردرایە ئاوایی. هەرچۆن بوو ئەویش خۆی گەیاندە تەنیشت ئاگرەکە، چەکەکەی لە باوەشیدا دانا و بە چیلکەدارێك کەوتە هەڵخرانی ئاگرەکە و جارجارەش ڕایدەژەنییە خوڵەمیشەکە و خەیاڵە ئاڵۆزەکانی پێ نیگاردەکیشا، دەتوت لە دووی گوێز و بەڕووی برژاو دەگەڕێت. قورەی سکی لەو خەیاڵە بە ئاگایی هێنا و سەیرێکی دەوروبەری.. گشت بێدەنگ بوون، دەتوت لە دیار دارەمەیتێك دانیشتوون و لەدڵی خۆیاندا وێرد دەخوێنن. لەتەك دیتنی سێبەر و ڕوناکی لە سەر ڕوخساری هەریەکەیان پرسیارێك لە هۆشی ئەو دەچەقی ..
- ئاخۆ ئێوە چۆن بیردەکەنەوە؟ لەنێو دڵیشتان هەر ئەوەیە، کە دەیڵێن، یان زیندەبەچاڵی دەکەن؟ گەر وابێت، ئەوا گەوجن. دەزانم ئێوەش لە مەرگ دەترسن، هەر کەسەتان بەهۆیەك، من حەزناکەم لەپێناو هیچدا بمرم، ئاخ خۆزگە دەمتوانی خۆم بگەیێنمە شوێنێك .. ئای لەو ساتە، کە چۆن نەمانتوانی بڕیار بدەین، بچینە ئێران یان بگەڕێینەوە شار و خۆبەدەستەوە بدەین، یان بچینە نێو (کۆمەڵە)، هەرچەندە ئەوانەیش نەیاندەگرتینەخۆ.
پڕشکێکی ئاگرەکە دایچڵەکان .. بەرە بەرە لای ئاگرەکە چۆڵدەبوو، لەتەك دەرچوونی هیلاکی و زیادبوونی گەرمایی ئاگرەکە لەنێو لەشیانا، بەرە بەرە باویشکیاندەدا و دەچوونە لاوە و هەڵدەتروشکان ...
- خۆزگە ئەم پلانە پوچەڵدەبووەوە و ئەم جارەش نەدەبوومە سوتەمەنی. ئاخر ئیدی شوێن نەما، کەنارگیری تێدا بکەین، کەوتینە پشت بەرەی شەڕی عیراق- ئێران.
لەتەك خامۆشبوونی ئاگرەکە چەند باوێشکێکی داو و چاوە واقوڕماوەکانی لە پشت پێلوەکانییەوە وندەبوون. .. چاوێکی گێڕا و لەنێوان چەند کیسەخەوێکدا شوێنێکی پەیداکرد...
- ئەوێ باشە، پاش و پێشم هەوا نایگرێتەوە، لەوانەیە شوێنی کەسێك بووبێت و لەنێو ئەو حەشاماتەدا بۆی نەدۆزرابێتەوە. چەك و تاقمەکەی کردە سەرین و لەسەر لای ڕاست ڕاکشا. تەقینەوەی چەند گوللە هاوەنێك، دەنگدانەوەیان لە ئاواییدا و شەپۆلخواردنەوەی لە دۆڵەکەدا، سەمفۆنیایی مەرگی دەژەنی ...
- ترس دادتنادات، تازە پێوەبووی، بخەوە با خەوەکەشت لە کیسنەچێت.
بەدەم خەیاڵەوە، لەتەك خێرایی تیپەڕبوونی مانگەشەو پێڵوەکانی لێکنا و پڕخەی لەتەك سیرە سیری سیرسیرەکەرەکان تیکەڵبوو ...
تیشکی خۆر لەسەر لوتکەی کێوەکانەوە بەرەو نێو کەلاوەکانی ئاوایی لە کشاندابوو، دەنگە

دەنگی چەند پاسدارێك كە كیسەخەوەكانیان لە ئێسترەكان باردەكردن، بەخەبەریان هێنا ....
زۆر بە زەحمەت هەستایەوە و دەستێكی بە پرچە ئالۆزكاوەكەیدا هێنا و ئاوڕێكی لە ئەم لاو ئەو لای خۆی دایەوە. سەرمای دەمەو بەیانی وەك دەرزی دەچەقیە جەستەیەوە ...
- ئای لەوە، خۆ ئەمانە بۆ هەمیشە خەوتوون، دوێ شەو وامزانی لە سەرمادا وا دەموچاوی خۆیان داپۆشیوە. ئاخۆ چ خۆزگەیەك لە ناختاندا زیندەبەچاڵ بووبێت؛ بینینی كەربەلا یان وێرانكردنی شارەكەی من؟ ئاخر ئێوە نە من دەناسن و نە ئێرەشتان دیوە، بۆچی ئاوا دێن و لەتەك خۆتان مەرگ دێنن؟ ئای چ كارەساتێكە كاتێك كە مرۆڤ گەوج بێت. پێمناڵێن كەربەلا بە ئێوە چی؟ مەگەر لەوێش هەر كرێچی و پاسەوان نابن؟
ڤرەڤرِی كۆپتەرێك لە بەرزاییەوە بەئاگایهێنا. لە ترسانا دڵی لە ژێر پەراسووەكانیدا وەك باڵدارێكی بەندكراو، خۆی بە قەفەزەكەدا دەكێشا و جار دوای جار ماندووتر دەبوو. لەبەر خۆیەوە ..
- هەستە وەخۆكەوە و خۆت بشارەوە.
هەر چۆن بوو، خۆی گەیاندە نێو كەلاوەیەك، كۆپتەرەكە بەرەوخوار بووەوە بە چەند ڕۆكێتێك دەوروبەری ئاگرەكەی كێلا...
- وابزانم هات، ئەو ساتەی كە لێیدەترسای، بتەوێ و نەتەوێ هەر دەبێ بمری ! ئاخ ئەی خۆ دەتوانێ لەو شاخە بدات و ملی بشكێنێ. بەڕاستی ساویلكەی، ئەو بۆیە سواری ئەو كۆپتەرە بووە، تا مرۆڤ بكوژێ و گوندان و شاران وێرانبكات.
دەنگێك: هەموتان وەرنە ئێرە، كۆببنەوە. كۆمەڵێك دەوروپشتی فەرماندەی لەشكریان گرتووە ...
فەرماندە: ئەمەوێ پێتانبڵێم كە ئێمە بۆچی هاتووین و بەنیازین چی بكەین؟ ئێمە دەبێت هەڵەبجە بگرین، ئەمەش بە سەرپەرشتی كۆماری ئیسلامی دۆستمان دەبێت و سەركردەكانمان لەسەر ئەم نەخشەیە ڕازیبوون. لەم هێرشەدا ئێمە بڕیاردەر نین و تەنیا پیادەكەری پلانەكەین، ئێمە وەك هێزی پێشمەرگە ئەم قۆڵەمان دراوەتێ، تا شان بەشانی سوپای پاسداران و لەشكری ئێران.. (پارتی)ش هەروا لە هەورامانەوە .. (حسك)یش لە قۆلی سوورێنەوە .. حەرەكەی ئیسلامیش لە ناوچەی نەوڕۆڵییەوە .. هیوادارم كەس گرفت دروستنەكات، وەك وتم: ئێمە بە سەرپەرشتی ئێران ئەم كارە دەكەین.
لەتەك بەرزونزمی دەنگی فەرماندە، ئەو بە ددانە جیڕەكانی سمێڵی خۆی تاڵ تاڵ ڕادەكێشا و بە پەنجە ماندووەكانی تاڵەڕیشەكانی دەخستەوە ژێر ددانە قینگرتووەكانی. خۆی بەسەر قۆنداخی چەكەكەیدا دابوو و لوولەی چەكەكەی چەقاندبووە سەر پێلاوە دڕاوەكەی ..

- ئەگەر بگەڕێیتە دواوە، ئەوا پێتدەڵێن ترسنۆك. شوێنی جارانیش نەما. (دەمی بردە بناگوێی مەجید..) : خۆ بەچاوی خۆت دەبینی چەند شۆڕشگێڕین، خۆ ئێستاش نكۆڵی لە ڕاستی ناكەی؟ ها؟ بۆ وەڵام نادەیتەوە؟

مەجید : بێدەنگ بە، كەی كاتی ڕەخنەیە!

فەرماندە : ئێستا دەكەوینەڕێ، دوو دوو ڕێبكەن و تا خۆمان ئاگادارتان نەكەینەوە، كەس لە خۆیەوە بەملاو بەولادا نەڕوات. لەنێو شار نابێت هەر كەس بۆخۆی بڵاوەی لێبكات، دەبێت بەیەكەوە بین !

لەبەر خۆرەتاوی دوارۆژەكانی (ڕەشەمێ)دا بەرە بەرە دونیا گەرم دادەهات، ماسولكەكانی نێوشان خاودەبوونەوە، خوێن دەزایەوە سەرپەنجە و لێوە تەزیوەكان گەرم دادهاتن و هەڵمی هەناسەیان وردە وردە دیارنەدەما.

دوو دوو بەقەد پاڵەكاندا بەرەو نێودۆڵەكە خواردەبوونەوە، تیشكی خۆر لە دڵۆپە شەونمی سەر تاوێرەكاندا، دەتوت شكانەوەی ئاڵی گۆنای كیژۆلەیەكی پاچەڵەیە لە كانیاوێكدا. جار جارە ئەو مارمێلكانەی كە خۆیان دابووە بەرخۆرەتاو، بەدەنگی هێلیكۆپتەرەكان دەحەپەسان و خۆیان دەهاویشتە كەلێنی تاوێرە بەردەكانەوە. هەندێك جار هەنگاوەكان هێندە بە نەزم بوون، لەشكرەكە تەنیا لە هەزار پێیەك دەچوو و لەتەك گەیشتنی بە جادە خۆڵەكەی (سازان) لە پێچاوپێچی دۆڵەكەدا هەندێك جار لە تەپوتۆزی تۆیۆتاكانی سوپای پاسداراندا لەبەرچاو وندەبوو. كاتێك كە مرۆڤ فریوبخوات، ئیدی چەپ و ڕاستی خۆی ناناسێت. ئەوانەی بڕوایەكی پتەویان بەم كارە هەبوو، دوولاقی دیكەیان قەرزدەكرد، بەڵام ئەو لاقەكانی بوو بوونە كۆڵێكی قورس، سەرباری چەك و تەقەمەنییەكەی، بەدوای خۆیدا ڕاكێشیدەكردن و لە هەوراز و نشێویدا، دەبوونە باریكی گران بەكۆڵییەوە. پاش یەك دوو سات ڕێكردن و خۆدان بەزەویدا، لەتەك دەركەوتنی كۆپتەرەكان و لورەی گوللە تۆپە دوور-هاوێژەكان، برسییەتیش زۆری بۆ هێنابوو. خەیاڵی ڕابوردوو سەراپای هۆشی داگیر كردبوو...

- تەنیا یەك وشە بەسبوو، بۆ ئەوەی لەگەڵ كاوە و عوسمان و وەستا بەكر و ئەواندا بگەڕێمەوە شار و نەكەومە ئەم زەلكاوەوە. ئێستا بە چ ڕویەك بیانبینمەوە، چۆن سەیری ئەو كەسانە بكەم، كە پێمدەوتن چۆن دەبێت پێشمەرگە پێش پاسدار بكەوێت؟

ئایەندە بۆی لێڵ و ناڕۆشنبوو، قەد نەدەهاتە بەرچاوی، دەتگوت ڕەوڕەوەی مێژوو لە وەستاندایە. دەنگی ناهەمواری كۆپتەرەكان، سیمای دڕندانەیان هەر دەتگوت، فریشتەی گیانكێشن، خۆیان خواركردەوە و پۆلە باڵدارێكیان بەرداوە، درێژایی دۆڵەكەیان كێڵا..

دەنگێك: ئەوە(عونقود)ە
-(لەبەرخۆیەوە) ئەوە سندانە، چەند بەم بارە دلخۆشە! (گرمەی سەیارەیەك.. كە گەیشتە تەنیشتی ئەو، نایلۆنێكی دەمبەستراوی هەڵدا) : ئاە ئەی خواردنەوە؟ (پەلاماری دایێ..) : سەیر چەند مرۆڤدۆستن! ناوكەكولەكە، كشمیش، فستق، بادام، پسكویت و بەردانەوەی بۆمبای هێشوویی!!
لەدەم (كەلی بلێ) هەنگاوەكانی قۆرستر و لاقەكانی بە ڕۆخی زەویدا ڕۆدەچوون، كاتێك كە پشوویدەدا، بچكۆلە و هیلاك دەتگوت بنەدارە و سەوزبووە. هەموو شتێك بۆ ئەو ڕەنگی نامۆیی پێوە دیاربوو، سەر ئاوەكەی چاوگ، دەتگوت هەزاران ساڵە ڕانەمەڕ بەوێدا گوزەری نەكردووە، خۆڵەپۆتەی دەوری چاوگ، دەتگوت بەدەم گەردەلوولی بیابانەوە شەنكراوە. بە حەسرەتەوە خۆی گەیاندە ئاوەكە و دەمی نایە دەمی (چاوگ)ەوە، دەتگوت دڵدارێكی یار نەدیتووە و تاسەی دووری دەشكێنێت.
- پێش ئەوەی گیان لەدەستبدەم، با تینوویەتیم لە تۆ بشكێت. (بە قنگەچاوێك سەرنجی لێوار گومەكەی دا) : ئاە... ئەو ڕۆژانە چەندە خۆشبوون، لێرەدا خۆمان مەستدەكرد و ئێوارە بەرەو شار دەكشاینەوە. (زنجیری بیرەوەرییەكانی هەڵكرایەوە سەرەتا) : بۆ یەكەم جار، كە لێرە مەستبووین، بەدەم گاڵتەكردنەوە بە سەدام حسێن، بەرەو شار چووینەوە، خەڵك بە دڕدۆنگییەوە سەرنجیان دەداین ..
(دەنگێكی گڕ زنجیری بیرەوەرییەكانی پچراند، چۆن شوانەیەك مەرەكانی ئاوبدات و بە شوڵ بیانداتە بەرخۆی، ئاوا ڕووی تێكردن ... )
فەرماندە : بەرەو بامۆك هەڵگەڕێنەوە، كەس لە خۆیەوە بەم لا و بەو لادا نەڕوا !
خۆرەتاوی پاش نیوەڕۆ لە بامۆك، لەتەك نیوەی ئاوایی چاوشاركێ بوو، پیرەمێرد و مێردمنداڵان لە پەنا دیواراندا دانیشتبوون، پیرەكان باسیان لە ڕابوردوو دەكرد و دەستیان بە سمیلەكانیاندا دەهێنا و ئاخ و ئەفسوسیان بۆ ڕۆژانی جوانی هەڵدەكێشا .. "پێش سەردەمی كۆماری، چۆن سوارچاكێك بوون، كاروانیان دەكرد و بێترس بۆ گەرمیان و كوێستان دەچوون. منداڵانیش بەدەم پێكەنین و خۆهەڵكێشانەوە، باسیان لەوە دەكرد، لە فێرگە چەند وریان و خەونیان بە داهاتووەوە دەبینی. سەرەتای لەشكر گەیشتبووە نێو ئاوایی. لە پێچاوپێچی كۆڵانەكاندا دەتگوت، ڕەشمارە و ژار لە بندانیدا كۆدەكاتەوە، وەها بەخێرایی بە سەنێرگەكەی نێو ئاواییدا تیپەردەبوون. مناڵان لە حەژمەتا چاویان ئەبلەق .. ژنان لە درزی دەرگەوە حەپەساو،

دەیانڕوانییە ڕوخساری ڕیشن و چلکنی ژێر جەمەدانییە ڕەش و سپییەکان. پێش ئەوەی لە ئاوایی

دەرچن، پیرەژنێکی ڕەشپۆش بەدەم گریانەوە ڕووە و لەشکرەکە..

- ڕۆڵەکانم ئێمە چیمان بەسەردێت؟

کەس وەڵامی نەدایەوە.

هەنگاوەکانی ئەو هێندە کورتبوون، لە هاوەڵەکانی بەجێدەما، سەیرێکی پیرەژنەکەی کرد، پیرەژنەکە ئەوی بەو ڕیش و جلوبەرگەوە نەناسییەوە. فرمێسك زایە چاوەکانی، قورگی پڕ گریان بوو، لەبەر خۆیەوە ..

- تۆ بلێی، هێشتا ئەم خەڵکە پاسدارەکانیان نەبینیبن؟ تۆ بلێی، بۆمبارانەکانی (ساڵانی٨١، ٨٥، ٨٦، ٨٧)تیان لەبیرچووبنەوە، کە چۆن لە نیوەی شەودا بۆ پارشێو و نوێژ، بۆ پاڕانەوە لە خوا بەیانیان خەڵکیان بەئاگا دەهێنا. چۆن دەنگی تۆپەکان، هۆشی لەبەر منالان دەبرد و بە دڵەڕاوکێوە دەچوونە فێرگە و تاکو دەگەڕانەوە ماڵەوە، دڵیان لە سینگیاندا باڵەفڕێی بوو؛ ماڵی چی، کەلاوەیەك، کۆمەڵێك گۆشت و ئێسك و گۆمێك خوێنی دایك و باوکیان، دەبووە وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە دەنگی تۆپەکان لە هۆشیاندا دروستیاندەکردن ...

هەر چۆن بوو ڕاکێش ڕاکیش، خۆی گەیاندە شار. هەر کەسە و بەلایەکدا دەچوو، هەندێك لە مۆڵگەکاندا چەکیان دەردەهێنا و هەندێکی کە پەروەندەکانی ئاسایش و هەواڵگرییان دەسوتاند، هەندێکی دیکەش چاوەڕێی دەستووری لایەنەکان بوون، هەر کۆمەڵێك و بەرەو لای لایەنێك کە لایەنگریان لێ دەکرد دەچوون، بەڵام زۆربەی خەڵك ڕژێمی (بەعس)یان دەناسی و لەوە دڵنیابوون، کە بوونەتە سوتەمەنی جەنگی عیراق– ئێران و بەشێکن لە گێراوەکانی شەڕ لە لای هەردوولا. ئێستا ئیدی بنکەکانی هەواڵگری و ڕێکخراوی پارت و ئاسایش، خەڵك بەبێ سڵەمینەوە لێیان نزیکدەبوونەوە. لەشکرەکە وەك زەردەواڵە پورەیان لە بنکەی هەواڵگری دابوو. فەرماندەی لە شکر ڕوو لە پێشمەرگەکان:

- بێجگە لە هێزی پێشمەرگە، کەس بۆی نییە چەك هەڵگرێ و دەبێت خەڵکەکە چەکبکەن و بیدەنەوە دەست شۆڕش ....

لە چاوتروکانێکدا پێشمەرگەکان کەوتنە گێڕانی ڕۆڵی (سوارەکانی سەلاحەدین) و بەربوونە گیانی خەڵك ....

- وەرە کاکە، وەرە ئەو چەکانە بۆ کوێ دەبەی؟ ئەوانە چەکی شۆڕشن!

- کاکە هی خۆمن، خۆم گرتوومن .. (دەستریژێك) هەر کەسە و بەلایەکدا، کۆمەڵێك بە دەستڕێژ بەرەو نێوەندی شار ... ئەویش بەخەجاڵەتەوە لە دوایانەوە چەکەکەی سەرەوخوار کردبووە شانی و ماندوو دەتگوت، بۆ بێگاری دەبەن، وڕوکاس، لە بەرامبەر خزم و ناسراواندا شەرم دایدەیگرت. ئاخر پێیوانەبوو، ڕۆژیکی وا بێتەپێش، ببێتە بەرلەشکری ئاخوندەکان. پاش سەد میترێك، دەستڕێژێکی لێکرا، بەلای چەپدا ئاوڕیداوە، سەروتەنەی سەربازێك دیاربوو..
- ئاە، کەست پەیدانەکرد، من نەبێت، هەی بەدبەخت، ئێستا ئیدی جیاوازی من و تۆ نییە. بەرەو خوار ملی ڕیگەی گرتەوە، لە چوارڕیانەکەدا بەلای ڕاستدا بایدایەوە ...
- ئای لەو ڕۆژەی کە تێیدا بەهەڵەداچووم، ئا لێرە دابوو، ساڵێ لەمەوبەر کە بەفیشەکی دۆشکای زرێپۆش (مەریوان) گیانی لەدەستدا، ئای لەو ڕۆژە شوومە، هەڵچووین و شارمان گرتەدەست، سەربازەکانمان کێشانە ڕیزی خۆمان، بەڵام بێئەزموون. کێ کردی و کێ خواردی؟! ئێمە بووینە قوربانی و مەلاکان بردیانەوە. کاتێك کە ئێمە بە تەرمەکەی (مەریوان)ەوە مزگەوت بە مزگەوت، بۆ ڕاپەرین بانگەوازی جەماوەرمان دەکرد، مەلاکان پاسەوانی تایبەتییان هەبوو، لە خۆفرۆش و ....

بەردەم بانکەکەکە خەڵکێکی زۆر کۆمەڵەیان کردبوو، نیوە چاوەڕێی وەرگرتنەوەی پارەکانیان لە بانك دەکرد و نیوەکەی تریش دەیانپرسی چیبکەین، بەعس ئەم شارە وێراندەکات. ژنێکی قەیرە ڕوو لە فەرماندەی پێشمەرگەکان ...
- کاکە گیان، بەخوا مانگانە پاشەکەوتمکردووە، هەتیوبارم، بەڵکو پارەکەی من بدەنەوە، بە قوربانتان بم.. (پەلاماری پێلاوی فەرماندەی دا ماچیبکات....)
فەرماندە: درۆدەکەن، کاتێك کە داوای یارمەتیمان لێتاندەکرد، گشت دەپاڕانەوە و دەتان وت هیچمانییە، کەچی ئێستا تەنانەت بێوەرژنەکانیش پارەیان لە بانکدا هەیە.
پیرەمێردێك : کاکی لێپرسراو، باشە ئەگەر ڕژێم بۆمبارانی کرد و هێرشیهێنا، ئێمە چیبکەین؟
فەرماندە : دەك زیرڕەبکەن، مەگەر هێزی پێشمەرگە بەچی دەزانن؟ تازە ڕژێم ناتوانێت هێرشبکات. ئێستا برۆن و بڵاوەی لێبکەن، با کارەکەمان ئەنجامبدەین، دواتر هەر کەس لە بانکدا پارەی هەبێت، حیسابێ لەتەك دەکەین.
چەند پەلە هەورێکی مات، لە خۆرئاوابووندا سوور سوور هەڵگەڕابوون، دەتگوت تابلۆی سبەینێ دەکێشن، لەتەك ڕەشهەڵگەڕانی پەڵە هەورەکان، شەو چارشێووی ڕەشی بەسەر شاردا کێشا. هێشتا پێشمەرگەکانی فەرماندە، خەریکی لە گونیهکردنی پارەکانی بانك بوون.

فەرماندە: کوڕینە خێراکەن، دەبێت زۆرترین دەسکەوت بۆ ئێمە بێت. ئێران خۆی بەڵێنی پێداوین....(ڕوو لە چەکدارێك) : بەهەمووان بڵێ، با بۆ خەوتن لە لای مزگەوتی کۆکۆیان کۆببنەوە ....

لە دوورەوە دەنگی دەستڕێژ و ئارپیجی دەهات، جارجارەش دەنگی تۆپێك، دڵی شاری دادەخۆرپان. پاسدار وەك ڕەوە شەمشەمە-کوێرە شاریان تەیدەکرد، قارەمانانی گەل و نیشتمان، فەرماندە و پیاوماقوڵان، دەستە دەستە لە ماڵی خواپێداوەکاندا کۆبووبوونەوە. مزگەوتەکان پڕبوون لە چەکداری بزوتنەوە، دەستە دەستە موسڵمانان دەهاتنە خزمەت مەلای سەرکردە ..

- قوربان ئێمە ئامادەین، هەر چیماپێبکرێت.

مەلای سەرکردە : بەخێربێن .. بەخێربێن، ئەمە نیشانەی دڵسۆزی و گیانفیداییتانە بۆ ئایینی ئیسلامی پیرۆز. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە، لەم شارە ئایینپەروەرەدا، شەریعەتی ئیسلام پیادەبکەین و گومراهان لەسەر ڕێمان پاکبکەینەوە. هەنگاوی یەکەممان ناوە و براکانمان لەتەك سوپای کۆماری ئیسلامی برا، ئەمڕۆ یەکەم جیهادیان بە سەرکەوتن گەیاند. لە کەناری ڕوباری (سیروان)، چەکدارە گومڕاو و بێدینەکانی (کۆمەڵە)ی گاوریان لەنێوبردن. ئیدی لە بەیانییەوە کاری دووەم دەستپێدەکات؛ ڕاگەیاندنی حیجاب، مەمنوعبوونی خواردنەوە، تۆبەپێکردنی ئەو گەنجانەی دەچوونە تیاترۆخانە و تەمەشایاندەکرد. دەبێت ئەم شارە وەك ئەو سەردەمەی لێبکەین کە لەشکری ئیسلام ئازادیانکرد. لایەنەکانی دیکەش ڕۆژی خۆیان دێت و ڕایاندەماڵین. ئێران بەڵێنی پێمانداوە، کە هەموویان بخاتە ژێر چاودێری ئێمەوە. ئەمە بەرنامەی ئێمەیە و پێویستە خەڵکی هانبدەن، لە ڕیزەکانی ئێمەدا چەکداربن، ئەمە هەنگاوی یەکەمی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی عیراقە. ئێستاکە من دەڕۆم، هەندێك قسەوباسم لەتەك ( ئاغای تارانی) سەرلەشکری سوپای ئێران هەیە، دەبێت عافووم بکەن، کە ناتوانم زیاتر لاتان بم. بە خودای گەورەتان دەسپێرم ...

هەمووان خەریکبوون، نەخشە و پلان دەکیشرا، تا شار ئیسلام بکەن، سەوزی بکەن، زەردی بکەن، شینی بکەن. بەردەم بنکەی ئاسایشی شار (سەرا) دەتگوت بەردەم قەرارگاکانی ڕەمەزانە لە (پاوە) و (مەریوان)، لەجێی مولازم خالید، ئاغای (دیهقانی) دانیشتبوو، ئاغای (تارانی) بە بێتەل خەریکی قسەکردنبوو..

- وەك پێموتی ئاغای (موشیری)، فەرمانمانپێدراوە، کە ڕێگە نەدەین کەس بەرەو سنووربڕوات، دەبێت خەڵك لەنێو شاردا بمێنێتەوە، وەك خۆت لەوەوپێش ئاگادارکراوی. بە خەڵکەکە بڵێ با

نەترسن، ئێمە بە ئەندازەی پێویست هێزی دژەهەواییمان هەیە و لە بەرەکانی جەنگیشدا (بەعسی)یەکان ورەیانبەرداوە، تا نزیکەی شاری (سەیدسادق) لەدەستی خۆماندایە، لەولاشەوە سوپا و ئەرتەش هێرشدەکەن. لەبیرتاننەچێت بەیانی سات (١٠)ی پێش نیوەڕۆ، لێرە لای ئێمە کۆ دەبینەوە، تا دەستووری تازەتان پێبدەین ....

شار وەك شارەمێرووڵەی شێواو، خەڵك هەندێك بەرەوخوار و هەنێك بەرەوژوور، چەپ و ڕاست سەریان لێشێوابوو. شارەزوور بووبووە بەرەی شەڕ، بەرەو هۆرامان و سازان ڕێگە نەبوو، گشت شارێگەکانی شار داخرابوون، سوپای ئیسلام، ڕێگەی بە دەربازبوون نەدەدا، پێشمەرگە قارەمانەکانیش خەریکبوون، ساویلکانە چیرۆکی سەرکەوتنیان بۆ خەڵك دەگێڕایەوە. هێشتا پیاوانی ڕژیم لەنێو خەڵکدا خۆیان حەشاردابوو، بەبێتەل لەتەك ڕژیمدا لیستی ناونیشانی ئەو شوێنانەیان دەدا، کە خەڵك بە نیاز بوو ڕوویان لێبنێن. لە یەك ساتدا دژەکان پێکەوە یەکانگیر بووبوون، مەرگ و ژیان، فریو و ساویلکەیی، تاوان و بێتاوان، ئازار و شادی. هێشتا شەو بەبەریەوە مابوو، خەڵك تەنیا بە چرادەستییەکاندا یەکدییان بەدیدەکرد. ئای لەم سەر-لێشێواوییە، لەتاو دەنگە دەنگ و هاتووچۆی خەڵك، لە بن پاسار و سەرچڵی درەختەکاندا، چۆلەکە و کۆترەباریکە حەپەسابوون. لە تەك هەنگاوی هەر منداڵێکی تۆقیوی کۆل-لەپشت، شار لە تەمومژی بەیانیدا دەردەکەوت، پرسیار لە دوای پرسیار لە هۆشی ڕێبوارانی بێچارەدا پەنگیدەخواردەوە ... "بۆ کوێ؟"، " کوێ باشترە؟"، "چیمان بەسەردێت؟"، "بمێنینەوە یان برۆین؟" ..... ترس و دوودڵی، چۆکی زۆربەی خەڵکەکەیان شلکردبوو، هۆش کارینەدەکرد، کەس نەیدەزانی لە کێ پرسیاربکات. هەر بوونەوەر بوو، گوێی بۆ دەنگە دەنگەکان ڕادێرابوو، بۆ بیستنی دەنگی مەرگ لە لوورەی گوولە شومەکانەوە ....

جاران چاوە ئەبڵەقەکان لە شرام و زمناکۆ ڕادەمان. بەڵام ئێستا خەڵك بەرەو دەربەندیخان و سەیدسادق دەڕوانن و بە دەڵەڕاوکێوە گوێیان بۆ گرمەی تۆپخانەکەی سەراو ڕادێراوە. چاوە بێئۆقرەکان لە ئاسمان ڕاماون و جارجار باڵدارێکی بەرزەفر، لێدانی دڵیان خێراتردەکات و هەناسەبرکێ، مرۆڤ گیانکیش دەکات. کاتێ دەستی لەرزۆکی شار پارووی بەیانیانەی بۆ دەم دەبرد، بڕیاری مەرگ بەسەر باڵی تەیرە ئەبابیلەکانەوە، لە کۆشکی سەرۆککۆمارەوە بەرەو باکوور کەوتبووەڕێ. چەندی خۆر لە زنجیرە شاخەکانی هۆرامان دووردەکەوتەوە، هێندە پۆلە ئەبابیلەکان لە شار نزیك دەبوونەوە. بازار و دوکان بەشێوەی ترس و نارەزایی داخرابوون، هەر کەسەو سەردانی کەسوکاری دەکرد و چەند وشەیەکیان بە نهێنی لای یەکدی بەجێدەهێشت.

بەردەرکی سەرا لە قەرەبالخیدا شەپۆلیدەدا، هەر پرسیاربوو خۆی بە ژوورەکەی (ملازم خالید")دا دەکرد، بەڵام بێوەڵام و بێسەروشوێن، لەسەر مێزە بەخواردن ڕازاوەکەی، بەردەم ئاغای (دیهقانی) و (تارانی) و مەلا و ئاغای موشیری دا زیندەبەچاڵ دەکرا. ڕۆژنامەنووسێکی ئێرانی بە ئیشارەت بە مناڵانی دەگوت: لەبەردەم وێنە شکاوەکەی سەرۆکی قادسیەدا بووەستن، بەڵام لێی تێنەدەگەیشتن ...

هەر چۆن بوو، دڕی بە قەرەباڵخییەکە داو خۆی گەیاندە نێو حەوشەکە، قۆنداخی چەکەکەی بەر ڕۆژنامەنووسەکە کەوت، بە پەشکاوییەوە:

پ.م : بمبوورە نەمزانی، مەبەستمنەبوو.

ڕۆژنامەنووس: (بە زمانی فارسی) شتێك نەبووە، ببورن ئێوە فارسی تێدەگەن؟

پ.م.: (بەنابەدڵییەوە): بەڵێ.

ڕۆژنامەنووس: دەتوانی بەو منداڵانە بڵێن، مشتیان گرمۆڵە بکەن و لەبەردەم وێنەکەی (سەدام حوسێن) بووەستن، تاوەکو وێنەیان بگرم ...

مناڵەکان وەك بڵێی ئاواتەخوازی وەها ڕۆژێك بووبن، هەر هێندەی مابوو، بەکۆڵەکەی وێنەکەدا سەرکەوتن و پەنجە بکەنە تاکە چاوە نەشکاوەکەی سە دام حوسەین ...

ڕۆژنامەنووس: (ڕوو لە لاوەکە) تۆ ئێرانیت، لێرە چیدەکەی؟

لاوەکە: نەخێر، من خەڵکی ئەم شارەم، چاوەڕێی وەڵام دەکەم، ببوورە من دەڕۆم ...

خۆر گەیشتبووە نێوەڕاستی ئاسمان، مناڵێك بەدەم هەڵهاتنەوە، هاواری لیهەستا.. "فرۆکە هات، فرۆکە....". پۆلە ئەبابیلەیەك بۆ سەرووی شار خۆیاندادایەوە. لەیەك چرکەدا، هەموو شتێ گۆڕا. لە دەنگی ناپاڵمەکان، جەستەی شار وەك پرچی شۆرەبێ بەدەم ڕەشەبای خەزانەوە دەلەری و لکوپۆپەکانی دەشکان و گەڵاکانی دەوەرین ..... هەنگاوەکان خێراتر و خێراتر دەبوونەوە، گوێ کاس و ئەژنۆ شل.. هاوار و باوکەڕۆ، زریکەی منداڵ و لێدانی بۆمب و ڕۆکێت. حەوت حەوت ئەبابیلەکان، شاریان بەردبارانکرد. لەنێو دەنگ و هوژەی ڕۆکێتدا، قاقای پێکەنینی پیاوێك شەپۆلیدەدا. ڕوو لە چەکدارەکانی نایو حەوشەی سەرا ...

- بۆ خۆتان شاردووەتەوە، خۆ ئێوەهاتوون ڕزگارمانبکەن؟

دەتگوت لە قەسابخانە دەرچووە، سەر و سیمای خوێناوی لەتەك قاقای پێکەنینەکەی، گریانێکی خەست لە قوڕگیدا پەنگی دەخواردەوە ....

- لێرە چیدەکەن؟ خۆ ئێوە ژن و مناڵتان، کەستان لێرە نییە، بۆ ناڕۆن؟

ئەو زمانانەی کە تا ساتێك لەووبەر، وەك دووپشك بە مێشکی خەڵکیانەوە دەدا، لە ئاستی ترسدا وەها لاڵبووبوون، لە زاردا نەدەگەڕان .... پەیتا پەیتا ڕۆکێت و ناپاڵم دەبارین و ئەویش دەستە گرمۆڵەکانی بەرەو فڕۆکەکان هەڵدەبرین و هاواری دەکرد ...

- : بۆ خوتان حەشارداوە، بۆ بەرگری ناکەن؟

لە دوایەوە لاوێك بە پەڵە ڕێیدەکرد، بەدەم هەناسەبرکێوە...

- حەفتاو شەش کەس، حەفتاو شەشکەس... گۆمی خوێن، تەنیا ئەو پیاوە ماوە، ئەویش وا شێتبووە. چی بکەین ها .. چیبکەین؟

پرسیارەکانی لەنێو گرمەی فڕۆکەکاندا ونبوون و بێوەڵام مانەوە، کەس لەو نێوەدا نەمابوو. هەر کەسە و بەلایەکدا ڕایکرد. پۆل پۆل ئەبابیلەکان، پەیتا پەیتا ئاسمانیان لە هەوری مەرگاوی پڕدەکرد و ژارباران پەڕەی گوڵەنێرگس و ڕوومەتی منالانی مەینەتی دەسوتاند. لوولەی دژەفڕۆکەکان بەرەو ناخی زەوی ڕۆچووبوون. قارەمانانی گەل لەنێو باخەکانی (گوڵان) و (چاوگ) و (هەسەناوا) -دا خۆیان حەشاردابوو، هەر دەتگوت ئەم شارە چەکداری تێدانییە. تەنیا بەرگرییەك لە شار، نیگای پڕ پاڕانەوەی ئەو منالانە بوو، کە لە کۆڵاندا بەدەم یاریکردنەوە، دەنگی فڕۆکەکان هێزیان لە ئەژنۆیان بڕیبوو، چاوەڕێی تەقینەوەی بۆمبایەك لەسەر جەستەیان بوون. لە دەمی چوونەوەی ئەبابیلەکاندا، هاوار و زریکەی مندالان ئاسمانی شاری تەیدەکرد، بە چەند هەنگاوێکی لەرزۆك کۆڵانە و کۆڵان، خۆیان دەگەیاندە قەراخی شار ....

سەری وڕوکاس، بووبووە بارێکی گران بەسەر جەستەیەوە، نەیدەزانی بڕیاری چی بدات، خۆ دەربازکردن، دۆزینەوەی کەسوکار یان ئاگاداری لە ژن و منالانی حزبی دێمۆکرات، هەر چۆن بوو خۆی گەیاندەوە یەکێك لە ژێرخانەکان. لەتاو زریکەی منالْ و قیژەی ژنان، کەس گوێی لە دەنگی ئەو نەبوو. ماسکەکەی لە سەری کردەوە و فڕێی دا بۆ ژنێکی زەیستان ....

پ.م: ئەوە بکەرە سەرت، هەندێك پارچە پەرۆم بدەنێ، مام تۆفیق تۆ یارمەتیمبدە.

مام تۆفیق: باشە کوڕم.

پ. م : خۆکەس نەهاتە سەرتان، ئەو هەتیوە نەگەڕایەوە؟

مام تۆفیق : کەسمان نەدیوە، چەند جار گوێمان لە دەنگی پاسداران بوو، تاوەکو ئەوان دەڕۆیشتن، خۆمان ماتدەکرد.

پ.م: ئەی کەس لە ژێرخانەکەی دیکەوە نەهات؟

مام تۆفیق : کێ بێت، هەر ژن و منالْن، چۆن دەوێرن؟

پ.م: با ئەم پارچە پەڕۆ تەڕانە بەدەم و لوتیانەوە بگرن، بەتانییەکی تەڕیش بکەین بە پەردە بۆ ژێرخانەکە.

مام تۆفیق: باشە برا، لێپرسراوەکەتان چی وت؟ ئێستا هێزی شاهۆ و داڵەهۆ لە کوێن؟ دەربازبوون یان؟

پ.م : هێندەی من بزانم دەربازبوون، لێپرسراوانیش وەڵامی کەس نادەنەوە، منیش بەجێمهێشتن و هاتمەوە. تا ئێوارە چاودێریتان دەکەم و ئیدی من دەڕۆم. من وەك خۆم ئاگاداری ئێوە دەکەم، ئەگینا دەمێکە باوەڕم بەمە نەماوە.

مام تۆفیق: ئەی ئێمە چیبکەین؟

پ.م: دەبێت ئەوان چارەنووسی ئێوە دیاریبکەن. ئەوان لە ئێوە بەرپرسن، مەگەر بڕیاریاننەداوە، کە دەربازتانبکەن؟

مام تۆفیق : نازانم چۆن دەبێت، چۆن لەم داوە ڕزگاردەبین؟ نازانم چۆن نان بۆ ئەم منداڵانە پەیدابکەین، وەختە لەبرسا بمرن.

پ.م : هەر ئێستا من دەچم بۆ ژێرخانەکەی ئەولا، تاوەکو هەواڵیان بزانم و لە ماڵانیش نانتان بۆ کۆبکەمەوە .

مام تۆفیق: کوڕم گەر نایێتەوە، پێمانبڵێ، باچاوەڕێ نەبین. نازانم، بۆ حزبی ئێمە وا گۆڵی حزبەکەی ئێوەی خوارد؟

پ.م: وەك وتم، من ئیدی سەر بەکەس نیم، تەنیا وەك خۆم یارمەتیتان دەدەم و بەس، بەڕاست لەبیرم چوو! مام تۆفیق، بەڵکو بگەڕێی لەنێوماڵ و حەوشەکە هەندێك خەلوز پەیدا بکەی و بیکەنە ناو پارچە قوماشەوە و بە دەم و لوتتانەوە بیگرن و لەوێوە هەناسە هەڵمژن.

(پ.م)کە چووە سەرەوە و چەند هەنگاو بەرەو دەرگاکە ... تەقینەوەی بۆمبایەك ... خۆی بەزەویدا دا و زریکەی منداڵ و هاواری ژنەکان دەگەیشتە کەشکەڵەی ئاسمان و لە ئاسمانەوە بێجگە لە بۆمبا هیچ وەڵامێك نەبوو ....

پیرەژنێك : وەرە باوکم نانمان ناوێت، مەڕۆ، ئاخر ئێمە چیبکەین، خۆ لەبەر پاسدار ناتوانین وەك خەڵك، لە ژێر ئەم بۆمبابارانەدا، خۆمان قوتاربکەین!

پ.م: ئاخر ئێستا ئەوانیدی چاوەڕێن، بزانم سەلامەتن و چییاندەوێت؟

مام تۆفیق: لەلای ئەوان سیگارێکم بۆ بێنە، توتنم لێبڕاوە، کوڕم.

پ.م : باشە مام تۆفیق، بە چاوان.

هەر چۆن بوو، بە پەنادیوارانادا،ماڵە و ماڵ خۆی گەیاندە ژێرخانەکەی گەڕەکی (کانی شێخ)، دەنگی چەند ژن پێکەوە ...

- ئەوە چۆن وا دەبێ؟ خۆ گەر پاسدار بهاتایەتە سەرمان، کێ دەیتوانی ڕێگەیان لێبگرێت؟

پ.م: باشە چیبکەم، دایکانم؟ هەروا فریادەکەوم، تازە تەنیا خۆمم. وەکو خۆم دێم و دەچم.

ژنێك : ئەی هەڤاڵەکەت کوا؟

پ.م: لەوە دەچێت، لە شاردا هەڵپەی ماشین بکات یا لە دەرەوەی شار خۆی حەشاردابێت.

ژنێکی دیکە: ئەی مام تۆفیق و ئەوان ماون، سەلامەتن؟

پ.م: بەڵێ ئێستا لەلای ئەوانەوە دێم، مام تۆفیق داوای نان و سیگاری دەکرد ...

دەنگی بۆمبایەك، شکانی پەنجەرە و شووشە و بارینی پارچە چیمەنتۆ، بۆنێکی تیژ، دوکەڵێکی خەست و سوورباو. گشت دایانە زریکە و هور، تەقینەوەیەکی دیکە ..

پ.م: خێراکەن، چەند سەتلە ئاوێك بهێنن و پارچە پەڕۆ تەربکەن و دەم و لوتتانی پێبگرن. خەلوز بدۆزنەوە و بیکەنە پارچە قوماشەوە و بەر هەناسەتانی پێبگرن.

خاکی نێو حەوشەکە ڕەشهەڵدەگەرا، دەتگوت تیزابی پێداکراوە، گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی نێو باخچەکە، سات بە سات پەژموردە دەبوون، (پ.م)کە دەستێکی بە قۆڵ و ڕانیدا هێنا و ڕەنگ و بۆی شێوا ..

خەڵکەکە : چییە برا، بۆچی شڵەژای؟

پ.م: کیمیاییە، گازی کوشندەیە.

دەنگە دەنگ : ماڵتان کاولبێت، بۆ هاتنتان. ئەمە کاربوو، کردتان. ماڵی ئێمە و شارەکەشتان کاولکرد...

پ.م : من دەڕۆم نان پەیدابکەم، هەر ئێستا دەگەڕێمەوە لاتان.

هەر چۆن بوو، خۆی گەیاندە کۆڵانەکەی پشتەوە، هاوار و ناڵەی پیرەمێردێکی دەموچاو سووتاو و ڕوخسار شێواو، مناڵێك لەو لاوە بەدەم گیانەڵاوە نوزەی لێوەدەهات..

- دایە.. دایە.. دای.. دا....

پیرەمێردەکە : کاکە گیان، لە ڕێی خوا یارمەتی، کەسم نەماوە، ئەی هاوار ... خوا هاوار.. خوا تاکەی...

پ.م: مامە گیان من ناتوانم هیچت بۆ بکەم، تازووە خۆت بگەیێنەرە ئاوەکەی کانی شێخ و خۆت بخەرە ئاوەکە، ئەگینا برینەکانت قوڵتردەبن، تەنیا ئاوی سارد باشە. هیچ دەرمان شکنابەم.

پیرەمێردەکە: ئەی هاوار بەزەیی نەماوە، ئای لەم ڕۆژە تێیکەوتین، بۆ گرفتارتان کردین، بۆ؟
(پ.م)کە، هیچ وەڵامیکی پێنەدراوە و خۆی گەیاندە مناڵەکە... بەڵام درەنگبوو، دەستەکانی وەك باڵی شکاوی پەپوولە، لە ملی ئاڵابوون، چاوەکانی وەك دەریایەکی مەنگ لە ئاسمان ڕامابوون ... کۆمەڵێك جەستە لە بزوتن کەوتبوون، سینگی ئاوساو .. دەموچاوی شێواو، چەند مەڕێك گێژکەوتبوون و لەقەفرتێیان بوو .. مامرێك گێژ و لارەلار خۆی بە دەرگای کولانەکەیدا دەکرد، وەك بڵێی لە دۆزینەوەی جووجکەکانی هیوابڕبووبێت. پۆلە ئەبابیلەکان پەیدابوونەوە... بەڕاکردن خۆی گەیاندە دیوارێك، دەنگی بۆمبایەك، دوکەڵێکی خەست و سووربا و، بەرەو ئاسمان ... خەست خەست وەك تەم نیشتە سەر ڕاستەڕێگەی کانی شێخ و بامۆك ... هەر چۆن بوو خۆی گەیاندە ماڵی سەر سوچی دووڕیانەکە ...
- ماڵەکە.. ماڵەکە .. کەسێك لە ماڵە؟
دەنگێك لە ژێرخانەکەوە: بەڵێ، ئەوە کێیە؟
پ.م: منم، یارمەتیم دەوێت.
پیاوەکە: کوڕم، وەرە خوارەوە.
پ.م : گەر هەتانە چەند نانێکم دەوێت؟
پیاوەکە ڕوو لە کچەکەی: ئادەی کچم، چەند موچەنانێکی بۆ بهێنە.
پ.م : گەر گوونییەکیشتان هەبێ زۆر چاکە.
پیاوەکە: ئەمە بۆ کێ دەبێت، ئەگەر بۆ پاسدار و پێشمەرگە بێت، ناتدەمێ؟!
پ.م : بۆ ژن و مناڵی پێشمەرگەکانی حزبی دێمۆکرات دەبێت، لێیانقەوماوە و لە ترسی پاسدار لێرە گیریانخواردووە. بێ نان و خۆراك، لەژێر بۆمباران و لە ترسی پاسدار نازانن چیبکەن، یارمەتی ئێوە مانان نەبێت، هیچی دیکە شکنابەن .
ژنەکە : کچم هەندێکی دیکەی بدەرێ، کێ دەڵێت، ئێمە دەمێنین؟
پیاوەکە : باشە کوڕم ئێمە چی بکەین، لە دەرەوە خەڵك زۆر کوژراوە؟
پ.م: بێئەندازە لە خەڵك و لە ئاژەڵ. کیمیاییە .. کیمیایی، ئاگاداربن، هەر فڕۆکەکان بواریاندا بڕۆن، لێرە مەمێنن. من دەڕۆم، زۆر سوپاس، ماڵتان ئاوا.
خۆی گەیاندە چەند ماڵێکی دیکە، هەندێك زیندوو، هەندێکیش نیوەگیان و مردوو. لە (کانی شێخ) گونییەك نانی کۆکردەوە. ژن و مناڵەکان لە برسا پەلاماری گونییەکەیان دا.. دەنگی ئەبابیلەکان و تەقینەوە، ژن و مناڵەکان لە ترسا نانەکەیان لە بیرچوو، کشانەوە نێو ژێرخانەکە.
پ.م : ئەوە نیوەی بۆ ئێوە. چەند سیگارێکم بدەنێ بۆ مام تۆفیق.

ژنێك تەگە سیگارێكی داێ و ڕوو لە (پ.م)کە...
- بڵێ بزانم، مێردەکانمان گەیشتنە کوێ، سەلامەتن؟
پ.م : نازانم، دڵنیانیم، هەرچۆن بێت لە ئێوە سەلامەترن.
ژنەکە : دەڵێن دوێنێ ئێوارە، پێشمەرگەکانی (گوردانی شوان)ی کۆمەڵە لە (چۆمی سیروان)، هەموویان لەنێوچوون؟
پ.م : منیش بیستم نزیکەی (٩٠) پێشمەرگەیان گیانیان لەدەستداوە.
ژنەکە : هەی ڕۆ، بەخودای ئەو عەبدولایەی منیش، بە سەلامەتی دەربازنابێت.
پ.م : من دەبێت برۆم، دەرگا بگرن و گەر پاسدار هاتن، خۆتان وا لێبکەن کە عیراقین و لێیان تێناگەن. بە دەست و دەموچاو، وەڵامیان بدەنەوە.
ژنەکە : کوڕم ئاگات لەخۆت بێت، بە مام تۆفیق بڵێ، گەر بوردمان نەما، با هەرکە تاریکداهات، بێتە لامان و تا پاسدار نەیگرتووین، پێکەوە بەرەو شوێنێك بچین.
گرمەی فڕۆکە و شریخەی بۆمبا، خانووی ڕوخاو و جەستەی سووتاو و ئاوساو، جامەدانی و مشکی شێواوی پیاوان، سەرپۆشی کراوەی ژنان، پرچی ئاڵۆزکاوی کچان، دەستی گرمۆلەی منداڵان، چاوانی سوورهەڵگەڕاو، لە ناخیدا بەرامبەر سەرکردەکان، هێندەی دیکە ڕك و بێزاریان جۆشدەدا. وشەی پێشمەرگە ئیدی لە هۆشیدا، واتای جارانی نەبوو. وەك بوونەوەرێکی پیس و گەندەڵ سەیری خۆی دەکرد و بە شەرمەزارییەوە ئارەقەی ڕابوردووی دەردەدا...
- من چەند گەوج بووم، گەڕانەوەم پاش خۆپیشاندانەکە بۆ نێوشار و خۆدانەدەستی بەعسییەکان، زۆر لەم تاوانبارییە باشتربوو، هەر چۆن بووایە، لەوێدا تەنیا کەسایەتی خۆت دەکوشت، بەڵام ئێستا، بەربووکێی لەشکرێکت کردووە، کە هەزار و چوارسەد ساڵ لەمەوبەر، ئەم شارەی لە خوێن گەوزاندووە. لەوانەیە ئێمە پاشماوەی ئەوانە بین، کە خۆیان بەدەستەوەداوە.
(دەنگی بۆمبایەك ڕایچەناند، خۆی هەڵدایە ئەو دیو دەرگەکەوە)
مام تۆفیق: کوڕم ماوی؟
پ.م: بەڵێ مامە.
مام تۆفیق : لە دەرەوە چ خەبەرە؟
پ.م: بڵێم چی، شتی وا لە مێژوودا قەد ڕوونەداوە، ئاوا بڕوا زۆر
کەس دەکوژرێن، شارێکی بێدژەهەوایی، فڕۆکە تەراتێنی تێدادەکات. (دەنگی ڕەوە ئەبابیلەیەکی دیکە...)

مام تۆفیق : کورِم، خۆت بده بەزەویدا !
(خۆیان بە زەویدادەدەن تا فرۆکەکان تێ دەپەڕن.)
پ.م: هەر وابووە، کە ڕۆژگار بووبێتە تۆپی گەوجان، ئەوا گاڵتەجاریەك بەرپابووە. کۆتایی هەر شەڕێکیان وێرانی شارێك بووە و دەبێت.
مامتۆفیق : وا دونیا تاریکداهات، ئێمە چی بکەین ؟!
پ.م :بەڕاست لە بیرمچوو، ڕەعنا خانم وتی "بابێنە لای ئێمە، ئێرە لە قەراخ شارەوە نزیکترە، چ بە مان و چ بە مردن با پێکەوەبین". ئەوە هەندێك نانم بۆتان هێناوە، من برینداربووم، لاقەکانم سوتاون، هەستدەکەم، چاوەکانم لێڵدەبن. من شەرمەزارم، کە لەمە زیاتر ناتوانم هاریکاریتان بکەم. تا ژێرخانەکەی دیکە، تا لای ئەوان، من لەتەکتان دێم. ئیدی لەوێوە من دەڕۆم، بەڵکو ماڵی خۆمان پەیدابکەم، هێشتا نەمبینیوون، گەر مابن باشە؟!
دەمێك بوو، دەنگی فرۆکان لە ئاسمان بڕابوو، لە گشت لایەکەوە هاوار و ڕۆڕۆ، ئاسمانی دەتەنی .. کەس نەیدەتوانی فریای کەس بکەوێت .. هەر چۆن بوو، ئەو مام تۆفیق و ئەوانی گەیاندە ژێرخانەکەی دی، دەنگی گریان و خۆشی یەکدی بینینەوە تێکەڵ بووبوو. ئەویش قورگی پڕبووبوو لە گریان، لەیەك کاتدا توڕەیی لە سەرکردەکان و شەرمەزاری بەرامبەر منداڵانی ناو ژێرخانەکە بەپێچەوانەی یەکدییەوە فشارییان دەخستەسەر. بڕیارێکی سەختبوو، قۆڵی مام تۆفیقی گرت و کێشایە ئەولاوە ..
مام تۆفیق، من دەڕۆم، گەر ئەم جارە دەربازبووین، ئەوا ڕۆژێك دێت، یەکدی دەبینینەوە، بەنیازی دیدار.
مام تۆفیق و ژنەکان: خوات لەتەك کورِم، بەخێربچیت. خوا ئاگادارتبێت، بەڵکو کەسوکارەکەت لە ژیاندا مابن، برۆ بەڵکو فریای ئەوانیش بکەوی، برۆ، کورِم برۆ، خوا ئاگادارت بێت ..

لە ژێر پەردەی ڕەشی شەوەزەنگدا، شار تەنیا لە گۆرستان و وێرانە دەچوو، وردە وردە بالامبۆ و شنروێ و شرام لەنێو خەم و پەژارەدا کوڕ کوڕ دەچوونەوە و سیمایەك لە شار نەمابوو، دەنگی تراکتۆر و گریانی مناڵ و دەنگە دەنگ، مرۆڤی وڕوکاس‌دەکرد.. لە 'شەهیدان'ەوە بۆ شنروێ، لە بامۆك و 'باوەکۆچەك'ەوە بۆ چنارە و مۆردین، لە گشت لایەکەوە کۆڕەوێك چرایدەستی بەرێوەبوو، کز کز دەسوتان، دەکەوتن و دەکوژانەوە. دەتگوت لەتەك لایتی سووری فرۆکەکان چاوشارکێیانە، ئەوان دەردەکەوتن و ئەمان دەکوژانەوە، ئەوان دەڕۆێشتن و ئەمان هەڵدەکرانەوە..

ژنێك: فرۆكەكان هاتنەوە، چراكان بكوژێننەوە، بانەمان بینن !

پیاوێك : بێدەنگ بن، بابزانین لە كوێ دەدەن؟

ژنێك : حەمە گیان نابینم، كۆسار و هەڵاڵە كوان، چییان بەسەر هات؟

پیرەمێردێك: خەڵكینە دەستمبگرن، چاوم نابینێت، ئەی هاوار كەسم نەماوە!

مناڵێك: بابە.. بابە گیان ئەوا هاتم، لە دواتم.... بابە .. بابە....!

دەنگەكان یەكدییان دەبڕی و لەیەك دەئاڵان و هاوار و نزایان بەگوێی كەڕری ئاسماندا دەچری: "عەلی.."، "ئازاد.."، "خەجێ.."، "بابە.."، "دایە.."، "خالە.."، "پورێ.."، "ئەی هاوار بەزەیی"، "لە كوێوە بێم.."، "دایە.. بابە من دەترسێم.."، "ڕۆڵە ئێوە بڕۆن، من توانای ڕێكردنم نەماوە.."، "دایە.. دایە.."...

هاوارێك، قیژەیەك، گەڕەك بە گەڕەك، شەقام بە شەقام، ماڵ بە ماڵ، پڕ بەگەرووی شار، دەرد و زوخاڵ... "هەڵەبجە بوو بە گۆمی خوێن.. پێنج هەزار هەناسە خنكان.. پێنج هەزار هیوا جوانەمەرگ .. پێنج هەزار بۆمبا فروشران.. پێنج هەزار بلیارد دۆلار، لە بانكەكانی سەرمایە خزێنران، هاوار .. هاوار .. هاوار... كوا مرۆڤایەتی.. هاوار.. هاوار...

ئازاری ١٩٩٩*



* پێشتر لە ژمارە (٧) گۆڤاری هونەری (ژیلەمۆ)ی ئازاری ١٩٩٩دا بەناوی خوازراوی (ئاپە)ەوە، بڵاوكراوەتەوە.

## Semay Merg

Dunya kiş û mat, hemû cesteyan wek gwêyekî gewrey lêhatbû, tepey kewş û xlîskanî kewşekanyan leser dirrk û wirdezîx, le Xeyalle xollemîşîyekan daydeçllekandin û leber roşnayî Mangeşewda sêbere bêhejmarekan deçemanewe û rast debûnewe, satêk westan û xorragirtin leser ejno, baskekanyan dekirde hellgir û wçanêk...

Şewnimî ser zîxî ramallraw û ser tawêre berdekan, le jêr runakî Mangeşewda deyan û sedan tablobûn, raz û beserhatî Zehmetkêşanî awayyekeyan dedirkan. Letek her hengawêk le spêdeyekî nadyar û kotayî doleke nzîkdebûnewe. Çend roşnayyek le dem kelewe...

- lewe deçê şerrbêt!

-ey çî, megerême boçî deçîn, ey xo bo şayî naçîn?

Dengêk le pêşewe : xotan bden be zewîda!

Lûrey hawenêk, teqînewe, şepolixwardnewey dengeke, roşnayyekî dî, xotan bden bezew ... roşnayyekî dî ... çend hengawêkî dî berew demkel. Komellêk çekdar lew serewe berewixwardebûnewe, çend daremeytêkyan le kollgirtbû, Kes naprrisê kên û çîbuwe, tepe tepî postalekanyan derîdexat kên...

P.m : ax wabzanim em careyan debme qoçî qurbanî em bezme, nedebû Rojî xopêşandaneke bkujrayêm? Ay horaman, xozge begwêy tom bkirdaye, bçûynayewe naw hizbî şîw'î, xo her çon bû, beşdarî em şerre nedebûyn!

Çend roşnayî û teqîneweyek, dengêk le dwawe

- bîgeyêne babwestin ! Bîgeyêne babwestin ! Bîgeyêne ba...

- ay demxoş, xo hênde laqekanim bedway xomda rakêşkirdin, piştim şka .

Xşexşî palto emrîkîyekey fermande û parêzerekanî pêş û dway Wêney (dîktatorekey baxdadî) dehênayewe pêşçaw. Le pêşewe dengêk (bîgeyêne babgerrênewe bo rîşaw!

Leşkir detut dûpişke û bezîwe, em care her Kese û laqe şeketekanî beşanîdadabûn,

ta zû xoy bgeyênête pşugeyek û serxewê bişkînê. Lenêw kelawekanî awayîda, tenya runakî dû agir dyarbûn, komelêk sêberyan taber awayî drîj kirdbuwewe, wek semayekî derwêşane dehatin û deçûn.

- tu bllêy de Sall lemewber segekanî awayî bo kwê çûbin?

Nêwdê kiş û mat tenya qirçe qirçî agreke nebêt, ke detut ew kateye ke agir berdraye awayî. Herçon bû ewîş xoy geyande tenîşt agreke, çekekey le Baweşîda dana û be çîlkedarêk kewte hellixranî agreke û carcarreş raydejenîye xullemîşeke û Xeyalle allozekanî pê nîgardekîşa, detut le dûy gwêz û berrûy birjaw degerrêt. Qurrey skî lew Xeyalle be agayî hêna û seyrêkî dewruberî.. Gişt bêdeng bûn, detut le dyar daremeytêk danîştûn û ledllî xoyanda wêrd dexwênin. Letek dîtnî sêber û runakî le ser Ruxsarî heryekeyan pirrsyarêk le hoşî ew deçeqî..

- axo êwe çon bîrdekenewe? Lenêw dllîştan her eweye, ke deyllên, yan zîndebeçallî deken? Ger wabêt, ewa gewcin. Dezanim êweş le Merg detrisn, her Kesetan behoyek, min heznakem lepênaw hîçda bmirm, ax xozge demtwanî xom bgeyênme Şwênêk .. Ay lew sate, ke çon nemantwanî birryar bdeyn, bçîne Êran yan bgerêynewe şar û xobedestewe bdeyn, yan bçîne nêw (Kommelle), herçende ewaneyş neyandegritînexo .

Prrîşkêkî agreke dayçllekan .. Bere bere lay agreke çoldebû, letek derçûnî hîlakî û zyadbûnî germayî agreke lenêw leşyana, bere bere bawîşkyandeda û deçûne lawe û helldetruşkan...

- xozge em plane puçelldebuwewe û em carreş nedebûme sutemenî. Axir îdî Şwên nema, kenargîrî têda bkeyn, kewtîne pişt berey şerrî 'îraq- Êran.

Letek xamoşbûnî agreke çend bawêşkêkî daw û çawe waqurrmawekanî le pişt pêlwekanîyewe windebûn. .. Çawêkî gêrra û lenêwan çend kîsexewêkda Şwênêkî peydakrid...

- ewê başe, paş û pêşm hewa naygrêtewe, lewaneye Şwênî Kesêk bûbêt û lenêw ew heşamateda boy nedozrabêtewe. Çek û taqmekey kirde serîn û leser laî rast rakşa. Teqînewey çend Gulle hawenêk, dengdaneweyan le awayîda û şepolixwardnewey

le dollekeda, semfonyayî Mergî dejenî...
- tris dadtnadat, taze pêwebûy, bxewe ba xewekeşt le kîsneçêt.
Bedem Xeyallewe, letek xêrayî tîperrbûnî Mangeşew Pêllwekanî lêkna û pirrxey letek sîre sîrî sîrsîrekerekan tîkellbû...
Tîşkî xor leser Lutkey kêwekanewe berew nêw kelawekanî Awayî le kşandabû, denge dengî çend Pasdarêk ke kîsexewekanyan le êstrekan bardekirdin, bexeberyan hêna .... Zor be zehmet hestayewe û destêkî be pirrçe alozkawekeyda hêna û awrrêkî le em law ew lay xoy dayewe. Sermay demew beyanî wek derzî deçeqye cesteyewe...
- ay lewe, xo emane bo hemîşe xewtûn, dwê Şew wamzanî le Sermada wa demuçawî xoyan dapoşîwe. Axo çi xozgeyek le naxtanda zîndebeçall bûbêt; bînînî kerbela yan wêrankirdnî şarekey min? Axir êwe ne min denasn û ne êrreştan dîwe, boçî awa dên û letek xotan Merg dênin? Ay çi karesatêke katêk ke Mrov gewc bêt. Pêmnallên kerbela be êwe çî? Meger lewêş her krêçî û pasewan nabin?
Vrrevrrî kopterêk le berzayyewe beagayîhêna. Le tirsana dllî le jêr perasuwekanîda wek balldarêkî bendikraw, xoy be qefezekeda dekêşa û car dway car mandûtir debû. Leber xoyewe..
- heste wexokewe û xot bşarewe.
Her çon bû, xoy geyande nêw kelaweyek, koptereke berewixwar buwewe be çend rokêtêk dewruberî agrekey kêlla...
- wabzanim hat, ew satey ke lêydetirsay, btewê û netewê Her debê bimrî ! Ax ey xo detwanê lew şaxe bdat û mlî bişkînê. Berrastî sawîlkey, ew boye swarî ew koptere buwe, ta Mrov bkujê û Gundan û şaran wêranbkat.
Dengêk: hemutan werne îre, kobbnewe. Komelêk dewrupşitî fermandey leşkiryan girtuwe...
Fermande: emewê pêtanbllêm keême boçî hatûîn û benyazîn çî bkeyn?Ême debêt hellebce bigrîn, emeş be serperşitî komarî îslamî Dostman debêt û serkirdekanman leser em nexşeye razîbûn. Lem Hêrşeda ême birryarder nîn û tenya pyadekerî

planekeyn, ême wek hêzî Pêşmerge em qolleman drawetê, ta şan beşanî supay Pasdaran û leşkirî Êran.. (Partî)şi herwa le hewramanewe .. (Hisk)îş le qolî sûrênewe .. Herekey îslamîş le nawçey newrrollîyewe .. Hîwadarm Kes grift drustnekat, wek wtim: ême be serperşitî Êran em kare dekeyn.

Letek berzunzimî dengî fermande, ew be ddane cîrrekanî smêllî xoy tall tall radekêşa û be pence manduwekanî tallerrîşekanî dexistewe jêr ddane qîngirtuwekanî. Xoy beser qondaxî çekekeyda dabû û lûley çekekey çeqandbuwe ser pêlawe drrawekey..

- eger bgerêyte dwawe, ewa pêtdellên trisnok. Şwênî caranîş nema. (Demî birde bnagwêy mecî d..) : xo beçawî xot debînî çend şorrşigêrîn, xo êstaş nkollî le rastî nakey? Ha? Bo wellam nadeytewe?

Mecîd : bêdeng be, key katî rexneye!

Fermande : êsta dekewînerrê, dû dû rêbken û ta xoman agadartan nekeynewe, Kes le xoyewe bemlaw bewlada nerrwat. Lenêw şar nabêt her Kes boxoy bllawey lêbkat, debêt beyekewe bîn!

Leber xoretawî dwarrojekanî (reşemê)da bere bere dunya germ dadehat, masulkekanî nêwşan xawdebûnewe, xwên dezayewe serpence û lêwe tezîwekan germ dadhatin û hellmî henaseyan wirde wirde dyarnedema .

Dû dû beqed pallekanda berew nêwdolleke Xwardebûnewe, tîşkî xor le dllope Şewnimî ser tawêrekanda, detut şkanewey allîy gonay kîjoleyekî paçelleye le kanyawêkda. Car care ew marmêlkaney ke xoyan dabuwe berxoretaw, bedengî hêlîkopterekan dehepesan û xoyan dehawîşte kelênî tawêre berdekanewe. Hendêk car hengawekan hênde be nezm bûn, leşkreke tenya le hezar pêyek deçû û letek geyiştnî be cade xollekey (sazan) le pêçawpêçî dollekeda hendêk car le teputozî toyoTakanî supay Pasdaranda leberçaw windebû. Katêk ke Mrov frîwbixwat, îdî çep û rastî xoy nanasêt. Ewaney birrwayekî ptewyan bem kare hebû, dûlaqî dîkeyan qerizdekrid, bellam ew laqekanî bû bûne kollêkî qurs, serbarî çek û teqemenîyekey, bedway xoyda rakêşîdekirdin û le hewraz û nşêwîda, debûne barîkî gran

bekolîyewe. Paş yek dû sat rêkirdin û xodan bezewîda, letek derkewtinî kopterekan û lurey Gulle tope dûr-hawîjekan, birsîyetîş zorî bo hênabû. Xeyallî raburdû serapay hoşî dagîr kirdbû...

- tenya yek wşe besbû, bo ewey legell kawe û 'usman û westa bekir û ewanda bgerrêmewe şar û nekewme em zelkawewe. Êsta be çi ruyek byanbînmewe, çon seyrî ew Kesane bkem, ke pêmdewtin çon debêt Pêşmerge pêş Pasdar bkewêt?

Ayende boy lêll û narroşnibû, qed nedehate berçawî, detgut rewrrewey mêjû le westandaye. Dengî nahemwarî kopterekan, sîmay drrindaneyan her detgut, frîştey Gyankêşn, xoyan Xwarkirdewe û pole balldarêkyan berdawe,

drêjayî dollekeyan kêlla ..

Dengêk: ewe('unqud)e

-(leberxoyewe) ewe sindane, çend bem bare dilxoşe! (Girmey seyareyek.. Ke geyişte tenîştî ew, naylonêkî dembestrawî hellda) : ae ey Xwardnewe? (Pelamarî dayê..) : seyr çend Mrovdostin! Nawkekuleke, kişmîş, fistiq, badam, piskuyt û berdanewey bombay hêşûîy!!

Ledem (kelî blê) hengawekanî qoristir û laqekanî berrroxî zewîda rodeçûn, katêk ke pşûydeda, biçkole û hîlak detgut bnedare û sewizbuwe. Hemû ştêk bo ew rengî namoîy pêwe dyarbû, ser awekey çawg, detgut hezaran Salle ranhmerr bewêda guzerî nekirduwe, xollepotey dewrî çawg, detgut bedem gerdelûlî byabanewe şenkrawe. Be hesretewe xoy geyande aweke û demî naye demî (çawg)ewe, detgut dilldarêkî yar nedîtuwe û tasey dûrî deşkênêt.

- pêş ewey Gyan ledestibdem, ba tînûyetîm le to bişkêt. (be qingeçawêk sernicî lêwar gumekey da) : ae... Ew Rojane çende xoşbûn, lêreda xoman mestdekrid û êware berew şar dekşaynewe. (Zincîrî bîrewerîyekanî hellkrayewe sereta) : bo yekem car, ke lêre mestibûyn, bedem galtihkirdnewe be sedam hsên, berew şar çûynewe, Xellk be dirrdongîyewe serincyan dedayn..

(dengêkî girr zincîrî bîrewerîyekanî piçrand, çon şwaneyek merekanî awbdat û be şull byandate berxoy, awa rûy têkirdin ... )

Fermande : berew bamok hellgerênewe, Kes le xoyewe bemla û bewlada nerrwa!

Xoretawî paş nîwerro le bamok, letek nîwey awaîy çawşarkê bû, pîremêrd û mêrdmindallan le pena dîwaranda danîştibûn, pîrekan basyan le raburdû dekrid û destyan be smîlekanyanda dehêna û ax û efsusyan bo Rojanî cwanî helldekêşa .. "Pêş serdemî komarî, çon swarçakêk bûn, karwanyan dekrid û bêtris bo germyan û kwêstan deçûn. Mindallanîş bedem pêkenîn û xohellkêşanewe, basyan lewe dekrid, le Fêrge çend wiryan û xewnyan be dahatuwewe debînî. Seretay leşkir geyiştbuwe nêw awayî. Le pêçawpêçî Kollanekanda detgut, reşmare û jar le bindanîda kodekatewe, weha bexêrayî be senêrgekey nêw awayîda tîperdebûn. Mnallan le hejmeta çawyan ebleq .. Jnan le dirzî Dergewe hepesaw, deyanirrwanîye Ruxsarî rîşn û çilknî jêr cemedanîye reş û spîyekan. Pêş ewey le awaîy derçin, pîrejnêkî reşpoş bedem giryanewe ruwe û leşkreke..

- Rollekanim ême çîman beserdêt?

Kes wellamî nedayewe.

Hengawekanî ew hênde kurtibûn, le Hawellekanî becêdema, seyrêkî pîrejnekey kird, pîrejneke ewî bew rîş û clubergewe nenasîyewe. Firmêsk zaye çawekanî, qurrgî pirr giryan bû, leber xoyewe..

- to blêy, hêşta em Xellke Pasdarekanyan nebînîbin? To blêy, bombaranekanî (Sallanî81, 85, 86, 87)tyan lebîrçûbnewe, ke çon le nîwey Şewda bo parşêw û nwêj, bo parranewe le Xwa beyanyan Xellkyan beaga dehêna. Çon dengî topekan, hoşî leber Mnallan debrid û be dllerrawkêwe deçûne Fêrge û Taku degerranewe Mallewe, dillyan le sîngyanda ballefrrêy bû; Mallî çî, kelaweyek, komellêk Goşt û êsk û gomêk xuênî Dayk û bawkyan, debuwe wellamî ew pirrsyaraney ke dengî topekan le hoşyanda drustyandekirdin...

Her çon bû rakêş rakîş, xoy geyande şar. Her Kese û belayekda deçû, hendêk le mollgekanda çekyan derdehêna û hendêkî ke perwendekanî Asayş û hewallgirîyan desutand, hendêkî dîkeş çawerrêy destûrî layenekan bûn, her komellêk û berew lay layenêk ke layengiryan lê dekrid deçûn, bellam zorbey Xellk rjîmî (be's)yan denasî û

lewe dillnyabûn, ke bûnete suTemenî Cengî 'îraq– Êran û beşêkin le gîrawekanî şerr le laî herdûla. Êsta îdî binkekanî hewallgirî û Rêkixrawî Part û Asayş, Xellk bebê sllemînewe lêyan nzîkdebûnewe. Leşkreke wek zerdewalle pureyan le binkey hewallgirî dabû. Fermandey le şkir rû le Pêşmergekan :

- bêcge le hêzî Pêşmerge, Kes boy nîye çek hellgirê û debêt Xellkeke çekbken û bîdenewe dest şorrş....

Le çawtrukanêkda Pêşmergekan kewtne gêrranî rollî (swarekanî selahedîn) û berbûne Gyanî Xellk....

- were kake, were ew çekane bo kwê debey ? Ewane çekî Şorrşin!

- kake hî xomin, xom girtûmin .. (Destirêjêk) her Kese û belayekda, komellêk be destrrêj berew nêwendî şar ... ewîş bexecalletewe le dwayanewe çekekey serewixwar kirdbuwe şanî û mandû detgut, bo bêgarî deben, wrrukas, le beramber xzim û nasrawanda şerm daydeygirt. Axir pêywanebû, Rojîkî wa bêtepêş, bbête berleşkirî axundekan. Paş sed mîtrêk, destrrîjêkî lêkra, belay çepda awrrîdawe, seruteney Serbazêk dyarbû..

- ae, Kest peydanekrid, min nebêt, hey bedbext, êsta îdî cyawazî min û to nîye. Berew Xwar mlî rîgey girtewe, le çwarrryanekeda belay rastda baydayewe...

- ay lew Rojey ke têyda behelledaçûm, a lêre dabû, Sallê lemewber ke befîşekî doşkay zrêpoş (merîwan) Gyanî ledestda, ay lew Roje şûme, hellçûîn û şarman girtedest, Serbazekanman kêşane rîzî xoman, bellam bêezmûn. Kê kirdî û kê Xwardî ?!Ême bûyne qurbanî û melakan birdyanewe. Katêk ke ême be termekey (merîwan)ewe mizgewt be mizgewt, bo raperîn bangewazî cemawerman dekrid , Melakan pasewanî taybetîyan hebû, le caş û ....

Berdem bankekeke Xellkêkî zor Kommelleyan kirdbû, nîwe çawerrêy wergirtnewey parekanyan le bank dekrid û nîwekey trrîş deyanpirrsî çîbkeyn, be'si em şare wêrandekat. Jnêkî qeyre rû le fermandey Pêşmergekan...

- kake Gyan, bexwa Mangane paşekewtimkirduwe, hetîwbarm, bellku parekey min bdenewe, be qurbantan bim.. (Pelamarî pêlawî fermandey da Maçîbkat....)

Fermande: drodeken, katêk ke daway yarmetîman lêtandekrid, gişt deparranewe û detan wit hîçmannîye, keçî êsta tenanet bêwerijnekanîş pareyan le bankda heye.
Pîremêrdêk : kakî lêprrisraw, başe eger rjêm bombaranî kird û Hêrşîhêna, ême çîbkeyn?
Fermande : dek zîrrirhibken, meger hêzî Pêşmerge beçî dezanin? Taze rjêm natwanêt hêrişbkat. Êsta brron û bllawey lêbken, ba karekeman encambdeyn, dwatir her Kes le bankda parey hebêt, hîsabê letek dekeyn.
Çend pele hewrêkî mat, le xorawabûnda sûr sûr Hellgerrabûn, detgut tabloy sbeynê dekêşn, letek reşhellgerranî pelle hewrekan, Şew çarşêwuî reşî beser şarda kêşa. Hêşta Pêşmergekanî fermande, xerîkî le gunîyhkirdnî parekanî bank bûn.
Fermande: kurrîne xêraken, debêt zortirîn deskewt bo ême bêt. Êran xoy bellênî pêdawîn....(rû le çekdarêk) : behemuwan bllê, ba bo xewtin le laî mizgewtî kokoyan kobbnewe....
Le dûrewe dengî destrrêj û arpîcî dehat, carcarreş dengî topêk, dllî şarî dadexorpan. Pasdar wek rewe şemşeme-kwêre şaryan teydekrid, qaremananî gel û Nîştman, fermande û pyawmaqullan, deste deste le Mallî Xwapêdawekanda kobûbûnewe. Mizgewtekan pirrbûn le çekdarî bzutnewe, deste deste musillmanan dehatne xizmet melay serkirde..
- qurban ême amadeyn, her çîmapêbkirêt.
Melay serkirde : bexêrbên .. Bexêrbên, eme nîşaney dillsozî û Gyanfîdayîtane bo Ayînî îslamî pîroz. Îdî katî ewe hatuwe, lem şare Ayînperwereda, şerî'etî îslam pyadebkeyn û gumrahan leser rêman pakbkeynewe. Hengawî yekemman nawe û brakanman letek supaî komarî îslamî bra, emrro yekem cîhadyan be serkewtin geyand. Le kenarî rubarî (sîrwan), çekdare gumrraw û bêdînekanî (Kommelle)î gawryan lenêwbirdin. Îdî le beyanîyewe karî duwem destipêdekat; rageyandinî hîcab, memnu'bûnî Xwardnewe, tobepêkirdnî ew gencaney deçûne tyatroxane û temeşayandekrid. Debêt em şare wek ew serdemey lêbkeyn ke leşkirî îslam azadyankird. Layenekanî dîkeş Rojî xoyan dêt û rayandemallîn. Êran bellênî

pêmandawe, ke hemûyan bxate jêr çawdêrî êmewe. Eme bernamey êmeye û pêwîste Xellkî hanbden, le rîzekanî êmeda çekdarbin, eme hengawî yekemî damezrandinî komarî îslamî 'îraqe. ÊsTake min derrom, hendêk qsewbasm letek ( axay taranî) serleşkirî supay Êran heye, debêt 'afûm bken, ke natwanim zyatir latan bim. Be xuday gewretan despêrm...

Hemuwan xerîkbûn, nexşe û plan dekîşra, ta şar îslam bken, sewzî bken, zerdî bken, şînî bken. Berdem binkey Asayşî şar (sera) detgut berdem qerargakanî remezane le (pawe) û (merîwan), lecêy mulazm xalîd, axay (dîhqanî) Danîştibû, axay (taranî) be bêtel xerîkî qsekirdinbû..

- wek pêmutî axay (muşîrî), fermanmanpêdrawe, ke rêge nedeyn Kes berew snûrbirrwat, debêt Xellk lenêw şarda bmênêtewe, wek xot lewewpêş agadarkrawî. Be Xellkeke bllê ba netrisn, ême be endazey pêwîst hêzî djehewayîman heye û le berekanî Cengîşda (be'sî)yekan wreyanberdawe, ta nzîkey şarî (seydsadq) ledestxomandaye, lewlaşewe supa û erteş hêrişdeken. Lebîrtanneçêt beyanî sat (10)î pêş nîwerro, lêre lay ême ko debînewe, ta destûrî tazetan pêbdeyn....

Şar wek şaremêrûley şêwaw, Xellk hendêk berewixwar û henêk berewjûr, çep û rast seryan lêşêwabû. Şarezûr bûbuwe berey şerr, berew horaman û sazan rêge nebû, gişt şarrêgekanî şar daxrabûn, supay îslam, rêgey be derbazbûn nededa, Pêşmerge qaremanekanîş xerîkbûn, sawîlkane Çîrokî serkewtinyan bo Xellk degêrrayewe. Hêşta Pyawanî rjîm lenêw Xellkda xoyan heşardabû, bebêtel letek rjîmda lîstî nawnîşanî ew Şwênaneyan deda, ke Xellk be nyaz bû rûyan lêbnên. Le yek satda djekan pêkewe yekangîr bûbûn, Merg û jyan, frîw û sawîlkeyî, tawan û bêtawan, azar û şadî. Hêşta Şew beberyewe mabû, Xellk tenya be çradestîyekanda yekdîyan bedîdekrid. Ay lem ser-lêşîwawîye, letaw denge deng û hatûçoy Xellk, le bin pasar û serçllî drextekanda, çuleke û kotrebarîke hepesabûn. Le tek hengawî her Mindallêkî toqîwî kol-lepşit, şar le temumjî beyanîda derdekewt, pirrsyar le dway pirrsyar le hoşî rêbwaranî bêçareda pengîdexwardewe ... "Bo kwê?", " kwê baştre?", "çîman

beserdêt?", "bmênînewe yan broyn?" ..... Tris û dûdllî, çokî zorbey Xellkekeyan şilkirdbû, hoş karînedekrid, Kes neydezanî le kê pirrsyarbkat. Her bûnewer bû, gwêy bo denge dengekan radêrabû, bo bîstinî dengî Merg le lûrey gûle şumekanewe....

Caran çawe eblleqekan le şram û zimnako rademan. Bellam êsta Xellk berew derbendîxan û seydsadq derrwanin û be dellerrawkêwe gwêyan bo girmey topxanekey seraw radêrawe. Çawe bêoqrekan le Asman ramawn û carcar balldarêkî berzefr, lêdanî dillyan xêratirdekat û henasebrikê, Mrov Gyankîş dekat. Katê destî lerzokî şar parûy beyanyaney bo dem debrid, birryarî Merg beser ballî teyre Ebabîlekanewe, le koşkî serokkomarewe berew bakûr kewtibûhrrê. Çendî xor le zincîre şaxekanî horaman dûrdekewtewe, hênde pole Ebabîlekan le şar nzîk debûnewe. Bazar û dukan beşêwey tris û narrezayî daxrabûn, her Kesew serdanî Kesukarî dekrid û çend wşeyekyan be nhênî lay yekdî becêdehêşt. Berderkî sera le qerebalxîda şepolîdeda, her pirsyarbû xoy be jûrekey (mlazm xalîd")da dekrid, bellam bêwellam û bêseruşwên, leser mêze bexwardin razawekey, berdem axay (dîhqanî) û (taranî) û mela û axay muşîrî da zîndebeçall dekra. Rojnamenûsêkî Êranî be îşaret be Mnallanî degut: leberdem Wêne şkawekey serokî qadisyeda buwestin, bellam lêy tênedegeyiştin ...
Her çon bû, drrî be qerebalxîyeke daw xoy geyande nêw hewşeke, qondaxî çekekey ber Rojnamenûseke kewt, be peşkawîyewe:
P.mi : bimbûre nemzanî, mebestimnebû.
Rojnamenûs: (be zmanî farsî) ştêk nebuwe, bburn êwe Farsî têdegen?
P.m.: (benabedllîyewe): bellê.
Rojnamenûs: detwanî bew Mindallane bllên, miştyan girmolle bken û leberdem Wênekey (sedam husîn) buwestin, taweku Wêneyan bigrim...
Mnallekan wek bllêy awatexwazî weha Rojêk bûbin, her hêndey mabû, bekollekey Wênekeda serkewn û pence bkene Take çawe neşkawekey se dam huseyn...

Rojnamenûs: (rû le laweke) to Êranît, lêre çîdekey?

Laweke: nexêr, min Xellkî em şarem, çawerrêy wellam dekem, bbûre min derrom...

Xor geyiştbuwe nêwerrastî Asman, Mnallêk bedem hellhatnewe, hawarî lîhesta.. "Froke hat, frroke....". Pole Ebabîleyek bo serûy şar xoyandadayewe. Leyek çirkeda, hemû ştê gorra. Le dengî napallmekan, cestey şar wek pirrçî şorebê bedem reşebay xezanewe delerî û lkupopekanî deşkan û gellakanî dewerîn ..... Hengawekan xêratir û xêratir debûnewe, gwê kas û ejno şil.. Hawar û bawkerro, zrîkey Mindall û lêdanî bomb û rokêt. Hewt hewt Ebabîlekan, şaryan berdbarandekrid. Lenêw deng û hujey rokêtda, qaqay pêkenînî pyawêk şepolîdeda. Rû le çekdarekanî naêw hewşey sera...

- bo xotan şarduwetewe, xo êwhhatûn rizgarmanbken?

Detgut le Qesabxane derçuwe, ser û sîmaî xwênawî letek qaqay pêkenînekey, giryanêkî xest le qurrgîda pengî dexwardewe ....

- Lêre çîdeken? Xo êwe jin û Mnalltan, Kestan lêre nîye, bo naron?

Ew zmananey ke ta satêk lewewber, wek dûpşik be mêşkî Xellkyanewe deda, le astî trisda weha lallbûbûn, le zarda nedegerran .... Peyta peyta rokêt û napallm debarîn û ewîş deste girmollekanî berew frrokekan helldebrîn û hawarî dekrid...

: -bo xutan heşardawe, bo bergirî naken?

Le dwayewe lawêk be pelle rêydekrid, bedem henasebrikêwe...

- heftaû şeş Kes, heftaû şeş Kes... gomî xwên, tenya ew pyawe mawe, ewîş wa şîtbuwe. Çî bkeyn ha .. Çî bkeyn?

Pirrsyarekanî lenêw girmey frrokekanda winbûn û bêwellam Manewe, Kes lew nêweda nemabû. Her Kese û belayekda raykird. Pol pol Ebabîlekan, peyta peyta Asmanyan le hewrî Mergawî pirrdekrid û jarbaran perrey Gullenêrgis û rûmetî Mnallanî meynetî desutand. Lûley djefrrokekan berew naxî zewî roçûbûn. Qaremananî gel lenêw baxekanî (Gullan) û (çawg) û (hesenawa) -da xoyan heşardabû, her detgut em şare çekdarî têdanîye. Tenya bergirîyek le şar, nîgay pirr parranewey ew Mnallane bû, ke le Kollanda bedem yarîkirdnewe, dengî frrokekan

hêzyan le ejnoyan brrîbuû, çawerrêy teqînewey bombayek leser cesteyan bûn. Le demî çûnewey Ebabîlekanda, hawar û zrîkey Mindallan Asmanî şarî teydekrid, be çend hengawêkî lerzok Kollane û Kollan, xoyan degeyande qeraxî şar....

Serî wrrukas, bûbuwe barêkî gran beser cesteyewe,
neydezanî birryarî çî bdat, xo derbazkirdin, dozînewey Kesukar yan agadarî le jin û Mnallanî hizbî dêmokrat, her çon bû xoy geyandewe yekêk le jîrxanekan. Letaw zrîkey Mnall û qîjey jnan, Kes gwêy le dengî ew nebû. Maskekey le serî kirdewe û frrêy da bo jnêkî zeyistan....
P.m: ewe bkere sert, hendêk parçe perom bdenê, mam Tofîq to yarmetîmbde.
Mam Tofîq: başe kurrm.
P. Mi : xokes nehate sertan, ew hetîwe negerrayewe?
Mam Tofîq : Kesman nedîwe, çend car guêman le dengî Pasdaran bû, taweku ewan derroyiştin, xoman matdekrid.
P.m: ey Kes le jêrxanekey dîkewe nehat?
Mam Tofîq : kê bêt, her jin û Mnalln, çon dewêrn?
P.m: ba em parçe perro terrane bedem û lutyanewe bigrin, betanîyekî terrîş bkeyn be perde bo jêrxaneke.
Mam Tofîq: başe bra, lêprisraweketan çî wit? Êsta hêzî şaho û dalleho le kwên? Derbazbûn yan?
P.mi : hêndey min bzanim derbazbûn, lêprisrawanîş wellamî Kes nadenewe, mnîş becêmhêştin û hatmewe. Ta êware çawdêrîtan dekem û îdî min derrom. Min wek xom agadarî êwe dekem, egîna demêke bawerrm beme nemawe.
Mam Tofîq: eyême çîbkeyn?
P.m: debêt ewan çarenûsî êwe dyarîbken. Ewan le êwe berpirrisn, meger brraryannedawe, ke derbaztanbken?
Mam Tofîq : nazanim çon debêt, çon lem dawe rizgardebîn? Nazanim çon Nan bo em Mindallane peydabkeyn, wexte lebirsa bmirn.

P.mi : her êsta min deçim bo jêrxanekey ewla, taweku hewallyan bzanim û le Mallanîş Nantan bo kobkemewe.

Mam Tofîq: kurrm ger naêytewe, pêmanbllê, baçawerrê nebîn. Nazanim, bo hizbî ême wa gollî hizbekey êwey Xward?

P.m: wek wtim, min îdî ser beKes nîm, tenya wek xom yarmetîtan dedem û bes, berrast lebîrm çû! Mam Tofîq, bellku bgerrêy lenêwmall û hewşeke hendêk xeluz peyda bkey û bîkene naw parçe qumaşewe û be dem û luttanewe bîgrin û lewêwe henase hellmijn.

(p.m)ke çuwe serewe û çend hengaw berew dergake ... Teqînewey bombayek ... Xoy bezewîda da û zrîkey Mnall û hawarî jnekan degeyişte keşkelley Asman û le Asmanewe bêcge le bomba hîç wellamêk nebû....

Pîrejnêk : were bawkim Nanman nawêt, merro, axir ême çîbkeyn, xo leber Pasdar natwanîn wek Xellk, le jêr em bombabaraneda, xoman qutarbkeyn!

P.m: axir êsta ewanîdî çawerrên, bzanim selametin û çîyandewêt?

Mam Tofîq: lelay ewan sîgarêkim bo bêne, tutnim lêbrrawe, kurrm.

P.mi : başe mam Tofîq, be çawan.

Her çon bû, be penadîwaranada, Malle û Mall xoy geyande jêrxanekey gerrekî (kanî şêx), dengî çend jin pêkewe...

- ewe çon wa debê? Xo ger Pasdar bhatayete Serman, kê deytwanî rêgeyan lêbgirêt?

P.m: başe çîbkem, Daykanim? Herwa firyadekewm, taze tenya xomim. Weku xom dêm û deçim.

Jnêk : ey hevalleket kwa?

P.m: lewe deçêt, le şarda hellpey maşîn bkat ya le derewey şar xoî heşardabêt.

Jnêkî dîke: ey mam Tofîq û ewan mawn, selametin?

P.m: bellê êsta lelay ewanewe dêm, mam Tofîq daway Nan û sîgarî dekrid...

Dengî bombayek, şkanî Pencere û şûşe û barînî parçe çîmento, bonêkî tîj, dukellêkî xest û sûrbaw. Gişt dayane zrîke û hur, teqîneweyekî dîke ..

P.m: xêraken, çend setle awêk bhînin û parçe perro terbken ü dem û luttanî pêbgrin. Xeluz bdoznewe û bîkene parçe qumaşewe û ber henasetanî pêbgrin.
Xakî nêw hewşeke reşhelldegera, detgut tîzabî pêdakrawe, Gulle rengawrrengekanî nêw baxçeke, sat be sat pejmurde debûn, (p.m)ke destêkî be qoll û ranîda hêna û reng û boy şêwa ..
Xellkeke : çîye bra, boçî şllejay?
P.m: kîmyayye, gazî kuşindeye.
Denge deng : Malltan kawlibêt, bo hatintan. Eme karbû, kirdtan. Mallî ême û şarekeştan kawilkird...
P.mi : min derrom Nan peydabkem, her êsta degerrêmewe latan.
Her çon bû, xoy geyande Kollanekey piştewe, hawar û nalley pîremêrdêkî demuçaw sûtaw û Ruxsar şêwaw, Mnallêk lew lawe bedem Gyanellawe nuzey lêwedehat..
- daye.. Daye.. Day.. Da....
Pîremêrdeke : kake Gyan, le rêy Xwa yarmetî, Kesm nemawe, ey hawar ... Xwa hawar.. Xwa Takey...
P.m: mame Gyan min natwanim hîçt bo bkem, tazuwe xot bgeyênere awekey kanî şêx û xot bxere aweke, egîna brînekant qulltirdebin, tenya awî sard başe. Hîç derman şiknabem.
Pîremêrdeke: ey hawar bezeyî nemawe, ay lem Roje têykewtîn, bo griftartan kirdîn, bo?
(p.m)ke, hîç wellamîkî pênedrawe û xoy geyande Mnalleke... Bellam drengibû, destekanî wek ballî şkawî pepûle, le mlî allabûn, çawekanî wek deryayekî meng le Asman ramabûn ... Komellêk ceste le bzutin kewtibûn, sîngî awsaw .. Demuçawî şêwaw, çend merrêk gîjkewtibûn û leqefritêyan bû .. Mamrêk gîj û larelar xoy be dergay kulanekeyda dekrid, wek bllêy le dozînewey cûckekanî hîwabrribûbêt. Pole Ebabîlekan peydabûnewe... Berrakirdin xoy geyande dîwarêk, dengî bombayek,

dukellêkî xest û sûrbaw, berew Asman ... Xest xest wek tem nîşte ser rasterrêgey kanî şêx û bamok ... Her çon bû xoy geyande Mallî ser suçî dûrryaneke...

- Malleke.. Malleke .. Kesêk le Malle?

Dengêk le jêrxanekewe: bellê, ewe kêye?

P.m: mnim, yarmetîm dewêt.

Pyaweke: kurrm, were Xwarewe.

P.mi : ger hetane çend Nanêkim dewêt?

Pyaweke rû le Kçekey: adey Kçim, çend muçenanêkî bo bhêne.

P.mi : ger gûnîyekîştan hebê zor çake.

Pyaweke: eme bo kê debêt, eger bo Pasdar û Pêşmerge bêt, natdemê!?

P.mi : bo jin û Mnallî Pêşmergekanî hizbî dêmokrat debêt, lêyanqewmawe û le tirsî Pasdar lêre gîryanxwarduwe. Bê Nan û xorak, lejêr bombaran û le tirsî Pasdar nazanin çîbken, yarmetî êwe manan nebêt, hîçî dîke şiknaben.

Jneke : Kçim hendêkî dîkey bderê, kê dellêt, ême demênîn?

Pyaweke : başe kurrm ême çî bkeyn, le derewe Xellk zor kujrawe?

P.m: bêendaze le Xellk û le Ajell. Kîmyayye .. Kîmyayî,

agadarbin, her frrokekan bwaryanda brron, lêre memênin. Min derrom, zor supas, Malltan awa.

Xoy geyande çend Mallêkî dîke, hendêk zîndû, hendêkîş

Nîwegyan û mirdû. Le (kanî şêx) gunîyek Nanî kokirdewe. Jin û Mnallekan le birsa pelamarî gunîyekeyan da.. Dengî Ebabîlekan û teqînewe, jin û Mnallekan le tirsa Nanekeyan le bîrçû, kşanewe nêw jêrxaneke.

P.mi : ewe nîwey bo êwe. Çend sîgarêkim bdenê bo mam Tofîq .

Jnêk tege sîgarêkî dayê û rû le (p.m)ke...

- bllê bzanim, mêrdekanman geyiştne kwê, selametin ?

P.mi : nazanim, dillnyanîm, herçon bêt le êwe selamettrin .

Jneke : dellên dwênê êware, Pêşmergekanî (gurdanî şwan)î Kommelle le (çomî sîrwan), hemûyan lenêwçûn?

P.mi : mnîş bîstim nzîkey (90) Pêşmergeyan Gyanyan ledestdawe .

Jneke : hey ro, bexuday ew 'ebdulayey mnîş, be selametî derbaznabêt.

P.mi : min debêt brom, derga bigrin û ger Pasdar hatin, xotan
wa lêbken ke 'îraqîn û lêyan tênagen. Be dest û demuçaw, wellamyan bdenewe.

Jneke : kurrm agat lexot bêt, be mam Tofîq bllê, ger burdman nema, ba herke tarîkdahat, bête laman û ta Pasdar neygirtûyn, pêkewe berew Şwênêk bçîn .

Girmey frroke û şrîxey bomba, xanûy ruxaw û cestey sûtaw û awsaw, camedanî û mişkî şêwawî Pyawan, serpoşî krawey jnan, pirrçî allozkawî Kçan, destî girmoley Mindallan, çawanî sûrhellgerraw, le naxîda beramber serkirdekan, hêndey dîke rik û bêzaryan coşdeda. Wşey Pêşmerge îdî le hoşîda, watay caranî nebû. Wek bûnewerêkî pîs û gendell seyrî xoy dekrid û be şermezarîyewe areqey raburdûy derdeda...

- min çend gewc bûm, gerranewem paş xopîşandaneke bo nêwşar û xodanedestî be'sîyekan, zor lem tawanbarîye baştirbû, her çon buwaye, lewêda tenya Kesayetî xot dekuşt, bellam êsta, berbûkîy leşkirêkt kirduwe, ke hezar û çwarsed Sall lemewber, em şarey le xwên gewzanduwe. Lewaneye ême paşmawey ewane bîn, ke xoyan bedestewhdawe .

(Dengî bombayek rayçenand, xoy helldaye ew dîw Dergekewe)

Mam Tofîq: kurrm mawî?

P.m: bellê mame.

Mam Tofîq : le derewe çi xebere?

P.m: bllêm çî, ştî wa le mêjûda qed rûynedawe, awa birrwa zor kes dekujrên, şarêkî bêdjehewayî, frroke teratênî têdadekat. (Dengî rewe eBabîleyekî dîke...)

Mam Tofîq : kurrm, xot bde bezewîda !

(Xoyan be zewîdadeden ta frrokekan tê deperrn.)

P.m: her wabuwe, ke Rojgar bûbête topî gewcan, ewa galltecaryek berpabuwe. Kotaîy her şerrêkyan wêranî şarêk buwe û debêt.

MamTofîq : wa dunya tarîkdahat, ême çî bkeyn ?

P.mi :berrast le bîrimçû, re'na xanim wtî "babêne laî ême, êre le qerax şarewe nzîktre, çi be man û çi be mirdin ba pêkewebîn". Ewe hendêk Nanim botan hênawe, min brîndarbûm, laqekanim sutawn, hestdekem, çawekanim lêlldebin. Min şerrmezarm, ke leme zyatir natwanim harîkarîtan bkem. Ta jêrxanekey dîke, ta lay ewan, min letektan dêm. Îdî lewêwe min derrom, bellku Mallî xoman peydabkem, hêşta nembînîwun, ger mabin başe !?

Demêk bû, dengî frokan le Asman brrabû, le gişt layekewe hawar û rorro, Asmanî detenî .. Kes neydetwanî firyay Kes bkewêt .. Her çon bû, ew mam Tofîq û ewanî geyande jêrxanekey dî, dengî giryan û xoşî yekdî bînînewe têkell bûbû. Ewîş qurrgî pirrbûbû le giryan, leyek katda turreyî le serkirdekan û şermezarî beramber Mindallanî naw jêrxaneke bepêçewaney yekdîyewe fşarîyan dexisteser. Birryarêkî sextibû, qollî mam Tofîqî girt û kêşaye ewlawe..

Mam Tofîq, min derrom, ger em care derbazbûyn, ewa Rojêk dêt, yekdî debînînewe, benyazî dîdar.

Mam Tofîq û jnekan: Xwat letek kurrm, bexêrbçît. Xwa agadartibêt, bellku Kesukareket le jyanda mabin, brro bellku firyay ewanîş bkewî, brro, kurrm brro, Xwa agadart bêt..

Le jêr perdey reşî Şewezengda, şar tenya le goristan û wêrane deçû, wirde wirde balambo û şnirwê û şram lenêw Xem û pejareda kurr kurr deçûnewe û sîmayek le şar nemabû, dengî traktor û giryanî Mnall û denge deng, Mrovî wrrukasdekrid.. Le 'şehîdan'ewe bo şnirwê, le bamok û 'bawekoçek'ewe bo Çnare û mordîn, le gişt layekewe korrewêk çraydestî berrêwebû, kiz kiz desutan, dekewtin û dekujanewe. Detgut letek laîtî sûrî frrokekan çawşarkêyane, ewan derdekewtin û eman dekujanewe, ewan derroêştin û eman helldekranewe..

Jnêk: frrokekan hatnewe, çrakan bkujênnewe, baneman bînin!

Pyawêk : bêdeng bin, babzanîn le kwê deden?

Jnêk : heme Gyan nabînim, kosar û hellalle kwan, çîyan beser hat?

Pîremêrdêk: Xellkîne destimbigrin, çawm nabînêt, ey hawar Kesm nemawe!
Mnallêk: babe.. Babe Gyan ewa hatim, le dwatim.... Babe .. Babe!....

Dengekan yekdîyan debrrî û leyek deallan û hawar û nzayan begwêy kerrrî Asmanda deçrî: "'elî..", "azad..", "xecê..", "babe..", "daye..", "xale..", "purê..", "ey hawar bezeyî", "le kwêwe bêm..", "daye.. Babe min detrisêm..", "Rolle êwe brron, min Twanay rêkirdnim nemawe..", "daye.. Daye..." ..
Hawarêk, qîjeyek, gerrek be gerrek, Şeqam be Şeqam, Mall be Mall, pirr begerûy şar, derd û zuxall... "Hellebce bû be gomî xwên.. Pênc hezar henase xinkan.. Pênc hezar hîwa cwanemrg .. Pênc hezar bomba fruşran.. Pênc hezar bilyard dolar, le bankekanî Sermaye xzênran, hawar .. Hawar .. Hawar... Kwa Mrovayetî.. Hawar.. Hawar...

**Azarî 1999** *

.



*pêştir le jmare (7) Govarî hunerî (Jîlemo)î azarî 1999da benawî Xwazrawî (Ape)ewe, bllawkrawetewe

# پشووی کار و دەنگدانەوەی خومپارەکان

سەیرێکی کاتژمێری قەد دیوارەکەی کرد و ئاهێکی هەڵکێشا ... "ئای کە گەوجی، وەها بڕوات شێتدەبیت، ئاخر سی و پێنج ساڵ کارکردن بەچاوەڕوانی زووهاتنی ساتەکانی نانەدرۆزنە و پشووی نیوەڕۆ و کەی دەستلەکارهەڵگرتن تەواونابێت. سی و پێنج ساڵ بەدەم خۆشە، تەمەنێکە، ئەی قوڕ بەسەر ئەوانەی کە ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی کارکردنیانە و دەبێت چل و پێنج ساڵ کاربکەن، چل و پێنج ساڵ چاوەڕوانی تاکو پیر بیت و بەیانیان بە ئارەزووی خۆت لە خەوڕابیت و سەگێکی چکۆلەی توکنت هەبێت بۆ هاوەڵی ڕۆژانی خانەنشینی و خۆزگە خواستنەوە بەم ڕۆژانەی کە ئێستا وەك دوژمنی باوككوشتە، خۆزگە بەتێپەڕبوونیان دەخوازیت، تاوەکو تاوێك زووتر بگەڕێیتەوە ماڵ" .... دەنگی هاوکارەکەی "با بڕۆین سیگارێك بکێشین" دایچڵەکاند و لەم بێنەوبەردەیەی ڕۆژانە بەئاگایهێنا و بەبێ یەك و دوو دەستی لەکار هەڵگرت و سەیرێکی ئەم لا و ئەو لای خۆی کرد و بەرەو دەرگە بچکۆلەکەی پشتەوە ملینا ... "هەڵمژینی هەوایەکی پاك لەوانەیە کاریی لەسەر درێژبوونی تەمەن دابنێت، ئەی چە بۆ چەنا، خۆ مردم ئەوەندەی تۆز و گەرد چووە نێوسییەکانم". هەر لەدەرگەکە ئاودیوبوو دیمەنی دارستانە چڕەکەی بەرامبەری ئەسپەشێی خەیاڵیان پێتاودایەوە و ئارەزووە پەژموردەکانی چرنوکیان لەبیری گیرکردەوە "ئەی سمۆرەی دارەوان گوێز چەند خۆشە بۆ زستان" سەرنجێکی درەختەکانی دا و ئاهێکی هەڵکێشا "ئای کە چۆن بە منداڵی پیر بووم، چەندە بەچێژبوون ئەو ڕۆژانەی لەتەك نەریمان بەرەو ناو باخ دەکشاین و بەدەم هەڵماتێن و ڕاوە سمۆرەوە، کاتەکانی دوای فێرگەمان دەبردنەسەر. دەیوت - ئەم جارە، سمۆرەم گرت بۆ تۆ دەبێت - ، یادی بەخێر، ئەوە دوا وشەو دوا بەڵێنی بوو ،کە وەك یادگاری بۆی بەجێهێشتم. هەرچەندە ئەو لە من مناڵتر و لاوازتر بوو، بەڵام هێندەی سمۆرەکان، چست و چالاك بوو، دەیزانی سمۆرە و چۆلەکەکان کەی دەردەکەون و کەی کاتی هەڵبەزودابەزی یاریکردنیانە. ئەو ڕۆژە دارلاستیکێکی نیشاندام و وتی - بڕوانە تازە کڕیومە، چەرمی سوورە، کێشی فرەیە، لەبەر خۆرەتاویش ناسووتێت - ... ئاخر هەرچەندە من لەچاو ئەو بەجەستەتر بووم، بەڵام نە دارلاستیکم هەبوو نە هەڵمات، تۆپیشم نەبوو، ئێوارانیش لە ترسی باوکم هەرچی خۆشی ئەو ڕۆژە بوو، لێمدەبوو بەبەڵایەکی گەورە و لەبیری خۆمم دەبردەوە، نەکا باوکم سەیری چاوم بکات و مێشکم بخوێنێتەوە. وەی بەحاڵم بێجگە لە شەق و سۆندەکانی سەرپشتم، کە دەتوت هێڵکاری تابلۆیەکی چروپرن وەها لەسەر پێستی منداڵیم، وێنەیان دەکێشرا، ئەوجا ڕۆژی دوای دەهاتە فێرگە و بە مامۆستا

ڕۆشنبیرەکانی دەوت - گۆشتی بۆ ئێوە و ئێسکەکانی بۆ من - ... 'نەریمان'یش شەو و ڕۆژی بۆ نەبوو، بووبووە هاونیشنگەی گیانلەبەرانی نێو باخەکان، ناو و نیشانی ئەوانی باشتر لە ناوی مرۆڤەکان دەزانی. بەڵام ئاخ، گولەتۆپێکی ئیمامی زەمان، ئارەزووەکەی منی وەك سەرە چکۆلەکەی نەریمان پلێشاندەوە و وەك دەستە لاواز و چکۆلەکانی نەریمان و نازیمەی خوشکی، پارچەپارچەیکردن. لە ترسی مەرگ ئارەزووی دیداری نەریمان و سمۆرە بزیوەکانم لە بوخچەی مناڵیمدا پێچایەوە و تۆپە دوورهاوێژەکانی ئیمام تا سەر شیوەکەی ئابلاخ ڕاویانم و خۆزگەکانم بە بەرخۆرەتاوی نیوەڕوانەوە سووتان. کاتێك کە دروستکەری گولەتۆپەکان ئاگر لە لانکەی نەریمان و نازیمە بەردەدەن، لێرەش هێشتاکە لە ناخمدا دەپرۆزێن و هێشتاکە لێرەش لە دووی سمۆرە وێڵم.

خشەیەك لەژێر گەڵاوەریوەکانەوە خەیاڵکەی ڕەواندەوە، هەڵبەزودابەزی دوو سمۆرە، وەك شێت دەستیکردە بانگکردنی سمۆرەکە " چکچچچکچچچکچچ " سمۆرەیەکیان بەرەو ڕووی هات، دۆشداما "خۆ .. هات .... چچکچچ چ چچ چك چچ چچ چچچ" سمۆرەکە لە تەلبەندی شورەی کارگەکەوە هاتەژوور، ئەویش بەسەرسورمانەوە بەردەوام بانگیدەکرد و هەناسەبڕکێ گرتبووی، بەخۆی باوەڕنەدەکرد، سمۆرەکە هاتە بەردەمی و چاوە وردیلە خڕەکانی بڕیبووە چاوی ئەو، دەتوت لێیدەپارێتەوە و خوازیاری شتێکە، هەرچەندی دەکرد لێینەدەگەیشت ... "ئاخۆ چیت بوێت، نەخۆشبیت، یان برسی، ئاوها هانات بۆ من هێناوە" ... سەرێکی بەرزکردەوە و ڕوو لە باڵدارە بێئۆقرەکان "خۆزگەم بە ئێوە، وەها سەربەستن، نەکار و نەخاوەنکار" ... جارێکی دیکە سەرنجی چاوە زەرباوەکانی سمۆرەکەی داوە ... "نازانم چی بکەم، ناتوانم بتبەمە لای پزیشك، یان چەند گوێزێکت بۆ پەیدابکەم یان هیچ نەبێت بتبەمەوە ئەودیو شورەکە، ئاخر خاوەنکار ڕێمپێنادات" ... لەم کەینوبەینەدا لەناکاو دەنگی هاوکارەکەی ڕایچڵەکاند " ئەوە لەکوێیت، چییە، خەوتبوویت ؟

## Pşûy Kar û dengdanewey Xumparekan

Seyrêkî katjimêrî qed dîwarekey kird û ahêkî hellkêşa ... "ay ke gewcî, weha birrwat şêtdebît, axir sî û pênc Sall karkirdin beçawerrwanî zûhatnî satekanî Nanedrozne û pşûy nîwerro û key destlekarhellgirtin tewawnabêt. Sî û pênc Sall bedem xoşe, Temenêke, ey qurr beser ewaney ke emrro yekem Rojî karkirdinyane û debêt çil û pênc Sall karbken, çil û pênc Sall çawerrwanî Taku pîr bît û beyanyan be arezûy xot le xewrrabît û segêkî çkoley tuknit hebêt bo Hawellî Rojanî xanenşînî û xozge Xwastnewe bem Rojaney ke êsta wek Dujminî bawkkuşte, xozge betêperbûnyan deXwazît, taweku tawêk zûtir bgerrêytewe Mall" .... Dengî hawkarekey "ba brroyn sîgarêk bkêşîn" dayçllekand û lem bênewberdeyey Rojane beagayhêna û bebê yek û dû destî lekar hellgirt û seyrêkî em la û ew lay xoy kird û berew Derge biçkolekey piştewe mlîna ... "Hellmijînî hewayekî pak lewaneye karayî leser drêjbûnî Temen dabnêt, ey çe bo çena, xo mirdim ewendey toz û gerd çuwe nêwsîyekanim". Her le Dergeke awdîwbû dîmenî daristane çrekey beramberî espeşêy Xeyallyan pêtawdayewe û arezuwe pejmurdekanî çirnukyan lebîrî gîrkirdewe "ey smorey darewan gwêz çend xoşe bo zistan" sernicêkî drextekanî da û ahêkî hellkêşa "ay ke çon be Mindallî pîr bûm, çende beçêjbûn ew Rojaney letek nerîman berew naw bax dekşayn û bedem hellmatên û rawe smorewe, katekanî dway Fêrgeman debirdneser. Deyut - em care, smorem girt bo to debêt - ,  yadî bexêr, ewe dwa wşew dwa bellênî bû ,ke wek yadgarî boy becêhêştim. Herçende ew le min Mnalltir û lawaztir bû, bellam hêndey smorekan, çist û çalak bû, deyzanî smore û çolekekan key derdekewn û key katî hellbezudabezî yarîkirdinyane. Ew Roje darlastîkêkî nîşandam û wtî - birrwane taze krrîwme, çermî sûre, kêşî freye, leber xoretawîş nasûtêt - ...  Axir herçende min leçaw ew becestetir bûm, bellam ne darlastîkim hebû ne hellmat, topîşm nebû, êwaranîş le tirsî bawkim herçî xoşî ew Roje bû, lêmdebû bebellayekî gewre û lebîrî xomim debirdewe, neka bawkim seyrî çawm bkat û mêşkim bixwênêtewe. Wey behallm bêcge le şeq û sondekanî serpiştim, ke

detut hêllkarî tabloyekî çruprrin weha leser pêstî Mindallîm, Wêneyan dekêşra, ewca Rojî dway dehate Fêrge û be mamosta roşnibîrekanî dewt - Goştî bo êwe û êskekanî bo min - ... 'nerîman'îş Şew û Rojî bo nebû, bûbuwe hawnîşingey Gyanleberanî nêw baxekan, naw û nîşanî ewanî baştir le nawî Mrovekan dezanî. Bellam ax, guletopêkî îmamî zeman, arezuwekey mnî wek sere çkolekey nerîman pllîşandewe û wek deste lawaz û çkolekanî nerîman û nazîmey xuşkî, parçeparçeykirdin. Le tirsî Merg arezûy dîdarî nerîman û smore bzîwekanim le buxçey Mnallîmda pêçayewe û tope dûrhawêjekanî îmam ta ser şîwekey abllax rawyannam û xozgekanim be berxoretawî nîwerrwanewe sûtan. Katêk ke drustkerî guletopekan agir le lankey nerîman û nazîme berdeden, lêreş hêştake le naximda deprruzên û hêştake lêreş le dûy smore wêllm .

Xşeyek lejêr gellawerîwekanewe Xeyallkey rewandewe, hellbezudabezî dû smore, wek şêt destîkirde bangkirdnî smoreke " çiKçççiKçççiKçç " smoreyekyan berew rûy hat, doşdama "xo .. Hat .... ÇiçKçç çi çiç çk çiç çç çiçç" smoreke le telbendî şurey kargekewe hatejûr, ewîş besersurmanewe berdewam bangîdekrid û henasebrrikê girtbûy, bexoy bawerrînedekrid, smoreke hate berdemî û çawe wirdîle xrrekanî brrîbuwe çawî ew, detut lêydeparêtewe û Xwazyarî ştêke, herçendî dekrid lêynedegeyişt ... "axo çît bwêt, nexoşbît, yan birsî, awha hanat bo min hênawe" ... Serêkî berizkirdewe û rû le balldare bêoqrekan "xozgem be êwe, weha serbestin, nekar û nexawenkar" ... Carêkî dîke sernicî çawe zerbawekanî smorekey dawe ... "nazanim çî bkem, natwanim bitbeme lay pzîşk, yan çend gwêzêkt bo peydabkem yan hîç nebêt bitbemewe ewdîw şureke, axir xawenkar rêmpênadat" ... lem keynubeyneda lepirr dengî hawkarekey rayçllekand " ewe lekwêyt, çîye, xewtibûyt?

## میداڵی کوردایەتی

لەسەرخۆ تەڵان تەڵان بە هەناسەبرکێوە سەرکەوتە سەرەوە، لەتەك هەڵبڕینی لاقەکانی سەریشی دەلەقییەوە. سەرێکی بەرزکردەوە و بزەیەکی خستەسەر لێوە وشکهەڵاتووەکانی، نیگا بەزەییخوازەکانی سکاڵای دونیای ڕەبەنی و ڕەنجەڕۆییان بەگوێی داروبەردا دەدا.

بە پەلە سڵاوێکی شەرمنۆکانەی لە دانیشتوان کرد، بەبێ ئەوەی لە نێوانیادا بۆ شوێنێك چاوبگێڕێ، وەك ئەوەی کە پێشتر بڕیاریدابێت تێکەڵ بە کۆڕەکەیان نەبێت، لە بن دارهەنجیرەکەدا پاڵیدایەوە. ئاخر ئەو هەمیشە خۆی لەوە دەپاراست، نەکا ببێتە شەوچەرەی کۆڕەکان. هێندە هەستی بریندارکرابوو، باوەڕیشی بەخۆی نەمابوو. وەها بە پەلە وەڵامی دەدانەوە، دەتوت وشەکان زاری دەپروزێنن. هێندە بڕوای بە بەخێرهاتنەکەیان نەبوو، لە وەڵامدانەوەیاندا ئاوڕی لێنەدەدانەوە و تەنیا لەکۆڵی خۆی دەکردنەوە.

لێپرسراو : حەمەدەمین، بەخێر بێیت، چۆنیت؟

حەمەدەمین : باشم قوربان.

لێپرسراو : چییە خەلیفە، دەڵێی ئەم ناوەت بەدڵنییە؟

حەمەدەمین : بەدڵیشم نەبێت، چم لەدەستدێتن؟

لێپرسراو : کو بابم، مەگەر تۆ گەورەی هەمووومان نیت؟

حەمەدەمین : نەخێر، من چ گەورە نیمە. گەر گەورەبام، ئەوە حارم نەدەبوو !

لێپرسراو : دەزانم. دەزانم بۆ واماتی، هەبێ و نەبێ سیگارت لێبڕاوە. وا نییە؟

حەمەدەمین : ئەدی کەنگێ ئێمە پارەدار بووینە، پارەداران دیارن !

لێپرسراو: مامۆستا ساڵح، دە دیناری بدەرێ و بنووسە، حەمەدەمین دوو جار قەرزاری منمە.

م. ساڵح : ها..هاااااه، واتە ئەو پێشەکیمان لێوەردەگرێت، ئەمەیان تازەیە!

حەمەدەمین : ئەدی کو، ئەنگۆ، لەخۆرایی پارە نابەخشنەوە.

لێپرسراو : ئەوەندەت بەستە؟

حەمەدەمین : لە نەبوون باشترە، خۆ ئەنگۆ...

(قسەکەی تەواوناکا و هەڵدەستێتەوە و بەرەو سەرڕێگە خاکییەکە بەلای ڕاستدا بادەداتەوە).

لێپرسراو: من دەیناسم، خۆی حەزی بە بەزمە، کەڵکی نەماوە سکرابە. بەڵام هەرچۆن بێت، ڕاگرتنی بۆ پاسەوانی بنکە خراپ نییە. هەرچەندە کەڵبەی داڕزاوە !

(سەیرێکی کاتژێرەکەی کرد و کەمێك چرچ و لۆچە کشاوەکانی نێوچەوانی لەیەك نزیککردنەوە.

هەوای سییەکانی بەفوویەکی دوورودرێژ دەردایەوە و باڵەکانی بەرزکردنەوە و ماسولکەکانی گرژکردنەوە. دەستێکی بەسەرە ڕووتاوە بچووکەکەیدا هێنا و یەك دووجار سەری بەم لاو بەو لادا سوڕاند و باسکی وەك دەسکی ئافتاوەی چەماندەوە بەرکەمەری. سەیرێکی قەفەزی بولبولەکانی کرد و ڕوویکردە شۆڤێرەکەی ..

- عەلی، گاڵت کردە بەردەم بولبولەکان، قازەکان چی، بردنتە لای تاڤگەکە، تیۆتاکەت لە ڕیکنەی قازەکان پاککردەوە؟

عەلی : بەڵێ قوربان، هەرچەندە ئێستاکە لاقیان خوڵاوی بۆتەوە !

لێپرسراو : کەواتە دانە دانە لە ئاوەکەیان هەڵکێشە و بیانخەرەوە نێو تیۆتاکە !

عەلی : ئاخر قوربان دوادەکەوین، بەئاسانی بۆم ناگیرێن !

لێپرسراو: چەند جارم وت بەبێ وەڵامدانەوە، کارەکەت ئەنجام بدە و ئەوەندە مەڵێ ! بڕۆ دوو پێشمەرگە لەتەك خۆت بەرە و زووکە .

لەتەك هەڵکێشانی پاژنەی کڵاشەکانی، گشت وەك پرسەدارانی بەردەرکەی مزگەوت ڕاستبوونەوە و پێشاوپێش وەستان، تا جەنابی فەرماندە پێشکەوت، لە گەورەوە تا بچووك پلە بە پلە کەوتنەڕێ .....

دەنگی حەیرانەکەی مام حەمەدەمین، کارەساتەکەی هەڵەبجەی وەك پەردەی سینەما هێنایەوە بەرچاوی سەرکۆ و بەرە بەرە لەتەك ڕۆچوونە دەریای بیرەوەرییە دەنگنووساوەکانییەوە، لاپەڕەی هەڵدراوەی ڕۆمانی دایك، لەبەرچاوەکانی لێڵدەبوو. هەڵچوونی خەم و پەژارەی دڵی حەیرانبێژ، مەرگ و ژیان لە یاداوەرییەکانا، شەڕی مان و نەمانیان دەکرد. بەتەواوی ئاگای لە دەوروبەری بڕابوو. پرسیارە کتوپڕەکەی مام حەمەدەمین، وەهای داچڵەکان، دەتگوت بۆمبا بەسەریدا تەقییەوە.

حەمەدەمین : چ بوو، هەمووان ڕۆییشتن؟

سەرکۆ: ئا.. بەڵێ مام حەمەدەمین .

حەمەدەمین : بەخودای حەزمکرد ڕۆییشتن، با بەخۆمان ئاسوودە دانیشن. ئەرێ بەڕاستی لۆ نیوەڕۆ چمان هەیە؟

سەرکۆ : برنج و فاسۆلیا زیاتر، چی هەیە؟!

حەمەدەمین : ئەدی ئەوان نایێنەوە؟

سەرکۆ : بڕواناکەم، لەسەرەوە میوانیکراون؛ گوێرەکەیەکیان لە هەڵەبجە هێناوە و خەریکی خواردنەوە دەبن. بۆچ ناڕۆی؟

حەمەدەمین : فاسۆلیا نەکورایەکەی تۆم پێباشترە.

سەرکۆ : کەمێ لەسەرم ڕاوەستە، ئێستاکە هەڵدەستمەوە و ئامادەی دەکەم !

حەمەدەمین : ئەرێ نێو گوندی دەرێی چوونەتە هەواری، نە پیاو و نە مندار، نە... .

سەرکۆ : نە چی، بڵێ مام حەمەدەمین، تۆ هاوسەریت کردووە؟

حەمەدەمین : نەخێر.

سەرکۆ : خۆ دڵداریت کردووە؟

حەمەدەمین : کە جحێڵ بووم، حەزم لە کیژێك دەکرد، بەڵام نەیانداپێم. بەم جۆرەی کەوتمە شوێن کوردایەتی و ئێستاکەش خۆت دەزانی !

سەرکۆ : چەند ساڵە پێشمەرگەی، لە حەفتا و شەشەوە؟

حەمەدەمین : لە سەرەتای بەزمەکەی ئەیلوولەوە.

سەرکۆ : بەس نییە،ماندوو نەبوویت؟

حەمەدەمین : لۆ ئەوەندەی دەپرسیت، دەتەوێتن، قسەکانم تۆمارکەی، من تەنیا بڕوام بەتۆ هەبوو، کەچی تۆش ئاوا؟

سەرکۆ : نە بەسەری خۆم، من چۆن کاری وا دەکەم. جا چییە، خۆتۆ درۆناکەیت؟

حەمەدەمین: نەخێر، لۆ ئەوەم نییە. ئەمن دەزانم، گەر ئەم قسانە بکەونە دەمی ئەو هەتیوانە، ئیدی بەیەکجاری سواری ملم دەبن.

سەرکۆ : وەڵامت نەدامەوە، لەم بەزمە وەڕسنەبووی؟

حەمەدەمین : بێزاریش بووبم، چ بکەم، مەگەر کەس هەیە، من بگرێتە خۆی؟

سەرکۆ : باشە مام حەمەدەمین، کە تۆ لە پێشمەرگە کۆنەکانی ئەیلوولی، چۆن نەکراویتە لێپرسراو؟

حەمەدەمین : ئەتۆ بەخۆت گەمژەی یان خۆت لەگێلی دەدەی؟

سەرکۆ : بۆ شتێکی خراپم وت؟

حەمەدەمین : ئەی چی، مەگەر بەخۆت نازانی ئێمە و مانا نابینە چت !

سەرکۆ : بۆچ نارۆی بۆخۆت لە ئوردوگەیەکی ئێران پاڵی لێبدەیتەوە؟

حەمەدەمین : ئۆردووگەش هەر وەترە، هەرچۆنێ بێت، بەم جۆرە مانگانەیەك وەردەگرم، دوو هەزار و پینج سەد تومەن وەردەگرم. جاران (٥٠) دینار بوو و ئەوڕۆکە تمەن، بەیانیش...!!

سەرکۆ : جا بەشی سیگارەنت دەکات؟

حەمەدەمین : جارجارەش سەرو پێنج دینار لەو دەمڕووتانەی دەستێنم.

سەرکۆ : وەرە پێشێ شیوی بخۆ، مەبەستت لە دەمڕووت کێیە؟

حەمەدەمین : ئەو خۆڕیانەی گارتەم پێدەکەن. ئم.. دەستەکانت خۆشبن، شیوەکی گەلەك بەتامە، ئەوە کو دروستیدەکەیت؟

سەرکۆ : تاکو من لێرەم، وەرە بخۆ و کارت نەبی. بەس تۆ بیرەوەرییەکانی خۆتم بۆ باسکە. ئەرێ نەتوت، چۆن پارەیان لێدەستێنی؟

حەمەدەمین : لۆ تۆ نازانی کو، قەشمەریم پێدەکەی، ها؟

سەرکۆ : دوور لە تۆ، من وەها دەناسی مام حەمەدەمین، دیارە تۆش لەتەك من وەهایت؟

حەمەدەمین : نا .. نا، من مەبەستم ئەوە نەبوو، ئەدی کو نازانی؟ من بەخۆم ناوم حەمەدەمینە و خەلیفەشم پێدەڵێن. بەڵام ئێستاکە کە پیربووم بوومەتە گارتەجاری ئاوام پێدەرێن !!

سەرکۆ : بۆ سکاڵانامەیەکیان لەسەر نانووسیت، خۆت نەتوت لەنزیکەوە مامەی دەناسیت؟

حەمەدەمین : کو نەمکردیە، ئەمن بەخۆم چوومە کن مامەی و پێمگوت؛ مامە ئەتۆ بەخۆت دەمناسی و بەخۆت دەزانی بەقەت تووکی ڕدێن و پرچی ئەو هەرچی و پەرچیانە لۆ کوردی، کەوشم دڕاندییە، لۆ ئەنگۆ نەنگە ئاوا ناووناتۆرەی بە منێکی ساڵاچوو دەرێن، حەشاکی ئەنگۆ، گەر خۆفرۆش بوومایە، ئێستاکە خاوەنی قەسرۆکەکی دەبووم.

سەرکۆ : ئەی ئەو چی گوت؟

حەمەدەمین : چ دەرێ، گوتی " خەلیفە ئەوە ئەنگۆیان خۆشدەوێ و لەتەك ئەنگۆ حەز بەقسان دەکەن. ئەگەریش پێیسەخڵەتی هەر قسەی کەس پێیگوتی، پێنج دیناری لێبستینە !

سەرکۆ : کەواتە تا زووە ئێمەش فریای خۆمان بکەوین، ئەگینا...

(دەنگی لێپرسراو، قسەکەی لە زاری گێڕایەوە و مام حەمەدەمین لە پاروونانی دەستیگێڕاوە)

لێپرسراو : ترە گوێ ڕووت، جانتا دەستییەکەم لەبیرچووە، بۆم بێنەخوارێ !

( مام حەمەدەمین ڕەنگی هەڵبزرکا و لێوەکانی لە قینا سپی هەڵگەڕان و دەستەکانی کەوتنەلەرزین، لە گەڕانەوەدا ڕەش هەڵەڕابوو.)

سەرکۆ : دەزانم، هێندەی تۆ لەلام سەختبوو، ئەدی بۆ پێنج دینارەکەت لەو نەسەند، چونکە ئەندامی سەرکردایەتییە؟

حەمەدەمین : نا، نەخێر وەنییە، لۆ من فەرقی ناکات، ئەندامی سەرکردایەتی و ئەندامی بنکردایەتی .. ئەدی کو تێنەگەیشتی، وەکی پێشتر گوتی " ئەوە دە دینار لۆ دوو جاران پێشەکی" بەو حیسابەی ئەمن هێشتاکە جارەك قەرزاری ویمە ! بەدبەخت تا وەکی منت بەسەر نەهاتییە، بڕۆ فریای خۆت بکەوە !

سەرکۆ : هەروا دەکەم، هاوڕێ حەمەدەمین، چەند ڕۆژێکی دیکە بە یەکجاری دەڕۆم و ناگەڕێمەوە ..

## Mîdallî Kurdayetî

Leserxo tellan tellan be henasebrikêwe serkewte serewe, letek hellbirênî laqekanî serîşî deleqîyewe. Serêkî berizkirdewe û bzeyekî xisteser lêwe wişkhellatuwekanî, nîga bezeyîxwazekanî skallay dunyay rebenî û rencerroyyan begwêy daruberda deda.

be pele sllawêkî şerimnokaney le danîştwan kird, bebê ewey le nêwanyada bo Şwênêk çawbigêrrê, wek ewey ke pêştir birryarîdabêt têkell be korrekeyan nebêt, le bin darhencîrekeda pallîdayewe. Axir ew hemîşe xoy lewe deparast, neka bbête Şewçerey korrekan. Hênde hestî brîndarkrabû, bawerrîşî bexoy nemabû. Weha be pele wellamî dedanewe, detut wşekan zarî depruzênin. Hênde birrway be bexêrhatnekeyan nebû, le wellamdaneweyanda awrrî lênededanewe û tenya lekollî xoy dekirdnewe.

Lêprisraw : hemedemîn, bexêr bêyt, çonît?

Hemedemîn : başm qurban.

Lêprisraw : çîye xelîfe, dellêy em nawet bedllinîye?

Hemedemîn : bedllîşm nebêt, çim ledestidêtin?

Lêprisraw : ku babim, meger to gewrey hemûman nît?

Hemedemîn : nexêr, min çi gewre nîme. Ger gewrebam, ewe harm nedebû !

Lêprisraw : dezanim. Dezanim bo wamatî, hebê û nebê sîgart lêbrrawe. Wa nîye?

Hemedemîn : edî kengê ême paredar bûyne, paredaran dyarn!

Lêprisraw: mamosta Sallh, de dînarî bderê û bnûse, hemedemîn dû car qerzarî minme.

M. Sallh : ha..haaaaaae, wate ew pêşekîman lêwerdegrêt, emeyan tazeye!

Hemedemîn : edî ku, engo, lexorayî pare nabexişnewe.

Lêprisraw : ewendet beste?

Hemedemîn : le nebûn baştre, xo engo...

(qsekey tewawnaka û helldestêtewe û berew serrrêge xakîyeke belay rastda badedatewe).
Lêprisraw: min deynasm, xoy hezî be bezme, kellkî
nemawe sikrabe. Bellam herçon bêt, ragirtnî bo pasewanî binke xrap nîye. Herçende kellbey darrzawe!
(Seyrêkî katjêrekey kird û kemêk çirç û loçe kşawekanî
nêwçewanî leyek nzîkkirdnewe. Heway sîyekanî befûyekî dûrudrêj derdayewe û ballekanî berizkirdnewe û masulkekanî grijkirdnewe. Destêkî besere rûtawe bçûkekeyda hêna û yek dûcar serî bem law bew lada surrand û baskî wek deskî aftawey çemandewe berkemerî. Seyrêkî qefezî bulbulekanî kird û rûykirde şovêrekey ..
- 'elî, gallt kirde berdem bulbulekan, qazekan çî, birdinte lay tavgeke, tyoTaket le rîkney qazekan pakkirdewe?
'elî : bellê qurban, herçende êsTake laqyan xollawî botewe !
lêprisraw : kewate dane dane le awekeyan hellkêşe û byanxerewe nêw tyoTake !
'elî : axir qurban dwadekewîn, beasanî bom nagîrên !
Lêprisraw: çend carm wit bebê wellamdanewe, kareket encam bde û ewende mellê ! Brro dû Pêşmerge letek xot bere û zûke.
Letek hellkêşanî pajney kllaşekanî, gişt wek pirsedaranî berderkey mizgewt rastibûnewe û pêşawpêş westan, ta cenabî fermande pêşkewt, le gewrewe ta bçûk ple be ple kewtnerrê .....
Dengî heyranekey mam hemedemîn, karesatekey hellebcey wek perdey sînema hênayewe berçawî serko û bere bere letek roçûne deryay bîrewerîye denginûsawekanîyewe, laperrey helldrawey romanî Dayk, leberçawekanî lêlldebû. Hellçûnî Xem û pejarey dllî heyranbêj, Merg û jyan le yadawerîyekana, şerrî man û nemanyan dekrid. Betewawî agay le dewruberî brrabû. Pirsyare ktuprrekey mam hemedemîn, wehay daçllekan, detgut bomba beserîda teqîyewe.
Hemedemîn : çi bû, hemuwan royîştin?

Serko: a.. Bellê mam hemedemîn.

Hemedemîn : bexuday hezimkird royîştin, ba bexoman asûde danîşn. Erê berrastî lo nîwerro çman heye?

Serko : brinc û fasolya zyatir, çî heye?!

Hemedemîn : edî ewan nayênewe?

Serko : birrwanakem, leserewe mîwanîkrawn; gwêrekeyekyan le hellebce hênawe û xerîkî Xwardnewe debin. Boç narroy?

Hemedemîn : fasolya nekurayekey tom pêbaştre.

Serko : kemê leserm raweste, êsTake helldestmewe û amadey dekem !

Hemedemîn : erê nêw Gundî derêy çûnete hewarî, ne pyaw û ne mindar, ne....

Serko : ne çî, bllê mam hemedemîn, to hawserît kirduwe?

Hemedemîn : nexêr.

Serko : xo dilldarît kirduwe?

Hemedemîn : ke chêll bûm, hezm le kîjêk dekrid, bellam neyandapêm. Bem corey kewtme Şwên kurdayetî û êstakeş xot dezanî !

Serko : çend Salle Pêşmergey, le hefta û şeşewe?

Hemedemîn : le seretay bezmekey eylûlewe.

Serko : bes nîye, mandû nebûyt?

Hemedemîn : lo ewendey deprisît, detewêtin, qsekanim tomarkey, min tenya birrwam beto hebû, keçî toş awa?

Serko : ne beserî xom, min çon karî wa dekem. Ca çîye, xoto dronakeyt?

Hemedemîn: nexêr, lo ewem nîye. Emin dezanim, ger em qsane bkewne demî ew hetîwane, îdî beyekcarî swarî mlim debin.

Serko : wellamt nedamewe, lem bezme werrisnebûy?

Hemedemîn : bêzarîş bûbim, çi bkem, meger Kes heye, min
Bigrête xoy?

Serko : başe mam hemedemîn, ke to le Pêşmerge konekanî eylûlî, çon nekrawîte lêprisraw?

Hemedemîn : eto bexot gemjey yan xot legêlî dedey?

Serko : bo ştêkî xrapim wit?

Hemedemîn : ey çî, meger bexot nazanî ême û mana nabîne çit !

Serko : boç narroy boxot le urdugeyekî Êran pallî lêbdeytewe?

Hemedemîn : ordûgeş her wetre, herçonê bêt, bem core Manganeyek werdegrim, dû hezar û pînc sed tumen werdegrim. Caran (50) dînar bû û ewrroke tmen, beyanîş!!...

Serko : ca beşî sîgarent dekat?

Hemedemîn : carcareş seru pênc dînar lew demrrûtaney destênim.

Serko : were pêşê şîwî bxo, mebestit le demrrût kêye?

Hemedemîn : ew xorryaney gartem pêdeken. M.. Destekant xoşbin, şîwekî gelek betame, ewe ku drustîdekeyt?

Serko :  Taku min lêrem, were bxo û kart nebî. Bes to bîrewerîyekanî xotim bo baske. Erê netut, çon pareyan lêdestênî?

Hemedemîn : lo to nazanî ku, qeşmerîm pêdekey, ha?

Serko : dûr le to, min weha denasî mam hemedemîn, dyare toş letek min wehayt?

Hemedemîn : na .. Na, min mebestim ewe nebû, edî ku nazanî? Min bexom nawm hemedemîne û xelîfeşm pêdellên. Bellam êsTake ke pîrbûm bûmete gartecarî awam pêderên !!

Serko : bo skallanameyekyan leser nanûsît, xot netut lenzîkewe mamey denasît?

Hemedemîn : ku nemkirdye, emin bexom çûme kin mamey û pêmgut; mame eto bexot demnasî û bexot dezanî beqet tûkî rdên û pirçî ew herçî û perçyane lo kurdî, kewşim drrandîye, lo engo nenge awa nawunatorey be mnêkî Sallaçû derên, heşakî engo, ger caş bûmaye, êsTake xawenî qesrokekî debûm.

Serko : eî ew çî gut?

Hemedemîn : çi derê, gutî " xelîfe ewe engoyan xoşdewê û letek engo hez beqsan deken. Egerîş pêysexlletî her qsey Kes pêygutî, pênc dînarî lêbsitîne !

Serko : kewate ta zuwe êmeş firyay xoman bkewîn, egîna...

(dengî lêprisraw, qsekey le zarî gêrrayewe û mam hemedemîn le parûnanî destîgêrrawe)

Lêprisraw : trre gwê rût, canta destîyekem lebîrçuwe, bom bênexwarê !

( mam hemedemîn rengî hellbzirka û lêwekanî le qîna spî hellgerran û destekanî kewtnelerzîn, le gerraneweda reş hellerrabû.)

Serko : dezanim, hêndey to lelam sextibû, edî bo pênc dînareket lew nesend, çunke endamî serkirdayetîye?

Hemedemîn : na, nexêr wenîye, lo min ferqî nakat, endamî serkirdayetî û endamî binkirdayetî .. Edî ku tênegeyiştî, wekî pêştir gutî " ewe de dînar lo dû caran pêşekî" bew hîsabey emin hêştake carek qerzarî wîme ! Bedbext ta wekî mint beser nehatîye, brro firyay xot bkewe !

Serko : herwa dekem, Hawrrê hemedemîn, çend Rojêkî dîke be yekcarî derrom û nagerrêmewe ..

## خەرمانەی خۆزگە

توند توند دەستەکانی لەسەر سنگی لێکگرێدابوون، خۆزگەکانی وەك خەونی کەو بە ئازادبوونەوە لە هەوڵی فریندا بوون، دڵی زەرنەقوتەئاسا فرەفرِی بوو. بە نائارامییەوە خۆی بەپەراسووە ڕەقەڵەکانیدا دەدا و بەخێرایی تاقوتراقی پاژنەی کەوشەکانی مامۆستا لێی لێیدەدا. ئاخر لێواولێوبوو لە پەژارەی بێدایکی و ترسی دارکارییەکانی مامۆستای وانەی هونەر. خۆزگەی بە شوێنێك دەخواست، کە لێدان و سووکایەتی لێنەبووایە. لە ترسانا چاوەکانی بەقوڵاچووبوون و نیگاکانی وەك بزمار لە دەرگەی پۆلەکە چەقیبوون. لەنێوان خەون و کەتواردا دیلانێی دەکرد، مامۆستا میهرەبانەکە کە بابی بۆی باس کردبوو لەتەك مامۆستای وانەی هونەر، کە زیاتر بەژن و باڵای لە شوڵەتەرەکەی دەستی دەچوو، بەراورددەکرد. جار جار لەتەك هێنانەوەپێشچاوی لێدانی باوەژنە فرەزانەکەی و مامۆستای هونەردا، موچرکێك بەلەشیدا دەهات و شانە ڕووتەڵەکانی کووڕ کووڕ لەیەکنزیکدەکردنەوە و هەناسەیەکی ساردی هەڵدەکێشا. لەتەك دەرکەوتنی لوتی قۆنەرە ڕەشەکانی مامۆستا هێندەی دیکە چاوەکانی لە ترسانا زاقکردنەوە.

چاودێر: هەستن ..

وەك هەڵفرِینی پۆلەکۆترێك بەدەم تەقینەوەی گوللەتۆپێکەوە، هەر کەسە و لە شوێنی خۆی وەك کێلی گۆڕ قوتبووەوە، پۆلەکە سیمای گۆڕستانە کۆنەکانی وەبیردێناوە. جەستە بێگیانەکان لە بەردەمی بەژن و باڵای شوڵئاسای مامۆسادا، وەك بووکەشووشەی مناڵانە دەهاتنەبەرچاو. چاوەڕێی ئەو مناڵە چەقاوەسووە بوون دایاننیشێنێتەوە ...

مامۆستا : دانیشن !

چرکە چرکە ترس فرەتر و فرەتر دەبووە مۆتەکەوی سەردڵی ئازاد، ئاخر دەیزانی مامۆستا لە وێنەکانی ئەو ڕازینییە و ئەویش نەیدەتوانی بێجگە لە خۆزگەکانی خۆی بەولاوە چتێکی دیکە وێنەبکێشت. سێ ساڵ بوو ئەو هەر وێنەی خانوویەکی گەورە و پەنجەرەی گەورە و دایکێکی میهرەبان و باخچە پڕ لە گوڵەکەی دەکێشاوە. ساڵان و مانگان تەنیا قەبارە و چۆنیەتی هێڵکاری

و ڕەنگ ڕێژییەکەی دەگۆڕا. چەند جار مامۆستا داوایلێکردبوو، کە شتێ دیکە وەك شەمەندەفەر، فڕۆکە، زرێپۆش و سەرباز و ... وێنەبکێشێت. بەڵام ئەو لە وەڵامدا دیسان دەیوتەوە "ئاخر مامۆستا من تەنیا ماڵەکەی خۆمان شارەزام، هێشتاکە سواری شەمەندەفەر و فڕۆکە نەبووم، لە سەرباز و زرێپۆشیش زۆر دەترسێم. ماڵەکەی خۆمانیش ..."
مامۆستا قسەکەی پێدەبڕی " بەسە، لاژەلاژ دانیشە، جارێکی دیکە نەبینم وێنەی خانوو بکێشیت ! " . . ئەویش لە وەڵامدا دەیگوت "بۆ مامۆستا تۆ ڕکت لە ماڵی خۆتان دەبێتەوە؟ " هێندەی دیکە مامۆستا قوشقی دەبوو و شووڵە تەڕەکەی لێڕاستدەکردەوە و بەسەریدا هاواریدەکرد "بەسە بیبڕەوە، وتم دەمدرێژی مەکە دەڵێی سەگی گەڕی ! "

وردە وردە مامۆستا خەریکبوو لە ڕیزی نێوەڕاست نزیکدەبووەوە، چەند جار پەڕاوی وێنەکێشانەکەی دەرهێنا و خستییەوە ژێرمێزەکە. نەیدەزانی چی بکات، باشە، خانووە پانوپۆڕە دڵگیرەکەی ئەم هەفتەی نیشانبدات یان بڵێت لەبیرمچووە. مامۆستا دەستی چەپی لەنێو گیرفانی چاکەتەکەی نابوو و بەدەستی ڕاستی شووڵە تەڕەکەی ڕادەوەشاند:
- ئمم. باشە ، بەڵام جارێکی دیکە ئاوا نا ...
- باشە، باشە...
- ئمم. باشە،
- چڵمنی پیس، بۆ وەك خۆت دەفتەر ڕەسمەکەت پیسبووە، ها...؟
+ مامۆستا، خوشکە بچکۆلەکەم پیسیکرد.
- ئمم. ئمم، باشە....،
- تۆ جەناب، پێمنەوتی دەفتەری تازە بکڕە .. ؟
+ بەخوا مامۆستا دایکم دەڵێت بوەستە تا سەری مانگ، ئەسیرانەکەی بابت وەرگرم، ئەوسا بۆتیدەکرم.
- ئمم. باشە...
- زۆر زۆر باشە، ئافەین .. هەستە عەبدوڵلا، نیشانی ئەو چڵمنانەی بدە، با فێربن، ئافرین کوڕم، ئافەرین، باوکت چۆنە؟ "
عەبدوڵلا : بەڵێ مامۆستا، سەلامەتە.

ئازاد جەستەی بووبووە دڵێکی پڕ ترس و لەنێو گێژاوی ئەو ترسەدا، تەنیا تروسکاییەك کە

شکیدەبرد، بەڵێنەکانی بابی بوون.

ئاخ بابە گیان، هەر بۆت ڕوونەکردمەوە، کەی ئەو ڕۆژە دێت، کە بۆمنت باستدەکرد. ئاخر بابە گیان، بەتەنیا لەنێوان دڵڕەقی باوەژن و مامۆستای هونەردا وردەبم، بابە گیان، خۆزگە هەر ئێستا دونیا بگۆڕیایە بەو ڕۆژەی کە دەتوت "هەمووان خانووی کراوە و باخچە و ژووری تایبەتیان دەبێت، هەمووان وەك یەك کاردەکەن و وەك یەك لە بەرهەمی ڕەجنیان بەریاندەکەوێت. ئیدی کەس ڕکی لە کەس نابێتەوە. مرۆڤایەتی دایك و بابی هەمووانە"، کوا بابە گیان. ئێستاکە بۆ بەهانامەوە نایێت؟ بابە گیان، چۆن دڵتهات ئەو ڕازەم لێبشاریتەوە؟ نازانم، بۆ هەر دەتوت "تۆ منداڵی هێشتاکە زووە، مێشکە چکۆلەکەت قورسبکەیت". هەردەم دەتگوت "بخوێنە کاتێك کە گەورەبوویت، خۆت ئەو ڕاستیانە دەرکدەکەی." ئاخر بابە گیان، دەترسم ڕێگەی شاری خۆشبەختی نێو چیرۆکەکانت نەدۆزمەوە. کەس نییە پاش تۆ چیرۆکی هیوابەخشم بۆ بگێڕێتەوە.

دەنگی مامۆستا زنجیری بیرەوەریەکانی پسان و وەك نەمامێکی دەمرەشەبا شەکایەوە ...

- ئممم. ئازاأأأد چییە، دەفتەرەکەت لەبیرچووە؟

+ نەخێر مامۆستا.

- ونتکردووە؟

+ نەخێر مامۆستا.

- ئەی فلەبەق، بۆ لەسەر مێزەکە داتنەناوە؟

+ ئاخر ...

- ئاخر چی ؟

+ ئاخر مامۆستا، من نازانم وێنەی ئەو شتانەی تۆ داوایاندەکەیت بکێشم، هەر ناشیرین دەردەچن، خەتای من نییە. من حەزم لە فڕۆکە و سەرباز نییە، حەزم لە خانووی نێو چیرۆکەکانی بابمە، حەزم لە باوەشی دایکمە. حەزدەکەم من و ئاڤاری خوشکم ژووری خۆمان هەبێت. ئاخر...

- بەسە وڕە وڕ، جارێکی دیکە دەتکەمە دەرەوە، تافێری شتی چاك ببیت، فرەبڵێی تەمەڵ ...

ئازاد وەها هاتبووە گۆ دەتگوت، بڕیاری داوە بەستەڵەکی ترس بشکێنێت ..

+ ئاخر مامۆستا، بابم دەیگوت "گەر مرۆڤ کۆڵنەدات، هەر بەئامانجی خۆی دەگات" ...

- بابیشت درۆ دەكات !

ئاراس : مامۆستا، بابی مردووە !

- وسبە سەگی پیس و پۆخڵ، كێ لە تۆی پرسیوە، ها؟

گریان پەنگابووە قورگی ئازاد و دەنگەژێكانی ئاوازێكی خەمگینیان دەژەنی و بینی، كە قینی پەنگخواردووی هاوپۆلە ڕووتەڵەكانی جۆشی دەخوارد، وتی

+ بابم قەت باسی ئازایی خۆی نەدەكرد، بابم دەیگوت "خەمی ئێمە خەمی، كەسانی دیكەشە !"

- بیبڕەوە، ئەگینا دەتكەمە دەرەوە !

+ بابم دەیگوت "مرۆڤ بەنرخە و دەبێ ڕێزی لێبگیردرێت"...

ماموستا لەوە زیاتر نەیدەتوانی لەبەردم منالێكدا، بەرگەی لاوازی خۆی بگرێ و بەرامبەر منالێكی دووازدە سالان دۆشدامانی خۆی نیشانبدات، لە پشتەوەڕا میلوانی كراسە كۆنەكەی ئازادی گرت و یەخەی كراسەكەی بوو بەجڵی دەمقەپاڵی سەگ، بە شووڵ و پاڵپێوەنان ئازادی خستە ئەو دیو دەرگەی پۆلەكەوە ..

ئازاد بەدەم خۆپساندنەوە بەردەوام دەیوتەوە :

+ خانووەكەم هێندەی دونیا گەورەدەكەم، تا هەمووان ژووری خۆیان هەبێت، ژوورێكش بۆ ئاراسی هاوەڵم. بۆ هەمووتان .. بۆ هەمووتان ...

كاتێ مامۆستا ئاوڕی لەدوای خۆی دایەوە، هاوپۆلییەكانی ئازاد بێجگە لە كوڕە خرپنەكەی حاجی برایمی ... گشت بەچاوی پڕ ئەشكەوە بەرەو دەرگەكە بە شوێن ئازاد كەوتبوونەڕێ.. مامۆستا خۆی بۆ نەگیرا و تا هێزی تێدابوو بەسەریاندا قیڕاندی ..

- بۆ كوێ، هەی بێدایك و بابینە. وەرن دانیشن، ئەگینا بابتان بانگدەكەمە ئێرە، وەك سەگ دەتانتۆپێنم!

بەڵام كەسیان گوێیاننەدایە هەڕەشەكانی مامۆستا و بەدوای ئەو (ئازاد)دا چوونەدەرێ، قاقای پێكەنینیان لە ڕاڕەوە داخراوەكەدا دەنگیدەدایەوە "با بۆخۆی وێنەی عەوڵلا حۆڵی حاجی برایم بكێشێ، بەبێ ئازاد ئێمە نایێنەوە نێوپۆل و ئامادەی وانەی تۆ نابین ... ئازاد .. ئازاد ... ئازادی"..

دێسەمبەری ٢٠٠٠

## Xermaney Xozge

Tund tund destekanî leser singî lêkgirêdabûn, xozgekanî wek xewnî kew be azadbûnewe le hewllî frînda bûn, dllî zernequteasa frrefrrî bû. Be naaramîyewe xoy beperasuwe reqellekanîda deda û bexêrayî taqutraqî pajney kewşekanî mamosta lêy lêydeda. Axir lêwawlêwbû le pejarey bêdaykî û tirsî darkarîyekanî mamostay waney huner. Xozgey be Şwênêk dexwast, ke lêdan û sûkayetî lênebuwaye. Le tirsana çawekanî bequllaçûbûn û nîgakanî wek bizmar le Dergey poleke çeqîbûn. Lenêwan xewn û ketwarda dîlanêy dekrid, mamosta mîhrebaneke ke Babî boy bas kirdbû letek mamostay waney huner, ke zyatir bejn û Ballay le şulleterekey destî deçû, berawirddekrid. Car car letek hênanewepêşçawî lêdanî bawejne frezanekey û mamostay hunerda, muçrikêk beleşîda dehat û şane rûtellekanî kûrr kûrr leyeknizîkdekirdnewe û henaseyekî sardî helldekêşa. Letek derkewtinî lutî qonere reşekanî mamosta hêndey dîke çawekanî le tirsana zaqkirdnewe.
Çawdêr: hestin ..

Wek hellifrrînî polekotrêk bedem teqînewey Gulletopêkewe,
her Kese û le Şwênî xoy wek kêlî gorr qutbuwewe, poleke sîmay gorristane konekanî webîrdênawe. Ceste bêgyanekan leberdemî bejn û Ballay şullasay mamosada, wek bûkeşûşey Mnallane dehatneberçaw. Çawerrêy ew Mnalle çeqawesuwe bûn dayannîşênêtewe ...
Mamosta : danîşn!

Çirke çirke tris fretir û fretir debuwe motekewî serdllî azad, axir deyzanî mamosta le Wênekanî ew razînîye û ewîş neydetwanî bêcge le xozgekanî xoy bewlawe çtêkî dîke Wênebkêşt. Sê Sall bû ew her Wêney xanûyekî gewre û Pencerey gewre û Daykêkî mîhreban û baxçe pirr le Gullekey dekêşawe. Sallan û Mangan tenya qebare û çonyetî hêllkarî û reng rêjîyekey degorra. Çend car mamosta dawaylêkirdbû, ke ştê dîke wek şemendefer, frroke, zrêpoş û Serbaz û ...

Wênebkêşêt. Bellam ew le wellamda dîsan deyutewe "axir mamosta min tenya Mallekey xoman şarezam, hêştake swarî şemendefer û frroke nebûm, le Serbaz û zrêpoşîş zor detrisêm. Mallekey xomanîş"...

Mamosta qsekey pêdebrrî " bese, lajelaj danîşe, carêkî dîke nebînim Wêney xanû bkêşît ! " . . Ewîş le wellamda deygut "bo mamosta to rikt le mallî xotan debêtewe? " Hêndey dîke mamosta quşqî debû û şûlle terrekey lêrrastdekirdewe û beserîda hawarîdekrid "bese bîbrrewe, wtim demdirêjî meke dellêy segî gerrî " !

Wirde wirde mamosta xerîkbû lerrîzî nêwerrast nzîkdebuwewe, çend car perrawî Wênekêşanekey derhêna û xistîyewe jêrmêzeke. Neydezanî çî bkat, başe, xanuwe panuporre dillgîrekey em heftey nîşanbdat yan bllêt lebîrmiçuwe. Mamosta destî çepî lenêw Gîrfanî çaketekey nabû û bedestî rastî şûlle terrekey radeweşand :

-mim. Başe , bellam carêkî dîke awa na ...

-başe, başe...

-mim. Başe ,

-çllimnî pîs, bo wek xot defter resmeket pîsbuwe, ha?...

+mamosta, xuşke biçkolekem pîsîkrid .

-Mim. Mim, başe ,....

-to cenab, pêmnewtî defterî taze bikrre? ..

+Bexwa mamosta Daykim dellêt bweste ta serî Mang, esîranekey babt wergrim, ewsa botîdekrim.

-mim. Başe...

-zor zor başe, afeyn .. Heste 'Ebdulla, nîşanî ew çllimnaney bde, ba fêrbin, afrîn kurrm, aferîn, bawkit çone" ?

'Ebdulla : bellê mamosta, selamete .

Azad cestey bûbuwe dllêkî pirr tris û lenêw gêjawî ew tirseda, tenya truskayyek ke şkîdebrid, bellênekanî Babî bûn .

Ax babe Gyan, her bot rûnnekirdmewe, key ew Roje dêt, ke bomnit bastdekrid. Axir babe Gyan, betenya lenêwan dillrreqî bawejn û mamostay hunerda wirddebim, babe Gyan, xozge her êsta dunya bgorryaye bew Rojey ke detut "hemuwan xanûy krawe û baxçe û jûrî taybetyan debêt, hemuwan wek yek kardeken û wek yek le berhemî recinyan beryandekewêt. Îdî Kes rkî le Kes nabêtewe. Mrovayetî Dayk û Babî hemuwane", kwa babe Gyan. ÊsTake bo behanamewe nayêt? Babe Gyan, çon dillthat ew razem lêbşarîtewe? Nazanim, bo her detut "to Mindallî hêştake zuwe, mêşke çkoleket qurisbkeyt". Herdem detgut "bixwêne katêk ke gewrebûyt, xot ew rastyane derkdekey." axir babe Gyan, detrism rêgey şarî xoşbextî nêw Çîrokekant nedozmewe. Kes nîye paş to Çîrokî hîwabexşim bo bgêrrêtewe.

Dengî mamosta zincîrî bîrewerîyekanî psan û wek nemamêkî demrreşeba şekayewe ...

-Mmim. Azarrrrird çîye, deftereket lebîrçuwe?

+nexêr mamosta .

-Wintkirduwe ?

+Nexêr mamosta .

-Ey flebeq, bo leser mêzeke datnenawe ?

+Axir...

-axir çî ?

+Axir mamosta, min nazanim Wêney ew ştaney to dawayandekeyt bkêşm, her naşîrîn derdeçin, xetay min nîye. Min hezm le frroke û Serbaz nîye, hezm le xanûy nêw Çîrokekanî babme, hezm le Baweşî Daykme. Hezdekem min û avarî xuşkim jûrî xoman hebêt. Axir ...

-bese wrre wirr, carêkî dîke detkeme derewe, tafêrî ştî çak bbît, frebllêy temell ...

Azad weha hatbuwe go detgut, birryarî dawe bestellekî tris bişkênêt..

+ axir mamosta, babim deygut "ger Mrov kollnedat, her beamancî xoy degat ... "

-Babîşt dro dekat !

Aras : mamosta, Babî mirduwe !

-Wisbe segî pîs û poxill, kê le toy pirsîwe, ha ?
Giryan pengabuwe qurgî azad û dengejêkanî awazêkî Xemgînyan dejenî û bînî, ke qînî pengixwardûy Hawpole rûtellekanî coşî dexward, wtî
+babim qet basî azayî xoy nedekrid, babim deygut "Xemî ême Xemî, Kesanî dîkeşe"!
-bîbrrewe, egîna detkeme derewe !
+Babim deygut "Mrov benirxe û debê rêzî lêbgîrdirêt ..."

Mamusta lewe zyatir neydetwanî leberdim Mnallêkda, bergey lawazî xoy bigrê û beramber Mnallêkî duwazde Sallan doşdamanî xoy nîşanbdat, le piştewerra mîlwanî krase konekey Azadî girt û yexey krasekey bû becllî demqepallî seg, be şûll û pallpêwenan Azadî xiste ew dîw Dergey polekewe ..

Azad bedem xopsandnewe berdewam deyutewe :
+ xanuwekem hêndey dunya gewredekem, ta hemuwan jûrî xoyan hebêt, jûrêkiş bo arasî Hawellm. Bo hemûtan .. Bo hemûtan ...

Katê mamosta awrrî ledway xoy dayewe, Hawpolîyekanî azad bêcge le kurre xirpnekey hacî braymî ... gişt beçawî pirr eşkewe berew Dergeke be Şwên azad kewtibûnerrê.. Mamosta xoy bo negîra û ta hêzî têdabû beseryanda qîrrandî..
-bo kwê, hey bêdayk û Babîne. Wern danîşn, egîna babtan bangdekeme êre, wek seg detantopênim !

Bellam Kesyan gwêyannedaye herreşekanî mamosta û bedway ew (azad)da çûnederê, qaqay pêkenînyan le rarrewe daxrawekeda dengîdedayewe "ba boxoy Wêney 'ewllilla hollî hacî braym bkêşê, bebê azad ême nayênewe nêwpol û amadey waney to nabîn ... Azad .. Azad ... Azadî.."

Dêsemberî 2000

# دوولای شار

هەبوو نەبوو، شارێك هەبوو. شارێکی کۆن، شاری هەزار داستان. داپیرە هێندە باسی شەڕ و هێرشی بۆ کردبووم، زۆرجار خۆم بە جەنگاوەرێکی بریندار، هێندێك جاریش بەگیراوێکی شەڕەکان دەهاتە پێشچاو.

کاتێك کە لە فێرگە شیر و پەنیرمان وەردەگرت، دەمخستە باخەڵە نەدڕاوەکەی لای چەپم، بۆ خوشکە گچکەکەم هەڵمدەگرت. زۆرجار خۆم کە برسیمدەبوو، حەزملێبوو بیخۆم، بەڵام چیرۆکەکەی داپیرەم دەهاتەوە یاد، کە هەموو جارێ دەیوت "ڕۆڵە گیان، ئێمە جوتیاربووین، کاتێك کە لەشکری عوسمانی هاتە سەرمان. سەرۆکی لەشکرەکە دەبووە مێوانی هەباس ئاغا و حەسحەسەکانیش خۆیان دەکوتایە ماڵی ئێمەومانا. نیوەڕۆیەك سێ حەسحەس خۆیان بەژووردا کرد و لەسەر سفرەی دانیشتن، هێندەی چاوتروکانێ گسکیان لە خواردنەکەدا. ئەوسا مامە شێرزاد و پلە خاتونت بەقوربانیانبم، تازە باڵایان وەك لاولاو هەڵدەچوو، لە دەشت گەڕابوونەوە و برسیانبوو، بە هەناسەبرکێوە پرسیان "دایە چمان هەیە بیخۆین، پەنیر یان کولێرەبەڕۆن؟ " وەڵامەکە هێندە سەختبوو، لە قوڕگمدا گیرا و ئاورێکم لە سفرە پاکماڵڕاوەکەی بەردەم حەسحەسەکان دایەوە. ئاوا بوو، گیانی داپیرە. گوێ لە داپیرە ڕادێرە، هەموو ڕۆژێ لە فێرگە نانەکە بەشیرەوە بخۆ، تاکو برسیت نەبێ و پەنیرەکەش بێنەرەوە لەتەك ئاوازی خوشکت بیخۆن."

ئای داپیرە یادت پڕخۆشیبێت، زۆر بیرتدەکەم، زۆر جار کە برسیم دەبوو و پرسیاری زۆرم لێدەکردی، دەتزانی چەند برسیمە، تۆش پەیتا پەیتا چیرۆکێکت بۆ دەگێڕامەوە، تاکو لەتەنیشت زۆپاکەدا خەوبمباتەوە. خۆزگە زیندووبووایت، تاوەکو ئێستا دەردیدڵم بۆ تۆ بکردایە، چۆن ناسۆریی شانازی کچم بە سەرنجە تیژو پرسیارە بزێوەکانی ناخم دەکاتە کورەی ئاگر. ئەو ڕۆژە خۆمم بیرکەوتەوە، کاتێك من و خەجێ لە دەشت دەگەڕاینەوە، کوڕەکەی هەباس ئاغا بە ترومبیلی لە شار دەگەڕاوە و ڕەنجبەرەکەیان هاواریکرد "سەلما خاتوون، دوکتۆر عەلی هاتەوە".

دوکتۆر عەلی چی، هێشتا پۆلەکانی خوێندنی ناوەندیشی تەواونەکردبوو، ئای لە نەبوونی. ئەو شەوە سەیری تێلەفزیۆنمان دەکرد، ژنی مامەی چوو بووە سەردانی قوتابخانەی شۆڕش. شاناز

هەر کە چاوی بەمێزی ناو پۆلەکان کەوت، دەستبەجێ پرسی
+ بابە بۆ قوتابخانەکەی ئێمە وەك ئەوەی ئەوان مێزی تێدانییە؟
- گیانی بابە، ئەوان لە گەڕەکی شۆڕشن!
+ بۆچی شۆڕش هەر هەولێر نییە؟
- با هەر هەولێرە، بەڵام هەولێری داراکان ..

کەمێك ڕاما و چاوی بڕییەوە تێلەفزیۆنەکە. لەتەك دیتنی جانتای قوتابییەکان، پرسیارێکی توڕە وەك بۆمبا لە قوڕگیدا تەقییەوە...
+ بابە .. بابە، ئەی بۆچی ئێمە وەك ئەوان جانتامان نییە، من حەزم لە گونیە نییە بیکەمەشان، ئاخر شانم دادەبڕێ !

وەڵامەکە هێندە ئازاراوی بوو، دەتگوت تۆپەڵەدڕکە و لە قوڕگمدا گیراوە. خۆمم پێڕانەگیرا و لەتەك دڵۆپە فرمێسکەکانمدا وشەکان پچڕ پچڕ دەرپەڕین .. ئاخر کیژم، ئێمە نانمان نییە بیخۆین، چۆن جانتای وەها گرانمان پێدەکردرێت ...
+ ئەی بابە، خۆ تۆش کار دەکەی، بۆ پارەت نییە، بۆ ئەوان پارەیان هەیە؟
- گیانی بابە، لەبەرئەوەی کە ئەوان کار ناکەن.

بە سەرسووڕمانەوە پرسی : چۆن شتی وا دەبێت ؟
- گیانەکەم، کە گەورەبووی خۆت لەو ناکۆکییە تێدەگەی ...
+ تو سەری دایکم، ئێستاکە پێمبڵێ !
- ئاخر بابەگیان، تۆ دەبێت وانەکانت بخوێنیت، هەستە درەنگە، با بەیانی زوو بتوانیت لەخەوڕابیت .

بە پێکەنینێکی پڕ توانجەوە وتی: دەزانم، هەموو جارێ ئاوها خۆت ...
لە وەڵامدانەوەم دەدزیتەوە، با پشووی نیوەی ساڵ بێت، ئەوسا گەر پێمنەڵێیت بۆ و چۆن شتی ئاوها دەبێت، هێندە دەگریم، تاوەکو چاوەکانم سوور هەڵگەڕێن.
- جا بۆچی چاوی خۆت دەخەیتە ئازار .

کەمێك ڕاما و وەڵامی دامەوە : نا .. نا .. ئاوا ناکەم، ناخەوم، تاوەکو بۆم ڕوونەکەیتەوە.
ئەو شەوە لەتاو کۆڵی خەم و پەژارەی نێو وشەکانی، تاکو بەیانی تلامەوە. پرسیار و سەرنجەکانی خەمێکی دیکەیان خستەسەر خەمی ڕۆژانەم. بەراوردی مێژ و جانتای مناڵە دەوڵەمەندان و دۆشەکڵەی ژێر و گونیەی شانی مناڵانی ئێمەومانا وڕوکاسیکردم. بۆ ڕۆژی دوایی لەسەرکار، پەیتا پەیتا هاوکارەکانم لێیاندەپرسیم
+ چیتە فڵانەکەس بۆ وا وڕوکاسی، خەیرە؟
منیش لەوە زیاتر خۆمم پێڕانەدەگیرا و بەڕوویاندا تەقیمەوە، خەیری چی و تەڕەماشی چی، خەمی ژیان زیاتر، چیدیکە هەیە؟

خێرا خێرا عەبدوڵڵای سەرکارگەریش دەینەڕاند : ئەوە چتانە، ئاوا قسەوباستان گەرمکردووە، خۆ لە چایخانەی مچکۆ دانەنیشتوون، خێراکە ئاسۆ، کاتی چیرۆکگێڕانەوە نییە !

لەتەك هەر مامرسەربڕینێکدا مەرگی خۆزگە و بزەی سەر لێوی شاناز و ڕێبازم دەهاتە پێشچاو. کوشتارگە و ئامێرەکانم لێبووبوونە پۆل و مێزەکان، عەبدوڵڵای چاودێرم لێبووبووە مامۆستا پۆلیسئاساکان و مامرەکانیشم لێبووبوونە فێرکاران. ئدی هەر ئەوەندەمزانی، سەرە پەنجەکانم تێکەڵ بەسەرە مامرەکان بوون. بردمیان و دووریانخستمەوە. بەرچاوم لێڵبوو، وێنەی مامرەکان لەبەرچاوم ونبوو.

کاتێك کە گەڕامەوە ماڵ، نەمدەزانی چ بکەم، دەستی ڕاستم خستە پشتمەوە و لە دەرگەم دا، وەك هەموو ڕۆژێ، شاناز و ڕێباز لەپشت دایکیانەوە قوتبوونەوە. ڕێباز بە مینگە مینگێگ پرسی
+ بابە بیسکویتت بۆ هێناوم؟
شاناز قسکەی لێوەرگرت و وتی
:دەزانم جانتات بۆ کڕیووم، کەس باوکی وەکو باوکی منی نییە ..
وەك کەڕ و لاڵ دۆشدامام و نەمدەزانی چۆن هەواڵی نانبڕاوییان بدەمێ. ڕێباز توند دەستی ڕاکێشام و لە شوێنی خۆی وشکبوو، ئێستاکەش هێشتا هاواری شاناز لە گوێمدا دەزرینگێتەوە
"نا. بابە ناااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااا.

## Dûlay Şar

Hebû nebû, şarêk hebû. Şarêkî kon, şarî hezar dastan. Dapîre hênde basî şerr û Hêrşî bo kirdbûm, zorcar xom be Cengawerêkî brîndar, hêndêk carîş begîrawêkî şerrekan dehate pêşçaw.

Katêk kele Fêrge şîr û penîrman werdegrit, demxiste baxelle nedrrawekey lay çepim, bo xuşke giçkekem hellimdegrit. Zorcar xom ke birsîmdebû, hezmilêbû bîxom, bellam Çîrokekey dapîrem dehatewe yad, ke hemû carê deyut "Rolle Gyan, ême cutyarbûyn, katêk ke leşkirî 'usmanî hate Serman. Serokî leşkreke debuwe mêwanî hebas axa û heshesekanîş xoyan dekutaye Mallî êmewmana. Nîwerroyek sê heshes xoyan bejûrda kird û leser Sifrey danîştin, hêndey çawtrukanê giskyan le Xwardnekeda. Ewsa mame şêrzad û ple xatunt bequrbanyanbim, taze Ballayan wek lawlaw helldeçû, le deşt gerrabûnewe û birsîyanbû, be henasebrikêwe pirsyan "daye çman heye bîxoyn, penîr yan kulêreberron? " Wellameke hênde sextibû, le qurrgimda gîra û awrrêkim le Sifre pakmallrrawekey berdem heshesekan dayewe. Awa bû, Gyanî dapîre. Gwê le dapîre radêre, hemû Rojê le Fêrge Naneke beşîrewe bxo, Taku birsît nebê û penîrekeş bênerewe letek awazî xuşkit bîxon."

Ay dapîre yadt pirrxoşîbêt, zor bîrtdekem, zor car ke birsîm debû û pirsyarî zorm lêdekridî, detzanî çend birsîme, toş peyta peyta Çîrokêkt bo degêrramewe, Taku letenîşt zopakeda xewbimbatewe. Xozge zîndûbuwayt, taweku êsta derdîdllim bo to bkirdaye, çon nasorîy şanazî Kçim be serince tîju pirsyare bzêwekanî naxim dekate kurey agir. Ew Roje xomim bîrkewtewe, katêk min û xecê ledeşt degerraynewe, kurrekey hebas axa be trumbîlî leşar degerrawe û rencberekeyan hawarîkrid "selma xatûn, duktor 'elî hatewe".

Duktor 'elî çî, hêşta polekanî xwêndinî nawendîşî tewawnekirdbû, ay le nebûnî. Ew

Şewe seyrî têlefzyonman dekrid, jnî mamey çû buwe serdanî qutabxaney şorrş. Şanaz her ke çawî bemêzî naw polekan kewt, destbecê pirsî ...

+ babe bo qutabxanekey ême wek ewey ewan mêzî têdanîye?

- Gyanî babe, ewan le gerrekî şorrşin!

+ Boçî şorrş her hewlêr nîye?

- ba her hewlêre, bellam hewlêrî darakan ..

Kemêk rama û çawî brrîyewe têlefzyoneke. Letek dîtnî cantay qutabîyekan, pirsyarêkî turre wek bomba le qurrgîda teqîyewe ..

+ babe .. Babe, ey boçî ême wek ewan cantaman nîye, min hezm le gunye nîye bîkemeşan, axir şanim dadebrrê !

Wellameke hênde azarawî bû, detgut topelledirrke û le qurrgimda gîrawe. Xomim pêrranegîra û letek dllope firmêskekanimda wşekan pçir pçir derperrîn .. Axir kîjm, ême Nanman nîye bîxoyn, çon cantay weha granman pêdekirdrêt...

+ Ey babe, xo toş kar dekey, bo paret nîye, bo ewan pareyan heye?

- Gyanî babe, leber ewey ke ewan kar naken.

Be sersûrrmanewe pirsî : çon ştî wa debêt ?

- Gyanekem, ke gewrebûy xot lew nakokîye têdegey ...

+ Tu serî Daykim, êsTake pêmbllê !

- axir babegyan, to debêt wanekant bixwênît, heste drenge, ba beyanî zû bitwanît lexewrrabît.

Be pêkenînêkî pirr twancewe wtî: dezanim, hemû carê awha xot le wellamdanewem dedzîtewe, ba pşûy nîwey Sall bêt, ewsa ger pêmnellêyt bo û çon ştî awha debêt, hênde degrîm, taweku çawekanim sûr hellgerrên.

- ca boçî çawî xot dexeyte azar.

Kemêk rama û wellamî damewe : na .. Na .. Awa nakem, naxewm, taweku bom

rûnnekeytewe.
Ew Şewe letaw kollî Xem û pejarey nêw wşekanî, Taku beyanî tlamewe. Pirsyar û serincekanî Xemêkî dîkeyan xisteser Xemî Rojanem. Berawridî mêz û cantay Mnalle dewllemendan û doşeklley jêr û gunyey şanî Mnallanî êmewmana wrrukasîkirdim. Bo Rojî dwayî leserkar, peyta peyta hawkarekanim lêyandeprisîm ..
+ çîte fllaneKes bo wa wrrukasî, xeyre?

Mnîş lewe zyatir xomim pêrranedegîra û berrûyanda teqîmewe, xeyrî çî û terremaşî çî, Xemî jyan zyatir, çîdîke heye?
Xêra xêra 'Ebdullay serkargerîş deynerrand : ewe çtane, awa qsewbastan gerimkirduwe, xo le çayxaney miçko danenîştûn, xêrake aso, katî Çîrokgêrranewe nîye!

Letek her mamirserbrrînêkda Mergî xozge û bzey ser lêwî şanaz û rêbazm dehate pêşçaw. Kuştarge û amêrekanim lêbûbûne pol û mêzekan, 'Ebdullay çawdêrm lêbûbuwe mamosta polîsasakan û mamrekanîşm lêbûbûne fêrkaran. Dî her ewendemzanî, sere pencekanim têkell besere mamrekan bûn. Birdimyan û dûryanxistmewe. Berçawm lêllbû, Wêney mamrekan leberçawm winbû.
Katêk ke gerramewe Mall, nemdezanî çi bkem, destî rastim xiste piştmewe û le Dergem da, wek hemû Rojê, şanaz û rêbaz lepşit Daykyanewe qutbûnewe. Rêbaz be mînge mîngêg pirsî
+ babe bîskuytt bo hênawm?
Şanaz qiskey lêwergirt û wtî
-: dezanim cantat bo krrîwum, Kes bawkî weku bawkî mnî nîye ..
Wek kerr û lall doşdamam û nemdezanî çon hewallî Nanbirrawîyan bdemê. Rêbaz tund destî rakêşam û le Şwênî xoy wişkbû, êstakeş hêşta hawarî şanaz le gwêmda dezrîngêtewe
"na. Babe naaaaaaaaaaaaaaaaaaaaaaaaaaaaaaaaaaaaaa

# جاڕی گەردوون

چەند خولەکێك لێپرسینەوە بوو بەچەند مانگ، ئیدی کەسێك نەبوو دڵنیانەبووبێت و بۆی ڕۆشننەبووبێتەوە، گیرانەکەی پەیوەندی بەدامەزراندنەوەی دەزگەی ئاسایشەوە هەیە، کە لە سەردەمی ڕاپەڕیندا لەلایەن جەماوەری تێکشکێندرابوو، ڕۆژی فیدراڵی لە کوردستان، ڕۆژی مانۆری هێز بوو بۆ ترساندنی جەماوەر لەوەی کە هەر هەنگاوێك دژی شەڕ، بەگرتن و ئەشکەنجە وەڵامدەدرێتەوە. چەکدارە شڕەخۆرەکانی ئەفواج خەفیفە، کە جەماوەر ملکەچی کەتواری کردبوون ... ئەوڕۆکە ئاسایش پارێزبوون ! ڕەشبگیری ڕۆژی جاردانی فیدراڵی، خەڵکی لەو خەوە داچڵەکاند، کە لە سایەی کوڕانی گەل و نیشتمان چاوەڕێی هەڵهاتنیخۆر بوون. ڕاڕەوی نێوان ژوورەکان وەك ڕۆژەکانی دەساڵ لەوەوبەر ژوور بە ژوور زیندانییەکان بۆ سەرژمێرکردن، ڕێزکرانەوە. پاسەوانەکان لوولەی چەکەکانیان ئاراستەی نیگای پڕ پرس و چاوەڕوانی زیندانییەکان ڕاگرتبوو، زیندانەوان (عەبدولخالق) دەتووت یارییە چەقاوەسوویەکانی سەردەمی مناڵی خۆی وەبیرهاتووەتەوە، خێرا خێرا دەستی بۆ زیندانییەکان ڕادەکێشا دەستی ئاراستەی دواکەس دەکا ...

- تۆ .. ٣٣

زیندانی ژمارە ٣٣ : ئالان محەمەد عەلی

عەبدولخالق : چیی؟ جارێکی دیکە

ئالان : ئالان محەمەد عەلی.

عەبدولخالق : نەخێر، تۆ یەکەم جار ناوێکی دیکەت گووت.

ئالان : نەخێر، هەر ئاوهام وت.

عەبدولخالق : ئمم، با ئاوهابێت. خێرا بڕۆنەوە ژوورەوە، خۆتان کۆبکەنەوە. لە بیرتان نەچێت، نێو ژوورەکەش خاوێنبکەنەوە، ئەگینا ...

لەتەك ژیانەوەی هیوایەك، هێز وەبەر ئەژنۆ و بزە بۆ سەر لێو دەگەڕایەوە. بەخێرایی پرسیارە بێئەژمارەکان، هەنگاوەکان پێشبرکێیاندەکرد. هەر کەسە و لەناخی خۆیدا، خۆزگەیەکی دەخواست و بەرنامەی بۆ شتێك دادەڕشت، کە لەتەك یەکەم چرکەی دەرچوون و ئازادبوون، چیبکات. لە خۆشیاندا، بەپەلە نێو ژوورەکەیان ئەم دیو ئەو دیو کرد، دەتوت چاوەڕوانی میوانێك دەکەن ، یان لەسەر سەفەرن هەریەکە شتێکی دەگووت:

- من نەمگوت هیچ نییە، بەردەبین ...

- بابە گیان خۆ پیاوماننەکوشتووە، هەر دەبێ ئازادبین ...

- کاکە ئەمانەش هەقی خۆیانە لەخەڵك بپرسنەوە، چاك و خراپ هەیە ...

- ئەدی کو کاکە، هەر پیاو تووشی دەردیسەری دەبیتن ...

ئەم قسانە هێندەی دیکە خۆزگە و هیواکانی سامان و ئارام و 'ئالان'یان وەبەر پێلەقاندەدا ...

ئالان : ئەوە چیتانە ئاوا کەوتوونەتە ماستاوساردکردنەوە، مەگەر قسەکانی خۆتان لەبیرچوونەوە، کە دوێنێ شەو چۆن کەستان بەم بارە ڕازینەبوون، بۆ پێتانوایە ئازاددەبن؟ نا بەهەڵەداچوون، گەر ئازادبوونایە، سەرەتا بانگدەکران و لێپرسینەوە دەکرا و پاشان بەڵێنیان لێوەردەگرتن، کە جارێکی دیکە کاری دژی یاسا نەکەن و گوێڕایەڵبن، هەروا بەئاسانی میوانداریيەکە تەواو نابێت !

کوڕە ئاغا : خوادەکات بەرەڵامدەکەن، من مەمنوون و تا ماوم لە قسەیان دەرناچم.

سامان : بۆ پێتوایە ئێستاکە خەریکی چیت، ئێستاش هەر بەکرێگیراوی ئەوانیی، تۆ زیندانی نیت، هەر کات وەرسبی دەتوانیت بڕۆیت !

کوڕە ئاغا : دەمتبگرە، ئەگینا ئێستا عەبدولخالقی زیندانەوان بانگدەکەم.

ئالان : جا بۆ بانگی ناکەی، لەوە زیاتر چیدەکەن، کە کردوویانە، خۆ زیندانێکی دیکە لەنێو ئەم زیندانەدا دروستناکەن؟! ئێمە بەئاشکرا دەڵێین، کە خۆیان و سەرکردەکانیان خوێنخۆر و خوێنڕێژی خەڵکن، خەڵك ڕاپەری و دەزگەکانی ئاسایش و پۆلیس و سەربازگەکانیان تێکشکاندن، ئەوان لەو دیو سنوورەکانەوە هاتنەوە و دەزگەکانی سەرکوتیان تازەکردنەوە. لەبیرتانچوو، کە لە ڕاپەڕینی دووەمدا چۆن هەر ئەم جەنابانە لەتەك ئەمنەکاندا لەبەردەم پارێزگە دەستیان بەسەر جەستەی لەخوێنگەوزاوی چەند کەسدا گرت، کە بەدەستی بەعسییەکان کوژرابوون. لێژنەی هاریکاری بەرەی کوردستانی و بەعس، دەستی بەسەر جەستەی 'ئاراس مەولود'دا گرتبوو؟

سمایل : بابەگیان وازبێنن، کەی کاتی ئەوەیە، بابزانین چیمانبەسەردێت، ئەوسا شەڕبکەن.

تەقوهوڕی کرانەوەی دەرگە، وشەکانی لە زاردا پچڕاند، عەزیزی پاسەوان و چەند چەکدار : هەستن، بەڕیز دەستی یەکدی بگرن و بەهێواشی بەدوامدا وەرن !

لوولەی چەکەکان بەڕووی پرسیارە سەربزیوەکاندا هەڵشاخانەوە، هەنگاوە لاوازەکان بەدوای چاویلکەی خوزگەکانەوە دەکشان و لە ساڵۆنەکەی ئەوبەر بەربەستکرانەوە. بۆنی بۆیاخی

ژوورەکان، مشتەکۆڵەی لە دەمی حەزەکان دەدا. شوێنەواری نووسین و یاداوەری زیندانیانی سەردەمی بەعس هێشتاکە مابوون. لە چاوی واقووڕماو و دڵە خەمگرتووەکانەوە پرسیاری پەرێشان و نائارام، خۆیان بە تەلبەندی پەنجەرە ژەنگنیەکەدا دەدا و پەلوپۆشکاو، لەتاو ناڵە و هاواری ئەشکەنجەدراواندا دەبوورانەوە. گومان ئەژنۆی خۆزگەکانی شکاندبوو :

- لەوانەیە لێرە چاوەڕێی لێکۆڵینەوە بکەین ...

- لەوانەیە بۆ هەمیشە لێرەبین ...

- لەوانەیە چاوەڕێی دەستووری ئازادبوونمان بکەن ....

- لەوانەیە تاوانبار و بێتاوان لەیەکدی جیابکەنەوە ...

ئارام : بەڵام من پێموایە بەشی دووەم میوانداریيەکە، لێرە دەستپێدەکات.

سامان : بزانە چ فێڵ و تەلەکەیەك لەژێر سەریاندایە !

ئالان : لەوانەیە زیندانیانی دیکەیان هێنابن و ئێمە کۆنەکان لەبەر بەرتەریبوون ڕێزیان بۆ دانابین و وەك کۆنە ... .

جیرەی دەرگەکە زنجیرەی خەیاڵەکان دەپسێنێ و خەو لەچاوی حەزە برینداەرەکان دەزڕێنێ. درەوشانەوەی تیشکی گڵۆپەکە لەسەر پرچی زەرد و لێوی سووری دوو خاتوونی جوان و شیکپۆش، وەڵام بە بۆچییەتی و گومانە ناخئاژنەکان دەداتەوە. گۆنای ئاڵ و باسکی سپیوسۆڵیان، سوێیان وەبەر ڕەبەنی دێنایەوە. بە نەرمە جووڵەیەك وشەی هەلەو لەسەر زاریان سەمای دەکرد ... پێکەنین و بەزەیی، ئاوێزانی یەکدی بووبوون، بڵێسەی نیگا بەربەست-کراوەکان ئاوێزانی باسك و گەردنیان دەبوو ... دەنگی پیاوە هاوکارەکەیان، هەنگاوی خەیاڵە سەرشێتەکانی سڵماندەوە ...

- من وەرگێڕم، لەتەك ئەم دوو خاتوونە هاتووم، تاکو چاوپێکەوتنتان لەتەکدا بکەین، ئەم دوو خاتوونە ڕۆژنامەگەرن، ئەگەر ئامادەبن، ئەوا چاوپێکەوتنتان لەتەکدا دەکەین.

لەتەك دانیشتنیان لە نێوەڕاستی ژوورەکەدا، زیندانییەکان لەدەوریان خربوونەوە، دوو پاسەوانیش لە دەرگەی ژوورەکەدا چەقیبوون و چاویان لە زیندانەکان زەقدەکردەوە. لەسەر زاری هەریەکێك، خەروارێك سکاڵا نۆرەیان بۆ چرین گرتبوو، بەچرنووك کاتیان ڕادەگرت، تاوەکو نۆرەیان بێت. وشەکان لەزاردا وەك باڵدارێك لە قەفەز هەڵدەهاتن و لەسەر پەڕاوی خاتوونەکان دەنیشتنەوە ... جارجارە حەزە کۆتکراوەکانی ڕەبەنی نیگا جادوویی-یەکانیان

ڕادەمووسی و بەدزی لوولەی چەکەکانەوە تێکەڵ دەبوون، هەندێك جار هەستەکان یەگتریان دەدواند و پەیامە نهێنییەکانیان بەیەکدی دەگەیاند. وشە یاساخەکان پاسەوانەکانی هەراساندەکرد و پیشیاندەخواردەوە...

وەرگێر : خاڵە ناوتان چییە و خەڵکی کوێن؟

زیندانی : من ناوم مەولوودە و خەڵکی ئەم شارەم ( هەولێر )، زیاتر

لە (٢٠) ساڵە کرێکاری کارگەی جگەرەم .

وەرگێر : تەمەنت چەند دەبێت؟

مام مەولوود : ٥٧ ساڵ .

وەرگێر : لەسەر چی گیراوی ؟

مام مەولوود : نازانم .

پاسەوان : درۆ دەکات، چۆن نازانێت !

وەرگێر : لەکوێ گیرایت؟

مام مەولوود : لە ماڵەوە خەوتبووم .

وەرگێر : لێکۆڵینەوەت لەتەکدا کراوە ؟

مام مەولوود : نەخێر .

وەرگێر : سەر بە چ پارتێکی ؟

مام مەولوود : هیچ پارتێك.

وەرگێر : پێشتریش هەروا ؟

مام مەولوود : بەڵێ، سەر بە هیچ پارتێك نەبووم، بەڵام هەمیشە دژی بەعس بووم.

وەرگێر : زۆر باشە مامە، سوپاس.

مام مەولود : ئاخر کاکە تاکەی ئەمە لێرۆکانە بین، بۆ ناهێڵن، ژن و مندارمان بێنە کنمان ؟

وەرگێڕ : خاڵە، ئێمە هیچمان پێناکرێ، من وەرگێڕم و ئەوانیش

ڕۆژنامەگەرن.

وەرگێڕ: ئەی تۆ خاڵە گیان، ناوتان چیبوو ؟

زیندانی : خدر حەمەد ئەمین .

وەرگێر : بۆ گیراوی ؟

مام خدر : نازانم

وەرگێر : کارت چییە ؟

مام خدر : سایق لۆری .
وەرگێڕ : لەکوێ گیراوی ؟
مام خدر : چوو بووم بۆ سەردانی خزمێکمان لە تەیراوا، لە ماڵی ئەوان.
وەرگێڕ : سەر بە چ پارتێکی ؟
مام خدر : هیچ پارتێك، بەڵام کوڕەکەم شەهیدی پارتییە.
پاسەوان : درۆی دەکاتن، پیاوخراپە !
مام خدر: کوڕم پیاوخراپ لە دەرێیە، کەیف دەکاتن !
وەرگێڕ: ئەی تۆ برادەر، بۆچ نایێیتە پێشێ، ناوت چییە ؟
زیندانی: من ئامادە نیم وەڵام بدەمەوە، تاوەکو نەزانم بۆچ گیراوم !
وەرگێڕ : بەڵێ، چۆنت پێباشە .
زیندانییەکی دی: ئەمن ناوم ئازیزە.
وەرگێڕ : خەڵکی کوێی ؟
ئازیز : خەڵکی هەولێرێ.
وەرگێڕ : لەسەر چی گیراوی ؟
ئازیز : نازانم، لەسەر براکەم، براکەشم لەسەر برا گەورەکەم، برا گەورەکەشم لەسەر من.
وەرگێڕ: تێنەگەیشتم، مەبەستت چییە، بۆمان ڕوونناکەیتەوە ...
خاتوونەکان : ڕوو لە وەرگێڕ چي وت، پێمان بڵێ ؟
وەرگێڕ : لێیتێنەگەیشم، داوامکرد مەبەستەکەی ڕوونبکاتەوە...
ئازیز : ئێوارە بوو، کاتێك کە گەڕامەوە ماڵ، وتیان خۆتبشارەوە بەدواتدا دەگەڕێن، منیش وتم بۆ؟ وتیان مەحموود و زەردەشت لەسەر تۆ گیراون.
وتم چۆن لە کوێ؟ وتیان سەرەتا مەحموود، پاشان وتویانە تا زەڕدەشت نەیێت، ئەو ئازادی ناکەین، کە زەڕدەشت چووە، ئەویش گیراوە و وتویانە تا ئازیز نەیێت، ئەوان ئازاد نابن، منیش بەبێ سێ و دوو هاتم تاکو براکانم ئازادبکەن. ئاخر ماڵ و منداڵیان هەیە و براگەورەکەم تا ڕاپەڕینەکە بەخۆی پێشمەرگە بووە، بەڵام نە ئەوان ئازادکران، نە بە منیشیان گوت، لەسەرچی دەمانگرن .
وەرگێڕ : کارت چییە ؟
ئازیز : ئێمە چوار براین، وێنەگرین.
وەرگێڕ : پلەی خوێندەواریت چەندە؟

ئازیز : لەبەرئەوەی نەخۆشی بورانەوەم هەبوو، نەمتوانی خوێندن تەواوبکەم.

خاتوونەکان: پرسیار لەو لاوەی دیکە بکە، زۆر پەرێشان دیارە !

وەرگێڕ : کاکە، وەرە پێشێ، نزیك بەرەوە، ناوت چییە ؟

لاوەکە : عبدالنادر.

وەرگێڕ : کارت چییە ؟

عبدالنادر : خوێندکاری زانکۆم، دوای خوێندنیش لە سەرتاشی کاردەکەم.

وەرگێڕ : لەکوێ گیراویت ؟

عبدالنادر : لەماڵەوە.

وەرگێڕ : بۆ گیراویت ؟

عبدالنادر : نازانم

وەرگێڕ : چۆن گیرایت ؟

عبدالنادر: لە ماڵەوە بووم. کاتێك زانیمان، لە سەربانەوە چەکدار دابەزینە حەوشەکەمان، میلی چەکیان لێڕاکێشام و دەستگیریان-کردم. دایکم باوەشی پێداکردبووم، نەیدەهێشت بمگرن، بەڵام بێسوود بوو. چەکدارێکیان قۆنداخە تفەنگێکی لە دایکم دا و قوڵی دایکم شکا، منیش پەلامارم دایێ و ئیدی هەر ئەوەندە دونیام دیت، وەك جلکەکۆنیان لێکردم.

پاسەوان : قوربان درۆدەکاتن، کابلی تەلەفۆنی دزیوە، بۆیە دەستگیرکراوە.

عبدالنادر : من نە دزم و نەسەر بەهیچ پارتێکم. ئەمانە درۆدەکەن. ئەوانە دەستی دایکمیان بۆ شکان، گەر من دزم ئەمانەی دیکە بۆچی گیراون ؟

خاتوونەکان : ئەو چەکدارە چی گوت ؟

وەرگێڕ : دەڵێت درۆدەکات، ئەوە دزە .

خاتوونەکان : داوایان لێبکە با بچنەدەرەوە، یان ئێمە دەچینەدەرەوە؟

وەرگێڕ : کاکە وا خاتوونەکان داوادەکەن، کە ئێوە بچنەدەرەوە !

پاسەوانەکان: ئاگاتان لە زارتان بێت، پاشان بەخۆتان دەزانن، پێتانوانەبێت ئەم قسانە بڵاودەکرێنەوە !

وەرگێڕ : تۆ ناوت چیبوو؟

زیندانی: من

وەرگێڕ : بەڵێ تۆ !

زیندانی: من ناوم، ئارامە. ئێمە سێ کەسین، پرسیارەکان ئاراستەی ئەم هاوڕێیەمان بکە !

وەرگێڕ : فەرموو، ناوتان چی بوو ؟

زیندانی: ئالان محەمەد عەلی.

وەرگێڕ : خەڵکی کوێی ؟

زیندانی : کەرکووك.

وەرگێڕ : لەکوێ گیراویت ؟

ئالان : لەماڵەوە، دوو کەس بووین. ئەو هاوڕێیەمان لە سلێمانییەوە بەسەردان بۆ لای ئێمە هاتووە و کە زانیویەتی ئێمە گیراوین، چووەتە لای (عقید سمکۆ) و هەواڵی ئێمەی پرسیوە، یەکسەرە ئەویشیان گرتووە.

وەرگێڕ : لە چ پارتێکدا کارتاندەکرد ؟

ئالان : ئێمە کۆمۆنیستین .

وەرگێڕ : مەبەستان یەکەکەیە ؟

ئالان : نەخێر، یەکەکە ناسیونالیستن.

وەرگێڕ : کارتان چیبوو ؟

ئالان : پەرتووکفرۆش.

وەرگێڕ : پەیوەندیتان لەتەك یەکەکە چۆنە ؟

ئالان : هیچ پەیوەندیمان نییە، بۆ ئێمە هەردوو لای شەڕکە وەك یەکن، ئێمە دژی ئەم شەڕەین .

وەرگێڕ : ئەشکەنجەدراون ؟

ئالان : ئەشکەنجەی جۆراوجۆر، ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەیی هەموو شتێ دەکەن. هەر ئەوەندەی کە ئێمە ئازادیمان لێ زەوتکراوە، بۆخۆی گەورەترین ئەشکەنجەیە، زیندان زیندانە، چ ئەشکەنجە بدرێی یان نە. سەرلەبەیانی ڕۆژی ڕەشبگیرییەکەی ڕۆژی فیدراڵەت، دژی دامەزراندنەوەی دەزگەی ئەمن وەستاینەوە، هەر لەسەر ئەو شتانەش گیراوین.

وەرگێڕ : زۆر سوپاس کاکە گیان، با پرسیارێکیش ئاراستەی هاورێکەت بکەین

- تۆ چۆن گیرایت برا ؟

ئارام : من ئەمڕۆ لە سلێمانییەوە هاتم، کە چوومە ماڵی ئەم هاوڕێیانەم، هاوسێکانیان وتیان "ئاسایش گرتوونی". منیش یەکسەرە هاتمە لای بەڕێوەبەری ئاسایش و لێم پرسی بۆچی و لەسەرچی گیراون، لە وەڵامدا وتی "یاخوا بەخێر بێیت، کاکی کۆمۆنیست، زۆرچاکە بەپێی خۆت هاتووی."

وەرگێڕ : خاتوون ... وابزانم، ڕوونە.

خاتوونەکان : ئۆکەی ..

جیرەی دەرگە، کۆتری نیگا تامەزرۆکانیانی هەڵفڕاند و خۆزگەکان لە ژانی دابڕاندا دەتلانەوە .
پاسەوان : کاکە، کاتی چاوپێکەوتنەکە تەواوبووە، کاك سمکۆ گازتان دەکات.

خوێن زابووە دەماری خۆزگەکانەوە، لەتەك نیگای بەزەیی ئاوێزانی یەکدی بووبوون و بزەیان لەسەر لێوە ڕەقهەڵهاتووەکان دەچاند و وشە یاخییەکان لە دووتوێی پەڕاوی خاتوونەکانەوە هەڵپەی هەڵهاتنیان بوو. بریسکەی خەونەکان لەسەر بەردە نێڕراوەکانی قەڵا دەدرەوشانەوە. کۆترە لانەوازەکان گۆرانییان بۆ سەرخەوێکی بێ پاسەوان دەچڕی. لە کپی شەوەزەنگدا، ئاوازەی ئەوین، ڕازە تەنیاکانی دەهۆنییەوە و دەیکردنە ملی ئەستێرە چاووردیلەکان، تا ڕێبوارانی خەونەناس لە کەشکۆڵی ئاوارەییەدا بیانپارێزن. خەونە سرگەکان، برینە کۆنەکانی سامان و 'عەلی'یان دەهێنایەوە سۆ و دەروونی لێوانلێوی خەم و پەژارە، دەنگەژێی حەزەکانیانی لەراندەوە، ئەشکی چاو و پڵمە گریانی پەنگخواردووی سۆزە وێڵەکان تەقینەوە. دەنگی دەستڕێژێ ڕووناکی لە گڵۆپ و هاواری لە قوڕگدا بڕین، دەستڕێژ بەدەستڕێژەوە دەنرا و جنێو بەگەرووی جنێودا دەچزا... شەق و پیلاقەی سەرپشتی نامۆ، جیڕەی لە دەرگە هەستاند و جەستەی لەخوێنگەوزاویان کردە مۆمێ بۆ تیشکدانە چاوی پرسیارە بزێو و نائارامەکان .

پاسەوان : سەگی کوڕی سەگ، تەقەی لە سەیارەی کاك کۆسرەتی دەکەی، دەبخۆ ئەوە دەردت بێت .
نامۆ : کەرە من نەبووم، من پێشمەرگەم. بۆ ئاوهام لێدەکەن،
دایك ... ینە !
پاسەوان : دەرگەکە بەتوندی بەڕووی پرسیارەکەی نامۆدا دادەخات.

دەموچاوی توکن و ڕوخساری دێوانەی نامۆ و ڕێچکەبەستنی خوێن لە برینەکانییەوە، چەخماخەی لە بیری زیندانییەکان دەدا و بارانی پرسیار بەسەریدا باری :
- :بۆ تەقەت لە کۆسرەتی کرد ... ؟
-: خەڵکی کوێی ... ؟
-: سەر بە چ پارتێکی ...؟

-: ناوت...؟

نامۆ : ناوم 'مەمۆ' یە خەڵکی کەرکووکم، پێشمەرگەی گەرمیانم .

-: ئەدی بۆ واتکردووە، ماڵخراپ ؟

مەمۆ : هیچم نەکردووە، لە نادی بەرەو ماڵ دەرچووم ، بوو بەتەقە و لەو نێوەدا من گیرام.

-: هەر ئاوها لەخۆڕا ؟

مەمۆ : ئەی چی!

- ئەی تەقەتان لەکێ کردووە؟

مەمۆ: ها ها ها، ئای باڵم !

-: کێ تەقەی لێکردی، تۆش تەقەت لە ئەوان کرد، کوێندەرێت برینداره ؟

مەمۆ: بوتڵە عارەقێکم پێبوو، دامیانە بەردەستڕێژ و بێهۆش کەوتم، ئیدی نازانم، بەپێلەقەی عەقید سمکۆ بەئاگاهاتم...

جیڕەی دەرگە، قسە شەکەت و بێگیانەکانی مەمۆیان بڕی و دەموچاوی هەڵپێچراوی ئەشکەنجەدەران عەبدولخالقی پارتی و عەلی یەکێتی، ڕازەکەی مەمۆیان لەسەر لێوی کفنکرد. لەتەك هەر پرسیارێ جێکوتەکێ فیفتی فیفتی لەسەر جەستەی ڕووت و هەڵواسراوی مەمۆ دەنەخشێنرا.

عەبدولخالق : قەحبە باب، دەتویست کاك کۆسرەتی بکوژی، کێ هانیداوی، بەعس ؟

مەمۆ : ئەی هاوار من پێشمەرگەم، کوشتنی چی و بەعسی چی، ئای ...

عەلی : سەگباب قسە بکە، کێن ئەوانەی دیکە، کە لەتەکتدا بوون؟

مەمۆ : من لە مەیخانە بووم و چەکم پێنەبووە، دەتوانن بپرسن، ئای پشتم ...

عەبدولخالق : دان بە تاوانەکەتدا بنێ، نکۆڵیکردن بێسوودە !

مەمۆ : ئای.. ئای .. ئاااااااااای

هاوار و ناڵەی مەمۆ و زرمەی تێلا و پێلەقان، ئاوازەی مەگ بوو، خەوی لە چاوی خۆزگەکان دەزڕاند. دەنگی ژان لە قورگی ڕاڕەو و هۆڵەکاندا دەلەرییەوە و دەبووە مۆتەکەی سەر دڵی ئەوینێکی لانەواز. ئاهی ژان تێکەڵ بە گمەی کۆتران دەبوو و سروەی ساردی پاییزی دەیچرپاندە گوێی مناڵە لەبرسانەخەوتووەکانی نێو کەلاوەکانی دەوروبەری قەڵا. زرموهوری کوتەك و

پێلەقان لە چاوەڕوانی زیندانییەکاندا، چرکە چرکە تێپەڕبوونی شەوگاری لە هەنگاوی بەیاندا دەژمارد. جووڵانەوەی سێبەرە ئەشکەنجە-دەرەکان لەسەر دیوارەکەی بەرامبەر، شانۆیەکی وێوڵەیی بوو بۆ ترساندن و ئەشکەنجەی دەرونیی ئەمان. بەدەم دوا نوزە و نرکەی 'مەمۆ'وە کازیوە بەبزەیەکی تاڵەوە مەینەتئاواکانی دەوری قەڵای لە خەو بەئاگاهێنا. لە ژاوەژاوی سەرلەبەیانیدا جەستە ئەشکەنجە-دراوەکان ونبوون .

جیڕە جیڕی دەرگە زنجیرەی خەیاڵە ئاڵۆزەکانی بڕی و ڕیشی چڵکنی پاسەوانەکە بەچاوی چاوەڕوانیدا ڕۆدەچوو ...

پاسەوان : فەرموو فەرموو

میوان : سوپاس.

پاسەوان : ئەوە هاتییە لێتانبپرسێت ..

مام مەولود : ئەدی کو قسەی لەتەك بکەین، کوا وەرگێڕ ؟

پاسەوان : خۆتان بە ئینگلیزی قسان بکەن !

میوان : کەسێك هەیە بەئاڵمانی یان ئینگلیزی قسەبکات ؟

عەلی : بەڵێ من، دەتوانم بەئاڵمانی بدوێم، بەڵام ئامادەنیم بەخۆم وەڵامی پرسیارەکانت بدەمەوە!

میوان : باشە، من 'نوێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤ'م و خەڵکی ئاڵمانیام، هاتووم ئێوە بەسەر بکەمەوە و بۆ ئەوەش پرسیار ئاراستەی چەند کەسێکتان دەکەم.

مام خدر: ئەدی کو دەبێ نە کاخەز و نە پێنووس نە دەنگتۆمارکەری پێیە، کو وا دەبی ؟

میوان: بەڵێ، ڕاستدەکەیت، ئاوهایە، بەڵام لێرە ڕێگەیان پێنەدام ئەو شتانە لەتەك خۆم بێنمە ژوورێ. هەر چۆنێك بێت، من قسەتان لەتەك دەکم و هەوڵدەدەم جارێکی دیکە لە لێپرسراوانی حکومەتی هەرێم مۆڵەت وەرگرم. ئێستاکە کێ ئامادەیە وەڵامبداتەوە ؟

ئارام : من ئامادەم، بەمەرجێ دەنگمان بگەیێنیتە دەرەوە .

میوان : باشە، تۆ بۆ دەستگیرکراویت؟

ئارام : من هاتم هەواڵی هاوەڵەکانم بزانم، منیشیان گرت .

میوان: ئەشکەنجە دراویت ؟

ئارام: بەڵێ، دەروونی و جەستەیی. ئەشکەنجەی دەروونی بەردەوامە.

جیرەی دەرگە و سیمای 'ملازم بورهان' دڕی بە پرسیارەکە دا :

-: ئەزبەنی، ئەڤە جەنابی کاك سمکو ژ بو تە نارد.
میوان : سوپاسی منی پێبگەیێنە .
پاسەوان : سەرچاڤا، بە خاترا تە..
میوان : باشە کە تۆ سەر بە پەکەکەیت، ئایا لێپرسینەوەت لەتەکدا کراوە ؟
ئارام : پەکەکە نیم، من کۆمۆنیستم، تا ئێسشتاکەش لە ئێمەیان نەپرسیوەتەوە.
میوان : حکومەتی هەرێم ڕایگەیاندووە، کە ئێوە گشت پەپەکەن، ئەم شتە وایە؟
پاسەوان : قوربان جەنابی بەڕێوەبەر گازتان دەکات، تکایە لەتەکم وەرە !
میوان : بەنیازی دیدار، هیوادارم دووبارە بتوانم بێمەوە سەردانیتان.
ئازیز : قسەی قۆڕ، ناکرێ لەمە زیاتر چاوەڕێ بین
عەبدولنادر : کاك عەلی، ئەم کابرایە کێ بوو و لەکوێوە هاتبوو ؟
عەلی : وەك خۆی وتی نوێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانییە، خەڵکی ئاڵمانە.
ئازیز : چۆن بەبێ وەرگێڕ و پێداویستی نووسین و تۆمارکردن هاتووە ؟
عەلی : وتی ڕێگەیان پێنەداوە، عەقید سمکۆ، ئەڵمانی دەزانێت و پێیوتووە " گەر پێویستت بە یارمەتی هەبوو، بانگم بکە".
مەحموود : ئێستا تێگەیشتم، بۆ خێرا بانگیانکردەوە، کە زانییان خۆمان دەتوانین بەزمانی خۆی لەتەکیدا قسان بکەین، یەکسەر بانگیانکردەوە. ئەم ئاڵمانییە و سمکۆش هێشتاکە ژن و منداڕەکەی لەوێندەرێن .
ئازیز : کەوابوو هیچ !
سامان : بێدەنگی بەسە، هیچ دادمان نادات. ئێمە تاوانێکمان نەکردووە، من لەمە زیاتر ناتوانم ددان بەخۆمدا بگرم. من بڕیارمداوە مانبگرم، ئێوە چ دەڵێن؟!
ئارام : پێویستە مانبگرین ...
عەبدولنادر: ئەرێ ماندەگرین ...

# Carrî Gerdûn

Çend xulekêk lêprisînewe bû beçend Mang, îdî Kesêk nebû dillnyanebûbêt û boy roşinnebûbêtewe, gîranekey Peywendî bedamezrandnewey dezgey asayîşewe heye, ke le serdemî Raperrînda lelayen cemawerî têkşikêndrabû, Rojî fîdrallî le Kurdistan, Rojî manorî hêz bû bo tirsandinî cemawer lewey ke her hengawêk djî şerr, begirtin û eşkence wellamdedrêtewe. Çekdare şrrexorekanî efwac xefîfe, ke cemawer milkeçî ketwarî kirdbûn ... ewrroke asayîş parêzbûn ! Reşbigîrî Rojî cardanî fîdrallî, Xellkî lew xewe daçllekand, ke le sayey kurranî gel û Nîştman çawerrêy hellhatnîxor bûn. Rarrewî nêwan jûrekan wek Rojekanî desall lewewber jûr be jûr Zîndanîyekan bo serjimêrkirdin, rêzkranewe. Pasewanekan lûley çekekanyan arastey nîgay pirr pris û çawerrwanî Zîndanîyekan ragirtbû, Zîndanewan ('Ebdulxalq) detût yarîye çeqawesûyyekanî serdemî Mnallî xoy webîrhatuwetewe, xêra xêra destî bo Zîndanîyekan radekêşa destî arastey dwaKes deka ...

- to .. 33

Zîndanî jmare 33 : Alan mhemed 'elî

'Ebdulxalq : çîyî? Carêkî dîke

Alan : alan mhemed 'elî.

'Ebdulxalq : nexêr, to yekem car nawêkî dîket gût.

Alan : nexêr, her awham wit.

'Ebdulxalq : mim, ba awhabêt. Xêra bronewe jûrewe, xotan kobkenewe. Le bîrtan neçêt, nêw jûrekeş xawênbkenewe, egîna ...

letek jyanewey hîwayek, hêz weber ejno û bze bo ser lêw degerrayewe. Bexêrayî pirsyare bêejmarekan, hengawekan pêşbirkêandekrid. Her Kese û lenaxî xoyda, xozgeyekî dexwast û bernamey bo ştêk daderrşit, ke letek yekem çirkey derçûn û azadbûn, çîbkat. Le xoşyanda, bepele nêw jûrekeyan em dîw ew dîw kird, detut çawerrwanî mîwanêk deken , yan leser sefern heryeke ştêkî degût:

- min nemgut hîç nîye, berdebîn ...

- babe Gyan xo pyawmannekuştuwe, her debê azadbîn ...

- kake emaneniş heqî xoyane lexellk biprisnewe, çak û xrap Heye ...

- edî ku kake, her pyaw tûşî derdîserî debîtin ...

em qsane hêndey dîke xozge û hîwakanî saman û aram û 'Alan'yan weber pêleqandeda ...

Alan : ewe çîtane awa kewtûnete mastawsardkirdnewe, meger qsekanî xotan lebîrçûnewe, ke dwênê Şew çon Kestan bem bare razînebûn, bo pêtanwaye azaddebin? Na behelledaçûn, ger azadbûnaye, sereta bangdekran û lêprisînewe dekra û paşan bellênyan lêwerdegirtin, ke carêkî dîke karî djî Yasa neken û gwêrrayellbin, herwa beasanî mîwandarîyeke tewaw nabêt !

Kurre axa : Xwadekat berellamdeken, min memnûn û ta mawm le qseyan dernaçim.

Saman : bo pêtwaye êsTake xerîkî çît, êstaş her bekrêgîrawî ewanîy, to Zîndanî nît, her kat wersibî detwanît brroyt !

Kurre axa : demtibgre, egîna êsta 'Ebdulxalqî Zîndanewan bangdekem.

Alan : ca bo bangî nakey, lewe zyatir çîdeken, ke kirdûyane, xo Zîndanêkî dîke lenêw em Zîndaneda drustnaken?! Ême beaşkra dellên, ke xoyan û serkirdekanyan xwênxor û xwênrrêjî Xellkin, Xellk raperî û dezgekanî Asayş û polîs û Serbazgekanyan têkişkandin, ewan lew dîw snûrekanewe hatnewe û dezgekanî serkutyan tazekirdnewe. Lebîrtançû, ke le Raperrînî duwemda çon her em cenabane letek emnekanda leberdem parêzge destyan beser cestey lexwêngewzawî çend Kesda girt, ke bedestî be'sîyekan kujrabûn. Lêjney harîkarî berey Kurdistanî û be's, destî beser cestey 'aras mewlud'da girtbû?

Smayl: babegyan wazbênin, key katî eweye, babzanîn çîmanbeserdêt, ewsa şerrbken.

Tequhurrî kranewey Derge, wşekanî le zarda piçrrand, 'Ezîzî pasewan û çend çekdar : hestin, berrîz destî yekdî bigrin û behêwaşî bedwamda wern !

Lûley çekekan berrûy pirsyare serbizîwekanda hellşaxanewe, hengawe lawazekan bedway çawîlkey xuzgekanewe dekşan û le Sallonekey ewber berbestikranewe. Bonî boyaxî jûrekan, miştekolley le demî hezekan deda. Şwênewarî Nûsîn û yadawerî Zîndanyanî serdemî be'si hêştake mabûn. Le çawî waqûrrmaw û dlle Xemgirtuwekanewe pirsyarî perêşan û naaram, xoyan be telbendî Pencere jenginyekeda deda û pelupoşkaw, letaw nalle û hawarî eşkencedrawanda debûranewe. Guman ejnoy xozgekanî şkandibû:

- lewaneye lêre çawerrêy lêkollînewe bkeyn ...
- lewaneye bo hemîşe lêre bîn ...
- lewaneye çawerrêy destûrî azadbûnman bken ....
- lewaneye tawanbar û bêtawan leyekdî cyabkenewe ...

Aram : bellam min pêmwaye beşî duwem mîwandarîyeke, lêre destipêdekat.

Saman : bzane çi fêll û telekeyek lejêr seryandaye !

Alan : lewaneye Zîndanyanî dîkeyan hênabin û ême konekan leber berterîbûn rêzyan bo danabîn û wek

kone ....

Cîrey Dergeke zincîrey Xeyallekan depsênê û xew leçawî

heze brîndarekan dezrrênê. Drewşanewey tîşkî gllopeke leser pirçî zerd û lêwî sûrî dû xatûnî cwan û şîkpoş, wellam be boçîyetî û gumane naxajnekan dedatewe. Gonay all û baskî spîwsollyan, swêyan weber rebenî dênayewe. Be nerme cûlleyek wşey helew leser zaryan semay dekrid ... pêkenîn û bezeyî, awêzanî yekdî bûbûn, bllêsey nîga berbest-krawekan awêzanî bask û gerdinyan debû ... dengî pyawe hawkarekeyan, hengawî Xeyalle serşêtekanî sillmandewe ...

- min wergêrm, letek em dû xatûne hatûm, Taku çawpêkewtintan letekda bkeyn, em dû xatûne Rojnamegern, eger amadebin, ewa çawpêkewtintan letekda dekeyn.

Letek danîştinyan le nêwerrastî jûrekeda, Zîndanîyekan le dewryan xirbûnewe, dû pasewanîş le Dergey jûrekeda çeqîbûn û çawyan le Zîndanekan zeqdekirdewe. Leser zarî heryekêk, xerwarêk skalla noreyan bo çrîn girtbû, beçrinûk katyan

radegrit, taweku noreyan bêt. Wşekan lezarda wek balldarêk le qefez helldehatin û leser perrawî xatûnekan denîştnewe ... Carcare heze kotkrawekanî rebenî nîga cadûîy-yekanyan rademûsî û bedzî lûley çekekanewe têkell debûn, hendêk car hestekan yegtiryan dedwand û peyame nhênîyekanyan beyekdî degeyand. Wşe Yasaxekan pasewanekanî herasandekrid û pîşyandexwardewe...

Wergêr : xalle nawtan çîye û Xellkî kwên?

Zîndanî : min nawm mewlûde û Xellkî em şarem ( hewlêr ), zyatir

Le (20) Salle krêkarî kargey cgerem.

Wergêr :  Tement çend debêt?

Mam mewlûd : 57 Sall .

Wergêr : leser çî gîrawî ?

Mam mewlûd : nazanim .

Pasewan : dro dekat, çon nazanêt !

Wergêr : lekwê gîrayt?

Mam mewlûd : le Mallewe xewtibûm .

Wergêr : lêkollînewet letekda krawe ?

Mam mewlûd : nexêr .

Wergêr : ser be çi Partêkî ?

Mam mewlûd : hîç Partêk.

Wergêr : pêştirîş herwa ?

Mam mewlûd : bellê, ser be hîç Partêk nebûm, bellam hemîşe djî be'si bûm.

Wergêr : zor başe mame, supas.

Mam mewlud : axir kake Takey eme lêrokane bîn, bo nahêlln, jin û mindarman bêne kinman ?

Wergêrr : xalle, ême hîçman pênakrê, min wergêrrm û ewanîş

Rojnamegern.

wergêrr : ey to xalle Gyan, nawtan çîbû ?

Zîndanî : xdir hemed emîn .

Wergêr : bo gîrawî ?

Mam xdir : nazanim

Wergêr : kart çîye ?

Mam xdir : sayq lorî .

Wergêr : lekwê gîrawî ?

Mam xdir : çû bûm bo serdanî xizmêkman le teyrawa, le Mallî ewan.

Wergêr : ser be çi Partêkî ?

Mam xdir : hîç Partêk, bellam kurrekem şehîdî Partîye.

Pasewan : droy dekatin, pyawixrape !

Mam xdir : kurrm pyawixrap le derêye, keyf dekatin !

Wergêrr : ey to brader, boç nayêyte pêşê, nawt çîye ?

Zîndanî: min amade nîm wellam bdemewe, taweku nezanim boç gîrawm !

Wergêr : bellê, çont pêbaşe.

Zîndanîyekî dî: emin nawm Azîze.

Wergêr : Xellkî kwêy ?

Azîz : Xellkî hewlêrê.

Wergêr : leser çî gîrawî ?

Azîz : nazanim, leser brakem, brakeşm leser bra gewrekem, bra gewrekeşm leser min.

Wergêr: tênegeyiştim, mebestit çîye, boman rûnnakeytewe ...

Xatûnekan : rû le wergêrr çî wit, pêman bllê ?

Wergêrr : lêytênegeyişm, dawamkird mebestekey rûnibkatewe...

Azîz : êware bû, katêk ke gerramewe Mall, wityan xotbişarewe bedwatda degerrên, mnîş wtim bo? Wityan mehmûd û zerdeşt leser to gîrawn.

Wtim çon le kwê? Wityan sereta mehmûd, paşan wtuyane ta zerrdeşt neyêt, ew Azadî nakeyn, ke zerrdeşt çuwe, ewîş gîrawe û wtuyane ta Azîz neyêt, ewan azad

nabin, mnîş bebê sê û dû hatim Taku brakanim azadbken. Axir Mall û Mindallyan heye û bragewrekem ta Raperrîneke bexoy Pêşmerge buwe, bellam ne ewan azadkran, ne bemnîşyan gut, leserçî demangrin .

Wergêr : kart çîye ?

Azîz : ême çwar brayn, Wênegrîn.

Wergêr : pley xwêndewarît çende?

Azîz : leberewey nexoşî buranewem hebû, nemtwanî xwêndin tewawbkem.

Xatûnekan: pirsyar lew lawey dîke bke, zor perêşan dyare !

Wergêr : kake, were pêşê, nzîk berewe, nawt çîye ?

Laweke : 'bdalnadir.

Wergêr : kart çîye ?

'bdalnadir : xwêndkarî zankom, dway xwêndinîş le sertaşî kardekem.

Wergêr : lekwê gîrawît ?

'bdalnadir : le Mallewe.

Wergêr : bo gîrawît ?

'bdalnadir : nazanim

Wergêr : çon gîrayt ?

'Ebdalnadir: le Mallewe bûm. Katêk zanîman, le serbanewe çekdar dabezîne hewşekeman, mîlî çekyan lêrrakêşam û destigîryan-kirdim. Daykim Baweşî pêdakirdbûm, neydehêşt bimgrin, bellam bêsûd bû. Çekdarêkyan qondaxe tfengêkî le Daykim da û qullî Daykim şka, mnîş pelamarm dayê û îdî her ewende dunyam dît, wek cilkekonyan lêkirdim.

Pasewan : qurban drodekatin, kablî telefonî dzîwe, boye destigîrkrawe.

'Ebdalnadir : min ne dzim û neser behîç Partêkim. Emane
drodeken. Ewane destî Daykimyan bo şkan, ger min dzim emaney dîke boçî gîrawn ?

Xatûnekan : ew çekdare çî gut ?

Wergêrr : dellêt drodekat, ewe dze .

Xatûnekan : dawayan lêbke ba biçnederewe, yan ême deçînederewe?

Wergêr : kake wa xatûnekan dawadeken, ke êwe biçnederewe !

Pasewanekan: agatan le zartan bêt, paşan bexotan dezanin, pêtanwanebêt em qsane bllawdekrênewe !

Wergêr : to nawt çîbû?

Zîndanî: min

Wergêr : bellê to !

Zîndanî: min nawm, arame. Ême sê Kesîn, pirsyarekan arastey em Hawrrêyeman bke !

Werrgêr : fermû, nawtan çî bû ?

Zîndanî: alan mhemed 'elî.

Wergêr : Xellkî kwêy ?

Zîndanî : kerkûk.

Wergêrr : lekwê gîrawît ?

Alan : le Mallewe, dû Kes bûyn. Ew Hawrrêyeman le slêmanîyewe beserdan bo lay ême hatuwe û ke zanîwyetî ême gîrawîn, çuwete lay ('qîd Simko) û hewallî êmey pirsîwe, yeksere ewîşyan girtuwe.

Werrgêrr : le çi Partêkda kartandekrid ?

Alan : ême komonîstîn .

Wergêr : mebestan pekekeye ?

Alan : nexêr, pekeke nasîwnalîstin.

Wergêrr : kartan çîbû ?

Alan : pertûkifroş.

Wergêr : Peywendîtan letek pekeke çone ?

Alan : hîç Peywendîman nîye, bo ême herdû lay şerrke wek yekin, ême djî em şerreyn.

Wergêr : eşkencedrawn ?

Alan : eşkencey corawcor, eşkencey derûnî û cesteyî hemû ştê deken. Her ewendey

ke ême Azadîman lê zewtikrawe, boxoy gewretrîn eşkenceye, Zîndan Zîndane, çi eşkence bidrêy yan ne. Serlebeyanî Rojî reşbigîrîyekey Rojî fîdrallet, djî damezrandnewey dezgey emin westaynewe, her leser ew ştaneş gîrawîn.

Wergêr : zor supas kake Gyan, ba pirsyarêkîş arastey hawrêket bkeyn

- to çon gîrayt bra ?

Aram : min emrro le slêmanîyewe hatim, ke çûme Mallî em Hawrrêyanem, Hawsêkanyan wityan "Asayş girtûnî". Mnîş yeksere hatme lay berrêweberî asayîş û lêm pirsî boçî û leserçî gîrawn, le wellamda wtî "yaxwa bexêr bêyt, kakî komonîst, zorçake bepêy xot hatûy".

Wergêrr : xatûn ... wabzanim, rûne.

Xatûnekan : okey ..

Cîrey Derge, kotrî nîga tamezrokanyanî hellfirrand û xozgekan le janî dabrranda detlanewe.

Pasewan : kake, katî çawpêkewtneke tewawbuwe, kak Simko gaztan dekat.

Xwên zabuwe demarî xozgekanewe, letek nîgay bezeyî awêzanî yekdî bûbûn û bzeyan leser lêwe reqhellhatuwekan deçand û wşe yaxîyekan le dûtwêy perrawî xatûnekanewe hellpey hellhatinyan bû. Brîskey xewnekan leser berde nêjrawekanî qella dedrewşanewe. Kotre lanewazekan goranîyan bo serxewêkî bê pasewan deçrrî. Le kpî Şewezengda, awazey Ewîn, raze tenyakanî dehonîyewe û deykirdne mlî estêre çawurdîlekan, ta rêbwaranî xewnenas le keşkollî awareyyeda byanparêzn. Xewne sirgekan, brîne konekanî saman û "elî'yan dehênayewe so û derûnî lêwanlêwî Xem û pejare, dengejêy hezekanyanî lerandewe, eşkî çaw û pillme giryanî pengixwardûy soze wêllekan teqînewe. Dengî destrrêjê rûnakî le gllop û hawarî le qurrgda brrîn, destrrêj bedestrrêjewe denra û cnêw begerûy cnêwda deçza... şeq û pîlaqey serpiştî namo, cîrrey le Derge hestand û cestey lexwêngewzawyan kirde momê bo tîşkdane çawî pirsyare bzêw û naaramekan.

Pasewan : segî kurrî seg, teqey le seyarey kak kosretî dekey, debxo ewe derdit bêt.

Namo : kere min nebûm, min Pêşmergem. Bo awham lêdeken,

Dayk ... îne !

Pasewan : Dergeke betundî berrûy pirsyarekey namoda dadexat.

Demuçawî tukin û Ruxsarî dêwaney namo û rêçkebestinî xwên le brînekanîyewe, çexmaxey le bîrî Zîndanîyekan deda û baranî pirsyar beserîda barî :

- :bo teqet le kosretî kird ... ?

- : Xellkî kwêy ... ?

- : ser be çi Partêkî ...?

- : nawt...?

Namo : nawm 'memo' ye Xellkî kerkûkim, Pêşmergey germyanim.

- : Edî bo watkirduwe, Mallixrap ?

Memo : hîçim nekirduwe, le nadî berew Mall derçûm , bû beteqe û lew nêweda min gîram.

- : her awha lexorra ?

Memo : ey çî!

- ey teqetan lekê kirduwe?

Memo: ha ha ha, ay ballm !

- : kê teqey lêkridî, toş teqet le ewan kird, kwênderêt

Brîndare ?

Memo: butlle 'areqêkim pêbû, damyane berdestrrêj û bêhoş kewtim, îdî nazanim, bepêleqey 'eqîd Simko beagahatim...

Cîrrey Derge, qse şeket û bêgyanekanî memoyan brrî û demuçawî hellpêçrawî eşkencederan 'ebdulxalqî Partî û 'Elî yekêtî, razekey memoyan leser lêwî kfinkird. Letek her pirsyarê cêkutekî fîftî fîftî leser cestey rût û hellwasrawî memo denexşênra.

'Ebdwilxalq : qehbe bab, detuyist kak kosretî bkujî, kê hanîdawî, be'si ?

Memo : ey hawar min Pêşmergem, kuştinî çî û be'sî çî, ay ...

'Elî : segbab qse bke, kên ewaney dîke, ke letektda bûn?

Memo : min le meyxane bûm û çekim pênebuwe, detwanin biprisn, ay piştim ...

'Ebdwilxalq : dan be tawaneketda bnê, nkollîkirdin bêsûde !

Memo : ay.. Ay .. Aaaaaaaaaaaaaay

Hawar û nalley memo û zirmey têlla û pêleqan, awazey meg bû, xewî le çawî xozgekan dezrrand. Dengî jan le qurgî rarrew û hollekanda delerîyewe û debuwe motekey ser dllî Ewînêkî lanewaz. Ahî jan têkell be gmey kotran debû û sirwey sardî payîzî deyçirpande gwêy Mnalle lebirsanexewtuwekanî nêw kelawekanî dewruberî qella. Zirmuhurî kutek û pêleqan le çawerrwanî Zîndanîyekanda, çirke çirke têperrbûnî Şewgarî le hengawî beyanda dejmard. Cûllanewey sêbere eşkence-derekan leser dîwarekey beramber, şanoyekî wêwlleyî bû bo tirsandin û eşkencey derunîy eman. Bedem dwa nuze û nirkey 'memo'we kazîwe bebzeyekî tallewe meynetawakanî dewrî qellay le xew beagahêna. Le jawejawî serlebeyanîda ceste eşkence-drawekan winbûn.

Cîrre cîrrî Derge zincîrey Xeyalle allozekanî brrî û rîşî çillknî pasewaneke beçawî çawerrwanîda rodeçû ...

Pasewan : fermû fermû

Mîwan : supas.

Pasewan : ewe hatîye lêtanbpirsêt ..

Mam mewlud : edî ku qsey letek bkeyn, kwa wergêrr ?

Pasewan : xotan be îngilîzî qsan bken !

Mîwan : Kesêk heye beallmanî yan îngilîzî qsebkat ?

'Elî : bellê min, detwanim beallmanî bidwêm, bellam amadenîm bexom wellamî pirsyarekant bdemewe !

Mîwan : başe, min 'nWênerî Rêkixrawî mafî Mrov'mi û Xellkî allmanyam, hatûm êwe beser bkemewe û bo eweş pirsyar arastey çend Kesêktan dekem.

Mam xdir: edî ku debê ne kaxez û ne pênûs ne dengtomarkerî pêye, ku wa debî ?

Mîwan: bellê, rastdekeyt, awhaye, bellam lêre rêgeyan pênedam ew ştane letek xom bênme jûrê. Her çonêk bêt, min qsetan letek dekim û hewilldedem carêkî dîke le lêprisrawanî hkumetî herêm mollet wergrim. ÊsTake kê amadeye wellambdatewe ?

Aram : min amadem, bemercê dengman bgeyênîte derewe .

Mîwan : başe, to bo destigîrkrawît?

Aram : min hatim hewallî Hawellekanim bzanim, mnîşyan girt .

Mîwan: eşkence drawît ?

Aram: bellê, derûnî û cesteyî. Eşkencey derûnî berdewame.

Cîrey Derge û sîmay 'mlazm burhan' drrî be pirsyareke da:

- : ezbenî, eve cenabî kak simku ji bu te nard.

Mîwan : supasî mnî pêbgeyêne.

Pasewan : serçava, be xatra te..

Mîwan : başe ke to ser be pekekeyt, aya lîprisînewet letekda krawe ?

Aram : pekeke nîm, min komonîstim, ta êstakeş le êmeyan neprisîwetewe.

Mîwan : hkumetî herêm raygeyanduwe, ke êwe gişt pepeken, em şte waye?

Pasewan : qurban cenabî berrêweber gaztan dekat, tkaye letekim were !

Mîwan : benyazî dîdar, hîwadarm dûbare bitwanim bêmewe serdanîtan.

Azîz : qsey qorr, nakrê leme zyatir çawerrê bîn

'Ebdulnadir : kak 'elî, em kabraye kê bû û lekwêwe hatbû ?

'Elî : wek xoy wtî nwênerî Rêkixrawî mafî Mrovî cîhanîye, Xellkî allmane.

Azîz : çon bebê wergêrr û pêdawîstî Nûsîn û tomarkirdin hatuwe ?

'Elî : wtî rêgeyan pênedawe, 'Eqîd Simko, ellmanî dezanêt û pêyutuwe " ger pêwîstit be yarmetî hebû, bangim bke".

Mehmûd : êsta têgeyiştim, bo xêra bangyankirdewe, ke zanîyan xoman detwanîn bezmanî xoy letekîda qsan bkeyn, yekser bangyankirdewe. Em allmanîye û Simkoş hêştake jin û mindarekey lewênderên.

Azîz : kewabû hîç !

Saman : bêdengî bese, hîç dadman nadat. Ême tawanêkman nekirduwe, min leme zyatir natwanim ddan bexomda bigrim. Min birryarimdawe manbigrim, êwe çi dellên?!

Aram : pêwîste manbigrîn ...

'Ebdulnadir: erê mandegrîn ...

# چاوشارکێی مەرگ و ژیان

ئای داپیرە گیان، پاش چەند مانگ چاوەڕوانی و شەونخوونی کۆرپەکەمان لەدایکبوو، ڕەنگهەڵبزرکاو و لاواز، پاش چەند چرکەیەك پێڵوە نەرمەکانی شلبوونە سەریەك و نەیزانی لە کوێوە خۆرهەڵدێ و لەکوێدا ئاوا دەبێت.

مەرگی پاش چەند ساتە ژیانی ساواکەمان، ڕەشەبایەك بوو، لە خەم و تاسەی ئێوە هەورێکی چڕی لە ئاسمانی دڵمدا چڕکردەوە.

ئەم خەمە لە لایەك و لەولاشەوە لەتاو پرسیارە بێئەژمارەکانی 'ژینۆ'ی کیژمان دەستەپاچەم، زۆرجار باوەڕ بە وەڵامەکانی من ناکات و دەڵێت "بابە گیان، چۆن داپیرە ناوی پێنج کیشوەرەکەی نەدەزانی، چۆن تامرد ژووری تایبەتی بەخۆی نەبوو، من بڕوا بە تۆ ناکەم، کە دەڵێی "داپیرە لە سەراپای ژیانیدا شاری نەدیتووە"، چۆن تا لەنێوڕان گەڕاوەتەوە، شەکراوی خوراوەتەوە و لە باوە هۆمەر مارەکراوە؟" ... "

ئاخ چ بکەم، نە تۆ زیندوو بوویتەوە، نە ئەویش بڕوای بە وەڵامەکانی من دەهێنا. ناچار بڕیارمدا ئەم هاوینە بیبەمەوە بۆ زێدی خۆمان و ماڵە بێپەنجەرەکەی تۆی نیشانبدەم. کە گەیشتینە ماڵی هاوکاری برام، واقی وڕما و چاوی بە ماڵە یەك ژوورەکەیان کەوت، بە شەرمەوە خۆی هاویشتە باوەشی من و داوایلێبوردنی لێکردم. پاش کەمێك کڕکەوتن، وەك ئەوەی لەدووی شتێك بگەڕێت، وتی:

- بابە گیان، داوایەکم هەیە، تۆش پێیڕازی دەبیت؟

وتم: ئا کچم، هەرچیم پێبکرێت و کارێکی دروستبێت، بۆتی دەکەم!

ئەو جار سەیری دایکی و مامە هاوکاری کردو وتی:

- من ژوورەکەی خۆم دەدەم بە مامە هاوکار و پلە بێگەرد و ژێوەر، ئاخر ئەوە کەی ژوورە، کە ئەوان هەیانە، چۆن ماڵ تەنیا یەك ژووری دەبێ؟

وەڵامەکە وەك سکڵ زاری سووتاندم، بەڵام ناچاربووم، دەبوو وەڵامی بدەمەوە ..

وتم: ئاخر گیانی بابە، نە ئەوان ڤیزای هاتنە ئاڵمانیایان هەیە، نە ژوورەکەی تۆش هی خۆمانە !

وەڵامەکەی بەلاوە سەیربوو، کەمێك ڕاماو زمانی پرسینی پژا:

- چۆن ژووری خۆمان نییە، ئەی هی کێیە؟ بۆچی ئەوان ناتوانن بێن، ڤیزایان بۆچییە، حەزیان لەوێیە و تەواو!

ئەی مەگەر تۆ نەتگوت، مامە هاوکار بەخۆی وەستایە و خانوبەرە دروستدەکات، ئەگەر وەستایە، ئەدی بۆچی خانوویەکی جوان و گەورەی سێ ژووری بۆ خۆیان دروستناکات، ها پێمناڵێی بۆچی؟

## çawşarkêy Merg û Jyan

Ay Dapîre Gyan, paş çend Mang çawerrwanî û Şewnixûnî korpekeman ledaykbû, renghellbzirkaw û lawaz, paş çend çirkeyek Pêllwe nermekanî şilbûne seryek û neyzanî le kwêwe xorhelldê û lekwêda awa debêt.

Mergî paş çend sate jyanî sawakeman, reşebayek bû, le Xem û tasey êwe hewrêkî çrrî le Asmanî dllimda çirrkirdewe.

Em Xeme le layek û lewlaşewe letaw pirsyare bêejmarekanî 'Jîno'î kîjman destepaçem, zorcar bawerr be wellamekanî min nakat û dellêt "babe Gyan, çon dapîre nawî pênc kîşwerekey nedezanî, çon tamrid jûrî taybetî bexoy nebû, min birrwa be to nakem, ke dellêy "dapîre le serapay jyanîda şarî nedîtuwe", çon ta lenêwrran gerrawetewe, şekrawî xurawetewe û le bawe homer marekrawe? " ..."

Ax çi bkem, ne to zîndû bûytewe, ne ewîş birrway be wellamekanî min dehêna. Naçar birryarimda em hawîne bîbemewe bo zêdî xoman û Malle bêpencerekey toy nîşanbdem. Ke geyiştîne Mallî hawkarî bram, waqî wirrma û çawî be Malle yek jûrekeyan kewt, be şermewe xoy hawîşte Baweşî min û dawaylêburdinî lêkirdim. Paş kemêk kirrkewtin, wek ewey ledûy ştêk bgerrêt, wtî:

-babe Gyan, dawayekim heye, toş pêyrrazî debît?

Wtim: a Kçim, herçîm pêbkirêt û karêkî drustibêt, botî dekem!

ew car seyrî Daykî û mame hawkarî kirdu wtî:

-min jûrekey xom dedem be mame hawkar û ple bêgerd û jêwer, axir ewe key jûre, ke ewan heyane, çon Mall tenya yek jûrî debê?

Wellameke wek skill zarî sûtandim, bellam naçarbûm, debû wellamî bdemewe..

wtim: axir Gyanî babe, ne ewan vîzay hatne allmanyayan heye, ne jûrekey toş hî xomane!

Wellamekey belawe seyirbû, kemêk ramaw zmanî pirsînî pja:

-çon jûrî xoman nîye, ey hî kêye? Boçî ewan natwanin bên, vîzayan boçîye, hezyan lewêye û tewaw!

Ey meger to netgut, mame hawkar bexoy westaye û xanubere drustdekat, eger westaye, edî boçî xanûyekî cwan û gewrey sê jûrî bo xoyan drustnakat, ha pêmnallêy boçî ?

# شانۆیی

# حەفت و هەشت *

شوێن : سەرشەقامێك [جار جارە دەنگی ئۆتۆمۆبێل، هاواری ئەرەبانەچی و منداڵانی شتفرۆش].
لەلای ڕاستەوە مێزیك، كچێكی جوان، پۆشاكی جۆری پولەكەیی زەردی كوردی پۆشیوە، جامەدانییەكی سوور لە پشتسەری هەڵاواسراوە و بە زەرد لە سەری نووسراوە "ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە ...". لەلای چەپەوە میزێك، كچێكی باریكئەندام، پۆشاكی لە جۆری ڕیشی مامەی پۆشیوە و پشتوێنێكی سەقزی لە كەمەری بەستووە، جامەدانییەكی سەوز لە پشتسەری هەڵواسراوە و لە ناوەڕاستیدا بە سوور نوسراوە "مافی چارەی خۆنووس ...".
[پیاوێكی تەمەن باڵا مامناوەندی، سەر و ڕیشی ماشوبرنجی، پۆشاكێكی كۆنە و دڕاوی پۆشیوە، لە كچە پۆشاك زەردەكە نزیكدەبێتەوە و بە وردی سەرنجی كچەكە دەدات و لەبەرخۆیەوە دەدوێت]
- ئای كە پۆشاكەكەی چەندە جوانە، ئاخۆ گەر مژدە بیپۆشێت، چەندی لێبوەشێتەوە و چەند خانومانبێت؟ ئەویش وەك هاوەڵەكانی لە ئاهەنگەكانی فێرگەدا خۆی بڕازێنێت، ئای لەم ڕۆژگارە لۆ هەمووان ناتوانن پۆشاكی جوانیان هەبێت؟
[ لە پڕ دەنگێكی ناسك دایدەچڵەكێنێت]
كچەكە پۆشاكزەردەكە: مامۆستا، یاخوا بەخێربێیت، هاتووی دەنگ بە لیستی خۆت بدەی، لیستی زەرد؛ لیستی برسییان، دەنگ بە ئاشتی بدە !
ڕێبوارەكە : [وەك ئەوەی كە گوێی لە قسەكانی كچەكە نەبووبێت، لەبەرخۆیەوە] ئای لەم داستانە چەندە كۆنە، ئاوا دەزانێت، كە نەمبیستووە ! [ڕوو لە كچەكە دەپرسێت] بابت كاری چییە؟
كچەكە : بەڕێوەبەری شارەوانییە، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولە!
ڕێبوارەكە : [بەتوانجەوە] ئا .. دەیناسم، چاكی دەناسم چ قارەمانێكە. كاتی خۆی پاش حەفتاكان لای من پیشمەرگە بوو، كاڵا شایستەی باڵا، ئمم ... ئمم ...
كچەكە : دەی كەواتە هاتووی دەنگ بە پارتی خۆت بدەی؟
ڕێبوارەكە : نا كچی خۆم، بە هەڵەداچوویت، من كۆنە مستەشار نیم، خوا بازارتانبدات.
[ پاش كەمێك ئەوجار بەرەو كچە بەرگ سەوزەكە دەڕوات و پۆشاكەكەی ئەویش زۆر سەرنجی ڕادەكێشێت، لەبەرخۆیەوە]

- نا ئەمەیان جوانترە، ئەو پشتوێنە کاتێك کە خاتوون دەزگیرانم بوو، داوایلێکردم گوتی "توخوا جەمال بۆم بکڕە". منیش وتم: کچێ ئاخر بەچی؟ نیمە، مەگەر خۆم بفرۆشم. ئای خاتوونەکەم زۆر دەترسم ئەو ئاواتە بەریتە ژێرگڵ، بەڵام نا، بڕواناکەم تاسەر دونیا هەر ئاوابێت. ئەم شەوەزەنگەی برسییەکان، هەر دەبێت کۆتاییەکی هەبێت. دڵنیام لەتەك گزنگی ئەو بەیانە، ئەم چارشێوە ڕەشەی سەروەران لەسەر بیر و هۆشی مرۆڤایەتی لادەدرێت. خاتوونەکەم ئەگەر من و تۆش نەیبینین، ئەوا دڵنیام کە نەوەکانمان دەیبینین.

کچە پۆشاك سەوزەکە : بەخێربێیت خارە گیان. دیارە، خەرکی زەحمەتکێش، خاوەنی خۆی دەناسیتن. [بە پەنجەکێشان بۆ کچە پۆشاك زەردەکە] کۆنەپەرست و بەکرێگیراون. ئاخا و ئاخاوات لەخۆدەگرن. ناوی بەرێزتان چیبوو؟ بەدڵنیاییەوە پاش ئەمە یارمەتیتان دەدرێت و سەرەنجامەکەی بەدڵی ئەنگۆ دەبیتن !

ڕێبوارەکە : بەتەمان چی لۆ ئێمە بکەن؟

کچەکە : کوردستان ڕزگاردەکەین، کارگەکان دەخەینەوەگەڕ، گوندەکان ئاوەداندەکەینەوە، بارزگانی لەتەك دەروهاوسێیان و موچە دواکەوتووەکانیش دەدرێنەوە ...

ڕێبوارەکە : کەواتە بۆ من هیچ!

کچەکە : کو هیچ، لۆ ئەوانە هیچن؟

ڕێبوارەکە : ئەوانی تۆ گوتن، هیچیان لۆ ئێمە نین، تەنیا لۆ بازرگان و خاوەنکار و خاوەنزەوییەکانن. کاتی خۆشی کە بەعس فەرمانڕەوابوو، بارزگانی هەبوو، کارگەکان لەگەڕدابوون، وڵات ئاوەدانبوو، موچە هەبوو، بەڵام مناڵەکانی ئێمە هەر لە ژیان بێبەشبوون !

کچەکە : خارە وەرە تاقیبکەرەوە، بزانە هەر ئاوایە، کو لە خۆتەوە ئەو بڕیارە بۆ سبەینێ دەدەیت؟

ڕێبوارەکە : نا کچی خارەی، لە سەردەمی باپیرانمانەوە تاکو ئێستا هەر تاقیدەکەینەوە، یەك لە یەك خراپتر، هەمووان زالوئاسا لە گەرووی مار و مندارماندا ئاوسان. بەڵام ئێمە ڕەنگ زەردتر و برسیتربووین. کچم ئەو قسانە لۆ کەسانی گێل و نەفام بەچێژن، خوا ڕزقتانبدات.

[ لەم کاتەدا ئەرەبانەچییەك بەدەم ڕاکێشانی ئەرەبانەکەیەوە تێدەپەڕێت و هاواردەکات ...]

ئەرەبانەچی : وەرە خارە گیان، وەرە لۆ سرقی جوان، سرقی قودسی کوردستان، لۆ نیوەڕۆی ئەم بەهارە، لەگەر پیازەتەڕەی، خواردنی خەرکی هەژارە. ئای کە چەند خۆشە .....

[ لەم کاتەدا کچە سەوزپۆشەکە چەپڵەیەکی بۆ لێدەدات و قسەکەی پێدەبڕێت ...]

ڕێبوارەکە : کوڕم، مەلا .... فتوای داوە، سرقی قودس حەرامە، چونکە جولەکە تێیدا دەسەڵاتدارە !

ئەرەبانەچی: خارە، جولەکەی چی، کەرکوکی قودسی کوردستان.

ڕێبوارەکە : ببوورە کوڕم، نەمزانی سرقی کەرکووك دەرێیت، بروابکە برنج و ڕۆنمان نییە، تا بیکەینە دۆرمە، خۆزگە بەوەی کە دەیخواتن.

ئەرەبانەچی : وامزانی هەر ئێمە بێبرنج و ڕۆنین، هەی ! [ ئەرەبانەچییەکە بە وردی سەرنجێکی کچەکە دەدات و ئاهێك هەڵدەکێشێت، لە پر دەنگی ئەرەبانەچییەکی دی ڕایدەچڵەکێنێت]

ئەرەبانەچی دووەم: گندۆرە، گندۆرەی ئێرانێ، زەردە، شیرینە وەکی شەکری. وەرە خارە بیرتنەچێ، لۆ مندارەکانت ئەو شەمامە جوانەی [بە لاچاوێك سەریری کچە زەردپۆشەکە دەکات] هەر دەرێی گێمەڕە، ئای چەندە نەرم و خۆشە. [ ڕوو لە ئەرەبانەچی یەکەم] خۆت لادە حەلۆ، با دەرکەوێت مانگی چاردە !

ئەرەبانەچی یەکەم : باشە هەتیم خۆ نەتکڕییە ! [دە تێدەپەڕێ]

ئەرەبانەچی دووەم : دەی خارە لێمبکڕە، گوندۆرەی ئێرانێ، خۆزگەم بەوەی دەیخواتن.

ڕێبوارەکە : خارە گیان، مندارەکانم لە بەدخۆراکیدا تووشی سکچوون بوون، گوندۆرە خراپە لۆیان.

ئەرەبانەچی : ئاخر خارە، هی ئێرانە، بۆ سکچوون باشترین دەرمانە. گوێم لە تەلەفزیۆنی [گوران] بوو، گوتی "لەبەرئەوەی کە لە نەخۆشخانەکاندا داوودەرمان نییە، بۆ سکچوون گوندۆرە بخۆن، باشترین دەرمانە"، بەتامە، نەرمە، شیرینە، شیریین !

ڕێبوارەکە : ها.. ها..ها [بەدەنگێکی بەرز] کوڕی خۆم، خەتای تۆ نییە، دونیاکە پێچەوانەیە، بۆیە ژەهری ماریش دەبێتە هەتوان. تەمەڵ و تەوەزەڵ پۆشتە و ئێمەش برسی و بێسەرپەنا.

[ ڕێبوارەکە ملیرێ دەگرێ و ئەرەبانەچییەکە بە لاچاوێك تەماشای کچەکان دەکات و هاوار دەکات] ..

- وەرن لۆ گندۆرەی، زەردە، خڕە، نەرمە، شیرینە، خۆ حەرام نەکرایە، ئای کە خۆشە، لۆی بمرم !

نۆڤەمبەری ١٩٩٧

* پێشتر لە ژمارە (٢)ی دیسەمبەری ١٩٩٧ی گۆڤاری (ژیلەمۆ)دا بەناوی (دوو تاکی یەك جووت پیلاو) بڵاو بووەتەوە، لەبەرئەوەی کە پێڵاو لای خەڵکی کورد واتای نیگەتیڤی هەیە و بۆ ئەوەی لای خوێنەر ناڕۆشنی دروستنەکات، لەم بڵاوکردنەوەیەدا گۆڕیم بە (حەوت و هەشت) کە وەك (6 ، 9)ی ئینگلیزی وان و هەمان مەبەستی پێشوو دەگەیێنێت و لە هیچ بارێکیاندا ئامانجم گەیاندنی تێڕوانینی خێڵەکیی و دەرەبەگیی نییە بۆ پێڵاو.

## Hewt û Heşt *

Şwên : serşeqamêk [car care dengî otomobêl, hawarî erebaneçî û mnallanî ştifroş]. Lelay rastewe mêzîk, kçêkî cwan, poşakî corî pulekeyî zerdî kurdî poşîwe, camedanîyekî sûr le piştserî hellawasrawe û be zerd le serî nûsrawe "otonomî rasteqîne ...". Lelay çepewe mîzêk, kçêkî barîkendam, poşakî le corî rîşî mamey poşîwe û piştwênêkî seqzî le kemerî bestuwe, camedanîyekî sewz le piştserî hellwasrawe û le nawerrastîda be sûr nusrawe "mafî çarey xonûs ...".

[pyawêkî temen balla mamnawendî, ser û rîşî maşubrincî, poşakêkî kone û drrawî poşîwe, le kçe poşak zerdeke nzîkdebêtewe û be wirdî sernicî kçeke dedat û leberxoyewe dedwêt]

- ay ke poşakekey çende cwane, axo ger mijde bîpoşêt, çendî lêbweşêtewe û çend xanumanbêt? Ewîş wek hawellekanî le ahengekanî fêrgeda xoy brrazênêt, ay lem rojgare lo hemuwan natwanin poşakî cwanyan hebêt?

[ Le pirr dengêkî nask daydeçllekênêt]

Kçeke poşakzerdeke: mamosta, yaxwa bexêrbêyt, hatûy deng be lîstî xot bdey, lîstî zerd; lîstî birsîyan, deng be aştî bde !

Rêbwareke : [wek ewey ke gwêy le qsekanî kçeke nebûbêt, leberxoyewe] ay lem dastane çende kone, awa dezanêt, ke nembîstuwe ! [Rû le kçeke deprisêt] babt karî çîye?

Kçeke : berrêweberî şarewanîye, pêşmergey şorrşî eylûle!

Rêbwareke : [betwancewe] a .. Deynasm, çakî denasm çi qaremanêke. Katî xoy paş heftakan lay min pîşmerge bû, kalla şayistey balla, mim ... Mim ...

Kçeke : dey kewate hatûy deng be partî xot bdey?

Rêbwareke : na kçî xom, be helledaçûyt, min kone misteşar nîm, xwa bazartanbdat.

[ paş kemêk ewcar berew kçe berg sewzeke derrwat û poşakekey ewîş zor sernicî radekêşêt, leberxoyewe]

- na emeyan cwantre, ew piştwêne katêk ke xatûn dezgîranim bû, dawaylêkirdim gutî "tuxwa cemal bom bikrre". Mnîş wtim: kçê axir beçî? Nîme, meger xom bifroşm. Ay

xatûnekem zor detrism ew awate berîte jêrgill, bellam na, birrwanakem taser dunya her awabêt. Em şewezengey birsîyekan, her debêt kotayyekî hebêt. Dillnyam letek gzingî ew beyane, em çarşêwe reşey serweran leser bîr û hoşî mrovayetî ladedrêt. Xatûnekem eger min û toş neybînîn, ewa dillnyam ke newekanman deybînîn.

Kçe poşak sewzeke : bexêrbêyt xare gyan. Dyare, xerkî zehmetkêş, xawenî xoy denasîtin. [Be pencekêşan bo kçe poşak zerdeke] konepersit û bekrêgîrawn. Axa û axawat lexodegrin. Nawî berrêztan çîbû? Bedillnyayyewe paş eme yarmetîtan dedrêt û serencamekey bedllî engo debîtin !

Rêbwareke : beteman çî lo ême bken?

Kçeke : kurdistan rizgardekeyn, kargekan dexeynewegerr, gundekan awedandekeynewe, barizganî letek deruHawsêyan û muçe dwakewtuwekanîş dedrênewe ...

Rêbwareke : kewate bo min hîç!

Kçeke : ku hîç, lo ewane hîçin?

Rêbwareke : ewanî to guttin, hîçyan lo ême nîn, tenya lo bazirgan û xawenkar û xawenzewîyekanin. Katî xoşî ke be'si fermanrrewabû, barizganî hebû, kargekan legerrdabûn, wllat awedanbû, muçe hebû, bellam mnallekanî ême her le jyan bêbeşbûn !

Kçeke : xare were taqîbkerewe, bzane her awaye, ku le xotewe ew birryare bo sbeynê dedeyt?

Rêbwareke : na kçî xarey, le serdemî bapîranmanewe taku êsta her taqîdekeynewe, yek le yek xraptir, hemuwan zaluasa le gerûy mar û mindarmanda awsan. Bellam ême reng zerdtir û birsîtribûyn. Kçim ew qsane lo kesanî gêl û nefam beçêjn, xwa rizqtanbdat.

[ lem kateda erebaneçîyek bedem rakêşanî erebanekeyewe têdeperrêt û hawardekat ...]

Erebaneçî : were xare gyan, were lo sirqî cwan, sirqî qudsî kurdistan, lo nîwerroy em behare, leger pyazeterrey, xwardinî xerkî hejare. Ay ke çend xoşe .....

[ lem kateda kçe sewizpoşeke çeplleyekî bo lêdedat û qsekey pêdebrêt ...]

Rêbwareke : kurrm, mela .... Fitway dawe, sirqî qudis herame, çunke culeke têyda desellatdare !

Erebaneçî: xare, culekey çî, kerkûkî qudsî kurdistan.

Rêbwareke : bbûre kurrm, nemzanî sirqî kerkûk derêyt, birwabke brinc û ronman nîye, ta bîkeyne dorme, xozge bewey ke deyixwatin.

Erebaneçî : wamzanî her ême bêbrinc û ronîn, hey ! [ Erebaneçîyeke be wirdî sernicêkî kçeke dedat û ahêk helldekêşêt, le pir dengî erebaneçîyekî dî raydeçllekênêt]

Erebaneçî duwem: gindore, gindorey êranê, zerde, şîrîne wekî şekrî. Were xare bîrtneçê, lo mindarekant ew şemame cwaney [be laçawêk serîrî kçe zerdpoşeke dekat] her derêy gêmerre, ay çende nerm û xoşe. [ Rû le erebaneçî yekem] xot lade helo, ba derkewêt mangî çarde !

Erebaneçî yekem : başe hetîm xo netkrrîye ! [De têdeperrê]

Erebaneçî duwem : dey xare lêmbikrre, gundorey îranê, xozgem bewey deyixwatin.

Rêbwareke : xare gyan, mindarekanim le bedxorakîda tûşî sikçûn bûn, gundore xrape loyan.

Erebaneçî : axir xare, hî êrane, bo sikçûn baştirîn dermane. Gwêm le telefzyonî [guran] bû, gutî "leberewey ke le nexoşxanekanda dawuderman nîye, bo sikçûn gundore bxon, baştirîn dermane", betame, nerme, şîrîne, şîrîyn !

Rêbwareke : ha.. Ha..ha [bedengêkî berz] kurrî xom, xetay to nîye, dunyake pêçewaneye, boye jehrî marîş debête hetwan. Temell û tewezell poşte û êmeş birsî û bêserpena.

[ rêbwareke mlîrrê degrê û erebaneçîyeke be laçawêk temaşay kçekan dekat û hawar dekat] ..

- wern lo gindorey, zerde, xrre, nerme, şîrîne, xo heram nekraye, ay ke xoşe, loy bmirm !

**Novemberî 1997**

* pêştir le jmare (2)î dêsemberî 1997î Govarî (Jîlemo)da benawî (dû takî yek cût pîllaw) bllaw buwetewe, leberewey ke pêllaw lay xellkî kurd watay nîgetîvî heye û bo ewey lay xwêner narroşnî drustnekat, lem bllawkirdneweyeda gorrîm be (hewt û heşt) ke wek (6 , 9)î îngilîzî wan û heman mebestî pêşû degeyênêt û le hîç barêkyanda amancim geyandinî têrrwanînî xêllekîy û derebegîy nîye bo pêllaw.

# سورانەی سەردەم

شوێن : ژوورێکی ئاسایی، لەلای ڕاستەوە لاوێك لەسەر کورسییەك، لەبەردەم مێزێکی نووسین دانیشتووە، گلۆپێك لە ڕاسەری کزدەسووتێت. لەلای چەپەوە تابلۆیەکی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال هەڵواسراوە و دەزگەیەکی تێلەفۆن بەرچاودەکەوێت. [موزیکێکی ئارام دێتەگوێ] لاوەکە نووقمی دەریای خەیاڵ بووە و چاوی بڕیوەتە خاڵێك لەسەر دیوارەکەی بەرامبەری. سەرێکی پێنووسەکەی بە ددان گرتووە و بە دەستی یاری بە پێنووسەکە دەکات. [لەم بارەدا ماوەیەك دەمێنێتەوە] لەناکاو وەك لە خەو ڕابووبێت، دەستێك بە پرچە ئالۆزکاوەکەیدا دەهێنێت و سەیری دیوارەکانی دەوروبەری دەکات و وەك پەسەندکردنی ئەوەی بە خەیاڵیدادێت، سەری دەلەقێنێت.

وەك گرێکوێرەی کردبێتەوە، بە پرتاو پێنووسەکەی دەگرێتە دەست و دەکەوێتەوە بەنووسین. لەتەك داڕشتنی وشە و ڕستەکان دەستەکەی دیکەی گرمۆڵەدەکات و گرژی دەروونی لە هێڵەکانی نێوچەوانیدا دەردەکەوێت، چەندجارێك شتێك دەنووسێت و پەرە کاخەزەکان دەدڕێنێت، [هەستانەوەیەکی کتوپڕ، چەند جار هاتووچوون لەم سەرەوە بۆ ئەوسەری ژوورەکە]. لەناکاو بزەیەك هێڵەگرژەکانی نێوچەوانی دەسڕێتەوە، هەردوو دەستی بە هێمای دۆزینەوەی شتێك پێکدادەدات. لە شێوەی سەمادا لە دەوری خۆی دەسوڕێتەوە و دووبارە پێنووسەکەی دەگرێتەوەدەست. لەتەك بەرزبوونەوەی موزیکەکە ڕەوتی نووسینەکەی خێراتر دەبێت، هەروەك ئەوەی کە لەسەر ئاوازی موزیکە خەریکی هۆنینەوەی ئارەزووەکانی بێت .

[لەناکاو زەنگی تێلەفۆن ڕایدەچڵەکێنێت، وەك ئەوەی دەمێك بێت، کە چاوەڕێی ئەو زەنگە بێت، بەپەلە خۆی دەگەیێنێتە لای تێلەفۆنەکە]

لاوەکە : بەڵێ. ئارام [ دەنگی کچێك ] دەبیسترێت

دەنگەکە : ئەلو .. ئەلو ( دەنگەکە دوور دیارە)

ئارام : [ پاش هەڵوێستەیەکی کورت، وەك بڵێی دەنگەکە ناناسێت]

دەنگەکە : ئەلو .. ئارام

ئارام : [ وەك بوژانەوەیەك، بەخۆیدا دێتەوە] : ئازیز گیان تۆیت، چۆنیت، گوڵەکەم؟ ئەوە لەکوێوە، کچی ئاسمان؟

دەنگەکە : لێرەم.

ئارام : [ئارامی لێهەڵدەگیرێت، بەدەم دووانەوە هاتووچۆ دەکا و دەست ڕادەوەشێنێت] لێرە ! چۆن هاتی، کەی ؟

دەنگەکە : ئەوە چی دەڵێی ! من لێرەم، لە سولێمانی.

ئارام : [ دووبارە دەگەڕێتەوە سەرباری پێشووی] خەنی بووم، وامزانی ...

دەنگەکە : واتزانی چی، ئەی بڕیار نییە، خۆت بەدوامدا بێیتەوە؟

ئارام : ئای بەدبەختی، خۆ منت کوشت، نەدەنگ و نەڕەنگ !

دەنگەکە : لە خۆت بپرسە، من هەردەم چاوەڕێم. کەچی تۆش، دەڵیی ئێمەت لەبیرنەماوە ؟

ئارام : ئەمە چییە؟ من بەردەوام نامەت بۆ دەنووسم، ئاگادارت دەکەمەوە کە بۆچی نەهاتوومەتەوە. ئاخر سەفەر بووە بە یاری قومار و من ناتوانم. خۆت دەزانیت هەر ڕۆژە و لەشکری وڵاتێك کێشدەکەنە سولەیمانی و هەولێر، تۆ دەتوانی تەنیا سەفەربکەی.

دەنگەکە : چۆن ، لەتەك کێ ؟ دەڵێی لەبیرتچووە، کە لێرە کچ بۆی نییە تەنیا سەفەربکات، یاسا ڕێگەنادات !

ئارام : ئاخ، لەتەك کەسێك دەربازبە، من بەخۆم لەمبەری سنوور چاوەڕێت دەکەم ...

دەنگەکە : ئاخر من چۆن لەو هەموو بازرگە و ڕاوەتاژییە ڕزگارمدەبێت ؟

ئارام : تۆش وەك هەمووان، دەبێت سوورانە بدەی. پێمبڵێ، ئێستاکە چ دەکەی، ورەی جارانت ماوە؟ لە ئەتك و ڕادوونانی
جەنگی نێوخۆدا بەرنەکەووتوی ؟

دەنگەکە : تا ئێستاکە نا، بەڵام وەختە شێتبم. بەگیانی تۆ لەمە زیاتر توانام نییە. وەرە ڕزگارمبکە ! دووری تۆ و شەڕ و شۆڕ. هەموو ڕۆژێك لە ڕێی کارگە تا دەگەمەوە ماڵ، چاوەڕوانی مەرگ دەکەم. ئاخر تۆ نازانی بارودۆخەکە چۆنە! هەر کەسە و خواخوایەتی دەرچێ و ڕزگاریبێت. بەڵام توانای دەوێت. تۆ بۆم بنووسە، من چیبکەم، چۆن بگەمە لای تۆ؟ بەس تەنیا جارێکی دیکە بتبینمەوە. ئیدی هیچم ناوێت. شادومان دەبم، گەر لە ئامێزی تۆدا بمرم. ئای لە تەنیایی و خۆخواردنەوە. خەیاڵ، تاسەم ناشکێنێت. وەختە لە ئاگری .... دەسووتێم و ئاگر لەبیرەوەرییەکانم بەردەدات. ڕۆژانە هەزاران جار حەزەکانم زیندەبەچاڵدەکەم و جەلادی عیشق کفنیان بەباڵادەبرێت و بایەقوشێك بە منارەی مزگەوتێکەوە وێرد و ستایشی بێگەردییان دەخوێنێت. چ ڕۆژگارێکە تێیکەوتین ؟

ئارام : خۆت ڕاگرە، من لە تۆ خراپتر. ئاخر ئەگەر تۆ دێوەزمەی تەنیایی خەریکبێت ڕاوتبکات، ئەوا منی قووت داوە! من لە هەناویدا شەڕی هاتنەدەرەوە دەکەم، لەتەك نائومێدی دەست و پەنجە نەرمدەکەم. دڵنیابە گوڵەگیان! من لە تۆ حاڵم شڕترە. مەگەر بگەیتە لام بۆتی باسکەم، بێتۆیی واتای چییە! خەمی تۆ و باری ئەو خەڵکە، خەوی لێزڕاندووم. (٣١)ی ئاب تەمابڕتبووم. بەڵام هیوام پێتە ئەم جارەش دەستبخەینەوە نێودەستی یەك، تا لە شەوێکی بێهاوتادا لەبەر ڕووناکی مانگەشەودا، لە کەناری ڕووباری (ڕاین) خەمەکان بدەینەدەم شەپۆلە سەرشێت و یاخییەکان، قاقڕی ئەم ساڵانە بە ماچ پاراوبێ و سێبەری لێکئاڵاومان بەدەم جریوەی ئەستێرەکانەوە سەمابکا و دەنگدانەوەی قاقای پێکەنینمان سنوورەکان ببڕێت.

دەنگەکە : چییە دەڵێی بووی بە هۆنەر؟ ئای کە نامەکانت چەندە ئارامبەخشن.

ئارام : کچێ ئاخر ئەوینی تۆ مرۆڤ دەکاتە باڵدارێکی بەرزەفڕ. هەمیشە لە هۆشمدا ئاوازی دوانت موزیکێکی جادووییە و وشەکان لە مێشکمدا دانەدانە دەهۆنێتەوە، دەنگت لە گوێمدا دەنگدەداتەوە و کێش و سەروا بە خەیاڵەکانم دەبەخشێت. تەنیا کاتێ ئارامدەبم، کە خەیاڵ لە دەریای یادگارییەکانتاندا نووقمدەکات. پێکەنینە سادەکەت، مەرگێگی ئارامە بۆ ژانەکانی دەروونم .

دەنگەکە : زوو زوو نامەم بۆ بنووسە، تا بزانم چیبکەم !

ئارام : بەچاوان. هەر ئاواش دەبێ. تۆ بەزووترین کات دەربچیت، ئاخر بۆی هەیە خواکانی سەرزەوی دەرگەکان دابخەن. ئەوساکە دەبینە ئەکتەرێکی شێت لە شانۆگەرییەکی خەمناکدا.

دەی ئازیزەکەم دوو وشە لە دەرەوەی یاساکان بە گوێمدا بچرپێنە، تاوەکو ئەم شەو بە یادی جاران لە سەرمەستیدا سەرخەوێك بشکێنم.

دەنگەکە : گیانەکەم خۆشمدەوێی هەر لە سنوورەکان دەربازبم، ئەوساکە هەموو شەوێ پێش لەجووڵەکەوتنی پێڵوەکانمان، ئەم ڕۆژانەی ڕەبەنی لەبیری خۆمان بەرینەوە و تۆش پارچە هۆنراوەیەکم لە گردن بکەی. هەموو ڕۆژێك بەر لە چوونەسەرکار بە گزنگی بەیاندا ماچم بۆ بەڕێبکە. شەوباش خەوێکی ئاسوودە و دوور لە جەنجاڵیی ژیان.

ئارام : زۆر سوپاس ئازیزەکەم، ژێی یادگارییەکانت تێر ژەنیمەوە و بە ئاوازەی ئەوین مەستتکردم. شەوێکی شاد و خەوێکی دوور لە ترس .

[تێلەفۆنەکە دادەنێتەوە و بە هەنگاوی خێرا دێت و دەچێت. ئاهێك هەڵدەکێشێت، لە باری سەمادا لەسەر یەك لاق وەردەسوورێ و بەرەو تێلەفۆنەکە دەچێتەوە] :

ئای کە ژیان چەندە دژوارە. دەست بۆ هەر شتێك دەبەی، وەکومار پێتەوەدەدات و ویستەکان جوانەمەرگدەکات. تەنیا ژیان هەرزانە، ژیان، ژیان، ژیان..

[دووبارە لەبەردەم مێزەکە دادەنیشێتەوە و پێنووسەکە بە دەستەوەدەگرێت و سەرهەڵدەبڕێت]

نا، ناتوانم بخەوم. ئاخر ژاندەمگرێ، ژان .. ژانی ... [ دەست بە نووسین دەکاتەوە .. لە دڵی خۆیدا ...]

" ژانی خەیاڵێکی دیکە .... سواری ئەسپەشێی خۆزگە یاخییەکان دەبمەوە. ئەم جارە لە پێدەشتێکی دیکەوە. لە هەورازێکی دیکەوە، دێمەوە کیشوەرەکەی ئێوە .
سنوور لە دوای سنوور دەبڕم، هەرچی سەربازی چەقیندراوە، چەکی پێدادەنێم. تا جێژووانەکەی جاران، خۆم تاودەدەم. بۆ ساتێك وەك مناڵێکی برسی، لە شیلاوی ئەوین تێردەخۆمەوە. مەستئاسا ئارام ئارام لە ئامێزتدا دەنووم. بەڵام داخەکەم، هەر کە دەکەوینەڕێ، ئەسپەشێی خەیاڵ بریندارە و لە لوولەی مەرگ ترساوە و دوا فرمێسك لە چاویدا قەتیس دەمێنێت ... .

هەرچەندە هێزدەداتە بەرخۆی، بەڵام درەنگە و ئەژنۆکانی لەهێزکەوتوون. ناچاردەبین ملی ڕێگەی مان و نەمان بە دەشت و کێواندا بگرینەبەر، تا دەگەینە دەرگەی سنوور. دەرگەوان لوولەی مەرگ دەکاتە دڵمان و داوای بەڵگەی یاسایی دەکات، پاشان سوورانە. بەڵام سوورانەی سنووری نیشتیمانی پیرۆز، ئێستاکە وەك جاران نییە ! ناتبەنە دیواخانی ئاخا، تا میش و مەگەزی حەزی لە هەنگوینی کچێنیتدا تێربکات .

نا .. نا .. ئێستاکە سوورانەی ئەم نەزمە نوێیە، دەبێ شیلەی گیان بدەی، تا جەنڕاڵەکان لە کۆشکە سپی و شین و بۆرەکانی تورکیا و ئۆروپا و ئەمریکادا، هیلاکی و ترس و توڕەیی بەرەکانی جەنگ، بەسەر کچە مێرمناڵە تایلەندی و پۆلۆنییەکاندا دامرکێننەوە. ئاخر ڕێبوارانی سەرسنوور زۆرن. بووك و زاوای هەڵهاتوو زۆرن. فریاناکەون لە دیوەخانە بە کەللەسەر هەڵچنراوەکاندا شەوانی سوورانە گەرمبکەن. یان لەوانەیە ترسی نەخۆشیەك بێت لە بووکە

هەڵبزرکاوەکانەوە، کە بوونەتە خۆراکی دێوەزمەی ئابلۆقەی ئابووری، نەکا جەستەی پیرۆزیان کرماوی بکا. خۆ ئەگەر بڵێی کاکی قارەمان، خۆ من کارگەی قیرەکە یا پەنگەی پەخمە و کارگەی ئاوەتەماتەم ئاودیونەکردووە و بازرگان نیم، تا باجم لەسەردابنێن .. خۆ من لە ئۆروپا تۆڕی کڕین و فرۆشتنی ژنانم نییە، لەوێش هەر کۆیلەی سەروەرەکانی ئێوەم. خۆشەویستی خۆمە و گراوی خۆمە، دەمهەوێ لەتەکمدا بژیم ... پاسەوانەکان ڕۆبۆتئاسا، بێ یەك و دوو بەسەرماندا دەگوڕێنن :

بڕۆ بابە بڕۆ، خوشەویستی چی و گراوی چی. مەم و زینە! زووکە دەی، خواخوات بێت یەکێ لە لێپرسراوەکان لەم نێوەدا پەیدانەبێت. خۆت دەزانیت، ئەم ژنەجوانە ببینێت، ئەوکات ئیدی ...

[موچرکێك بە لەشیدا دێت، بەپەلە لەسەر نووسینەکەی بەردەوام دەبێت ]

"خێراکە دەی ! یارمەتی حکومەتی ساوای هەرێم بدە ...  "

[ماسوولکەکانی گرژدەبن و هەڵدەستێتەوە و ڕوو لەبینەران]

"بەڵێ ئازیزەکەم، ئا بەم جۆرە، بۆ بەیەکگەییشتنەوە و دەربازبوون لە جەنگ و مەینەت، دەبێت سوورانە بدەین، سوورانەی سەردەم .... سورانەی سەردەم .... سورانەی سەردەمممم ...".

## Suraney Serdem

Şwên : Jûrêkî asayî, lelay rastewe lawêk leser kursîyek, leberdem mêzêkî Nûsîn danîştuwe, Glopêk le raserî kizdesûtêt. Lelay çepewe Tabloyekî kîmyabaranî Hellebce û Enfal hellwasrawe û dezgeyekî têlefon berçawdekewêt. [Muzîkêkî aram dêtegwê] laweke nûqmî deryay Xeyall buwe û çawî brrîwete xallêk leser dîwarekey beramberî. Serêkî pênûsekey beddan girtuwe û bedestî yarî be pênûseke dekat. [Lem bareda maweyek demênêtewe] lepirr wek le xew rabûbêt, destêk bepriçe alozkawekeyda dehênêt û seyrî dîwarekanî dewruberî dekat û wek pesendkirdnî ewey be Xeyallîdadêt, serî deleqênêt.

Wek grêkwêrey kirdbêtewe, bepirtaw pênûsekey degrête dest û destbenûsîndekat. Letek darriştnî Wişe û Ristekan destekey dîkey girmolle dekat û girjî derûnî le hêllekanî nêwçewanîda derdekewêt, çendcarêk ştêk denûsêt û pere kaxezekan dedrrênêt, [hestaneweyekî ktupir, çend car hatûçûn lem serewe bo ewserî jûreke]. Lepir bzeyek hêllegirjekanî nêwçewanî desrrêtewe, herdû destî behêmay dozînewey ştêk pêkdadedat. Le şêwey semada le dewrî xoy desurrêtewe û dûbare pênûsekey degrêtewedest. Letek berzibûnewey muzîkeke rewtî Nûsînekey xêratir debêt, herwek ewey ke leser awazî muzîke xerîkî honînewey arezuwekanî bêt.

[ Zengî têlefon lepirr raydeçllekênêt, wek ewey demêkbêt, ke çawerrêy ew zenge bêt, bepele xoy degeyênête lay têlefoneke]

Laweke : bellê. Aram ( dengî Kçêk ) debîstirêt
Dengeke : elu .. Elu ( dengeke dûr dyare)
Aram : [ paş hellwêsteyekî kurt, wek bllêy dengeke nanasêt]
Dengeke : elu .. Aram
Aram : [ wek bujaneweyek, bexoyda dêtewe] : Azîz Gyan toyt, çonît, Gullekem? Ewe lekwêwe, Kçî Asman?
Dengeke : lêrem.

Aram : [aramî lêhelldegîrêt, bedem duwanewe hatûço deka û dest radeweşênêt] lêre ! Çon hatî, key?

Dengeke : ewe çîdellêy ! Min lêrem, le sulêmanî.

Aram : [ dûbare degerrêtewe serbarî pêşûy] xenî bûm, wamzanî ...

Dengeke : watzanî çî, ey birryar nîye, xot bedwamda bêytewe?

Aram : ay bedbextî, xo mint kuşt, nedeng û nerreng !

Dengeke : le xot bipirse, min herdem çawerrêm. Keçî toş, dellîy êmet lebîrnemawe ?

Aram : eme çîye? Min berdewam namet bo denûsim, agadart dekemewe ke boçî nehatûmetewe. Axir sefer buwe be yarî qumar û min natwanim. Xot dezanît her Roje û leşkirî wllatêk kêşdekene suleymanî û hewlêr, to detwanî tenya seferbkey.

Dengeke : çon , letek kê ? Dellêy bîrtiçuwe, ke lêre kiç boy nîye tenya seferbkat, Yasa rêgenadat !

Aram : ax, letek Kesêk derbazbe, min bexom lem berî snûr çawerrêt dekem ...

Dengeke : axir min çon lew hemû bazirge û rawetajîye rizgarimdebêt ?

Aram : toş wek hemuwan, debêt sûrane bdey. Pêmbllê, êsTake çi dekey, wrey carant mawe? Le etk û radûnanî

Cengî nêwxoda bernekewutuy ?

Dengeke : ta êsTake na, bellam wexte şêtbim. be Gyanî to leme zyatir Twanamnîye. Were rizgarimbke ! Dûrî to û şerr û şorr. Hemû Rojêk le rêy karge ta degemewe Mall, çawerrwanî Merg dekem. Axir to nazanî barudoxeke çone! Her Kese û Xwaxwayetî derçê û rizgarîbêt. Bellam Twanay dewêt. To bom bnûse, min çî bkem, çon bgeme lay to? Bes tenya carêkî dîke bitbînmewe. Îdî hîçim nawêt. Şaduman debim, ger le amêzî toda bmirm. Ay le tenyayî û xoxwardnewe. Xeyall, tasem naşkênêt. Wexte le agrî .... Desûtêm û agir le bîrewerîyekanim berdedat. Rojane hezaran car hezekanim zîndebeçalldekem û Celadî 'îşq kifnyan be Balladebrêt û bayequşêk be mnarey mizgewtêkewe wêrd û stayşî bêgerdîyan dexwênêt. Çi Rojgarêke têykewtîn ?

Aram : xot ragre, min le to xraptir. Axir eger to dêwezmey tenyayî xerîkbêt rawtibkat, ewa mnî qût dawe! Min le henawîda şerrî hatnederewe dekem, letek naumêdî dest û pence nerimdekem. Dillnyabe Gullegyan! Min le to hallm şirrtre. Meger bgeyte lam botî baskem, bêtoyî watay çîye! Xemî to û barî ew Xellke, xewî lêzrrandûm. (31)î ab

temabirrtbûm. Bellam hîwam pête em careş destibxeynewe nêwdestî yek, ta le Şewêkî bêhawtada leberrrûnakî Mangeşewda, le kenarî rûbarî (Rhein) Xemekan bdeynedem şepole serşêt û yaxîyekan, qaqrrî em Sallane be Maç parawbê û sêberî lêkallawman bedem crîwey estêrekanewe semabka û dengdanewey qaqay pêkenînman snûrekan bibrrêt.

Dengeke : çîye dellêy bûy be honer? Ay ke namekant çende arambexşin.

Aram : Kçê axir Ewînî to Mrov dekate balldarêkî berzefrr. Hemîşe le hoşimda awazî dwant muzîkêkî cadûîyye û wşekan le mêşkimda danedane dehonêtewe, dengit le gwêmda dengdedatewe û kêş û serwa be Xeyallekanim debexşêt. Tenya katê aramdebim, ke Xeyall le deryay yadgarîyekantanda nûqmimdekat. Pêkenîne sadeket, Mergêgî arame bo janekanî derûnim.

Dengeke : zû zû namem bo bnûse, ta bzanim çîbkem !

Aram : beçawan. Her awaş debê. To bezûtrîn kat derbçît, axir boy heye Xwakanî serzewî Dergekan dabxen. Ewsake debîne ekterêkî şêt le şanogerîyekî Xemnakda.

Dey Azîzekem dû wşe le derewey Yasakan be gwêmda bçirpêne, taweku em Şew be yadî caran le sermestîda serxewêk bişkênim.

Dengeke : Gyanekem xoşimdewêy her lesnûrekan derbazbim, ewsake hemû Şewê pêş lecûllekewtinî Pêllwekanman, em Rojaney rebenî lebîrî xoman berînewe û toş parçe honraweyekim legirdinbkey. Hemû Rojêk ber le çûneserkar begzingî beyanda Maçim bo berrêke. Şewbaş xewêkî asûde û dûr le cencallî jyan.

Aram : zor supas Azîzekem, jêy yadgarîyekant têrjenîmewe û be awazey Ewîn mestitkirdim. Şewêkî şad û xewêkî dûr le tris .

[têlefoneke dadenêtewe û behengawî xêra dêt û deçêt. Ahêk helldekêşêt, le barî semada leser yek laq werdesûrrê û berew têlefoneke deçêtewe] :

Ay ke jyan çende dijware. Dest bo her ştêk debey, wekumar pêtewededat û wîstekan cwanemergdekat. Tenya Jyan herzane, Jyan, Jyan, Jyan..

[dûbare leberdem mêzeke dadenîşêtewe û pênûseke be
Destewedegrêt û serhelldebrrêt]

Na, natwanim bxewm. Axir jandemgirê, Jan .. Janî ... ( dest dekatewe be Nûsîn .. Ledllî xoyda ...

" Janî Xeyallêkî dîke .... Swarî espeşêy xozge yaxîyekan debmewe. Em care le pêdeştêkî dîkewe. Le hewrazêkî dîkewe, dêmewe kîşwerekey êwe.

Snûr le dway snûr debrrim, herçî Serbazî çeqîndrawe, çekî pêdadenêm. Ta cêjuwanekey caran, xom tawdedem. Bo satêk wek Mnallêkî birsî, le şîlawî Ewîn têrdexomewe. Mestasa aram aram le amêztda denûm. Bellam daxekem, her ke dekewînerrê, espeşêy Xeyall brîndare û le lûley Merg tirsawe û dwa firmêsk le çawîda qetîs mawe ....

Herçende hêzdedate berxoy, bellam drenge û ejnokanî lehêzkewtûn. Naçardebîn mlî rêgey maniwneman bedeşt û kêwanda bigrîneber, ta degeyne Dergey snûr. Dergewan lûley Merg dekate dillman û daway bellgey Yasayî dekat, paşan sûrane. Bellam sûraney snûrî nîştîmanî pîroz, êsTake wek caran nîye! Natbene dîwaxanî axa, ta mîş û megezî hezî le henguynî Kçênîtda têr bkat.

Na .. Na .. Êstake sûraney em Nezme nwêye, debê şîley Gyan bdey, ta cenrrallekan le koşke spî û şîn û borekanî turkya û orupa û emrîkada, hîlakî û tris û turreyî berekanî Ceng, beser Kçe mêrimnalle taylendî û polonîyekanda damrikênnewe. Axir rêbwaranî sersinûr zorn. Bûk û zaway hellhatû zorn. Firyanakewn le dîwexane be kelleser hellçinrawekanda Şewanî sûrane gerimbken. Yan lewaneye tirsî nexoşyek bêt le bûke hellbzirkawekanewe, ke bûnete xorakî dêwezmey abloqey abûrî, neka cestey pîrozyan kirmawî bka. Xo eger bllêy kakî qareman, xo min kargey qîreke ya pengey pexme û kargey awetematem awdîwnekirduwe û bazirgan nîm, tabacim leserdabnîn .. Xo min le orupa torrî krrîn û froştinî jnanim nîye, lewêş her koyley serwerekanî êwem. Xoşewîstî xome û grawî xome, demhewê letekimda bjî ... Pasewanekan robotasa, bê yek û dû beSermanda degurrênin:

Brro babe brro, xuşewîstî çî û grawî çî. Mem u Zîne ! Zûke dey, Xwaxwat bêt yekê le lêprisrawekan lem nêweda peydanebêt. Xot dezanît, em jnecwane bibînêt, ewkat îdî...

[Muçrikêk beleşîda dêt, bepele leser Nûsînekey berdewam debêt ]

"xêrake dey ! Yarmetî hkumetî saway herêm bde ... "

[ masûlkekanî grijdebin û helldestêtewe û rû lebîneran]

"bellê Azîzekem, a bem core, bo beyekgeyîştnewe û derbazbûn le Ceng û meynet, debêt sûrane bdeyn, sûraney serdem .... Suraney serdem .... Suraney serdemmimim ...."




خـەباتـی ڕاسـتـەوخـۆ
نووسینی Emile Pouget
و. لە فارسییەوە: هەژێن
لە بڵاوكراوەكانی سەكۆی ئەنارکیستانی كوردستان
جانیوەری 2010


گفتوگۆی خەیاڵکـــردی نێوان
كارڵ ماركس و میخایل باكونین
نووسینی:
مۆریس كرانستۆن
و. لـە فارسییەوە
هەژێـن
لە بڵاوكراوەكانی سـەكۆی ئەنارکیستانی كوردستان
فیبریوەری 2010


بـەرەو ئـەنـارکیزم
ئێریكۆ مالاتێستا
و. لـە فارسییـەوە: هـەژێن
لـە بڵاوكراوەكانی سەكۆی ئـەنارکیستانی كوردستان
ژمارە (٤)، ئایاری ٢٠١٠


چاوپۆشینێك لە ئێستا
و
تراجیدیایەك بۆ سبەی
نووسینی: هـەژێن
سەرنجدانێكی رەخنەییە لە پەرتووكی
"نیگایەك لە ئێستا و خەونێك بۆ سبەی"ی
مەریوان وریا، ئاراس فەتاح،
بەختیار عەلی، رێبین هەردی
لە بڵاوكراوەكانی سەكۆی ئەنارکیستانی كوردستان
ئەپریلی ٢٠١١


ئەنارکیزم، پەرتووکخانەی کوردی و سەرچاوەی ڕەخنەگرانی
نووسینی هەژێن
بابەتێکی ڕەخنەییە لە نووسینێکی
فوئاد قەرەداغی
لەمەڕ ئەنارکیزم


ڕەهەندەکانی گۆران
سەرنجدانێکی ڕەخنەییە لە پەرتووکی ( گۆران و وەرگۆران )
نووسینی: هەژێن
لە بڵاوکراوەکانی سەکۆی ئەنارکیستانی کوردستان ٢٠١١


پرسیارە بەردەوامکراوە ئەنارکیستییەکان
ئەم پەرتووکۆکە بریتییە لە وەرگێڕدراوی حەوت وتاری لە بەشی (A)
و. لە فارسییەوە: هەژێن
لە بڵاوکراوەکانی سەکۆی ئەنارکیستانی کوردستان
چاپی یەکەم ئۆگوستی ٢٠١٣


ئەنارکیزم
و
ئەنارکۆسەندیکالیزم
نووسینی: ڕودۆڵف ڕۆکەر
و. لە فارسییەوە: هەژێن
لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی سەکۆی ئەنارکیستانی کوردسان
سێپتەمبەری 2011

# Xemî Nan û Xewnî Azadî

Keşkollî yekem

Komelle Babetêkî Hunerî û Edebî

## Hejên

Çapî yekem - Ayarî 2013

# ÇEMÎNAN Û ÇEWNÎ AZADÎ

KEŞKOLLÎ YEKEM

## KOMELLE BABETÊKÎ HUNERÎ Û EDEBÎ

HEJÊN

ÇAPÎ YEKEM - AYARÎ 2013